ئەفلاتون

كۆمار

وەرگێڕانی لەئینگلیزیەوە

د. محەمەد کەمال

2008

PLATO

THE REPUBLIC

TRANSLATED FROM ENGLISH BY MUHAMMAD KAMAL

ناوەڕۆک

پێشەکی 5

1- بەشی یەکەم 8
2- بەشی دووەم 34
3 - بەشی سێیەم 57
4 - بەشی چوارەم 84
5 - بەشی پێنجەم 107
6 - بەشی شەشەم 132
7 - بەشی حەوتەم 153
8 - بەشی هەشتەم 173
9 - بەشی نۆیەم 195
10 - بەشی دەیەم 212

پێشەکی

"ئەفلاتون تەواوکەری سەرەتایە." هایدیگەر *

ئەفلاتون خوێندکاری سوکرات و مامۆستای ئەرستۆ بووە. بیروباوەڕە فەلسەفیەکانی لەنێو سیستەمێکی فەلسەفیدا، کە ئەمڕۆ بە فەلسەفەی ئەفلاتون یان ئەفلاتونی ناوزەد کراوە، دامەزراوە. ئەفلاتون لە تەمەنی لاوێتیدا سوکراتی ناسیوە و کەوتۆتە ژێر کاریگەرێتی بیرکردنەوەی ئەو فەیلەسوفە. کاتێک سوکرات بە فەرمانی دەوڵەت دەکوژرێت، ئەفلاتون تەمەنی بیست و نۆ ساڵان دەبێت.

ئەفلاتون لە خێزانێکی ناودار و دەوڵەمەند و خاوەن دەسەڵاتی ڕامیاری لە ساڵی 428ی پێش زاینی لە دایک بووە. باوکی، کە ناوی ئەریستۆن بووە دەگەڕێتەوە بۆ سەر بنەچەی پاشاکانی ئەسینا. دایکی ئەفلاتون، پێریسیتۆن، خوشکی چارمەدیسی پاشای ئۆلیگارکی بووە، کە پێش جەنگی پیلۆپۆنیس(404 پ ز) فەرمانڕەوایی کردووە. هەروەها ئەفلاتون دووبرا(ئەدیمەنتۆس) و(گلاوکۆن) و خوشکێکی(پۆتۆن) هەبووە.(1)

ئەفلاتون منداڵ بووە باوکی مردووە. دایکی شویکردۆتەوە بە پیریلامیس، کە لە سەردەمی پیریکلییندا دەسەڵاتێکی ڕامیاری گەورەی هەبووە.

ئەفلاتون، لە تەمەنی لاوێتیدا، ویستویەتی لە دەسەڵاتی ڕامیاری نزیک بێتەوە. بێگومان ئەم کارەش لەبەر دەسەڵات و ڕۆڵی خێزانەکەی ئاسان بووە، تەنانەت خزمەکانی هانیانداوە ڕوو لە ژیانی ڕامیاری بکات. بەڵام لەگەڵ کوشتنی مامۆستا و هاوڕێکەیدا(سوکرات) بە دەستی ئەو دەسەڵاتەی خزمەکانی ئەفلاتون بەشدارییان تێدا کردوە نائومید دەبێت، لەگەڵ خوێندکارەکانی دیکەی سوکراتدا لە ترسی زیندانیکردن لەلایەن دەوڵەتەوە ڕووی کردۆتە میگارا و بۆ ماوەیەکی کورت لەوێ ژیاوە. دوایی بۆ ئیتالیا و میسر چووە و لە ساڵی 388 پ ز بۆ ئەسینا گەڕاوەتەوە. فێرگەیەکی بە ناوی ئەکادیمیا لەو شارەدا دامەزراندووە.(2)

دامەزراندنی ئەکادیمیا دەستکەوتێکی گەورە بووە بۆ ئەفلاتون. لە هەمان کاتدا ئەکادیمیا بۆ خوێندنی فەلسەفە و زانستەکان لەمێژووی فەلسەفەی ڕۆژئاوادا یەکەم خوێندنگایە. ئەم خوێندگایە لە نێو باخچەیەکدا، کە بۆ ڕێزلێنان لە(ئەکادیمۆس)ی قارەمانی نێو ئەفسانەی یۆنان دروستکرابوو دامەزراو لە سەرناوی قارەمانەکەش بە ئەکادیمیا ناوزەدکرا. ئەمڕۆ زاراوەی ئەکادیمیا و خوێندنی ئەکادیمی بۆ قۆناخی فێربوونی باڵا لە زانکۆکاندا بەکاردێت.

ئەفلاتون لەگەڵ دامەزراندنی ئەکادیمیادا ژیانی خۆی بۆ وانە گوتنەوە و نوسین تەرخان کرد. نزیکەی چل ساڵ ئەکادیمیای بە ڕێوە برد. لەساڵی 367 پ ز، ئەو کاتەی، ئەفلاتون تەمەنی شەست ساڵان بوو دیۆنسیسی یەکەم لە شاری سیراکوس مرد، کوڕەکەیبە ناوی (دیۆنسیسی دووەم) کرا بە جێگر و سەرۆکی شارەکە. دیۆنسیسی دووەم لاوێکی نەخوێندەوار و گەمژە بوو. داوا لە ئەفلاتون دەکرێت ببێت بە فێرکەری و ئەویش

----

* ئەمە گوتەیەکی هایدیگەرە لە نوسراوەکەی هایدیگەرەوە بەناوی(پێشەکییەک بۆ مێتافیزیک) دەرمهێناوە. (وەرگێڕ)

(1) A . E. Taylor. *Plato*: *the Man and his Work*, London: Methuen, 1960. pp. 1- 2

ئەم دوو برایەی ئەفلاتون لە دایەلۆگی کۆماردا بەرانبەر سوکرات دانیشتون و گفتوگۆی لەگەڵدا دەکەن.

(2) Frederick Copleston. *A History of Philosophy*, vol.1, New York: Image Books, 1993. Pp. 128- 29, and see: Richard Kraut. "Iutroduction to Study of Plato'', in *The Cambridge Companion to Plato*, (ed.) Richard Kraut, Cambridge: Cambridge University Press, 1999. P. 38.

داواکارییەکەی پەسەند دەکات. بۆ ئەو مەبەستە ئەفلاتون بۆ شاری سیراکۆس لە سیسلی ئیتالیا دە ڕوا. (3) گوایە ئەفلاتون ویستویەتی فەلسەفە ڕامیارییەکەی خۆی بخاتە گەر و بە پەروەردەکردنی دیۆنسیس ئەو دەوڵەتە دابمەزرێنێت، کە بە بۆچوونی ئەو بەختەوەری و دادوەری بۆ کۆمەڵ مسۆگەر دەکات. لە سەرەتاوە پلانەکەی ئەفلاتون بەرێکی بەڕێوە چووە و پاشا لاوەکە زۆر لە ئەفلاتونی مامۆستایەوە نزیک. پاش چەند مانگێک ئەم پەیوەندییە شێواوە و ئەفلاتون بۆ ئەسینا گەڕاوەتەوە. بەڵام دیۆنسیس پەیوەندییەکەی خۆی نەپچڕاندوە و بەردەوام بە نامە پەیوەندی بە ئەفلاتونەوە کردوە. لە بارەی خوێندن و فێربوونەوە ئاگاداری کردووە. لە ساڵی 361 دا ئەفلاتون جارێکی دیکە بۆ سیراکۆس ڕۆیشتووە و نزیکەی ساڵێک لەوێ ماوەتەوە. ئەم جارەیان پەیوەندی نێوان ئەفلاتون و دیۆنسیس بە تەواوی دەشێوێ. دیۆنسیس ئەفلاتون دەکات بە کۆیلە و لە بازاڕ دەیفرۆشێت. ئەرگیتاس کۆنە هاوڕێی ئەفلاتون بەم کارە دازانێ و ئەفلاتون لە کۆیلەیی ڕزگار دەکات و لەساڵی 360 دا بۆ ئەسینای دەنێرێتەوە. (4) لەو کاتەوە ئەفلاتون لە ئەکادیمیا دەمێنێتەوە و ئەسینا بەجێ ناهێڵێت.لە ساڵی (384 پ ز) دا لە تەمەنی هاشتا و هەشت ساڵیدا ئەو کاتەی لەسەر دوا دایەلۆگ بە ناوی (یاساکان) کاردەکات دەمرێت. ئەفلاتون لە شێوەی دایەلۆگدا، کە گفتوگۆیە لەنێوان چەند کەسێکدا، نوسیویەتی. بێجگە لە دایەلۆگی یاساکان، کە درێژترین و دوا نوسراوی ئەفلاتونە، سوکرات پاڵەوانی هەموو دایەلۆگەکانە. هەروەها ئەفلاتون یەکێکە لەو نوسەرانەی سەردەمی یۆنانی کۆن، کە هەموو بەرهەمەکانی (46 دایەلۆگ) و (13 نامە) ی بە دەستی ئێمە گەیشتون و نەفەوتاون. ڕەسەنیەتی دایەلۆگەکانیش سەلمێنراون، بەڵام بێجگە لە نامەی حەوتەم مێژوو نوسانی فەلسەفە گومان لە ڕەسەنیەتی نامەکانی دیکەی ئەفلاتون دەکەن. لەو باوەڕەدان ئەفلاتون ئەو نامانەی نەنوسیوە. سوکراتیش دوو ڕۆڵی سەرەکی لە سەرجەمی دایەلۆگەکاندا هەیە؛ لەنێو ئەو دایەلۆگانەی لە سەرەتای ژیانی فەلسەفی و نوسینی ئەفلاتوندا نوسراون سوکرات لە گفتوگۆکاندا بۆچوونە فەلسەفیەکانی خۆی دەردەبڕێت. ڕۆڵی سوکرات، بەو جۆرەی ئەفلاتون نوسیویەتی، گێڕانەوە و دەربڕینی بیرکردنەوەی سوکرات خۆیەتی و بە بۆچوونی فەلسەفی ئەفلاتون دانانرێت. لە دایەلۆگەکانی دواییدا ئەفلاتون سوکراتی، وەکو پاڵەوانی ڕووداو و گێڕانەوەی بەسەرهات داناوە. لە زمانی سوکراتەوە بۆچوونە فەلسەفیەکانی خۆی دەربڕیوە. دایەلۆگەکانیش گەورە و بچوکن. دایەلۆگی کۆمار یەکێکە لە دایەلۆگە گەورەکان و سەردەمی پیری ئەفلاتون و قۆناخی ناوەندی نوسینەوە، بەڵام بەشی یەکەمی کۆماری پیش ئەم قۆناخە نوسیوە و دوایی بە دەسکارییەوە خستوێتیە سەر بەشەکانی دیکەی ئەم دایەلۆگە. لەم دایەلۆگەدا، کە بە مشتومڕ لەسەر دادوەری دەستپێدەکات، ئەفلاتون توانیویەتی فەلسەفەی پەرەرردە، ڕامیاری و ئەپستمۆلۆجی خۆی بە خوێنەر بناسێنێت. لەم دایەلۆگەدا سوکرات لەگەڵ دوو برای ئەفلاتوندا (ئەدیمەنتۆس و گلاوکۆن) لەسەرکێشەی دادوەری دەکەوێتە گفتوگۆ. لەوێوە (ئەفلاتون لەسەر زاری سوکرات) باسی دادوەری و نادادوەری، جۆرەکانی ڕژێمی ڕامیاری و ڕۆڵی فێربوون و پەروەردە بۆ سە قامگیرکردنی دادوەری و فەرمانڕەوایکردنی فەیلەسوفەکان و گەلێک کێشەی گرنگی دیکە دەکات.

A . E. Taylor. *Plato:The Man and His Work*, p.7 (3)

A . E. Taylor. *Plato:The Man and His Work*, p.8, and see: Frederic Copleston. *A History of Philosophy*, vol. 1, p. (4)

132 .

دایەلۆگی کۆمار، کە یەکێکە لە گرنگترین نوسراوی ئەفلاتون بۆ زۆربەی زمانەکانی جیهان وەرگێڕاوە. منیش بە پێویستم زانی خوێنەری کورد ئەم دایەلۆگەی بە زمانی کوردی لەبەر دەستدا بێت و سودی لێوەرگرێت. ئەم دایەلۆگەش لە زمانی ئینگلیزییەوە لە وەرگێڕاوەکەی (گروبە و ڕیڤ) ەوە وەرمگرتوە، لەگەڵ وەرگێڕاوە کانی(بنیامین جۆویت) و (ئار. ئی. ئالن) یشدا بەردواوردم کردوە تاکو لە واتا و مەبەستی ئەفلاتون باشتر تێبگەم. من پەراوێزەکانم بۆ ئەم وەرگێڕاوە داناوە و لە پەڕتووکە ئینگلیزییەکەدا نیە. لە هەندێک شوێندا، بۆ ئەوەی لە زمان و مەبەستی ئەفلاتون نزیکتر ببینەوە، بە پێویستم زانیوە دێرێک یان چەند وشەیەک بخەمە سەر وەرگێڕاوە کە، کە لەدایەلۆگەکەدا دەرنەبڕاون. بۆ ئەوەی خوێنەر بزانێت ئەو دێڕ و وشانە لە دایەلۆگەکەدا نین و وەرگێر خۆی دایناون لەنێو ئەم جۆرە کەوانەیەدا [.....] دامناون. لە کۆتاییدا، حەز دەکەم سوپاسی تابان کەمال بکەم ، کە بۆ ئامادە کردنی ڕەشنووسەکە بۆ لە چاپدان ئەرکی کێشا. سوپاسی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم دەکەم، کە ئەم وەرگێڕاوەیان خستە بەر ڕۆشنایی بوون و بۆیان لە چاپدام.

د. محەمەد کەمال

زانکۆی مالبۆرن

2008

بەشی یەکەم

دوێنێ لەگەڵ (گلاوکۆن)ی کوڕی ئەریستۆن بۆ پیرایۆس ڕۆیشتم. نیازی نوێژکردنم بۆ ئەو خاتو خواوەندەی ئەو شارە هەبوو. هەروەها حەزمکرد یادکردنەوەی خەڵکی بۆ ئەو خوایە ببینم چونکە بۆ یەکەمجار سازدەکرا.(1) بە بۆچوونی من یادکردنەوەکە و کەژاوەکەش لەلایەن دانیشتوانی ئەو شارەوە و تراشینیەنەکان [شوێنکەوتوانی ئەو خاتو خوایە] نایاب بوو.

پاش بینینی کەژاوەکە و نوێژکردن بەرەو شاری ئەسینا گەڕاینەوە. پۆلیمارکۆس لە دوورەوە ئێمەی بینی و کۆیلەکەی نارد بە دواماندا. کۆیلەکە لە پشتەوە جلەکەی گرتم و گوتی: پۆلیمارکۆس دەیەوێت چاوەڕوانی بن. ئاوڕم دایەوە و پرسیم: کوا پۆلیمارکۆس؟ گوتی: بە ڕێوە بەرەو لای ئێوە دێ، تکایە چاوەڕوانی بن. گلاوکۆن وەڵامی دایەوە و گوتی: باشە، چاوەڕێی دەکەین. پۆلیمارکۆس گەیشتەلامان. ئەدیمەنتۆس برای گلاوکۆن و نیکراتۆسی کوڕی نیسیاس و چەند کەسێکی دیکەی لەگەڵدا بوو. دەردەکەوت ئەوانیش بۆ بینینی کەژاوەکە ڕۆیشتبن. پۆلیمارکۆس گوتی: وا دیارە بۆ ئەسینا دەگەڕێنەوە.
منیش گوتم بەڕێگاکەدا وا دیارە.
ئەو گوتی: دەزانیت ئێمە چەند کەسین؟
بەڵێ دەزانم.
کەوابوو، بیسەلمێنە لە ئێمە بەهێزتریت یان دەبێت نەڕۆیت و لەلامان بمێنیتەوە.
ئایا ڕێگەچارەیەکی دیکە هەیە ڕازیت بکەین تاکو بڕۆین ؟
چۆن ڕازیمان دەکەیت ئەگەر گوێت لێنەگرین ؟
گلاوکۆن گوتی: بێگومان وایە.
کەوابوو، گوێناگرین.
ئەدیمەنتۆس گوتی: دەزانیت ئەمشەو پێشبڕکێی مەشخەڵ هەڵگرتن بە سواری ئەسپەوە بۆ یادکردنەوەی خاتو خواوەند سازدەکرێت؟
من گوتم: لە سەر پشتی ئەسپ؟ ئەمە شتێکی نوێیە.
بە ڕاست ! لە سەر ئەسپ پێشبڕکێ دەکەن؟
بەڵێ، شەوەکە بۆ ئەو کایەیە دانراوە.
پاش نانخواردنی ئێوارە دەڕۆین پێشبڕکەکە دەبینین. لەوێ لاوەکان لە دەورمان کۆدەبنەوە و باسدەکەین.
لەبەر ئەوە مەڕۆ لێرە بمێنەرەوە.
گلاوکۆن گوتی: لەوەدەچێت بمێنینەوە.
منیش گوتم: مادامەکی وابیر دەکەیتەوە دەمێنینەوە.
بۆ ماڵی پۆلیمارکۆس ڕۆیشتین. هەر دوو براکەی پۆلیمارکۆس(لیسیاس و ئێتیدمۆس)، تراسیماکۆسی شاری چالسیدۆن وچارمەنتیدسی شاری پەیانیا و کلیتۆفانی کوڕی ئەرستۆنیمۆس لەوێ بوون. هەروەها سیفالۆسی

---

(1) مەبەست لەم خاتو خوایە(بێندس)ە، کە باوەڕکەرەکانی تازە لەو شارۆچکەیەدا(پیرایۆس) سەریانهەڵدابوو. پیرایۆس شارۆچکەیەکی سەردەریای نزیک ئەسینا بووە.(وەرگێڕ)

باوکی پۆلیماکۆسیش لەوێ بوو. پاش ماوەیەکی زۆر بینیمەوە و پیر ببوو. پاش قوربانیدان بۆ خوا، لەنێو حەوشەکەدا لە سەر کورسیەک دانیشتبوو سەرینێکیشیان خستبوە پشت سەری. ڕیزێک کورسی بەخڕی لە دەوریا دانرابوون. ئێمەش لە سەریان دانیشتین.

سیفالۆس منی بینی و بەخێراتنی کردم و گوتی: سوکرات، تۆ زوو زوو سەردانی پیرایۆس ناکەیت تاکوبتبینین- بەڵام، وەکو ئەگەر بمتوانیایە بە پێ بۆ ئەسینا بێم، نەمدەهێشت تۆ بۆ ئێرە بێیت. من بۆ لای تۆ دەهاتم. دەمبینیت، پێویستە تۆ بۆ ئێرە بێیت. باش دەزانیت چەند حەزم بۆ چێژ و خۆشی لەش کەم بێتەوە ئەوەندەش ئارەزووم بۆ گفتوگۆ و باسکردن زیاد دەکات. بە قسەم بکە و لەگەڵ ئەم لاوانەدا بمێنەرەوە و بەردەوامیش، وەکو چۆن بۆ لای هاوڕێ وخزمەکانت دەڕۆیت سەردانی ئێمەش بکە.

گوتم: سیفالۆس، بێگومان وادەکەم. لەگەڵ کەسانی بە تەمەن حەزم لە گفتوگۆیە. پێویستە لە بارەی ئەو ڕێگایەی بڕیویانەو ئێمەش دەیگرینە بەر پرسیاریان لێبکەین. دەبێت بزانین ڕێگایەکی سەختە یان ئاسان. حەزدەکەم بیروباوەڕی تۆ لە بارەی ئەو ڕێگایەوە بزانم چونکە تۆ بە قۆناخێک گەیشتویت، کە شاعیرەکان ناویدەنێن "پێشدەرگای تەمەنی پیری". ئایا تەمەنێکی سەختە؟ چی لە بارەیەوە دەڵێیت؟ (2) بە خوا، سوکرات بە ڕاستی پێت دەڵێم چۆن بیریلێدەکەمەوە. ئێمە چەند کەسێکی هاوتەمەنین، وەکو دەڵێن[ئەوانەی لە یەکدی دەچن خوا کۆیاندەکاتەوە] پێکەوە دادەنیشن. (3) زۆربەمان گلەیی لە کەمبوونەوەی چێژە خۆشەکان دەکەین، یادی سێکس و خواردنەوە و ئاهەنگێڕانی ڕۆژانی لاوێتی دەکەینەوە. هەندێک جاریش لەم بارودۆخەی ئێستامان توڕە دەبین. هەندێک گلەیی بە سەرچاوەی گەلێک خراپە دادەنێن. بەڵام ئەوان ئاماژە بۆ هۆیە ڕاستەقینەکە ناکەن. ئەگەر پیری هۆ بوایە دەبوایە منیش وەکو ئەوان توشی ئەو ناخۆشییانە ببومایە. من ئامادەی ئەو کۆڕە بووم، کە یەکێک پرسیاری لە سۆفۆکلس کردو گوتی: (4) ئێستا لەگەڵ سێکسدا چۆنیت؟ دەتوانیت لەگەڵ ژندا بخەویت؟ ئەویش لە وەڵامدا گوتی: "خۆشحاڵم لەوەی، وەکو چۆن کۆیلەیەک لە ژێر دەستی خاوەنێکی زۆردار ڕادەکات، من ڕزگارم بووە". هەستم دەکرد ئەو ڕاستدەکات و لەوە زۆرتر یەخەمان ناگرێ. سۆفۆکلس گوتەنی لەو خاوەن کۆیلە زۆرداره ڕزگارمان بوه. سەبارەت مامەڵەکردنی کەسوکاریش لەگەڵ پیرێکدا پەیوەندی بە تەمەنەکەوە نیە. دەکەوێتە سەرچۆنیەتی ژیان.

ئەگەر ڕێگەیەکی مامناوەندی لە لاوێتی و پیریشدا بگریت توشی کێشەکان نابیت.

حەزم لە قسەکانی بوو. ویستم زۆرترم بۆ باسبکات. گوتم، زۆرکەس لەگەڵتا هاوڕا نیە. لەوانەیە وابۆی بچن تۆ لەبەر ئەوەی دەڵەمەندیت لەگەڵ پیریدا کێشەت نەبێت.

دروستە، ئەوان هاوڕانین. تاکوڕادەیەکیش بۆچوونەکەیان ڕاستە. وەڵامدانەوەکەی تیمستۆکلس بۆ ئەمە لەبارە. دانیشتویەکی شاری سێریفیوس بەتوندی ڕەخنەی لێگرت و گوتی، کە ناوداریێتی ئەو بۆ شارەکەی

---

(2) مەبەست لەو شاعیرانە تەنیا(هۆمیرۆس)ە، کە ئەم گوتەیەی لە هەردوو بەرهەمەکەیدا ئیلیادە و ئۆدیسەدا هەیە. (وەرگێڕ)

(3) ئەوانەی لەیەکدی دەچن خوا کۆیاندەکاتەوە، گوتەیەکی هۆمیرۆسە. بڕوانە:
Odyssey. xvii. 218(وەرگێڕ)

(4) سۆفۆکلس(496-406 پ ز) نوسەری شانۆگەری یۆنانیە. لە شانۆگەرییە بەناوبانگەکانی ئەمانەن: ئۆدیبی پاشا، ئەنتیگۆن و ئۆدیب لە کۆلۆنس. (وەرگێڕ)

دەگەڕێتەوە. لە وەڵامدانەوەکەیدا گوتی، ئەگەر خەڵکی شاری سێریفیان و ئەسیناش بوایە، مەرج نەدەبوو ناوداربێت. ئەم نموونەیە بۆ ئەوانەش دەگونجێت، کە پیرن و هەژارن و ژیانێکی ناخۆشیان هەیە. ئەگەر مرۆڤێکی چاک هەژاربێت پیریێتی لا ئاسان نیە. بەڵام پیرێکی خراپ هەرچەندە دەوڵەمەندیش بێت، ئاسودە نیە.

منیش پرسیم: سیفالۆس، تۆ ئەم دەوڵەتەت چۆن پەیداکرد؟ بۆت بەجێماوە یان خۆت پەیدادکردووە؟

تۆ دەپرسیت من چیم بۆ خۆم دروستکردوە؟ من، وەکو پارەدارێک دەکەومە نێوان باوکم و باپیرمەوە. باپیرم بەقەد من پارەی هەبوو، بەڵام هەولّی دەدا زۆرتربیکات. باوکم، کە ناوی لیسانیاس بوو، پارەکەی باپیرمی خوارد و لە ئێستای من کەمتری هەبوو. منیش بەختەوەرم بەوەی، کە ئەو سامانەی هەمە و بە زیادەوە بۆ کوڕەکانی جێدەهێڵم.

من بۆیە پرسیارەکەم لێکردیت چونکە دەردەکەوێت پارەت زۆر خۆشناوێت. ئەوانەی پارەشیان نیە وەکو تۆن. ئەوانەی پارەیان پەیداکردووە لەوانەی کە نیانە زۆرتر حەزیان لە پارەیە. ئەوان، وەکو ئەو شاعیرانە یان باوکانەن شیعر و منداڵەکانیان خۆشدەوێت. لەبەر ئەوە نیە، کە پارە سودبەخشە، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ هەوڵدانیان بۆ دروستکردنەکەی. ئەمەش لە تەوانای بە هاوڕێ بوونیان کەمدەکاتەوە. بێجگە لە پارە نازانن قسە لەسەر شتێکی دیکە بکەن.

ئەوە ڕاستە.

بێگومان ڕاستە. بەڵام چاکترین شت چیە، کە لە ڕێگەی دەوڵەمەندییەوە دەستت کەوتوە؟

ئەوەی باسیدەکەم زۆر کەس ڕازیناکات. وەکو تۆش، ئەی سوکرات، دەزانیت کەسێک لە کۆتایی ژیان نزیکدەبێتەوە ترس لەلای سەرهەڵدەدات. لە زۆر شت دەترسێت، کە لە پێشتر لێی نەدەترسا. ئەو چیرۆکانەی لە بارەی (هادیس) ەوە دەمانبیستن، (5) کە چۆن زۆردارەکان لە ژیانی پاش مردندا سزادەدرێن. ێستا لەبەر پیری و نزیکبوونەوە لە مەرگ دێنە بەرچاو و ترس دروستدەکەن. لەوە دەترسیت کارێکی خراپ یان زۆرداریت کردبێت. گوایە ئەوانەی لەم ژیانەدا زۆردارن [پاش مردن] بە ترسێکی زۆرەوە بە ئاگادێنەوە. لەو منداڵانە دەچن چاوەڕوانی ڕووداوێکی ناخۆش دە کەن. ئەوانەی دەزانن لەم ژیانەدا زۆردارنەبوون بە هیواوە دەژین. ئەو هیوایە، وەکو پیندار دەڵێت، دەبێت بە برینپێچی تەمەنی پیری:

لەنێو دڵدا هیوای شیرین،

برینپێچ و هاوڕێی تەمەنی پیرییە.

هیوا، کەشتیەوانی

هۆشی گۆڕاوی مرۆڤە تەمەن کورتەکانە. (6)

چەند بە جوانی باسیدەکات. بە بۆچوونی من پارەو سامان لەم پەیوەندییەدا، نەک بۆ هەموو کەسێک، تەنیا بۆ مرۆڤی خاوەن ڕێز بەنرخن. پارەو سامان دەتوانن لە فێڵی خەڵکی ڕزگارمان بکەن یان لە ترس

---

(5) هادیس وشەیەکی یۆنانییە بۆ ئەو شوێنە بەکاردێت، کە گوایە گیانی مردووەکان تیایدا دادەنرێن، تاکو دادگاییان دەکرێت. لەهەندێک ئەدەب و بیروباوەڕی سۆفیگەریدا بە دونیای بەرزەخ ناوزەدکراوە. (وەرگێڕ)

(6) پیندار شاعیر و مۆسیقازانی یۆنانییە لە سەدەی پێنجەمی پێش زاییندا لە خێزانێکی ئەرستۆکراتی سەر بە شاری سپارتا هاتۆتە دنیاوە و ژیاوە. زۆربەی هۆنراوەکانی ونبون.(وەرگێڕ)

بمانپارێزن. بەو پارەیە قوربانی بۆ خوا دەکەین و یارمەتی کەسێک دەدەین. گەلێک سودی دیکەیان هەیە.بەڵام سود لەپێناوی سودگەیاندندا باشترینە.
ئەی سیفالێوس هەستێکی جوانت هەیە. بەڵام باسی دادپەروەریت کرد. ئایا دادوەری ئەوەیە، کە قەرزەکانت بەبێ مەرج بدەیتەوە؟ یان ئەم کارە هەندێک جار ڕەوایەو جاری دیکەش ڕەوا نیە؟ مەبەستم لەو کارە، بۆنموونە، ئەوەیە، کە ئەگەر مرۆڤێک چەکێکی لای هاوڕێکەی دانابێت و ئێستا ئەو مرۆڤە شێت بێت بچێت داوای چەکەکەی لە هاوڕێکەی بکاتەوە. ئەگەر هاوڕێکەی چەکەکەی نەداتێ کارێکی ناڕەوای کردووە و نابێت کەسیش حوکم بەسەر باری هۆشەکی کەسێکی دیکەدا بدات.
بەڵێ وایە.
کەوابوو، پێناسەی دادوەری گوتنی ڕاستی و قەرزدانەوە نیە.
پۆلیمارکۆس گووتی: بەدڵنیاییەوە سوکرات. ئەمە وایە ئەگەر باوەڕ بە سیمۆنیدس بکەین. (7)
سیفالۆس گوتی: من دەڕۆم بەلای قوربانیەکەوە و تۆش لە گفتوگۆکەتا بەردەوام بە.
ئینجا پۆلیمارکۆس گوتی: دەتوانم بۆ هەموو کارێک ببم بەجێگرت؟

سیفالۆس بەپێکەنینەوە وەڵامی دایەوە : بێگومان تۆ جێگری منیت. ڕۆی بەلای قوربانیەکەوە.
منیش گوتم : ئێستا بۆ گفتوگۆکەمان جێگری[باوکتیت]، پێمان بڵێ بۆچوونەکەی سیمۆندیس لەسەر دادوەری چیە، کە تۆ بە دروستی دادەنێیت.
بە بیروڕای من بۆچوونە کە ی جوانە، کە دەڵێت هەر کەسە ئەوەی بدرێتێت، کە بەماڵی خۆی دادەنێت.
باشە، من گومانم لە بۆچوونەکەی سێموندیس نیە چونکە زاناو خواناسە. بەڵام ئەو گوتەیەی چ واتەیەک دەبەخشێت؟ لەوانەیە تۆ بزانیت، بەڵام من تێنەگەیشتوم. هەڵبەتە مەبەستی ئەوەنیە، کە لەپێشتر خۆمان ئاماژەمان بۆکرد و گوتمان قەرزەکە بۆ خاوەنەکەی بگەڕێتەوە و گرنگ نیە خاوەن قەرزەکە لە کاتی گەڕانەوەی قەرزەکەدا شێتیش بێت.
ئەو قەرزە ماڵی خاوەنەکەیەتی، ئایا ئەمە وایە ؟
بەڵێ.
بەڵام لەبەر ئەوەی شێتە نابێت قەرزەکەی بدەینەوە؟
ڕاستە.
کەوابوو، مەبەستی سیمۆندیس لەوێدا، کە دادوەری لە گەڕانەوەی قەرزەکەدا بێت جیاوازە.
بێگومان، بەخوا لە شتێکی جیاواز دەچێت. مەبەستی ئەوەیە، کە هاوڕێ دەبێت چاکە لەگەڵ هاوڕێدا بکات و هەرگیز ئازاری نەدات.
من لە تۆ تێدەگەم. ئەگەر دوو هاوڕێ قەرزاری یەکدی بن گەڕانەوەی قەرزەکە بە زیانیش بێت لە بەر ئەوەی زیان بە هاوڕێکەی دەگەیەنێت نابێت بیداتەوە. ئایا ئەمە مەبەستی سیمۆندیسە؟
بەڵێ.

---

(7) سیمۆنیدس (548- 468 پ ز) شاعێرێکی یۆنانیە لە دوورگەی ئەیگیان لە سیمۆس لەدایکبووە .

ئەی دەبێت قەرزەکە بە دوژمنیش بدرێتەوە؟
بەڵێ. دەبێت قەرزەکە بدرێتەوە. بەڵام بە بۆچوونی منیش ئەوەی دوژمنەکانمان هەیانە خراپە.
کەوابوو، سیمۆندیس، وەکو شاعیرێک قسەدەکات و گوتەکەی مەتەڵە.
دادوەری بۆ ئەو گەڕانەوەی قەرزەکەیە بۆ خاوەنەکەی.
بە بۆچوونی تۆ چ واتایەکی دیکەی هەیە؟
تۆ چۆن بیریلێدەکەیتەوە؟ ئەگەر یەکێک بپرسێت: ئەی سیمۆندیس، چ شتێک هەیە بۆ خاوەنەکەی بگەڕێتەوە یان ئەو هونەر و زانینەی، کە ناوی دەنێین پزیشکی بە کێ بدرێت؟
ئاشکرایە، دەرمان و خواردنەوە بە لەش دەدرێن.
ئەی هونەری چێشت لێنان بۆکێیە و چ دەدات؟
تامی خۆش بە چێشتەکە دەدات.
باشە، ئێستا ئەوەی بە دادوەری ناوزەدمانکرد چ ئەداو بۆ کێیە؟

ئەگەر پەیڕەوی وەڵامی پێشو بکەین، ئەی سوکرات، دادوەری سودی بۆ هاوڕێکانمان و زیانی بۆ دوژمنەکانمان هەیە.
کەوابوو، بە بۆچوونی سیمۆندیس، چاکە کردن لەگەڵ هاوڕێکانمان و خراپەکردن لەگەڵ دوژمندا دادوەرییە.
بڕوام وایە.
کێ هەیە لە حاڵەتی نەخۆشیدا لەگەڵ هاوڕێدا چاکەکەرو لەگەڵ دوژمندا خراپەکەربێت؟
پزیشک.
ئایا بە چ کردەوەیەک دادوەرێک سود بە هاوڕێ و زیان بە دوژمن دەگەیەنێت؟
لە جەنگ و بەرەکردنەوەدا.
باشە، ئێستا، ئەی پۆلیمارکۆس، پزیشک بۆ ئەوانەی نەخۆش نین هیچ سودێکی نیە.
دروستە.
کەشتیەوانیش سودی بۆ ئەو کەسانە نیە، کە بە نێو دەریادا ناگوزەرێن.
بەڵێ.
دادوەر بۆ ئەوانەی لە جەنگدانین بێسودە؟
نا، لەو باوەڕەدانیم.
کەوابوو، [بەبۆچوونی تۆ] دادوەری لە کاتی ئاشتیشدا سودبەخشە؟
بەڵێ.
هەروەها، کشتوکاڵ کردنیش؟
بەڵێ.
بۆ بەرهەمهێنان؟
بەڵێ.
هەروەها، کەوش دروستکردنیش؟
بەڵێ.
چونکە، پێویستیت بە کەوشە؟

بە دڵنیاییەوە.

باشە، کەوابوو، دادوەری بۆ وەدەستهێنان سود بەخشەو لە کاتی ئاشتیشدا بەکاردێت؟

بەڵێنیش، ئەی سوکرات.

مەبەستت بەڵێنی هاوکاریکردنە؟

مەبەستم هاوکاریکردنە.

کەسێک یاری[دامە] مان لەگەڵدا بکات هاوکارێکی چاک و سود بەخشە. ئایا لە بەر ئەوەیە ئەو کەسە دادوەرە یان یاری زانە؟ (8)

چونکە یاری زانە.

ئایا لە دانانی خشت و بەردا کەسێکی دادوەر چاکترە یان وەستایەکی خانو دروستکردن هاوکارمان بێت؟

وەستا.

لە چ جۆرە هاوکاریکردنێکدا دادوەرێک لە وەستایەکی خانو یان گیتار زانێک چاکترە؟ ئایا چاکی گیتار زانەکە لەوەدانیە، کە لە دادوەرەکە باشتر گیتار لێدەدات؟

وابۆی دەچم بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ پارەدا ئەمە دروست بێت.

هەڵبەتە، ئەی پۆلیمارکوس بۆ پارە وایە چونکە کاتێک بمانەوێت ئەسپ بکڕین کەسێک لە بەخێوکردنی ئەسپ بزانێت ببێت بە هاوکارمان سودی زۆرترە، وانیە؟

وادیارە.

کەسێکیش بیەوێت بەلەمێک بکڕێت چاکترە هاوکارەکەی وەستای بەلەم دروستکردن یان کەشتیەوان بێت؟

گونجاوترە.

ئەی لەمامەڵە کردن لەگەڵ زێڕ و زیودا، ئایا کەسێکی دادوەر لە کەسێکی دیکە سودبەخشترە؟

بەڵێ سوکرات، کاتێک[زێڕ و زیوەکەی] لەلادادەنێن.

مەبەست ئەوەیە، کە کاتێک پێویستیمان بە[زێڕ و زیو] نیەو هەڵیاندەگرین؟

ئەمە ڕاستە.

کەوابوو، کاتێک پارەمان خەرج نەکرد دادوەری[بۆ هەڵگرتنی پارەکە] پێویستە؟

بەڵێ، دەترسم وابێت.

کاتێکیش پێویستمان بە مقەستێکی [پەرژین]بڕین نیە هەڵیدەگرین و بەکاریناهێنین. دادوەریش بۆ تاکە کەس وهاوکارەکەشی بەسودە. کارامەی پەرژین بڕینەکەشە سودمان پێدەگەیەنێت بەڵێ.؟

دادوەری بەسود نیە ئەگەر شتەکان بەکاربهێنن و بەسودە، کە هەڵیاندەگرین؟

وادیارە بەم جۆرە بێت.

---

(8) ئەم یارییە کۆنەی یۆنانیەکان ناوی (chechers) ە، لەسەر تەختەیە دەکرێت و هەر یەکێک لە دوو

یاری زانەکە دوانزە پارچە بەرد دادەنێت. من وشەی(دامە) م بۆ داناوە چونکە لە یاری (دامە)وە نزیکەو هاوکات ناوەڕۆکی نوسینەکەی ئەفلاتون ناگۆڕێت. (وەرگێڕ)

لەم حاڵەتەدا دادوەری لەبەر ئەوەی لەوێدا سودبەخشە کاتێک شتەکان سودیان لێوەرناگیرێت و[هەڵگیراون]، ئەوەندە بە نرخ نیە. بەڵام تەماشای ئەم خاڵە بکە، [کەباسیدەکەم] ئایا کەسێک مستی باش بکوتێ، هەر ئەو کەسە نیە لە یاری شەڕەمستدا بتوانێت[خۆی لەمستی ئەوەی بەرانبەری] بپارێزێت؟

بەدڵنیاییەوە.
ئەوەی خۆی لە نەخۆشی بپارێزێت بەبێ ئەوەی بزانێت[خاوەنی تەندروستیە] ؟
بۆ من وادیارە.
پاسەوانی چاکیش دەتوانێت پیلان و چەکی دوژمن بدزێت؟
بەدڵنیاییەوە.
کەوابوو، پاسەوانی چاک دزێکی چاکە.
لەوانەیە.
کەسێک لە پارە هەڵگرتندا زیرەک بێت لە دزی کردنیشدا زیرەکە.
بەگوێرەی گفتوگۆکەمان دەبێت وابێت.
کەسێکی دادوەر، کەوابوو دزە. تۆ ئەم بیرۆکەیەشت لە هۆمیرۆسە وە وەرگرتوە، کە بە بۆچوونی ئەو ئاوتۆلیکۆسی باپیری ئۆدیسۆس لە درۆکردن و دزیندا لە هەموو کەسێک زیرەکتر بوو. (9)
بە دیدی تۆ و هۆمیرۆس و سیمۆندیس، دادوەری جۆرێکە لە هونەری دزیکردن، سودگەیاندن بە هاوڕێ و زیان بەخشین بەدوژمن.
ئایا مەبەستت ئەمەیە؟
نا، بە خوا، ئەو مەبەستەم نیە. من نازانم چ مەبەستێکم هەیە، بەڵام هێشتا سودگەیاندن بە هاوڕێ و زیانیش بە دوژمن بەدادوەری دادەنێم.

مەبەستت لە هاوڕێ ئەو کەسەیە، کە بۆ[ئێمە] چاک و سودبەخشە، یان [بۆ هەموو کەسێک] وایە؟
بێگومان، تۆ ئەو کەسەت خۆشدەوێت، کە چاک و سودبەخشە و رقت لە کەسێکیشە خراپ و زیان بەخشبێت.
بەڵام دڵنیام خەڵکی لەم بارەیەوە هەندێک جار توشی هەڵە دەبن. زۆرکەس بە چاک و سەدبەخش دەبینن، کەوا نین. هەمان هەڵەش لەناسینی دوژمندا دەکەن.
بەڵێ وادەکەن.
ئایا ئەمە نابێتە هۆی ئەوەی کەسی چاک بە دوژمن و خراپیش بە هاوڕێی خۆیان دابنێن؟
دروستە.
کەوابوو، بەگوێرەی بۆچوونەکەت خراپەکاری لەگەڵ ئەوانەی نا- دادوەری ناکەن، دادوەرییە.
نا، سوکرات، بە هیچ جۆرێک ئەو مەبەستەم نیە. لەوانەیە باسکردنەکەم خراپ بێت.
کەوابوو، [بەبۆچوونی تۆ] دادوەری لەوەدایە بۆ ئەوانەی دادوەرنین زیان بەخش و بۆ دادوەرەکانیش سودبەخش بین.

---

(9) هۆمەر یان هۆمیرۆسی شاعیری یۆنانی لە سەدەی حەوتەمی پێش زاینیدا ژیاوە. ئەم شاعیرە هەر دوو چاوی کوێر بووە. لە ڕێگەی هۆنراوەکانیەوە زۆربەی داستان و چیرۆکە ئەفسانیاوییەکان و مێژووی کۆنی یۆنانمان پێگەیشتون. دوو بەرهەمە شاکارەکەی، ئەلیادو ئۆدیسە، تاکو ئەمڕۆ ماونەتەوە. (وەرگێڕ)

بەڕای من، ئەم شێوە دەربڕینە باشترە.
ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، پۆلیمارکۆس، کە ئەو کەسانەی بە هەڵە حوکم بەسەر هاوڕێیەکدا دەدەن و زیانی پێدەگەیەنن یان دوژمنێک بە هاوڕێ دەبینن و دەبن بە سودبەخش و کارێکی دادوەرانە دەکەن.
ئەمەش بەپێچەوانەی بۆچوونەکەی سیمۆندیسەوەیە.
بەڵێ وایە. بەڵام با پێناسەکەمان بگۆڕین چونکە واتای هاوڕێ و دوژمنمان بەتەواوی ڕووننەکردەوە.
چۆن پێناسیانبکەین ؟
ئێمە گوتمان هاوڕێ کەسێکی سودبەخشە؟
ئێستا چۆن ئەم [پێناسەیە] بگۆڕین؟
کەسێک سودبەخش بێت و ئێستاش سودبگەیەنێت بە هاوڕێ دادەنرێت! کەسێکیش سودبەخش بێت و [ئێستا] سودبەخش نە بێت هاوڕێ نیە. بەم جۆرەش وا بیر لە دوژمن دەکرێتەوە. بەگوێرەی ئەم پێناسەیە، کەسێکی چاک هاوڕێ و خراپیش دوژمنە.
بەڵێ.
هەرەرها، تۆ دەتەوێت واتایەکی دیکەی دادوەری بخەینە سەرپێناسەکەمان، کە گوتمان دادوەری چاکەکردنە لەگەڵ هاوڕێ و خراپە کردنیشە لەگەڵ دوژمندا. تۆ دەتەوێ لەوە زۆرتر بڵێیت، کە گوایە دادوەری ئەوەیە، چاکە لەگەڵ هاوڕێی چاکدا بکەیت و خراپەش بەرانبەر دوژمنی خراپ بکەیت؟
دروستە، بۆ من وادەردەکەوێت.
ئایا کاری دادوەرێک ئەوەیە زیان بە هەموو کەسێک بگەیەنێت؟
بەدڵنیاییەوە، دەبێت زیان بە کەسانی خراپ و دوژمنەکان بگەیەنێت.
ئەسپ بە ئازاردان باش دەبێت یان خراپ؟
خراپ.
ئایا ئەوە چاکە، کە سەگ یان ئەسپ باشتر دەکات؟

ئەوە چاکە.

کاتێک سەگێک ئازار دەدرێت هارتر نابێت؟ ئەم ئازاردانە بۆ سەگ باشە و بۆ ئەسپ باش نیە؟

بەڵێ، پێویستە وابێت.
ئایا خراپ نیە رۆڤ ئازار بدرێت؟

بەدڵنیاییەوە.
ئایا بۆ مرۆڤ دادوەری چاکە نیە ؟
بەڵێ، چاکەیە .
کەوابوو، ئەوانەی ئازاردەدرێن زۆرتر نا- دادوەرن؟
وادیارە.
ئایا مۆسیقازانەکان کەسانی مۆسیقانەزان بە مۆسیقا لێدان دەکەن بە مۆسیقازان؟
ناتوانن.

یان سوارچاکەکان بە هونەری ئەسپ سواری خەڵکی لە ئەسپ سواری دووردەخەنەوە؟
نەخێر.
باشە، ئایا ئەوانەی دادوەرن دەتوانن بە دادوەری خەڵکی بکەن بە نا-دادوەر؟
ناتوانن.
ئایا گەرما شتە دژەکەی بەرانبەری ساردناکات؟
بەڵێ.
یان وشکانی شتە دژەکەی بەرانبەری تەڕ دە کات؟
بەدڵنیاییەوە.
ئایا کاری چاکە زیان گەیاندن بە دژەکەی نیە؟
وادیارە.
هەروەها، دادوەر کەسێکی چاکەکەرە؟
بەدڵنیاییەوە.
کەوابوو، ئەی پۆلیمارکۆس، نابێت دادوەر ئازاری هاوڕێ یان کەسێکی دیکە بدات. ئازاردان کاری دژەکەی یان کەسێکە، کە دادوەر نیە.
بەبیروڕای من، سوکرات، ئەمە بەتەواوی دروستە.
ئەگەر کەسێک بڵێت دادوەری لەوێدایە قەرزەکەی بۆ خاوەنەکەی بگەڕێنێتەوە و بۆ دوژمن زیان بەخش و بۆ هاوڕێش سودبەخش بێت زانا نیە و ئەوەی باسیدەکات ڕاست نیە چونکە وادەرکەوت، کە دادوەر ئازاری هیچ کەسێک نادات.
من لەگەڵتا هاوڕام.
من و تۆ دەبێت دژی ئەوانە ڕاوەستین، کە لەو باوەڕەدان سیمۆندیس و بیاس و پیتاکۆس یان زاناکانی دیکە بەم جۆرە[واتای دادوەرییان] ڕوونکردۆتەوە.
من لەم جەنگەدا هاوکاری تۆم.
ئایا دەزانی کێ دەڵێت دادوەری ئەوەیە، کە بۆ هاوڕێکانت سودبەخش و دوژمنەکانت زیان بەخش بێت؟
کێ؟
وابزانم گوتەی پێریاندەر، پێردیکاس، زێرزێکس یان ئیسمیناسی شاری کۆرینتەیە یان گوتەی چەند دەوڵەمەندێکی دیکەیە، کە خۆیان بەخاوەن دەستەڵات دادەنێن. (10)
بەتەواوی دروستە.
باشە، ئەگەر دادوەری و دادوەر ئەم واتایانەیان نەبێت، کە ئەوان باسیدەکەن ئایا چ واتایەکیان هەیە؟
کاتێک لەم مشتومڕەدابووین، تراسیماکۆس چەند جارێک هەوڵیدا بەشداری بکات، بەڵام ئەوانەی نزیکی دانیشتبون دەیانویست لە ئاکامی گفتوگۆکەمان بگەن ڕێگەیان نەدا بەشداری بکات. پاش ئەوەی من لە قسەکردن وەستام خۆی پێنەگیرا و بە پەرۆشەوە ویستی خۆی بخاتە نێو باسەکەوە.
من و پۆلیمارکۆس ترساین لەوەی بە بۆڵەوە خۆی هاویشتە ناو مشتومڕەکەمانەوە. گوتی، سوکرات، ئێوە

----

(10) پێریاندەر و پێردیکاس و زێرزێکس سێ دیکتاتۆری بێ بەزەیی یۆنان بوون و ئیسمنیاسیش دەوڵەمەندێکی گەورە بووە.(وەرگێڕ)

هەردووکتان، چ بێ مانابییەکتانە؟ بۆچی وەکو گەمژەیەک ڕێگا بە کەسێکی دیکە دەدەیت؟ ئەگەر بتەوێت لەواتای دادوەری تێبگەیت پرسیار مەکە و وەڵامەکەشی ڕەتمەدە وە. تۆ دەزانیت پرسیارکردن لە وەڵامدانەوە ئاسانترە. وەڵامی پرسیارەکەت بدەرەوە و واتای دادوەریمان بۆ ڕوونبکەوە. مەڵێ دادوەری سودگەیاندن و دەستکەوت و قازانجە. دەمەوێت واتاکەی ئاشکرا باسبکەیت. بە ناماقوڵیەکەی تۆ ڕازی نیم.
وشەکانی[تراسیماکۆس] ڕایانچڵەکاندم ولە تێڕوانینەکای ترسام. ئەگەر لەپێشتر دەموچاوە مۆنەکەیم نەدیبایە من بەو[هەڵوێستەی] لاڵ دەبووم. لە یەکەم ساتی مشتومڕەکەمانەوە، کە تەماشام دەکرد دەمزانی پەستە. بۆیە بە سوکە لەرزینێکەوە وەڵامم دایەوە و گوتم: تراسیماکۆس پێویست ناکات خۆت تورە بکەیت. من و پۆلیمارکۆس بە مەبەستەوە خۆمان بەو هەڵەیە نەگەیاندووە. ئەگەر بە دوای زێڕدا بگەڕێین بە مەبەستەوە ڕێگە بۆ یەکدی خۆش ناکەین. پێناسەکردنی دادوەریش لە زێڕ بەنرخترە. واتێمەگە مەبەستمان سەرلێشێواندن و خۆ ونکردن بێت چونکە دۆزینەوەی کارێکی ئاسان نیە. لەبەرئەمە پێویستە کەسێکی زیرەکی وەکو تۆ لەگەڵ ئێمەدا ئەوەندە ڕەق نەبێت.

پاش ئەم قسانەم بە دەنگێکی بەرز و گاڵتەکردنەوە پێکەنی. گوتی، سوکرات بە هیراکلیس سوێند دەخۆم گاڵتەم لەگەڵدا کردیت. (11) من پێش مشتومڕەکەتان گوتم، کە تۆ وەڵامی پرسیارەکان نادەیتەوە و گاڵتەش بە وەڵامەکانی ئەوان دەکەیت. چونکە تۆ کەسێکی زیرەکیت. تۆ لەپێشتر دەزانی، کە پرسیار لەبارەی ژمارە دوانزەوە لە کەسێک بکەیت و هەمانکات دەڵێیت پێم مەڵێ، کە دووجار شەش، سێ جار چوار، شەش جار دوو یان چوارجارسێ دەکاتە دوانزە چونکە بەم ناماقوڵییە ڕازی نابم و کەس ناتوانێت وەڵامی پرسیارەکە بەم جۆرە بۆ ئامادەبکات. ئەگەر بڵێیت، تراسیماکۆس مەبەستت چیە؟ ئایا من وەڵامم نەداویتەوە؟ من سەرم دەسورمێت. ئایا هیچ شتێکی دیکە لە ڕاستی بەولاوە هەیە من بۆتانی باسبکەم؟ ئایا تۆ چ وەڵامێکت پێیە؟ باشە، تۆ وادەزانیت ئەم دووشتە وەکو یەکن؟
بۆچی لە یەکدی ناچن؟ ئەگەر لە یەکدیش نەچن بۆ ئەو کەسەی پرسیاەکەی لێدەکەیت لە یەکدی دەچن. ئایا دەتوانین ڕێگە لە وەڵامدانەوەکەی بگرین؟
ئایا تۆ یەکێک لەو وەڵامانەمان دەدەیتێ، کە ڕێگەی دەربڕینیان لێگیراوە؟
بۆ من جێگەی سەرسوڕمان نیە ئەو وەڵامە بدەم بە مەرجێک بەڕاستی دابنێم.

تۆ چی دەڵێیت ئەگەر وەڵامێکی باشتر لە وەڵامەکانی پێشوت بدەمێ؟ چ سزایەکت بدەم؟
چ سزایەک لەوە باشترە کەسێکی نەزان شتێک لە کەسێکەوە فێربێت، کە دەزانێت؟
تۆ سەیریت، بێجگە لە فێربوون دەمەوێت سزایەکی دیکەت بۆ دابنێم.
ئەگەر پارەم دەستکەوت ئەتدەمێ.
گلاوکۆن گوتی: هەندێک پارەی هەیە. تراسیماکۆسیش گوتی: ئەگەر کێشەکە پارەبێت ئێمە پارە بۆ سوکرات کۆدەکەینەوە.
من دەزانم شێوەی گفتوگۆی سوکرات چۆنە. ئەو وەڵامی پرسیارەکان ناداتەوە و وەڵامی بەرانبەرەکەشی ڕەتدەداتەوە.

---

(11) هیراکلیس پاڵەوانێکی نێو ئەفسانەی یۆنانییە. کوڕی زیۆس و ئازاترین پاڵەوان بووە. دواجار ڕۆمانەکان ناوەکەیان بۆ هەرکلیس گۆڕیوە. (وەرگێڕ)

منیش گوتم: کەسێک وەڵامەکە نەزانێت یان لەو باوەڕەدا نەبێت، کە وەڵامەکە نازانێت، زانایەکیش ڕێگەی پێنەدات بیروڕای خۆی دەربڕێت، چۆن دەتوانێت وەڵام بداتەوە؟

تۆ باشتر وەڵام دەدەیتەوە، چونکە خۆت بە زانا دادەنێیت. کەوابوو، ئەم چاکەیەم لەگەڵدابکە و گلاوکۆن و ئەوانی دیکە لە فێربوون بێبەش مەکە.
گلاوکۆن و ئەوانەی دانیشتبون داوایان لێکرد وەڵامەکەی دەربڕێت. وادەردەکەوت تراسیماکۆس لەو باوەڕەدا بێت وەڵامێکی ڕاستی پێیەو سەرنجی ئەوان ڕادەکێشێت. خۆی بە سەرکەوتوو دەبینی و زۆری لە من دەکرد وەڵامەکەمی بدەمێ. بە هەرحاڵ، لە کۆتاییدا ڕازی بوو بەوەی وەڵامبداتەوە و گوتی: ئێوە سوکراتتان لایە. ئەم زانایە بەبێ ئەوەی لەبەر چاوی بێت لە خەڵکەوە فێردەبێت و ئامادەش نیە کەس فیربکات.
ئەوە ڕاستە، من لەخەڵکەوە فێردەبم، بەڵام لەوەدا، کە دەڵێیت لەبەر چاوی نیە، ڕاست ناکەیت. من سوپاسی خۆم دەردەبڕم و لەبەر ئەوەی پارەم نیە ناتوانم خەڵاتیان بکەم. تۆ نازانی چەند خۆشحاڵ دەبم، کە کەسێک باش قسەدەکات و وەڵامێکی چاکم دەداتەوە.
کەوابوو، گوێبگرە، من دەڵێم دادوەری سودی لایەنی بەهێز(یان لایەنی هێزدارەکانە). بۆچی سوپاسم ناکەیت؟ تۆ خۆت لە سوپاسکردنەکە دەدزیتەوە.
من پێویستە لە وەڵامەکەت تێبگەم، چونکە نازانم مەبەستت چیە. بە بیروڕای تۆ دادپەروەری سودی لایەنی بەهێزە. ئەی تراسیماکۆس، مەبەستت چیە؟ دڵنیام، کە وەڵامەکەت ئەم مەبەستەی نیە، کە پۆڵیداموس [پاڵەوانی زۆرانبازی] لە ئێمە بەهێزترە یان خواردنی گۆشتی گا بۆ ئەو سودبەخشە چونکە بەهێزی دەکات، لەبەرئەمە ئەو خواردنە سودبەخش و دادوەرییە و بۆ ئێمەش، کە لە ئەو کەمتر بەهێزین دادوەری نیە ؟
سوکرات، تۆ توشی قێزدانەوەم دەکەیت. لە شوێنێکدا وەڵام و گفتوگۆکەم ڕادەگریت، کە گەورەترین زیانم پێدەگەیەنێت.
نەخێر وانیە. ڕوونیبکەوە چ مەبەستێکت هەیە؟
نابینیت هەندێک لەشارەکان پاشایەکی زۆرداری هەیە و ئەوانی دیکە ڕژێمێکی دیموکراسی یان ئەریستۆکراتیان تیا سەقامگیر بووە؟
بەڵێ ، هەڵبەتە.
هێزی دەستەڵاتدار بە گوێرەی شارەکان دەگۆڕێت.
بەدڵنیاییەوە.
هەر یەکێک لە دەستەڵاتدارەکانیش یاسا بۆ بەرژەوەندی خۆی دادەنێت. دەسەڵاتدارێکی دیموکراتی یاسای دیموکراتیانە و زۆرداریکیش زۆرداری دادەنێت. بانگەشەی ئەوەش دەکەن، کە ئەمە بۆ سەقامگیرکردنی دادوەرییە و سزای ئەوانەش دەدەن دژیان ڕادەوەستن. ئەمە لە هەموو شارەکاندا واتای دادوەرییە، کە بەرژەوەندی و سودی دەستەڵاتمەداری تێدایە. لەبەر ئەوەی یاسا دامەزراوەکەش بەهێزترە هەموو ئەوانەی بە دروستی بیردەکەنەوە بەو باوەرە دەگەن، کە دادوەری لە هەموو شوێنێک بەم جۆرە بێت سودو بەرژەوەندی ئەوانەی تێدایە، کە بەهێزن وخاوەنی دەستەڵاتن.

ئێستا من لە تۆ تێدەگەم. بەڵام لە وەڵامدا تۆ ئەی تراسیماکۆس گوتت، کە دادپەروەری لە سودگەیاندایە و ڕێگەش لە من دەگرێت هەمان بۆچوونم هەبێت. دروستە، تۆ تەنیا وشەی(بەهێزتر)ت بۆ پێناسەکە زیادکردوە. تۆ وادەزانیت، ئەو زیادکردنە بێ بایەخە؟

هێشتا نازانین چ بایەخێکی هەیە. بەڵام پێویستە لە ڕاستی پێناسەکە بکۆڵینەوە. من لەگەڵتا هاوڕام، کە دادوەری جۆرێک لە سودگەیاندن بێت. بەڵام تۆ(بۆ بەهێزتر)ت زیادکردوە. من نازانم مەبەست چیە. پێویستە تەماشای بکەین.
تەماشای دەکەین. ئەی تۆ ملکەچکردن بۆ خاوەن دەستەڵات بە دادوەری دانانێیت؟
بەڵێ، من دایدەنێم.
ئایا دەستەڵاتدارانی شارەکە پاکن و گەندەڵی ناکەن ! یان توشی هەڵەو گەندەڵی دەبن؟
کەوابوو، لە سەقامگیرکردنی یاساکاندا هەندێک جار ڕاست و جاری دیکەش ڕاست نین.
بەڵێ وایە.
هەروەها سەقامگیرکردنی یاساکەش ڕاستە ئەگەر لە بەرژەوەندی و سودی خاوەن دەستەڵاتەکە بێت، بەپێچەوانەشەوە ڕاست نیە. ئایا ئەمە مەبەستتە؟
بەڵێ.
دادپەروەریش لەوێدایە، کە خەڵکی ملکەچی یاساکان بن؟
هەڵبەتە.
کەوابوو. بەگوێرەی بۆچوونەکەت، دادوەری تەنیا لەوەدانیە کەسێک بۆ سود و بەرژەوەندی لایەنی بەهێزتر کار بکات. بەپێچەوانەشەوە لەوەشدایە، کە دژی ئەو سود و بەرژەوەندییە کاریک بەئاکام دەگەیەنێت.

تۆ چی دەڵێیت؟
من وەکو تۆ قسەدەکەم. با بەتەواوی لە کێشەکە بکۆڵینەوە. تۆ ناڵێیت یان ڕێنەکەوتین لەسەر ئەو خاڵەی، کە هەندێک جار دەستەڵاتدارەکان بۆ سەقامگیرکردنی دەستەڵات و یاساکانیان بە سەر خەڵکدا توشی هەڵە دەبن و هاوکات بۆ ئەوەی دادوەریش بەرقەراربێت خەڵکی پێویستە پەیڕەوی یاساکان بکەن؟ لەسەر ئەمە ڕێنەکەوتین؟
وابزانم ڕێکەوتین.
لێرەدا، پێویستە بەو جۆرەش بیر لە کێشەکە بکەیتەوە، کە ڕێکەوتین لەسەر ئەوەی دادوەریش لەوەدایە تۆ دژی بەرژەوەندی و سودی دەستەڵاتدارەکان هەستیت. هەروەها تۆ دەڵێیت، دادوەری لە ملکەچی خەڵکیدایە بۆ فەرمان و یاساکان. تۆ، تراسیماکۆس، زۆر زیرەکیت، ئەی ئەمە ئەوەش ناگەیەنێت، کە دادوەری بە پێچەوانەی ئەوەوەبێت تۆ باسیدەکەیت، چونکە ئەوانەی لاواز و بێدەستەڵاتن داوایان لێدەکرێت بۆ بەرژەوەندی و سودی خاوەن دەستەڵات و بەهێزترەکان هەوڵنەدەن؟
پۆلیمارکۆس گوتی: بەخوا، سوکرات بۆچوونەکەت دروستە.
کلیتۆفان لەولاوە هەڵیدا و گوتی، بێگومان دروست دەبێت ئەگەر تۆ بەو جۆرە گەواهی بدەیت.
پۆلیمارکۆس وەڵامی دایەوە: کێ پێویستی بە گەوایە؟ تراسیماکۆس ڕازییە بەوەی هەندێک جار دەستەڵاتدارەکان فەرمانێک دەردەکەن، کە زیانی خۆیانی تێدابێت. ئەمەش لە چاوی کەسانی دیکەدا [لەوانەیە] دادوەری بێت.
ئەمەش، ئەی پۆلیمارکۆس، لەبەر ئەوەیە، تراسیماکۆس لەو باوەڕەدایە دادپەروەری لە ملکەچکردن بۆ فەرمانی دەستەڵاتدارەکانە.
هەروەها، ئەی کلیتۆفان، دەڵێیت دادوەری سودگەیاندنە بەوانەی بەهێزترن. لەسەر ئەم دوو بنەمایەوە بەو

باوەڕەش ڕازی بویت، کە هەندێک جار بەهێزەکان جۆرە فەرمانێک بە کەم هێزەکانی ژێردەستەڵاتی خۆیان دەدەن لە بەرژەوەندی دەستەڵاتەکەیان نیە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت ئەوەی لە بەرژەوەندی بەهێزەکاندایە لەوە زۆرتر دادوەرانە نیە، کە لە بەرژەوەندی بەهێزەکاندا نیە.
کلیتۆفان وەلامیدایەوە و گوتی: سودی ئەوانەی بەهێزن ئەوەیە، کە ئەو بەهێزانە بە بڕوای خۆیان بە سودی دادەنێن. ئەمەیە کەسانی لاواز و کەم هێز دەبێت پەیڕەوی بکەن. ئەمە بەڕای ئەو[ترسیماکۆس] دادوەرییە.
پۆلیماکۆس گوتی: ئەمە ئەو واتایە نابەخشێت.
من گوتم، ئەی پۆلیمارکۆس، ئەوە هیچ لە کێشەکە ناگۆڕێت. ئەگەر تراسیماکۆس بەم جۆرەش بۆ کێشەکە بچێت ئێمە ڕازین. تراسیماکۆس، تۆ پێم بڵێ مەبەستت لە دادوەری ئەوەیە، کە بەهێزەکان بە سودی خۆیانی دادەنێن، ئەنجا گرنگ نیە لەڕاستیدا ئەوە بۆ سودی ئەوانە یان نا؟
هەرگیز نا. تۆ لەو باوەڕەدای من کەسێکی بەهێز لە کاتی هەڵە کردندا بە بەهێز دابنێم؟
من واتێگەیشتم چونکە بەڕای تۆ دەستەڵاتدارەکان هەڵە دەکەن.
تۆ، سوکرات، واتێدەگەیت چونکە گەواهێکی چاک نیت. کەسێک بە هەڵە چارەسەری نەخۆشێک بکات بە پزیشکی دادەنێیت؟ یان کەسێک لە ژمێریاریدا هەڵە بکات لە کاتی هەڵە کردنەکەدا بە ژمێریار دادەنرێت؟ وابزانم لەوەلامدا دەڵێیت، پزیشکەکە یان ژمێریارەکە هەڵەی کرد. بەڵام هەر یەکێک لەمانە لە[چوارچێوەی] پیشەکەیاندا چاوەڕوانی هەڵەیان لێناکرێت. نەزانین توشی هەڵەیان دەکات. لەکاتی هەڵە کردنەکەدا کەسێکی لێزان نیە. لێزان و دەستەڵاتدار لە کاتی سەقامگیرکردنی یاسادا هەڵە ناکەن. لەم ڕووەوە دەبێت تۆ لە وەلامەکەم تێبگەیت. بەڵام وەلامی تەواوم ئەمەیە. کەسێکی دەستەڵاتدار، بەو دەستەڵاتەوە بمێنێتەوە هەرگیز هەڵە ناکات و بەبێ هەڵە ئەو یاسایانە سەقامگیردەکات، کە لە بەرژەوەندی ئەودایە و ژێردەستەکەشی پەیڕەوی دەکات. کەوابوو، بەو جۆرەی لە سەرەتاوە باسمکرد، دادوەری سود و بەرژەوەندی کەسانی بەهێزترە.

باشە، ترسیماکۆس، تۆ وادەزانیت من گەواهێکی خراپم؟
بەڵێ، بەدڵنیاییەوە وایە.
وادەزانیت من بۆ ئەوەی ئازارت بدەم پرسیارم لێکردیت؟
باش دەزانم. ئەمەش هیچ سودێکی بۆ تۆ نیە. تۆ ناتوانیت فێڵم لێبکەیت. لەبەر ئەوە ئازارم نادەیت و نامبەزێنیت.
من ئەوەناکەم، ئەی تراسیماکۆس. بۆ ئەوەی ئەوەش ڕوونەدات دەمەوێت بە ڕوونی پێم بڵێی مەبەستت لەو پێناسەیەدا دەستەڵاتدارە یان کەسانی بەهێزتر؟ سودی چ لایەنێک بۆ ئەوانەی لاوازن دادوەرییە، ئایا دادوەری لەوەدایە سود بەو کەسانە بگەیەنێت، کە بەهێزترن؟
مەبەستم لە دەستەڵاتدار فەرمانڕەوایە. ئێستا دەستبکەرەوە و ئازارم بدە ئەگەر دەتوانیت.
ئایا تۆ لەو باوەڕەدای من ئەوەندە شێت بم شێر کەوڵ بکەم یان دژی تۆ ببم بە گەواهێکی درۆزن؟
تۆ ئێستا هەوهەوڵت دا، بەڵام سەرکەوتو نەبوویت.
بەسە. پێم بڵێ: بەو واتایەی تۆ پزیشک ئەو کەسەیە پارە پەیدا دەکات یان چارەی نەخۆش دەکات؟
کێ بەڕاستی پزیشکە ؟
ئەو کەسەی چارەی نەخۆش دەکات.

ئەی کێ کەشتیەوانە؟ ئایا بەو واتایەی تۆ کەشتیەوان فەرمانبەری ئەوانەی نێو کەشتیەکەیە یان کەشتیەوانە؟
فەرمانبەری ئەوانەی نێو کەشتیەکەیە.
نابێت وابیربکەینەوە لەبەرئەوەی کەشتیەکە بەڕێدەکات بە کەشتیەوانی دابنێین چونکە کەشتیەوان و فەرمانڕەوایی ئەو لەسەر کەشتیەکە ئەو ناوەی پێدەبەخشێت.
ئەوەڕاستە.
ئایا لێرەدا هیچ شتێک هەیە لە سود و قازانجی ئەوانەی سەر کەشتیە کە بێت؟
بەدڵنیاییەوە.
ئایا ئەو هونەرەی[کەشتیەوانەکە هەیەتی] لە سودو قازانجی ئەواندا نیە؟
بەڵێ. لەسود و قازانجی ئەواندایە.
ئەی سود بۆ هونەرەکە[هونەری کەشتیەوانی] لەوادانیە، کە لە هەموو لایەنێکەوە پڕ و تەواو بێت؟
تۆ چ پرسیارێکم لێدەکەیت؟
ئەگەر پرسیارم لە بارەی لەشمانەوە لێبکەیت و بڵێیت، ئایا لەشمان پڕو تەواون یان پێویستیان بە پڕی و تەواوی هەیە وەڵامت دەدەمەوە و دەڵێم: بەدڵنیاییەوە پێویستمان بەو تەواوبوونە هەیە. لەبەر ناتەواوی لەشمان هونەری پزیشکی هاتۆتە کایەوە. هونەری پزیشکی پێشخرا تاکو سود بە لەش بگەیەنێت. ئایا بەڕای تۆ ئەم بۆچوونەم دروستە یان نا؟
تۆ ڕاستدەکەیت.
ئێستا، ئایا هونەری پزیشکی ناتەواوە؟ ئایا ئەم هونەرە، وەکو چۆن چاو پیویستی بە ڕووناکی زیاترە بۆ ئەوەی شتەکان ببینێت، گوێ پیویستی بە دەنگە، پیویستی بە بەرەوپێشەوە چوون نیە؟ ئەم پێویستیەش شتێکی لەکۆتایی بەدەرنیە؟ ئایا هەرجۆرێک لە هونەر دەیەوێت خۆی تەواو بکات؟ یان پێویستی بە هیچ جۆرە هونەرێکی دیکە نیە؟ ئایا ئەمە لەبەر ئەوەیە، کە هەموو هونەرەکان پرو تەواون و کەموکورتیان تێدا نیەو بێ هەڵەن؟ ئایا بۆ هونەرێک ڕەوایە تەنیا شوێن سودو قازانجی خۆی بکەوێت؟ ئەنجا لەبەر ئەوەی ڕاستە بێ هەڵەیە؟ بیر لەم پرسیارانە بکەرەوە و پێم بڵێ وایە یان نا؟
وادەردەکەوێت وابێت.
پزیشکیی سودی خۆی ناوێت، دەیەوێت سود بەلەش بگەیەنێت.
بەڵێ.
ئەسپ بەخێوکردن سودی بۆ خۆی نیە و سودی ئەسپی دەوێت.
بێگومان هیچ هونەرێک بیر لە سودی خۆی ناکاتەوە.
وادیارە.
ئێستا، ئەی تراسیماکۆس، هونەرەکان لەو شتانە بەهێزترن و دەستەڵاتیشیان زۆرترە، کە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات؟
تراسیماکۆس بە نابەدڵییەوە لەگەڵیا هاوڕابوو.
هیچ جۆرە زانستێک[زانینێک] شوێن سود و قازانجی خۆی ناکەوێت. سودی ئەوەی دەوێت، کە لە خۆی لاوازترە. ئەویش ئەو بابەتەیە، کە مامەڵەی لەگەڵدا دەکات.
[تراسیماکۆس] ویستی ئەم سەرەنجامەی[سوکرات] ڕەتبداتەوە بەڵام دوایی ڕەزامەندی خۆی دەربڕی و گووتی:

بەدڵنیاییەوە.
کەوابوو پزیشکێک[لەپیشەکەی خۆیدا] سود و قازانجی خۆی ناوێت و دەیەوێت سود بە نەخۆشەکەی بگەیەنێت. لەسەرئەوەش ڕیکەوتین، کە پزیشک چارەکەری لەشەو پارە پەیدا ناکات. ئایا لەسەر ئەمە ڕێنەکەوتین؟
بەڵێ.
کەوابوو، کەشتیەوانیش بەو واتایە فەرمانڕەوای کەسانی ژێردەستێتی و کەشتیەوان نیە؟
لەسەر ئەمەش ڕێکەوتین.
ئایا ئەمەش ئەو واتایە نابەخشێت، کە کەشتیەوانەکە سود و قازانجی خۆی ناوێ و بیر لە سودی ئەوانەی سەر کەشتیەکە دەکاتەوە؟
بە نابەدڵییەوە[تراسیماکۆس] گوتی وایە.
کەوابوو، ئەی تراسیماکۆس، هیچ دەستەڵاتدارێک نیە بیر لە سود و قازانجی ئەوانەی ژێر دەستەڵاتی نەکاتەوە. ئەو بە هەر کارێک هەستێت بۆ بەرژەوەندی کەسانی ژێر دەستێتی.
لەم خاڵەدا گەیشتینە ئەو باوەڕەی پێناسەکەی[تراسیماکۆس] بۆ دادوەری دژی بۆچوونەکەی ڕاوەستا.
لەبری وەڵامدانەوەش گوتی: سوکرات پێم بڵێ تۆ خزمەتکارت هەیە؟
مەبەستت چیە؟ باشتر نیە لەبری ئەم جۆرە پرسیارکردنە وەڵامم بدەیتەوە؟ چونکە[خزمەتکارەکەت] ڕێگەت دەدات بە لوتی چڵماوییەوە بسوڕێیتەوە و بۆت پاکناکاتەوە.
بۆچی؟
تۆ جیاوازی نێوان شوان ومەڕ نازانیت.
ئەوەی من نایزانم چیە؟

تۆ وابیردەکەیتەوە شوان و گاوان چاکە بۆ مەر و مانگاکانیان دەخوازن. بۆ ئەمەش قەڵەویاندەکەن و بیر لە سود و بەرژەوەندی خۆیان ناکەنەوە. لەسەروو ئەمەشەوە، بە بۆچوونی تۆ، دەستەڵاتدارەکانی شار ئەوانەی پڕ بەواتاکە دەستەڵاتدارن یان دەستەڵاتدارێکی ڕاستەقینەن کەسانی ژێردەستە بە مەر و مانگا دانانێن و بە جۆریکی دیکە دەیانبینن و شەو و ڕۆژیش بیر لە بەرژەوەندی خۆیان دەکەنەوە. تۆ زۆر دووریت لەوەی بتوانیت لە واتای دادوەری و دادوەر یان نادادوەری تێبگەیت. تۆ نازانیت دادوەری چاکەیە ئەوە ی دەیکات سودی بۆ لایەنی بەهێزتر تێدایە و زیانیش بەوانە دەگەیەنێت ملکەچ و زمەتکارن. بەپێچەوانەی ئەمەشەوە نا-دادوەرییە و ئەوکەسانە بەختەوەردەکات، کە ژێردەستە و ملکەچن سود و قازانجی بۆلایەنە بەهێزەکەی تێدانیە. تۆش ئەی سوکراتی ساویلکە، بەم جۆرە لە کێشەکە تێبگە: دادوەر دەستکەوتی کەمتری لە نا-دادوەر هەیە. یەکەم، لە کۆتایی هەموو بەڵین و ڕێکەوتنێکا، دادوەرێک کەمتری لە نا-دادوەرێک بەرکەوتووە. دووەم، لەنێو شاردا دادوەرێک زۆرتر لە نا-دادوەرێک باج[بە دەوڵەت] دەدات. لە گەڕانەوەی پارەش، لە لایەن دەوڵەتەوە بۆ خەڵکی دادوەر هیچی بەرناکەوێت، ئەوەی نا-دادوەرە بەشێکی زۆر دەبات. لەکۆتاییشدا، کاتێک هەردووکیان لە فەرمانگایەکدا فەرمانڕەوایی دەکەن ژیانی تایبەتی دادوەرەکە تێکدەچێت، چونکە بەکارکردنەوە سەری قاڵە، سودی تایبەتی لە کارکردنەکە وەرناگرێت. لەبەر ئەوەی کاری ناڕەواش ناکات کەس وکاری یان ئەوانەی داوای کاری ناڕەوای لێدەکەن لەگەڵیا کۆک نین و گلەیی لێدەکەن. ژیانی نا-دادوەرەکەش بەپێچەوانەوە[ناشێوێت]. لێرەدا دووبارەی دەکەمەوە: کەسێک خاوەنی دەستەڵات و هێزێکی

گەورە لەوانی دیکە دەباتەوە. ئەگەر دەتەوێت بزانیت کەسێکی دادوەر، چ سود و قازانجێک بەخۆی دەگەیەنێت، بیر لەم کەسە بکەوە. هەروەها بەئاسانی لەواتای تەواوی نا- دادوەری تێدەگەیت و دەزانیت ئەوە چیە، کە نادادوەرێک دەکات بە بەختەوەرترین و سەرپێچی کارەکانیش بەکڵۆڵ و بەدبەخت. ئەمە زۆردارییە، کە بەزۆر موڵکی ئەوانی دیکە داگیردەکات، گرنگ نیە ئەو موڵکەماڵی کەسێک بێت یان دەوڵەت، وردە وردە هەمووی بۆخۆی دەبات. ئەگەر کەسێک بە کارێکی نا- دادوەرانەی بچوکیش هەستێت سزادەدرێت و ناوی دزی- پەرستگاکان، بارمتەچی، دزی منداڵان یان جەردەی لێدەنرێت و بە تاوانبار دادەنرێت.
دەستەڵاتدارێکیش موڵکی هاووڵاتیەکان داگیردەکات و دەیانچەوسێنێتەوە، لەبری تاوانبارکردنی بە بەختەوەر و خواناس نەک لەلایەن هاووڵاتیەکانەوە، بەڵکو ئەوانەی دەشزانن، کە زۆردارە دادەنرێت. ئەوانەی ناڕەزاییان بەرانبەر نا- دادوەری هەیە، لە بەرئەوەیە، کە پێوەی دەناڵێنەوە نەک نەیکەن. لەبەر ئەمە، سوکرات، ئەگەر نا- دادوەری بەم ڕادە گەورەیە ببیسترێت لە دادوەری بەهێزتر و ئازادتر و شارەزاترە. لە خاڵی یەکەمیشدا باسمکرد، کە دادوەری لەوەدایە سود بە لایەنی بەهێزتر بگە یە نێت و نا- دادوەریش سود و بەرژەوەندی خۆی دەوێت.

پاش ئەم ڕوونکردنەوەیە بە درێژی، تراسیماکۆس، وەکو چۆن کەسێک لە خۆشتن دەبێتەوە، ویستی بڕوات. ئەوانەی دانیشتبون ڕێگەیان نەدا و زۆریانلێکرد بمێنێتەوە. منیش داوام لێکرد نەڕوات. گوتم: پاش ئەم گوتارە، ئەی تراسیماکۆس، بەبێ ئەوەی بیسەلمێنیت ڕاست دەکەیت یان نا چۆن دەڕۆیت؟ تۆ وادەزانیت باسکردن لەسەر نرخی ژیان و سودوەرگرتن لە ژیان بۆ هەریەکێک لە ئێمە کێشەیەکی گەورە نیە؟
تراسیماکۆس گوتی: من بەو جۆرە دێمە بەرچاوت؟

بە هەرجۆرێک بێت تۆ بایەخ بەئێمە نادەیت، گرنگ نیە بۆ تۆ ئێمە بە چ جۆرێک دەژین، باش یان خراپ. تۆ ئێمە بە نەزان دادەنێیت. هەوڵبدە فێرمان بکە، کارێکی چاکە خێرخوازی کۆمەڵێک کەسانی وەکو ئێمە بیت. بەش بەحاڵی خۆم، بە ڕوونکردنەوەکەت ڕازی نیم. لەو باوەڕەدانیم، نا- دادوەری سودی لە دادوەری زۆرتربێت، کە هیچ سنورێکی بۆدانەنێیت. بابڵێین کەسێکی زۆردار ئەوەندە دەستەڵاتی هەیە بە فڕوفێڵ یان شەڕەنگیزی نا- دادوەرییەکەی خۆی سەقامگیردەکات. هێشتا من ناگەیەنێتە ئەو باوەڕەی نادادوەری سودی لە دادوەری زۆرتربێت. دڵنیام لەم دانیشتنەدا کەسێکی دیکەش هەیە بەم جۆرە بیر لە کێشەکە دەکاتەوە و لەگەڵ مندا هاوڕایە. کەوابوو، بیسەلمێنە ئێمە لە دانانی دادوەری لە پلەیەکی بەرزتر لە نادادوەری بۆ ژیانمان هەڵەین.

من چۆن بیسەلمێنم ئەگەر ئێوە بەم بۆچوونەی من ڕازی نەبن؟
چی دیکە ڕوونکەمەوە؟ دەبێت بەڵگەکەم هەڵگرم و بیڕژێنمە نێو دەرونتانەوە؟
خوا نەکات! ئەوکارە مەکە! بەڵام جارێ لەسەر بیروڕاکەی خۆت بە. ئەگەر گۆڕیت فێڵمان لێمەکە.
تۆ، تراسیماکۆس، لەپێشتر لەپێناسکردنی پزیشکدا بە واتای خۆی- کەبەردەوام بێت لەسەر چاکردنەوەی [نەخۆشیەکان] ئامادە نەبوویت. تۆ لەو باوەڕەدایت شوان بۆ داوەتکردن مەڕەکانی قەڵەو بکات یادەیەوێت لە فرۆشتندا پارەی چاک بکەن. شوانی، کار و مەبەستی دیاریکراوی خۆی هەیە، کە لە هونەری شوانیدایە. بۆیە بە پێویستم زانی [لەگفتوگۆکەی پێشودا] لەگەڵتا هاوڕابم. لەسەر ئەوخاڵە ڕێکەوتین، کە هەموو دەستەڵاتێک

لە فەرمانڕەواییەکەدا بەرژەوەندی ئەوەی دەوێت، کە فەرمانڕەوایی دەکات. ئایا تۆ لەو باوەڕەدای فەرمانبەری شارەکان، ئەوانەی بە راستی فەرمانبەرن بەحەز و ئیرادەی خۆیان فەرمانڕەوایی دەکەن؟
بەخوا، بەوجۆرە بیرناکەمەوە، من دەزانم.

بەڵام، ئەی تراسیماکۆس، تۆ لەو باوەڕەدانیت لەجۆرەکانی دیکەی فەرمانبەرییدا کەس لە پێناوی فەرمانبەرێتیدا فەرمانبەر نیە. لەبەر موچەکەیە و لەو باوەڕەشدان، کە ئەوان خزمەتی خەڵکی دەکەن؟ ئایا جیاوازی لە نێوان کارمەندەکاندا نیە؟ تکایە تاکو بگەینە ئاکام دژی باوەڕەکەی خۆت مەدوێ.
بەڵێ، جیاوازییان لەنێواندایە.
هەر یەکێکیش لەهونەری کارکردن سودی جیاوازمان پێدەگەیەنێت. بۆ نموونە، پزیشکی تەندروستیمان دەداتێ، کەشتیەوانیش بە سەلامەتی گەشتەکەمان بۆ بەڕێدەکات. ئەوانی دیکەش سودی جیاوازییان هەیە؟
بێگومان.
کارکردنیش، وەکو پیشە موچەمان دەداتێ چونکە بۆ موچە پەیداکردنە؟ یان پزیشکی و کەشتیەوانی وەکو یەکدی دەبینیت؟ تەنانەت ئەگەر بڵێیت، کەشتیەوان تەندروستی باشە، چونکە گەشت و گوزاری نێو دەریا سودی بۆ تەندروستی هەیە، هێشتا ناتوانیت کەشتیەوانی و پزیشکی بە یەک جۆر هونەر دابنێیت؟
بێگومان ناتوانین.
ئەگەر کەسێک بە موچە دەستکەوتنیش تەندروستیەکەی چاکبێتەوە ناتوانیت کارکردنەکەی بۆ موچەپەیداکردن بە هونەری پزیشکی دابنێیت؟
نا.
کەوابوو، لەسەر ئەو خاڵە رێدەکەوین، کە هەر یەکێک لەو هونەرانە سودی خۆی هەیە؟
بەڵێ، وایە.
ئەگەر هەموو ئەو خاوەن کارانە پێکەوە سودوەرگرن پێویستە سود وەرگرتنە هاوبەشەکەیان لەو کارە زیادەوە هاتبێت، کە هەموویان کردوویانە؟
وادیارە.
دەبێت پرسیار سەبارەت کارەزیادەکە بکەین. ئەو کارەی موچە بۆ کارمەندەکان پەیدادەکات، ئایا هونەری موچە پەیداکردنە؟
بەنابەدڵییەوە، تراسیماکۆس ڕازی بوو.
کەوابوو، ئەم سود وەرگرتنە یان موچەوەرگرتن لە ئاکامی هونەرەکەیانەوە سەرهەڵنادات، بەڵکو ئەگەر بە وردی تەماشابکەین پزیشکی تەندروستی دروستدەکات و کارکردن بۆ موچەش موچەپەیدادەکات، خانوسازی خانو دروستدەکات.....هتد. هەر یەکێک لەم هونەرانە سود و کاری تایبەتی خۆی هەیە. ئەگەر موچە نەدرێت هیچ سودێکی دیکە هەیە لەکارکردنەکەدا بەکارمەندبگات؟
وادەردەکەوێت نەبێت.
ئەگەر بەخۆڕایش کاربکات، سود دەگەیەنێت؟
بەڵێ، وابزانم وایە.
کەوابوو، تراسیماکۆس، ئێستا ئاشکرایە، هیچ کارمەندێک یان فەرمانبەرێک سود بە خۆی ناگەیەنێت. بۆ بەرژەوەندی بەرانبەرەکەی یان لایەنە لاوازەکە، نەک بەهێزترەکە کاردەکات. کەمێک لەپێشتر گوتم، کەس بە

حەز و ئیرادەی خۆی نابێت بە فەرمانبەر تاکو گێرەو کێشەی خەڵکی چارەسەرکات. هەر یەکێک لە فەرمانبەران داوای موچە بەرانبەر کارکردنەکەیان دەکەن، بەڵام داوای چاکترین شت بۆ خۆی ناکات و دەیەوێت بەرانبەرەکەی ڕازیبکات. بۆیە پێویستە موچە لە شیوەی پارە و ڕیزلێنان بدەین بەو کەسەی فەرمانبەرەو لە سەرپێچی کردنیشا سزابدرێت.
گلاوکۆن گوتی: سوکرات چ مەبەستێکت هەیە؟ من دوو شێوەی موچەکە دەزانم، بەڵام تێناگەم سزادان چۆنە و بۆچی بە موچەی دادەنێیت.
تۆ لە موچەی ئەو کەسە چاکانە تێناگەیت، کە دەیانەوێت بە چاکی فەرمانڕەوایی بکەن و بە خواستی خۆیان بەو کارە هەڵدەسن؟ تۆ نازانی[ئەم جۆرە کەسە چاکانە] ڕقیان لە ناوداری و پارەیە؟
دەزانم.

کەسێکی چاک بۆ پارە و ناوداری فەرمانڕەوایی ناکات. نایەوێت بە ئاشکرا پارە وەرگرێت و بە موچەخۆر ناوزەدبکرێت. بۆ ئەوەی بەدز دانەنرێت لە ژێریشەوە پارەنابات. بۆ ناودارێتیش هەوڵنادات چونکە حەز لە ناودارێتی ناکات. ئەگەر ئەم جۆرەکەسانە ئارەزووی فەرمانڕەواییان کرد دەبێت جۆرێک لە پاداشت و سزادانیان بۆ دابنرێت. ئێستا، گەورەترین سزادانیش بۆ ئەوانەی نایانەوێت فەرمانڕەوایی بکەن چونە ژێر دەستەڵاتی فەرمانبەرێکە، کە لە ئەوان خراپتر فەرمانڕەوایی دەکات. بە بۆچوونی من، ترس لەم ژێردەستیەیە هانی کەسانی خاوەن ڕێز دەدات ببن بە فەرمانبەر. ئەوان بۆ خۆشی خۆ یان نابن بە فەرمانبەر چونکە فەرمانرەوایی کارێکی چاکە. بڕیاردانەکەیان لەو پێویستیەوە سەرهەڵدەدات، کە نایانەوێت کەسانێک لەوان کەمتر ئەو دەستەڵاتەیان هەبێت. لە شاری کەسە چاکەکاندا، وەکو ئێستا چۆن خەڵکی لەسەر گرتنی دەستەڵات لەگەڵ یەکدا جەنگیانە، لە سەر وازهێنان لە دەستەڵاتیش دەبێت بە مشتومڕ. لەوێدا ئاشکرا دیارە ئەوەی خاوەن دەستەلاتە و فەرمانڕەوایی دەکات سودی خۆی ناوێت و بیر لە بەرژەوەندی ژێردەستەکانی دەکاتەوە. هەر کەسێک ئەم ڕاستیە بناسێت کەسانی دیکە سودی پێدەگەیەنن و خۆی توشی ئەو گرفتە ناکات بۆ ئەوان سودبەخش بێت. لەبەر ئەمە، بە هیچ جۆرێک لەو خاڵەدا، کە دادوەری سودگەیاندن بەلایەنە بەهێزترەکە بێت لەگەڵ تراسیماکۆسدا هاوڕانیم. دوایی جارێکی دیکەش دەگەڕێمەوە سەری و باسیدەکەم. خاڵەکەی دیکەی تراسیماکۆس، گوایە ژیانی کەسێکی نا دادوەر لە ژیانی دادوەرێک باشترە[خۆشترە] دەبێت بە بایەخەوە تەماشای بکرێت. ئەی گلاوکۆن، تۆ چ جۆرە ژیانێکیان هەڵدەبژێرێت؟ بۆچوونی کێت بەلاوە ڕاستە؟

بە بیروڕای من ژیانی دادوەرێک سودبەخشەترە.
تۆ ئەو چاکانەی ژیانی نا دادوەرێکت لەیادە تراسیماکۆس بۆی باسکردین؟
بەڵێ بەڵام ڕازی نەبووم.
دەبێت هەوڵبدەین بە بیروباوەڕەکەمان ڕازی بێت. پێویستە نادروستی بۆچوونەکەی بسەلمێنین؟
بەڵێ، پێویستە.
ئەگەر ئێمەش وەکو ئەو، ئەو شتە چاکانە ڕیزبکەین، کە لە ژیانی دادوەردا هەن پێویستمان بە حەکەمێک دەبێت تەماشای هەردوو لیستەکە بکات و بڕیار لە سەر باشی یەکێکیان بدات. ئەگەر لە وەڵامی پرسیارەکەش بکۆڵینەوە و بگەینە ئاکامێک، کە هەمووبمان پەسەندی دەکەین ئەوا ئێمە دەبین بە توێژەرو حەکەمیش.
بێگومان.

منیش وەڵامم دایەوە و گوتم: چ ڕێگەیەکت لاباشترە؟
دووەمیان.
منیش گوتم: تراسیماکۆس وەرە. لە سەرەتاوە وەڵاممان بدەوە. تۆ دەڵێیت، نادادوەری تەواو لە دادوەری تەواو سود بەخشترە؟
بەڵێ، ئەوە ڕای منەو هۆکەشم بۆ ڕوونکردنەوە.
باشە، چ لەبارەی ئەمەوە دەڵێیت؟ تۆ دەتوانیت یەکێکیان بە چاکە و ئەوی دیکە بە خراپە دابنێیت؟
بەڵێ.
مەبەستت ئەوەیە، کە دادوەری چاکە و نادادوەری خراپە یە؟
نەخێر ئەو واتایە نابەخشێت. من دەڵێم نادادوەری سودی زیاترە.
مەبەستت بە تەواوی چیە؟
ئەوەی دەیڵێم بە پێچەوانەی گوتەکەی تۆوەیە.
ئایا مەبەستت ئەوەیە، کە دادوەری خراپە؟
نەخێر، ژیری و سادەییە.
ئەی بۆ تۆ نادادوەری دڵڕەشییە؟
نەخێر، حوکمدانیکی چاکە.
کەوابوو، تۆ تراسیماکۆس، کەسانی نادادوەر بە ژیرتر وچاک دادەنێیت؟
بەڵێ، ئەوانەی بە تەواوی نادادوەرن، ئەوانەی شارەکە و دانیشتوانی شارەکەش دەخەنە ژێر دەستەڵاتی خۆیان. ئەی تۆ وادەزانیت من باسی گیرفان بڕێک دەکەم؟ ئەی ئەم جۆرە کارە خراپەش سودبەخش نیە ئەگەر [گیرفان بڕەکە نەگیرێت]؟ هەرچەندە پێویست ناکات ئەم بەراوردە بکەین.
من لە تۆ تێدەگەم. بەڵام، لەوە سەرم دەسوڕمێت، کە تۆ نادادوەری بە چاکەو زانایی دادەنێیت، بەپێچەوانەشەوە دەڕوانیتە دادوەری.
بەڵێ، بۆچوونەکەم بەم جۆرەیە.

تۆ کێشەکە دژوارتر دەکەیت. تێناگەم چ مەبەستێکت هەیە! ئەگەر بڵێیت نادادوەری سودبەخشە و هاوکات خراپیشە یان شەرمەزارییە لەگەڵتا ڕێدەکەوم و ئەو کاتە بە ئاسایی مشتومڕمان لەسەردەکرد. بەڵام، ئێستا تۆ لەو باوەڕەدایت نادادوەری شتێکی چاکە و زاناییشی دەخەیتەسەر.
تۆ چاک لە بۆچوونەکەم تێگەیشتویت.
ئێستا باوەڕدەکەم ئەی تراسیماکۆس، کە گاڵتە ناکەیت و بۆچوونەکەت بە ڕاست دادەنێیت.
چی بۆ تۆ دەگۆڕێت ئەگەر باوەڕ بە ڕاستی بۆچوونەکەم بکەم یان نا؟ ئەمە بۆچوونی منە و تۆش دەتوانیت ڕەتیبدەیتەوە.
هیچ ناگۆڕێت. بەڵام وەڵامی ئەم پرسیارەم بدەوە: تۆ لەو باوەڕەدایت دادوەرێک بیەوێت فەرمان بە سەر دادوەرێکی دیکەدا بدات؟
نەخێر، لەوێدا [دادوەری یەکەم] ڕێز و پاکی خۆی دەدۆڕێنێت.
یان فەرمان بەسەر کەسێکدا بدات، کە کارێکی دادوەرانە دەکات؟
نەخێر، ئەوەش ناکات.

ئایا لەو باوەڕەدایە، کە بۆی هەیە فەرمان بە سەر کەسێکی نادادوەردا بدات و ئەوکارەش بەدادوەری دابنێت؟
دەیەوێت ئەم کارەبکات و خۆی بە خاوەن مافیش دادەنێت، بەڵام ناتوانێت.
پرسیارەکەم، ئەوە نەبوو. دەمەوێت بزانم نادادوەرێک دەیەوێت فەرمانڕەوایی نادادوەرێکی دیکەبێت و ئەمەش بەمافی خۆی دابنێت؟
ئەو دەیەوێت.
ئەی لە بارەی نادادوەرەکەوە؟ بە ڕەوای دەبینێت فەرمانڕەوایی کەسێکی دادوەر یان ئەو کەسە بکات، کە کارێکی دادوەرانە دەکات؟
بێگومان، دەیەوێت. ئەو فەرمانڕەوایی خۆی بە سەر هەموو کەسێکدا بەڕەوا دەبینێت.
ئایا نادادوەرێک فەرمانڕەوایی بە سەر نادادوەرێکی دیکەدا یان کەسێک بە کارێکی نادادوەرانە هەستێت دەکات؟ ئایا هەوڵدەدات گەورەترین دەستمایەی هەبێت؟
ئەوە دەکات.
کەوابوو، بابڵێین دادوەرێک فەرمانڕەوایی کەسێکی وەکو خۆی ناکات. تەنیا نادادوەر دەیەوێت ئەوانەی وەکو خۆی و وەکو خۆی نین بخاتە ژێر دەستەڵاتیەوە.
چاک بۆکێشەکە چوویت.
نادادوەریش کەسێکی چاک و ژیرترە لە دادوەر؟
چاک بۆ ئەم خاڵەش چوویت.
کەوابوو کەسانی نادادوەر ژیرتر و چاکترن؟ وانیە؟
بەڵێ وایە. چۆن وەکو ئەوان دەبێت؟
باشە، هەر کەسێک لەوان[نادادوەرەکان]، خەسڵەتی ئەوانەشیان هەیە، کە لەو دەچن.
بێگومان.
باشە، تراسیماکۆس، تۆ کەسێکی مۆسیقازان لە مۆسیقانەزانێک جیادەکەیتەوە؟
بەڵێ.
کێ لەم دووانە لە مۆسیقادا لەوی دیکە ژیرترە؟
مۆسیقازانەکە ژیرە و ئەوی دیکە نا.
لەو شتانەش چاك دەزانێت، کە تیایاندا ژیرە و خراپیشە لەوانەدا، کە تیایاندا ژیرنیە؟
بەڵێ.
ئەمە بۆ پزیشکیش دەبێت؟
بەڵێ.
دەتوانین بڵێین مۆسیقازانێک لە کۆککردنی ژێی گیتارەکەدا و توندکردنەوەیان دەیەوێت ل ەمۆسیقازانێکی دیکە بباتەوە و خۆی بە باشتر دابنێت؟
وانالێم.
بەڵام، ئەو دەیەوێت لەوانە بەرێتەوە، کە مۆسیقازان نین؟
بەڵێ وایە.
لە بارەی پزیشکەکەوە چ دەڵێیت؟ ئەو لە دانانی پارێز بۆ نەخۆشەکەی هەوڵنادات لە پزیشکێکی دیکە باشتر

بێت؟
بێگومان وانیە.
بەڵام، دەیەوێت لەوانە بەرێتەوە، کە پزیشک نین؟
بەڵێ.
تۆ لەو باوەڕەدایت لە هەموو جۆری زانین یان نەزانیندا زانا دەیەوێت لە نەزان بەرێتەوە یان لەوان باشتر لە کێشەیەک بدوێت و وەکو نەزانەکان بۆ کێشەکە نەڕوات؟
دەشێ بەو جۆرەبێت تۆ باسیدەکەیت.
ئەی لە بارەی نەزانەوە، چ دەڵێیت؟ هەوڵدەدات لە زاناو نەزانێکی دیکەش باشتربێت؟
لەوانەیە.
ئایا زانا کەسێکی ژیرە؟
لەگەڵتا هاوڕام.
ژیریش کەسێکی چاکە؟
بەڵێ.
کەوابوو، کەسێکی ژیر و چاک نایەوێت لەوانە بەرێتەوە و دەستەڵات بە سەرئەوانەدا بسەپێنێت، کە لە خۆی دەچن. ئەو بەرانبەر ئەو کەسانە دەستەڵات بەکاردەهێنێت، کە لەو ناچن.
دەردەکەوێت بەم جۆرەبێت.
بەڵام کەسێکی نەزان دەیەوێت لە زانایەک و نەزانێکیش بەرێتەوە.
دەردەکەوێت بەم جۆرەبێت.
ئێستا، تراسیماکۆس، گەیشتوینەتە ئەوباوەڕەی کەسێکی نادادوەر دەیەوێت دەستەڵاتی بە سەر دادوەرو نادادوەریشدا هەبێت؟ ئایا تۆ بڕوات بەمە نیە؟
بەڵێ، بڕوام وایە.
دادوەریش دەیەوێت دەستەڵاتی بە سەر نادادوەردا هەبێت؟
بەڵێ.
کەوابوو، دادوەر کەسێکی ژیرو چاکە، نادادوەریش وەکو کەسە نەزانەکە خراپە.
وادیارە.
لەسەر ئەوەش ڕێکەوتین هەر یەکێک لەوان خەسڵەتی ئەو کەسەشی تێدایە، کە لەخۆی دەچێت.
بەڵێ، ڕێکەوتین.
کەوابوو، دەرکەوت، کە دادوەر ژیر و چاکە، نادادوەریش نەزان و خراپە.
تراسیماکۆس، بە ئاسانی لە سەر ئەم خاڵانە ڕێکەوت. لەبەرئەوەی هاوینیش بوو ئارەقی زۆری دەردەدا. لە پڕا بینیم تراسیماکۆس ڕووی سورهەڵگەڕا. گوتم، پاش ڕێکەوتنمان لەسەر ئەو خاڵەی دادوەری چاکە و زانایی بێت و نادادوەریش خراپە و نەزانین دەڵێم، باشە بائەمە وابێت. هاوکات گوتمان نادادوەری بەهێز نیە یان تۆ ئەمەت بیرناکەوێتەوە؟
لەبیرمە، بەڵام لەسەر ئەم خاڵە لەگەڵتا هاوڕانیم. دەتوانم بە درێژی لە سەری بدوێم. من ئەوکارە ناکەم چونکە تۆ تاوانبارم دەکەی بەوەی وتارت بۆ بخوێنمەوە. لەبەر ئەمە ڕێگەم بدە بۆچوونەکەم ڕوونبکەمەوە یان پرسیاری خۆت بکە و منیش دەڵێم، "باشە" و وەکو ژنە پیرەکان بۆڵە ناکەم.

تۆ دژی بۆچونەکەی خۆت مەدوێ.
مادامەکی ڕێگەی قسەکردنم نادەیت بە دڵی تۆ وەڵامی پرسیارەکەت دەدەمەوە.
تۆ داوای چ دەکەیت؟
هیچ، بەخوا تۆ چ دەخوازی، من ئەوە دەکەم.
پرسیاری خۆت بەکە.
من هەمان پرسیاری پێشو دەکەم تاکو بە ڕێکوپێکی مشتومرەکەمان سەبارەت دادوەری و نادادوەری بخەینەگەڕ و لەوێوە دەستمانپێکرد، کە نادادوەری لە دادوەری بە هێزتر بێت. ئێستا، ئەگەر دادوەری بە چاکە و زانایی دابنێین دەردەکەوێت، کە لە نادادوەری بە هێزتر بێت. چونکە نادادوەری نەزانینە. هەروەها، تراسیماکۆس، من ئەم کێشەیە بە گشتی و بێسنوور باسناکەم. ئایا تۆ لەو باوەڕەدای، کە داگیرکردن و چەوساندنەوەی دانیشتوانی شارێک لەلایەن شاریکی دیکەوە نادادوەرانە و زۆرداری بێت؟ (12)
هەڵبەتە. ئەمە کاری باشترین شارە، بە تایبەتی ئەو شارەی نادادوەری بەتەواوی تیایدا سەقامگیربووە.
تێدەگەم، کە ئەمە بۆچوونی تۆیە. بەڵام ئەو خاڵەی دەمەوێت لێی بکۆڵمەوە ئەمەیە:
ئەوشارەی دەبێت بەخاوەنی دەستەڵات، بەهێزترە لەوی دیکە دەتوانێت بەبێ دادوەری یان پێویستی شارەکە بۆ دادوەری ئەو دەستەڵاتە پەیدابکات؟
بە گوێرەی بۆچوونەکەی تۆ، کە دادوەری ژیری و چاکەیە، بێگومان پیویستی بە دادوەری هەیە. بەبۆچوونی منیش[ئەوشارە] پێویستی بە نادادوەری و زۆرداریيە.
تۆ، تراسیماکۆس، سەرنجم ڕادەکێشیت. تۆ وەڵامی چاکیش دەدەیتەوە.
دەمەویت دڵت خۆش بکەم.
تۆ لەوەدا شارەزایت. زۆرتر دڵخۆشم بکە و وەڵامی ئەم پرسیارەشم بدەوە: تۆ لەو باوەڕەدایت شارێک، لەشکرێک، دەستەوتاقمێکی دزو چەتە، یان خێڵێک مەبەستیان زۆرداری بێت. ئەگەر دژی یەکدی بن ئەو زۆرداریيە وەدەست بهێنن، یان زۆرداری لەگەڵ یەکدیا بکەن؟
بێگومان نا.
ئەگەر بەرانبەر یەکدی زۆردار نەبن؟ د ەستکەوتی زۆرتریان دەبێت؟
بێگومان.
نادادوەری، ئەی تراسیماکۆس، دەبێتە هۆی جەنگی ناوخۆ، ڕق و کینە و دادوەریش هاوڕێیەتی و هاوئامانج دادەمەزرێنێت. ئایا وانیە؟
بۆ ئەوەی دژی تۆ نەوەستم، دەڵێم وایە.
تۆ باش لەگەڵما دەڕۆیت. پێم بڵێ: ئەگەر نادادوەری لە هەر شوێنێکدا بێت ڕق و کینە بڕوێنێت، ئایا لەنێو کۆیلە و مرۆڤە ئازادەکانیشدا نابێتە هۆی سەرهەڵدانی ڕق وکینە؟ جەنگی ناوخۆ دروستناکات؟ نابێتە هۆی ڕوخاندنی مەبەست و ئومێدی هاوبەشی خەڵکی؟
بەدڵنیاییەوە.

---

(12) لێرەدا ئەفلاتون لە جێگەی وڵات یان داگیرکردنی وڵاتێک لە لایەن وڵاتێکی دیکەوە" شار"ی بەکارهێناوە چونکە لە یۆنان شارێک دەوڵەتێکی سەربەخۆ بووە. (وەرگێڕ)

ئایا جیاوازی لەنێوان دووکەسدا پەیدا ناکات و نایانکات بە دوژمن؟
دەیانکات بە دوژمن.
ئەگەر نادادوەری لەنێو تاکە کەسیدا بروێت و سەرهەڵدات دەستەڵاتەکەی بۆ دروستکردنی دووبەرەکی وناکات؟
با بەوجۆرە بێت.

دەردەکەوێت، نادادوەری بەهێز بێت یەکەم، بۆ تێکشکاندنی یەکێتی شارێک، خێزانێک یان لەشکرێک، چونکە دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی جەنگی ناوخۆ و جیاوازییەکان. دووەم، هەر یەکێک لەم دەستگایانە دەکات بە دوژمنی خۆی و ئەوی دژیشی ڕادەوەستێت،بۆنموونە دادوەری ، وانیە بەدڵنیاییەوە.
تەنانەت لە تاکەکەسیشدا هەمان کاریگەرێتی هەیە. یەکەم، ڕێگەی دەستکەوتەکانی دەبەستێت چونکە ئەو کەسە لەنێو جەنگی ناوخۆدایە و دووەمیش دەیکات بە دوژمنی خۆی و ئەوانەی باوەڕیان بە دادوەری هەیە. ئایا ئەم کاریگەرێتییەی نیە؟
بەڵێ.
ئەنجا خواکانیش دادوەرن؟
بابڵێین دادوەرن.
کەوابوو، نادادوەرێک دوژمن و دادوەریش هاوڕێی خواکانە.
بەبێ ترس وشەکانی خۆت برِازێنەوە بۆ ئەوەی ئەوانەی لەدەورمان دانیشتون ڕقیان لێم نەبێت من دژت ناوەستم.
وەرە، مێزی وشەکانم بە وەڵامەکەت برِازێنەوە. ئێمە گەیشتینە ئەو باوەڕەی کەسانی دادوەر ژیر ترو خاوەن تەوانابن، نادادوەرەکانیش بەم جۆرە نین تەنانەت پێکەوە ناژین و هەمیشە دەستەو یەخەی یەکدی ڕادەوەستن.
هاوکات لەنێویاندا جۆرێک دادوەری هەیە، کە ڕێگەیان پێنادات ئەوەی لە گەڵ خەڵکیدا دەیکەن لە گەڵ یەکدیدا نەیکەن.
ئەمەش بووە بناخەی دەستکەوتەکانیان. لە سەقامگیرکردنی زۆرداریەکەیاندا، نیوە گەندەڵ بوون (چونکە ئەوانەی بە تەواوی خراپ و نادادوەرن هیچ دەستکەوتێکیان نابێت). ئەمە ئەو خاڵانە بوو ڕوونمانکردنەوە. ئێستاش پێویستە لەو خاڵە بکۆڵێتەوە، کە پێشتر ئامانژەمان بۆکرد، ئەویش ئەوەیە کەسانی دادوەر بەختەوەرترن و باشتر لە کەسانی نادادوەر دەژین. وابزانم ئاشکرایە، کەدەبێت وابێت. بەڵام ئەم باسە پێویستی بە ڕوونکردنەوەی زۆرتر هەیە چونکە گرنگە و پەیوەندی بە چۆنیەتی ژیانمانەوە هەیە.
فەرموو تۆ پێشکەوەو بکەوینە گەڕان بە دواییدا.
من پێشدەکەوم. پێم بڵێ، تۆ بڕوات بە شتێک هەیە، کە پێ ی دەوترێت کارکردنی ئەسپ؟
بەڵێ.
ئایا پێناسەکەشی نەبەستراوە بە شێوەی کارکردنی ئەسپەوە؟ یان بەباشترین شێوەی بەکارهێنانەکەوە؟

لەمەبەستت تێناگەم.
بابەجۆرێکی دیکە بۆت باسبکەم: دەتوانین بێجگە لە چاومان[ئەندامێکی دیکەی لەش] بۆ بینین بەکاربهێنین؟
بێگومان نەخێر.
یان بێجگە لە گوێ شتێکی دیکە بۆ بیستن بەکاربهینین؟
نەخێر.
کەوابوو، دروستە بڵێین بینین و بیستن کارکردنی چاو و گوێن؟
بەدڵنیاییەوە.
لەبارەی ئەم خاڵەوە چ دەڵێیت؟ دەتوانیت خەنجەر، مقەست یان هەرشتێکی تیژ بۆ بڕینەوەی دارمێوێک بەکاربهێنیت؟
بێگومان.
ئایا باشتر نیە بۆ بڕینەوەی دارمێوەکە ئەو مقەستە بەکاربهێنیت، کە بۆ بڕینی مێو دروستکراوە؟
بەڵێ باشترە.
پێویست دەکات بڕینەوە بە کارکردنی مقەستەکە دابنێین؟
ئێستا، لەوانەیە لە مەبەستی پرسیارەکەی پێشوم تێبگەیت، کە گوتم هەرشتە شێوەی کارکردنی خۆی هەیە، کە تایبەتە بەو شتەوە و لەو شێوەی کارکردنەدا لە شتەکانی دیکە چاکترە.
تێدەگەم و لەو باوەڕەدام هەرشتە کارکردنی دیاریکراوی خۆی هەیە.
باشە. هەر یەکێک لەو شتانەی بەکارکردنی خۆی هەڵدەستێت چاکە؟ باجارێکی دیکە بگەڕێینەوە سەر نموونەی[کارکردنی] چاو[بۆ بینین].
بەڵێ، وایە.
کەوابوو، چاویش چاکەی هەیە؟
هەیەتی.
گوێکانمان کارکردنی خۆیان هەیە؟
بەڵی.
کەوابوو، گوێ چاکەی هەیە؟
هەیەتی.
هەموو شتەکانی دیکەش بەم جۆرە[خاوەنی چاکەن] ؟
بەڵی.
ئایا چاوەکانمان کارەکانی خۆیان بەباشی دەبەن بەڕێوە، ئەگەر لە چاکە بێبەش بن و خراپ بن؟
چۆن دەتوانن، بەڕێوەی بەرن. تۆ مەبەستت ئەوەنیە، ئەگەر کوێربن چۆن دەبینن؟
هەر جۆرە چاکەیەکیان هەبێت گرنگ نیە. من ئێستا باسی ئەوە ناکەم. مەبەستم ئەوەیە، کە هەرشتێک مادامەکی شێوەی کارکردنی خۆی هەیە ئەگەر بەو کارە هەستێت چاکە و نەیتوانی خراپە.

بەڵێ، ئەوە ڕاستە.
ئەگەر گوێکانمان لەو چاکەیە بێبەش بن، کە هەیانە بە خراپی کارەکەیان بەڕێوە دەبەن.
نەخێر.
ئەمەش بۆ هەمووشتێکی دیکە دروستە؟
وادیارە.
باشە، بابیر لەم کێشەیە بکەینەوە: ئایا دەروون جۆرە کارکردنێکی هەیە، کە هیچ شتێکی دیکە [بێجگە لەدەروون] ناتوانێت بیکات، بۆ نموونە نیگەرانبوون بۆ شتەکان، فەرمانڕەوایی و نواندن و گەلێک شتی دیکەش؟ ئایا ئەم کارکردنانە دەبن بە تایبەتمەندێتی شتێکی دیکە؟
نەخێر.
ئەی لەبارەی ژیانەوە چ دەڵێیت؟ ئایا ژیان کاری دەروون نیە؟
بێگومان کاری دەروونە.
ئایا باوەڕمان بە چاکەی دەروون نیە؟
باوەڕمان هەیە.
ئایا، ئەی تراسیماکۆس، دەروون دەتوانێت بە چاکی کارەکانی خۆی بکات ئەگەر لەو چاکە تایبەتەی خۆی بێبەش بکرێت یان ئەمە هەرگیز ڕوونادات؟
ئەمە ناگونجێت.
ئایا ئەمە نامانگەیەنێتە ئەوباوەڕەی دەروونی خراپ بە خراپی فەرمانڕەوایی دەکات و ئاگای لە دەوروبەردەبێت، دەروونی چاکیش بەچاکی؟
بەڵێ، دەمانگەیەنێتە ئەو باوەڕە.
ئێستا لەسەر ئەوە ڕێکەوتین، کە دادوەری بۆ دەروون چاکەیەو نادادوەریش خراپە؟
بەڵێ، ڕێکەوتین.
کەوابوو، بەو ئاکامە دەگەین، کە کەسێکی دادوەر یان دەروونێکی دادوەر باش و نادادوەریش خراپ دەژی.
بە گوێرەی بەڵگەکەت دەردەکەوێت ئاکامەکە دروست بێت.
هەروەها، ئەوەی باش بژی بەختەوەرە و بە پێچەوانەشەوە ڕاستە.
بێگومان.
کەوابوو، دادوەر بەختەوەر و نادادوەریش کلۆڵە.
باوابێت.
کەس کلۆڵ ناکات و بەختەوەری دەکات.
بەدڵنیاییەوە.
هەروەها، ئەی تراسسیماکۆس، نادادوەری هەرگیز لە دادوەری بە سودتر نیە.
بائەمە، لەم جەژنەدا، بۆ باندیس خوانی ڕازاوەی تۆ بێت.
ئەی تراسیماکۆس، پاش ئەوەی لە توڕەبوونەوەکەت ساردبویتەوە و بە نەرمی لەگەڵ مندا هەڵسوکەوتت کرد خوانێکی ڕازاوەم بۆ خۆم دانەنا. هەست دەکەم وەکو زۆرخۆرێکیش پەلاماری هەموو شتێکی خۆشم داو تامم کردن. پێش وەڵامدانەوەی پرسیارەکەمان سەبارەت دادوەری

لێکۆڵینەوەکەمان خۆی گەیاندە ئەو خاڵەی باسی خراپە و نەزانین یان چاکە و زانین بکەین. لەوێدا ئەوکێشەیە هاتە پێش، کە گوایە نادادوەری لە دادوەری بە سودتربێت. من نەمتوانی واز لە پرسیارەکەی پێشو[سەبارەت واتای دادوەری] بهێنم. ئاکامی مشتومڕەکەمان، بە بیروڕای من ، منی گەیاندە ئەو خاڵەی کە هیچ نەزانم. ئەگەر لە واتای دادوەری تێنەگەم ناتوانم بزانم چاکە هە یە یان نا یاخود کەسێکی دادوەر بەختەوەرە یان کلۆڵ.

بەشی دووەم

واتێگەیشتین لێرەدا مشتومڕەکەمان تەواو بووبێت، بەڵام دەردەکەوێت ئەوەی باسمکرد سەرەتا بووبێت. گلاوکۆنیش نەبەردانە تراسیماکۆسی ڕەتدایەوە و بە سوکراتی گوت: ئایا تۆ ئێمەت گەیاندۆتە ئەو باوەڕەی، کە دادوەری لە هەموو بارو دۆخێکدا لە نادادوەری چاکتربێت؟ ئایا دەتەوێت ئێمە ڕازی بکەیت؟

منیش گوتم دەمەوێت بەپێی توانا ڕازیتان بکەم.

باشە، تۆ ئەوەت نەکردووە. پێم بڵێ، لەوباوەڕەدای جۆرێک چاکە هەیە ئێمە پێشوازی لێدەکەین چونکە خۆی چاکەیە و لەبەر ئەوە نیە ئاکامەکەیمان لا پەسەندە، بۆ نموونە خۆشی یان ئەو چێژانەی بێزیانن و بێجگە لەخۆیان ئاکامێکی دیکەیان نیە؟

دڵنیام لەوەی هەیە.

ئایا چاکە هەیە ئێمە حەزی لێبکەین، کە لەخۆیدا چاکەیە، هەروەها ئاکامێکی چاکیشی هەیە - بۆنموونە، بینین یان تەندروستی چاک؟ ئێمە لەبەر ئەو دوو خەسڵەتەیان دەمانەوێن.

بەڵێ.

ئایا جۆری سێیەمی چاکە هەیە، وەکو وەرزش، دەرماندان بە نەخۆش، دەرمان خۆی و هەروەها پارە؟ ئەمانە وەکو ئەرکی گران دەبینرێن، بەڵام سودیان بۆ ئێمە هەیە و ئێمەش لەبەر ئەوە هەڵیانانابژێرین، کەخۆیان چاکن بەڵکو بۆ پاداشت و دەستکەوتەکەمانن.

سێ جۆری هەیە. بەڵام چۆن باسیدەکەیت؟

تۆ دادوەری بە کامیان دادەنێیت؟

بەش بەحاڵی خۆم دەیخەمە ڕیزی باشترین چاکەکان و لەبەر ئەوەی[دادوەری] لە خۆیدا چاکەیە و ئاکامی باشیشی هەیە دەبێت بە ڕێزەوە تەماشای بکرێت.

ئەمە بۆچوونی هەموو کەسێک نیە. زۆرکەس لەوانەیە دادوەری بە ئەرکیکی گران دابنێن. ئەوانەی دەیانەوێت دادوەربن مەبەستیان ناوداری و خەڵات وەرگرتنە، کە لە ئاکامی دادوەرییەوە پەیدادەبن. لەو باوەڕەشدان، کە لەبەر ئەوەی ئەرکێکی گرانە دەبێت وازی لێبهێنرێت.

ئەزانم، ئەوە بۆچوونی خەڵکیە بە گشتی.

تراسیماکۆس لەم بۆچوونەوە چەند ساتێک لەمەوبەر هەڵەی بەرانبەر واتای دادوەری کرد و بە شان و باڵی نادادوەرییدا هەڵیدا. بەڵام دەردەکەوێت من ئەو کەسە بم، کە خێرا فێرنابم.

کەوابوو، وەرە، گوێبگرە و بزانە گرفتە کەت چیە.

من وابیردەکەمەوە، کە تراسیماکۆس پێش ئەوەی بە ئاکامی گفتوگۆکەی بگات کۆڵیدا.

بۆچوونەکانی هەردووکتان منی ڕازی نەکردووە. دەمەوێت لە واتاکانی دادوەری و نادادوەری تێبگەم، بزانم هەر یەکێک لەو دووانە چ هێزێکیان لەنێو خۆیاندا و لەنێو دەروونی مرۆڤدا هەیە. من نامەوێت لێرەدا باس لە دەستکەوت و ئاکامەکانیان بکەم.

ئەگەر تۆ ڕازی بیت بۆچوونەکەی تراسیماکۆس دووبارە دەکەمەوە.

یەکەم، باسی بۆچوونی زۆربەی کەسان لەسەر دادوەری و سەرچاوەکەی دەکەم.
دووەم، ئەوە ڕووندەکەمەوە چۆن ئەوانەی دادوەری دەکەن خۆیان ئەو کارەیان هەڵنەبژاردووە و دادوەری بە پێویست نەک لەبەر ئەوەی چاکە دادەنێن.
سێیەم، ئەوان هۆی تەواویان بۆ سەقامگیرکردنی دادوەری[بەم جۆرەی بیریلێدەکەنەوە] بە دەستەوەیە، چونکە ژیانی نادادوەر وەکو دەڵێن باشترە لە ژیانی دادوەرەکان.
سوکرات، من باوەڕم بەئەوان نیە. تێگەیشتنم بۆ ئەم کێشەیە ئاڵۆزە و کەسانی وەکو تراسیماکۆس ئەوەندە لەم باسە دواون لەئاستیاندا کەڕبووم. حەزدەکەم گوێ لەو کەسە بگرم، کە بەرگری لە دادوەری دەکات و دەیسەلمێنێت لە نادادوەری چاکتر بێت.
حەزدەکەم ئەوەش لە تۆ ببینم. لەبەر ئەمە من بە درێژی بە شان و باڵی ژیانی نادادوەرانەدا هەڵدەدەم و ڕێگە بە تۆش دەدەم باسی دادوەری بکەیت و دژی نادادوەری بوەستیت.
دەمەوێت بزانم تۆ ئەم کارەت لاپەسەندە؟
من زۆرکات حەزم لەم جۆرە مشتومڕانەیە. ئەمە بێگومان کێشەیەکە مشتومڕی لەسەربکرێت.
زۆرباشە. کەوابوو، لە خاڵی یەکەمەوە، سەبارەت واتای دادوەری و سەرچاوەکەی دەستپێدەکەین.
گوایە هەستان بەکارێکی نادادوەرانە بە سروشت چاکە، بەڵام ئازارچێژتن بە نادادوەرییەوە خراپە. هەروەها ئەو ئازارچیژتنە سەردەکا و چاکەکەش تێدەپەڕێنێت ئەگەر کەسێک نادادوەری بکات و ئازاریش بە هۆیەوە بچێژێت. ئەوەی تەواناو دەستەڵاتی نادادوەری نەبێت خۆی لە ئازار چێژتنەکەشی دووردەخاتەوە. لە گەڵ کەسانی دیکەدا ڕێدەکەوێت و دەگاتە بەستنی پەیمان و دانانی یاسا و داواکارییە یاساییەکانیش بەدادوەری دادەنێ. بە بۆچوونی ئەو ئەمە ناوەڕۆک و سەرچاوەی دادوەریە. شتێکە لەنێوان چاکترین و خراپتریندا.
چاکترین شت لەوەدایە بەبێ ئازارچێژتن نادادوەر بێت. خراپترینیش ئەوەیە، کە ئازار بچێژێت و هاوکات نەتوانێت تۆڵەی خۆی بسەنێت. دادوەری دەکەوێتە نیوان ئەم دووانەوە. خەڵکی بەهای بۆ دادەنێن نەک لەبەرئەوەی چاکە، بەڵکو لەبەر بێدەستەڵاتی خۆیانە. ئەوەی دەستەڵاتیشی هەبێت نادادوەری سەقامگیربکات، لە گەڵ کەسانی دیکەدا بۆ دوورکەوتنەوە لە ئازارچێژتن ڕیناکەوێت. ئەم کارە بۆ ئەو گەمژەییە.
ئەمە ناوەڕۆک و سەرچاوەی دادوەرییە.
بەئاشکرا دەردەکەوێت ئەوانەی دادوەرن بە بێ خواستی خۆیان بەو کارە هەڵدەستن.
هەروەها لەبەر ئەوەشە، کە تەوانایان نیە کارێکی نادادوەرانە بکەن. ئەگەر ئازادی بدەین بەوانەی دادوەر و نادادوەرن بۆمان دەردەکەوێت حەز و ئارەزووەکانیان بەکوێ دەگەن. لەو حاڵەتەدا دادوەرێک بە دەستی خوێناوییەوە لەسەر ئەو ڕیگایە دەگرین، کە نادادوەرێکی پیادەڕوات. ئەمەش پەیوەندی بەو حەز و ئارەزووەوە هەیە، کە هەموو کەسێک دەیەوێت لەوانی دیکە بەرێتەوە و زۆرتر دەستکەوتی هەبێت.
ئەمە بۆ هەموو کەسێک چاکەیەکی سروشتیە.
بەڵام ئەو سروشتە، بەدانانی یاسا زۆریلێکراوە، تەشەنەکردنەکەی سنوردار و ڕەوابێت.
ئەو ئازادییەی باسمکرد، باشتر لەواتاکەی تێدەگەین، ئەگەر دوو کەسە دادوەر و نادادوەرەکە

هێزەکەی باپیری(گیگسی لیدیا) یان هەبێت.(13) ئەم چیرۆکەش بەم جۆرەیە:
گوایە ئەو شوانی یەکێک لە پاشاکانی لیدیا بووە. ڕۆژێک زریانێک هەڵدەکات و بوومەلەرزەش زەوی شەقدەکات، ئەویش کەڵێنێکی گەورە بۆ خۆی و مەڕەکانی دەدۆزێتەوە و پەنای بۆ دەبات. گەورەیی کەڵێنەکەی بەلاوە سەیردەبێت و بەناویا دەگەڕێت. شتی سەیری تێدا دەدۆزێتەوە. لە هەموویان سەیرتر کونێک بوو لەنێو ئەسپێکی لە برۆنز دروستکراودا. ئەوکونە، وەکو پەنجەرەیەک بوو. کاتێک لەو کونەوە تەماشای ناوەوەی کرد لاشەیەکی گەورەی مردوویەکی بینی، کە بە ڕووتی دانرابوو. بێجگە لە موستیلەیەکی زێڕ لە پەنجەیدا هیچی بە لەشەوە نەبوو. موستیلەکەی لە پەنجە دەرهێناو کەڵێنەکەی بەجێهێشت. مانگی جارێکیش دەبوایە سەبارەت مەڕو مالاتەکە بۆ پاشا بدوایەو مستیلەکەشی لەپەنجە دەکرد. کاتیک لەنێو کەسەکانی دیکەدا لەلای پاشا دادەنیشت[یاری بەمستیلەکە دەکرد] و سەری مستیلەکەی وەردەگێڕا لە بەر چاوی دانیشتوانەکە ووندەبوو [کەس نەیدەتوانی بیبینێت]. کەسانی دەوروبەری باسیاندەکرد بەبێ ئەوەی بزانن لەگەڵیانا دانیشتوە. کاتێکیش مستیلەکەی بە دیوی خۆیدا وەرگێڕانەوە دەبینرا. ئەمەی بەلاوە زۆر سەیربوو. بۆ ئەوەی لەمە دڵنیابێت چەند جارێک تاقیکردەوە. پاش ئەمە بڕیاریدا سیخوڕی بۆ پاشا بکات. لە کۆشکی پاشا توانی ژنی پاشا هەڵفریوێنێ و لەگەڵیا پێکەوە پاشا بکوژن و خۆی بکات بە پاشا. گریمان دوو مستیلەمان هەیە و لە پەنجەی دووکەسدان، یەکێکیان دادوەرو ئەوەی دیکە نادادوەر. ئێستا هەر یەکێک لەم دوانە ئەوەندە پاک نەدەبوو تاکو دادوەری نەکات و خۆی لە ماڵی کەسانی دیکەش دوورخاتەوە لە کاتێکدا دەیتوانی بە ئارەزووی خۆی لەنێو بازاڕ بخوات، خۆی بکات بەماڵانداو سێکس لە گەڵ ئەوانەدا بکات حەزیان لێدەکات، لەنێوا زیندانەکاندا بکوژێ و بە ئارەزووی خۆشی زیندانیەکان بەردات. بەم جۆرە ئەو کارانە بکات، کە لەنێو کۆمەڵدا بچێتە ڕیزی خواوە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەی دەیکات لە کاری نادادوەرەکەوە جیاوازنیە. هەردووکیان یەک ڕێگەیان گرتۆتەبەر. ئەمەش بۆ هەندێک بەڵگەیە بۆ ئەو بۆچوونەی، کە کەس بە ئارەزووی خۆی دادوەرنیە و ناچار دەکرێت. کەس لەو باوەڕەدانیە دادوەری چاک بێت ئەگەر پەیوەندی بە ژیانی تایبەتی تاکەکەسەوە هەبێت، چونکە ئەو تاکە لە هەر شوێنیکدا بیەوێت دادوەری دەکات. هەموو کەسێکیش لەو باوەڕەدایە، کە نادادوەری بۆ ئەو تاکە زۆرتر لەدادوەری سودبەخشترە. ئەوانەی شوێن ئەم بۆچوونە دەکەون لەو باوەڕەدان ئەو کەسە ڕاستە. ئەوەی نەیەوێت نادادوەری بکات و ئەو هەلەشی بۆ هەڵکەوێت دەست لە ماڵ و سامانی کەسانی دیکە نەدات و بەکارێکی خراپی دابنێت، کۆمەڵ لە ترسی ئازار چێژتن بە نادادوەرییەوە ڕێزی لێدەگرێت و بەباشی باسیدەکات.
ئەمە بۆ خاڵی دووەم بەسە.
سەبارەت چۆنیەتی ژیانیشەوە لەوێدا دەتوانین حوکمێکی دروست بدەین، کە دادوەرترین لە

---

(13) ئەفلاتون باسی دامەزرێنەری دەوڵەتی لیدیا دەکات، کە بەشێک بووە لە یۆنانی کۆن و دەکەوێتە ڕۆژئاوای تورکیای ئەمڕۆوە. ئەم دەوڵەتە لە ساڵی 678 پێش زاییندا لەلایەن چەند خێڵێکی کۆچەری جەنگاوەرەوە ڕوخێنراوە. هیرۆدۆتسی هالیکارناسۆس لە پەڕتووکەکەیدا (مێژووەکان) بە درێژی باسیکردوە.(وەرگێڕ)

نادادوەرترین کەس جیابکەینەوە. ئەمەش لەبیرکردنەوەی مندا، جیاوازییەکەیانە. ئێمە هیچ شتێک لە نادادوەری و دادوەری ڕووتناکەینەوە. هەریەکێک لەنێو خۆیدا پڕوتەواوە.
یەکەم، پێوستە بزانین، کە نادادوەر، وەکو کارمەندێکی ژێر هەڵسوکەوت دەکات، بۆنموونە، وەکو باشترین کەشتیەوان یان پزیشک دەزانێت چی بکات و چ شتێک کارەکەی لەوانی دیکە جیادەکاتەوە. ئەگەر هەڵەیەکیش بکات هەوڵی ڕاستکردنەوەی دەدات. لەم ڕووەشەوە هەوڵدانی سەرکەوتوانەی نادادوەرێک پێویستە نەبینرێت ئەگەر ئەوکەسە نادادوەرترین بێت. ئەوەی گیرا بە نەشارەزا دادەنرێت. لەحاڵەتی نادادوەریشدا دەبێت بەبێ ئەوەی دادوەربێت بە دادوەر دابنرێت. نادادوەرە تەواوەکەش دەبێت نادادوەری تەواوی پێبدرێتو هیچی لێڕوتنەکرێتەوە.
پێویستە ڕێگەشی بدرێتێ لەکاتێکدا گەورەترین نادادوەری دەکات هاوکات ناوداریێتی بۆخۆی وەکو گەورەترین دادوەر پەیدابکات. ئەگەر هەڵەیەکی کرد یان خلیسکا دەبێت بتوانێت هەڵەکە ڕاستبکاتەوە. ئەگەر کارێکی نادادوەرانەی ئاشکرابوو دەبێت بتوانێت کەسانی دیکە ڕازی بکات یان هێز بەکاربهێنێت. لەوکاتەشدادەبێت ئازابێت و ئەوەندەش سامان و هاوڕێ ی هەبێت بەکاریان بهێنێت.
پاش گریمانەکەت بۆ ئەو کەسە باسی دادوەرێك دەکەین ، کە سادەو چاکە، وەکو ئەسخیلۆس نایەوێت کەسانی دیکە باسی چاکییەکەی بکەن. (14) پێویستە ناوداریێتی ئەو کەسەش لابەرین چونکە ناوداریێتی بۆ دادوەر ڕێزلێنان و خەڵات دەهێنێتە پێش. لەبەر ئەمە دیارنابێت، کە ئەو کەسە لە پیناوی سەقامگیرکردنی دادوەریدا دادوەرە یان بۆ خەڵات و ڕێزلێنانە. هەرچەندە ئەو نادادوەری ناکات و بۆ ئەمەش ناوداترین کەسە بەڵام پێویستە لە هەموو خەسڵەتەکانی دیکەی ڕووتکەینەوەو بەرانبەر نادادوەرێک دایبنێین. ئەمەش لەبەردەم ئەو ئەزموونەدا ڕایدەگرێت، کە ڕێگەی نادات ناوداریێتی خراپ لە ئاستی دادوەرییدا دڵڕەقی بکات. هەروەها، تاکو ئەو ڕۆژەی دەمرێت با بەم جۆرە بژی و بە درێژایی تەمەنیشی وا بیر لە خۆی بکاتەوە، کە دادوەر نیە.
لێرەدا هەردوولایەنەکە دەگەن بە ئەو پەری دادوەری و نادادوەری. ئێمە دەتوانین بیدۆزینەوە کێ لەم دووانە بەختەوەر ترە.
گلاوکۆن لە وەڵامدا گوتی، هەوڵدەدەم بەم جۆرەی باسمکردن لەبارەی ژیانیانەوە بدوێین.
ئەگەر باسەکەشم کاڵوکرچ بێت، ئەوان مشتومڕەکەیان لەسەر نادادوەرییە. بەدیدی ئەوان دادوەر نابەختەوەرە، بەقامچی لێدەدرێت، لە سەر کومبارێکی زبر بە زنجیر بەستراوەتەوە و چاوەکانیشی بە ئاگر کوێردەکرێن. پاش ئەم ئەشکەنجەدانە لەشی کون دەکرێت. ئەنجا تێدەگات، ئەوانەی دادوەرن توشی چ ناخۆشییەک دەبن و دادوەری ناکات.
بێگومان گوتەکەی ئەسخیلۆس باش جێگەی خۆی دەگرێت. گوایە ئەوانەی پشتگیری نادادوەری دەکەن دەڵێن نادادوەرێکی ڕاستەقینە ژیانی خۆی لە سەر بناخەی ڕاستی شتەکان دادەمەزرێنێت و بەگوێرەی بیروڕای [کەسانی دیکە] ناژی. نایەوێت کەسانی دیکە بە

---

(14) ئەسخیلۆس (524- 400 پ ز) نوسەرێکی شانۆگەری یۆنانی کۆنە، بە دامەزرێنەری شانۆگەری تراجیدی ناسراوە. جەنگی نێوان فارسەکان و یۆنانیەکان، کە لە سەردەمی ئەسخیلۆسدا دەستپێکردوە کاریکردۆتە سەر نووسینەکانی. (وەرگێڕ)

نادادوەرێکی ئاسایی داینێن و هەوڵدەدات بە ڕاستی نادادوەربێت. لەو شوێنەدا شورا هەبێت کەڵێنێکی گەورە لە بیرکردنەوەدا دەدۆزێتەوە. لەبەرناوداریێتی، وەکو دادوەرێک فەرمانڕەوایی شارەکەی دەکات و بەئارەزووی خۆی ژن دەهێنێت و هاوسەر بۆ منداڵەکانی خۆی پەیدادەکات، هاوکارو یاریدەدەر بۆ خۆی دەگرێت. لەم کارانەشدا سود وەردەگرێت، بیر لەبەرژەوەندی خۆی دەکاتەوە چونکە لە ئاکامی زۆرداریییەکەی خۆی ناترسێت و سڵ ناکاتەوە. لە هەردوو لایەنەکانی ژیاندا، ژیانی تایبەتی خۆی و ژیانی گشتی، بیر لە سودوەرگرتن دەکاتەوە و بەسەر دوژمنەکانیا زاڵ دەبێت. خێر بۆ خواکان دەکات و ئاگای لێیان دەبێت. خواکانیش زۆرتر ئاگای لێیاندەبێت. لەبەر ئەمەشە، سوکرات، کە دەوترێت خواکان و خەڵکی باشتر ئاگایان لە ژیانی نادادوەرەو خزمەتی دەکەن.

پاش ئەم گوتەیەی گلاوکۆن حەزمکرد وەڵامی بدەمەوە. ئەدیمەنتۆسی برای هەڵیدایە و گوتی: تۆ بڕواناکەی ئەم بۆچوونە گونجاوبێت؟

منیش گوتم، بۆچی نا؟

بەڵام گرنگترین خاڵ تاکو ئێستا باسنەکراوە.

منیش لە وەڵامدا گوتم، باشە بەگوێرەی گوتەکەی[هۆمیرۆس] دەبێت برا لە پشتت بێت! ئەگەر گلاوکۆن شتێکی لە بیرچووبێت تۆ یارمەتی بدە و بۆی تەواوکە. باسەکە دەمی منی لە ئاستی دادوەرییدا بەستوە.

گوتی، ئەوەی تۆ دەیڵێیت بێ واتایە. من لێرەدا بە تەواوی هەموو لایەنەکانی بەڵگەکەی گلاوکۆنم لەسەر ئەو خاڵە ڕوونکردەوە، کە دەڵێت، دادوەری چاکە و نادادوەریش خراپ. باوکەکان یان ئەوانەی بە تەمەنن بە منداڵەکانیان و ئەوانەی لە خۆیان بچوکترن دەڵێن، کە پێویستە دادوەربیت چونکە ناودەرکردن، وەکو دادوەر بەرەو ئاکامی ئەو بیرۆکەیەت دەبات، کە کەسێک لە دەستگایەکی دەوڵەتدا لەنێو خێزاندا یان ئەو نموونانەی گلاوکۆن هێنانیەوە دادوەرانە هەڵسوکەوت دەکات. لە ڕازیکردنی خواکاندا باسی زۆر شتی چاک دەکات، کە بە دیدی هۆمیرۆس و هزیۆدیش خواکان بە خواناسێکی چاکی دادەنێن. هزیۆد دەڵێت، خوا داربەڕو سەوزدەکات، بەڕو بەسەر لقەکانیەوە گەورە دەبن، لەنێو قەدەکەشیا هەنگ کورە دەکات. هەروەها، خورییەکی زۆریش بە مەڕەکان دەدات. گەلێک شتی چاکی دیکەش بۆ دادوەر دانراوە و لەم بارەیەوە هۆمیرۆس دەڵێت: کاتێک پاشا خوادەناسێت

دادوەری بەرقەرار دەبێت و زەمینی ڕەشیش

گەنم و جۆی بۆ دەگرێت و میوەی درەختەکانیش شۆردەبنەوە.

مەڕەکانی دەزێن و دەریاش پڕ دەبێت لە ماسی.

موسایۆس و کوڕەکەی لەو باوەڕەدان خواکان شتی زۆرتر بە دادوەر دەدەن. (15) لە چیرۆکەکانیاندا دادوەریان لە جیهانی هادیس[بەرزەخ] لەسەر دۆشەکێکی نەرم داناوەو چواردەوری کەسانی چاک و خواناسن و سەبەتە گوڵی بە دیاری دەدەنێ و پێکەوە دەخۆنەوە.

---

(15) موسایۆس خواناس و داهاتوبینێکی نێو ئەفسانەی یۆنانییە. گوایە کوڕی ئۆرفیۆس بوە. هۆنراوەی ئایینی نوسیوە. (وەرگێڕ)

هەندێکی دیکە لەو باوەڕەدان خەڵاتی خواکان زۆرترە و خواناس ڕەگەزەکەی خۆی و منداڵی منداڵی ڕەتدەکات. بەم جۆرە بە باشی باسی دادوەری دەکەن. لە جیهانی بەرزەخدا نادادوەر و بێبڕوا دەسوتێن. زۆریانلێدەکرێت ئاو بە بێژنگ هەڵگرن. لە ژیاندا ناویان دەزڕێت و ئەو ئەشکە نجانەشیان دەدرێت، کە گلاوکۆن بۆ دادوەر باسیکردن. بەم جۆرە بە باشی باسی دادوەری و بە خراپەش باسی نادادوەری دەکرێت. بێجگە لەمەش، سوکرات، بیر لەم بەڵگەیە لەسەر دادوەری و نادادوەری بکەرەوە، کە هەندێک شاعیر و کەسانی دیکە شوێنی دەکەون. هەموو بە یەک دەنگ دەڵێن، دادوەری و مامناوەندێتی دوو شتی چاکن بەڵام دژوار و کارێکی سەختن. هاوکات نادادوەری بەڕەڵایی و ئاسان و خۆشە. تەنیا بە بۆچوونی هەندێک یان لە چەند یاسایەکدا شەرمەزارن. ئەوانەی لەم باوەڕەدان نادادوەری بە سودمەندتر لە دادوەری دادەنێن. ڕێز لە کەسانی دەوڵەمەند و دڕندەش دەگرن. هەرچەندە دەزانن، کە کەسانی لاواز و هەژار چاکن بەڵام بە کەمتر دایاندەنێن.

ئەوەی لەم بۆچوونەدا سەرنجڕاکێشە ئەو خاڵەیە، کە گوایە خواکان بەد بەختی و ژیانی ناخۆش بە کەسانی چاک دەدەن و کەسە خراپەکانیش بەختەوەر دەکەن. پیاوانی ئایینی و پێغەمبەرەکان زوو زوو لە دەرگای ماڵی دەوڵەمەندەکان دەدەن و بانگەشەی ئەوە دەکەن، کە پاڕانەوە و نوشتەکانیان دەستەڵاتی خوایەتیان تێدایە. ئەگەر دەوڵەمەندیک یان باوباپیری ئەو دەوڵەمەندە کارێکی نادادوەرانەی کردبێت بەو نەریتە [ئایینیە] چارەی بۆ دەدۆزنەوە. دەتوانن ڕێگەشی نیشاندەن چۆن بە جادو زیان بە دوژمنەکەی بگەیەنێت. شاعیرەکان باسی ئەمەش دەکەن و ئەم جۆرە مۆسیقایە بە گیتارەکەیان لێدەدەن:

خراپە سامانێکە ئاسان دەستدەکەوێت،
شەقامەکەی ڕێکە و خۆی دێتە سەر ڕێگات،
بەڵام خواکان شیرینیان لە نێوان ئێمە و چاکەدا داناوە.

هەروەها شەقامی[چاکە کردن] درێژ و لێژە و سەختە. هەندێک دەڵێن هۆمیرۆس لەو باوەڕەدابووە مرۆڤ کار بکاتە سەر خواکان چونکە دەڵێت:

نوێژ و بەڵێن و قوربانی
خواکان دەهەژێنن
لە کاتی سەرپێچی و گوناهکردنیشا
خێر و بخورسوتاندن
نەخشەو پیلانەکانیان دەگوڕن. (16)

باسی نوسراوەکانی موسایۆس و ئۆرفیۆس دەکەن.(17) گوایە نەوەکانی سولونە و موساس نەریتی ئاینیان [بۆ ڕازیکردنی خواکان] داناوە.

---

(16) پارچەیەک هۆنراوەی هۆمیرۆسە لە پەرتووکی ئیلیاد وەرگیراوە. (وەرگێڕ)

(17) ئۆرفیۆس یەکێکە لە زانا ئاینییەکانی یۆنانی کۆن و دامەزرێنەری نەریتی ئایینی ئۆرفیۆسی. هەروەها بە باشترین شاعیر و مۆسیقازانی سەردەمی کلاسیکی یۆنان ناسراوە و توانیویەتی داهاتوو ببینێت و جادوش بکات. (وەرگێڕ)

هەموو کەسێکیان گەیاندۆتە ئەو باوەڕەی، کە نەریتە ئاینیەکەیان کاسانی نادادوەر لە گوناهەکانیان پاکدەکەنەوە و لە ئەشکەنجەی ڕۆژی دوایی[قیامەت] دەیانپارێزن و ئازار و ئەشکەنجەی زۆریش بۆ ئەوانەیە، کە خۆیان لە گوناهەکانیان پاکناکەنەوە. سوکرات، ئایا ئەم هەموو باسانە لە بارەی خواکان و چاکە و خراپەوە کارێک دەکەنە سەر ژیانی لاوەکان؟ مەبەستم ئەو کەسانەیە، کە ژیرترن و بە ئاسانی گۆڕانکاری لە بۆچوونەکانیاندا دروستدەکەن و هەوڵدەدەن ڕێگای ژیانیان لەوێوە دیاریبکەن. کەسێکی لاو پرسیاردەکات و دەڵێت: "دەبێت بە دادوەری یان فێڵبازی و خەڵەتاندن بژێوی خۆم مسۆگەر بکەم؟ " لە وەڵامیشدا دەڵێت: " بە گوێرەی گەلێک لە گوتەکان ئەگەر من وەکو دادوەر نەبینرێم دادوەری سودی نیە. ناخۆشی و سزادانی ئەوانەش ئاشکرادیارە، کە دادوەرن. بەڵام دەڵێن ئەو نادادوەرەی بژێوی خۆی مسۆگەر کردووە و بە دادوەریش ناسراوە، وەکو خوا دەژی". لێرەدا، ئەم بۆچوونانە بە سەر ڕاستیدا زاڵدەبن. بڕیار لەسەر چۆنیەتی بەختەوەری دەدەن و زانایەکیش دەڵێت دەبێت ڕوو لەو جۆرە ژیانە بکەم. (18) من دەبێت بە ڕوویەکی چاکی درۆوە ئەوانە هەڵخەڵەتێنم، کە لە دەورمن. ڕێوییە چڵێس و فێڵبازەکەی ئەرخیلۆخۆسیش بشارمەوە. (19)
بەڵام دڵنیابە کەسێکیش هەیە، کە لەو باوەڕەدایە ئاسان نیە خراپە تاکو سەر بشاریتەوە. بە هەر حاڵ، ئەگەر بتەوێت بەختەوەر بیت دەبێت یەکێک لەو ڕێگایانە بگریتە بەر. بۆ ئەوەی بەنهێنیش بمێنیتەوە کۆمەڵە و یانەی ڕامیاری نهێنی دادەمەزرێنین. مامۆستای چاکیش هەن فێری کۆبوونەوە و یاسادانانمان بکەن. کەوابوو، بۆ ڕازیکردنی کەسانی دیکە لە لایەکەوە و زۆرلێکردنیان لە لاکەی دیکەوە بە ئاسانی بەڕێوە دەچێت. چی بۆ خواکان بکەین؟ بێگومان، ناتوانین بە دزییەوە زوڵمیان لێبکەین. ئەگەر خواکان نەبن یان پێویستیان بە مرۆڤ نەبێت بۆچی خۆمانیان پێوە ماندوو بکەین؟ ئەگەر خواکان هەبن و مرۆڤیان بە لاوە گرنگ بێت ئێمە لە ڕێگەی شاعیرەکان و یاسادانەرانەوە هەموو شتێکیان لە بارەوە فێر دەبین. ئەوانیش[مەبەستی شاعیرەکان و یاسادانەکانە] هەر ئەو کەسانەن پێماندەڵێن، خواکان بە قوربانیدان و نوێژکردن دڵخۆش دەبن. دەبێت باوەڕ بەم بۆچوونەشیان بکەین. ئەگەر باوەڕ بکەین[کە دەتوانین خواکان دڵخۆش بکەین] با نادادوەر بین و کەمێکیش لەوەی دەستماندەکەوێت[بۆ خواکان] بکەین بەخێر. خەڵاتی دادوەریش لە وێدایە، کە خواکان سزات نادەن. بەڵام ئەگەر ئێمە نادادوەر بین بەروبومی زوڵمکردنەکەمان و سەرپێچی کردنەکەمان دەستدەکەوێت و خێریش بۆ خواکان دەکەین تاکو دڵیانخۆش بێت و سزامان نەدەن.
ئایا لە جیهانی بەرزەخدا بۆ ئەو تاوانانەی لێرەکردوومانە سزای ئێمە و منداڵی منداڵیشمان نادرێت؟ هاوڕێم، لاوێک بە گوێرەی ئەو شتانەی بیریلێدەکاتەوە هەڵسوکەوتدەکات. لەشارە گەورەکاندا واباوە تەنانەت منداڵەکانی خواکانیش، کە دەبن بە پێغەمبەر و شاعیر ڕایدەگەیەنن " نەریتە شاراوەکانی ئایینەکان، لێبووردنی خواکان، خاوەنی هێز و دەسستەڵاتی گەورەن."
بۆچی ئێمە دادوەری لە جێگەی نادادوەری هەڵبژێرین؟ هەندێک لە سەرچاوە پایەدارەکان لە گەڵ ئەوەدا هاوڕان، کە ئەگەر بە فرۆفێڵ نادادوەرییەکەمان سەقامگیرکرد ڕووی خۆمان دەرنەخەین خواکان و کەسانی دیکەش لەم ژیانە و دوای مردنیش لێمان ڕازی دەبن. لەم بۆچوونەوە، سوکرات پێم بڵێ، چۆن کەسێکی خاوەن

---

(18) لێرەدا ئە و زانایەی گلاوکۆن باسیدەکات سیمۆندیسی شاعیرە.

(19) ئەرخیلۆخۆس (756- 716 پ ز) شاعیرێکی یۆنانییە و لە هۆنراوەکانیا بە زمانی ئاژەڵەکان دەدوێت. (وەرگێڕ)

دەسته‌ڵات ئه‌نجامی دەسته‌ڵاته‌كه‌ی به‌ هۆی زانینه‌وه‌، سامان ، له‌ش یان خێزانه‌وه‌ بێت، كه‌گوێی له‌ ستایشكردنی دادوەری دەبێت پێكه‌نینی نه‌یه‌ت؟ ئه‌گه‌ر كه‌سێك بیسه‌لمێنێت ئه‌م بۆچوونه‌ نادروسته‌ دادوەری- چاكتر نیه‌ و زانیارییه‌كی له‌ باریشی سه‌بارەت دادوەری هه‌یه‌، به‌ دڵێكی گه‌ورەو به‌خشینه‌وه‌ دەڕوانێته‌ نادادوەری. ئه‌و دەزانێت بێجگه‌ له‌وانه‌ی گه‌یشتونه‌ته‌ پله‌ی خوایه‌تی قێز له‌ نادادوەری دەكه‌نه‌وه‌ یان ئه‌وانه‌ی زانیارییه‌كی ته‌واویان له‌بارەوه‌ هه‌یه‌ و خۆیانی لێدەپارێزن. هه‌ندێك دژی نادادوەری ڕادەوەستن. ئه‌م هه‌ڵوێسته‌یان ئاشكرا به‌ نه‌بوونی دەسته‌ڵاته‌كه‌یانه‌وه‌ به‌ستراوە، كه‌ ناتوانن نادادوەرانه‌ به‌كاری بهێنن. هه‌ركه‌سێك له‌وان دەسته‌ڵاتی هه‌بێت، یه‌كه‌م كه‌س دەبێت بۆ سه‌قامگیركردنی نادادوەرییه‌كه‌ی و دەسته‌ڵاته‌ی دەخاته‌گه‌ر. بێجگه‌ له‌م هۆیانه‌ هیچی دیكه‌ هانی من و گلاوكۆنی نه‌دا، كه‌ بڵێین: "سوكرات، ئه‌وانه‌ی له‌ كۆنه‌وه‌، له‌و قارەمانانه‌وه‌، كه‌گوته‌كانیان ماونه‌ته‌وه‌ تاكو زانایانی ئه‌مڕۆ ستایشیان بۆ دادوەری كردووه‌ و[به‌چاكترینی دادەنێن] دژی خودی نادادوەری نه‌دواون، ته‌نیا باسی ئاكامه‌كانیان، وەكو ناوداریێتی، شه‌رەف، خه‌ڵات، كردووه‌، كه‌ خراپن. ته‌نانه‌ت له‌وه‌ نه‌دواون، كه‌ هه‌ریه‌كێك له‌م ئاكامانه‌ چ زیانێكی دەروونی به‌و كه‌سه‌ نادادوەره‌ دەگه‌یه‌نێت. شیعرەكان و گوته‌كانیان ڕوونیان نه‌كردۆته‌وه‌ یان خراپی نادادوەری بۆ دەرونی نادادوەرەكه‌ ناسه‌لمێنن. باسی ناكه‌ن چۆن دادوەری چاكتره‌. ئه‌گه‌ر تۆ ئه‌م كێشه‌یه‌ت بۆ ئێمه‌ ڕوونبكردایه‌ته‌وه‌ و بتسه‌لماندایه‌[كه‌ دادوەری ئاكامێكی ناله‌باری به‌ سه‌ر دەروونی تاكه‌وه‌ هه‌یه‌] ئێمه‌ش له‌ ئاستی نادادوەرییه‌كدا خۆمان نه‌دەپاراست. دەمانتوانی ببین به‌ پاسه‌وانی [دەروونی] خۆمان و له‌و خراپه‌یه‌ دووردەكه‌وتینه‌وه‌. تراسیماكۆس، یان كه‌سێكی دیكه‌، دەتوانێت هه‌مان بۆچوونی ئێمه‌یان هه‌بێت. ئه‌ی سوكرات، دەشێت زۆرتریش له‌سه‌ر كێشه‌كه‌ بڕۆن. باسی دادوەری و نادادوەری بكه‌ن، به‌ڵام من دەمه‌وێت ڕەتدانه‌وەكه‌ی تۆ ببیستم بۆیه‌ هه‌موو ته‌وانای خۆم كۆدەكه‌مه‌وه‌ و له‌ گه‌ڵتا دەدوێم. له‌به‌ر ئه‌مه‌ به‌بێ سه‌لماندن دادوەری له‌ نادادوەری به‌چاكتر دامه‌نێ. دەمه‌وێت ڕوونیبكه‌یته‌وه‌ هه‌ر یه‌كێك له‌و دووانه‌، چ كاریگه‌رێتیه‌كی به‌ سه‌ر دەروونی بكه‌رەكه‌یه‌وه‌ هه‌یه‌، كه‌ دادوەری به‌ چاكه‌ و نادادوەری به‌ خراپه‌ دەردەخات؟ ئه‌گه‌ر شوێن پێشنیارەكه‌ی گلاوكۆن بكه‌ویت و ناوداریێتی ساخته‌ به‌ دادوەری و نادادوەرییه‌وه‌ بچه‌سپێنیت، ئێمه‌ هاندەدەیت به‌ نهێنی كاری نادادوەرانه‌ بكه‌ین. له‌م حاڵه‌ته‌دا بۆچوونه‌كه‌ت له‌وەی تراسیماكۆس جیاناكه‌ینه‌وه‌ و دادوەری دەبێت به‌ سود و قازانجی ئه‌وانه‌ی به‌هێزترن. نادادوەریش سودگه‌یاندنه‌ به‌ خودی بكه‌رەكه‌ نه‌ك كه‌سانی لاوازتر.

تۆ له‌سه‌ر ئه‌وخاڵه‌ ڕێدەكه‌ویت، كه‌ دادوەری یه‌كێكه‌ له‌چاكترین كردەوە. یه‌كێكه‌ له‌و كردەوانه‌ی ئاكامی چاكیان لێدەردەچێت. ئێمه‌ له‌به‌ر ئاكامه‌كه‌یان و هاوكات له‌به‌ر ئه‌وەش دەمانه‌وێت، كه‌ شتێكه‌ له‌ خودی خۆیدا چاكه‌. بۆنموونه‌، ببینین، ببیستین، فیربوون یان ته‌ندروستی باش، ئه‌مانه‌ ئه‌و شته‌ چاكانه‌ن، كه‌ ته‌نیا له‌به‌ر به‌روبووم و ئاكامه‌كانیان به‌چاكیان دانانێین، به‌ڵكو خۆشیان چاكن. دادوەریش بخه‌رە ڕیزی ئه‌م چاكه‌نه‌وه‌ و خودی دادوەری و ئاكامه‌كه‌شی بۆ بكه‌رەكه‌ی چاكه‌، نادادوەریش زیان به‌خشه‌. تۆ لێرەدا بیر له‌ موچه‌ وناوداریێتی مه‌كه‌وە.
ئه‌گه‌ر كه‌سێكی دیكه‌ ستایش بۆ دادوەری بكات و ڕەخنه‌ له‌ نادادوەری بگرێت، بڵێ یه‌كه‌میان موچه‌ی به‌رز و دووەمیان زیانی لێوەدەردەچێت ڕازی دەبم. به‌ڵام داوای سه‌ لماندنی بۆچوونه‌كه‌ له‌ تۆ دەكه‌م چونكه‌ هه‌موو ژیانت بۆ توێژینه‌وە ته‌رخان كردوە. كه‌وابوو، به‌بێ سه‌لماندنی باسه‌كه‌ له‌سه‌ر چاكه‌ی دادوەری و خراپه‌ی

ناداوەری جێ مەهێڵە. کاریگەرێتی هەریەکێک لەوان بەسەر دەروونی بکەرەکەوە باسبکە. گرنگیش نیە بکەرەکەی بە دزی خواکان و کەسانی دیکەوە بەوکارە هەڵدەسێت یان نا.

من گوتەکانی گلاوکۆن و ئەدیمەنتۆسم پەسەند دەکرد. لەم مشتومڕەدا زۆرتر دڵیان خۆشکردم و گوتم: ئێوە منداڵی باوکێکی مەزنن. گلاوکۆنیش بۆ ستایشکردنی ئازایەتیە کەی لە جەنگی میگارادا نواندی نووسی،

کوڕەکانی (ئەریستۆن) نەوەی ئەو مرۆڤە ناودارەن،

کە لەخوا دەچێت.

بەدیدی من، ئەمە جوان بۆی چووە. لایەنێکی پیرۆزی پێداون تاکو ڕازی نەبن بەوەی نادادوەری لە دادوەری چاکتر دابنێن و بە ناوی ئەویشەوە بەشداری گفتوگۆکە بکەن. دڵنیام لەوەی لە باسەکەی خۆشتاندا بە ئەنجام نەگەیشتون. ئەمەش لە شێوازی ژیانتاندا دەردەکەوێت. چەند باوەڕتان پێبکەم ئەوەندەش سەرم لێدەشێوێ لەوەی بزانم چی بکەم. نازانم چۆن یارمەتیتان بدەم. بێگومان ناتوانم یارمەتیتان بدەم. ئەمەش بەڵگەکەیەتی. من لەو باوەڕەدابووم گفتووگۆکەم لە گەڵ تراسیماکۆسدا ئەوەی ئاشکراکرد، کە دادوەری لە نادادوەری چاکترە. بەڵام ئێوە ڕازی نین. لەلایەکی دیکەوە، ناتوانم داوای یارمەتی نەکەم. دەترسم بۆ کەسێک تاکو ئەوساتەی هەناسەدەدات، تەوانای قسەکردنی هەیە بێ دەستەڵات دانیشێ و بەرگری لەدادوەری نەکات ئیماندارانە نەبێت، لەکاتێکدا دادوەری سزادەدرێت. لەبەر ئەمە من فریای دادوەری دەکەوم.

گلاوکۆن و ئەوانی دیکەش داوایان لێکردم لە باسەکەمدا بەردەوام بم. واتای دادوەری و نادادوەرییان بە ئاشکرا بۆ باسبکەم، ڕاستی و سودی هەریەکێکیش لەوان بخەمە ڕوو. منیش ئەوەی لە بیرمدابوو باسم کرد: لێکۆڵینەوەکەمان کارێکی ئاسان نیە. پێویستی بە ڕوانینی دوور هەیە. کەوابوو، مادامەکی ئێمە کەسانی ژیرنین دەبێت ڕێچکەیەک بۆ لێکۆڵینەوەکە دیاریبکەین. ئەگەر[ڕوانینمان باش نەبێت] و داوامان لێبکرێت لە دوورەوە چەند پیتێکی بچوک بخوێنینەوە دوایی دەردەکەوێت ئێمە هەمان پیتمان بە گەورەیی لە شوێنی دیکەدا بینیوە. بە بڕوای من، لەم حاڵەتەدا، باشترە لە پێشدا پیتەگەورەکان ببینین، دوایی داوامان لێبکرێت پیتە بچوکەکان بخوێنینەوە.

ئەدیمەنتۆس گوتی، ئەمە ڕاستە. بەڵام ئەم نموونەیە چ پەیوەندییەکی بە باسەکەمانەوە لەسەر دادوەری هەیە؟

ئێستا باسیدکەم. ئێمە باسی دادوەری تاکە کەس و دادوەری شارمان نەکرد؟

شار لە تاکە کەس گەورەترە؟

بەڵێ گەورەترە.

هەڵبەتە شتێکی گەورە زۆرتر دادوەری تێدایە و باشتر دەتوانین لە بارەیەوە فێربین. ئەگەر بتەوێت لەپێشدا هەوڵدەدەین لەواتای دادوەری لە شارێکدا تێبگەین و ئەوسا باسی دادوەری تاکەکەس دەکەین و لێکچونەکانیان ڕووندەکەینەوە.

بەدیدی من ئەمە کارێکی باشە.

ئەگەر بڕوانینە شێوەی دامەزراندنی شارێک ، ئایا سەرهەڵدانی دادوەری و نادادوەرییەکەشی نابینین؟

لەوانەیە وابێت.

کاتێک پرۆسەکە تەواو دەبێت ئومێدیشمان بۆ دۆزینەوەی ئەوەی بەدواییدا دەگەراین سەرهەڵدەدات و

ئاسانتر دەبێت؟
بێگومان.

دەست بە لێکۆڵینەوەکەمان بکەین؟ چونکە بە دیدی من کارێکی ئاسان نیە. تۆ جارێکی دیکە بیری لێبکەرەوە.
ئەدیمەنتۆس گوتی، بیرمان لێکردۆتەوە پێویست بە بیرکردنەوەی زۆرتر ناکات.
من لەو باوەڕەدام شارێک لەبەر ئەوە دادەمەزرێت چونکە کەس لە ئێمە خۆبژێو نیە و[بەتەنیا ناتوانێت بژی].
پێویستمان بە زۆرشت هەیە. ئایا لەو باوەڕەدای هۆیەکی دیکە بۆ دامەزراندنی شارێک هەبێت؟
نەخێر.
لەبەر ئەوە تاکەکان پێویستیان بە یەکدی هەیە. لە شوێنێکدا کۆدەبنەوە و پێکەوە دەژین، دەبن بە هاوسەر و یاریدەدەری یەکدی. ئەو شوێنە بە شار ناوزەد دەکرێت. وانیە؟
بەڵێ، وایە.
لەو باوەڕەشدان ئاڵوگۆڕکردنی شتەکانیان لە گەڵ یەکدیدا کارێکی چاکە؟
ڕاستە.
وەرە، با شارێک لە نێو بیرماندا دروستبکەین، کە لەسەر پێویستیەکانمان دایمەزرێنین.
باشە.
دڵنیام، کە یەکەم و گەورەترین پێویستی بۆ بەردەوامبوونی ژیان خۆراکە.
بەدڵنیاییەوە.
دووەم پێویستی خانوو، سێیەم جل وبەرگە.
ڕاستە.
چۆن شارێک ئەم پێویستیانە ئامادە دەکات؟ ئایا پێویست ناکات کەسێک ببێت بە جوتیار و ئەوی دیکە بە وەستای خانو و کەسێکی دیکەش تەونکەر؟ ئایا پێویستیمان بە پینەچی و پزیشکیش نابێت؟
باشە.
کەوابوو، چوار پێنج کەس بەلای کەمەوە بۆ دامەزراندنی شارێک پێویستە.

وا دیارە.

لەبارەی ئەمەوە چی دەڵێیت؟ نابێت هەر یەکێک لەم کەسانە کارەکەی بۆ هەمووان بێت؟ بۆنموونە، کشتوکاڵی جوتیار بۆ هەموو کەسێک نیە، کە لەساڵێکدا چوارجار خۆراک دەهێنێتە بەرهەم؟ یان وەرزێک خەریکی کشتوکاڵە و سێ وەرزەکەی دیکە بۆ کاری جۆراوجۆر تەرخان دەکات؟ وەرزێک بۆ خانوسازی و وەرزێکی دیکە بۆ پێڵاو دروستکردن و وەرزی چوارەمیش بۆجل و بەرگ دوورین دادەنێت؟ خۆی بە کەسەکانی دیکەوە[وەکو وەستای خانوو، پینەچی و تەونکەرەوە] نابەستێتەوە؟

ئەدیمەنتۆس لە وەڵامدا گوتی: بێگومان سوکرات شێوەی یەکەمی ژیان، کە باست کرد لەم شێوەیە ئاسانترە. شتێکی سەیریش نیە، کە بڵێم، ئێمە وەکو یەک پەیدانەبووین و لەیەکدی ناچین. هەر یەکێک لە ئێمە بە سروشت لەوی دیکە جیاوازە. هەر تاکێک بۆکارێکی تایبەت دانراوە. ئایا وانیە؟

بەڵێ، منیش لەو باوەڕەدام.
دووەم، لەو باوەرەدانیت، کە تاکێک باشتر بە کارەکەی هەڵدەستێت ئەگەر خۆی بە جۆریک لەپیشەکانەوە ماندووبکات و هەمووجۆرە کارێک نەکات؟
باشترە یەک جۆرکاری هەبێت. ئاشکراشە و بەدیدی منیش ئەگەر کەسێک لە کاتی خۆیدا کارەکە نە کات کارەکە دەشێوێت.
بەڵێ وایە.
چونکە ئەو شتەی پێویستە بهێنرێتە بەرهەم چاوەڕێی کات و حەسانەوەی بەرهەمهینەرەکە ناکات.
بەرهەمهێنەرەکە دەبێت بەگوێرەی پێویستیەکەی مامەڵە لەگەڵ پیشەکەیدا بکات و نەیخاتە ڕیزی دووەمی کارەکانیەوە.
بەڵێ، پیویستە.
کەوابوو، هەر کەسێک بەگوێرەی سروشتی خۆی بە کارەکە هەستێت و لە کاتی خۆیدا کارەکەش بکات و بێجگە لەوەش کارێکی دیکەی پێنەدرێت ئەوا بەرهەمی چاک و زۆریش بۆ هەموو کەسێک ئامادەدەکات.
بەتەواوی دروستە.
کەوابوو، ئەدیمەنتۆس، لە شارەکەدا پێویستمان بە چوارکەس زۆرتر هەیە. جوتیار هەوجاڕ و تەشو یان ئامێرەکانی خۆی دروستناکات. دروستیشی بکات چاک نابێت. ئایا وەستای خانوەکە، پینەچی و تەونکەرەکە، پێویستیان بەزۆرشتی دیکە نیە؟

بەڵێ، پێویستیان هەیە.
لێرەدا، دارتاش ، ئاسنگەر و زۆر پیشەی دیکەش دێنە نێو شارەکەوە و گەورەی دەکەن.
ڕاستە.
هێشتا شارەکەمان زۆر گەورە نابێت ئەگەر ڕێگەبدەین، شوان، گاوان و خاوەن مێگەل بێنە نێوشارەکەوە.
مانگاکان یاریدەی جوتیارەکان بۆ هەوجاڕ ڕاکێشان و گاکانیش بۆگواستنەوەی کەلوپەلی خانوسازی بۆ وەستای خانوەکان دە دەن و خوری و پێستی مەڕەکانیش پینەچی و تەونکەر سودی لێوەرگرن.
ئەگەر ئەم هەمووە بێنە نێو شارەکە گەورە دەبێت.

لەسەرو ئەمەشەوە شار لەشوێنێکدا دانامەزرێت ڕێگەی هێنانە ژوورەوەی هیچی نەبێت.
بەدڵنیاییەوە.

کەوابوو، کەسانی دیکەشمان دەوێت لە شارەکانی دیکەوە کەلوپەلی پێویست بهێنن.

بەڵێ.
ئەگەر ئەویش لەگەڵ خۆیدا کەلوپەل بۆ ئەو شارە نەبات، کە پێویستیەکانی لێوە دەهێنێت بەدەستی بەتاڵ دەگەڕێتەوە. وا نیە؟
لەوانەیە.
کەوابوو، دانیشتوانی شارەکەی ئێمە دەبێت بەتەنیا بۆ پێویستی خۆیان بەرهەمیان نەبێت. کەلوپەلی باش و زۆر بۆ شارەکانی دیکەش بنێرن.

پێویستە.
لێرەدا پێویستە جوتیار و پیشەسازی زۆرترمان هەبێت.
بەڵێ.
هەندێکیش سەرپەرشتی ناردن و بردنی کەلوپەلەکان بۆشارەکانی دیکە دەکەن و بە بازرگان ناوزەدیان دەکەین.
بەڵێ.
کەوابوو، پێویستمان بە بازرگانە.
بەدڵنیاییەوە.
ئەگەر کەلوپەلەکان بە کەشتی بنێرین پێویستمان بە کەشتیەوانیشە.
بەدڵنیاییەوە.
چۆن دانیشتوانی شارەکە پێکەوە کەلوپەلەکان بەکاردەهێنن؟

ئاشکرایە، لەڕێگەی کڕین و فرۆشتنەوە ئەم کارەدەکەن.
کەوابوو، پیویستیمان بە پارە و بازاڕیش هەیە.
بەدڵنیاییەوە.
ئەگەر جوتیارێک یان پیشەسازێک لەکاتی خۆیدا بەرهەمەکەی بۆ گۆڕینەوە نەخستە بازاڕەوە دەبێت دانیشێت و هیچ نەکات؟
نەخێر، نابی وابێت. کەسانێک دەبێت هەبن سەرپەرشتی ئەم کێشەیە بکەن. لە شاری باشدا ئەم کەسانە لاوازەکانن و کاری دیکەیان بۆ ناکرێت. لەنێو بازاڕ دادەنیشن کەلوپەلەکان بە پارە دەکڕن و دەیفرۆشنەوە. بۆ ئەم مەبەستە پێویستیمان بە دوکاندار هەیە. ئەوکەسانەی کەلوپەل لەشارێکەوە بۆشارێکی دیکە دەبەن بازرگانن.

ئەمە ڕاستە.
کەسانی دیکەش هەن بەگوێرەی تەوانای بیرکردنەوەیان لەنێو شارەکەمان جێگەیان نابێتەوە، بەڵام دەتوانین سود لە بەهێزی لەشیان وەرگرین و کاربکەن. ئەم جۆرەکەسانە هێزی لەشیان بەرانبەر موچە دەگۆڕنەوە، بەموچەخۆر ناوزەدیان دەکەین. وا نیە؟

بێگومان.
موچەخۆر شارەکەمان پردەکەن؟
وابزانم وایە.
باشە، ئەدیمەنتۆس شارەکەمان لێرەدا تەواوە؟
هەڵبەتە.
ئایا لەگەڵ ئەم شتانەی باسمانکردن دادوەری و نادادوەری چۆن دەبینرێن؟

سوکرات من نازانم. لەوانەیە جۆرێک بێت لە پێویستی لەنێوان ئەوانەدا ئامازەمان بۆکردن.
لەوانەیە بۆچوونەکەت دروست بێت، بەڵام با بەوردی لێیبکۆڵینەوە و خۆمان بەماندوو دەرنەخەین.

یەکەم، بابزانین هاووڵاتیان لە شارەکەمان بەو جۆرەی باسمانکردن چۆن دەژین. ئەوان نان، شەراب، جل و بەرگ و پێڵاو بەرهەم دەهێنن. وا نیە؟ خانوو دروستدەکەن، بە گەرمای هاوینیش بە ڕووتی و پای پەتی کاردەکەن، بە زستانیش خۆیان دەپێچنەوە. بۆ خواردنیش هەویر دەشێلن و لە گەنم و جۆ ئەو خواردنە دروستدەکەن، کە دەیانەوێت. نان و کێک لەسەر گەڵا و سەبەتەی قامیش دادەنێن. لەسەر جێگا پاڵدەدەنەوە و سەوزە دەخەنە بەردەمیان و دەخۆن و دەخۆنەوە، لەگەڵ منداڵەکانیان کاتێکی خۆش دەگوزەرینن، سەبەتەگوڵیش بۆ ڕێزلێنان لە خواکان دەڕازێننەوە. لەگەڵ یەکدیدا ڕادەبوێرن و جوت دەبن. بەڵام بەگوێرەی توانایان منداڵ دروستدەکەن. لە هەژاری و جەنگیش دووردەکەونەوە.

گلاوکۆن هەڵیدایەو گوتی: وادەردەکەوێت تۆ هاووڵاتیەکان لە جەژنی خۆشی و ناسکی بێبەش دەکەیت.

تاکوڕادەیەک ڕاستە. لەبیرم چوو، کە پێویستیان بەخوێ، زەیتون، پەنیر و سەوزەی کوڵاو هە یە لەگەڵ خواردنەکەیاندا داینێن. هەروەها شیرینیشیان بۆ دادەنێن، کە لە هەنجیر، نۆک و لۆبیا دروستکراوە و بەڕووش دەبرژێنن و لەخواردنەوەشدا زیادە ڕۆیی ناکەن. بە خۆشی دەژین و تەندروستیان باشە. پاش مردنیان میراتێکی باش بۆ نەوەکانیان جێدهێڵێن.

گلاوکۆن وەڵامی دایەوە و گوتی: سوکرات ئەگەر شارێک بۆ بەراز دروستبکەین، بەم جۆرە بخۆن قەڵەو نابن؟

منیش گوتم، باشە گلاوکۆن چۆن خواردن بە هاووڵاتیان بدەین؟

بەڕێگەی ئاسایی. ئەگەر ڕەنجدەر نەبن دەبێت لەجێگەی نەرم درێژبن و لەسەر مێز نان بخۆن و شیرینیشیان بخرێتە بەردەم. کەسانی ئەمڕۆ وادەژین.

باشە، من تێدەگەم. ئەم خاڵانەی ئاماژەمان بۆکردن لە بنچینەکانی ئەو شارە ناچن ئێمە دەمانەوێت. زیاتر لە بنچینەکانی شارێکی پڕ لە حەسانەوە و خۆشی دەچن. خراپیش نیە لەم بەراوردکردنەوە هەوڵبدەین لە واتاکانی دادوەری و نادادوەری لە شارەکاندا بکۆڵینەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، بەدیدی من، شاری ڕاست ئەوەیە، کە ئێمە باسمانکرد. بەڵام با لەو شارە بدوێین، کە توشی گەرمەتا بووە. ئەگەر ئەوە مەبەستی تۆ بێت هیچ هێزێک ڕامانناگرێت. وادیارە ئەو خاڵانەی ئاماژەم بۆکردن جۆری ئەو ژیانەی باسمکرد هەموومان لەسەریان هاو ڕانین. جێگەی نەرم و مێز و کەلوپەلی دیکەش دەبێت بخرێتە سەرشتەکان. بێگومان هەموو جۆرە خۆشی و ناسکیەک، ڕۆنی بۆندار، بخورد، کولیچە و ئافرەتی لەش فرۆشیش ڕیزدەکەین. تەنیا پێویستیەکانیان، وەکو خانو، جل، بەرگ و پێڵاو بۆ ئامادە ناکەین. تابلۆ، قوماشی چنراو، زێڕ و دانی فیلیشیان دەخەینە بەردەست. وا نیە؟

بەڵێ.

کەوابوو، پێویستە بیر لە چاکی شارەکەمان نەکەینەوە و گەورەتر دروستی بکەین. شارەکە بەرفراوانتر بکەین و پڕی کەین لەو شتانەی پێویستیمان پێیان نیە، وەکو ڕاوچیەکان، هونەرمەندان و لاسایی کەرەوەکان، بۆنموونە، کە زۆریان لەگەڵ شێوە، ڕەنگ و مۆسیقادا خەریکن. هەروەها، شاعیرەکان و یاریدەدەرەکانیان، ئەکتەرەکان، گۆرانی بێژ و سەماکەران، هەموو ئەو پیشەسازانەی هەن و تەنانەت ئەوانەی خشڵ بۆ ژنان دروستدەکەن. لەگەڵ ئەوەشا پێویستیمان بە خزمەتکاری زۆرتردەبێت. لەو باوەڕەدانیت پێویستیمان بە وانەبێژ ، برینپێچ و منداڵ بەخێو کەر، ئارایش کەر، سەرتاش ، چێشتلێنەر و شوانی بەرازیش بێت؟ لە شارەکەی پێشودا پێویستیمان بەم جۆرە کەسانە نەبوو. بەڵام بۆ ئەم شارە پێویستن. ئەگەر هاووڵاتیان گۆشتخۆربن دەبێت مەڕو ماڵاتی زۆرترمان هەبێت.

هەڵبەتە.

ئەگەر بەوجۆرە بژین لە جاران زۆرتر پیویستمان بە پزیشک دەبێت؟
زۆرتر پێویستمان بە پزیشک دەبێت.
ئەو زەوییەی جاران بۆ کشتوکاڵ هەمانبوو ئێستا بچوک دیارە و بەش ناکات. وا نیە؟
وایە.

لەبەر ئەمهئەگەر بمانەوێت لەوەڕگە و زەوی زۆرترمان بۆ کێڵان هەبێت دەبێت زەوی دراوسێکانمان داگیربکەین؟
دەبێت ئەم کارە بکەین.
کەوابوو، گلاوکۆن لە هەنگاوی دووەمدا خۆمان بۆ جەنگ ئامادە دەکەین. وا نیە؟
بەڵێ، وایە.
من لێرەدا باسی چاکە و خراپی جەنگ ناکەم، بەڵام سەرچاوەکەیمان بۆ دەردەکەوێت. لەو ویست و حەزانەوە سەرهەڵدەدات، کە هەمانکات سەرچاوەی خراپترین ڕووداون لەشارەکاندا.
ئەمە ڕاستە.
دەبێت شارەکە بە ژمارەی دانیشتوانی گەورەتر نەبێت، بەڵکو لەشکری گەورەی پێویستە، تاکو بەرگری لە شارەکە بکات و سامانەکەی بپارێزێت.
بۆچی هاوڵاتیانی شارەکە بەوکارە هەڵناسن؟
چونکە لەپێشتر لەسەر ئەو خاڵە ڕێکەوتین، کە هەر کەسە لەشارەکە پیشەی خۆی هەیە و دەیەوێت کاری خۆی بکات.

بەڵێ ئەوە ڕاستە.
باشە، تۆ جەنگسازی بە پیشە دانانێیت؟
بەڵێ، پیشەیە.
دەبێت، بایەخ بە پیشەی پینەچێتی لە جەنگسازی زۆرتر بدەین؟
نەخێر.
بەڵام، ئێمە ڕێگەمان نەدا پینەچی ببێت بە جوتیار و تەونکەر یان وەستای خانو. هاوکات لەسەر ئەوە ڕێکەوتین، کە بۆ ئەوەی لە کارکردن و پیشەکەیدا سەرکەوتووبێت پینەچی دەبێت لەسەر پیشەکەی خۆی بمێنێتەوە. بەهەمان شێوە پیشەسازەکان بە باشی بەو جۆرەمامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت. ئایا گرنگە جەنگسازی بە باشی بەڕێوەبچێت؟ ئایا جەنگ کارێکی ئەوەندە ئاسانە جوتیار و پینەچی و کارمەندەکانی دیکە بکەین بە سەرباز؟ کەسێک لە منداڵیەوە یاری دامەی نەکردبێت و فێر نەبووبێت یاریزانێکی چاکی لێدەرناچێت. ئایا هەموو کەسێک دەتوانێت لەپڕا شمشێر و قەڵغان یان چەکێکی دیکە هەڵگرێ و بچێتە نێو جەنگەوە؟ هیچ چەکێک، کەسەکە ناکات بە جەنگاوەرێکی ئازا ئەگەر نەزانێک چەک بەکاربهێنێت و مەشقی نەکردبێت.
بێگومان، ئەگەر هەڵگرتنی ئامێرێک کەسەکە بکات بە لێزان ئامێرەکان زۆر بە بایەخ دادەنران.
لەبەر ئەوەی پیشەی پاسەوان[سەربازەکان] گرنگە دەبێت کاری دیکەیان نەدرێتێ.
بەبۆچوونی من، دەبێت وابێت.
ئایا ئەم پیشەیەش کەسێکی پێویست نیە، کە لەگەڵ سروشتیا ڕێکدەکەوێت؟

بێگومان.
کەوابوو، کاری ئێمە هەڵبژاردنی ئەو کەسانەیە بۆ پاراستنی شارەکە بگونجێن.

بەڵێ وایە.
بەخوا ئەمە کارێکی بێنرخ نیە و دەبێت لێی پاشگەز نەبینەوە.
دەبێت، پاش گەز نەبینەوە.

لەو باوەڕەدای، کە باسی پاسەوانی دەکەین جیاوازی لەنێوان لاوێکی ئازا و سەگێکی بە ڕەگەز دڕ بۆ پاسەوانی هەبێت؟
مەبەستت چیە؟
هەر یەکێک لەوان بۆ گرتنی نێچیرەکەی پێویستی بە هەستکردنی تیژ و خێراییە لەشەڕکردندا.

هەردووکیان پێویستیان بەو شتانە هەیە.
پێویستە لەجەنگدا ئازابن.
هەڵبەتە.
ئایا سەگ، ئەسپ یان ئاژەڵێکی دیکە ئەگەر ئازایی و جەنگاوەری لە سروشتیدا نەبێت ئازایانە شەڕدەکات؟
نەتبینیوە، چۆن کەسێکی نەبەز خاوەنی گیانێکی نەترسە؟
بینیومە.
کەوابوو، خەسڵەتەکانی لەشی پاسەوانەکانت لائاشکرایە.
بەڵێ.
هەروەها، لەڕووی دەروونیشەوە دەبێت ورەی بەرزیان هەبێت.
ئەوەش وایە.
گلاوکۆن، ئەگەر ئەوان بە سروشت ئازاو شەڕەنگێزبن، ئایا بۆ خۆیان و هاووڵاتیانیش دڕندە نین؟
بەخوا، دڕندە دەبن.
دەبێت لەگەڵ هاووڵاتیان نەرم و بەرانبەر دوژمنیش ڕەق بن. ئەگەر وا نەبێت چاوەڕوانی دوژمن ناکەن شارەکە وێران بکات خۆیان دەیڕوخێنن.
ئەوە ڕاستە.
پێویستە چی بکەین؟ لە کوێ ئەو خەسڵەتە پەیدا بکەین، کە نەرمی و ورەی بەرزیشی هەمانکات تێدایە؟
سروشتی نەرم بەپێچەوانەی ورەی بەرزەوەیە.
وا دیارە.
کەسێک ئەو دوولایەنەی تێدا کۆنەبێتەوە پاسەوانێکی چاکی لێدەرناچێت. بەستنەوەی ئەو دوولایەنەش پیکەوە لە کارێکی مەحاڵ دەچێت. وادەردەکەوێت پاسەوانی چاک پەیدا نەکرێت.
وادیارە .
ڕێگەچارەیەک نادۆزمەوە. بەڵام ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ باسەکەی پێشومان و بە وردی سەرنجی بدەین بە تایبەتی لەوێدا، کە گوتم: ئێمە شایەنی چەقینمان هەیە چونکە لە ئاستی پێشخستنی بەراوردکردنەکەمان نازانین بڕوانینە کوێ.

چۆن؟
ئێمە چاومان لەو خاڵە پۆشی، کە جۆرە سروشتێک هەیە ئەو دوو خەسڵەتەی هەڵگرتبێت.
لەکوێدایە؟
تۆ لە سروشتی ئاژەڵەکاندا دەیبینیت. بە تایبەتی ئەو ئاژەڵەی لەگەڵ پاسەواندا بەراوردمان کرد. سەگێکی درو فێرکراو ئەو سروشتەی هەیە. لەگەڵ ئەوانە ی دەیانناسێت نەرمەو لەگەڵ بێگانەکانیشدا ڕەقە.
من ئەوە دەزانم.
کەوابوو، دەتوانین لەشتێکدا ئەو دووخەسڵەتە کۆبکەینەوە. گەڕان بەدوای پاسەوانێکی چاکیشدا مەحاڵ نیە.

وادیارە مەحاڵ نەبێت.
تۆ لەو باوەڕەدایت ئەو پاسەوانانەی بۆ پاراستنی شارەکەمان دەمانەوێن لەلایەکەوە ورەیان بەرز و لەلایەکی دیکەشەوە سروشتێکی فەلسەفیان هەبێت؟

مەبەستت چیە؟ من تێناگەم.
تۆ شتێک لە سەگدا دەبینیت، کە لە ئاستی ئاژەڵدا بە سەرسوڕماوی ڕاتدەگرێت.
ئەوە چیە؟
کاتێک سەگ بێگانەیەک دەبینێت دەوەڕێت. بەڵام، کە ناسیاوێک دەبینێت، ئەگەر ئەو ناسیاوە هیچیش بە سەگەکە نەدات، سەگەکە پێی ناوەڕێت. ئەمە جێگەی سەرسوڕمان نیە؟

سەرنجی ئەوەم نەداوە، بەڵام سەگ بەوجۆرەیە.
دڵنیام ئەمە خەسڵەتێکی چاکە لە سەگدا و بەڕاستیش فەلسەفیانەیە.

لە چ ڕوویەکەوە فەلسەفیانەیە؟
چونکە بەگوێرەی ناسینەوەی ئەو کەسە حوکمدەدات. ئەمەش حەزە بۆ فێربوون. ئایا ئەوەی دەیناسێ و نایناسێ لەسەر زانین و نەزانینی ڕاناوەستێت؟

بەڵێ.
حەز بۆ فیربوون، وەکو فەلسەفە یان خۆشەویستی بۆ زانین نیە؟
بەڵێ وەکو ئەوە.
ئایا دەتوانین بڵێین ئەو مرۆڤەی لەگەڵ ناسیاوەکانیدا نەرمە حەزی لە فێربوو نە و خۆشەویستی زانینە؟
دەتوانین.
کەوابوو خەسڵەتەکانی، وەکو فەلسەفە، ورەی بەرز، خێرایی و هێز، دەبێت لەو کەسەداهەبن، کە دەبێت بە پاسەوانێکی شارەکەمان.

بەتەواوی وایە.
ئەمانە خەسڵەتەکانن. چۆن پاسەوانەکە فێربکەین؟ ئایا ئەم پرسیارە لە دادوەری و نادادوەری نزیکمان ناکاتەوە؟ پێویستە باسەکەمان لەباربێت و لەوەش زۆرتر دوای نەخەین.

ئەدیمەنتۆسی برای گلاوکۆن گوتی: لەوباوەڕەدام ئەم باسە بە مەبەستی خۆمانمان دەگەیەنێت.
منیش گوتم: بۆ خوا ئەی ئەدیمەنتۆس، باخۆمانی لێنەدزینەوە و باسیبکەین. گرنگ نیە چەند دەخایەنێت.
نا، دوایناخەین.
وەرە، با بیربکەینەوە چۆن ئەو کەسانە فێربکەین.
باشە.
چی فێردەبن؟ شتێکی چاکتر لە پەروەردەی لەش ، مۆسیقا و شیعریش بۆ دەروون پەیدا دەبێت ؟

دژوارە.

ئێستا مۆسیقا و شیعر پێش پەروەردەی لەش دەخەین. وا نیە؟
هەڵبەتە.
چیرۆکیش دەخەینە ڕیزی مۆسیقا و شیعرەوە؟
بەڵێ.
ئایا دوو جۆر چیرۆک نیە؟ یەکەمیان ڕاست و دووەمیان ناڕاست؟
بەڵێ.
پێویست ناکات کەسەکان فێری هەردووکیان ببن؟ بەڵام لەپێشدا ناڕاستەکە؟
نازانم مەبەستت چیە.
تێناگەیت، کە لە پێشدا چیرۆک بۆ منداڵان دەگێڕینەوە. ئەو چیرۆکانە هەرچەندە تاکو ڕادەیەک ڕاستیان تێدایە بەڵام ڕاست نین. پێش دەستپێکردنی پەروەدەی لەش بۆ منداڵی بچوکی دەگێڕینەوە.

ئەوە ڕاستە.
ئەوەش مەبەستی من بوو، کە گوتم مۆسیقا و شیعریان پێش پەروەردەی لەش فێردەکەین.
باشە.
ئەی نازانیت لە پرۆسەی فێربوونی لاواندا سەرەتای پرۆسەکە زۆر گرنگە؟ ئەو کاتە وەکو ئاسنێکی نەرم دەتوانین بە ئارەزووی خۆمان کاری لەسەربکەین.
بەتەواوی وایە.
نابێت گوێ بدەینە ئەوەی منداڵان چ جۆرە چیرۆکێکیان بۆ دەگێڕینەوە و ئەو باوەڕانە وەرگرن، کە ئێمە نامانەوێت شوێنی بکەون؟
بێگومان ئەوە نابێت.
کەوابوو، لەپێش هەمووشتێکدا دەبێت سەرپەرشتی ئەوکەسە بکەین، کە چیرۆکەکە دەگێڕێتەوە. چیرۆکە چاک و جوانەکان هەڵدەبژێرین. داوا لەدایکان و دایەنەکان دەکەین، کە ئەو چیرۆکانە بۆ منداڵان بگێڕنەوە. ئەوان زۆرتر کاردەکەنە سەر دەروونی منداڵان. زۆر چیرۆکی ئەمڕۆش دەبێت فڕێبدەین.
چ جۆرە چیرۆکێک فڕێ دەدەیت؟

لە سەرەتاوە تەماشای چیرۆکە سەرەکییەکان دەکەین تاکو بزانین بۆ منداڵان دەگونجێن. دوایی لەوانی دیکەش دەکۆڵینەوە. ئەوانیش، هەرچەندە ناوداربن، وەکو چیرۆکە سەرەکییەکان کاری خۆیان دەکەنە سەر دەروونی منداڵان. ئایا تۆ وابۆکێشەکە ناچیت؟

من بەم جۆرە بۆ کێشەکە دەچم، بەڵام نازانم تۆ کامیان بە سەرەکی دادەنێیت.
چیرۆکەکانی هۆمیرۆس، هزیۆد و شاعیرەکانی دیکەش تاکو ئەمڕۆ دەیانگێڕینەوە ناڕاستیان تێدایە.
مەبەستت لە چ چیرۆکێکە و چ جۆرە ناڕاستیەکیان تێدا دەدۆزیتەوە؟
یەکێک لە ناڕێکییەکان لەوەدایە، لەگێڕانەوەدا ناڕاستیەکە دەرنەخرێت.
نموونەیەکم بدەرێ .
کاتێک لەچیرۆکێکدا وێنەیەکی ناشرین بە خواکان و قارەمانەکان دەدەین، ئەمە وەکو ئەوە وایە هونەرمەندێک لە تابلۆکەیدا ئەو شتانەی نیشانیداوە لە بابەتە ڕاستەقینەکان نەچن.
دەگونجێت ئەم کارە ڕەتبدەینەوە، بەڵام تۆ بەتەواوی چیت لەبیردایە؟
یەکەم، دروستکردنی گەورەترین ناڕاستی سەبارەت شتە هەرەگرنگەکان چیرۆکێکی چاک پێکناهێنێت. هزیۆد دەیگێڕێتەوە (ئورانۆس) چی کردو چۆن (کرۆنوس) سزای داو کرۆنوسیش چۆن بە دەستی کوڕەکەی سزای خوارد.
ئەگەر ئەم ڕووداوە، ڕاستیش بێت پێویست ناکات بە منداڵ بگوترێت.
ئەگەر بۆ هەر هۆیەکیش بە پێویستی بزانین دەبێت ئەو ڕووداوە بۆ ژمارەیەکی کەم باسبکەین. بۆئەوەی ژمارەکەیان کەمبکەینەوە، دەتوانین مەرجیان بۆ دابنێین. داوایان لێبکەین بەرازێک یان شتێکی بە نرخ بکەن بە قوربانی.

بەڵێ. دژوارە مامەڵە لەگەڵ ئەو چیرۆکانەدا بکرێ.
نابێت لەنێو شارەکەی ئێمەشدا بگێڕینەوە. نابێت ئەو منداڵە وا تێبگات هەستان بە گەورەترین تاوان ئاساییە یان سزادانی باوکێکی زۆردار لە تۆڵە سەندنەوەی خواکان دەچێت.
نا، بەخوا، من لەوباوەڕەدام. ئەم چیرۆکانە شایەنی گێڕانەوە نین.
بێگومان، ئەگەر پاسەوانەکانمان واتێبگەن، کە شەرمە ڕقیان لەیەکدی بێت، نابێت ئەو چیرۆکانەی سەبارەت هەڕەشەکردن و شەڕی نێوان خواکانیان بۆ بگێڕینەوە چونکە ناڕاستن. جەنگی خواکان لەگەڵ دێوەکاندا، ڕق و کینەیان، بۆ خێزانەکان و هاوڕێکانیان نابێت بوترێت. لەسەر قوماشیش وێنەکانیان نابێت بکرێن. ئەگەر بمانەوێت لاوەکانمان لە ڕق و کینە بەرانبەر یەکدی دوورخەینەوە پێویستە لە منداڵییەوە فێرکرێن، کە ئەوە کاریکی خراپە و زۆریش لەشاعیران بکەین هەمان باسیان بۆبکەن. ڕێگەی ئەو چیرۆکانە نادەین گرنگ نیە میتافۆریش بن، وەکو بەستنەوەی هیرا(20) بە زنجیر لەلایەن کوڕەکەیەوە یان دەرکردنی هیفاستۆس(21) لە بەهەشت لەلایەن باوکییەوە بوترێن. یان بەو جۆرەی هۆمیرۆس باسی جەنگی نێوان خواکان دەکات لەنێو

----

(20) هیرا یەکێکە لە دوانزە خواکانی نێو چیای ئۆڵەمپیک و هاوسەری زیۆس. یۆنانیەکان بە خوای هاوسەربوون و منداڵبوون دایانناوە. (وەرگێڕ)

(21) هیفاستۆس یەکێکە لە دوانزە خواکانی نێو چیای ئۆڵەمپیک. یۆنانیەکان بە خوای ئاگر و ئاسنگەرییان داناوە. کوڕی هیرایە بەڵام دڵنیانین لەوەی کوڕی زیۆس بووبێت. لەبەر ئەوەی بە ئیفلیجی لە دایکبوە، هیرای دایکی فڕاندویەتی و شاردۆتیەوە. (وەرگێڕ)

شارەکەمان بگێڕینەوە. لاوان جیاوازی نێوان میتافۆر و ڕاستەقینە نازانن. بیرێکیش لەو تەمەنەدا بچێتە نێو مێشکیان سڕینەوەی دژوارە. لەبەرئەمە پێویستە دڵنیابین لەوەی ئەو چیرۆکانەی یەکەمجار بۆیان دەگێڕینەوە چاکترین بن. ڕێی تێدەچێت کەسێک بپرسێت ئەو چیرۆکانە چۆنن و باسی چی دەکەن؟ من و تۆ، ئەدیمەنتۆس شاعیرنین، بەڵام دامەزرێنەری شارەکەین.(22) باشتروایە دامەزرێنەرەکان جۆرە شێوازێک بۆ

شاعیرەکان دیاریبکەن تاکو پەیڕەوی بکرێت. ئێمە هۆنراوەکانیان بۆ نانوسینەوە.
باشە. شێوازی هۆنراوەی خواناسی یان چیرۆکەکان سەبارەت خواکان چیە؟
دەبێت وێنەی خواکان، وەکو خۆیان لە هۆنراوەی قارەمانێتی و گۆرانی و تراجیدیادا نیشان بدرێت.
بێگومان دەبێت وابێت.

ئێستا، خوا چاکە، وانیە؟ پێویستە بەباشی باسیبکرێت؟
وایە.
چاکەش زیان بەخش نیە. وایە؟
وایە.
هەرشتێک زیان بەخش نەبێت زیان دەگەیەنێت؟
هەرگیز نا.
یان شتێک زیان بەخش نەبێت خراپ دەبێت؟
نا.
هەرشتێک خراپەی لێنەوەشێتەوە دەبێت بە سەرچاوەی خراپە؟

چۆن شتی وا دەبێت؟
چاکە سودبەخشە؟

بەڵێ.
هۆیە بۆ کاری چاک؟
بەڵێ.
چاکە بە تەنیا هۆیە بۆ شتە چاکەکان و هۆ نیە بۆخراپەکان.
بە تەواوی لەگەڵتا هاوڕام.
کەوابوو، مادامەکی خوا چاکە، بەپێچەوانەی بۆچوونی زۆرکەسەوە، هۆی هەموو ڕووداوەکانی ژیانی مرۆڤ نیە و هۆیە بۆ هەندێکیان. ڕووداوە چاکەکانیش لە ژیانماندا لە ڕووداوە خراپەکان کەمترن. خوا هۆی ڕووداوە چاکەکانە و لێرەدا دەبێت هۆی خراپەکاریش بدۆزینەوە.
ئەوە ڕاستە، باوەڕت پێدەکەم.

----

(22) " شار" لەم بەستێنەوە تەنیا واتای "شوێن" بۆ جێنشین بوون نابەخشێت و دەوڵەتیش دەگرێتەوە. لە هەندێک وەرگێڕاوی تردا بە زمانی ئینگلیزی وشەی(دەوڵەت) لەبری(شار) دانراوە. ئەمەش بۆ ئەو هۆیە دەگەڕێتەوە، کە لە سەردەمی کۆنی یۆناندا هەر یەکێک لە شارەکان دەوڵەتێکی سەربەخۆ بووە. (وەرگێڕ)

هەڵەکەی هۆمیرۆس سەبارەت خواکان کردوویەتی لە هیچ کەسێکی گێل وەرناگرین، کە دەڵێت:
دوو گۆزە لە پێشدەرگای ماڵی زیۆس دانراون
یەکێکیان پڕە لە چارەنوسی چاک و ئەوی دییان لەخراپە

ئەو کەسەی لە هەر دووگۆزەکان بەشی دەدرێت،
توشی چاکە و توشی خراپەش دەبێت.

ئەو کەسەی بەشەکەی لە گۆزەی دووەم پێدەدری،
نەهاتی خراپ بە سەر ئەم زەمینە پیرۆزەدا ڕادەماڵێت.

بیرلەوەش ناکەینەوە زیۆس سودی ئێمەی دەوێت ئەو دابەشکەری چاکە و خراپە یە. لەبارەی شکاندنی پێکهاتنی شەڕ وەستانەکەش لەلایەن پەنداڕۆسەوە هەر کەسێک پێمان بڵێت، کە ئەسسینا و زیۆس یان تیمس و زیۆس دەستیان پێکرد و ئەوان بەرپرسن لەململانێی نێوان خواکان، ستایشی بۆ ناکەین. تەنانەت نایەڵین لاوان گوێیان لە وشەکانی ئەسخیلۆس بێت، کە دەڵێت:

مرۆڤ بیەوێت خانویەک وێران کات
خواکان توشی هەست بەتاوانکردنی دەکەن.

ئەگەر کەسێک هۆنراوەیەک بۆ ئازارەکانی نێوب یان خانوەکەی پیۆلۆپسی داستانی ترۆی یان لەو بابەتانە بهۆنێتەوە پێویستە ڕوونیبکاتەوە، کە ئەمانە کاری خوانین. ئەگەر کاری خواش بن ئەو ئازاردان و ئەشکەنجەیە سودیان هەیە. ڕێگە نادەین شاعیرێک ئازاردانەکە بە خراپە و گەندەڵی دابنێت وبە کاری خوای دابنێت. ئێمە بۆ سەقامگیرکردنی دەستەڵاتەکەمان بە ڕێکوپێکی بەرانبەر ئەوانەی خوای چاک بە سەرچاوەی خراپە دادەنێن دژ ڕادەوەستین. ئەم چیرۆکانە ناڕێک و زیان بەخشن.

یاساکەت پەسەند دەکەم و دەنگی بۆ دەدەم.

ئەمە یەکێکە لە یاساکان سەبارەت بە خواکان، کە شاعیر دەبێت پەیڕەوی بکات و دەڵێین خوا هۆی هەموو ڕوداوەکان نیە و تەنیا کاری چاکەی لێدەوەشێتەوە.

ئەمەش یاسایەکە بەتەواوی پەسەندی دەکەین.
لەبارەی یاسای دووەمەوە چ دەڵێیت؟ تۆ لەو باوەڕەدایت خوا سیحرباز بێت. بە چەند شێوەیەکی جیاواز لە شوێنی جیاوازدا خۆی دەرخات؟ یان سادەبێت و لەو فۆرمەی خۆی زیاتر چی دیکەی نە بێت؟
ناتوانم بیسەلمێنم.
باشە. ئەی ئەمە چۆنە؟ ئەگەر لە فۆرمەکەی خۆی دەرچێت پێویستی بە خۆی یان شتێکی دیکە نیە ئەو گۆڕانەی بەسەردا بهێنێت؟
پێویستی هەیە.
چاکترین شت پیویستی بە گۆڕان نیە. وا نیە؟ بۆ نموونە، لەشێکی چاک تەندروست بە خواردن و خواردنەوە یان ڕووەکێکی زۆر بەهێز بە خۆر و هەوا تێکناچێت.

هەڵبەتە.
ئازاترین و هۆشمەندترین کەس لە دەرەوە کاریتێناکرێت.
وایە.
ئەمە بۆ هەموو پیشەسازییەک و کەلوپەلی ماڵ و خانوویەکیش دروستە.
ئەوە ڕاستە.

شتێک بە سروشت چاک بێت، چاک دروستکرابێت یان هەردووکیان بێت کەمتر پێویستیان بە چاکردن هەیە.
وایە.
خواو خەسڵەتەکانیشی چاکترینن.
ئەبێ وابێت.
کەوابوو، نابێت خوا فرەشێوە بێت.
بێگومان .
ئایا خوا خۆی دەگۆڕیت؟
ئەگەر گۆڕانی بەسەردا بێت، دەبێت خۆی بگۆڕێت.
ئایا خۆی بۆ شتێکی چاکتر و جوانتر یان خراپتر و ناشرینتر دەگۆڕێت؟
لەبەر ئەوەی خوا لە چاکە و جوانیدا تەواو کۆ و پڕە دەبێت بۆ شتێکی خراپتر بگۆڕێت.
بەتەواوی ڕاستە. تۆ لەو باوەڕەدای، ئەدیمەنتۆس، کە خوا یان کەسێک بەدەستی خۆی خۆی خراپ بکات؟
نەخێر، ئەوە لەبار نیە.
لەبارە خواکان بیانەوێت خۆیان بگۆڕن لە کاتێکدا ئەوان جوانترین بوونن.

ئەمە بەڕای من پیویست نیە.
کەوابوو، هیچ شاعیرێک نابێت لە بارەی پرۆتێوس یان تیتسەوە بڵێت،

خواکان، وەکو بێگانەکانی وولاتە دوورەکان
بەشێوەی جۆراوجۆر دێنە نێو شارەکەمان

نابێت لە هۆنراوە و تراجیدیاکاندا هیرا بەو کەسە دابنێین، کە بۆ کوڕە ژیان بەخشەکانی لە ڕووباری ئەرگیڤی ئیناکوس خێر کۆبکاتەوە. یان چیرۆکی لەم جۆرەمان بۆبگێڕنەوە. نابێت دایکەکان بە گێڕانەوەی چیرۆک لە بارەی خواکانەوە، وەکو ئەو بێگانانەی بە شەو خۆیان بە شاردادەکەن منداڵەکان بترسێنن.
ئەم چیرۆکانە سوکایەتی بە خواکان دەکەن و هاوکات منداڵان فێری ترسنۆکی دەکەن.
نابێت بیانگێڕینەوە.
هەرچەندە خواکان ناگۆڕین ئایا ئێمە ناگەیەننە ئەو باوەڕەی، کە لەچەند فۆرمێکدا خۆیان دەردەخەن و بەسیحر دەمانخەڵەتێنن؟
هەڵبەتە.
چی؟ ئایا خوا دەیەوێت لە گوتندا یان بە کردەوە درۆ بکات و هەڵمانفریوێنێت؟
نازانم.
تۆ نازانیت، کە خواکان و هەموو کەسێکیش ڕقیان لە درۆی ڕاستە؟
مەبەستت چیە؟

مەبەستم ئەوەیە کەس ئامادەنیە لەگەڵ کەسە نزیکەکانی درۆ لەبارەی شتە گرنگەکانەوە بکات.
هێشتا لە مەبەستت تێناگەم.
چونکە، تۆ وا دەزانیت باسەکەم قوڵە. مەبەستەکەم سادەیەو دەڵێم، کە لەگەڵ خۆتدا لە بارەی شتەکانەوە درۆبکەیت و نەزانیت لەسەر ئەو درۆیە دەژیت.

ئەمە شتێکە کەم کەس پەسەندی دەکات. هەموو کەسێک ڕقی لەدرۆیە.

ئەوە ڕاستە.
وەکو پێشتر گوتم، ئەوە درۆیەکی ڕاستە ئەگەر کەسێک نەزانێت درۆی لەگەڵدا کراوە. درۆکردن لە گوتندا جۆرێکە لە لاساییکردنەوەی سۆزی دەروون. وێنەکەشی، کە لە دواییدا سەرهەڵدەدات درۆکردنێکی ڕووت دەرناچێت. وایە؟
بەدڵنیاییەوە.
خواکان و خەڵکیش ڕقیان لە درۆیە.
بە بۆچوونی من وایە.
درۆ گوتن چۆنە؟ بۆ کێ باشە و نابێت ڕقی لێی بێت؟ ئایا درۆگوتن لەگەڵ دوژمندا سود بەخش نیە؟ ئەگەر یەکێک لە هاوڕێکانمان لەبەر شێواوی مێشکی یان نەزانین بە کارێکی خراپ هەستێت دەرمانێک بۆ چاکردنەوەی نیە؟ ئەمەش سەبارەت ئەو چیرۆکانەی ئاماژەمان بۆکردن دروستە، چونکە نازانین، ڕووداوەکانی نێو ئەو چیرۆکانە سەبارەت خواکان تاکو چ ڕادەیەک ڕاستن. ئایا نیشاندانی ئەو درۆیانە بەشتێکی ڕاست سودبەخش نیە؟

دروستە.

لە چ ڕوویەکەوە درۆ بۆ خواسود بەخشە؟
ئایا لەبەر نەزانین درۆمان بۆ دەکات؟

ئەوە گاڵتە بازاڕییە.
کەوابوو، لە خوادا شاعیرێک نیە نادروست بێت؟

بە دیدی من وایە.

لە بەر ترسی دوژمنیش درۆ ناکات؟
لەوەشەوە دوورە.

لەبەر شێواوی مێشکی و نەزانین و هتد؟
کەسێکی شێت و نەزان هاوڕێی خواکان نیە.
کەوابوو، هیچ هۆیەک نیە درۆ بە خوا بکات؟
نیە.
بوونەوەرە پیرۆزەکان، دێوەکانیش لە درۆ گوتن بەدەرن.

بە تەواوی وایە.
خوا لەگوتە و بەکردەوەش سادەیە. لە داکەوتدا لەنێو خەود ابەگوتن، وێنە یان هێما لەگەڵ کەسدا درۆ ناکات.

من لەوباوەرەدام.
کەوابوو، لەگەڵ مندا هاوڕایت، کە ئەمە بە دووەم شێوازی[یاسا] بۆ هۆنراوەکان سەبارەت خواکان دابنێین.
خواکان سیحربازنین تاکو خۆیان بگۆڕن. بەگوتن و کردەوەش ئێمە هەڵفریوێنن و درۆمان لەگەڵدا بکەن.

من لەگەڵتا ڕێدەکەوم.
هەرچەندە هۆمیرۆس لایەنی باشی هەیە، بەڵام بەوە ڕازی نین، کە دەڵێت زیۆس خەونەکەی بە ئاگامێمنون بینیوە یان ئەسخیلۆس باسی ئەوە دەکاتلە زەماوەندەکەی تیتسدا ئەپۆلۆ بە گۆرانی داهاتووی نیشانداوە:

منداڵەکانم بەختیان باشدەبێت،
لە دەردو نەخۆشی دوور دەبن
لەستایشکردنی هاوڕێیەتیم لە خواکان داواکارم

زاری فۆبێوسی پیرۆز لە درۆگوتنبپارێزن

ئەو خوایەی لەم زەماوەندەدا گۆرانی دەڵێت
داهاتوو دەبینێت، کوڕی خۆی دەکوژێت.
ئێمە ڕازی نین کەسێک بەم جۆرە لە بارەی خواوە بدوێت. ڕێگە نادەین لە[شانۆگەرییەکاندا] بەشدارییبکات و هۆنراوەکانیشی بخرینە نێو بەرنامەی فێربوونی لاوانەوە. دەمانەوێت لاوانمان وەکو خوا بن. من ئەم یاسایانە دادەمەزرێنم و کاریان لەسەردەکەم.

بەشی سێیەم

ئەگەر بمانەوێت بەو شێوەیە پاسەوانەکان پەروەردە بکەین و خوا ناس دە رچن و ڕێز بۆ دایک و باوک و هاوڕێکانیان دابنێن ئەوانە جۆرە چیرۆکێکن دەبێت لە منداڵییەوە بیبیستن.

لەو باوەڕەدام ئەوە ڕاستە.
چۆنە ئازاش بن؟ نابێت ئەو چیرۆکانەشیان بۆ بگێڕینەوە بترسن و لە مردن دووربکەونەوە؟ ئایا کەسێکی ترسنۆک ئازایە؟

نەخێر، بەدڵنیاییەوە.
ئایا کەسێک بەبێ ترس بەرەو مردن بڕوات و باوەڕی بە ئەشکەنجەی نێو جیهانی بەرزەخ هەبێت مردن لە جەنگ بەزین و کۆیلایەتی باشتر دانانێت؟

ئەوە ڕاستە.
کەوابوو، دەبێت چاودێری چیرۆکەکان بکەین. نابێت ئەو چیرۆکانە سوکایەتی بە ژیانی نێو جیهانی بەرزەخ بکەن بەڵکو پێویستە ستایشی بکەن، چونکە ئەوەی باسیدەکەن نەڕاستە و نە لە داهاتووشدا سودبە پاسەوانەکان دەگەیەنێت.
ئەوە پێویستە.
ئێمە دەبێت هەموو سوکایەتیکردنێک بسڕینەوە. لەم دێڕانەشەوە دەست بە سڕینەوەکەمان دەکەین:

لام باشترە خزمەتکاری مرۆڤێک بم زەویشی نەبێت
بە هەژاری بژیم
لەوەی پاشای مردووەکان بم.

یان:

دەترساخانووەکەی جێی مەترسی و ڕقی خواکانیش بێت.
هەروەها:

ئالاس لە بەرزەخدا دەژی
گیانێکە، خەیاڵێکی ڕووت
بە بێ ژیری و بلیمەتی

هەروەها ئەمە:

ئەو بە تەنیا بیردەکاتەوە
ئەوەی هەیە لەرینەوەی سێبەرەکانە.

هەروەها:

گیان لە لەش دەرچوو ڕوویکردە بەرزەخ
بە سۆزەوە چارەنووسی دەربڕی و
لاوێتی خۆی بەجێهێشت

ئەمانەش:

گیانی وەکو دووکەڵ
بە ناخی زەوییدا چوو
قیژاندی و . . . .

هەروەها :

لەنێو ئەشکەوتدا، کە شەمشەمەکوێرەیەک دەکەوێت
ئەوانی دیکە بەقیژە دەفڕن
خۆیان بە بنمیچی ئەشکەوتەکەدا هەڵدەواسن
گیانیان بێقەرار هاواردەکات. . . . . .

داوا لە هۆمیرۆس و شاعیرەکانی دیکەش دەکەین بە لابردنی ئەم دێڕانە تورە نەبن. مەبەستمان لە لابردنیان ئەوەنیە، کە ئەم دێڕانە جوان نەبن. لەوانەیە زۆرجوان بن بەڵام شیاوی ئەوە نین منداڵان و ئەوانەی دەیانەوێت بەبێ ترس لە کۆیلایەتی و مردن و ژین بیبیستن.

ئەوە ڕاستە.

هەروەها ئەو ناوە ترسناکانەی بۆ شتەکانی دونیای ژێرەوە، وەکو کۆکیتوس، ستیکس(23)، بانگکردنی مردووەکان و هەموو ئەو ناوانەی توشی ترس و لەرزینمان دەکەن دەبێت لابرێن. ئەمانە لەشوێنی دیکەدا بۆ مەبەستێکی دیکە دەشێت بەکاربهێنرێن. بەڵام ئێمە نامانەویت پاسەوانەکانمان بەو ترس و لەرزە دڵ نەرم ببن و زوو کاریانتێبکریت.

ترسەکەمان لە جیگەی خۆیەتی.

لە گەڵما ڕێدەکەویت ئەو دێڕانە[لەهۆنراوەکان] دەربهێنین؟

بەڵێ.

شاعیرەکانیش لە نوسین و گوتندا پەیڕەوی شێوازێکی جیا بکەن؟

دروستە.

پێویست دەکات گوتەی خەماوی و پڕبەزەیی ناودارەکانیش بسڕینەوە؟

پێویستە، ئەگەر هەمان کارتێکردنیان هەبێت.

ئێمە باس لەوە ناکەین سڕینەوکە دروست بێت یان نا. بەڵام بە دڵنیاییەوە دەڵێین کەس لەو باوەڕەدانیە مردن بۆ کەسێکی چاک پڕ ئازار بێت. تەنانەت هاوڕێی کەسە چاکەکەش بەو جۆرە لە مردن تێناگات.

ئێمە بڕوامان وایە.

کەوابوو، لەبەر ئەوە پرسەی بۆ دانانێت، کە مردووەکە ئازاردەچێژێت.

بێگومان وایە.

ئێمەش لەو باوەڕەداین کەسێکی چاک و بەڕێز خۆبژێوە و کەمتر پێویستی بە شتی دیکە هەیە.

ئەوە ڕاستە.

---

(23) لە ئەفسانەی یۆنانییدا کۆکیتوس و ستیکس ناوی دوو ڕووبارن لە دونیای ژێرەوەدا یان نێو دۆزەخن. کۆکیتوس ڕووباری خەم و خەفەتە. ستیکسیش ڕووباری ڕق و کینەیە. (وەرگێڕ)

کەوابوو لە کەسەکانی دیکە کەمتر بەپەرۆشەوەیە، کە لە کوڕی و براکانی و سامانەکەی دادەبڕێت.
زۆر کەمتر.

لەبەر ئەمە، کە مردن دێتە پێش کەمتر خەمباردەبیت.
بێگومان .
کەوابوو، دروستە ئەگەر گوتە خەماوییەکانی پیاوە ناودارەکان لابەرین و بۆ ژنی بەجیبهێڵین(تەنانەت نابێت بدرێن بە ژنە چاکەکانیش) یان بیدەین بە پیاوە ترسنۆکەکان و پاسەوانەکانی ئێمەش ورەیان بەرزبێت.
ئەوە ڕاستە.
دیسانەوە داوا لە هۆمیرۆس و شاعیرەکانی دیکەدەکەین بەم جۆرە باسی ئەخیلۆسی کوڕی خاتوخواکە نەکەن:

ڕاکشاوە و ئەم دیو ئەو دیو دەکات
بە سەر سکا دەکەوێت،
لە پڕێکا، بە پەشۆکاوییەوە هەڵدەستێت،
لێرەو لەوێ لە کەناری دەریایەکی نەناسراودا
ڕادەوەستێت یان، مشتێ خۆڵەمێش هەڵدەگرێ، دەیکات بەسەری خۆیدا

دەگری و پەرێشانە.

نابێت بەو جۆرەش باسی پریامی هاوڕێی خواکان بکەین، کە گوایە لە مرۆڤ دەپاڕێتەوە.
لەنێو شیاکەدا گەوزەدات و
بانگیان دەکات و دەپاڕێتەوە.

داوایان لێدەکەین بەم جۆرە خواکان بە خەماوی باسنەکەن:
ئالاس، چەند بەختی خراپە
کوڕێکی مەزن، دایکێکی گەندەڵ

ئەگەر خواکانیش بەم جۆرە باسبکەن نابێت وێنەیەکی ناشرین بە مەزنترین لەخواکان بدەن:
ئالاس بەچاوی خۆم ئەو مرۆڤە خۆشەویستە دەبینم

دڵم بۆی پەرێشانە

یان:
من بووم بە بەڵا
سارپەدۆنی خۆشەویستمم
دایە دەست پاترۆکلس کوڕی مینۆتیۆس، بیکوژێت. . . .
ئەدیمەنتۆس، ئەگەر ئەم چیرۆکانە بۆ لاوەکانمان بگێرینەوە و بەنزم دانەنرین بەشتێکی بەنرخ دایدەنێن. لە کاتێکدا توشی ڕووداوێکی ناخۆش دەبن گلەیی لە بەختی خۆیاندەکەن و ئاخ هەڵدەکێشن.

بۆچوونەکەت بەتەواوی دروستە.
تاکو ئەم ڕادەیە و تاکو ئەو کاتەی کەسێک ڕێگەیەکی چاکترمان نیشاندەدات بۆچوونەکەمان دروستە و دەبێت بەو جۆرە هەڵسوکەوت نەکەین.
نا، نابێت بەوجۆرەبێت.
لە سەرو ئەمەشەوە نابیت لاوەکانمان حەز لە پێکەنین و[گاڵتە] بکەن.
هەر کەسە زۆر پێکەنی مەزاجی دەگۆڕێت.
لەو باوەڕەدام.
ئەگەر کەسێک زۆر حەزی لە پێکەنین و گاڵتە بوو وەریناگرین. ئەوانەی گاڵتە بە خواکان دەکەن کەمتر وەریاندەگرین.
کەمتر وەریاندەگرین.
ڕازی نابین هۆمیرۆس بەم جۆرە باسی خواکان بکات:
کە بینیان هیفاستۆس بە شەلی لە نێو هۆڵەکەدا
هاتوچۆی دەکرد
خواکان دایانە قاقای پێکەنین.

بە دیدی تۆ ئەم جۆرە باسانە ڕەتدەدرێنەوە.

لە سەرو ئەمەشەوە باشترە بیر لە ڕاستی بکەینەوە. ئەگەر بۆچوونەکەمان لەبار بێت، ناڕاستی، کە سودی بۆخواکان نیە، وەکو دەرمان بۆ مرۆڤ باشە. بەڵام پزیشک دەتوانێت دەرمان بۆ نەخۆش دیارییبکات.
ئاشکرایە.
ئەوەی بتوانێت ناڕاستی بۆ شتێکی چاک لە شارەکەدا بەکاربهێنێت فەرمانڕەواکانن. نابێت کەسانی دیکە ئەم کارەبکەن چونکە درۆکردنی هاوڵاتیەک لە گەڵ فەرمانڕەوادا، وەکو درۆکردنی نەخۆشە لە گەڵ پزیشکدا یان وەرزشەوانێکە لە بارەی تەندروستی خۆیەوە یان وەکو درۆکردنی کەشتیەوانەکانە لە گەڵ سەرۆکی کەشتیەکەدا.

ئەوە بەتەواوی دروستە.
ئەگەر فەرمانڕەواکە یەکێک بگرێت درۆی کردبێت، هەرخاوەن پیشەیەک بێت پێغەمبەر، پزیشک، کە چارەی نەخۆش دەکات یان ئەو ئاسنگەرەی ڕم دروستدەکات بەناوی کەسێکەوە کودەتاچی بێت و نیازی شێواندنی شارەکە یان شکاندنی کەشتیەکەی هەبێت سزای دەدات.

ئەگەر بیردۆزە و کارکردن پێکەوە گرێبدەین دەبێت سزابدرێت.

لە گەڵ مامناوەندێتیدا چی دەڵێیت؟ ئایا لاوەکان پێویستیان نیە؟
هەڵبەتە.
ئایا مامناوەندێتی ئەوەنیە، کە گوێڕایەڵی فەرمانڕەواکان بیت، سەرپەرشتی خواردنەوە و خواردن و سێکس بکەیت؟
ئەوە بۆچوونی منیشە.

لێرەدا دەڵێین هۆمیرۆس بە زاری دیۆمیدسەوە باش لە کێشەکە دەدوێت:
هاوڕێم بێدەنگ دانیشە و
گوێ لە من بگرە تاکو ڕازیت کەم.
هەروەها، دەڵێت:
ئەخیانیەکان تامەزرۆی جەنگ بوون
لەژێر فەرمانی سەرکردەکانیان
بێدەنگ بەرەو جەنگ ڕۆیشتن

ئەوانە جوان باسکراون.
سەبارەت بە م دێرە چ دەڵێیت؟
سەرخۆشەکان چاوی سەگ و دڵی ئاسکیان هەبوو.
دەتوانین ئەو گوتانەی هاوڵاتی دژی فەرمانڕەواکان بە جوان دابنێین؟
نەخێر.

لەو باوەڕەدام، بۆ گرتنی ڕێگەیەکی مامناوەندی ڕەوانیە لاوەکان ئەم گوتانە ببیستن. لەوانەیە جوانیش بن.

چۆن بیریلێدەکەیتەوە؟
وەکو تۆ بیریلێدەکەمەوە.
چۆنە بێڵین ژیرترین کەس و باشترین شت ئەوەیە،

مێز دەڕازێنرێتەوە و نان و گۆشت و شەرابی لەسەر دادەنرێت
کاسەکانیش پڕدەکرێن لە شەرابی نێو گۆزەکان
مردن بە برسێتی ناخۆشترین چارەنوسە.

لەو باوەڕەدای ئەم جۆرە[هۆنراوانە] یاریدەی لاوەکانمان بدەن و بە سەر ئارەزووەکانیاندا زاڵ بن؟ ئەی زیۆس، لە کاتێکدا هەموو خواکان دەخەون، ئەو بە تەنیا بەئاگایە و لەبەر سێکس پلانەکانی خۆی لە بیر دەچێت، کە هیرا دەبینێت دەیەوێت بیدا بەزەوییدا و پیی بڵێت لە جاران زۆرتر حەزیلێدەکات؟ لە بارەی ئارەزووی سێکسی نێوان ئاریس و ئەفرۆدیت چی دەڵێیت، کە هیفاسیتوس بە زنجیر پێکەوە بەستنیەوە؟
نا، هیچ لەو چیرۆکانە بەڕای من لەبار نیە.
بەڵام، ئەگەر گوتەی ئەو ناودارانە بەردەوام لە بەردەم هەموو شتێکدا مابێتنەوە و خۆیان ڕاگرتبێت پێویستە ببیسترێن، بۆنموونە:
لە سنگی خۆیداو بە دڵی خۆی گوت
نەڕوخێیت، تۆ لەمە زۆرتر ناخۆشیت دیوەو
شەرمەزاریت بینیوە،

بەدڵنیاییەوە.
ئێستا، ڕێگەنادەین پاسەوانەکانمان حەزیان لە پارە بێت و بەرتیل و دیاری وەرگرن.

بەدڵنیاییەوە نابێت.
نابێت شاعیرەکانیش ئەم شیعرانەیان بۆ بخویننەوە:
دیاری و بەرتیل دڵی خواکان و پاشاکان نەرم دەکات.
نابێت ستایشی فۆینیکس بکەین، کە لە لایەکەوە لە مامناوەندێتی دەدوێت و بە ئەخیلۆسیش دەڵێت، دیارییەکە وەرگرێت و بەرگری لە ئەخامینەس بکات. ئەوە بۆ ئەخیلۆسیش لەبار نیە. نابێت بەوەش ڕازی بین، کە ئەو ئەوەندی حەز لە پارە بوو بۆ دیاری وەرگرتن لە ئەگامیمنون یان بە پارەیەکی زۆر لاشەکەی هێکتەری تەسلیم کردن.

دڵنیام ستایشکردنیان باش نیە.
من ڕێزم بۆ هۆمیرۆس هەیە بۆیە بە دوودڵییەوە دەڵیم نا لەبارە بۆ ئەخیلۆس ئەو جۆرەکارەبکات یان ڕازیبم بەوەی بەم جۆرە بانگی ئەپۆلۆ بکات:
تۆ لە دوورەوە، ئەی خوای بکوژ
منت زامدارکرد
ئەو ڕۆژەی دەستەڵاتم هەبێت
خۆم دەزانم چۆن تۆڵەت لێبسێنم.

یان دەڵێین لە فەرمانی ڕووبارەکە[یەکێکە لەخواکان] دەرچوو، کە قژی بۆ پارتۆکلیسی مردوو نەزرکرد دژی ڕاوەستا. نابێت باوەڕ بەم جۆرە گوتانە بکرێت. ئەوەش ڕاست نیە، کە گوایە لاشەکەی هێکتەری بە دەوری گۆڕەکەی پارتۆکلیسدا ڕاکێشاوە و دیلەکانی کوشتوە. ئەمە ڕەتدەدەینەوە. ڕێگە بە هاووڵاتیان نادەین باوەڕ بکەن، کە ئەخیلۆس کوڕی خاتو خوا و پیلیۆس(کوڕەزای زیۆس و کەسێکی چاک) پەروەردەکراوی زانایەکی وەکو کیرۆن ئەوەندە لە نێو دەروونەوە شپرزە و نەخۆشبێت. بووبێت بە کۆیلە و عاشقی پارە و لە ئاستی خواکان و کەسانی دیکەشدا لوت بەرزبێت.
ئەوەڕاستە.
بەدڵنیاییەوە، باوەڕبەوانە ناهێنین. ڕێگەش نادەین کەس باسی ئەوە بکات، کە سیسێوسی کوڕی پۆسیدۆن و پیریتۆیۆس و کوڕی زیۆس خەریکی فڕاندن بوون. خواکان یان کوڕەکانیان کاری خراپیان کردبێت. زۆر لە شاعیرەکان دەکەین بڵێن، کە قارەمانەکانمان کاری خراپەناکەن یان نابێت ئەو قارەمانانەی خراپەدەکەن بە منداڵی خوا دابنرێن. نابێت بە لاوان بڵێین خواکان خراپەیان لێدەوەشێتەوە، قارەمانەکانیش لە ئاستی نزمی مرۆڤدان. ئەم [بەسەرهاتانە] ڕاست نین و بێبڕواییە. لەپێشتریش لەو باسەدواین، کە ناگونجێت خواکان کاری خراپ بکەن.
هەڵبەتە وایە.
بێجگە لەمە، گێڕانەوەی چیرۆکەکان زیانی بۆ بیسەرەکان هەیە. بەهانە بۆ ئەو کەسانەی خراپەدەکەن دروستدەکات. ئەگەر یەکێک بزانێت خراپە لەلایەن خواکانەوە دەکرێت.

نەوەکانی خواکان
خزمەکانی زیۆس و ئەوانەی لێوەی نزیکن
ئەوانەی، لەسەر لوتکەی چیای ئیدا دەژین

خوێنی دێو نەچۆتە لەشیانەوە
[خراپەیان لێدەوەشێتەوە].

ئەم جۆرە چیرۆکانە نابێت بگێڕینەوە. هاندەرن بۆ ئەنجامدانی کاری خراپ. (24)
بەتەواوی وایە.
ئێستا هیچ چیرۆکێکی دیکە هەیە، کە باسی ناوەڕۆکەکەیمان نەکردبێت؟

تاکو ئێرە باسی ئەوەمان کردوە کەسێک چۆن لە خواکان ، قارەمانەکان، دێوەکان و ژیانی نێو بەرزەخ بدوێت.
باسمانکردووە.
ئەوەی باسماننەکردبێت چیرۆکەکانە سەبارەت ژیانی مرۆڤ. وا نیە؟
ئاشکرایە.
بەڵام ئێستا ناتوانین ئەم کێشەیە باسبکەین.
بۆچی ناتوانین؟
لەوانەیە بڵێین، ئەوەی سەبارەت ژیانی مرۆڤ، شاعیرەکان و پەخشان نووسەکان باسیدەکەن خراپە.
ئەوان دەڵێن، گەلێک لە مرۆڤە زۆردارەکان بەختەوەرن، دادوەرەکانیش ژیانێکی ناخۆشیان هەیە، زۆرداری ئەگەر بلوێت دەربازبێت سودبەخشە و ئەوی دیکەش دۆڕاو. بە بۆچوونی من، ئەم جۆرە چیرۆکانەش دەبێت قەدەخەبکرێت و داوا لەشاعیران بکەین بەم شێوەیە نەنوسن. تۆش بەم شێوەیە بیریلێناکەیتەوە؟
وابزانم وایە.
ئەگەر لە گەڵ مندا ڕێکەویت ئەوە ناگەیەنێت، کە لەسەر یەکەم خاڵێش لە گەڵمدا هاوڕابیت؟
تۆ خۆت وەڵامی ئەو پرسیارە بدەوە.
تۆ لە گەڵمدا هاوڕایت پاش ئەوەی زانیمان دادوەری چیە و چ کارێکیش دادوەرییە، چیرۆکیش سەبارەت بوونی مرۆڤ بگێڕینەوە.

ئەوە ڕاستە.
لێرەدا کۆتایی بە مشتومڕەکەمان لەسەر ناوەڕۆکی چیرۆکەکان دەهێنین. با لەشێوازەکەیان بدوێین، بەم جۆرە لەناوەرۆک و شێوازی گێڕانەوەکەشیان تێدەگەین.
ئەدیمەنتۆس گوتی؛ نازانم مەبەستت چیە ؟
دەبێت بزانیت. من لە وەڵامدا گوتم. لەوانەیە باشتر تێبگەیت ئەگەر بەم جۆرە کێشەکە ڕوونبکەمەوە. ئەوەی شاعیر و چیرۆکنوس باسیدەکات لە بارەی ڕابردوو، ئێستا و داهاتووەوە نیە؟
هیچی تر هەیە باسیبکەن؟
ئایا باسەکانیان گێڕانەوەیە یان لاسایی کردنەوە، یان گێڕانەوەیە بە لاسایی کردنەوە وە؟

---

(24) ئەم پارچە هۆنراوانەی ئەفلاتون لەم بەشەدا ئاماژەیان بۆ دەکات لە دوو پەڕتووکەکەی هۆمیرۆسەوە(ئیلیاد و ئۆدیسەوە) وەرگیراون. من بۆیە ژمارەی لاپەرەکانی ئەم دوو سەرچاوەیەم دانەناوە چونکە مەبەستی ئەفلاتون ڕوونکردنەوەی شێوازی ناوەڕۆکی ئەو هۆنراوانەیە یان بیرو باوەڕەکەیەتی، کە دەیەوێت لە کۆمارەکەدا سانسۆری بکات. گرنگ نیە هۆنراوەکان یان جۆری شیعر و نوسینەکان بەرهەمی چ نوسەرێک بن. ئەو دژی ناوەڕۆکی ئەو ئەدەبە ڕادەوەستێت. (وەرگێڕ)

حەزدەکەم زیاتر ڕوونیبکەیتەوە.
وادیارە مامۆستایەکی باش نیم بۆڕوونکردنەوە. منیش وەکو ئەوانەی نازانن بە باشی بدوێن بۆ ڕوونکردنەوەی واتای کێشە گەورەکە پەنا بۆ ڕوونکردنەوەی لایەنێکی دەبەم. تۆ لەبیرتە(ئیلیاد) چۆن دەستپێدەکات، شاعیرەکە دەڵێت، کریسیس لە ئاگامەمنون دەپاڕێتەوە کچەکەی بەردات. ئەویش ڕازی نابێت و کریسیس داوا لە خوا دەکات تۆڵەی لە ئەخیانس بسەنێت؟
ئەوە دەزانم.
کەوابوو ئەم دێڕانەت لەبیرە:
لە ئەخیانسەکان پاڕایەوە
بە تایبەتی لە دوو کوڕەکەی ئەتریۆس،
سەرۆکی لەشکرەکە. (25)

شاعیرەکە خۆی ئەم بەسەرهاتە دەگێڕیتەوە و لەسەر زاری کەسێکی دیکە پێماننالێت. دوایی هەوڵدەدات ڕازیمان بکات بەوەی، کە خۆی کریسیسە و هۆمیرۆس نیەو بە جوانی بەسەرهاتەکانی ترۆی و ئیتاکا و ئۆدیسە دەهۆنێتەوە.

ڕاستە.
ئێستا ئەوەی باسیدەکات گێڕانەوەیە؟
هەڵبەتە.
بەناوی کەسێکی دیکەوە بەسەرهاتەکە دەگێڕێتەوە. ئایا ئەمە وامان لێناکات بڵێین شێوازی خۆی بە شێوازی گوتەکەرەکە دادەنێت؟
بەدڵنیاییەوە وایە.
ئەوەی شێوازی خۆی بە شێوازی کەسێکی دیکە نیشانبدات لاسایی ئەو کەسە دەکاتەوە.
بەدڵنیاییەوە.
لەم دێڕانەدا [هۆمیرۆس] و شاعیرەکانی دیکەش دەردەکەوێت گێڕانەوەکەیان لاساییکردنەوەیە.
ڕاستە.
شاعیرێک خۆی نەشارێتەوە هۆنراوەکانی دەبێت بە گێڕانەوەیەکی بێ لاسایی کردنەوە. بۆ ئەوەی نەڵێیت لە مەبەستت تێناگەم ئەم خاڵەت نیشاندەدەم چۆنە. ئەگەر هۆمیرۆس بڵێت کریسیس بە پارە و دیارییەکی زۆرەوە بۆ ڕزگارکردنی کچەکەی هاتە لای ئەخیناسەکان و پاشاکانیان. دوایی هیچ نەڵێت و خۆی نەکات بە کریسیس نابێت بە لاسایی کردنەوە و گێڕانەوە. هەرچەندە من شاعیر نیم بەڵام بەم جۆرە دەیهۆنێتەوە:
خواناسەکە هات و لە خواکان پاڕایەوە، تاکو ترۆی بگرن و ئاشتی بەرقەراربێت. پارە و دیارییەکان وەرگرن، کچەکەی ڕزگارکەن و سوپاسی خوابکەن. لە گەڵ ئەم گێڕانەوەیەدا کەسانی گوێگر ڕێز بۆ خواناسەکەش دادەنێن. بەڵام ئاگامەمنون تورە بوو، دەری کرد و گوتی؛ جارێکی دیکە بۆ ئێرە نەگەڕێیتەوە. ئەو گوتی؛ پێش ڕزگارکردنی کچەکە لە ئارگۆس لە گەڵیا پیردەبێت. بە کریسیسی گوت؛ بڕوات و ئەگەر دەیەوێت بە سەلامەتی بگاتەماڵەوە لەوە زۆرتر تورەی نەکات. کاتێک کریسیس ئەمەی بیست ترسا و بەبێ دەنگ

---

(25) بڕوانە ئیلیادی هۆمیرۆس(16-15).

گەڕایەوە. دوایی لە ئەپۆلۆ پاڕایەوە و بیری خستەوە چی بۆکردووە. داوای لە ئەپۆلۆ کرد بەرانبەر خزمەتەکانی بۆ خوا، دروستکردنی پەرستگایەک یان شتێکی دیکە بێت، خوا بۆ فرمێسک ڕشتنەکەی ئەخیانسەکان تیرباران بکات. ئەمە گێڕانەوەیە بەبێ لاسایکردنەوە.
من تێدەگەم.
کەوابوو، تێبگە، پێچەوانەی ئەمە لاسایکردنەوەیە. ئەمەش لە گەڵ لابردنی وشەی نێوان گوتەکاندا ڕوودەدات و گوتەکان بە ڕووتی دەهێڵێتەوە.
من تێدەگەم. تراجیدیا بەم جۆرەیە.
ئەوە بە تەواوی دروستە. ئێستا دەتوانم خاڵەکەی پێشو ڕوونبکەمەوە. جۆرێک لە هۆنراوەو چیرۆک لاسایی کردنەوەیە- دەشێت تراجیدی یان کۆمیدی بێت. جۆرێکی دیکە گێرانەوەیە لە لایەن شاعیرەکەوە. ئەمەش هەموو جۆرەکانی هۆنراوەی بە سۆز دەگرێتەوە. جۆری سێیەمیش، شێوەی گێڕانەوەی شیعری قارەمانێتیە، ئەگەر لەمەبەستەکەی من تێبگەیت.
من ئێستا لەمەبەستی تۆ تێدەگەم.
هەروەها، لەبیرت نەچێت لەپێشدا باسی ناوەڕۆکی چیرۆکەکانمان کرد. ئێستا لە گێڕانەوە ی ناوەڕۆک دەکۆڵینەوە.

بەڵێ، ئەوەم لەبیرە.
باشە مەبەستی من ئەمەیە: دەبێت لەسەر ئەوە ڕێکەوین ڕێگە بە شاعیر بدەین بەسەرهاتەکان بە لاسایی کردنەوە بگێڕێتەوە یان نا. ئەگەر ڕێگەی بدەین داخۆ بە تەنیا دەبێت لاسایی چەند شتێک بکاتەوە یان هەموویان. ئەو چەند شتانەش چین ئەو دەتوانێت لاساییان بکاتەوە؟

تۆ ئەو پرسیارە دەکەیت، ئایا لە شارەکەماندا ڕێگە بە کۆمیدی یان تراجیدیا دەدەین.
هەڵبەتە و لەوەش زیاتر چۆن من بەش بەحاڵی خۆم نازانم، با بزانین مشتومڕەکەمان بەرەو کوێمان دەبات.
باشە.
کەوابوو، ئەدیمەنتۆس بیربکەوە لەوەی پاسەوانەکانمان لاسایی کەربن یان نا.
ئایا ئەمەش پەیوەندی بەو خاڵەوە نیە لەپێشتر باسمانکرد و گوتمان هەرکەسە دەبێت پیشەی دیاریکراوی خۆی هەبێت چەندکارمەند نەبێت. ئەگەر بەم جۆرە نەبێت کەس لەبوارەکەی خۆیدا سەرکەوتوو نابێت؟
سەرکەوتوو نابێت.
سەرکەوتوش نابێت ئەگەر لاسایی زۆرشت بکاتەوە. تەنانەت لە دووشتدا، وەکو کۆمیدی و تراجیدیا کەسێک لە هەردووکیاندا سەرکەوتوو نابێت.

تۆ نەتگوت ئەم دووانە لاسایی کردنەوەن؟
من گوتم. تۆش ڕاستت گوت، کە کەسێک ناتوانێت لە هەردووکیاندا سەرکەوتووبێت.
تەنانەت ناتوانێت چیرۆک خوان و ئەکتەریش بێت.
ڕاستە.
بێگومان ئەو ئەکتەرانەی دەوری تراجیدیا دەبینن بۆ کۆمیدی دانانرێن.
لەگەڵ ئەوەشدا ئەمانە لاسایی کردنەوەن. وا نیە؟

بەڵێ، ئەوانە لاسایی کردنەوەن.
سروشتی مرۆڤ، ئەدیمەنتۆس، بۆ من وادەردەکەوێت ئاسنی وردتری لەنێودا مۆرکرابێت. ئەو ناتوانێت بە باشی لاسایی چەند شتێک بکاتەوە و وەکو ئەوان هەڵسوکەوت بکات.
ئەوە ڕاستە.
ئەگەر لەگەڵ بیروڕای یەکەممماندا بین پاسەوانەکان تەنیا بە کار و ئەرکی خۆیان هەستن نابێت لاسایی بکەنەوە. ئەگەر لاسایی کەرەوەش بن پێویستە لە منداڵیەوە بۆ ئەو کارە پەروەردەبکرێن، بۆ نموونە ئەگەر بیانەوێت ئازا، بڕواکەر، ئازاد و خۆگر بن. نابێت لەلاسایی کردنەوەی پیشە سوکەکان و شەرماوییەکاندا ژیربن و چێژ لەو لاسایکردنەوەیە وەرگرن. نازانیت کەسێک لە منداڵییەوە لاسایی بکاتەوە لاساییکردنەوە دەبێت بە بەشێک لە سروشت و خۆرسکی ئەو کەسە، لەنێو دەنگ و جوڵە و هەڵسوکەوتیدا ڕەگ دادەکوتێت؟
بێگومان دەزانم.
کەوابوو، ڕێگە نادەین بەو کەسانەی ئێمە بایەخیان پێدەدەین و دەمانەوێت ببن بە مرۆڤی چاک لاسایی کیژۆڵە و پیرێژن بکەنەوە. دە وری ئەوە ببینن لە گەڵ مێردەکەیدا ناسازە و بە دژ خواکاندا دەچێت و خۆی بە زل دادەنێت. وابیردەکاتەوە بەختەوەرە یان خەمبارە و خۆی بە بێبەخت دادەنێت یان نەخۆشە و لە خۆشەویستیدا دۆڕاوە یان ناتوانێت کاربکات.

ئەوە بەتەواوی دروستە.
نابێت لاسایی کۆیلەی مێینە و نێرینەش بکەینەوە.
نابێت.
مرۆڤی خراپیش، ئەوانەی ترسنۆکن و گاڵتە بە یەکدی دەکەن، ناوی یەکدی دەزرێنن، بە سەرخۆشی جنێودەدەن و خۆیان توشی هەڵە دەکەن. نابێت دەوری شێت بەگوتن و کردار ببینن. ئەوان دەتوانن لە بارەی ژن و پیاوی شێتەوە فێربن بەڵام نابێت وەکو ئەوان هەڵسوکەوت بکەن.
ڕاستە.
دەبێت لاسایی ئاسنگەر و پیشەمەندەکانی دیکە، ئەوانەی لەسەر کەشتی کاردەکەن بکەنەوە؟
چۆن دەبێت؟ ئەوە کارو پیشەی ئەوان نیە.
لەبارەی ئەمەوە چی دەڵێیت؟ دەبێت لاسایی حیلەی ئەسپ، بۆڕەی گا، خوڕەی ڕووبار، هاژەی دەریا و گرمەی هەور و ئەم جۆرەشتانە بکەنەوە؟
ڕێگەیان پێنادرێت شێت بن یان لاسایی شێت بکەنەوە.

من تێبگەم تۆ دەتەوێ بڵێیت یەک جۆر گێڕانەوە هەیە کەسێک چاک خۆی پێوەماندوو دەکات. جۆرەکەی دیکە، کە لەمەوە جیایە کەسێکی جیاوازتر خەریکی دەبێت.
ئەو جۆرانە کامانەن؟
بە بڕوای من، ئەگەر گوتە و کردەوەی کەسێکی چاک بگێڕینەوە دەبێت بەو جۆرە باسیبکەین، کە ئێمە ئەو کەسەین و شەرمیش نەکەین لاسایی بکەینەوە. زۆرچاک لاسایی کارەچاکەکان دەکەینەوە، کەمتریش یان بە نابەدڵییەوە لەو لایەنانە دەدوێین، کە کەسە چاکەکە بە باش دەرناخات. بۆنموونە ئەو کاتەی کەسە چاکەکە نەخۆشە یان لە ئارەزووی سێکسیدایە یان سەرخۆشە یان توشی بێبەختیەک دەبێت. ئێمە ئەم دەورەش بە باشی نابینین چونکە فێرنەکراوین لاسایی شتی خراپ بکەینەوە و حەزیان لێناکەین.

وادیاره بەم شێوەیە بێت.
لاسایکەر جۆرێک لەگێڕانەوە لە چیرۆکەکەی هۆمیرۆسدا، کەپێشتر باسمانکرد بەکاردەهێنێت. شێوازی گێڕانەوەکەی لاسایکردنەوە و جۆرەکەی دیکەشە. بەڵام، ئایا بە درێژایی گێڕانەوەی چیرۆکەکە لاسایی کردنەوە کەمتر نابینیت؟
ئەمە شێوازی گێڕانەوەکەیە.
کەسێک نەتوانێت دەورێکی چاک ببینێت چەند خۆی بە کەم ببینێت ئەوەندە زۆرتر حەزدەکات چیرۆکەکان بگێڕێتەوە و لە بەردەم جەماوەرێکی زۆردا هەموو دەورەکان، وەکو گرمەی هەور، گڤەی باو، دەنگی ویل، خولخلۆکە، زورنا و شمشاڵ و ئامێرەکانی دیکە و وەڕینی سەگ، باعەی مەڕ و دەنگی باڵندەکانیش ببینێت. دەوری ئەم جۆرەکەسە لاسایی کردنەوەیە بە دەنگ و جوڵەی لەش، کەمتر گێڕانەوەی تێدایە.
ئەوە ڕاستە.
ئەمانە دوو جۆر شێوازبوون من ئاماژەم بۆکردن.
ئەوانە دووجۆرن.
ئەگەر کەسێک لە گەڵ گێڕانەوەکەدا پارچە مۆسیقایەکیش لێبدات، کە لە گەڵ [بەسەرهاتەکەدا] دەگونجێت، ئایاخۆی لە گەڵ ئاوازەکەدا هاوسەنگ ناکات؟
ڕاستە.
بەپێچەوانەی ئەمەشەوە ئایا پێویستیمان بە هەموو جۆرە ئاهەنگێکی مۆسیقا نیە؟
ڕاستە.
ئایا شاعیرەکان پەیڕەوی یەک جۆر لەم دووانە دەکەن یان هەردووکیان تێکەڵ دەکەن؟
پێویستە پەیڕەوی بکەن.
ئێمە چ بکەین؟ ڕێگە بەکامیان بدەین؟

بە بیروڕای من ڕێگە بە ئەکتەرە چاکە کە بۆ لاسایی کردنەوەی کەسە چاکەکان دەدەین.
هێشتا، ئەدیمەنتۆس، دوو شێوازە تێکەڵەکەش خۆشە. منداڵان و فێرکەرەکانیان و زۆرکەس پەسەندی دەکەن. بەڵام تۆ لەو باوەڕەدایت بە گوێرەی بەرنامەکەمان بێت، چونکە هیچ تاکێک لەیەک کاتدا نابێت بە دوو کەس و هەر تاکە پیشەی [دیاریکراوی] خۆی پێدراوە.

بێگومان، پەیڕەوی بەرنامەکەمان ناکات.
ئایا ئەمە هۆ نیە بۆ ئەوەی لە شارەکەماندا پینەچی پیشەی پینەچێتی هەبێت و کەشتیەوانیش کاری پینەچێتی نەکات یان جوتیارێک جوتیاری بکات و نەبێت بە دادوەر و سەربازیش نەبێت بە بازرگان؟
ئەوە ڕاستە.
ئەگەر کەسێک فێرکرابێت هەموو دەورێک ببینێت و لاسایی هەموو شتێک بکاتەوە بێتە نێو شارەکەمان و هۆنراوەیەکی[قارەمانێتیمان] بۆ بگێڕیتەوە، پێویستە وەکو کەسێکی پیرۆز و سەرنجڕاکێش ڕێزیبگرین. بۆی باسدەکەین کەسێکی دیکەی وەکو ئەو لە شارەکەماندا نیە. بەڵام یاسا ڕێگەی نادات لێرە بمێنێتەوە. گوڵاو بە سەریا دەپرژێنین، سەبەتە گوڵ دەکەین بە تاج بۆ سەری و ڕەوانەی شارێکی دیکەی دەکەین. ئەو شاعیرانەمان پێویستە کەمتر بیر لە خۆشی بەخشین دەکەنەوە و لاسایی کەسانی چاکیش دەکەنەوە. ئەوانەی هۆنراوەکانیان لەو شێوازانە دەرناچن بۆ فێرکردن و پەروەردەکردنی سەربازەکانمان ڕایاندەگرین.

من لەگەڵتام.
لەوەدەچێت بە کۆتایی مشتومڕەکەمان سەبارەت شێوازی ناوەڕۆک و دەربڕینی هۆنراوە، چیروک و مۆسیقا گەیشتبین.
بەڵێ.

ئایا پێویست ناکات باسی هۆنراوەی گۆرانی و گۆرانیش بکەین؟
پێویستە.
ئایا کەس ناگاتە ئەو باوەڕەی، کە ئەمانیش دەبێت پەیڕەوی بەرنامە دامەزراوەکەمان بکەن؟
گلاوکۆن پێکەنی و گوتی: سوکرات من لەوە دەترسم نەگەیشتبێتمە ئاکام، چونکە بیرۆکەیەکی چاکم پێنیە دەربڕم و لەگوماندا دەژیم.
لەگەڵ ئەمەشدا، تۆ دەزانیت گۆرانی سێ توخمی هەیە، وشەکان، شێوازی هارمۆنی و هۆنینەوە.
بەڵێ، من دەزانم.
هۆنینەوەی وشەکان بۆ گۆرانی و مۆسیقا وەکو یەکن. لەبەرئەمە، پێویست ناکات بخرێتە بەر ڕۆشنایی بەرنامەکەمان؟
وایە.

هەروەها، شێوازی هارمۆنی و هۆنینەوەی گۆرانیەکە لەگەڵ وشەکاندا ڕێکناخەین؟
وایە.
لەپێشتر گوتمان لاوانەوە و هۆنراوەی خەمناکمان پێویست نیە.
بەڵێ گوتمان.
شێوازە خەمبارەکان چۆنن؟ تۆ بۆم باسکە چونکە تۆ مۆسیقازانیت. وەکو، میکسۆ- لیدیەن و سینتۆنۆ- لیدیەن و هەندێکی دیکەش.
پێویست دەکات لایانبەرین؟ تەنانەت بە کەڵکی ژنی چاک و بەڕێزیش نایەن.
بەدڵنیایەوە.
سەرخۆشی، نەرمی و تەمەڵیش بۆ پاسەوانەکانمان خراپن.
چۆن ڕەتیان دەینەوە؟
چ شێوازێکی نەرم بۆ کۆمەڵێک چاکە، کە دەخۆنەوە؟
ئەو گۆرانیە لەسەرخۆیانەی شێوازی ئەیۆنی و لیدیەن.
ئایا ئەم گۆرانیانە مرۆڤ دەکەن بەجەنگاوەر؟
هەرگیز نا. ئەوەی دەمێنێتەوە ئاوازەکانی دۆریەن و فریگیانە.
من شارەزای ئاوازەکان نیم. تۆ ئەو ئاوازەم بۆ باسبکە، کە بۆ لاسایکردنەوەی کەسێکی قارەمان و نەبەرد بەرانبەر زام و مردن و بێبەختیەکانیدا دەگونجێت و لەئاستیاندا خۆ ڕاگرە. ئاوازێکی دیکەشم بۆ دابنێ، کە پەیوەندی بە کەسێکی ئاشتی خوازەوە هەیە و کاریکی چاک دەکات، نوێژ بۆ خوا دەکات یان ستایش بۆ فێرکەرەکەی دەکات، زیادەڕۆیی ناکات، خۆگرە و لوت بەرزنیە و تێدەگات. ئەم دوو شێوازەم پێبناسێنە، کە زۆرچاک لاسایی زەبر یان کارێکی خۆکرد دەکاتەوە و دەنگی کەسانی قارەمان و مامناوەندی، لە حاڵەتی چاک و خراپدا تێدا بەرزدەبێتەوە.

ئەو شێوازی ئاوازانەی داوایاندەکەیت، ناوم بردن.
باشە، کەوابوو پێویستیمان بە پۆلّی هارمۆنیک و ئەو ئامیرە تەلدارانەش نیە لەگەڵ گۆرانیەکەدا لیبدرێن.
لەوانەیە پێویست نەبێت.
لێرەدا، پێویستیمان بەو کەسە نیە، کە عود و گیتارە و پۆڵی هارمۆنیک و ئامێرە تەلدارەکانی دیکە دروستدەکات.
دەردەکەویت پێویست نەبێت.
ئەی ئەو کەسەی شمشاڵ دروستدەکات و شمشاڵ لێدەدات؟ ڕێگەیان پێدەدرێت لەنێو شارەکەماندا بژین

ئایا هەموو جۆرەکانی هارمۆنیکا لە شێوەی شمشاڵ دروستنەکراون؟
بەدڵنیاییەوە.
باسی گیتار و تارمان نەکرد. ئەمانە بۆ شار و لادێش باشن. دەبێت لولەیەکیشمان هەبێت شوانەکان ئاوازی پێدەربهێنن.

لە مشتومڕەکەماندا ئەمەدەردەکەوێت.
ئەگەر ئەپۆلۆ و ئامێرەکانی لە مارسیاس و ئامێرەکانیمان پێ باشتربێت کارێکی نوێمان نەکردوە.

بەخوا وادەردەکەوێت.
[سوێنە بە سەگ] شارەکەمان لە ڕابواردن پاک کردۆتەوە.
چونکە زیادەڕۆییمان نەکردووە.
باشە. با شتەکانی دیکەش پاك بکەینەوە. پاش باسەکەمان لەسەر شێوازەکانی مۆسیقا دێینە سەر ڕێکخستنی مەوداکان. نابێت ناسکی و هاوکات فرە جۆریشمان لە مەوداکاندا هەبێت. بەڵکو پیویستە بەدوای ئەو کەسەدا بگەڕیین، کە هۆنینەوەکەی هاندەری ئازایەتییە. مەوداو ئاوازەکەی وەردەگرین و لەگەڵ هۆنراوەکەدا دەیگونجێنین. ئەنجا دەکەوێتە سەر تۆ بڕیار لەسەر چیەتی هۆنینەوەکە بدەیت.
نازانم چی بڵێم ، وەکو چۆن چوارشێوازهەن دەتوانم سێ جۆر مەودات بۆ دەستنیشان بکەم، کە دەبن بە بناخە بۆ ئەوانی دیکەش. بەڵام ناتوانم لاساییکردنەوەی ژیان لای ئەم مەودایانە ڕوونبکەمەوە.
ڕوودەکەینە دامون تاکو پێمان بڵێت چ جۆرە مەودایەک لەگەڵ ژیانی کۆیلایەتی، لاساری، شێتی و کارەخراپەکانی دیکەو دژەکانی ئەم شێوازانەشدا دەگونجێت. بیستومە (ئینۆپلیۆنی) بۆ مەودا داناوە (بەڵام دڵنیانیم) هەروەها بڕگە یان مەودای قارەمانێتی هەڵبەستوە. نازانم بەرزی و نزمییان چۆنە. بۆیدەچم هەر یەکێک لەوانەی ناو ناوە(ئیامبوس) و (ترۆچی) و درێژ و کورتی کردوونەتەوە. لە هەندێکیاندا خێراییەکەشی کەم کردۆتەوە. بەڵام نازانم ئەوانە چۆنن.

بۆ ئەمە ڕوو لە دامون دەکەین. دیاریکردنی جیاوازییەکانیان مشتومڕی پێویستە. پیویست دەکات ئێمە باسیانبکەین؟
نا، پێویست ناکات.
بەڵام تۆ جیاوازییەکانیان دەبینیت. هۆنینەوە لە سەر بەخشندەیی و بێبەخشندەیی، وەکو خراپ و چاکە یە.
هەڵبەتە.

بێجگە لەمە، بەو جۆرەی باسمانکرد، ئەگەر هۆنینەوەو شێوەکەی بەرانبەر وشەکان بوەستن ئەم پەیوەندییەش پێویست بێت هۆنینەوەی چاک دەبێت وشەی چاکی تێدابێت و هۆنینەوەی خراپیش وشەی خراپ. ئەمە بۆ ئاوازی هارمۆنی و نا هارمۆنیش دروستە.

دڵنیام ئەمانە پەیوەندییان بە وشەکانەوە هەیە.
سەبارەت بە ناوەڕۆک و شێوازی وشەکانەوە چ دەڵێیت؟ ئایا پەیوەندییان بە دەروونی گوتەکەرەکەوە هەیە؟
هەڵبەتە.
هەموویان پەیوەندییان بە وشەکانەوە هەیە؟
بەڵێ.
کەوابوو، وشەی چاک ، هارمۆنی، بەخشندەیی و هۆنینەوە دەبێت سادە بێت. مەبەستم لە سادەیی گوتەی نەرم و بیرکردنەوەی ساکارانە نیە. مەبەستم ئەو جۆرە سادەییەیە، کە لەگەڵ نەخشە و پلانەکانی ژیرییدا کۆکن.
ئەمە بە تەواوی دروستە.
پێویست ناکات لاوەکانمان لە هەر شوێنێکدا کاربکەن پەیڕەوی بکەن؟
پێویست دەکات.
ئێستا دێینە سەر وینەکێشان، کە ئەم خەسڵەتانەی تێدایە. هونەرەکانی دیکەش بەم جۆرەن؛ تەون کردن، چنین، تەلارسازی و ئە وپیشەیەی کەل وپەلی نێومالْ دروست دەکات خاوەنی ئەم خەسڵەتانەن. لەشمان پڕە لەم خەسڵەتانە. لەنێو هەموویاندا بەخشندەیی و نابەخشندەیی هەیە. نابەخشندەیی، هۆنینەوەی خراپ و ناهارمۆنی پەیوەندی بە ڕەفتار و وشەی خراپەوە هەیە. دژەکانیشیان لاسایی کردنەوەی ڕەفتارە چاکەکان و مامناوەندییەکانن.
بەتەواوی دروستە.
ئایا تەنیا سەرپەرشتی شاعیرەکان دەکەین و ناچاریان دەکەین وێنەی چاک لە هۆنراوەکانیاندا دەربڕن؟
ئایا داوا لە هونەرمەندانی دیکە ناکەین لە تابلۆ و تەلار و بەرهەمەکانیاندا ڕەفتاری کۆیلایەتی و بەڕەڵایی و نابەخشندانەمان نیشاندە دەن؟ ڕیگە بەو هونەرمەندە دەدرێت، کە سەرپێچی ئەم[بڕیارانە] دەکات لە شارەکەمان بژی و نموونەی خراپ بە پاسەوانەکانمان نیشانبدات و دەروونیان پڕبکات لەخراپە؟ ئایا پێویست دەکات بەدوای هونەرمەندی کارچاکدا بگەڕێین تاکو لاوان ژیانێکی تەندروستمەندیان هەبێت، سودوەرگرن و لەمنداڵییەوە فێری هاوڕێیی هارمۆنی و جوانی ژیری بن؟
ئەم شێوەیەی دوایی چاکترین جۆری پەروەردەکردنە بۆ لاوان.
ئەمانە بۆ گرنگی فێربوونی هۆنراوە و مۆسیقا هۆ نین؟

یەکەم، لەبەرئەوەی هۆنینەوە و هارمۆنی لە هەموو شتێک زۆرتر بە ناخیاندا دادەچۆڕێن و کاریانتێدەکەن ئەوانەی هۆنراوەو مۆسیقا دەخوێنن فێری بەخشندەیی دەبن.
دووەم، هەر کەسێک هۆنراوە و مۆسیقا بخوێنێت بە ئاسانی هەست بە کەموکورتی لە بەرهەمێکدا دەکات. لەبەر ئەوە، ناڕێکی پەسەند ناکات و حەزی لە کاری چاکە. ئەوە ی هۆنراوە و مۆسیقا دەخوێنێت دەزانێت لە تەمەنی لاوێتیەوە چۆن دژی کارە شەرماوییەکان ڕاوەستێت و ڕقی لێیان بێت. دەزانێت چۆن پێشوازی ژیری بکات چونکە ئەو لە ژیرییەوە نزیکە.

بەڵێ، من لەسەر ئەم هۆیانە بۆ خوێندنی هۆنراوە و مۆسیقا هاوڕام.

ئایا دروستە، ئەگەر وێنەی کۆمەڵێک پیت لە ئاوێنەدا یان لەنێو ئاودا ببینین ئێمە ئەو پیتانە تاکو بە ڕاستی نەبینین نە ناسینەوە چونکە دەرکەوتنەکەیان بەشێکە لەو هونەرە؟
بەتەواوی وایە.
توخوا پێم بڵێ، ئایا دروست نیە ئێمە تاکو فۆرمەکانی مامناوەندی و ئازایەتی و ڕاستگۆیی و ژیری نەناسین و دژوەستاوەکانیان نەدۆزینەوە نەتوانین پاسەوانەکانمان فێری هۆنراوە و مۆسیقا بکەین؟ ئەم فۆرمانە لە هەموو شوێنێکداڕووبەڕوویان دەبنەوە و دەردەکەون. گرنگ نیە بەگەورەیی یان بچوکی نوسرابێتن، ئەوان سەر بە جۆرێک هونەرن؟

ئەوە بە تەواوی دروستەو بنەڕەتیە.
ئەگەر کەسێک خاوەنی دەروونێکی چاک و لەشێکی جوانیش بێت دەروونی و لەشی پێکەوە هاوسەنگ بن، ئایا ئەوە جوانترین شت نیە تەماشای بکرێت؟
بەدڵنیاییەوە.
ئایا جوانترین شت پەسەندترینیش نیە؟
هەڵبەتە.
مۆسیقازانیش لە هەموو کەسێک زۆرتر ئەو جوانیەی لاپەسەندە. حەز لە شتێک ناکات هارمۆنی نەبێت؟
نەخێر، حەزیلێناکات، بەتایبەتی ئەگەر کەمو کورتیەکە دەروونی بێت. ئەگەر لە لەشدا بێت لەگەڵیا ڕادێت و بەدوای لەشێکی جوانتردا دەگەڕێت.
من تێدەگەم، کە تۆ ئەو لاوەت خۆشدەوێت یان خۆشت ویستوە. من لەگەڵتا ڕێدەکەوم. بەڵام پێم بڵێ، ئایا زیادەڕۆیی لە چێژوەرگرتن لەگەڵ مامناوەندێتیدا دەگونجێت؟
چۆن دەگونجێت؟ وەکو ئازار مرۆڤ بەرەوشێتی دەبات.
سەبارەت بە چاکەکانی دیکەوە، چ بیروڕایەکت هەیە؟
بەم جۆرە نین.
ئایا لەگەڵ زەبر و پەیوەندی سێکسی ناڕێکیدا دەگونجێیت؟
وایە.
لەوباوەڕەدایت چێژێک هەبێت لە سێکس خۆشتربێت؟
لەوباوەڕەدانیم.
بەڵام خۆشەویسستی دروست و سروشتی ئەو جۆرەیە، کە ڕێکو جوانە. لە ڕێگەی پەروەردەکردنی ئەو کەسە بە هۆنراوە و مۆسیقا شێوازێکی مامناوەندی وەرگرتوە.

ئەوە ڕاستە.
کەوابوو خۆشەویستی دروست پەیوەندی بە کاری شێتانە و پەیوەندی سێکسی ناڕێکەوە نیە؟
نەخێر، پەیوەندی نیە.
لەم حاڵەتەدا، پەیوەندی بە چێژی سێکسیشەوە نیە. ئەوانەی خۆشەویستی دەکەن بیر لە چێژی سێکسی ناکەنەوە؟

نا، بەخوا، سوکرات نابێت بیریلێبکەنەوە.
دەردەکەوێت، تۆ یاسایەک لەشارەکەدا بۆ هاووڵاتیان دادەمەزرێنیت. هەرکەسێک کوڕێکی خۆشبوێت دەتوانێت داوای ماچی لێبکات، لەگەڵیا بێت، وەکو باوک و کوڕ، لەنێو پەیوەندییە چاک و جوانەکەدا دەستی لێبدات. لەمە زۆرتر پەیوەندییەکەیان تێنەپەڕێت ئەگینا وەکو ئەو کەسەی لە هۆنراوە و مۆسیقا نازانێت و جوانی و چاکە ناناسێت ڕەفتاردەکات.
ئەوە ڕاستە.
تۆ لەو باوەڕەدایت باسەکەمان لەسەر پەروەردەی هۆنراوە و مۆسیقا تەواو بووبێت؟ بە هەرحاڵ، لەگەڵ خۆشەویستی بۆ چاکە و جوانی کۆتایی هات.
لەگەڵتا هاوڕام.
دوای هۆنراوە و مۆسیقا لاوەکانمان فێری وەرزش دەکەین.
هەڵبەتە.
لێرەشدا پێویستە پەروەردەکردنەکەیان لە منداڵییەوە سەرپەرشت بکرێت. بە دیدی من، وادیارە، لەشێکی بە سروشت تەندروست نابێتە هۆی دەروونێکی چاک بەڵکو بەپێچەوانەوە ڕاستە. دەروونی چاک لەشێکی تەندروست دروستدەکات. ئەمە بە لای تۆوە چۆنە؟
بەڕای من وایە.
ئایا پاش ئەوەندە بایەخدان بە پەروەردەکردنی دەروون پێویست ناکات سەرپەرشتی پەروەردەکردنی لەشیش بکەین؟

بەدڵنیاییەوە.
گوتمان، کە نابێت پاسەوانەکان خۆیان سەرخۆش بکەن و نەزانن لە کوێدا دەژین.
نابێت، پاسەوان بۆ پاسەوان ڕاگرین.
لە بارەی(خواردن) ەوە چی دەڵێیت؟ ئایا ئەم پاسەوانانە وەرزش کار نین؟
بەڵێ، وەرزش کارن.
ئایا ئەو پارێزەی بۆیان دادەنێین لەپێناوی ئەواندا نیە؟

بەڵێ وایە .
لەوانەیە ببێتە هۆی سستی و تەمەڵییان و بۆ تەندروستیان بکەوینە گومانەوە. ئایا دەزانیت، کە لادان لەو پارێزە دەبێتە هۆی نەخۆشی لە وەرزش کارەکاندا؟

من دەزانم.
کەوابوو، پاسەوانە وەرزش کارەکانمان پێویستیان بە مەشق و ڕاهێنانی تەواو هەیە. وەکو سەگی ڕاوچی دەبێت نەخەون و بە ئاگابن. لەگەڵ گۆڕانەکانی خواردن و خواردنەوە، زستان و هاوین خۆڕاگر بن و تەندروستیان بەرەو خراپی نەڕوات.
بە دیدی منیش، دەبێت بەم جۆرەبێت.
ئێستا، نابێت ئەو وەرزشە لەو هۆنراوەو مۆسیقایانەوە نزیک بێت، کە فێریاندەکرێت؟
چۆن؟

مەبەستم وەرزشێکی سادەیە[وەکو جۆری هۆنراوە و مۆسیقاکە] بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە مەشقکردن و خۆئامادەکردن بۆ جەنگ هەیە.

ئەوە چۆنە؟

دەشێت لە هۆمیرۆسەوە فێربیت. تۆ دەزانیت،[هۆمیرۆس] ماسی و گۆشتی کوڵاو بۆ قارەمانەکانی پێش جەنگ دانانێت؟ بۆنموونە، لە جەنگی هێلیسپۆندا ئەمە دەبینین. هەر چەندە[قارەمانەکان] نزیک دەریاشن ئەو گۆشتیان بۆ دەبرژێنێت و ئەیانداتێ. ئەمە بۆ سەرباز بە ئاسانی ئامادەدەکرێت چونکە ئاگرکردنەوە لە هەموو شوێنێک ئاسانە و پێویستشمان بە لەگەن و ئاو نیە.

ئەوە ڕاستە.

لەو باوەڕەدام هۆمیرۆس باسی شیرینیشی نەکردووە. تەنانەت وەرزش کارەکانیش نازانن، کە نابێت ئەم جۆرە شتانە بخۆن.

من نازانم.

کەوابوو، تۆ لەگەڵ ئەوە شدانیت، کە ژنە کۆرینتیانەکان بۆ پیاواکان دەبێت تەندروسمەندبن.

من لەگەڵ ئەوەدام.

سەبارەت بە خواردنی شیرینی و کێک چ دەڵێیت؟

نابێت بیخۆن.

ئێمە دەتوانین ئەم پاریز و جۆری ژیانە لەگەڵ هۆنینەوە و دانانی هۆنراوە و گۆرانیەکاندا[کە بۆ لاوەکان بڕیارمان لە سەردان] بەراورد بکەین.

بێگومان.

ئایا ئەو[خواردنانە] وەکو چۆن خۆڕازانەوە و خۆجوانکردن دەبێتە هۆی ڕوودانی جوتبونێکی سێکسی ناڕێک، تەندروستی بەرەو خراپی نابات؟ ئایا سادەیی لە هۆنراوە و مۆسیقادا دەروون ئارام ناکات و لە ئاستێکی مامناوەندا ڕایناگریت؟ وەرزش لەش تەندروست ناکات؟

ئەمە بەتەواوی دروستە.

لە کاتێکدا بەڕەڵایی سێکسی و نەخۆشی بە شارەکەماندا بڵاودەبێتەوە پێویست ناکات دادگاو نەخۆشخانە بکەینەوە؟

پێویستە.

چی هەیە لەوە شەرمتر وخراپتر لە شارێکدا نەک تەنیا کەسانی سادە بەڵکو ئەوانەی بەڕێکوپێکیش پەروەردەکراون و ئازادن پێویستیان بە پزیشک و پارێزەری زۆرتر هەبێت؟ ئایا کارێکی خراپ نیە دادوەری بە زەبر لە ڕێگەی دادوەرەکانەوە بسەپێنرێت چونکە تۆ ناتوانیت چارەسەری کێشەکە بکەیت؟

بەدیدی من زۆرشەرمە.

ئایا شەرم نیە کەسێک زۆربەی کاتی خۆی لە دادگادا بۆ بەرگری کردن لە خۆی یان تاوانبارکردنی کەسێکی دیکە بەرێتە سەر. لەبەر ئەوەی خاوەنی ئەزموون نیە بەشانازییەوە لە کارە نادادوەرییەکەیدا خۆی بە ژێر دابنێت، هەموو جۆرە فێڵێک بەکاربهێنێت تاکو لە دادگا تاوانبار نەکرێت. ئەمەش لە پێناوی شتێکی بچوکدا و

نازانێت باشترە ژیانی خۆی ڕێکبخات و پێویستی بەدادوەرێکی خەواڵو یان گوێنەگر[لەدادگایا] نەبێت.
ئەمە لە کێشەکەی دیکە شەرماویترە.
ئەی شەرم نیە کەسێک، نەک لەبەر ئەوەی بریندرابووە بەڵکو ئاگای لە خۆی نیەو تەمبەڵە سکی بادەکات و سنگی پڕە لە بەڵغەم. پزیشکەکانی ئەسکلیپیاد بە زۆر ڕادەکێشینە[شارەکەمان] تاکو چارەی بای سکیان و هەڵامەتەکەیان بکات؟
وایە. ئەمانە ناوی نوێن بۆ نەخۆشی.
دڵنیام، لە سەردەمی ئەسکلیپیادس نەبوون.(26) بەڵگەش بۆ ئەمە ئەو جۆری دەرمانەبوو، کە ژنێک بۆ برینەکەی یوریپلوسی گرتیەوەو پاترۆکلیس داوایکرد لە شەراب و جۆ و پەنیر دروستبکرێت و بخرێتە سەربرینەکە ی. کوڕەکانی[ئەسکلیپیۆس] لە ترۆی ڕەخنەیان لێنەگرت. بەڵام ئەمڕۆ ئەو دەرمانە بەکارنایەت چونکە دەبێتە هۆی سوربوونەوەی برینەکە.
دەرمانێکی سەیرە لەو حاڵەتەدا بە نەخۆش بدرێت.
سەیر نیە ئەگەر لە بیرت بێت، کە ئەو دەرمانە پێش هیرۆدکێس ئەسکلیپیادس بەکارینەهێناوە. ئەو[پێش پیشەی پزیشکی] فێرکەری یاری وەرزش بوو. کاتێک نەخۆش کەوت خۆی فێری پزیشکی کردو لەپێشدا خۆی دەرمانەگیراوەکانی بەکارهێنا و دوایی بە نەخۆشەکانی دەدا.
چۆن ئەوکارەی کرد؟
لە ڕێگەی پارێزێکی زۆرەوە. بە بەردەوام بەدوای چێژ و خۆشیدا دەرمانی بەکاردەهێنا. ئەگەر تۆزێک لەو پارێزە لایدایە تەندروستی بەرەو خراپی دەڕۆیشت. لەبەر ئەمە بە تەمەنی درێژەوە ژیا.
ئەوە خەڵاتی لێزانینەکەیەتی.
ئەمە بۆ کەسێک دەگونجێت، کە نەزانێت و خاوەن ئەزمون نەبێت چونکە نازانێت ئەسکلیپیۆس لە فیرکردنی کوڕەکانیا سەرکەوتوو نەبوو. ئەو لەو باوەڕەدابوو هەر تاکە پیشەی خۆی هەیە. کەس بۆی نالوێت بە درێژایی تەمەنی نەخۆش بێت و لەژێر چاودێری پزیشکدا بێت. بێ واتایە ئەگەر ئەم جۆرە ژیانە بۆ کارمەندێک بە دروست و بۆ دەوڵەمەندێک و بەختەوەرێک بە نادروست دابنێین.
چۆن؟
کاتێک دارتاشێک نەخۆش دەکەوێت چاوەڕوانە پزیشکەکەی بە دەرمان یان نەشتەرگەری چارەی بکات. ئەگەر کەسێک پێشنیاری ئەوە بکات، کە دەبێت بە سەر پێچراوی بۆ ماوەیەکی درێژخایەن ڕاکشێ دەڵێت، کە نەخۆشی بۆ ئەو دەستنادات و ناتوانێت واز لە کارەکەی بهێنێت و تەنیا بیر لە نەخۆشیەکەی بکاتەوە. پزیشکەکە جێدەهێڵێت و دەچێتەوە سەرکارەکەی. لێرەدا لە خۆیەوە چاکدەبێتەوە یان بەنەخۆشیەکەوە دەمرێت.
چاکترە ئەو کەسە، بەم جۆرە دەرمان بەکاربهێنێت.

----

(26) ئەسکلیپیادس خواوەندی پزیشکی گوایە کوڕی ئەپۆلۆ بووە. زیۆسی گەورە خواوەند لەوە ترساوە ئەسکلیپیادس بە دەرمان ژیانی هەمیشەیی بۆ مرۆڤ دروستبکات. لەبەر ئەوە بە هەورە بروسکە کوشتویەتی. هۆمیرۆس لە ئیلیادا وەکو پزیشکێکی بلیمەت ناوی هێناوە. یۆنانییەکان پلەی خوایەتییان لە ئەفسانەکانیاندا داوەتێ. (وەرگێڕ)

ئایا لەبەر ئەوەی ژیان بێ نرخە لای بەکاری خۆی هەڵناسێت؟
ئاشکرایە.
بەڵام دەوڵەمەندێک، گوتمان، کارێک ناکات ژیانی بۆ دژوارکات.
ئەوە بۆچوونی زۆرکەسە.
تۆ نەتبیستوە فۆسیلیدس دەڵێت، کاتێک ڕێگای ژیانت دۆزییەوە دەبێت چاکە بکەیت. (27)
لەو باوەڕەدام لە پێش ئەوەشدا دەبێت چاکە بکرێت.
ئێمە لەگەڵ فۆسیلیدس لە سەر ئەم کێشەیە مشتومڕ ناکەین. با بزانین داخۆ دەوڵەمەندێک پێویستە چاکەکەربێت. ئەگەر چاکەی نەکرد ژیانی دژواردەبێت و نەخۆش دەکەوێت؟

بەڵام بایەخدانی زۆر بە لەش لە ژوور وەرزش و مەشقەوە یەکێکە لە ڕێگرە گەورەکان. لە ژیانی سەربازی و فەرماندەییشدا بایەخدان بە نێو ماڵ کاریکی ئاسان نیە.
لە هەموویان گرنگتر ئەوەیە، کە هەموو جۆرێکی فیربوون، بیرکردنەوە یان تێڕوانینێکی تایبەتی سەخت دەکات. گوایە ئەو کەسە توشی ژانی سەر و گێژبوون دە کات. فەلسەفەش بە سەرچاوەی ئەم[ژانی سەرو گێژبوونە] دەبینرێت و تاوانبار دەکرێت. لەهەر شوێنێکدا بمانەوێت چاکە بکەین زیادەڕۆیی لە بایەخدان بە لەش دەبێت بە ڕێگری چونکە ئەو کەسە واهەستدەکات نەخۆشە و ئاگای لە لەشی بێت.

دەشێ وابێت.
کەوابوو، ئێمە نەمانگوت ئەسکلیپیۆس ئەمەی دەزانی و بۆ ئەوانەی لەش و ڕەفتاریان بە سروشت چاکە و تەندروستە فێرکەرێکی پزیشکی بوو، بەڵام توشی نەخۆشییەکی ناسراو بوون؟ چارە و دەرمانەکەی بۆ ئەم جۆرە کەسانە بوو. بەدەرمان و نەشتەرگەری چارەی نەخۆشیەکەی دەکردن و ئامۆژگاری دەکردن ژیانێکی ئاسایی بگوزەرێنن. بەڵام ئەوانەی لەشیان ببوو بە مەتەڵی نەخۆشی بە تێکەڵکردنی چەند جۆرە دەرمانێک، تۆزێک لێرە و تۆزێکیش لەوێ، هەوڵی دەدا درێژە بە ژیانە سەخت و پڕ ئازارەکەیان بدات تاکو بتوانن منداڵی وەکو خۆیان بهێننە جیهانەوە. ئەو بیری لەوە نەکردەوە نابێت چارەی ئەو نەخۆشە بکات، کە ناتوانێت ژیانێکی ئاسایی بژی و سودیشی بۆ خۆی و شارەکەی هەبێت.
ئەو ئەسکلیپۆسەی تۆ باسیدەکەیت سیاسەتمەداریش بووە.
ئاشکرایە. نابینیت، لەبەرئەوەی سیاسەتمەدار بوو کوڕەکانیشی لە شاری ترۆی، وەکو کەسانێکی چاک چارەی نەخۆشی و برینی خەڵکیان دەکرد؟ لەبیرتە چۆن خوێنیان لە برینەکەی مینەلاوس دەرهێنا، پێچایانەوە و پارێزیان بۆدانەنا؟ ئەگەر پاش تیمارکردنی برینەکە شەراب و شۆربای جۆ و پەنیریشیان بخواردایە گرنگ نەبوو. بەڵام ژیانی ئەوانەی بە سروشت نەخۆش و بەڕەلاَبوون بۆ شارەکەیان سود بەخش نابینرێت. دەرمان بۆ ئەم جۆرە کەسانە دروستنەکراوە و نابێت چارەشیان بکرێت. تەنانەت ئەگەر ئەم کەسانە لەمیداسیش دەوڵەمەنتربووبن.

---

(27) فۆسیلیدس لە ناوەڕاستی سەدەی شەشی پێش زاییندا ژیاوە. شاعیری لاوانەوەی یۆنانە و بەو شاعیرەش ناسراوە، کە هۆنراوەی گاڵتەی هۆنیوەتەوە. (وەرگێڕ)

کوڕەکانی ئەسکلیپیۆس، کە تۆ ناویاندەهێنیت شارەزا و لێهاتوو بوون.
وایە. بەڵام پیندار و نوسەرە تراجیدییەکان لەگەڵ ئێمەدا هاوڕانین.
بە دیدی ئەوان، ئەسکلیپیۆس کوڕی ئەپۆلۆی[خواوەند] بوو. زێڕیان بە بەرتیل دایە تاکو چارەی نەخۆشیی دەوڵەمەندێک بکات. لەسەر ئەو کارە بە هەورە بروسکە کوژرا. ئێمە باوەڕمان بەمە نیە. ئەگەر ئەسکلیپیۆس کوری خوا بوایە بەرتیل خۆر نەدەبوو. ئەگەر بەرتیل خۆریش بێت نابێ کوڕی خوا بێت.
ئەوە ڕاستە. بەڵام، سوکرات تۆ سەبارەت ئەمە چ دەڵێیت؟ ئایا پێویستیمان بە پزیشکی چاک بۆ شارەکەمان نیە؟ چاکترین پزیشکیش ئەو کەسەیە، کە چارەی زۆر نەخۆشی کردبێت. بەهەمان جۆریش دادوەری چاک ئەوەیە، کە زۆردادگای بەڕێوەبردبێت.
من لەگەڵتام. دەبێت پزیشک و دادوەر چاک بن. بەڵام تۆ دەزانیت، کێ لای من چاکە؟
ئەگەر تۆ پێم بڵێیت.
من هەوڵدەدەم پێت بڵێم. بەڵام لە پرسیارەکەتا ئەو شتانە ڕیزدەکەیت، کە لە یەکدی ناچن.
لە چ ڕوویەکەوە؟
چاکترین پزیشک ئەوەیە، کە بێجگە لەوەی لە بوارەکەی خۆیدا شارەزاو لێزانە لە منداڵییەوە ژمارەیەکی زۆر نەخۆشی بینیوە و ئیشی لە سەریان کردووە. بەو ئەزموونانەدا تێپەڕیوە و چارەی بۆ داناون. چارەکردنەکەش تەنیا لەڕێگەی لەشەوە نیە و دەروونیشە. ئەگەر دەروون خراپ بێت ناتوانێت لە چارەکردنەکەدا بەشداربێت و دەوربببینێت.
ئەوە ڕاستە.
سەبارەت دادوەرەکەش حوکم بە سەر دەروونی ئەوانی دیکەدا دەدات.
ئایا کەسێک لە منداڵییەوە لەنێو دەروونە خراپکەرەکاندا بژی لە تاوانەکاندا بەشداری بکات، دەتوانێت حوکمیان بەسەردا بدات، وەکو[پزیشکەکە] چارەی نەخۆشییەکان بکات؟ دادوەری چاک لە تاوان و خراپە بەدەرە. دەروونێکی پاکی هەیە و لە تەمەنی لاوێتیشدا بە ئەزموونی خراپدا ناڕوات. لەبەر ئەمەشە کەسانی چاک سادەن و بە ئاسانی کەسانی خراپ فێڵیان لێدەکەن. ئەوان ئەزمونی خراپیان نیە تاکو ببێت بە ڕێگە ناسیان و لەوێوە حوکمبدەن.

بەڵێ، وایە.
کەوابوو، دادوەری چاک دەبێت بە تەمەن لاو نەبێت. لە ئەزموونی ژیان فێربووە نادادوەری چیە، نەک لەبەر ئەوەی خۆی بەو کارە هەستاوە و دەروونی پڕە لە خراپە. خراپەی لە ڕێگەی کەسانی دیکەوە ناسیوە و زانیاری لەبارەوە پەیداکردووە.
ئەو دادوەرە چاکتر نیە.
ئەوچاکە، چونکە دەروونێکی چاکی هەیە. کەسێکی تاوانکەر و نادادوەر، ئەوەی خۆی بە نایاری زانادادەنێت، لەنێو دەستەوتاقمی کەسانی وەکو خۆیدا ژیر دەردەکەوێت. بەڵام کە دەکەویتە نێو کەسانی چاک و بە تەمەن گەمژە و نەزان دیارە چونکە لەو شێوازی ژیانە نازانێت. لەبەر ئەوەی زۆربەی کاتیش لەنێو دەستەو تاقمی هاوڕەنگی خۆیەتی بەژیر دادەنرێت.
ئەوەش بەتەواوی ڕاستە.
گەران بە دوای دادوەرێکی چاکدا پێویستە. کەسێکی خراپ و دڕندە نە خۆی و نە کەسێکی چاک دەناسێت.

کەسێکی چاکیش باشتر لە ڕێگەی فێرکردنەوە زانیاری سەبارەت چاکە و خراپە پەیدادەکات. بە دیدی من، ئەو کەسە چاکە نەک کەسە خراپەکە دەبێت بە زانا [**فەیلەسوف**].

من لەگەڵ بۆچوونەکەتدام.

کەوابوو، تۆ لەگەڵ ئەوەدانیت ئەم جۆرە دەرمان و دادوەرییە لە شارەکەماندا ڕێگەی یاساییان پێبدرێت سەرپەرشتی دەروون و لەشی ئەو هاوولاتیانە بکەن بە سروشت لەم دووڕووەوە چاکن؟ ئەوانەی، کە بە سروشتیش نەخۆش و خراپن وازیان لێناهێنیت بمرن یان ئەوانەی تاوانبارن بە سزای مردن بگەن؟ ئەمە لە ڕێگەچارەیەکی چاک دەچێت بۆ ئەو کەسانە و شارەکەشمان. هەروەها، ئەو لاوانەی پەیڕەوی ژیانێکی سادە دەکەن مۆسیقا و هۆنراوە دەخوێنن و زیادەڕۆنین و بە ئاگان لەوەی پێویستیان بەدادوەرە یان نا.

ئەوەڕاستە.

ئەی ئەو کەسەی مۆسیقا و هۆنراوە دەخوێنێت بە هەمان شێوەش وەرزش دەکات؟ یان تەنیا لە کاتی پێویستیدا دەرمان بەکار دەهێنێت؟

لەو باوەڕەدام.

مەبەستی ئەو کەسەش لە وەرزش وەدەستهێنانی هێز نیە بەڵکو بەرزکردنەوەی ورەی دەروونیە.

ئەوە بەتەواوی ڕاستە.

کەوابوو، گلاوکۆن، پێم بڵێ مەبەستی ئەو کەسانەی بەم فێربوونەدا تێدەپەڕن، مۆسیقا و هۆنراوە دەخوینن و وەرزش دەکەن چیە؟ ئایا نایانەوێت لە ڕێگەی دەروونەوە ئاگایان لە لەشیان و لەشیش ئاگای لە دەروونیان بێت؟ ئایا هیچ مەبەستێکی دیکەیان هەیە؟

چ مەبەستێکی دیکە؟

لە وەدەچێت هەردووکیان لە خزمەتی دەرووندا بن؟

چۆن؟

ئایا کاریگەرێتی ژیانێکی درێژخایەن لە ڕیگەی وەرزشەوە بەبێ فێربوونی مۆسیقا و هۆنراوە یان فێربوونی مۆسیقا و هۆنراوەش بەبێ وەرزش بە سەر دەروونەوە دەبینیت؟

چ جۆرە کاریگەرێتیەک؟

دڕندەیی و ڕەقی لەیەکێکیاندا، نەرمی و زێدە دەستکەوتن لەوی دیکەدا.

لەو خاڵە تێدەگەم. بە دیدی تۆ ئەوانەی وەرزشی زۆر دەکەن دڕندە دەردەچن. ئەوانەی مۆستقا و هۆنراوەش دەخوێنن کەسانێکی نەرمترن لە پێویست.

لەسەرو ئەمەشەوە، دەروون سەرچاوەی دڕندەییە. ئەگەر ئەو دەروونە سەرپەرشتی بکرێت ئازا دەردەچێت و زۆریش ببەسترێتەوە ڕەق و توند دەبێت.

وادیارە.

ئایا لایەنی فەلسەفی لە سروشتی مرۆڤدانیە، کە دەبێتە سەرچاوەی فێرکردن و بەخێوکردن؟ ئەگەر بە تەواوی بەرەڵای بکەین و وازیلێبهێنین لە ڕادەی خۆی نەرمتر دەردەچێت. ئەگەر بە ڕێکوپێکی سەرپەرشتی بکرێت ئاکامێکی چاکتریشی دەبێت .

ئەوە وایە.

ئێمە لەو باوەڕەداین پاسەوانەکانمان ئەو دوو سروشتەیان هەبێت.

پێویستە.
پێویستە، هەردووکیان هاوتەراز بکرێن؟
بێگومان.
ئایا هاوتەراز بوونەکە دەروون مامناوەند و ئازا دەکات؟
بەدڵنیاییەوە.
ئەگەر هاوتەراز نەکران [کەسەکە] دڕندە و ترسنۆک دەکات؟
بەڵێ، بەدڵنیاییەوە.
ئەوەی گوێ لە مۆسیقا دەگرێت دەنگی شیرین و خۆشی شمشاڵێک بە لولەی گوێیدا دەچۆڕێتە نێو دەروونیەوە هەموو ژیانی دەبێت بە گۆرانی گوتن و خۆشحاڵی، وەکو ئەو ئاسنە ڕەقەی بە چەکوش کوتان نەرم دەبێت، ئەویش نەرم دەبێت و سودیلێوەر دەگرێت. بەڵام بەردەوامی بەم جۆرە ژیانە کەسەکە نەرمتردەکات و دەروونی دەتوێنێتەوە و دەمارەکانی دەبڕێت. ئەو کەسە دەکات بە" پاسەوانێکی زەبوون."
ئەوە ڕاستە.
ئەگەر لە سەرەتاشەوە یان بە سروشت دەروونی فەوتاوبێت ئەوا لە یەکەم ڕۆژەوە لاواز و زەبوون دەردەچێت. ئەگەر ورەبەرزیش بووبێت، لەدواییدا بەرەو لاوازی بڕوات زوو هەڵدەچێت و بە ئاسانیش دادەمرکێتەوە. لە ئاکامدا ئەم جۆرە کەسانە خێرا فێری توڕەبوون و ناڕەزایی دەربڕین دەبن و ورەیان بە بەرزی نامێنێتەوە.
بەدڵنیاییەوە ڕاستە.

ئەو کەسە چۆنە، کە سەخت کار و وەرزش دەکات بەڵام لە مۆسیقا و فەلسەفە نازانێت؟ ئایا خاوەنی لەشێکی چاک نیە؟ ئایا ئازا نیە؟
بەدڵنیاییەوە.
چۆنە ئەو کەسە هیچی دیکە نەکات یان بیرنەکاتەوە؟ ئایا حەز و خۆشەویستیەکەی بۆ فیربوون لە دەروونیا لاواز و کەڕ و کوێر نابێت چونکە چێژی فیربوون ناکات و شوێن لێکۆڵینەوە ناکەویت، بەشداری لە هیچ گفتوگۆیەک لەسەر مۆسیقا و هۆنراوە ناکات؟
وادەردەکەوێت.
لەو باوەڕەدام ئەو جۆرە کەسە ڕقی لە هۆش و مۆسیقایە.
ئەو لە ڕێگەی گفتوگۆوە بە ئاکامەکانی ناگات. بەڵکو لە ڕێگەی زەبرە وە، وەکو ئاژەڵێکی دڕندە و لەنێو گەمژەیی و نەزانیندا بە بێ هۆنینەوە و بەخشندەیی دەژی.
ئەوە جۆری ژیانی ئەو کەسانەیە.
کەوابوو، وادیارە، خوداوەند، مۆسیقا و وەرزشی بۆ لەش و دەروونی مرۆڤەکان لەبەر ئەوە بەخشیوە ئەو لایەنانەی سەرچاوەی ورەی بەرز و فەلسەفەن لە دەرووندا هاوتەراز پێکەوە بژین و هەریەکەیان گەشەی پێبدرێت.
وادیارە.
ئەوەی لەم هاوتەرازکردنەی نێوان مۆسیقا و وەرزشدا سەرکەوتو دەبێت و کاریگەرێتیەکەی بە سەر دەروونیەوە هەڵدەکۆڵێت ئەو کەسەیە ئێمە لە کەسێکی دیکە، کە دەیەوێت تەلەکانی ئامێرێکی مۆسیقاکەی هاودەنگ بکات، بە فێرکراوێکی تەواو تری دادەنێین.

بەدڵنیاییەوە، سوکرات، ئەوە ڕاستە.
ئایا، گلاوکۆن، ئێمە پیویستیمان بەو جۆرە کەسە لە شارەکەماندا نیە؟
بەڵێ، لە هەموو کەسێکی دیکە زۆرتر بۆ شارەکەمان پێویستە.
کەوابوو، ئەمە شێوەکانی پەروەردە و بەخێوکردنە. پێویست دەکات ژمارەی سەماکردن، ڕاوکردن و ڕاکردن بەدوای تانجیدا و ئەسپسوارەکان بدۆزینەوە؟ ئەمە کارێکی سەخت نیە، چونکە دەزانین چ شێوەیەکی پەروەردەیان بۆ دامەزرێنین.
هەڵبەتە وایە.
باشە، دوای ئەمە پێویستە چ بکەین؟ ئایا پێویست ناکات بزانین چ جۆرە کەسێک لەوانە دەبێت بە فەرمانڕەوا و فەرمانڕەوایکراو؟

بەدڵنیاییەوە.

ئاشکرانیە، کە دەبێت فەرمانڕەواکان لە فەرمانڕەوایکراوەکان پیرتر بن؟

بەڵێ، وایە.
ئایا نابێت فەرمانڕەواکان چاکترین کەس بن؟
بەڵێ.
ئایا چاکترین جوتیار ئەو کەسەنیە، کە لە کاری جوتیارییدا چاکترینە؟
بەڵی.
ئەگەر فەرمانڕەواکان پاسەوان بن، ئایا نابێت ئەو جۆرە پاسەوانانەبن، کە لە هەموو پاسەوانێک باشتر شارەکە دەپارێزن؟
بەڵێ.
ئایا نابێت خاوەنی زانین و تەوانابن و بایەخ بە شارەکە بدەن؟
ڕاستە.
هەموو کەسێک بایەخ زۆرتر بەو شتە دەدات، کە خۆشیدەوێت.
وایە.
هەروەها، ئەوەی شتێکی زۆر خۆشدەوێت لەو باوەڕەدایە هەر کەسێک سود بەو شتە بگەیەنێت بە ئە ویشی دەگەیەنێت. لەبەرئەوە باشی و خراپی ئەو شتە باشی و خراپی خۆیەتی.
ڕاستە.
کەوابوو، پیویستە، لەنێو پاسەوانەکانمان ئەو کەسانە هەڵبژیرین، کە بە درێژایی تەمەنیان سورن لە سەر خزمەتکردنی شارەکە و نایانەوێت زیانی پێبگەیەنن.
ئەم جۆرە کەسانە شایەنی ئەو کارەن.
بە دیدی من، دەبێت بیانخەینە ژێر چاودێرییەوە تاکو بزانین بە تەواوی گەیشتونە ئەو باوەڕەی خزمەتی شارەکە بکەن و هیچ جادویەکیش نایانخاتە سەر ئەو ڕێگەیەی واز لەم کارەبهێنن.
مەبەستت لە وازهێنان چیە؟
من بۆتی ڕووندەکەمەوە. وازهێنان لە بیر و باوەڕێک بە زەبر یان بە هەڵبژاردنی کەسەکە خۆیەتی. کاتێک

ئەو کەسە دەگاتە ئەو ئاکامەی بیرو باوەڕەکەی ناڕاست بێت بە هەڵبژاردنە. لە ژێر زەبریشدا واز لەو بیروباوەڕە ڕاستەی دەهێنێت.
من لەواتای وازهێنان بە هەڵبژاردنی کەسەکە تێدەگەم، بەڵام لەوی دیکە تێناگەم. ئەوەچۆنە ؟
تۆ نازانیت، کە زۆرکەس بە حەز و ئارەزووی خۆی واز لە زۆر شتی خراپ دەهێنێت و بە زۆریش لە شتی چاک بێبەریدەکرێن؟ ئایا هەڵخەڵەتاندن سەبارەت ڕاستی خراپ و ڕاستی ناسینیش چاک نیە؟ لەو باوەڕەدانیت بڕواکردن بە بوونی شتەکان ڕاستی بێت؟
ئەوە ڕاستە. من لەو باوەڕەدام، کە زۆرکەس بە زەبر لە بیروباوەڕی ڕاست بێبەریکراون.
ئایا دز، جادوکەر یان زەبرکردن بێبەرییان ناکات؟
ئێستا، جارێکی دیکە لە مەبەستەکەت تێناگەم.
لەوە دەترسم، کە دەبێت، وەکو شاعیرێکی تراجیدی لە گەڵتا بدوێم. مەبەستم لەو کەسانەی دزییان لێکراوە ئەوانەن زۆریان لێکراوە بۆچوونەکانیان بگۆڕن یان لە بیریان چۆتەوە، چونکە کاتێکی زۆری بە سەردا ڕۆیشتوە. لە حاڵەتی یەکەمدا، مشتومڕ و لە دووەمدا کات دەبێتە هۆی بێبەریکردنەکە. ئێستا تێدەگەیت؟
بەڵێ.
مەبەستم لە "زەبرکردن" ئەوەیە، کە ئازار و ناخۆشی ببێتە هۆی گۆڕان لە بیروباوەڕدا.
من تێدەگەم. تۆ ڕاست دەڵێیت.
ئەوانەی بوون بە"قوربانی جادوکردن" کەسانێکن لە ژێر جادووی چێژ یان ترسدا بیروڕاکانیان گۆڕاوە.
وادەردەکەوێت هەموو گۆڕانێک هۆکەی جادوگەری بێت.
کەوابوو، وەکو ئێستا گوتم، پێویستە بزانین چ جۆرە پاسەوانێک لەو باوەڕەدایە خزمەتی شارەکەمان دەکات.
دەبێت ئەو جۆرە پاسەوانانە لە منداڵییەوە بخەینە ژێر چاودێرییەوە و فێریان بکەین تاکو فێڵیان لێنەکرێت.
ئەو کەسانە هەڵبژێرین، کە خزمەتکردنی شارەکەیان لە بیرناچێتەوە و هەڵناخەڵەتێن. ئایا لە گەڵمدا هاوڕایت؟
بەڵێ.
بۆ دۆزینەوەی ئەو جۆرە خیانەتە[لەشارەکەمان] دا پێویستە پاسەوانەکان بخەینە نێو پێش بڕکە و لە سەرکاری سەخت و ئازار ڕایانبهێنین. کەوابوو دەبێت، پێش بڕکەی سێیەمیش بۆئەوانەی لەجاد و بێبەریکراون ڕێک بخەین. وەکو ئەوانەی جاشەکەر دەشڵەژێنن و دەیانخەنە زەڕین تاکو بزانن دەترسن یان نا، ئێمەش لاوانمان دەخەینە بەر ئەزمونی ترس و خۆشیەوە، وەکو زێڕ لەسەرئاگر تاقیاندەکەینەوە. ئەگەر کەسێک نەخرایە ژێر کاریگەرێتی جادووەوە ئەوا بۆ شارەکەمان پاسەوانێکی چاکە. مۆسیقا و هۆنراوەشی خوێندوە و لەنێو دەروونیدا[لایەنەکان] هاوتەرازن. ئەوەی لە تەمەنی منداڵی ، لاوێتی و پیریدا بەم تاقیکردنەوەیەدا تێپەڕی و سەرکەوتوو بوو دەکرێت بە پاسەوان و فەرمانڕەوا. لە ژیاندا ڕێزیلێدەنرێت و کە مردیش گۆڕێکی جوانی بۆ هەڵدەبەستین و یادی دەکەینەوە. ئەوەی سەرنەکەوت ڕەتدەدرێتەوە. بە دیدی من، گلاوکۆن، فەرمانڕەواکان و پاسەوانەکان هەرچەندە بە گشتی باسی شێوەی هەڵبژاردنەکەمان کردووە و بە وردی ڕوونمانەکردۆتەوە دەبێت بەم جۆرە هەڵبژێرێن و دامەزرێن بەڕای منێش، دەبێت بەم جۆرە هەڵیانبژێرین.

ڕاستر نیە، ئەم کەسانە بە پاسەوانی تەواو ناوزەدبکەین چونکە دژی دوژمنی دەرەوە و هاوڕێی ناوەوە دەمانپارێزن؟ دوژمنەکان بێ هێزدەکەن و ئارەزووی هاوڕێکانیشمان لە زیان بە شارەکە کەمدەکەنەوە؟ ئەو لاوانەی بە پاسەوان داماننان ناویاندەنێین(یارمەتیدەران) ی فەرمانڕەواکان.

من لەگەڵتارێدەکەوم.
چۆن یەکێک لەو درۆ سودبەخشانەی باسمانکردن دووربخەینەوە، ئەو درۆیەی کە فەرمانڕەواکانیش ڕازی دەکات؟

چ جۆرە درۆکردنێک؟
شتێکی نوێ نیە، وەکو چیرۆکەکەی فۆینیسیەن، کە لە زۆر شوێندا دەگێڕێتەوە و زۆرکەس باوەڕی پێدەکات. لێرە لەنێو ئێمە ڕووینەداوە، نازانم ڕوودەدات یان نا. دڵنیام هەوڵدانی زۆری دەوێت، کە زۆر لە هاووڵاتیان بکەیت باوەڕی پێبکەن.
تۆ بە ترسەوە چیرۆکەکەم پێدەڵێیت.
ئەگەر بۆت بگێڕمەوە دەزانیت بۆچی بە ترسەوە باسیدەکەم.
من بۆت دەگێڕمەوە، بەڵام نازانم چ زمانێک بەکاربهێنم. من لە سەرەتاوە فەرمانڕەوا و پاسەوانەکان ڕازی دەکەم، ئەنجا هاووڵاتیانی نێو شارەکە، کە ئەو فێرکردن و پەروەردەیەی پیایداتێپەڕیون جۆرێک بوون لە خەوبینین. ئەوان بە چەک و تفاق و کەلوپەلەکانیانە وە لە ژێر زەوییدا پەیدابوون، کاتێک تەواو دروست بوون، زەوی(دایکی ئەوان) فرێیدانە نێو جیهان. لەبەر ئەمە، هەر کەسێک بیەوێت پەلاماری زەوی بدات پێویستە دژی ڕاوەستن و پاریزگاری لەو دایکەیان بکەن. هاووڵاتیانیش بە برای سەر زەوی خۆیان دابنێن.

بۆیە بە ترس و شەرمەوە درۆکەم بۆ دەگێڕیتەوە.

بەڵێ، بەڵام گوێ لە بەشی دووەمی چیرۆکەکە بگرە"ئێوە لە شارەکەدا برای یەکن" بەم جۆرە لەگەڵتان دەدوێین، چیرۆکەکەیان بۆدەگێڕینەوە،"بەڵام ئەو کاتەی خوا ئافەریدی کردن، زێری کردە نێو هەندێکتانەوە تاکو فەرمانڕەوایی بکەن. چونکە ئەوان لە هەموو کەسێک بەنرختربوون. زیوی کردە نێو ئەوانەی دەبن بە یارمەتیدەر، ئاسن و برۆنزیش بۆ نێو لەشی جوتیار و خاوەن پیشەکانی دیکە. منداڵێش دروستدەکەن، کە لە خۆتان دەچێ. بەڵام لەبەر ئەوەی هەمووتان خزمن، هەندێک جار منداڵێکی زیو لە دایک و باوکێکی زێڕین دەبێت یان بە پێچەوانەوە، هەروەها ئەوانی دیکەش بەم جۆرە تێکەڵ دەبن. خوداوەندیش بە فەرمانڕەواکان دەڵێت، کە ئەو کەسانەی لە کانەکان تێکەڵکراون باشتر فەرمانڕەوایی دەکەن. ئەگەر نەوەیەکی خۆیان بینی لە ئاسن و برۆنز دروست کرابێت نابێت لەگەڵیا بە بەزەیی بن. پێویستە بە گوێرەی خۆی لەگەڵ جوتیار و پیشەمەندەکاندا کار بکەن. ئەگەر نەوەکەیان تێکەڵکراوی زێڕ و زیو بێت بە ڕێزەوە لەنێو پاسەوان و یارمەتیدەرەکاندا داینێن. پێشبینی کراوە، کە ئەو شارەی پاسەوانەکانی ئاسن و برۆنز بن زوو تێکدەشکێت".

چ دەکەیت تاکو هاووڵاتی شارەکەمان باوەڕ بە ڕاستی ئەم چیرۆکە بکەن؟

من هیچ ڕێگەیەک شک نابەم. بەڵام بۆ منداڵان و نەوەی پاش ئەوان دەشێت باوەڕپێکراو بێت.
دەزانم مەبەستت چیە، ئەمەش هانیاندەدات زۆرتر بایەخ بە یەکدی و شارەکە بدەن. با واز لەم کێشەیە

بهێنین بیر لەوە بکەینەوە چۆن نەوەکانی سەر ئەم زەویەمان چەکداربکەین و لەگەڵ فەرمانڕەواکاندا شارەکە بەڕێوەبەرن. با بە دوای باشترین شوێن بۆ لەشکرگاکەیان لە شارەکەدا بگەڕێین. شوێنێک بێت بە ئاسانی لێوەی دەستیان بە کەسانی سەرپێچی کەر بگات، وەکو چۆن گورگ پەلاماری مێگەل دەدات ئەوانیش هێرش بکەنە سەر دوژمن و بیشکێنن. پاش ئەوەی لەشکرگاکەمان بۆ دامەزراندن شوێنی پشودانیان بۆ ئامادە دەکەین. تۆ چ دەڵێیت؟

لەگەڵ تۆ دام.

ئایا ئەو لەشکرگا و شوێنی پشودانە لە سەرمای زستان و گەرمای هاوین دا نایانپارێزێت؟

هەڵبەتە، دیارە تۆ مەبەستت خانوە بۆ ئەوان.

بەڵێ، بەڵام خانو بۆ سەرباز نەک بۆ بازرگان.

تۆ چۆن ئەم دوو جۆرە خانوە لە یەکدی جیادەکەیتەوە؟

هەوڵدەدەم جیاوازییەکەیان ڕوونبکەمەوە. شەرم ترین کاری شوان لەوە دایە سەگ بۆ یارمەتی و پاسەوانی مەڕەکانی ڕابگرێت. سەگەکان لەبەر برسێتی و بەڕەڵایی، وەکو گورگ مەڕەکانی بخۆن.

ئەوە زۆر ناخۆشە.

ئایا پێویست ناکات بە هەموو توانامانەوە ڕێ لەم کارەبگرین. نەیەڵین یارمەتیدەرەکان زیان بە هاووڵاتی بگەیەنن، لەبری ئەوەی ببن بەخاوەنێکی بەبەزەیی دڕندە دەرچن؟

ئەوە پێویستە بکرێت.

ئایا پەروەردەی چاک فێریان ناکات لەم ڕووەوە کەسێکی زۆر چاک دەرچن؟

ئەو پەروەردەیە، بەدڵنیاییەوە، دەیانکات بە کەسێکی چاک.

بائەمەش نەکەین بە باوەڕێکی چەسپاو ئەی گلاوکۆن. ئەوەی دەمانەوێت پەروەردەکردنێکی دروستە بۆ ئەوان. ئەو پەروەردەیەی لە ئاستی کەسانی دیکەدا دەیانکات بە کەسێکی چاک و هانیاندەدات خەڵکی بپارێزن.

ئەوە ڕاستە.

دەگونجێت هەندێک بەم جۆرە بۆ کێشەکە بچن، کە لەگەڵ ئەم جۆرە پەروەردە و فێربوونەدا پاسەوانەکان خانو یان موڵکیان هەبێت. ڕێگەیان لێنەگرین ببن بە پاسەوانێکی زۆر چاک و ئازا، خراپە بەرانبەرهاووڵاتی نەکەن.

ئەوە ڕاستە.

بیرکەرەوە، ئەوان دەبێ بەم شێوەیە بژین. ئەگەر ئەو کەسانەبن ئێمە دەمانەوێن. یەکەم، کەسیان نابێت لە پێویست بەولاوە خاوەنی موڵک بێت. دووەم، کەسیان نابێت خاوەنی خانو یان زەخیرەیەک بێت، کە کەسانی دیکە نەتوانن بەکاری بهێنن. سێیەم، پێویستەکانیان دەبێت بە جۆرێک جێبەجێ بکرێن کەم و زیادیان نەبێت. ئەوەش بە موچە لەڕێگەی باجدان لەلایەن هاووڵاتیانەوە بۆیان مسۆگەر دەکرێت. چوارەم، هەموو پێکەوە لە لەشکرگا دەژین و لەسەر خوانێک خواردن دەخۆن. فێریان دەکەین پێویستیان بەو جۆرە زێڕە نیە، کە کەسانی دیکە هەوڵی بۆدەدەن چونکە ئەوان خوداوەند دەروونیانی پڕ زێر کردووە. فێریاندەکەین، کە ئەوە کارێکی بێبڕواییە ئەگەر ئەو زێڕە پیرۆزەی دەروونت نەپارێزیت و لەگەڵ ئەوانی دیکە شوێن زێڕ بکەویت. لەبەر ئەوە لەنێو شارەکەماندا ڕێگە نادرێت ئەوان زێڕ و زیو کۆبکەنەوە. نابێت لەگەڵ ئەوانەی زێڕ بە

خۆیاندا دەکەن و لە پەرداخی زێڕ و زیودا دەخۆنەوە لەژێر یەک بنمیچدا بژین. لێرەوە خۆیان و شارەکە دەپارێزن. ئەگەر شوێن موڵک و ماڵ و پارەبکەون دەبن بە بەڕێوەبەری موڵک و ماڵ و جوتیار نەک پاسەوان. دەبن بە دژمنی هاووڵاتیان نەک دۆست. بە درێژایی تەمەنیان ڕقیان لە خەڵکی و خەڵکیش ڕقیان لەوان دەبێت. نەخشە و پلان دژی یەکدی دادەنێن. ئەوەندەی لە هاووڵاتیەکان دەترسن لە دوژمنەکانیان ناترسن. شار بەرەو وێرانە دەبەن. لەبەر ئەم هۆیانە دەبێت پاسەوانەکان خانویان، وەکو شتەکانی دیکە بۆ ئامادەبکرێت. ئەمەش یاسا بەرقەراری دەکات. ئایا تۆ بەمەڕازی نیت؟
گلاوکۆن گوتی: بەدڵنیاییەوە ڕازیم.

بەشی چوارەم

ئەدیمەنتۆس گفتوگۆکەی بڕی و گوتی: سوکرات، چۆن بەرگری لەخۆت دەکەیت، ئەگەر کەسێک بڵێت تۆ پاسەوانەکان زۆر بەختەوەر ناکەیت خەتاکەش لەخۆیاندایە؟ شار بەدەستی ئەوانەو خۆشیشی لێنابینن. زەوی، تەلار و کەلوپەلی نێو ماڵ ، قوربانی دان بۆ خواکان، میوانداری و ئەنجا زێڕ و زیو، هەموو ئەم شتانە بە دەست کەسانی دیکەوەیە. لەوانەیە خەڵکی بڵێن، پاسەوانەکانی تۆ لەشارەکەدا، وەکو بە کرێ گیراو دەژین و چاودێری شار دەکەن.

من گوتم، بەڵێ وایە، لەوەزیاتر چیت دەوێ. ئەوان بۆ پارەی زۆر کار ناکەن و سادە دەژین. ناتوانن گەشتی دەرەوەی شار بکەن و دیاری بە دڵدارەکانیان بدەن. پارەیان ئەوەندە نیە تاکو بە ئارەزووی خۆیان، وەکو خەڵکی سەفەربکەن.

باشە، با ئەم ڕەخنەیەش بگرین. تۆ دەپرسیت، چۆن بەرگری لەخۆمان بکەین؟

بەڵێ.

ئەگەر بگەڕێینەوە سەر باسەکەی پێشومان ڕێگەی بەرگریگردنیش دەدۆزینەوە.

ئەگەر دەستەو تاقمێکی کۆمەڵ لەوانی دیکە بەختەوەرتربن جێگەی سەرسام بوون نیە. بەڵام ئێمە دەمانەوێت هەموو کەسێک لە شارەکەماندا بەختەوەرانە بژی. ئێمە گەیشتینە ئەو باوەڕەی دادپەروەری لەم جۆرە شارانەدا بە ئاسانی سەقامگیردەبێت. ئەو شارەی بە خراپی بچێت بەڕێوە نادادوەری مەحکومی دەکات. لە گەڵ سەرنجدان و بەراوردکردنی ئەم دووجۆرە شارانەدا وەڵامی پرسیارەکەمان دەستدەکەوێت. ئێمە دەمانەوێت شارێکی پڕ لە بەختەوەری بۆ هەمووان دامەزرێنین. بە تەنیا دەستە وتاقمێک لە دانیشتوانی بە ختەوەر نە بن. (هەروەها باسی شاری خراپیش، بەم زووانە دەکەین). (28)

گریمان ئێمە پەیکەرێک دروستدەکەین و دەمانەوێت ڕەنگی بکەین. کەسێک ڕەخنەمان لێدەگرێت چونکە چاوەکانی، کە لە هەموو بەشێکی پەیکەرەکە جوانترن، ڕەش کراون. ئێمەش بە بۆچوونی خۆمان ئەم وەڵامە بە گونجاودادەنێین:" نامانەوێت چاوەکانی ئەوەندە بە جوانی ڕەنگ بکەین، کە لە چاو نەچن. ئەمەش بۆ هەموو بەشەکانی دیکەی پەیکەرەکە دەبێت. پەیکەرەکە لەوێدا جوانە، کە لە گەڵ بەشەکانیدا بە گوێرەی خۆیان ڕەنگیان بکەیت." بە هەمان شێوە، نابێت جۆرە بەختەوەرییەک بەسەر پاسەوانەکاندا بسەپێنیت شێوازیان بشێوێنێت. ئێمە دەزانین چۆن جوتیار بە جل و بەرگی مۆر و ملوانکەی گوڵدار و زێڕ بڕازێنینەوە، بیخەینەسەر زەوییەکەی و بە ئارەزووی خۆی کاری لەسەر کات. دەزانین چۆن گۆزەسازکەرەکان لە نزیک

کوورەوە دانێین و لە گەڵ گۆزەکردنەکەشیاندا بخۆنەوە. بەم جۆرە دەتوانین، هەموو کەسانی دیکە بەختەوەربکەین. بەم کارەمان جوتیارەکە و گۆزەسازکەرەکە نابن بە شتێکی دیکە و شێوازیان ناشێوێنرێت. ئەگەر پینەچیەکیش لەکارەکەیدا وریا و ژیرنەبێت و خۆشی بە پینەچیەکی چاک دابنێت هێندە زیان بە شارەکەمان ناگەیەنێت. ئەوەی باسیدەکەین ئەوەندە بەسەر ئەم جۆرەکەسانەدا ساخنابێتەوە. بەڵام ئەگەر پاسەوانی شارەکەمان بە ڕاستی پاسەوان نەبن و خۆیان بە پاسەوان دانا ئەوا شارەکەمان بەرەو ڕووخان دەبەن. ئەوان دەتوانن شارەکە بەڕێوەبەرن و دانیشتوانی بەختەوەرکەن.

---

(28) ئەفلاتون لە بەشی هەشتەمی ئەم دایەلۆگەدا باسی خەسڵەتەکانی شاری خراپ دەکات. لێرەدا تەنیا ئاماژەی بۆکردووە.(وەرگێڕ)

کێ دەتوانێت لە شارەکەدا خراپە بکات ئەگەر پاسەوانی ڕاستەقینە مان هەبێت؟ پێویستە لە بیرمان نەچێت ئێمە دەمانەوێت پاسەوانەکان یان هەموو دانیشتوانی نێوشارەکەمان بەختەوەرکەین. بۆ ئەمە پاسەوان و یارمەتیدەرەکان دەبێت پەیڕەوی بەرنامەکەمان بکەن و لە بواری خۆیاندا شارەزا و لێهاتوو بن. ئەمە بۆ دەستە و تاقمەکانی دیکەشە. لەم ڕێگەیەوە هەموو هاوولآتیان بەختەوەر دەبن و شارەکە بە چاکی فەرمانڕەوایی تێدادەکرێت. ئەو گوتی: تۆچاکت ڕوونکردەوە.

ئایا تۆ ئەم ڕوونکردنەوەیەی دیکەش، کە ئێستا دەستیپێدەکەم، بەچاک دەزانیت؟

چ ڕوونکردنەوەیەک؟

تۆ بیرلەم شتانە بکەوە، کە کارمەندەکان توشی گەندەڵی دەکەن و خراپیان دەکەن.

وەکو چی؟

سامان و هەژاری.

چۆن کارمەندان توشی گەندەڵی دەکەن؟

تۆ لەو باوەڕەدایت، کە گۆزەسازکەرێک دەوڵەمەند بوو لەسەر کارەکەی خۆی بمێنێتەوە؟

نا.

ئایا لە جاران تەمەڵتر و بێ خەمتر نابێت؟

بەڵێ، لەجاران زیاتر.

ئایا نابێت بە گۆزەسازکەرێکی خراپ؟

خراپتریش.

ئایا هەژاریش ڕێگەی ناگرێت ئامێری چاک بۆ گۆزەسازی بەکاربهێنێت، لەو حاڵەتەدا ناتوانێت کارەکەی بە باشی بکات و منداڵەکانیشی یان ئەوانەی لە ژێر دەستیدا کاردەکەن خراپ فێری پیشەکە بن؟

هەڵبەتە.

بەم جۆرە سامان و هەژاری کاری خراپ دەکەنە سەر بەرهەمی کارمەندەکە.

وادیارە.

لەوە دەچێت شتی دیکەشمان دۆزیوەتەوە تاکو پاسەوانەکانمان ئاگاداری بن و ڕێگەنەدەن لەنێو شارەکەمان بڵاوببنەوە.

وەکو چی؟

سامان و هەژاری. یەکەمیان دەبێتە هۆی ڕابواردن و تەمەڵی و شۆڕش؛ دووەمیش کۆیلایەتی و بەرهەمی خراپ و دیسانەوە شۆڕش.

ئەوەڕاستە. بەڵام سوکرات ئەگەر شارەکەمان بێ پارە بوو، چۆن بتوانێت بچێتە جەنگەوە بە تایبەتی دژی شارێکی دەوڵەمەند؟

ئاشکرایە ئاسان نیە دژی یەک شار بچینە جەنگەوە، بەڵام لەگەڵ دووشاردا ئاسانە.

مەبەستت چیە؟

یەکەم، ئەگەر شارەکەمان دژی شارێکی دەڵەمەند بچێتە جەنگەوە، ئایا پاسەوانەکانمان دژی دەوڵەمەندەکان ڕاناوەستن؟

بەڵێ.
باشە، ئەدیمەنتۆس، تۆ لەو باوەڕەدانیت، کە یاری زانێکی چاکی شەڕەمشت، بتوانێت لەگەڵ دوو یاری نەزانی دەوڵەمەند و قەڵەودا شەربکات؟
لەوانەیە لەیەک کاتدا نەتوانێت.
ئایا ناتوانێت لە ژێر دەستیان ڕاکات و یەکە یەکە بە هەناسەبڕکێ لەبەر گەرمای خۆریشدا لێیان دات؟
ئایا بەم جۆرە ناتوانێت شەڕ لەگەڵ دووکەس زیاتریش بکات؟
جێگەی سەرسوڕمان نیە.
ئایا لەو باوەڕەدانیت دەوڵەمەندەکە زانیاری و ئەزمونی زۆرتری لەبارەی شەڕەمشتەوە هەبێت و کەمتر بزانێت جەنگ چۆن دەکرێت؟
لەو باوەڕەدام.
لەم ڕووەوە، پاسەوانەکانمان دەتوانن بەرانبەر دوو ئەوەندە و سێ ئەوەندەی ژمارەی خۆیان لە جەنگدا بوەستن.
من لەگەڵتا هاوڕام. ئەوە دروستە.
چۆنە ئەگەر نوێنەر بۆ شارەکەی دیکە بنێرن و بڵێن: "ئێمە یاسا ڕێگەی لێگرتوین زێڕ و زیو کۆبکەینەوە و سودیان بۆ ئێمە نیە. ئێوە لەم جەنگەدا وەرنە بەرەی ئێمەوە و سامانی دوژمنەکانمان بۆ ئێوە." هەرکەسێک ئەم گوتەیە ببیستێت، وەکو سەگێکی هار شەڕدەکات یان ئەبێت بە مەڕ؟
وایە. بەڵام ئەگەر سامانی هەمووشارەکان لەلایەن شارێکەوە تاڵان بکرێت دەوڵەمەند بوونی ئەو شارە جێگەی مەترسییە.

تۆ بیرکردنەوەکەت هەژارانە یە چونکە هەموو شارێک دە خەیتە ڕیزی ئەو شارەی ئێمە دایدەمەزرێنین.
مەبەستت چیە؟
ئێمە دەبێت ناوی دیکە بۆ شارە گەورەکانی دیکە بدۆزینەوە چونکە ئەوان چەند شارێکی گەورەن، نەک یەک شار. هەر یەکێک لەوان بەڕادەیەک لە دوو شار پێکهاتوە و بەرانبەر یەک لەنێو جەنگدان. یەکێکیان هەژارو ئەوی دی دەوڵەمەند یان بە ژمارەی دانیشتوان جیاوازن. هەڵەیە بە یەک شاریان دابنێیت. ئەگەر بە چەند شارێک دایان بنێیت و لەگەڵ یەکێکیان هاوپەیمان بیت و بەڵێنی پارە و دەستەڵاتی بدەیتێ، ئەوا دۆست بۆ خۆت زۆردەکەیت و دوژمنیش کەم. ئەگەر شارەکەی ئێمەش بەم جۆرەی دەمانەوێت فەرمانڕەوایی بکرێت بە هەزار پاسەوانیشەوە دەتوانین شەڕی خۆمان بکەین. بە ناو ناوداریێتی نا، مەبەستم ئەمە نیە، بەڵکو بە کردەوە. تۆ شارێک لەمە چاکتر لەنێو یۆنانیەکان و بەربەرییەکانیشدا نادۆزیتەوە،(29) هەرچەندە شار هەیە لەوەی ئێمە بە ڕووبەر گەورەترە. ئایا لەسەر ئەم خاڵە ڕێناکەویت؟
با، بەدڵنیاییەوە.
ئەمەش دەبێتە دانانی سنورێک لەلایەن پاسەوانەکانمانەوە بۆ شارەکە. ئەوان بەگوێرەی پێویست زەوی بۆشارەکە دەستنیشان دەکەن.

---

(29) لە سەردەمی کۆنی یۆناندا بە بۆچوونی یۆنانییەکان ئەوەی یۆنانی نەبووبێت خاوەنی شارستانیەت نەبوە و بە نەزان و بەربەری دانراوە. (وەرگێڕ)

چ سنورێک؟

بە بۆچوونی من بەم جۆرەیە. مادامەکی یەک شار دەبێت گەشەبکات، ئەوا گەشەکردنەکەی سنوردارەدەبێت.
چاکە .

کەوابوو، فەرمان بۆ پاسەوانەکانمان دەردەکەین ئاگاداری گەورەیی و بچوکی شارەکەمان لە ناودارێتی نەک لە ڕووبەرە کەیدا بکەن.

ئەو فەرمانە ڕەوایە.

فەرمانەکەی پێشو، لەمە ئاسانترە، کە گوتمان ئەو منداڵانەی هەست بە کەمی لەبوونیاندا دەکرێت و منداڵی پاسەوانەکانن، ڕەوانەی لای هاوولاتیەکانی دیکە بۆ پەروەردە و فێربوون دەکرێن. منداڵی هاوولاتیەکانی دیکەش، کە هیچ کەموکورتیەکیان نیە دەخرێنە نێو پاسەوانەکانەوە. ئەمەش پێویستە چونکە هەرهاوولاتییەک کارو پیشەی تایبەتی خۆی هەیە. شارەکەش دەبێت بە شارێک بۆ هەمووان.
ئەمە لەوی پێشوتر ئاسانترە.
فەرمانەکانمان، ئەدیمەنتۆس گرنگترن لەوەی زۆربن. هەروەها من دەڵێم فەرمانی مەزن نین و بەڵکو شتێکی تەواون.
چۆن؟
ئەگەر هاوولاتیان لە منداڵییەوە فێرکرێن، دەبن بەکەسانیژیر و هۆشمەند. خۆیان چاکەکان دەبینن و دەزانن چ شتێکیان پێنەدراوە. بۆنموونە هاوسەربوون و زاوزێکردن دەبێت لەسەر ئەوپەندە دابمەزرێن، کە دەڵێت: هاوڕێکان لە هەموو شتەکاندا هاوبەشن.

ئەوە زۆر چاکە.
بەدڵنیاییەوە، شارەکەمان لە یەکەم ڕۆژی دامەزراندنیەوە چاک بڕوات گەشەکردنەکەش شێوازێکی خولەیی دەگرێتە بەر. پەروەردە و فیرکردنی چاک کەسانی چاک و سودبەخش دەهێننەکایەوە. کەسانی چاک پەروەردەکراو و خوێندەواریش لە نەوەکانی پێشوتریان چاکتر دەردەچن. نەوەی چاکتریشیان لێدەبێتەوە.
بەڵێ، ڕاستە.
بە کورتی، فە رمانڕەواکان دەبێت فێربکرێن گەندەڵ نەبن. لەسەر و ئەمەوە، دەبێت دژی ئەو تازەبوونەوانە و مامۆستا و هۆنراوانە ڕاوەستن، کە دەبنە هۆی شێواندنی شیرازەی سیستەمەکەمان. لەوانە بترسندەڵێن: خەڵکی ئەو گۆرانیەیان لاخۆشە بۆیەکەمجار لەسەرزاری گۆرانی بێژەکە دەیبیستن.(30) هەندێک ستایش بۆ ئەم گوتەیە دەکەن. وابۆی دەچن، مەبەستی شاعیر گۆرانی نوێ نەبێت. بەڵکو شێوازی نوێی گۆرانی گوتن بێت. ئەمە نابێت ستایشی بۆ بکرێت. پاسەوانەکان دەبێت ئاگایان لە مۆسیقای نوێ بێت چونکە هەڕەشە لە سیستەمەکەمان دەکات. دامۆن دەڵێت، گەیشتومەتە ئەو باوەرەی شێوازی مۆسیقای شارێک بەبێ گۆرانکاری لە یاسای شارەکەدا نوێ نابێتەوە.

----

(30) ئەمە دێڕی هۆنراوەیەکی هۆمیرۆسە ئەفلاتون لە ئۆدیسەوە وەریگرتوە .

کەوابوو، پاسەوانەکانمان بە مۆسیقا و هۆنراوە شورا بە چواردەوری خۆیاندا بەرزدەکەنەوە.
بەرەڵایی لە بێ ئاگایی ئەوانەوە [شارەکە] سڕدەکات.
بەڵێ، وەکو بڵێین، مۆسیقا تەنیا بۆ لێدان و گوێگرتن زیان بەکەس ناگەیەنێت.
تاکو ئەکاتەی بەرەڵایی پەرش و بڵاو نە بێت و هەنگاو بە هەنگاو لایەنەکانی ژیان داگیرنە کات بێ زیانە.
کاتێك ژیانی تایبەتی خەڵکی داگیردەکات و لاسارانەش کاردەکاتە سەر یاساو شێوەی فەرمانڕەوایی بە تەواوی ژیانی گشتی وتایبەتی دەگرێتەوە.
ئەم ئاکامەی هەیە؟
بە بۆچوونی من هەیەتی.
کەوابوو، وەکو لە سەرەتاوە باسمانکرد، یاری منداڵان پێویستی بە سەرپەرشتیکردنی یاسایی هەیە.
ئەگەر یارییەکانیان بەرەڵایی بێت و منداڵان بەو جۆرە پەروەردەبکرێن، ئایا کە گەورەبوون کەسانی چاکییان لێدەردەچێت؟
نا، چاک دەرناچن.
کاتێک منداڵان فێری یاریکردنی چاک دەبن پەیڕەوی یاساکان دەکەن، فێری مۆسیقا و هۆنراوەی[دیاریکراو] دەبن، بە چاکی گەورە دەبن و هەڵەکان و کارەخراپەکان چاک دەکەنەوە. بە پێچەوانەشەوە ئەگەر یارییەکانیان لەسەر یاساکانمان دانەمەزرابێتن خراپ دەردەچن.
ئەوە ڕاستە.
ئەم هاووڵاتیانە نەریتە لەناوچووەکەی نەوەکانی پێش خۆشییان دەدۆزنەوە.
وەکو چی؟
وەکو، لە چ کاتێکدا پیویستە لاوێک لە ئاستی گەورەدا بێدەنگ بێت، لەبەریان هەستێت، ئاگای لە دایک و باوکی بێت، قژدانان، جل و بەرگ و پێڵاو لەپێ کردن، هەڵسوکەوت و زۆرشتی دیکەش ؟
بەڵێ وایە.
وابزانم پێویست ناکات یاسایان بۆ دابنێین. ئەم جۆرە شتانە دێن و دەڕۆن ناتوانین گلیان بدەینەوە.
چۆن گلیان بدەینەوە؟
بە هەرجۆرێک بێت، ئەدیمەنتۆس، دەردەکەوێت پەروەردە و فێربوون لە سەرەتاوە کاردەکەنە سەر کەسەکە.
ئایا کەسێک هاندەری ئەوە نیە، کە لە خۆی دەچێت؟
هاندەرە.
ئامانجی پەروەردەش تەواوکردنی مرۆڤێکی نوێیە بەچاکی یان خراپی.
هەڵبەتە.
بۆیە یاسام بۆ ئەو جۆرە شتانە دانەنا.
هۆیەکەت بەجێ یە.
کەوابوو، توخوا پێم بڵێ، بازاڕ و کاسپی، بەڵێنی خەڵکی لە بازاڕدا بۆنموونە ، کرێکاری و بریندارکردنی یەکدی و شکات کردن، دامەزراندنی دادگا و پارەدان لەشارەکەدا یاسایان بۆ دامەزرێنین؟
حوکمدان بەسەر مرۆڤێکی چاکدا نا لەبارە. ئەوانەی چاکن خۆیان دەزانن چۆن بە چاکی کارەکانیان بە ڕێوەبەرن.

بەڵێ، ئەگەر یاساکانمان، خوابکات، وەکو خۆیان بمێننەوە.
ئەگەر وانەبوو یاساکان دەگۆڕن و کاری لەسەر دەکەن. لەو ڕێگەیەوە بە بۆچوونی ئەوان، بە ئاکامێکی چاک دەگەن.
مەبەستت ئەوەیە، کە ئەوانیش، وەکو ئەو مرۆڤە نەخۆشانەی لەبەر لاساییان وازلەکارە زیان بەخشەکان ناهێنن، ڕەفتاردەکەن.
بەڵێ وایە.
ئەم جۆرە کەسانە بەردەوام ژیانێکی سەیریان هەیە، وا نیە؟ دەرمانکردن چارەی نەخۆشییەکەیان ناکات. نەخۆشیەکەشیان بەرەوخراپی و ئاڵۆزی دەڕوات. هەمیشەش چاوەڕوانی دەرمانێکی چاکتر بۆ چاک بوونەوەی نەخۆشیەکەیان دەکەن.
ئەم جۆرەکەسانە، وادەژین.
سەیر نیە ئەوەی ڕاستیان پێدەڵێت بە دوژمنی دادەنێن؟ بۆنموونە بڵێیت واز لە خواردنەوە و زۆر خواردن، شەهوەت و تەمەڵی بهێنن. هیچ دەرمان و نەشتەرسازییەک چارەتان ناکات.
سەیر نیە.
وادیارە لەگەڵ ئەم جۆرەکەسانەدا نیت.
بەدڵنیاییەوە، لەگەڵیاندانیم.
لەگەڵ ئەوەشدانیت، کە هاووڵاتییانی شارەکەمان بەم جۆرە بژین؟ نابینیت ئەو شارانەی بە خراپی فەرمانڕەواییان تێدابەرقەرارە بەم جۆرە بەڕیوە دەچن؟ داوا لە هاووڵاتیان دەکەن لە کاتی ناخۆشی و مردندا دەستەڵاتی ڕامیاری شارەکە تێکنەدەن؟ لەم شارانەدا کەسانی زمان لوس، شوێنکەوتوی ڕژێم و ئەوانەی بەگوێرەی دەستەڵاتمەدارەکان هەڵسوکەوت دەکەن بە کەسانی خاوەن ڕێز و زانا و ژیر دادەنرێن.
هەرشارێک بەم جۆرەبێت من ڕەتی دەدەمەوە.
ڕات دەربارەی ئەو کەسانەی شوێن ئەم جۆرە شارانە دەکەون چیە؟ ئایا ئازایەتی و ئامادەبونیانت لاپەسەند نیە؟
بەڵێ، ئەوانەی زۆرینە هەڵی خەڵەتاندون وادەزانن فەرمانڕەواکانیان بەڕاستی لێهاتوون.
مەبەستت چیە؟ چۆن بەزەییت پیایاندا دێتەوە؟ یان بە بۆچوونی تۆ دەگونجێت کەسێک خۆی نەزانێت چۆن بەرزی بپێیوێت، بەڵام باوەڕ بە خەڵکی نەزانی وەکو خۆی بکات پێی بڵێن باڵات شەش پێ بەرزە؟
نا، وابیرناکەمەوە.
کەوابوو، بەرانبەریان دڵ ڕەق مەبە. ئەم کەسانە زۆر سەیرن. ئەوان یاسا بۆ کەسانی دیکە دادەنێن و دوایی دەیگۆڕن. لەو باوەڕەشدان ڕێگە چارەیەک بۆ ئەو فرۆفێڵانەی[نێوبازاڕ]، کە باسمانکردن دەدۆزنەوە بەبێ ئەوەی بزانن، کە ئەوان تەنیا سەرێکی(هیدرا) یان بڕیوە.(31)
ئایا ئەو کارە دەتوانن بکەن؟

من واتێدەگەم یاساساز لەنێو شارێکی چاک و خراپیشداخۆی بەم جۆرە یاسایەوە ماندوونەکات.

----

(31) هیدرا دێوێکی نێو ئەفسانەی یۆنانییە. گوایە، کە سەری ببڕی دوو سێ سەری دیکە لە جێگەی دەڕوێنەوە.(وەرگێڕ)

لەنێو شاری خراپدا بێسودە. هیچ دەستکەوتێکی لێ چاوەڕوان ناکرێت. لە شاری چاکیشدا خەڵکی بە ئاسایی شوێن یاساو نەریتە دامەزراوەکان دەکەون.

چی دیکە هەیە لێرەدا، لەگەڵ یاسادانەندا باسیبکەین؟

هیچ بۆ ئێمە نەماوە، بەڵام بۆ ئەپۆلۆی نێو[پەرستگای] دێلف چاکترین یاسا ماوە دەستنیشان بکرێت.

ئەوە چیە؟

ئەو یاسایانەی پەیوەندییان بە پەرستگا دروستکردن و قوربانیکردن و خزمەتگوزارییەکانی دیکە بۆ خوداوەند و دێوەکان و قارەمانەکانەوە هەیە و بۆ مردوناشتن و چاکەکردنە بۆیان. ئێمە زانیارییمان لەبارەی ئەم جۆرە شتانەوە نیە. بۆ زانینیش لەبارەیانەوە دەبێت بۆ نەوەکانی پێش خۆمان بگەڕێینەوە. دڵنیام لەوەی ئەو خوایەی لە ناوەڕاستی جیهان لەسەر تاشە بەردێک دانیشتوە سەرچاوەی ئەو زانیارییەیە. (32)

گوتەکەت جوانە، پێویستە وابکەین.

ئێستا باشە، کوڕی ئەریستون، شارەکەی تۆ دامەزرا. هەنگاوی دووەم بڕۆ چرایەک بێنە با بەردەممان ڕووناک بکاتەوە. براکەت و پۆلێمارکۆس و ئەوانی دیکەش بانگ کە تاکو بزانن لە کوێدا دادوەری و نادادوەری هەیە. جیاوازییەکانیان بدۆزنەوە. گرنگیش نیە ئەو کەسەی دادوەرە یان نادادوەر خواکان و کەسانی دیکە پێی بزانن.

گلاوکۆن گوتی: ئەوەی تۆ باسیدەکەیت واتایەکی نیە. تۆ بەڵێنت دا خۆت بە دواییدا بگەڕێیت. تۆ خۆت بەو کەسە دانا دادوەری بپارێزیت.

ڕاستە، من بەڵێنەکەی خۆم جێبەجێ دەکەم، بەڵام پێویستیم بە یارمەتی تۆیە.

من یارمەتیت دەدەم.

هیوادارم لەم ڕێگەیەوە بیدۆزمەوە. بە بۆچوونی من، ئەگەر شارەکەمان بە دروستی دامەزرابێت پێویستە بە تەواوی شارێکی چاک بێت.

پێویستە.

ئاشکراشە، کە شارێکە پڕ لە زانایی و مامناوەندێتی و ئازایەتی و دادوەری.

ئاشکرایە.

ئەگەر ئەم خەسڵەتانەی هەبێت، ئەوەی ماوە ئەوانەیە، کە ئێمە نەماندۆزیونەتەوە؟

هەڵبەتە.

ئێمە چوار چاکەمان ئاماژەکردووە. یەکێک لەو چاکانە زاناییە. وادیارە شتێکی نارێک لە بارەیەوە هەیە.

ئەوەچیە؟

وابیردەکەمەوە شارەکەمان پڕە لە زانایی چونکە حوکمدانی چاکی تێدایە. وا نیە؟

بەڵێ وایە.

حوکمدانی چاک جۆرێکە لە زانین چونکە بە ڕێگەی زانینەوە، نەک نەزانین خەڵکی حوکمی چاک دەدەن بەسەر شتەکاندا.

---

(32) ئەفلاتون مەبەستی ئەپۆلۆیە، کە لەنێو پەرستگای دێڵفیدا پەیکەرێکی بۆ کراوە لەسەر تاشەبەردێک دانیشتوە. هەروەها یۆنانیەکان لەو باوەڕەدابوون ئەو پەرستگایە لە ناوەڕاستی جیهاندایە. (وەرگێڕ)

ئاشکرایە.
بەڵام چەند جۆرێک زانین لەشارەکەدا هەیە.
بەدڵنیاییەوە.
ئایا زانیاری دارتاشەکان شارەکەمان زانا دەکات و حوکمی چاکی تێدا سەقامگیر دەکات؟

نا، وا نیە.

لەدارتاشییدا ئەو زانیارییە شارەزاییە. کەوابوو، زانیارییەکەی بە زانایی دانانرێت.

بێگومان دانانرێت.
زانیارییمان لە بارەی برۆنز و کانەکانی دیکەوە چیە؟

وا نیە.
ئەی زانیارییمان لە بارەی کشتوکاڵەوە ئەوەش شارەزاییە؟
من وابۆی دەچم.
ئایا جۆرە زانینێک لای هاووڵاتیەکی شارەکە هەیە، کە پەیوەندی بە هیچ تاکە شتێکەوە نەبێت و تەنیا پەیوەندی بە پاراستنی شارەکە لە دەرەوە و ناوەوە هەبێت؟

بێگومان هەیە.
ئەو زانینە چیە؟ کێ هەیەتی؟
ئەو زانینە پاسەوانێتییە و لای ئەو فەرمانڕەوایانە هەیە، کە بە پاسەوانی تەواو ناوزەدمانکردن.
ئەم زانینە چیت لە بارەی شارەکەوە پێدەناسێنێت؟
شارێکە حوکمی چاکی تێدا دە کرێت و پڕە لە زانایی.
چ جۆرە هاووڵاتیەک لە شارەکەماندا ژمارەیان زۆرترە، ئاسنگەر یان پاسەوانی ڕاست؟
ئاسنگەر زۆرترە.
کەوابوو، ئەو شارەی سروشتیە و پڕە لە زانایی ژمارەی چینی فەرمانڕەوای کەمترە. ئەم ژمارە کەمەش جۆرە زانینێکیان هەیە، کە بە زانایی[فەلسەفە] ناوزەدمانکرد.
بە تەواوی دروستە.
ئێستا، یەکێک لەو چوار چاکەیەمان دۆزییەوە. دەزانین کێ لە شارەکەماندا هەیەتی. بەڵام نازانم چۆن دۆزیمانەوە.
بە بۆچوونی من، ڕێگەی دۆزینەوەکەی ئاشکرایە.
لێرەوە دژوار نیە ئەوانەی ئەم خەسڵەتەیان لە شارەکەماندا هەیە بدۆزینەوە.

چۆن؟
ئەوانەی بە ئازا دادەکرێن ئەو هاووڵاتیانە نین، کە بۆ شارەکە دەچنە جەنگەوە؟

لەوان زیاتر کەسی دیکە نیە.
شارەکە ئازایە. ئەوانەی دەستەڵاتیان هەیە باوەڕەکانی بپارێزن فێرکراون نەترس بن.

ئەوە بە ئازایەتی دانانێیت؟
بە تەواوی تێناگەم. تکایە دووبارەی بکەوە.
مەبەستم ئەوەیە، کە ئازایەتی جۆرێکە لە خۆهێشتنەوە.
چ خۆ هێشتنەوەیەک؟
ئەو خۆ هێشتنەوەیەی یاسا لە ڕێگەی پەروەردەوە بەرانبەر مەترسی هانیدەدات. ئەمەش هێشتنەوە و پاراستنی "بڕوا" یە و کۆڵنەدانە لە ژێر باری گرانی ئەشکەنجە و ترس یان خۆشی و ئارەزوودا.
ئەگەر حەزبکەیت لەگەڵ شتێکی لێکچودا بۆتی بەراورد دەکەم.
حەزدەکەم بەراوردی بکەیت.
تۆ دەزانی[لە خومخانە] ئەوەی ڕەنگی خورییەکەی مۆردەکات سپی ترین خوری هەڵدەبژێرێت و بە چەند پرۆسەیەکا دەیبات. خوریەکە ئەو ڕەنگە بە شێنەیی هەڵدەمژێت. ئەو خورییەی بەم جۆرە ڕەنگ کرا بەشتن، تەنانەت شتن بەسابونیش ڕەنگەکەی ناڕوات. خورییەک بەم جۆرە ڕەنگ نەکرابێت ڕەنگەکەی کاڵدەبێتەوە.
من دەزانم، چۆن ڕەنگەکەی دەڕوات.
کەوابوو، تێبگە، ئێمەش بۆ هەڵبژاردنی پاسەوانەکانمان و پەروەردەکردنیان بە هۆنراوە و مۆسیقا و وەرزش هەمان پرۆسەمان بۆ ئامادە کردن. ئەوەی کردمان ئەمە بوو: لەبەر ئەوە ی سروشتێکی ئاسایی و پەروەردەیەکی چاکیان هەبوو توانییان، وەکو چۆن خورییە[سپیەکە] ڕەنگەکەی هەڵمژی، بە چاکی فێری یاساکان ببن. بڕوایان بەو شتانەی، کە دەبێت بیپارێزن بە جۆرێک چووە ناخیانەوە هیچ جۆرە سابونێک، وەکو چێژ و ئارەزوویان و ترس کاڵی نەکاتەوە. هەروەها چێژ لە هەموو جۆرە سابونێک یان سۆدەیەک بۆ شتن بەهێزترە. من ئەم هێزە لە ئاستی هێشتنەوەی هەموو ئەوشتانەدا یاسادایناون یان داینەناون بە ئازایەتی دادەنێم. ئەگەر تۆ بە شتێکی دیکەی دادەنێیت پێم بڵێ.
من بیرێکی جیاوازم نیە. تەنیا ئەوەندە دەڵێم تۆ باسی باوەڕی ڕاست ناکەیت، کە لای ئاژەڵ و کۆیلەکانیش هەیە و لە ئاکامی فێربوون و پەروەردە کردنیشەوە سەریهەڵنەداوە. تۆ ئەمە بە ئازایەتی دانا نێیت.
ئەوە بەتەواوی ڕاستە.
کەوابوو، لەگەڵ بۆچوونە کەی تۆدام.
تۆ لەباتی باسکردنی چەند جۆرێک لە ئازایەتی ڕاست دەکەیت.

ئەگەر حەزبکەیت جارێکی دیکە بە درێژی باسی ئازایەتی دەکەین. ئێستا لێکۆڵینەوەکەمان سەبارەت دادوەرییە. ئەوەی گوتمان بەسە.
تۆ ڕاست دەکەیت.
دوو جۆر شت لە شارەکەماندا ماوە بیدۆزینەوە: مامناوەندێتی و ئامانجە گەورەکەمان، کە دادوەرییە.
ڕاستە.
ڕێگەیەک هەیە بە بێ ئەوەی مامەڵە لەگەڵ مامناوەندییا بکەین بمانگەیەنێتە دادوەری؟

من نازانم. نامەوێت دادوەری لە پێش مامناوەندێتیا بدۆزمەوە. ئەگەر دەتەوێت دڵی من ڕابگریت لە پێشدا بە دوای مامناوەندێتیا بگەڕێ.

من دڵی تۆ ڕادەگرم و بە دواییدا دەگەڕێم.
فەرموو، بیدۆزەوە.
ئەیدۆزینەوە. لێرەوە تەماشای بکەیت، وەکو هاوئاهەنگی یان هارمۆنی دەردەکەوێت.

لە چ ڕوویەکەوە؟
مامناوەندێتی جۆرێکە لە سیستەم. دەستەڵاتگرتنە بەسەر چێژ و ئارەزووەکاندا.
خەڵکی بە"خۆ- ڕاگرتن" ناوزەدی دەکەن. من نازانم چ مەبەستێکیان هەیە، بەڵام ئەم گوتەیە بە کلیلی مامناوەندێتی دادەنێن. وا نیە؟

بەتەواوی وایە.

ئایا دەربڕینی "خۆ- ڕاگرتن" گاڵتە بازی نیە؟ ئەوەی بەهێزە و خۆی ڕادەگرێت، ئەوەی لاوازە و ڕێی لێدەگیریت، وەکو یەک بە خۆڕاگر دادەنرێن.
وایە.
بێجگە لەمە، دەربڕینەکە هەوڵدەدات ئەوەمان بۆ دیاریبکات، کە لە نێو دەروونی هەموو تاکێکدا بەشی چاک و خراپ هەیە. کاتێک بەشی چاک دەستەلات بەسەر بەشی خراپدا دەگرێت و بە ڕێوەی دەبات، پێیدەوترێت "خۆ- ڕاگرتن".
لەلایەکی دیکەوە ئەگەر بەشە خراپەکە دەستەڵاتی بەسەر بەشە چاکەکەدا بە هۆی پەروەردەکردنی تاکە کەوە و هەڵسوکەوتی لەگەڵ کەسانی خراپدا هەبێت، بە کەسێکی دۆڕاو و بەڕەڵا یان شەرمەزار ناوزەدی دەکەن.

بەتەواوی وایە.
تەماشایەکی شارە نوێکەمان بکە ئەمەی تێدا دەبینیت. ئەو شتە خراپەی دەستەڵاتی بەسەردا گیراوە تۆ بەمامناوەندێتی و خۆڕاگرتنی دادەنێیت.
من تەماشادەکەم ، ئەوەی تۆ باسی دەکەیت ڕاستە.
ئێستاهەموو کەسێک حەزو ئارەزووی جیاواز، وەکو چێژەکان، ئازارەکانی لەنێو منداڵان و ژنان، خزمەتکارەکان و زۆربەی ئەوانەی ئازادن [لەپلەی نزمی کۆمەڵایەتیدا دەژین] دەبینێت.
ئەمە ڕاستە.
هەروەها، ئەو کەسانەش دەبینێت، کە حەزو ئارەزووەکانیان سادە و سنوردارن.
بەگوێرەی تێگەیشتنی ئەوان سەرپەرشتیان کراوە چونکە ئەو کەسانە بە سروشت چاکن و چاکترین پەروەردەشیان بۆکراوە.
ئەوەڕاستە.
کەوابوو، نابینیت حەزو ئارەزووەکانی کەسە نزمەکان بە زانایی و حەزو ئارەزووی کەسە بەرز و بەژمارە کەمەکان سەرپەرشتیان کرابێت؟

ئەوە دەبینم.
لەم ڕووەوە ئەگەر شارێکی خۆ ڕاگر هەبێت دەستەڵاتی بەسەر حەزو ئارەزووەکانداگرتبێت شارەکەی ئێمەیە.

بە تەواوی.
ئایا لەبەر ئەم هۆکارە مامناوەندیش نیە؟
وایە.
بێجگە لەمە، ئەگەر فەرمانڕەوا و فەرمانڕەوایکراوانی شارێک یەک جۆر بیروڕایان لەسەر فەرمانڕەوایی هەبێت، ئەوا لە شارەکەی ئێمەدایە. ئایا لەگەڵما هاوڕانیت؟
بەتەواوی لەگەڵتا هاوڕام.
ئەگەر هاووڵاتیان لەسەر ئەم خاڵە ڕێکەون لە کامیاندا ژیانی مامناوەندی دەدۆزینەوە؟ لەلای فەرمانڕەواکان یان فەرمانڕەوایکراوەکان؟

بۆی دەچم لە هەردووکیاندا.
لێرەدا دەبینیت چۆن مامناوەندێتی لە جۆرێک هاوئاهەنگی دەچێت.
چۆن؟
چونکە بە پێچەوانەی ئازایەتی و زانابییەوە، کە هەر یەکێکیان سەر بە بەشێکی دەروونەو شارەکەمان ئازاو زانا دەکەن، مامناوەندێتی لەنێو هەموو بەشەکاندا هەیە. ئەو دەتوانێت هێزدارەکان، لاوازەکان، ئەوانەی لەنێوانیاندان لەڕووی ژیرییەوە بەهێزی لەشەوە ژمارە یان سامان بێت پێکەوە ڕێکبخات و هەموویان یەک گۆرانی پێکەوە بڵێن. ئەم تێکڕایی و ڕێکەوتنە لەنێوان لایەنە چاک و خراپەکاندا و لەنێو[دەروونی] فەرمانڕەواو فەرمانڕەوایکراوەکاندا بەمامناوەندێتی دادەنرێت.
بە تەواوی لەگەڵ ڕاکەی تۆدام.
باشە، بەگوێرەی بۆچوون و بیروڕاکەی ئێستامان، سێ چاکەمان لەنێو چوارجۆرەچاکەکاندا لە شارەکەماندا دۆزیوەتەوە. چ جۆرە چاکەیەک ماوەتەوە باسماننەکردبێت تا شارەکەمان چاکتر نیشانبدات؟
ئاشکرایە ئەو چاکەیە دادوەرییە.
دیارە.
کەوابوو، گلاوکۆن پێویستە خۆمان لەنێو دارستانەکەدا، وەکو ڕاوچی [بۆنێچیر] حەشاربدەین و هەوڵی تێگەیشتن بدەین، تاکو دادوەری لەدەستمان دەرنەچێت. لەنێو تاریکی [دارستانەکەدا] وننەبێت و هەوڵی دۆزینەوەی بدەین. ئەگەر پێش من دۆزیتەوە ئاگادارم بکە.
خۆزگە وادەبوو، بەلام باشتر دەیبینم ئەگەر شوێن تۆ بکەوم و تۆ نیشانم بدەیت.
کەوابوو، شوێنم کەوە.
شوێنت دەکەوم ئەگەر پێشڕەوی بکەیت.
من ئەوە دەکەم، بەلام شوێنی [خۆ حەشاردانەکەمان] چڕە و پڕسێبەرە. لەم شوێنە تاریکەوە گەڕان دژوارە. شوێنەکانی دیکەش بەم جۆرەیە و دەبێت گەڕانەکەمان دەستپێبکەین.
ئەوە خەبەریکی خۆشە.
ئەگەر وانەبێت، ئێمە گەمژەین.
لە چ ڕوویەکەوە؟
ئەوەی بە دواییدا دەگەڕێین لە سەرەتای گەشتەکەمانەوە لە قاچمان ئالاوە و نەمان بینیوە. ئەمەش گاڵتە بازییە. زۆرجار کەسێک بەدوای شتێکدا دەگەڕێت، کە بە دەستیەوەیەتی. ئێمە تەماشای بەر قاچی خۆمان

نەکرد و دوور دەمانڕوانی بۆیە نەماندۆزییەوە.
مەبەستت چیە؟
مەبەستم ئەوەیە، کە ئێمە لەمێژە باسی دادوەری دەکەین و پێمان نەزانیوە.
ئەو پێشەکییە بۆ وەڵامی پرسیارەکە درێژە.
کەوابوو، گوێ بگرە و بزانە، ئەوەی من دەیڵێم واتایەکی هەیە.

بە دیدی من، دادوەری ئەوەیە، کە باسمان کرد و گوتمان پێویستە لەنێو شارەکەماندا بەر قەراربێت. ئەگەر لە بیرت بێت چەند جارێک گوتمان هەر کەسە دەبێت لەسەر ئەو پیشەیە دابنرێت، کە بە سروشت بۆی ئامادە کراوە و لەگەڵیا دەگونجێت.

بەڵێ، ئەوەمان چەند جارێک باسکرد.
لەسەرو ئەمەوە، لە کەسانی دیکەمان بیستوەو ئێمەش گوتمان، دادوەری هەڵسانە بە کاری خۆت و تێکەڵاو نەکردنی ئەو پیشە و کەسانەیە، کە لەگەڵ یەکدییا ناگونجێن.
بەڵێ، گوتمان.
کەوابوو، هەر کەسە بەگوێرەی خۆی کاری بدرێتێت دادوەرییە. ئایا دەزانیت بەڵگەم بۆ ئەمە چیە؟
نازانم، پێم بڵێ.
وابزانم پاش دۆزینەوەی مامناوەندێتی، ئازایەتی و زانایی لە شارەکەدا ئەمە مایەوە[ئاماژەی بۆ نەکرێت].
ئەمەش هێزێکە بۆ گەشەکردن و هێشتنەوەی شارەکە. هەروەها گوتمان پاش دۆزینەوەی سێ جۆر لە چاکەکان دادوەری ماوەتەوە باسمانەکردبێت.

بەڵێ.
ئاسان نیە بزانین چ جۆرە چاکەیەک بەبێ ئەوانی دی شارەکەمان چاک دەردەخات. ئایا ئەمە دەکەوێتە سەر ڕێکەوتنی فەرمانڕەواو فەرمانڕەوایکراوەکان؟ یان خۆهێشتنەوەی پاسەوانە گوێ ڕایەڵەکانمان و نەبەردی و قارەمانێتیان؟ زانایی فەرمانڕەواکان؟ یان دەکەوێتە سەر ئەوەی هەریەکێک لە مندالان، ژنان، کۆیلەکان، بازرگانەکان، فەرمانڕەواکان و فەرمانڕەوایکراوەکان بە کاری گونجاوی خۆیان هەستن و دەستنەخەنە نێو کار و ئیشی یەکدییەوە؟ بۆچی ئاسانە نیە؟
دەردەکەوێت، دانانی کارە گونجاوەکان بۆ هەر کەسێک لە هاووڵاتیانی شارەکەمان بەرانبەر زانایی، ئازایەتی و مامناوەندێتی ڕادەوەستێت و لەوان زۆرتر بەشداری دامەزراندنی شارێکی چاک دەکات.
بە دڵنیاییەوە.
ئایا تۆ ئەم چاکەیەی بەرانبەر ئەوانی دیکە ڕاوەستاوە بەدادوەری دانانێیت؟
بە تەواوەتی[دادوەرییە].
ئەگەر ڕازی بوویت بەم جۆرە تەماشای بکە. تۆ فەرمانڕەواکانت بە دادوەر لە دادگای شارەکە دانانێیت؟
بێگومان.
ئایا فەرمان دەرناکەن نابێت کەس ماڵ و سامانی کەسێکی دیکە داگیر بکات؟ یان کەس بێبەری نەکرێت لەوەی هەیەتی؟ ئەوە ئامانجی ئەوانە.
بەڵێ.

لەم بۆچوونەوە، کەسێک پیشەی خۆی بکات، ئەوەی هەیەتی لێی زەوت نەکرێت دادوەرییە.
ڕاستە.
بیرکەرەوە و پێم بڵێ، تۆ لەگەڵمدا لەسەر ئەم خاڵە هاوڕایت. ئەگەر دارتاش بیەوێت ببێت بە پینەچی و پینەچی بە دارتاش یان ئامێر و کەلوپەلەکانیان بگۆڕنەوە، تاکێک هەردوو پیشەکەی هەبێت زیان بە شارەکە دەگەیەنێت؟
زیانی زۆر ناگەیەنێت.
بەڵام، من لەو باوەڕەدام ئەگەر کەسێک بە سروشت پیشەساز، بازرگان، دەوڵەمەند بێت خەڵکی دەنگی بۆ دەدەن یان بەهێزەو هەوڵدەدات بچێتە نێو دەستەی پاسەوانەکانەوە، یان پاسەوانێک بیەوێت ببێت بەدادوەر یان فەرمانڕەوا و کەلوپەلەکانیش بگۆڕنەوە یان ئەو کەسە بەو هەموو کارە جیاوازانە هەستێت شارەکە بەرەو وێرانی دەبات.
ڕاستە.
گۆڕینەوە و تێکەڵاوکردنی[پیشەکان] لەنێو ئەم سێ چینەی [کۆمەڵدا] گەورە ترین زیان دەبەخشێت. (33)
ڕاستە.
ئایا تۆ لەو باوەڕەدانیت نادادوەری گەورەترین زیانە بۆ شارەکە؟
هەڵبەتە.
کەوابوو، گۆڕینەوە و تێکەلاوکردنی[پیشەکان] نادادوەرییە یان بە جۆرێکی دیکە دەتوانین بڵێین: دادوەری لەوەدایە بازرگان ، یارمەتیدەران و پاسەوانان بە کاری خۆیان هەستن. ئەمە دادوەرییەو شارەکەشمان پڕ داد دەکات، وا نیە؟
بە بۆچوونی منیش ئەوە دادوەرییە و چی دیکە نیە.
بڕیاری تەواو لەسەر ئەمە نادەین. ئەگەر ئەم حاڵەتەمان لەنێو هەموو تاکەکاندا دۆزییەوە و بە دادوەری دانرا، ئێمەش بڕیاری خۆمان دەدەین. ئەگەر نەدۆزرایەوە دەبێت لە شوێنێکی دیکەدا بە دوای دادوەرییدا بگەڕێین. ئێستا هەوڵدەدەین توێژینەوەکەمان تەواوبکەین. ئێمە گوتمان بینینی دادوەری لە شتێکی گەورەدا ئاسانترە. هەروەها ئەو شتە گەورەیە شار بوو. ئێمەش چاکترین شارمان دامەزراند. ئێستا، ئەوەی باسمانکرد لەم شارەدا بەسەر تاکەکەسدا دەیسەپێنین. سەرکەوتنمان لەم کارەدا ڕاستی بۆچوونەکەمان دەسەلمێنێت. ئەگەر نەگونجا دەبێت بگەڕێینەوە بۆ شارەکەمان و بیخەینە ژێر تاقیکردنەوە. ئەگەر بتوانین هەموو لاکان سەرکەوتوانە بەراورد بکەین، وەک چۆن دوو پارچە دار بۆ ئاگرکردنەوە بە یەکدا دەدەین و لەپڕ ئاگریان لێدەبێتەوە، ئێمەش دادوەری دادەگیرسێنین.
تۆ لەسەر ئەو ڕێگەیەی گرتومانە.
ئایا ئەو شتانەی گەورە و بچوکن لە یەکدی دەچن یان جیاوازن و یەک ناویان پێدەدرێت؟
وەکویەکن.

---

(33) ئەفلاتون سێ چینی کۆمەڵی بە گوێرەی دابەشکردنی کارکردن و پیشەکان بەسەریاندا داناوە: فەرمانڕەواکان، پاسەوانەکان و کارکەران. چینی سێیەم لە دوو چینەکەی دیکە بە ژمارە گەورەترە چونکە هەموو دەستە و تاقمی بازرگان و کرێکاران و جوتیاران دەگرێتەوە. (وەگێڕ)

کەوابوو، کەسێکی دادوەر و شارێکی پڕ دادوەری لە ڕووی دادوەرییەوە وەکو یەکن.
وەکو یەکن.
بەڵام دادوەری شارەکە لەسەر پیشەی گونجاوی هەر یەکێک لەو سێ چینە ڕادەوەستێت، کە باسمانکردن و بە مامناوەندی و ئازا و زانامان دانان.
ئەوە ڕاستە.
ئەگەر تاکێک ئەو سێ بەشەی لە دەروونیدا هەبێت هەمان ناوی بۆ دادەنێین.
پێویستە.
لێرەدا ئەو پرسیارەی دەمانەوێت بیکەین ئاسانە: ئایا دەروون ئەو سێ بەشەی هەیە یان نا؟
بۆ من پرسیارێکی ئاسان نیە. لەو باوەڕەدام، سوکرات، ڕاستیەک لەو پەندە کۆنەدا هەبێت، کە دەڵێت؛ هەموو شتێکی چاک دژوارە.

دیارە. بەڵام، گلاوکۆن دەبێت بزانیت بە بۆچوونی من، ڕێچکەو گفتوگۆ کەی ئێستامان ڕێگە نادات وەڵامێکی دروستمان دەستکەوێت. پێویستە ڕێگەیەکی درێژتر بگرینە بەر. دەتوانین بەگوێرەی گفتوگۆکەی پێشومان وەڵامەکەش بدۆزینەوە.
ئایا وەڵامەکە پەسەند دەکەیت؟

تاکو ئێستا بۆ من بەسە.

لەم حاڵەتەدا بۆمنیش بەسە.
کەوابوو، نیگەران مەبەو بەردەوام بە.
ئێمە گەیشتینە ئەو باوەڕەی هەر یەکێک لە ئێمە، وەکو شارەکە، سێ بەش لە دەروونیدا هەیە. لە کوێی ترەوە ئەم بەشانە هاتوون؟ گاڵتەبازییە کەسێک نەزانێت وره بەرزی لە شاردا لای کەسانی، وەکو تراسیەن و سکیسیەن نیە، خۆشەویستی بۆ فێربوون پەیوەندی بەم جیهانەوە نیە و لای فینیشیەکان و میسرییەکان بۆ پارە نیە.

وا نیە.
ئەمە وایە و تێگەیشتنی دژوار نیە.
بێگومان.
بەڵام دژوارە. ئایا ئەم کارانە بە هەموو بەشەکانی دەروون دەکەین؟ یان هەر بەشە کاری خۆی هەیە؟ ئایا بەشێک لە دەروون سەرچاوەی فێربوونە و بەشەکانی دیکەش بۆ توڕەبوون، حەز، چێژ، خواردن، خواردنەوە و سێکسە؟ کاتێک دەمانەوێت کاریک بکەین دەروونمان[بە هەموو بەشەکانیەوە] بەو کارە هەڵدەستێت؟ ئەمە دژوارە لەبەر ڕۆشنایی گفتوگۆکەمان ڕوونبکرێتەوە.
منیش وابیردەکەمەوە.
بابزانین ئەم بەشانە وەکو یەکن یان جیاوازن؟
چۆن؟
ئاشکرایە شتێک نایەوێت پەیوەندی بە دژەکەیەوە هەبێت و لەهەمانکاتدا بە کارێکی دژ هەستێت. ئەگەر

ئەمە لە دەروونداا بدۆزینەوە باشە.
بیرکەوە، چی دەڵێم.
بڵێ.
دەگونجێت شتێک لە یەک کاتدا بجوڵێت و وەستاویش بێت؟
نەخێر.

با ڕێکەوتنەکەمان باشتر دامەزرێنین تاکو لە دواییدا توشی کێشەمان نەکات. ڕاست نیە کەسێک ڕاوەستا بێت و دەست و سەری بجوڵێنێت بڵێین ئەو ڕاوەستاوە و دەجوڵێت. لێرەدا بەشێکی دەجوڵێ و بەشێکی وەستاوە. وا نیە؟

وایە.
ئەگەر گوتە بێژەکەمان زیرەکانە باسیکات، کە ئەو سەرانەی دەخولێنەوە ڕاوەستاون یان پێچکەیەک لە شوێنێکدا ڕاوەستێت سەرەکانی هەردەخولێنەوە، ئەمەش بۆ هەموو جوڵانێکی بازنەیی دروستە، ئێمە رازی نابین چونکە ئەو بەشەی بجوڵێت لەهەمان کاتدا وەستاو نیە. ئەوانەی دەسوڕێنەوە تەوەر و چێوەیان هەیە. لە ئاستی تەوەرە کەیاندا وەستاون و بەم لاو ئەولادا ناکەون. لەنێو چێوەکەشدا بە بازنەیی دەجوڵێنەوە. بەڵام ئەگەر بەلای چەپ و ڕاستدا، پیش و پشتەوە دابکەون بە وەستاو دانانرێن.
ئێمە راست بۆی دەچین.
هێشتا بۆچوونەکەی ئەو نامانشێوێنێت. نامانگەیەنێتە ئەو باوەڕەی شتەکان بە نێو دژەکانی خۆیاندا لە یەک کاتدا تێپەرن.
ئەو من ناگەیەنێتە ئەو باوەرە.
لەگەڵ ئەمەشدا، بۆ ئەوەی بە درێژی باسینەکەین یەکە یەکە ناڕاستی بۆچوونەکان نەسەلمێنین، ئەم گریمانەیە بە ڕاست دادەنێین. هەمان کات لەگەڵ ئەوەشدا ڕێدەکەوین، کە دەشێت ئەم بۆچوونە ڕاست نەبێت و ئاکامەکانمان لەناوبچن.

لەسەر ئەوە ڕێدەکەوین.

ئایا لەو باوەڕەدانیت ئەم شتانە جوتی دژەکان بن: ژوورچوون و دابەزین، خواستی هەبوون و ڕەتدانەوە، وەرگرتن و دانەوە؟
بەڵێ، ئەمانە دژن.
لە بارەی ئەمانەوە چ دەڵێیت؟ ئایا برسێتی، تینوێتی و ئارەزووەکان و ویست ناخەیتە ڕیزیانەوە؟ تۆ ناڵییت دەروونی کەسێک ئارەزووی لە شتێک بێت، ئەو شتەی دەوێت و هەوڵدەدات هەیبێت. ئەگەر ویستی شتێکی بدرێتێ مادامەکی دەروونی ئارەزووی ئەو شتەیە، وەکو چۆن کەسێک لە ئاستی وەڵامی پرسیارێکدا دەپاڕێتەوە، ئەویش بۆ وەدەستهێنانی ئەو شتە دەچەمێتەوە.
وایە.
ئەی نەویستن، حەزنەکردن و ئارەزوونەکردن چین؟ ئایا ئەمانە دژەکان نین، کە دەروون لەڕیگەیەوە نایەوێت شتێکی هەبێت و خۆی بە خاوەنی ناکات؟

هەڵبەتە.
ئایا ئەمە نامانگەیەنێتە ئەو باوەڕەی چەند ئارەزوویەک هەبن لە هەموویان دیارتریش برسێتی و تینوێتی بن؟
وایە.
یەکەمیان[ئارەزووە] لە خواردن و دووەمیان لە خواردنەوە؟
بەڵێ.
سەبارەت تینوێتی ئایا بۆ یەک بابەتی ئارەزووەکەیە؟ بۆنموونە کاتێک[کەسێک] تینوی دەبێت ئارەزووی ئاوی سارد یان گەرم، کەم یان زۆر یا بەکورتی چ جۆرە بابەتێکی[خواردنەوە] دەکات؟ ئایا لە کاتی گەرماییدا دەروون ئارەزووی ئاوی سارد و لە سەرماشدائاوی گەرم دەکات؟ کە زۆرتینو بوو حەزی لە ئاوی زۆرە و کەمیش حەزی لە ئاوی کەمە؟ هەمان کات، خودی تینوێتی بێجگە لە خواردنەوە یان برسێتی، بێجگە لە خواردن بۆچی دیکە نیە. بەم جۆرە هەر یەکیک لە ئارەزووەکان بۆ بابەتێکی سروشتیە و ئارەزووش بۆ شتێکی دیاریکراو خراوەتە سەری. کەوابوو، ڕێگەنادەین کەسێک سەرمان لێبشێوێنێت و بڵێت ئارەزووی خواردنەوە و خواردن بۆ خواردنەوە و خواردنی چاکە. ئەمەش لەوێوە هاتوە، گوایە هەموو کەسیک ئارەزووی شتی چاکە و مادامەکی تینوێتیش ئارەزووە ئەوا دەبێت ئارەزووکردن بێت بۆ خواردنەوەی چاک. (34)

هەموو ئارەزووەکان وەکو یەکن. ئەوەی بەم جۆرە باسیدەکات ڕاست بۆ کێشەکە چووە.
بەڵام وابۆیدەچم ئەو بابەتانەی هەندەکین پەیوەندییان بە یەکدییەوە هەیە. ئەوانەی بە تەنیا خۆیانن پەیوەندییان بەخۆیانەوە هەیە.

من تێناگەم.
دەزانیت، ئەو گەورەترە دەبێت لە شتێکی دیکە گەورەتر بێت؟

هەڵبەتە. کەمتریش؟
بەڵێ.
گەرەترە لەوەی بچوکترە؟
بەڵێ.
جارێک گەرەترە لە بچوکترەکە؟ یان گەورەتردەبێت لەوەی بچوکترە؟
بەدڵنیاییەوە.
ئایا ئەمەش بۆ ئەو شتانەی کەم و زۆرن، دووقات بەرانبەر و نیوەن، گرانتر و سوکترن، خێراتر و هێواشترن، گەرم وساردن و هەموو شتەکانی دیکەش نابێت؟
بێگومان.
ئەی جۆرەکانی زانین؟ ئەمەیان بەسەردا ساخنابێتەوە؟ زانین زانینی ئەو شتەیە، کە فێریدەبین. زانینێکی

---

(34) حەزدەکەم ئاماژە بۆ ئەو خاڵە بکەم لێرەدا ئەفلاتون جۆرێک لە سەلماندنی لۆجیکمەندانەی بەکارهێناوە، کە لە دواییدا ئەریستۆ بە سیلۆجیزم ناوزەدی کردووە. ئەم سەلماندنانە لە سێ دەستەواژە پێکهاتووە: پێشەکی یەکەم، دەستەواژەیەکی هەمەکییە و پێشەکی دووەم و ئاکامە کە یان. (وەرگێڕ)

تایبەت سەر بە بابەتێکی تایبەتە. بۆنموونە، زانین لە بارەی تەلارسازییەوە لە زانینەکانی دیکەوە جیاوازەو بە زانینی تەلارسازی دادەنرێت.
هەڵبەتە.
ئایا هۆی ئەمە جیاوازی زانینە ؟

بەڵێ.
لەبەر ئەوەش نیە، کە پەیوەندی بە شتێکی تایبەتیەوە هەیە و ئەو پەیوەندییە دەیکات بەزانینێکی تایبەت؟
ئایا ئەمە بۆ هەموو جۆرەکانی زانین ڕاست نیە؟
ڕاستە.
مەبەستم ئەمەبوو، هیوادارم ئێستا تێبگەیت. من گوتم هەموو شتەکان پەیوەندییان بە یەکدییەوە هەیە. ئەوانەی بە تەنیا خۆیانن پەیوەندییان بە خۆیانەوە هەیە. بۆنموونە زانیاری لە بارەی تەندروستی یان نەخۆشییەوە تەندروست بوون و نەخۆش کەوتن نیە. زانیارییمان لە بارەی چاکە و خراپەوە نابێت بە چاک و خراپ. مەبەستم ئەوەیە کاتێک زانیین لە بارەی شتێکەوە دەبێت بە زانین، ئەو شتەش تایبەت و هەندەکی بێت، ئەویش دەبێت بە زانینێکی تایبەت و هەندەکی. ئەمەش دەیکات بە زانینێکی تابیەتمەند.
من تێدەگەم. ئەوە ڕاستە.
ئایا تینوێتی پەیوەندی بە شتێکەوە نیە؟
پەیوەندی بەخواردنەوەوە هەیە .
کەوابوو تینوێتی تایبەت پەیوەندی بە خواردنەوەیەکی تایبەتەوە هەیە. بەڵام تینوێتی بۆ زۆری و کەمی، چاکی و خراپی نیە تەنیا بۆ خواردنەوەیە.
بەتەواوی وایە.
دەروونێکی تینو، بێجگە لە خواردنەوە، ئارەزوویەکی دیکەی نیە و ئەو ئارەزووە بەرەو بابەتەکەی پاڵیپێوەدەنێت.
بەدڵنیاییەوە.
ئەگەر ڕێگرێکی هەبێت هەوڵی پەلاماردان بۆ شکاندنی تینوێتیەکەی نادات؟ ئێمە گوتمان، ئەو بەشە لە یەک کاتدا بە دژەکەیدا ناڕوات.
بەڵێ، ناڕوات.
بەم جۆرە، هەڵەیە بڵێین، تیرهاوێژێک لە کاتی تیر هاویشتندا لە یەک کاتدا ڕووی دەستیشی لە خۆیە تی. دەتوانین بڵێین، بە دەستێک تیرەکەی دەهاوێ و دەستەکەی دیکەشی ڕووی لەوە.
بەتەواوی وایە.
ئایا ڕاست نیە بڵێین هەندێک جار مرۆڤی تینو نایەوێت ئاو بخواتەوە؟
ڕاستە، ڕوودەدات.
چییان لە بارەوە دەگوترێت؟ ئایا شتێک لە دەروونیاندا نیە، کە ئارەزووی ئاو خواردنەوەیان لادروستدەکات و شتێکی دیکەش ڕێگەیان لێدەگرێت؟
وایبۆی دەچم.
ئایا ڕێگرەکە ئاکامی ژیری و بیرکردنەوەو ئارەزووی خواردنەوەکەش هەستکردن و نەخۆشی نیە؟

وادیارە.
باشترە ئەوانە بە دوو بەشی جیاواز دابنێین. ئەو بەشەی لە دەرووندا ژیری و بیرکردنەوەی لێوە هەڵدەقوڵێت هۆشە. بەشەکەی دیکەش سەرچاوەی حەز، برسێتی، تینوێتی، هەڵچون و چێژە و بە ئارەزوو ناوزەدی دەکەین.
بەڵێ، ئەوە کارێکی ژیرانەیە.
ئەم دوو بەشەی دەروون لەیەکدی جیادەکەینەوە. ئەو بەشەی پێی دەوترێت گیان سەرچاوەی تورەبوونە. ئایا لەم دووبەشە دەچێت؟

لە ئارەزوو دەچێت.
بەڵام شتێکم بیستوە بۆ ئەم باسە دەگونجێت. لیۆنتیۆسی کوڕی ئەگلیون بە پیرایۆسەوە بە ژێر دیوارەکەدا بەرەو ژوور دەرۆیشت و لاشەی مردووەکانی لە بەرپێی جەلادەکەدا بینی. ئەو حەزی دەکرد تەماشای لاشەکان بکات، بەڵام زۆری پێناخۆش بوو. لەبەر ئەوە ڕووی خۆی وەرگێڕاو تەماشای نەکردن. بۆ ماوەیەک لەگەڵ خۆیدا لەناووەوە مشتومڕی بوو. دەستەکانی خستە سەرچاوی بەڵام ئارەزوو بەسەریدا زاڵ بوو. دەستەکانی لەسەر چاوی لابرد و تەماشای لاشەکانی کرد و گوتی: بە دوای خۆتانا بگەڕێن ئەی خراپە کەرەکان جوانی ئەم ناوەتان شاردۆتەوە.
من خۆم ئەم چیرۆکەم بیستوە.
ئەوە دەسەلمێنێت هەندێک جار تورەیی دژی ئارەزوو شەڕ دەکات.
لەگەڵ ئەوەشدا، هەندێک جار دەبینین ئارەزووەکان بە پێچەوانەی هۆشەوە دەجولێنەوە و ئەو کەسە شەرمەزار دەکەن تورە دەبێت. لەنێو ئەم جەنگە دەروونیەدا هۆش و گیان[دژی ئارەزوو] یەکدەگرن. بەڵام لەوانەیە نەبینیت گیان دژی هۆش لەگەڵ ئارەزوودا یەک بگرن و ڕێگری بن.

نا، من نەم بینیوە.
چی ڕوودادات کەسێک بیر لەو کارە خراپە بکاتەوە، کە بەجێی هێناوە؟ ڕاست نیە ئەو کەسە چاک بێت، کە کەمتر هەست بەوە بکات کەسێکی دادوەر زوڵمی لێکردوەو ئازاریداوە و هەڵنەچێت؟
ڕاستە.
چی دەبێت لە جێگەی ئەمە بگاتە ئەو باوەڕەی کەسێک زوڵمی لێکردوە؟
ئایا گیانی لە ناوەوە ناکوڵێ و تورەنابێت ؟ ئایا تاکو ئەو کاتەی سەردەکەوێت تورە بوونەکەی بەردەوام نابێت؟ تاکو نەیباتەوە یان نەمرێت لایەنە چاکەکەی وەکو سەگ و شوان لەگەڵیانابێت؟

گیان بەوجۆرەیە. هەروەها لەشارەکەدا یاریدەدەرەکانمان، وەکو سەگ بۆ فەرمانڕەواکان دانا، کە ئەوانیش، وەکو شوانن بۆ شارەکە.

تۆ چاک لە مەبەستەکەم تێدەگەیت. گوێ لەمەش بگرە.
چی؟
چیەتی ئەو بەشەی بە گیانمان دانا لەوە دەچێت جیاوازتر بێت لەوەی باسمانکرد. ئێمە لەپێشتر گیانمان بە شتێک دانا، وەکو ئارەزووبێت و ئێستا نکۆڵی لێدەکەین چونکە لەنێو جەنگە دەروونیەکەدا گیان زۆرتر خۆی لەگەڵ هۆشدا ڕێکدەخات.

بەتەواوی وایە.
ئایا لە هۆشەوە جیاوازە یان هەردووکیان یەک شتن؟ ئایا لەنێو دەروونداا دووبەش؛ هۆش و ئارەزوو هەن یان سێ بەش؟ یان دەروونیش بەشێوەی دانیشتوانی نێو شارەکەمان؛ بازرگانەکان و سەربازەکان بە ئەنقەست پێکەوە بە یاریدەدەری هۆش دانراون و پەروەردەیەکی خراپیش گەندەڵی نەکردوون؟
دەبێت بەشی سێیەم بێت.
بەڵێ. بە مەرجێک جیاوازییەکەی لە هۆشەوە بسەلمێنن.
سەلماندنی جیاوازییەکەی[لە هۆشەوە] دژوارنیە. تەنانەت لە منداڵێشدا گیان بە ئاسانی لە یەکەم ڕۆژی لەدایکبوونەوە دەبینرێت. بەڵام زۆرکەس، کە گەورە دەبن پێوانە هۆشەکییەکانیان تێدا دەردەکەوێت.
چاک بۆ کێشەکە چویت. ئەمە لەنێو ئاژەڵەکانیشدا هەیە. هۆمیرۆس ئەم ڕاستیە دەسەلمێنێت، کە دەڵێت: "سنگی خۆی کوتا و لەگەڵ دڵیا کەوتە دوان". ئەوەی لێرەدا هۆمیرۆس ئاماژەی بۆ دەکات ئەو بەشەیە پێوانەی بۆ چاکە و خراپە هەیە. جیاوازە لەو بەشەوە، کە توڕەدەبێت و پێوانەشی نیە.
ئەوە ڕاستە.
ئێمە، لێرەدا، ڕێگاکەمان دۆزیوەتەوە و لەسەر ئەوەی چەند چینمان لەشارەکەدا هەبێت ڕێکەوتووین.
دەروونیش بەقەد ژمارەی چینەکان بەشی تێدایە.
ڕاستە.
کەوابوو، ڕاستە بڵێین، ئەو تاکەی زانایە لە شارەکەشدا[چین] و جێگەی خۆی هەیە.
ئەوە ڕاستە.
ئایا کەسێکی ئازاو قارەمان بەم جۆرە نیە؟
پێویستە بەم جۆرەبێت .
بێجگە لەمە، گلاوکۆن، من دەڵێم ئەو مرۆڤە دەبێت وەکو شارەکەمان دادوەر بێت.
ئەوەش پێویستە.
نابێت ئەوەشمان لە بیر بچێت، کە شارەکەمان دادوەری تێدا بەرقەرارە چونکە هەر کەسە بەئیش وکاری خۆی هەڵدەستێت.
لەبیرمان ناچێت.
پێویستە بزانین، کە هەر کەسێک لە ئێمە بەگوێرەی بەشە زاڵبوەکەی دەروونی کاربکات دادوەر و چاکە.
هەڵبەتە وایە.
کەوابوو، باشتر نیە بەشی هۆشەکی لەبەر ئەوەی زانا و داهاتوو ناسە نوێنەرایەتی دەروون بکات و ببێت بە فەرمانڕەوا و گیانیشی مل کەچی فەرمانەکانی بێت؟
بەدڵنیاییەوە.
ئایا تێکەڵکردنی مۆسیقا و هۆنراوە لەلایەک و وەرزش لەلایەکی دیکەوە هاودەنگی لەنێوان دوو بەشەکەدا دروست ناکات؟ بەشی هۆشەکی بە وشەی جوان پەروەردەناکات و چیرۆکە خەمڕەوێنەکان هێمنی ناکەنەوە؟
بەتەواوی وایە.
پاش پەروەردەکردنی ئەم دوو بەشە بەم جۆرە فێری دەستەڵاتگرتن بە سەرئارەزوودا دەبین، کە بۆ پارەپەیدا کردن گەورەترین و چاوچنۆکترین بەشی دەروونە. سەرپەرشتی دەکەین تاکو خۆی بە رادەیەکی زۆر بە چێژەوە

ماندوونەکات. ئەوەندەش گەورەو بەهێز نەبێت ڕێگە لە هەڵسوڕانی کارەکان بگرێت. ڕێگە نادەین ئەو بەشەی بۆ فەرمانڕەوایی‌دانەنراو دەستەڵات وەرگرێت.

ڕاستە.
ئایا ئەم دوو بەشە لە پاراستی دەروون و لەشدا دژی دوژمنەکانی دەرەوە کارێکی چاک ناکەن؟ هۆش بە نەخشەی چاک هەڵدەستێت و گیانیش قارەمانانە دەجەنگێت و شوین بڕیاری پێشەواکەیان دەکەون.
ئەوەش ڕاستە.
بەدیدی من، لەبەر بەشی گیانە لەدەروونددا خۆڕاگرێک لە ئاستی ئازار و خۆشیدا بە ئازای دادەنێین و هۆشی بەیانی ئەوشتانە دەکات، کە دەبێت لێیان بترسێت یان نا.

ڕاستە.
لەبەر ئەو بەشەبچوکەش، کە بەیانەکە دەردەکات زانیاری لە بارەی کارە سودبەخشەکانەوە بۆدەهێنێت ئێمە بە هۆش ناوزەدی دەکەین.
بەتەواوی وایە.
ئایا لەبەر هاودەنگی ئەم سێ بەشەی دەروون نیە کەسێک دتوانێت ژیانێکی مامناوەندی هەبێت؟ فەرمانڕەواو فەرمانڕەوایکراوەکان دەگەنە ئەو ئاکامەی دژی ئەو شەرنەکەن؟
ژیانی مامناوەندێتی بۆ تاکە کەس و شارەکەش بەو جۆرەیە.
کەسێکیش بەم جۆرەی باسیدەکەین دادوەرە.
بەڵێ، پێویستە دادوەربێت.
ئایا دادوەری لە ئێمەدا لە دادوەری نێو شارەکەوە جیاوازە؟
من بە جیاوازیان دانانێم.
ئەگەر گومانمان لەمە هەبێت دەتوانین بە گەڕانەوە بۆ کێشەکان لەناویان بەرین.
کام کێشە.
بۆنموونە، ئەگەر بڵێین کەسێک بە سروشت و پەروەردەکردن، وەکو شارەکەی ئێمەیەو هەندێک زێڕ و زیوی دزیوە. کێ بۆی دەچێت بێجگە لەو کەسەی وەکو ئەو نیە ئەو کارەی کردبێت؟
کەس.
ئایا هیچ پەیوەندییەکی بە چەتەی پەرستگاکانەوە، دزەکانەوە، ئەوانەی خیانەت لە هاوڕێ کانیان دەکەن یان خیانەت لە شارەکە دەکەن هەیە؟
نەخێر.
هەروەها بۆ سوێندخواردن و ڕێکەوتنیش، جێی بڕوانیە؟
چۆن دەبێت؟
زیناکردن، ڕێز نەگرتن لە دایک و باوک، فەرامۆشکردنی خوداوەندیش زۆرتر لە ڕیزی ئەو جۆرە هەڵوێستە دادەنێت. لەگەڵ هەموویاندا دایدەنێم.
ئایا هۆکەی ئەوە نیە، کە هەر بەشە لە دەروون بەکاری خۆی هەڵناسێت؟
بەڵێ، ئەوە هۆیە.

بێجگە لەم هێزە، وەکو هۆ، لەنێو خەڵکدا و لە شارەکە بۆ هۆیەکی دیکە بۆ دادوەری دەگەڕێیت؟
بێگومان نەخێر.

ئەو خەونەی لە سەرەتای دامەزراندنی شارەکەمان لە بارەی بنەڕەت و شێوازی دادوەرییەوە هەمانبوو ئێستا بە یاریدەی خوداوەند هێنامانە دی.
بەتەواوی وایە.
بێگومان، گلاوکۆن، ئەو بنەمایەی دامانا، کە دروستە، ئەو کەسەی بە سروشت پینەچییە و کاری پینەچێتی بکات، ئەوەی بە سروشت دارتاشە و دارتاشی بکات بەم جۆرە بۆ کەسانی دیکەش وێنەیەکە لە دادوەری.
لەبەر ئەمە سودبەخشە.
وادیارە.
لەڕاستیدا دادوەری بەم جۆرەیە. بە هەرحاڵ، پەیوەندی بە ناخی کەسەکانەوە هەیە، بەوەی، کە ئەو کەسە خۆیەتی و خاوەنی ئەو شتەشە، کە[بە سروشت] پێی دراوە. دادوەر ڕێگەنادات بەشێکی[بوونی] کاروباری بەشێکی دیکە بەڕێوە بەرێت یان کارو ئیشی بەشەکان تێکەڵاوبن. ئەوەی بۆ ئەو دانراوە ڕێکی دەخات و سەرپەرشتی دەکات. خۆی ڕێک دەخات و هەر سێ بەشەکەی دەروونی ، وەکو سێ جۆری نۆتەی مۆسیقا بەرز و نزم و مامناوەندی بەگوێرەی پێوەرەکە هاودەنگ ڕیزدەکات. بەم جۆرە کارەکانی بە ئاکام دەگەیەنێت. لە هەموو کارەکاندا؛ بازرگانی، بایەخدان بەلەش، کاری ڕامیاری یان پیشە تایبەتەکان خۆی دادوەرانە هەڵسوکەوت دەکات و بەزانیارییەکی تەواوەوە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات. لەو باوەڕەدایە ئەو کارانەی هاوئاهەنگیەکەی ئەو دەشێوێنێت نادادوەرانەیە. ئەو زانینەی پشتگیری[نادادوەرییەکەش] دەکات نەزانینە.
سوکرات، ئەمە بەتەواوی دروستە.
کەوابوو، ئەگەر توانیبێتمان دادوەر، شارێکی پڕ داد و دادوەریمان دۆزیبێتەوە ئەوەی باسیدەکەین درۆ نیە.
نا، درۆ نیە.
پێویستە.
باشە، ئێستا بە دوای نادادوەرییدا دەگەڕێین.
بێگومان.
بەدڵنیاییەوە، نادادوەری جۆرێکە لە جەنگی ناوخۆ لەنێوان سێ بەشەکانی[دەروونداٍ]. تێکەڵکردنی ئیش و کاری بەشەکانە و یاخی بوونی یەکێک لەو بەشانە دژی دەروون تاکو ئەو فەرمانڕەوایی بەشەکانی دیکەش بکات. یاخی بووەکە بە سروشت کۆیلەیە، بەشەکەی دیکەش بە سروشت لەچینی فەرمانڕەوایە.
سەرلێشێواندنی ئەم بەشانە نادادوەری، بەڕەڵایی، ترسنۆکی و نەزانینە یان بە کورتیەکەی لە یەک وشەدا خراپەیە.

ئەوانە خراپن.
ئەگەر[واتاکانی] دادوەری و نادادوەری ئاشکرابێت لە جیاوازی نێوان کارێکی دادوەرانە و نادادوەرانەش تێدەگەین.
چۆن؟
کاری دادوەرانە و نادادوەرانە، وەکو تەندروستی و نەخۆشین بۆ لەش.
لەچ ڕوویەکەوە؟

شتی باش تەندروستی چاک دەهێننەکایەوە و خراپیش نەخۆشی.
بەڵێ، وایە.
ئایا کاری دادوەرانە، دادوەری و نادادوەرانەش نادادوەری لێوەپەیدا نابێت؟
پێویستە وابێت.
هاوئاهەنگی توخمەکانی لەش دەبێتە هۆی تەندروستمەندی. بە پێچەوانەی ئەم هاوئاهەنگییە سروشتیە شەوە، نەخۆش پەیدا دەبێت.
ڕاستە.
کەوابوو، سەقامگیرکردنی دادوەری لە هاوئاهەنگی بەشەکانی دەرووندانیە؟ نادادوەریش شێواندنی ئەم پەیوەندییە نیە؟
دروستە.
وادەردەکەوێت چاکە جۆرێک بێت لە تەندروستی و بارودۆخی باش وخۆش گوزەرانی دەروون. خراپەش نەخۆشی و بارودۆخی خراپ و زەبوونی دەروون بێت.
ئەوەڕاستە.
ئایا ڕێگەی چاکگرتن لەژیاندا نابێتە هۆی چاکە و خراپیش خراپە؟
وایە.
ئێستا دێینە سەر ئەو خاڵەی بزانین، داخۆ کارێکی دادوەرانە ژیان سودبەخشتردەکات، گرنگیش نیە ئەو کەسە بناسین.

سوکرات، ئەم لێکۆڵینەوەیە پاش تێگەیشتنمان لە[واتاکانی] دادوەری و نادادوەری بۆ من، گاڵتەبازییە. تەنانەت ئەگەر کەسێک پارەیەکی زۆری هەبێت، خواردن و خواردنەوەی زۆری لە بەردەستدا بێت، هەموو جۆرە دەستەڵاتێکی بۆ فەرمانڕەوایی مسۆگەرکردبێت، مادامەکی سروشتی لەشی شێواوە ژیانی بێکەڵکە. ئەگەر ئەوکەسە هەموو شتێک بۆ سەقامگیرکردنی دادوەری بکات و خۆی لە نادادوەری بپارێزێت، دەروونی شێوابێت چۆن دەژی؟
بەڵێ، گاڵتەبازییە. لەگەڵ ئەمەشدا واز لەوە ناهێنین، کە پاش ڕێگە بڕینێکی دوور و درێژ پیی گەیشتوین. بێگومان، هەرگیز ئەو کارەناکەین.
کەوابوو، بزانە چەند فۆرمی خراپە هەن، کە من دەمەوێت لێیان بکۆڵمەوە.
من شوێنت دەکەوم، باسییان بکە.

لە گۆشە نیگایەکەوە وادەردەکەوێت لە گفتوگۆکەماندا تەنیا جۆرێک چاکە و خراپەی لە ژمارە بەدەر هەبن، کە پێویستە چوار لەو فۆرمە خراپانە باسبکەین.
چۆن؟
وادەردەکەوێت بەقەد ژمارەی دەستورە ڕامیارییەکان جۆری دەروونیش هەبێت.
چەند؟
پێنج جۆر دەستور، پێنج جۆر دەروون .
ئەوانە چین؟
یەکێک لەوان ئەو دەستورەیە ئێمە باسمانکرد. ئەویش دوو ناوی هەیە. ئەگەر لەنێو فەرمانڕەواکاندا کەسێک

لەنێویاندا فەرمانەکانی بەرقەرابکرێت بە پاشاگەردانی ناوزەد دەکرێت. لە یەک کەسیش زۆرتر فەرمانڕەوایی بکەن دەبێت بە ئەرستۆکراسی.
ڕاستە.
کەوابوو، ئەمە جۆرێکە لە دەستور. گرنگ نیە یەک کەس یان چەند کەسێک فەرمانڕەوایی بکەن. ئەگەر پەیڕەوی بەرنامەی پەروەردە و فێرکردنەکەمان بکرێت، یاسا سەرەکییەکان شارەکە ناگۆڕێت.
دەشێت نەگۆڕێت.

بەشی پێنجەم

ئەمە ئەو جۆرە شارە و دەستورە و مرۆڤەیە من بە چاک و ڕاستیان دادەنێم. ئەگەر ئەمە جۆرێکی ڕاست بێت، جۆرەکانی دیکە بە خراپ دادەنێم. خراپییەکەشیان چوار جۆرن.

ئەویش پرسی و گوتی چ جۆرێکن؟

من ویستم ناویانبهێنم و ڕوونیبکەمەوە چۆن لەنێو یەکدیا سەر هەڵدەدەن. بەڵام پۆلێمارکۆس، کە دوورتر لە ئەدیمەنتۆس دانیشتبو دەستی خستە سەرشانی پۆلیمارکۆس و بە چرپە شتێکیان بە یەکدی گوت. ئێمە تێنەگەیشتین چیان گوت، تەنیا ئەوە نەبێت، کە "ڕێگەی بدەین باسیبکات".

ئەدیمەنتۆس بە دەنگێکی بەرز گوتی: ڕێگە نادەین بڕوات.

منیش گوتم: ڕێگەی چی نادەیت بڕوا؟

گوتی: ڕێگەی تۆ نادەم.

بۆچی؟

بە بیروڕای ئێمە تۆ پات لێ درێژ کردووە و هەڵتخەڵەتاندوین. ناتەوێ باسی بەشێکی گرنگی کێشەکە بکەیت. تۆ ئەو بەشە بە گرنگ دانانێیت. وادەزانیت ئێمەش نازانین. ئەویش سەبارەت ژنەکان و منداڵەکانە. هەموو کەسێک دەزانێت پیویستە هەموو شتێک لەنێوان هاوڕێکاندا هاوبەش بێت.

ئەدیمەنتۆس، تۆ ئەمە بە ڕاست نابینیت؟

بەڵێ، ڕاستە. بەڵام ئەم"ڕاست" بوونە، وەکو ئەوانی دیکە پێویستە ڕوونبکرێتەوە. تۆش نابێت ڕەچاوی نەکەیت. زۆر چاوەڕوان بووین کێشەی منداڵبوونمان بۆ باسبکەیت. چۆن لە دایک دەبن و پەروەردە دەکرێن و هاوسەرییبوونی هاوبەش چۆنە.

بە بۆچوونی ئێمە، ئەم کێشەیە کارێکی گەورە دەکاتە سەر ڕاستی و ناڕاستی دستور. پیش ئەوەی ئەم کێشانە ساخبکەیتەوەو بڕیاریان لەسەر بدەیت باسی جۆرێکی دیکەی دەستورمان بۆ مەکە. ئێمە ڕێگەت نادەین، تاکو باسی نەکەیت.

گلاوکۆن گوتی: منیش لەگەڵ ئێوەم.

تراسیماکۆس ڕوویکردە سوکرات و گوتی: ئەمە بڕیاری هەمووماننە.

من گوتم، بۆچی منتان ڕاوەستاند؟ من خۆشحاڵبووم بەوەی لەسەر باسەکە ڕازین. ئێوە نازانن چی دیکە بۆ خستنە سەر مشتومڕەکەمان پێویستە. من نەمویست خۆمان توشی ئەم گرفتر بکەین.

تراسیماکۆس گوتی: ئێمە بە دوای زێڕدا دەگەڕێین یان گوێ لە باسەکەتان بگرین؟

من گوتم، دووەمیان، بەڵام بە ڕێک وپێکی.

گلاوکۆن ڕووی لە سوکرات کرد و گوتی: کارێکی بەجێیە حەزبکەین گوێمان لە باسەکە بێت. نیگەران مەبە. خۆت بێزار مەکە. باشترە بە درێژی بۆچوونەکەتمان لەسەر هاوبەشیکردنی ژنان و منداڵە ساواکان، تاکو کاتی فێرکردنیان دەستپێدەکات، کە کاتێکی دژوارە چۆن پەروەردە دەکرێن بۆ ڕوونبکەیتەوە.

ئەمە بابەتێکی ئاسان نیە. لە بابەتەکەی پێشو زۆرتر توشی کێشەمان دەکات. لەوانەیە خەڵکی باوەڕ بە بۆچوونەکەی ئێمە نەهێنن و بە گونجاوی دانەنێن. لەبەر ئەمە لە باسکردنی دوودڵ بووم.

دوودڵ مەبە. بیسەرەکانی تۆ لاسار و بڕوانەکەر و ڕقاوی نین.

ئایا بەم وشانە هانم دەدەیت باسەکەم دەستپێبکەم؟
بەڵێ، دەمەوێت هانت بدەم.
باشە، هاندانەکەت بەجێیە. ئەگەر زانیاریم لەبارەوە هەبێت بە دڵنیاییەوە لەنێو کەسانی لێزان و هاوڕێی خۆشەویستدا دەدوێم. بەڵام وەکو ئێستای من کەسێک نەزانێ و بەدوای ڕاستیدا بگەڕێت ترسناکە. من لەوە ناترسم گاڵتەم پێبکەن و بە ساویلکەم دابنێن. لەوە دەترسم ئەگەر نەمتوانی ڕاستی بدۆزمەوە، نەک خۆم، بەڵکو هاوڕێکانیشم بەرەو ڕوخان دەبەم. لەبەر ئەمە، بۆ ئەوەی بڵێم تاوانی کوشتنی کەسێک بەبێ حەز و ئارەزوی خۆت کەمترە لەوەی خەڵکی بە هەڵە بەرەو چاکە و دەزگاکانی دادوەرییدا بەرێت. لە بەردەم (ئەدرستیا)دا دەچەمێمەوە. ئەم کارە لەگەڵ دوژمندا نەک لەگەڵ هاوڕێکانتا چاکە بکرێت.

گلاوکۆن بە پێکەنینەوە گوتی: باشە، سوکرات، هەر کاتێک ناڕاستیت بە ئێمە ناسان ئازادت دەکەین. لە تاوانەکەت خۆشدەبین. دەستەکانت بەپیس دانانێین و ئێمەش هەڵناخەڵەتێنیت. لەبەر ئەمە ئازایانە بدوێ.
من ئازایانە دەدوێم. بەگوێرەی یاسا، ئەوەی کەسێک بە ئەنقەست نە کوژێت ویژدانی تاوانباری ناکات. ئەمە بۆ منیش دەبێت.
کەوابوو، باسەکەت دەستپێبکە.
من بۆ باسەکانی پێشو دەگەڕێمەوە و بە ڕیز ئاماژەیان بۆ دەکەم. پاش باسکردن لەسەر درامای پیاوان دێمە سەر درامای ژنان.
بۆ ئەو پیاوانەی[نێرینە] لە دایک دەبن و پەروەردە دەکرێن، بەدیدی من، هیچ ڕێگەیەک بۆ پەیوەندییان لەگەڵ ژن و منداڵدا لەوە باشتر نیە، کە ئێمە باسمانکردووە. هەروەها، هەوڵماندا ئەم پیاوانە بکەین بە پاسەوانی مێگەلەکەمان.
بەڵێ.
پێویستە شێوەی لە دایکبوون و پەروەردەکردنەکەیان لەگەڵ ئەم کارەدا ڕێک بکەوێت.
چۆن؟
بەم شێوەیە: لەو باوەڕەدای ژنە هاوسەرەکانی پاسەوانەکان، وەکو پاسەوانەکان بە هەمان کاروبار هەستن و لەگەڵیاندا ڕاوبکەن؟ یان ئەو ژنانە لەبەر لاوازی و بێدەستەڵاتیان لەماڵەوە دانێین منداڵ دروستبکەن و بەخێویان بکەن. پیاوەکانیش پاسەوانێتی بکەن و دانیشتوانی نێو شارەکە بپارێزن؟ بێجگە لەوەی پیاو لەژن بەهێزترە پێویستە هەمان شتیان هە بێت. ئایا ئاژەڵەکان بەبێ ئەوەی یەک جۆر پەروەردەیان بۆ دابنێیت، دەتوانن بە یەک جۆر کار هەستن؟
نا، ناتوانن.
کەوابوو، ئەگەر ژنان بە کاری پیاوان هەستن، پێویستە یەک جۆر پەروەردەیان هەبێت.
بەڵێ.
ئێمە مۆسیقا، هۆنراوە و وەرزشمان بۆ پیاوا دانا.
بەڵێ.
پێویستە ئەمانە فێری ژنانیش بکرێت تاکو وەکو پیاوان بە کاریان بهێنین.
وادیارە.
ئەوەی دەمانەوێت بیکەین لەگەڵ نەریتدا ڕێکناکەوێت. لەبەر ئەمە، گاڵتەی پێدەکرێت.

بەدڵنیاییەوە.
چ شتێک[لەم بەرنامەیەدا] زۆر جێگەی گاڵتەیە؟ ئەوە نیە، کە ژنانیش بە رووتی لەگەڵ پیاواندا وەرزش دەکەن؟ ئەمەش تەنیا بۆ ژنی گەنج نیە، ژنە پیرەکانیش، وەکو پیاوە پیرەکان دەچن بۆ وەرزشگا. لەشیان چرچەو تەماشاکردنیان خۆش نیە. بەڵام حەزیان لە وەرزش کردنە.
بەڵێ، ئەوە جێگەی گاڵتەبازییە.
بەڵام نابێت لەم گۆڕانکارریيانەدا، لە مۆسیقا، هۆنراوە و وەرزش، هەروەها لە ئەسپ سواری و چەک هەڵگرتندا لە گاڵتەی خەڵکی بترسین.
تۆ ڕاست دەڵێیت.
ئێستا بەرەو لایەنێکی سەختتری باسەکە دەڕۆین. داوا لە خەڵکی دەکەین گاڵتە نەکەن و بە جیدی بڕواننە کێشەکە. نابێت لە بیریان بچێت، تاکو ماوەیەک لەمەوبەریش لای یۆنانیەکان (هەروەها بەربەرییەکانیش) شەرم بوو پیاوێک بە ڕووتی ببینرێت. کاتیک کریتیەکان و لەسیدامۆنیەنەکان وەرزشگایان کردەوە گاڵتەیان پێدەکرا. وانەبوو؟
وابوو.
پاش ئەوەی دەرکەوت باشترە بە ڕووتی وەرزش بکرێت ئەوەی جێگەی گاڵتەبازی بوو لەبەر چاو ونبوو.
ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت هیچ شتێک بێجگە لە خراپە جێگەی گاڵتەبازی نیە. کەسێکی گەمژە ش بە پێچەوانەی ئەمەوە بیردەکاتەوە. نابێت گاڵتە بە شتی چاک و جوان بکرێت.
ئەوە بە تەواوی ڕاستە.
پێویست ناکات لەسەر ئەوە ڕێکەوین، کە داواکارییەکانمان دەگونجێن یان نا؟ نابێت ڕێگە بدەین سەبارەت سروشتی ژن و خەسڵەتە هاوبەشەکانی لەگەڵ سروشتی پیاودا بە گاڵتە یان بە جیدی، پرسیارمان لێبکرێت؟ هەروەها [ژنانی] نێو چ چینێکی کۆمەڵ جەنگیان پێدەکرێت؟ ئایا ئەم سەرەتا باشە ئاکامێکی باشمان ناداتێ؟
هەڵبەتە.
پێویست دەکات لە جێگەی ئەو جۆرە کەسانە ئێمە ڕەخنەکان لە خۆمان بگرین و پرسیارەکانیان لە کەم وکورتی بپارێزین؟
هۆیەک نیە ڕێگەمان لێبگرێت.
با لەجێگەی ئەوان بڵێین: "سوکرات و گلاوکۆن، پێویست ناکات کەسانی دیکە گفتوگۆتان لەگەڵدا بکەن چونکە لە سەرەتاوە، کە شارەکەتان دامەزراند ڕێکەوتن هەر کەسە بەگوێرەی سروشتی خۆی کاری بدرێتێ."
دڵنیام لە سەر ئەو خاڵە ڕێکەوتین.
"ئایا کارێکی شیاو نیە هەر کەسە و بەگوێرەی سروشتی خۆی کاربکات ؟"
بەدڵنیاییەوە.
چۆن تۆ بە هەڵەدا ناچیت ئەگەر ژن و پیاو سروشتیان جیاواز بێت و هەمان کاریان بەسەردا بسەپێنیت؟ هیچ بەڵگەیەکت دژی ئەم ڕەخنەیە هەیە؟
من ئێستا[بە پەلە] وەڵامێکم نیە. داوای ڕوونکردنەوەی بۆچوونەکەی خۆمانت لێدەکەم.
ئەمە و زۆر شتی دیکەش لە سەرەتاوە منیان لە باسکردنی [پەیوەندی پیاوان] لەگەڵ ژنان و منداڵان و پەروەردە کردنیان دوودڵ کرد.

بەخوا، باسێکی ئاسان نیە.
ئاسان نیە. گرنگیش نیە دەکەویتە حەوزێکی بچوک یان دەریایەکی گەورەوە. دەبێت بە مەلەکردن خۆت دەربازبکەیت.
پێویستە.
پێویستە مەلەبکەین، خۆمان لە دەریای مشتومرەکە ڕزگاربکەین. بەو ئومێدەوە بین دۆڵفین یان کەسێک دێت فریاماندەکەوێت.
دیارە.
باشە، وەرە. با بزانین چۆن خۆمان ڕزگار بکەین. ئێمە گوتمان سروشتە جیاوازەکان کاری خۆیان پێدەدرێتێ. سروشتی ژن و پیاویش جیاوازن. ئێستاش دەڵێین، ئەو سروشتە جیاوازانە یەك جۆر شێوەی ژیایان دەدرێتێ.
ئایا ڕەخنە لەم خاڵە ناگیرێت ؟
بەتەواوی.
ها، گلاوکۆن، هونەری گفتوگۆکردن هێزیکی گەورەی هەیە.
بۆچی؟
چونکە زۆر کەس بەبێ خواستی خۆیان دژی ڕادەوەستن. وادەزانن مشتومڕیان لەسەر نیە و تەنیا گفتوگۆیان کردووە. ناتوانن بە وردی بزانن چ فۆرمێکی وەرگرتووە. خۆیان توشی ناکۆکیە زمانەوانیەکان دەکەن. ئەمە توشی زۆر کەس دەبێت، بەڵام ئێمە توشی نەبووین. وایە؟
زۆرکەس وایە. من هەستدەکەم، ئێمەش بەبێ خواستی خۆمان کەوتوینەتە نێو مشتومڕەکەوە.
چۆن؟
ئێمە ئازایانە و شەڕەنگێزانە بە وشەی ڕازاوەشەوە جەخت لەسەر ئەو یاسایە دەکەین، کە سروشتە جیاوازەکان کاری جیاوازیان هەیە. بەڵام شێوەی جیاوازییەکان و لێکچونەکانمان دیارینەکردووە.

نا، دیاریمانەنەکردووە.
کەوابوو، لە خۆمان دەپرسین، سروشتی پیاوی سەر ڕووتاوە و قژ درێژ وەکو یەکن یان جیاواز. ئەگەر لەسەر جیاوازییان ڕێکەوتین و گریمان سەر ڕووتاوەکە پینەچی بێت، ئەوا نابێت ڕێگە بە قژ درێژەکە بدرێت پینەچێتی بکات. ئەوە گاڵتە بازییە.
ئایا هۆی ئەم گاڵتە بازییە ئەوە نیە ئێمە بێ ئەوەی جەخت لەسەر هەموو جۆرە جیاوازی و لێکچونەکان بکەین تەنیا ڕوومان لە یەک جۆر جیاوازی و لێکچونی تایبەتی کردوە؟ مەبەستمان ئەوە بوو دەروونی ژن و پیاوی پزیشک جۆرێک سروشتیان هەیە. وابۆی ناچیت؟
بەڵێ، وابۆی دەچم.
بەڵام سروشتی پزیشک و دارتاش جیاوازن؟
بەتەواوی جیاوازن.
کەوابوو، ئەگەر بینیمان لە جۆرێک پیشە و شێوەیەکی تایبەتی ژیاندا نێرینە لە مێینەوە جیاواز بوو داوای جیاوازییەک دەکەین، کە لە هەموویان شیاوتر بێت. ئەگەر جیاوازییەکە تەنیا لەوەدا بێت مێینە منداڵی دەبێت، ئەوا هیچ بەڵگەیەک بۆ سەلماندنی جیاوازییان بەگوێرەی باسەکەمان دانەمەزراندوە. ئێمەش واز لەو باوەڕە ناهێنین، کە پاسەوانەکان و ژنەکانیان هەمان جۆر پیشەیان بدرێتێ.

ڕاستە.
دواتر، هەر کەسێک وەکو ئێمە بیرینەکردەوە داوایلێدەکەین لە چ ڕوویەکەوە لەسەر ئەو دەستورەی لە شارەکەدا بەرقەرارە سروشتی ژن و پیاو لە یەکدییەوە جیادەکاتەوە؟
ئەوە پرسیارێکی ڕەوایە.
بێگومان ئەویش، وەکو تۆ دەڵێت بەم کتوپڕییە وەڵامدانەوەکە ئاسان نیە. بەڵام پاش بیرکردنەوە دەستماندەکەوێت.
بەڵێ، دەشێ بەم جۆرە وەڵامبداتەوە. پێویستە، داوای لێبکەین شوێن ئێمە بکەوێت تاکو بۆی بسەلمێنین، کە بەڕێوەبردنی شارەکە لەلایەن ژنەوە ڕەوایە.
بێگومان.
وەرە، ئێمە دەڵێین،" وەڵاممان بدەرەوە: ئایا مەبەستت ئەوە نیە هەر تاکە بە سروشت بۆ کارێک ئامادەکراوە؟ تاکێک ئاسانتر لەوی دیکە فێر دەبێت؛ تاکێک پاش ڕاهێنانی کەم دەتوانێت ڕێگاکانی خۆی بدۆزێتەوە، تاکێکی دیکەش پاش ڕاهێنانێکی زۆر شتەکانی لە بیر دەچێتەوە و فێر نابێت؛ مێشکی تاکێک بۆ فێربوون لە مێشکی تاکێکی دیکە لایەقترە. وا نیە؟ چی دیکە بێجگە لەمانە هەیە جیاوازی نێوان سروشتی ئەوانەی بۆ کارێکی دیاریکراو دەگونجێن و ئەوانەی ناگونجێن دەستنیشان بکات؟

کەس لەو باوەڕەدا نیە شتێکی زیاتر هەبێت.
هیچ جۆرە کارێک هەیە لە ئەنجامدانیا نێرینە لە مێینە پلە بەرزتربێت؟ پێویست دەکات باسی تەونکردن، نان دروستکردن و سەوزەلێنان بکەین، کە مێینە تیایاندا لە نێرینە وەستاترە و بە پلەنزم دانانرێت؟
دروستە یەکێک لەو دوو ڕەگەزە لە هەموو کارەکاندا لەوی دیکە چاکترە. مێینەش لە نێرینە باشتر هەندێک کار بەجێ دەهێنێت.
بەگشتی بەو شێوەیەیە تۆ بۆی دەچیت.

کەوابوو، ژن ناتوانێت شار بەڕێوە بەرێت چونکە ژنە و پیاویش پیاوە و بەم جۆرە سروشتی جیاوازیان بە سەردا دابەش کراوە. ژن ، وەکو پیاو هەموو خەسڵەتەکانی هەیە بەڵام لە هەموویاندا لە پیاو نزمترە.
بەدڵنیاییەوە.
پێویستە، هەموو کارەکان بدەینە دەست پیاو، ژنی لێبێبەش بکەین؟
چۆن دەبێت؟
ئێمە دەڵێین، ژنێک بە سروشت پزیشکە، ئەوی دی پزیشک نیە. مۆسیقا زانە، ئەوی دی مۆسیقازان نیە.
بێگومان.
بەهەمان شێوە، ژنێک وەرزش زانە یان جەنگاوەرە ئەوی دی وانیە و حەزی لە وەرزش نیە.
وابۆی دەچم.

لە سەرو ئەمەوە ئایا نابێت ژنێک فەیلەسوف بێت و یەکێکی دیکەش ڕقی لە فەلسەفە بێت؟ ژنێک ورە بەرز و ئازاو ئەوی دی ترسنۆك بێت؟
ئەوەش ڕاستە.
کەوابوو، دەگونجێت ژنێک بە سروشت پاسەوان بێت و ژنێکی دیکە وانەبێت. ئایا سروشتی پاسەوانێتی نەبوو

کە پیاوی [لە شارەکەماندا] کرد بە پاسەوان؟
بێگومان.
لێرەوە دەگەینە ئەو باوەڕەی ژن و پیاو بە سروشت بۆ پاسەوانێتی لە شارەکەماندا جیاواز نەبن. هەرچەندە یەکێکیان بەهێز و ئەوی دی لاوازە.
وادیارە.
لێرەدا ئەو ژنانەی بە سروشت، وەکو پیاوە پاسەوانەکان تەوانای ئەم کارەیان هەیە لە شارەکەماندا دەچنە ڕیزی پیاوە پاسەوانەکانەوە.
بە دڵنیاییەوە.
ئایا نابێت بۆ ئەو ژنانەی هەمان سروشتی پیاویان هەیە، وەکو پیاو هەمان کارو پیشەیان بدرێتێ؟
پێویستە.
ئێمە بۆ خاڵەکەی پێشوماندەگەڕێینەوە، کە گوتمان، ژنی پاسەوانەکان مۆسیقا و هۆنراوە بخوێنن و فێری وەرزش بکرێن.

بەتەواوی دروستە.
کەوابوو، ئێمە یاسایەک دانانێین نەتوانین بیچەسپێنین و باسەکەشمان حەزێکی ڕووت نیە. یاساکەمان بەگوێرەی سروشتە و ئەوەی دەمانەوێت دژی سروشت نیە.
دیارە.
ئێستا، مەبەستمان لەوەدا نیە، کە داواکارییەکانمان گونجاو و پەسەندکراو بن؟
بەڵێ.
نابێت بگەینە ئەو خاڵە هاوبەشەی، کە داواکارییەکانمان شتێکی پەسەندکراون؟
ئاشکرایە.
پێویست دەکات بۆ ژنان و پیاوانی پاسەوان، کە هەردووکیان یەک جۆر سروشتیان هەیە، دوو جۆری جیاواز لە سیستەمی پەروەردە و فێربوونیان بۆ دامەزرێنین؟
نا.
تۆ سەبارەت ئەم خاڵە چ دەڵێیت؟

کام ؟
پیاوێک لە پیاوێکی دیکە چاکترە یان بە دیدی تۆ هەموویان وەکو یەکن؟
بە دڵنیاییەوە، هەموویان وەکو یەک نین.
بە دیدی تۆ کێ لە شارەکەماندا چاکترە؟ ئەو پاسەوانەی ئێمە پەروەردەمان کردوون یان پینەچییەک، کە خۆی فێری کارەکەی بووە؟
پرسیارەکەت سەیرە.
تێدەگەم. ئایا پاسەوانەکان لەنێو هاووڵاتیاندا چاکترین نین؟
دڵنیام چاکترینن.
ئەی ژنە پاسەوانەکان؟ لەنێو ژناندا چاکترین نین؟
چاکترینن.

چ شتێکی دیکە لە چاکترین ژن و پیاو، وەکو هاووڵاتی بۆ شارەکەمان باشترە؟
هیچ شتێک لەوە باشتر نیە.
ئایا مۆسیقا و هۆنراوە و وەرزش نین، کە ئەم[ژن و پیاوانە] پێدەگەیەنن؟
هەڵبەتە.
دەتوانین بڵێین یاساکەمان تەنیا گونجاو نیە، بەڵکو شتێکی پەسەندکراویشە.
بەڵێ.
کەوابوو، ژنانی پاسەوان لە مەشقکردن و وەرزشکردندا دەبێت خۆیان ڕووت بکەنەوە چونکە ئەوان چاکەیان لە بەردایە نەک جل و بەرگ. دەبێت بچنە جەنگەوە و کاری پاسەوانێتی بکەن. بەڵام لەبەر لاوازی هەندێک لە بەشی لەشیان کاری ئاسانیان پێدەسپێرین. ئەو پیاوەی بەو ژنە ڕووتانەش پێدەکەنێت، کە خزمەتی شارەکە دەکەن، میوەی کاڵ دەخوات. نازانێ چی دەکات و بە چی پێدەکەنێ. گوتەیەکی چاک هەیە، دەڵێت: ئەوەی سودبەخشە جوانە و زیان بەخشیش ناشرینە.
بە تەواوی دروستە.
دەتوانین بڵێین، خۆمان لەو ڕەخنەیە سەبارەت دانانی یاسا بۆ ژن دەربازکردووە و لەگەڵ ئەوەشدا نەگەیشتینە ئەو بڕیارەی، کە مێینەو نێرینەی پاسەوان لە هەموو ڕوویەکەوە هاوبەشن. بۆچونەکەمان لەوێدا بەجێیە، کە دەڵێت، ئەمە سودبەخش و کارێکی گونجاویشە. خۆمان لە شەپۆلی ڕەخنەیەکی بچوک دەربازکردوە. ئەگەر تەماشای ئەمەیان بکەیت،[شەپۆلی] پێشو بە گەورە دانانێیت.
بۆم باسکە و منیش پێت دەڵێم، کامیان گەورەترە.
بە دیدی من، ئەم یاسایە لە دوا یاساوە دەردەچێت، کە دامانینا. ئەوانی دیکەش بە دوای ئەمدا دێن.
کام یاسایە؟
ئەم ژنانە بۆ هەموو پیاوەکانن. کەسیان بە تەنیا لەگەڵ هیچ پیاوێکدا هاوسەر نابێت. منداڵەکانیش بۆ هەموویانە. کەس نابێ منداڵی خۆی بناسێ و منداڵیش دایک باوکی ناناسێت.
ئەم شەپۆلە لەوەی پێشو گەورەترە. چونکە گومان لەوە دەکرێت سودبەخشیش بێت.

ئەگەر ئەمە بگونجێت گومانیش لە سود بەخشینەکەی ناکرێت. بەڵام مشتومڕی زۆر لەسەر گونجاندنەکەی دەکرێت.
مشتومڕ لەسەر هەر دوو لایەنەکەی دەکرێت.
مەبەستت ئەوەیە کەسانێکی دوو لایەن ڕەخنەم لێدەگرن. ئەگەر تۆ لەو باوەڕەدابیت داواکارییەکەم سودبەخشە، ئەوا خۆم لە لایەنێکیان رزگارکردووە. دوایی مامەڵە لەگەڵ لایەنەکەی دیکە دەکەم.
چۆن خۆت دەربازدە کە یت و بەرامبەر هەردوو لایەنەکە بە بەڵگەوە ڕادە وەستیت؟

باشە، کەوابوو، بەسزاکە ڕازیم. بەڵام وەکو ئەوانەی پشودەدەن و کارناکەن بە تەنیا بۆ پیاسەکردن و بیرکردنەوە دەڕۆن و خۆیان لە ماندووبوون دەدزنەوە ئەم چاکەیەم لەگەڵدا بکە. گوایە ئەوەی دەیانەوێت بیدۆزنەوە لەبەر دەستدایە، پێویست ناکات خۆیانی بۆ ماندووبکەن و تەمبەڵ دەبن. من لەم حاڵەتەدا دڵ نەرمم و حەزدەکەم شێوەی جێبەجێکردنی داواکارییەکەم دوا بخەم. ئەگەر تۆ ڕێگەم بدەیت وابۆی دەچین، کە [داواکارییەکەمان] بەجێیە و هەوڵدەدەین بزانین چۆن فەرمانڕەواکان خۆیانی بۆ ئامادە دەکەن. هەروەها نیشانی دەدەم، کە هیچ شتێک لەمە زۆرتر سودی بۆ شارەکە و پاسەوانەکانمان نیە. من لەگەڵ تۆدا چارەی

ئەم کێشانە دەکەم و دوایی وەڵامی پرسیارەکەی دیکە دەدەمەوە. بەڵام ئەگەر تۆ ڕێگەم بدەیت.
ڕێگەت دەدەم، فەرموو لێکۆڵینەوەکەت بخەرەگەر.
من وا بۆی دەچم فەرمانڕەواکان و یاریدەدەرەکان ئامادەن فەرمان دەربکەن و پەیڕەویشی بکەن. لە چەند حاڵەتێکدا فەرمانڕەواکان خۆیان پەیڕەوی یاساکانمان دەکەن. لە حاڵەتی دیکەدا، لەو حاڵەتانەدا ڕێگەیان پێدەدرێت خۆیان هەڵسوکەوت بکەن، بەگوێرەی شێوازی سیستەمەکەمان دەجوڵێینەوە.
وایە.
تۆ یاساسازی شارەکە و ئەو ژنانەی سروشتی لێکچویان لەگەڵ پیاواندا هەیە هەڵدەبژێریت و لەگەڵ ئەو [جۆرە] پیاوانەدا دایاندەنێیت. لەبەر ئەوە خانوی هاوبەشیان بۆ دروست دەکەیت و کەس ماڵی تایبەتی خۆی نابێت. هە موو پێکەوە دەژین و فێردەبن. دڵنیام لەوەی حەز لە سیکسیش لەگەڵ یەکدی دەکەن. لەو باوەڕەدا نیت ئەمەش پێویست بێت؟
ڕاستە .
هەنگاوی دووەممان، دانانی یاسایە بۆ هاوسەری بوون. هاوسەری بوونی پیرۆزیش سودبەخشە.
بەتەواوی دروستە.
سودبەخشترین چۆنە؟ گلاوکۆن پێم بڵێ: تۆ تانجی و چەند باڵندەیەکی چاکت لە ماڵەوە ڕاگرتوە. هیچ لە بارەی جووت بوونیانەوە دەزانیت؟
چۆن ؟
پێشەکی، دەزانین ئەو زیندەوەرانە چاکن. ئایا لە نێویاندا چاکترین زیندەوەر نادۆزیتەوە؟
چاکترینیان تێدایە.
هەموویان لەگەڵ یەکدا جووتدەکەیت یان چاکترینەکانیان پێکەوە دادەنێیت[زاوزێ بکەن]؟
چاکترینەکان پێکەوە بۆ زاوزێ دادەنێم.
ئایا گەورەکان و بچوکەکان یان ئەوانەی گەیشتونەتە تەمەنێک بۆ زاوزێ ئامادەبن جووتیان دەکەیت؟
ئەوانەی بە تەمەنەکە گەیشتون.

لەو باوەڕەدای ئەگەر ئەم کارەنەکەیت ڕەگەزی زیندەوەرەکانت بەرەو خراپی بڕۆن؟
لەو باوەرەدام.
لە بارەی ئەسپ و زیندەوەرەکانی دیکەوە چ دەڵێیت؟ ئەمان جیاوازن؟ سەیرە ئەگەر جیاواز بن.

ئەمە بۆ مرۆڤیش ڕاستە. پێویستمان بە چاکترین فەرمانڕەوا هەیە.
ڕاستە، بەڵام چۆن؟
لەبەر ئەوە، فەرمانڕەواکانمان دەبێت دەرمانی زۆر بخۆن. بۆ ئەمەش دەبێت پزیشکی لێزانمان هەبێت.
ڕاستە، بەڵام مەبەستت چیە؟
لەوە دەچێت پێویست بکات فەرمانڕەواکانمان بۆ سەقامگیرکردنی دەستەڵات درۆ لەگەڵ هاوڵاتییان بکەن. ئەم درۆکردنانەش، وەکو دەرمان سودیان هەیە.

ئێمە ڕاست بۆی چووین.
ئێمە لەبارەی هاوسەری بوون و منداڵ بوونیشەوە ڕاست دەڵێین.

چۆن؟
لەبەر ڕۆشنایی باسەکەی پێشودا یەکەم، چاکترین پیاو دەبێت لەگەڵ چاکترین ژندا جووت بێت و سێکس بکات. بەپێچەوانەشەوە، نزمترین پیاو لەگەڵ نزمترین ژندا جووتدەکەین. دووەم، ئەو منداڵانەی لە چاکترین ژن و پیاو دەبنەوە، نەک منداڵی ژن و پیاوە نزمەکان، بۆ ئەوەی لە داهاتوودا، کە دەبن بە پاسەوان، لە بەڵاو ئاژاوە دووربن لە شوێنی نادیاردا لەژێر چاودێری فەرمانڕەواکان پەروەردە دەکرێن.
دروستە.

کەوابوو، یاسا بڕیار لە سەر ئاهەنگ گێڕان و قوربانی دان بۆ جووت بوونیان دەدات. بە شاعیرەکانمان دەڵێین هۆنراوەیان بۆ بهۆننەوە. ئەم کارە دەدەینە دەست فەرمانڕەواکان. ئەوانیش بیر لە هێشتنەوەی ژمارەیەکی پیویست لە پیاوان دەکەنەوە. چونکە جەنگ و نەخۆشی ژمارەکە دەگۆڕێت. نامانەوێت شارەکەمان لە ژوور ڕادەی خۆیەوە گەورە یان بچوک بێت.
ڕاستە.
بۆ هەڵبژاردنی ژنان بۆ پیاوانیش جۆرە یارییەکی دادەنێین تاکو کەسە نزمەکان گلەیی لە بەختی خۆیان بکەن و ڕەخنە لە فەرمانڕەواکان نەگرن.
باشە.
لاوە قارەمانەکانیش دەبێت ڕێگەیان بدرێتێ لەگەڵ ئەو ژنانەدا جووت بن و ببن بە باوکی ژمارەیەکی زۆر لە منداڵەکان.
ڕاستە.
منداڵەکان دەدرێن بە دایەنەکان.
بەڵێ.
بە بیری من، منداڵی دایک و باوکە چاکەکان بۆ بەخێوکردنیان دەبرێن بۆ شوێنی دیاریکراو. منداڵی دایک و باوکە نزمەکان یان ئەوانەی بە کەم ئەندامی لەدایک دەبن لە شوێنێکی نهێنی دەیانشارینەوە. ئەمەش بۆ ئەوەیە نەوەی پاسەوانەکان بە پاکی بمینێتەوە. نابێت بەخێوکەرەکان منداڵەکان بۆ شیرخواردن بۆ لای دایکەکانیان بهێننەوە تاکو هیچ دایکێک منداڵەکەی خۆی نەناسێتەوە. بەخیوکەرەکان ئاگایان لەو منداڵانە دەبن، کە گرفتیان هەیەو شەونخونییان دەکەن؟
تۆ منداڵ بوون بۆ ژنانی پاسەوانەکان ئاساندەکەیت.
ئەوە کارێکی ڕەوایە. با لەسەر داواکاری دووەم بدوێین. گوتمان پێویستە دایک و باوکی منداڵەکان لە تەمەنێکی گونجاودا بن.
ڕاستە.
تۆ لەگەڵ ئەو بیرەدای، کە تەمەنی ژن[بۆ منداڵبوون] بیست ساڵ و پیاویش سی ساڵە؟
لە چ تەمەنێکەوە ئەم ساڵانە دەستپێدەکەن؟
ژن لە شارەکەماندا لە تەمەنی بیستەوە بۆ چل منداڵی دەبێت. پیاویش لەو ڕۆژەوە، کە دەبێت بە ڕاکەرێکی چاک تاکو تەمەنی پەنجا و پێنج ساڵ بۆی هەیە منداڵ دروستبکات.
بە هەر حاڵ، ئەوە باشترین کاتە بۆ لەش و مێشکی ئەوان.
ئەو پیاوەی لە ژێر یان لە ژوور ئەم تەمەنەوەیە منداڵ بۆ شارەکەمان دروستدەکات، دەبێت پێی بڵێین ئەو

کارە دادوەرانە و بڕواکەرانە نیە. منداڵەکەی لەنێو تاریکییدا لەدایک دەبێت و کەم ویست دەردەچێت. هیچ نوێژ و قوربانی دانێک بۆ جووتبوونەکەش لەلایەن مرۆڤە ئاینییەکانەوە ئامادە ناکرێت. ئێمە هەمیشە لەو باوەڕەداین نەوەی مرۆڤە چاکەکان دەبێت چاکتر بن و زۆرتر سود بەخش بن.

ئەوە ڕاستە.

ئەم یاسایە بەسەر ئەو پیاوەشدا دەسەپێنرێت، کە بیەوێت بەبێ ڕەزامەندی فەرمانڕەواکان لەگەڵ ژندا جووت بێت و منداڵ دروستبکات. ئەو منداڵێکی زۆڵ و لە یاسا بەدەر و ڕێگە پێنەدراو دەهێنێتە کایەوە.

بەتەواوی ڕاستە.

ئەم یاسایە بەسەر ئەو پیاوەشدا دەسەپێنریت، کە بیەوێت بەبێ ڕەزامەندی فەرمانڕەواکان لەگەڵ هەرچ کەسێکدا بیانەوێت سێکس بکەن. پیاو نابێت لەگەڵ کچی، کچە زاکانی، دایکی، پشتی دایکی جووت بێت. ژنیش نابێت لەگەڵ کوڕی و کوڕەزاکانی، باوکی و پشتی باوکی جووت بێت. پاش دانانی ئەم یاسایە نابێت[لەم کەسانە] منداڵیان هەبێت. ئەگەر منداڵ پەیدابێت دەبێت بزانن، کە بەخێوناکرێت.

ئەوە ڕەوایە. چۆن باوکیان یان کچی خۆیان دەناسنەوە؟

ئەو منداڵانەی حەوت یان دە مانگ پاش زەماوەندی پیاوێک لە دایک دەبن هەموویان دەبن بە زادەی ئەو پیاوە؛ نێرینەکان بە کوڕی و مێینەکانیش بە کچی. منداڵەکانیش ئەو پیاوە بە باوکی خۆیان دادەنێن. هەموو ئەو پیاوانە نەوەی دوای خۆیان بە منداڵ و منداڵی منداڵیان دادەنین. منداڵەکانیش ژن و پیاوانی پێش خۆیان بە دایک و باوک و باپیرەو داپیرە دادەنێن. ئەوانەی لە یەک کاتدا لە دایک بوون خوشک و بران. بەم جۆرە هەر یەکێک لەم دەستە مرۆڤانە دەزانن لەگەڵ کێدا جووت بن. بەڵام لە ڕێگەی بەخت بازیییەکەوە [ئەگەر ناوی خوشک و برا دەرچوو] هەروەها "پیتیا" ڕازی بێت ، خوشک و برا دەتوانن لەگەڵ یەکدا جووت بن.(35)

ڕاستە.

بەم جۆرە، گلاوکۆن، پاسەوانەکانی شارەکەمان ژن و منداڵیان بە هاوبەشی دەبێت. پێویستە بزانین ئەم ئامادەکردنە لەگەڵ دەستورەکەماندا ڕێکدەکەوێت و باشترینە یان ڕێگەیەکی دیکە هەیە بیگرینەبەر؟

تەنیا ئەو ڕێگەیە هەیە.

ئایا ئەمە باشترین نەخشەدانان بۆ شارەکەمان نیە؟ ئایا پێویست ناکات بزانین چۆن ئەم نەخشەیە بەرەو چاکە نەک خراپەمان دەبات؟

پێویستە.

هیچ خراپەیەک لە تێکشکاندن و دابەشبوونی شارێک بۆ چەند شارۆچکەیەک گەورەتر هەیە؟

چ چاکەیەکیش لەوە مەزنترە، کە یەکیتی شارەکە دەپارێزێت؟ (36)

وایە.

ئەگەر هەندێ لە هاوڵاتیان لە ناخۆشیدابن و ئەوانی دیکەش لە خۆشیدا، ئایا ئەم ناکۆکییە نابێتە هۆی

---

(35) پیتیا ژنە سەرۆکی ئایینی سەر بە خوداوەندی ئەپۆلۆیە لە پەرستگای دێلفی ژیاوە.(وەرگێڕ)

(36) حەزدەکەم جارێکی دیکە خوێنەر بزانێت ئەفلاتون زاراوەی شار بۆ دەوڵەتیش بە کاردەهێنێت چونکە لە یۆنانی کۆندا شار دەوڵەت بووە.(وەرگێڕ)

ڕوخانی شارەکە؟
هەڵبەتە.
ئەمە لەوێدا ڕوونادات، کە زاراوەی"ئەوی من" و " ئەوی من نا" بە شێوەیەکی نا لە بار بەکاردەهێنرێن؟
هەروەها زاراوەی "بۆ ئەوان"یش ؟
بە تەواوی وایە.
باشترین شار ئەوەیە زۆرینەی دانیشتوانی بۆ هەمان شت و بە هەمان شێوە پێکەوە بڵێن"ئەوەی من" و"ئەوەی من نا"؟

بێگومان.

ئەو شارە چۆنە، کە لە تاکە کەسێک دەچێت؟ بۆ نموونە، کە پەنجەیەکمان دەیەشێت هەموو لەشمان هەست بە ئازار دەکا.

بە دڵنیاییەوە، سەبارەت پرسیارەکەشت شارێک چاکترین فەرمانڕەوای هەبێت لەو کەسە دەچێت.
کەوابوو، لە کاتی خۆشی و ناخۆشی هاووڵاتیەکدا ئەو شارە خۆی دەکات بە خاوەنی هاووڵاتیەکە و هەموو بەشەکانی دیکەی لە خۆشی و ناخۆشی ئەو کەسەدا هاوبەشی دەکەن.

ئەگەر دەستورێکی چاکی هەبێت پێویستە بەم جۆرە بێت.
ئێستا، دەگەڕێینەوە شارەکەی خۆمان و بزانین ئەم خەسڵەتانەی تێدایە یان نا.
پێویستە بزانین.
شارەکانی دیکە چۆنن؟ ئایا ئەوانیش، وەکو شارەکەی ئێمە فەرمانڕەواو هاووڵاتیانی تێدا ناژین؟

تێیدا دەژین.
چۆن هاووڵاتیان ناو لە فەرمانڕەواکان دەنێن؟

بە هەندێکیان دەڵێن زۆردار و ئەوانی دیکە دیمۆکرات یان دادوەر.

ئەی دانیشتوانی شارەکەی ئێمە؟ چی بە فەرمانڕەواکان دەڵێن؟
پارێزەر و یاریدەدەرەکان.
ئەوان چ ناوێک لەخەڵکی دەنێن؟
دابینکەری دارایی و موچە.
فەرمانڕەوای شارەکانی دیکە چ ناوێک لە خەڵکی دەنێن؟
کۆیلەکان.
چۆن فەرمانڕەواکان لە یەکدی دەگەن؟
هاوفەرمانڕەوا.

ئەوانەی ئێمە؟
هاوپاسەوان.

فەرمانڕەوای شارەکانی دیکە کەسێک بە خزم و ئەوی دی بە بێگانە دادەنێن؟
بەڵێ، لەوانەیە.
خزمەکەی بە کەسی خۆی و ئەوی دیکە بە دوور لە خۆی دانانێت؟
دایدەنێت.
پاسەوانەکانی تۆ چۆنن؟ یەکدی بە بێگانە دادەنێن؟
بە هیچ جۆرێک بە بێگانەی دانانێت. بە دایک و باوک، خوشک و برای خۆی دادەنێت.
تۆ باش بۆ کێشەکە چوویت. بەڵام پێم بڵێ: ئایا ئەم ناوانەی لێیان دەنێت بەگوێرەی یاسای[شارەکەمانە]؟
ئایا پێویست ناکات ڕێز لە گەورە بگرن و گوێڕایەڵی فەرمانەکانی بن؟
نابێت بەبێ پەیڕەویکردنی یاسا ناو لەشتێک بنێن.

کەوابوو، لە شارەکەی ئێمەدا، زۆرتر ئەو زاراوە هاو سەنگانە بەکاردێت. کاتێک یەکێک کارێکی باش یان خراپ دەکات هەموو پێکەوە دەڵێن"ئەوەی من" باشە یان خراپە.

ئەوە ڕاستە.
ئێستا باس لەوە نەکرا، کە هاووڵاتیان هاوبەشن لەوەی هەیانە؟ ئەمەش نابێتە هۆی ئەوەی لە خۆشی و ناخۆشیدا هاو بەشبن؟
هەڵبەتە.
لەسەرو ئەمەشەوە ژنان و منداڵان بۆ پاسەوانەکان هاوبەشن؟

ئەوەش ڕاستە.
ئێمە گوتمان هاوبەشیکردن لە خۆشی و ناخۆشیدا بەرزترین چاکەیە. فەرمانڕەوایی چاکمان لەگەڵ لەشی تاکە کەسێک لە ئاستی ئازار و خۆشی بەشێکیدا بەراورد کرد.

ڕێکەوتنەکەمان، لەسەر ئەم خاڵە دروست بوو.
سەرچاوەی گەورەترین چاکە، لەشارەکەماندا، هاوبەشیکردنی ژن و منداڵانە لەلایەن یاریدەدەرەکانەوە.
وایە.
ئەمەش لەگەڵ باسەکەی پێشودا کۆکە. گوتمان پاسەوانەکان ماڵ و سامان و موڵکی خۆیان نیە. بەڵام موچە لە هاووڵاتیان وەردەگرن و بەشی دەکەن.
ڕاستە.
ئەمە لەگەڵ ئەو ڕایەدا کۆک نیە، بۆ ئەوەی شارەکە وێران نەکەن ڕێگەیان نەدرێتێ ئەو شتەی هەیانە بە موڵکی خۆیانی دابنێن؟ ئەگەر خەڵکی جیاواز زاراوەی"ئەوەی من" بۆ زۆر شت بەکاربهێنن، ئەوا کەسانێک بە ئارەزووی خۆیان کەلوپەلی خەڵکی دەبەنە ماڵەوە یان دەبەنە ئەو ماڵانەی ژن و منداڵەکانیان تێدا داناوە و بۆ حەز و چێژی خۆیان بەکاریاندەهێنن. لەلایەکی دیکەوە، دانیشتوانی شارەکەمان ئەو شتانە بە موڵکی هەموویان دادەنێن و هەموویان ئامانجێکیان هەیە و پێکەوە هەست بە خۆشی و ناخۆشی دەکەن.

دروستە.
ئایا لەبەر ئەمە، شکاتکردن و تاوانبارکردنی یەکدی لەنێو ناچن؟ هەموو ناکۆکییەکانی نێو کۆمەڵ لەبەر

دەستبەسەراگرتنی ژن و منداڵ و موڵکە.
ئەوانە، لەنێو دەچن.
دادگایکردن لە سەر کێشەی بریندار بوون و لێدانیش لەنێو دانیشتواندا نامێنێت چونکە فێریاندەکەین، کە چاکە کەسێک دژی هاوتەمەنی بەرگری لە خۆی بکات. ئەمەش لەشیان بە باشی ڕادەگرێت. ڕاستە.
ئەم یاسایە لەبەر هۆیەکی دیکەش دروستە: ئەگەر کەسێکی هەڵچو رقەکەی بەم جۆرە دەربڕێت کێشەی گەورەتر دروستناکات.
بەدڵنیاییەوە.
بەڵام مرۆڤیکی بە تەمەن دەستەڵاتی دەدرێتێ فەرمانڕەوایی کەسانی کەم تەمەن بکات و سزایان بدات.
ئاشکرایە.
لاوێکیش زیان بە مرۆڤێکی بە تەمەنتر لە خۆی ناگەیەنێت. لە ئاستیدا بێ ڕێز ڕەفتارناکات تاکو فەرمانڕەواکە ئەو فەرمانەی پێنەدات. دوو هۆ لە ئاستی ئەم کارەدا ڕێگری دەبن: شەرمکردن و ترس. شەرم نایەڵێت منداڵ دەست لە ئاستی دایک و باوکییدا بەرزبکاتەوە. لەوەش دەترسێت کەسانی دیکە، وەکو خوشک و براکانی یان منداڵەکان دژی ڕاوەستن.

ئەوە کاریگەرە.

ئایا لە هەموو حاڵەتەکاندا یاسا نیشانی مرۆڤی نادات بە ئاشتی لەگەڵ ئەوانی دیکەدا بژی؟
زۆر وایە.
ئەگەر پاسەوانەکان لەنێو یەکدا ناکۆک نەبن مەترسی جەنگی ناوخۆش لەنێو خۆیان و کۆیلەکاندا سەرهەڵنادات.
بەڵێ، سەرهەڵنادات.
بە دوو دڵیەوە دەمەوێت بڵێم، مادامەکی پاسەوانەکان زۆرکەم کاری خراپیان لێدەوەشێتەوە نا کەونە ژێر کاریگەرێتی پیداهەڵدانی دەوڵەمەند و ئاڵۆزی و ماندووبوون لە بەخێوکردنی منداڵ و نان پەیداکردن، قەرزکردن، قەرزدانەوە و پارەدان بە ژن و کۆیلەکانی. ئەو ناخۆشی و ئازارەی مرۆڤ لە مانەوە سەرهەڵدەدەن و پیویست ناکات باسییان بکەم. تەنانەت کوێریش دەیانبینێت.
[پاسەوانەکانمان] لەم خەم و ئازارانە دووردەبن. ژیانیان لە یاری زانە سەرکەوتوەکانی ئۆڵەمپیک خۆشتر دەبێت.
چۆن؟
بەختەوەری یاریزانە ئۆڵەمپیەکان بە سەرکەوتنێکی بچوکەوە بەستراوە. سەرکەوتن بۆ پاسەوانەکانمان گەورەترە و موچەیان زۆرترە. سەرکەوتنیان لە پیناوی پاراستنی شارەکەدایە. پاداشتی ئەمەش مسۆگرکردنی ژیانە. شارەکەی خەڵاتیان دەکات، کە مردیشن بە ڕێزەوە دەنێژرێن.

ئەو مامەڵەکردنە لەگەڵیاندا چاکە.
لەبیرتە، کەسێک، نازانم کێ بوو! لە پێشتر ڕەخنەی لێگرتین، کە گوایە ئێمە پاسەوانەکانمان بەختەوەر نەکردووە. گوتی ئەوان بۆیان هەیە هەموو شتێکیان هەبێت و هیچیشیان نیە؟ ئێمە گوتمان، دوایی باسی ئەم خاڵە دەکەین چونکە ئێستا پێویستە بزانین چۆن بیانکەین بە پاسەوانی چاک و شارەکە بەختەوەر بکەین.

من لەبیرمە.
ئەگەر ژیانی یاریدەدەرەکانمان لە ژیانی یاریزانە سەرکەوتوەکانی ئۆڵەمپیک چاکتربێت پێویست دەکات لەگەڵ شێوەی ژیانی پینەچیەکان، جوتیارەکان و خاوەن پیشەکانی دیکەدا بەراوردی بکەین؟
بە دیدی من پێویست ناکات.
باشترە گوتەکەم دووبارە بکەمەوە: ئەگەر پاسەوانێک بە شوێن بەختەوەری لە جۆرە ژیانێکی دیکەدا بگەڕێت و بەوەی خۆی ڕازی نەبێت- بە ڕەڵایانە و بە ئارەزووەوە هەوڵی بەختەوەری بدات، پەلاماری ئەو شتانە بدات حەزیان لێدەکات، لە فەلسەفەکەی هیزیۆد تێبگات، کە دەڵێت "نیوە لە هەموو زۆرتر دەهێنێت."
بەڕای من واز لە ژیانەکەی خۆی ناهێنێت.
لەگەڵتا هاوڕام.
ئێمە بۆمان نیە ئەم پەیوەندییەی لەنێوان ئاژەڵەکاندا هەیە بۆ مرۆڤەکانیشی دیارییکەین؟
تۆ گوتەکەی سەرزاری منت دربڕی.
ئەوان دەزانن چۆن بچنە جەنگەوە.
چۆن؟
ژن و پیاو پێکەوە خۆیان ئامادە دەکەن. منداڵەکانیشیان لەگەڵ خۆیان دەبەن تاکو بەپێچەوانە ی منداڵی خاوەن پیشەکانی دیکەوە بزانن چۆن خۆیان بۆ جەنگ ڕێک دە خەن. لەگەڵ تەماشاکردنەکەشدا منداڵان دەتوانن یارمەتی دایک و باوکیان بدەن. نەتبینیوە چۆن منداڵی گۆزەسازێک لە بەر دەستدا کاردەکات تاکو فێری گۆزە دروستکردن ببێت؟

بینیومە.
دەبێت ئەم خاوەن پیشانە زۆرتر لە پاسەوانەکان بایەخ بە فێربوون و مەشق کردنی منداڵەکانیان بدەن؟
بێگومان نابیت. ئەوە گاڵتە بازییە.
لەگەڵ ئەمەشدا هەموو ئاژەڵێک لە بەردەم بێچوەکەیدا باشتر شەڕدەکات.
بەڵێ وایە. بەڵام، سوکرات، ئەگەر دۆڕان، کە ئەمەش لە جەنگدا ڕوودەدات ژیانی منداڵەکان دەکەوێتە مەترسییەوە و زیانیکی گەورەش لە شارەکە دەکەوێت.
ئەوە ڕاستە. ئایا پێویست ناکات هەموو مەترسییەک دوورخەینەوە؟
وایە.
ئەگەر خەڵکی ڕوو لە مەترسیەک بکەن و بە سەریا سەرکەون باشتر نابن؟
ئاشکرایە باشتر دەبن.
لەو باوەڕەدای ئەوانەی دەبن بە پاسەوان دەبێت لە منداڵییەوە تەماشای جەنگ و خۆئامادە کردنەکەی بکەن؟ مەترسییەکەی ئەمەش لە چوونە نێو جەنگ کەمتر نیە؟
بەڵێ کەمترە.
ئەنجا، باوکیان لە بارەی خۆئامادەکردن و مەترسییەکانەوە بێ ئاگانین. زانیاری زۆریان لە بارەوە هەیە.
ڕاستە.
بۆ هەموو جۆرە خۆئامادەکردنێک منداڵەکان نابەن؟
دروستە.

کەسانی لێزان بە دیاریانەوە دادەنین تاکو ئاگایان لێیان بێت.
دەبێت وابێت.
بەڵام ئەوەی چاوەڕواننەکراوە ڕوودەدات.
بێگومان.
لەبەر ئەمە لە منداڵییەوە باڵیان بۆ دروستدەکەین تاکو بفڕن و خۆیان ڕزگار بکەن.
مەبەستت چیە؟
پێویستە فێری ئەسپ سوارییان بکەین. دەبێت فێری سواری ئەسپی سپی و خێرا بن و تەماشای جەنگ بکەن.
ئەوان بەو تەماشاکردنە فێری جەنگ دەبن. ئەگەر حاڵەتێکی خراپیش ڕوویدا دەتوانن خۆیان ڕزگار بکەن.
بە بڕوای من بۆچوونەکەت دروستە.
لەبارەی جەنگەوە چ دەڵێیت؟ سەربازەکان بەرانبەر خۆیان و دوژمن چ هەڵوێستێکیان هەیە؟ ئایا بۆچوونەکانم دروستن؟
پیم بڵێ بۆچوونەکانت چین؟
ئەگەر پاسەوانێک واز لە کارەکەی بهێنێت، قەڵغانەکەی دانێت یان لە ترسا کارێکی نابەجێ بکات پێویست ناکات پیشەیەکی دیکەی بدریتێ یان بکرێت بە جوتیار؟
پێویستە.
دیلیش وازلێدە هێنین، وەکو دیارییەک، بۆ ئەو کەسەی دەیگرێت؟
وایە.
نابێت ئەوەی لەو پلە بەرزەدایە خۆی بۆ جەنگەکە ئامادە دەکات، منداڵەکانی و ئەوانەی لە گەڵیان تاجی ڕێزلێنانی لەسەر دابنێن؟
پێویستە وابێت.
تەوقەکردن بە دەستی ڕاست چۆنە؟
ئەوەش دەبێت.
بەڵام لەوانەیە تۆ ئەمەت بە دڵ نەبێت؟
چیە؟
یەکدی ماچ بکەن.
ئەمەش دەکەم بە یاسا: لە ماوەی خۆ ئامادەکردنەکەدا نابێت کەس ناڕەزابێت لەوەی ماچی بکرێت. ئەگەر یەکێک یەکێکی دیکەشی خۆشویست، کوڕ بێت یان کچ، دەبێت بەو[ماچە] خەڵات بکرێت.

نایابە.
هەروەها گوتمان، کەسێکی چاک دەتوانێت چەند هاوسەرێکی هەبێت و نەوەی زۆریش بخاتەوە.
بەڵێ، ئەوەمان گوت.
بە دیدی هۆمیرۆسیش وایە. لاوە چاکەکان خەڵاتدەکرێن. کاتێک ئەجاکس لە جەنگ گەڕایەوە "ئێسقانێکی گەورەیان بە خەڵات دایە." ئەوە ڕێزلێنان بوو لە لاوێکی قارەمان و هاوکات لە شیشی بەهێز تر دەکات.
ئەوە ڕاستە.
ئێمە شوێن بۆچوونەکەی هۆمیرۆس دەکەوین. چەند ئەو کەسانە بە چاکی بمێننەوە ئێمە بە خەڵات و هۆنراوە

ڕێزیان دەگرین، "سەکۆی ڕێزلێنان و گۆشت و پەرداخی شەرابیان بۆ دەرازێنینەوە. لەگەڵ ڕێزلێناندا و بەردەوام فێریان دەکەین.

ئەوە کاریکی نایابە.
باشە، نابێت ئەوانەی لە خۆئامادە بوونەکەدا دەمرن بیانخەینە ڕیزی کەسانی نێو ڕەگەزی زێڕینیەوە؟
دەبێت.
لەگەڵ هزیۆدا لەسەر ئەو خاڵە ڕێکناکەوین، کە کاتێک ئەم جۆرە مرۆڤانە دەمرن دەبن بە:
دێوە پیرۆزەکانی سەر زەمین.
پارێزەر دژی خراپە و پاسەوانی مرۆڤەکان؟

ئەوە باوەڕمانە.
پرسیار لە خوا دەکەین چۆن بەرێزەوە دێوەکان و ئەو مرۆڤە خوائاسایانە بنێژین. شوێن وەڵامەکەی دەکەوین.
هەڵبەتە.
دواجاریش گۆڕەکانیان دەڕازێنینەوە و بایەخیان پێدەدەین. ئەمە بۆ هەموو مرۆڤە چاکەکان دەکەین گرنگ نیە هۆی مردنەکەیان چی بێت.
ئەوە کارێکی چاکە.
ئێستا، سەبارەت دوژمنەکانمان بیروڕات چۆنە؟ چۆن سەربازەکانمان مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەن؟
لە چ ڕوویەکەوە؟
یەکەم، بە کۆیلە کردنیان. تۆ لەو باوەڕەدای ڕەوابێت یۆنانییەک شاری یۆنانییەکی دیکە داگیر بکات؟
پێویست ناکات یاریدەی ئەو شارانەش بدات بە هێز بن و بەربەرییەکان داگیریان نەکەن؟

باشترە ڕەگەزی یۆنانی بە هێز بکات.
باشتر نیە پاسەوانەکانمان کۆیلەی یۆنانییان نەبێت؟ ئەمەش بۆ هاووڵاتیان دەکەین بە یاسا.

بەتەواوی باشترە. لەم حاڵەتەدا یەخەی یەکدی ناگرن و هەموویان دژی بەربەرییەکان ڕادەوەستن.
لەبارەی لاشەی کوژراوەکانیانەوە چ دەڵێیت؟ شتێکی چاکە لاشەکان ڕووتبکرێنەوە و بێجگە لە چەکەکانیان هەموو شتێکیان لێکەینەوە[بۆ خۆمانی بەرین]؟ ئایا زۆرجار، لەشکر لەسەر ئەم کارە توشی هەڵە نەبووە؟
بەڵێ، توش بووە.
ئایا ڕووتکردنەوەی لاشە کوژراوەکان کاری کۆیلە و ئەوانە نیە، کە حەز لە پارە دەکەن؟ ئەمە لە ڕەفتاری ئەو سەگە هارەناچێت، کە بەردی تێدەگریت پەلاماری بەردەکە دەدات؟
لەوە دەچێت.
کەوابوو، دەبێت سەربازەکانمان لاشەی مردووی دوژمنەکەمان ڕووتبکەنەوەو ڕێگەی ناشتنیان بگرن؟
نا، نابێت ئەم کارەبکەن.
لەسەرو ئەمەوە، چەک و تفاقی جەنگی دوژمنەکانمان نابەینە نێو پەرستگاکانمانەوە. ئەگەر بۆ هەموو یۆنانییەک نیگەران بین چەکەکانیان بۆ خۆمان داگیرناکەین. بەبێ فەرمانی خوا ئەم کارە ناکەین، ئەگینا پەرستگاکانمان گەندەڵ دەبن.

ئەوە ڕاستە.
لە بارەی داگیرکردنی زەوی یۆنانییەکان و ماڵ سوتاندنیان چ دەڵێیت؟ ئایا سەربازەکانت ئەم کارانە دژی دوژمنەکانیان دەکەن؟
حەزدەکەم بۆچوونی تۆ بزانم.
بە بۆچوونی من، وەکو چۆن جەنگ و جەنگی ناو خۆشمان هەیە، دوو جۆر ڕێنەکەوتنیش خۆیان قوتدەکەنەوە. ئەم دووانەش یەکەمیان شتێکە لە خۆتەوە نزیکە، دووەمیان دوورە و بێگانەیە. جەنگی ناوخۆ دوژمنایەتی و[ڕێنەکەوتنی] ناوخۆیە. دووەمیش ڕێنەکەوتنە لەگەڵ کەسانی دوور و بێگانە.
ئەو بۆچوونە دروستە.
تەماشاکە و بزانە داخۆ ئەم خاڵەش دروستە: من دەڵێم ڕەگەزی یۆنانی(خۆ) یەو نزیکە و بەربەرییەکانیش بێگانەن.
ئەوە ڕاستە.
کاتیک یۆنانییەکان دژی بەربەرییەکان ڕادەوەستن دەبن بە دوژمنی ئاسایی بەرانبەر یەکدی. ئەمە بە جەنگ ناوزەد دەکەین. یۆنانییەکانیش لەنێو خۆیاندا بە سروشت هاوڕێن و کە لەگەڵ یەکدییا شەڕدەکەن یۆنان دابەشدەکەن ئەمە بە جەنگی ناوخۆ دادەنێین.
من بە هەموو شێوەیەک لەگەڵتا هاوڕام.
ئێستا، تەماشاکە، لە هەر شوێنێکدا جەنگی ناوخۆ هەڵگیرسێت شارەکە دابەش بکرێت، یەکێک لە لایەنەکان پەلاماری زەوی و ماڵی لایەنەکەی دیکە بدات، ئاگریان تێبەردات، بە کاریکی قێزلێکراوە دادەنرێت چونکە ئەوە دەردەخات هیچ لایەنێک شارەکەی خۆش ناوێت. ئەگینا چۆن دایک و دایەنی خۆی تاڵاندەکات. ئێمە گوتمان دەشێت خەرمانی ئەو ساڵەی دوژمنەکەی لەناو بەرێت بەڵام نابێت ئەوەشی لە بیربچێت، کە ڕۆژێک ئەم لایانانە ئاشتدەبنەوە و شەڕناکەن.
ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە شارستانی ترە.
ئەو شارەی تۆ دایدەمەزرێنیت یۆنانییە؟
بەڵێ.
ئەی هاووڵاتیانی چاک نابێت شاریی بن؟
وایە.
ئایا یۆنانیان خۆشناوێت؟ یۆنان بە[خاکی] خۆیان دانانێن؟ هەموویان شوێن یەک ئایین ناکەون؟
بەڵێ ، بێگومان.
ئایا جیاوازییەکانیان لەگەڵ یەکدییا بە جەنگی ناوخۆ نابینن؟
هەڵبەتە.
ئایا بەو بیرۆکەیەوە شەڕناکەن، کە ڕۆژێک دەبێت ڕێکەون؟
بەدڵنیاییەوە.
کەوابوو، بە توندی دژی یەکدی ڕاناوەستن و یەکدی داگیرناکەن چونکە دوژمنی یەکدی نین.
ڕاستە.
خاکی یۆنان داگیرناکەن و ماڵی یۆنانی ناسوتێنن. هیچ هاووڵاتیەکی یۆنانی: ژن، پیاو و منداڵ بە دوژمنی خۆیان دانانێن. ئەوانەی دەبن بە هۆی ئاژاوە و دووبەرەکی سزا دەدرێن.

پێویستە هاووڵاتیان بەم جۆرە مامەڵە لەگەڵ دوژمندا بکەن. پێویستە: "وڵات داگیرمەکە و ماڵ مەسوتێنە" بۆ پاسەوانەکان بکەین بە یاسا؟

وابیربکەوە پێویستە و ئەمەش، وەکو یاساکانی دیکە شتێکی چاکە. بەڵام، سوکرات، من وا بۆی دەچم ئەگەر لەسەر باسەکەت بەردەوام بیت، ئەو خاڵەت لە بیردەچێت، کە چۆن ئەم دەستورە بهێنینە کایەوە و بەرقەراری بکەین. من لەگەڵتام، هەموو ئەو شتانەی باسمانکردن چاکن. من خاێڵکی دیکەشی دەخەمە سەر، کە تۆ باست نەکرد، ئەویش ئەوەیە، کە پاسەوانەکان جەنگاوەری چاکن و لە جەنگدا یەکدی جێناهێڵن چونکە باوک و برا و کوڕی یەکدین. ئەگەر ژنانیش لەگەڵیانا بچنە جەنگەوە یان لەپشتەوە یارمەتیان بدەن هیچ دوژمنێک لە بەردەمیاندا خۆی ڕاناگرێت.

گریمان لەگەڵ دانانی ئەم دەستورەدا ئەم شتانە هاتوونەتە کایەوە. بەڵام پێویستە بزانین چۆن ڕوودەدات. ئەمە دژی باسەکەم پەلاماردانێکی کتوپڕە چاوەڕوانی من ناکەی تاکو ڕوونی بکەمەوە. من خۆم لە دوو شەپۆلەکەی پێشو دەربازکرد بەڵام تۆ ڕەخنەیەکی دیکەم لێدەگریت. ئەمەش گەورەترین و سەختترین شەپۆلە. ئەگەر بزانیت چەند گەورەیە بەزەییت بەحاڵما دێتەوە و تێدەگەیت چۆن بە نابەدڵی و ترسەوە دەڕوانمە ناکۆکییەکان.

ئەگەر بەم جۆرە بدوێیت ئێمە زۆرتر حەزدەکەین بزانین چۆن ئەو دەستورە دێتەکایەوە. باشترە کاتمان نەکوژیت و باسی بکەیت.
پێویستە، بەڵام چی؟
هیچ. ئەگەر بزانین دادوەری چیە، ئایا دەتوانین بڵێین مرۆڤێکی دادوەر و خودی دادوەری دوو شتی جیاواز نین. ئەو مرۆڤە لە هەموو ڕوویەکەوە لە دادوەری دەچێت؟ یان ڕازی دەبین ئەگەر ئەو خۆی زۆر لە دادوەری نزیک بکاتەوەو جێبەجێیبکات؟
ڕازی دەبین.
ئێمە بە دوای شێوازێک بۆ دادوەری دەگەڕاین. هەوڵماندا بزانین دادوەری چیە و کەسێکی دادوەریش چۆنە. مرۆڤی دادوەر چ جۆرێکە. بەهەمان شێوە، ئەم هەڵوێستەشمان بەرانبەر نادادوەری هەبوو. بیرمانکردەوە، کە بە دیاریکردنی پەیوەندییان بە بەختەوەری یان نابەختەوەرییەوە تێدەگەین ئەوەی لەوان بچێت بەشێکی بەختەوەرییان بەرکەوتوە. بەڵام نەمانویست ئەوە بسەلمێنین چۆن ئەم جۆرە مرۆڤانە دێنە کایەوە.
ڕاستە.
تۆ لەو باوەڕەدایت خراپترین هونەرمەند پۆرترەیتی جوانترین مرۆڤمان، وەکو خۆی بە وردی بۆ دروستدەکات بێ ئەوەی ئەو مرۆڤەی بینیبێت؟

نا، لەو باوەڕەدانیم.
لەبارەی کێشەکەی خۆمانەوە چ دەڵێیت؟ نەمانگوت ئێمە بیر لە دامەزراندنی شارێکی چاک دەکەینەوە؟
بە دڵنیاییەوە.
کەوابوو، لەو باوەڕەدای گفتوگۆکەمان لەبار نەبێ ئەگەر نەتوانین دامەزراندنی ئەو شارەی لەبیرماندایە بسەلمێنین؟

نا، وابۆی ناچم.
ئەوە ڕاستیەکەیەتی. ئەگەر لەبەر دڵی تۆ هەوڵبدەم ئەو بارو دۆخانە باسبکەم، کە شارێکی وای تێدا دروست دەبێت تۆش دەبێت لەبەر دڵی من شتێک بکەیت.
وەکو چی؟
ئایا ئەوەی بە کردەوە دەکرێت بە گوێرەی بیردۆزە نیە؟ یان کردەوە لە بیردۆزە کەمتر ڕاستی ناسە؟ لەوانەیە هەندێک لەگەڵ ئەم بۆچوونەدا هاوڕا نەبن. ئایا تۆ لەسەر ئەمە ڕێدەکەویت؟

من ڕێدەکەوم.
کەوابوو، ناچارم مەکە بۆت بسەلمێنم ئەوەی لە بیردۆزەدا باسیدەکەین، وەکو خۆی بیهێنینە کایەوە. ئەگەر ئێمە بزانین ئەو شارەی باسمانکرد چۆن بەڕێوەببرێت یان بەو جۆرەی تۆ لەسەری ڕێکەوتیت، دەگونجێت ئەوشارەش بە ڕاستی دامەزرێنین. ئایا تۆ بەمە ڕازی نیت؟ من بەش بەحاڵی خۆم ڕازیم.
هەروەها منیش.
پاش ئەمە هەوڵدەدەین ئەوە بدۆزینەوە چ شتێکی خراپ لە شارەکاندا دەکرێت. ئەو گۆڕانکارییانەش چین شار بەرەو ئەو دەستورەی ئێمە دەبەن.

ئەوە ڕاستە.
بە بۆچوونی من ئەو گۆڕانکارییە هەیە و شیاوی ئاوڕلێدانەوەیە. ئەمەش نە گەورە و نە بچوکە، بەڵام گۆڕانکارییەکە، کە ڕوودەدات.
ئەو گۆڕانکارییە چیە؟
ئێستا بە شەپۆلە گەورەکە گەیشتوین. من ئەوە باسدەکەم، کە دەمەوێت لەسەری بدوێم و گوێ نادەمێ شەپۆلەکە پڕ پێکەنینیش بێت و من لەنێو دەریای گاڵتەبازییدا نوقم بکات. لەبەر ئەمە گوێ بگرە و بزانە دەڵێم چی.
بڵێ.
تاکو فەیلەسوفەکان، وەکو پاشا فەرمانرەوایی نەکەن یان فەرمانڕەواکان خەریکی فەلسەفەکاری نەبن و فەلسەفە و دەستەڵاتی ڕامیاری یەک نەگرن، گلاوکۆن، شارەکان و ڕەگەزی مرۆڤیش لە خراپە ناپارێزین. تاکو ئەم کارە نەکەین دەستورەکەشمان بۆ شارەکە جۆر نابێت.

سوکرات، پاش دەربڕینی ئەم بیروڕایە دەبێت چاوەڕوانی هێرش و پەلاماردانی ئەو کەسانەش بە هەموو چەکێکەوە بکەین، کە[بە گوێرەی تۆ] لەو پلەیەدا نین شیاوی فەرمانرەوایی بن. تاکو بەڵگەیان بۆ نەهێنیتەوە و ڕازییان نەکەیت بە سزای خۆتت دەگەیەنن.

تۆ یەکێک بووی لەوانەی داوات لێکردم ئەم بۆچوونەم دەربڕم.

من نامەوێت پشتت چۆڵ بکەم بۆیە داوات لێدەکەم وەڵامی باشتر ئامادە بکەیت و کێشەکە زۆرتر ڕوونبکەیتەوە.
هەوڵدەدەم، بەتایبەتی پاش ئەوەی زانیم، تۆ پشتم چۆڵ ناکەیت و لەگەڵمای. بۆ ئەوەی لە دەست ئەو خەڵکە ڕزگارمان بێت پێویستە پێناسەی فەیلەسوف، ئەوەی فەرمانڕەوایی پێدەدەرێت، بکەین. پاش ئەمە

ڕوونیدەکەینەوە، کە ئەوانەی بە فەیلەسوف دادەنرێن بە سروشت تەوانای فەرمانڕەواییان هەیە. هاووڵاتیانی دیکەش بە سروشت لەم تەوانایییە بێبەشن و دەبێت شوێن فەرمانی فەیلەسوفەکان بکەون.
ئێستا، کاتی پێناسکردنەکە هاتوە.
لەگەڵما هەوڵبدە ڕێگەیەک بۆ پێناسکردنەکە بدۆزینەوە.
تۆ پێش کەوە.
دەبێت بیرت بخەمەوە یان لە بیرتە گوتمان ئەوەی شتێکی خۆشدەوێت دەبێت هەموو بەشەکانی ئەو شتەی خۆشبوێت؟
من تێناگەم، لەبەر ئەوە بیرم بخەوە.
لەوانەیە، کەسێکی دیکەش، وەکو تۆ وەڵامم بداتەوە. کەسێکی پڕ حەز و ئارەزووی وەکو تۆ چاک دەزانێ هەموو کوڕێکی لاوی جوان، لەو تەمەنەدا ئارەزووی عاشقەکانیان دەجولێنن. ئایا لەگەڵ لاوێکی پێست سپی، لوت پان، لوت قولاپی یان ئەو لاوەی لە شازادە ناچێت، پێستی زەرد یان هەنگوینی بێت، بەم جۆرە[ئارەزووت] بۆی ناجولێت؟ بێ بیانو ناتەوێ هەموو گوڵێکت لەو باخەدا دەستکەوێت؟

ئەگەر بەو جۆرە تەماشای من بکەیت لە بەر گفتوگۆکەمان لەگەڵتا ڕێدەکەوم.

بێجگە لەمەش، ئەوانەی شەراب خۆرن بەم جۆرە ڕەفتارناکەن؟ ئەوان حەزیان لە هەموو جۆرە شەرابێک نیە؟
بەدڵنیاییەوە.
بەم جۆرە ئەوانەی حەزیان لە ڕێزە وەکو سەر لەشکرەکان، کەشتیەوانەکان ئەگەر کەسانی مەزن و گرنگ ڕێزیان نەگرن داوای ڕێزلێنان لەکەسانی نزمیش دەکەن چونکە مەبەستی ئەوان ڕێزلێنانە بەگشتی.

وایە.
باشە، ئێستا لەسەر ئەم خاڵە ڕێدەکەویت یان نا؟ کاتێک، کەسێک حەزی لە شتێکە، حەز لە بەشێکی یان هەمووی ئەو شتە دەکات؟
ئێمە دەڵێین، حەز لە هەمووی دەکات.
ڕاستە بڵێین، فەیلەسوف حەز لە هەموو بەشەکانی زانایی دەکات ؟

بەڵێ، ڕاستە.

ئەو کەسەی لاوەو دەیەوێت فێربێت هێشتا سودی فێربوونەکەی بۆ دەرنەکەوتوە، بە خۆشەویستی فێربوون یان فەیلەسوفی ناوزەد دەکەین.

ئەوەش ڕاستە.
ئەوەی ئامادەیە هەموو شتێک فێربێت حەز لە فێربوون دەکات، بە فەیلەسوف دادەنرێت. وا نیە؟
زۆرکەس، لەم حاڵەتەدا، دەبن بە فەیلەسوف تەنانەت ئەوانەی حەز لە تەماشا کردنیش دەکەن دێنە ڕیزەوە. چونکە ئەوانیش خۆشی لە فیربوون وەردەگرن. هەروەها ئەوانەی حەز لە دەنگ دەکەن، چونکە بەزۆر گوێ ناگرن و بە ئارەزووی خۆیان بەشداری میهرەجانی دایۆنیسس لە شار و گوندەکان دەکەن گوێ لە هەموو کۆڕاڵەکان دەگرن. ئایا ئەم جۆرە کەسانە فەیلەسوفن؟

نەخێر، بەڵام لە فەیلەسوف دەچن.
کێ فەیلەسوفی ڕاستەقینەیە؟
ئەوانەی حەزدەکەن ڕاستی بناسن.
مەبەستی تەواوت چیە؟
ئاسان نیە باسی بکەم، بەڵام هەستدەکەم تۆ لەگەڵما ڕێدەکەویت.
لەسەر چی؟
مادامەکی جوانی دژوەستاوی ناشرینییە، جوانی و ناشرینی دوو شتن.
هەڵبەتە.
مادامەکی دوو شتن، هەریەکە لەوانەش یەک فۆرمی هەیە.
لەگەڵ ئەوەدام.
ئەمە بۆ دادوەری و نادادوەری، چاکە، خراپە و فۆرمەکانی دیکەش دروستە. بەڵام لەبەر ئەوەی پەیوەندییان بە کردەوە و تەنەکان و شتی دیکەوە هەیە، کە تیایاندا بەرجەستە دەبن، هەریەکێک[لەو فۆرمانە] بە چەند شێوەیەک خۆی دەردەخات.
ڕاستە.
من جەخت لەسەر جیاوازی نێوان ئەوان دەکەم تۆ بە خۆشەویستی بینین و بیستن یان پیشەکانی دیکە داتنان و ئەوانەی منیش بە فەیلەسوف ناوزەدم کردن.

ئەمە چۆن دەکەیت؟
ئەوانەی حەز لە بینین و بیستن دەکەن، دەنگ، ڕەنگ و شێوەی جوانیان خۆشدەوێت لە بیردا ناتوانن لە ناوەڕۆکی جوانی تێبگەن.
بە دڵنیییەوە.
ئەو کەسە چۆنە، کە باوەڕی بە شتی جوان هەیە، جوانی ڕەتدەداتەوە و شوێن ئەو کەسەش ناکەوێت، کە زانیاری سەبارەت جوانی دەداتێ؟ لەو باوەڕەدانیت ئەو کەسە لە خەونا بژی؟ ئەوە خەو بینین نیە. گرنگ نیە خەوتبێت یان چاوکراوە ئەو تەنیا ئەو شتانە دەبینێت، کە لە یەکدی دەچن؟

بێگومان، ئەو کەسە خەو دەبینێت.
ئەوەی بەپێچەوانەوە بۆی دەچێت باوەڕی بە خودی جوانی هەیە و لەنێو شتەکانیشدا جوانی دەبینێت، بەڵام جوانی بە شتە جوانەکان دانانێت. ئەو کەسە خەو نابینێت؟

نا، ئەو بە ئاگایە.
کەوابوو، دروستە ئەگەر بیرەکانی بە زانین دابنێین چونکە ئەو دەزانێت. بیری کەسەکانی دیکەش، بە بۆچوون ناوزەد دەکەین چونکە ئەو بیرانە بۆچوونی ئەوانە.
دروستە.
چۆن ئەو کەسە دەبینیت ، کە تەنیا بۆچوونی هەیە و زانینی نیە. ڕەخنە لە ئێمە دەگرێت و ڕاستی باسەکەمان ڕەتدەداتەوە؟ دەتوانین بەبێ ئەوەی پێی بڵێین، ئەو هەڵەیە، بە نەرمی لەگەڵیا بدوێین و ڕازی بکەین؟

پێویستە.

بیربکەوە، چی پێ بڵێین. بەم جۆرە پرسیاری لێناکەین؟ یەکەم، دەڵێین کەس ناڵێ ئەو هیچ نازانێت. پێمان خۆشە بزانین چ جۆرە زانیارییەکی هەیە. ئەنجا دەڵێین: ئایا ئەوەی زانایە شتێک دەزانێت یان هیچ نازانێت؟ تۆ بۆ ئەو وەڵامی ئەم پرسیارە بدەوە.

شتێک دەزانێت.

زانینەکەی لە بارەی شتێکەوەیە، کە هەیە یان نیە؟

لە بارەی شتێکەوەیە ، کە هەیە. چۆن شتێکی نەبوو دەناسرێت؟

کەوابوو چاک تێدەگەین، کە : گرنگ نیە چەند ڕێگەی لێکۆڵینەوە هەبێت. ئەوەی بە تەواوی هەیە بە تەواوی دەناسرێت و ئەوەی نیە نا ناسرێت.

زۆر دروستە.

باشە. ئێستا، ئەگەر شتێک لە ڕوویەکەوە هەبێت و نەبێت، ناکەوێتە نێوان ئەو شتانەوە، کە لە هیچ ڕوویەکەوە نین و لە هەموو ڕوویەکەوە هەن؟

بەڵێ، دەکەوێتە نێوانەوە.

لەبەر ئەوەی زانین پەیوەندی بە هەبووەکانەوە هەیە، نەزانینیش بەوانەوە، کە نین، پێویست ناکات بزانین چی دەکەوێتە نێوان زانین و نەزانینەوە؟

بێگومان.

ئایا بۆچوون شت نیە؟

بێگومان شتە.

لە زانینەوە جیاوازە یان نا؟

بۆچوون و زانین هەریەکێکیان پەیوەندییان بە بابەتەکانەوە هەیە.

ڕاستە.

ئێستا، زانین پەیوەندی بە(چیەتی) یەوە نیە؟ ئایا نایەوێت چیەتی بابەتەکە بناسێت؟

پێویستە ئەم کێشەیە زۆرتر ڕوونبکەینەوە.

چۆن؟

هێز جۆری شتەکانە، کە دەستەڵات یان کاریگەرێتی خۆی دەنوێنێ. بینین و بیستن، بۆنموونە جۆرێکن لە هێز کە ئێمە هەمانە.

وایە.

من وابۆ کێشەکە دەچم . هێز ڕەنگ و شێوەی نیە یان خەسڵەتی شتەکانی نیە و جیاوازە. بۆ ناسینی هێزێک دەڕوانمە کاریگەرێتی و ئاکامەکەی. منیش دەیناسمەوە ئەگەر هەمان کاریگەرێتی خۆی بنوێنێتەوە. دەڵێم هەمان هێزە. ئەگەر جیاوازیش بوو دەڵێم جیاوازە. ئایا لەگەڵ ئەم بۆچوونەمدا هاوڕایت؟

من هاوڕام.

ئایا زانین هێزە؟

مەزنترین هێزە.

ئەی بۆچوون هێزە یان شتێکی دیکە؟
بۆچوونیش هێزە.
تۆ پێشتر زانین و بۆچوونت لە یەکدی جیاکردەوە و بە دوو شتی جیات دانان. کێ لەو باوەڕەدایە هێزێکی تێکشکاو لەگەڵ هێزێکی تێکنەشکاودا یەک بن؟
ڕاستە. ئێمە گوتمان بۆچوون و زانین جیاوازن.

هەریەکێک لەوان بە سروشت کاریگەرێتی خۆی بە سەر بابەتەکەوە دەگێڕێ و بابەتەکانیش جیاوازن.
وایە.
بۆچوون بیروڕایە؟
بەڵێ.
بیروڕایە لەسەر بابەتی زانین. ئەوەی بە بیروڕا ناسراوە، وەکو زانراوەکەیە یان وانیە؟

بەگوێرەی ڕێکەوتنەکەی پێشومان ئەمە کاریکی مەحاڵە. ئەوان دوو هێزی جیاوازن و بابەتەکانیشیان جیاوازن. ئەوەی زانراوە لەو بابەتەوە جیاوازە، کە لەبۆچووندایە.
کەوابوو، ئەوەی زانراوە لە بابەتی بۆچوونەوە جیاوازە؟
پیویستە جیاوازبێت.
ئایا بۆچوونمان بۆ شتێکە، کە نیە؟ ناگونجێت بۆچوونمان لەسەر شتێکی هەبوو هەبێت؟ ئایا بۆچوون لەسەر شتێکی هەبوو یان نەبوو سەرهەڵدەدات؟

نا.

بەڵام ئەوەی بیروباوەڕی خۆی دەردەبڕێ بۆچوونی لەسەر شتێک دیاریدەکات.
بەڵێ.
باشترین زاراوە بۆ ئەو شتەی نیە "هیچ" ە بەکاریدەهێنین.

وایە.
بەڵام ئێمە نەزانینمان بەو شتەوە بەستەوە، کە نیە و زانینیش بە بوونەوە. کەوابوو بۆچوون بەم دووانەوە نەبەستراوەتەوە.

دەبێت وابێت.
لەم ڕووەوە، بۆچوون زانینە و نەزانینیش نیە.
هیچ کامیان نیە.
ئایا بۆچوون لە زانین تاریکتر و لە نەزانین ڕۆشنترە؟
بەڵێ.
کەوابوو، شتێکە لە نێوانیاندایە.
بەڵێ.
ئێمە گوتمان ئەو شتەی بسەلمێنرێت هەیە و لە هەمانکاتدا نیە. دەکەوێتە نێوان بوون و نەبوونەوە. ئەو شتە

بە ڕێگەی زانین و نەزانینەوە نادۆزرێتەوە. دەبێت[هێزێکی دیکە] لە نێوان زانین و نەزانیندا هەوڵی دەرخستنی بدات.
ڕاستە.
بۆچوون، لەم حاڵەتەدا، ئەو هێزەی نێوانیانە.
وایە.
ئێستا کاتی ئەوە هاتووە بزانین چی لە بوون و نەبووندا بەشداری دەکات و لە هەمان کاتدا هیچیشیان نیە.
ئەگەر ئەو شتە هەبێت، بەهەڵەدا ناچین، بە بابەتی بۆچوون ناوزەدی بکەین.
وایە.
من دەمەوێت پاش گەیشتن بەم ئاکامانە پرسیار لەو هاوڕێیەمان بکەم، کە باوەڕی بە بوونی خودی جوانی نیە و تەنیا شتە جوانەکان دەبینێت. ئەوەی حەزی لە بینینە و نایەوێت بڕوا بەوە بکات، کە خودی جوانی یان خودی دادوەری یەک شتە، دەڵێین: هاوڕێی خۆشەویست لەنێو هەموو شتەجونەکاندا دانەیەکیان لە هەموویان ناشرینتر نیە؟ لەنێو هەموو دادوەرییەکاندا یەکێکیان نادادوەر خۆی دەرناخات؟
پێویستە.

جووتەکان چۆن دەبینیت؟ هیچ تاکێکیان لە نیوە کەمترە؟
نا.
سەبارەت ئەو شتانەی گەورە و بچوک، سوک و گرانن، هیچ کامیان لە لایەنە دژەکەی زیاتر دەبێت؟
نا، هەر یەکێکیان لە هەر دوو لایەنە ناکۆکەکاندا هەیە.
کەوابوو، دەزانیت چۆن مامەڵە بکەیت. هیچ شوێنیکی دیکە بێجگە لەنێوان بوون و نەبووندا دەبینیت، تاکو ئەم جۆرە بابەتەی لێدابنێیت؟ بێگومان ئەو جۆرە بابەتە لەوە زۆرتر نابێت بەوەی هەیە یان نیە. هیچ شتێک لە نەبوون تاریکتر و لە بوونیش ڕۆشنتر نیە.
زۆر ڕاستە.
دەردەکەوێت زۆربەی ئەو کەسانەی باوەڕیان بە جوانی و[چەمکەکانی] دیکە هەیە لەنێوان بوون و نەبووندا دەسوڕێنەوە.
بەڵێ، بەم باوەڕە گەیشتوین.
هەروەها، ئەمەشمان بە بۆچوون نەک زانین ناوزەرکرد.
وایە.
ئەوانەی خودی جوانی نادۆزنەوە تەنیا شتە جوانەکان دەبینن. ئامادەش نین گوێ لەو کەسە بگرن دەیەوێت فێریانبکات. هەروەها، هەمان هەڵوێستیان بەرانبەر[چەمکی] دادوەریش هەیە. ئەوان خاوەنی بۆچوونن نەک زانین.

پێویستە وابێت.
ئەی ئەو کەسانەی لە خودی شتەکان، ئەو شتانەی نەگۆڕن دەکۆڵنەوە چ دەڵێین؟ ئایا ئەو کەسانە نین، کە دەزانن بەڵام خاوەنی بۆچوون نین؟
ئەوش پێویستە وابێت.
ئایا دەتوانین بڵێین، ئەم جۆرە کەسانە حەزیان لە بابەتی زانینە و دەیانەوێت بیناسن؟ لە بیرت نەچێت

گوتمان ئەوانەی خاوەنی بۆچوونن حەزیان لە دەنگ و ڕەنگە جوانەکانە، بەڵام خودی جوانی ناناسن.
ڕاستە، ئەوەم لە بیرە.
بە هەڵەدا ناچین ئەم جۆرە کەسانە بە خۆشەویستی بۆچوون، نەک فەیلەسوف یان خۆشەویستەکانی زانین دابنێین؟
ئایا بەم ناولێنانە توڕەدەبن؟
ئەگەر شوێن ڕاوێژی من بکەون خۆیان توڕەناکەن. نابێت بەرانبەر ڕاستیناس توڕەبیت.
ئەوانەی دەیانەوێت خودی شتەکانیش بناسن فەیلەسوفن و خۆشەویستی بۆچوون نین؟
زۆر ڕاستە.

بەشی شەشەم

من بە گلاوکۆنم گوت، پاش ئەم لێکۆڵینەوە درێژخایەن و سەختە، فەیلەسوف و ئەوانەی فەیلەسوفیش نین، دەرکەوتن کێن.
ئەو لە وەڵامدا گوتی: هەڵبەتە لە لێکۆڵینەوەیەکی کورتدا ئەمەمان بۆ دەرنەدەکەوت.
بێگومان. بەڵام بە بۆچوونی من باشتر وابوو ئەم هەموو شتانەمان باسنەکردبایە و تەنیا هەوڵی ڕوونکردنەوەی جیاوازییەکانی نێوان دادوەری و نادادوەریمان، بدایە.
پاش ئەمە باسی چی بکەین؟
مادامەکی ئەوانەی شتە نەگۆڕەکان دەناسن فەیلەسوفن، ئەوانەی خۆیان بە شتە گۆڕاوەکانەوە ماندوو دەکەن فەیلەسوف نین، پێویستە بزانین کامیان شیاوی ئەوەن لە شارەکەماندا فەرمانڕەوایی بکەن؟ چ وەڵامێکی ڕاست بۆ ئەم پرسیارە دەدۆزینەوە؟
ئەوانەی دەتوانن پاسەوانێتی بکەن و یاسا و ژیانی شار بپارێزن دەبن بە پاسەوان.
ئەوە ڕاستە.
هەروەها پێویست دەکات ئەو پاسەوانەی چاودێری هەموو شتێکە چاوی باش بڕوانێت و کوێر نەبێت؟
ئەوە شتێکی ئاشکرایە و نکۆڵی لێناکرێت.
لەو باوەڕەدایت جیاوازی لە نێوان کوێرێک و نەزانێکدا هەبێت؟ ئەوانەی نەزانن شێوازێکی دیار[بۆ زانین] لەنێو دەروونیاندا نابینرێت- وەکو هەندێک هونەرمەندی شێوەکاری، کە ناتوانن بە تەواوی وێنەی[مۆدێلەکایان] بکێشن ئێمەش ناتوانین بە تەواوی لە واتای دادوەری و چاکە تێبگەن و سەقامگیریان بکەن.

نا، جیاوازی لەنێوانیاندا نیە.
کوێر دەکرێت بە پاسەوان؟ یان ئەوانەی زانیارییەکی تەواویان سەبارەت بە هەموو شتێک هەیە بۆ ئەم کارە باشترن؟

گەمژەییە ئەگەر فەیلەسوفەکان هەڵنە بژێرم.

پێویست دەکات بزانین کەسێک چۆن ئەو خەسڵەتانەی تیدایە؟
بەدڵنیاییەوە.
ئێمە لە سەرەتای باسەکەمانەوە ئاماژەمان بۆ ئەوە کرد، کە دەبێت لە سروشتی فەیلەسوفەکان بکۆڵینەوە.
پاش ئەمە لەسەر ئەو خاڵە ڕێدەکەوین، کە ئەوان شیاوی ئەوەن فەرمانڕەوایی شارەکەمان بکەن.
چۆن؟
لە سەرەتاوە دەڵێین سروشتی فەلسەفیانە حەز کردنە لە فیربوونی ئەو شتانەی نەگۆڕن و خۆی بەو بابەتانەوە ماندووناکات، کە پەیدادەبن و لەناودەچن.
هەروەها خۆشەویستییان بۆ ئەم جۆرەزانینە، وەکو خۆشەویستی ئەو کەسانەیە بۆ ڕێز یان ئارەزووی سێکس، کە بە هیچ جۆریک دەست بەرداری نابن.
ڕاستە.

ئەنجا بیربکەرەوە، ئەم جۆرە کەسانە ئەم سروشتەیان هەبێت.
چ سروشتێک؟
درۆزن نین و بە هیچ شتیکی ناڕاست ڕازی نین و ڕاستییان خۆشدەوێت.
ئەمە دروستە.
ئەمە دروست نیە، بەڵکو پێویستە. ئەو پیاوەی ئارەزوویەکی سێکسی بۆ کوڕێکی جوان هەیە هەموو شتێکی ئەو کوڕەی خۆشدەوێت.
ڕاستە.
هیچ شتێک بێجگە لە ڕستی هەیە لە زانابییەوە نزیک بێت؟

هیچ شتێکی نزیکتر نیە.

ئایا دەگونجێت فەیلەسوف حەزی لە زانین و ناراستیش بێت؟
نابێت.
کەوابوو، ئەوەی فێربوونی خۆشدەوێت لە منداڵییەوە هەوڵی دۆزینەوەی ڕاستیەکان دەدات؟
بە تەواوی ڕاستە.
ئێستا، ئەوەش دەزانین، ئەوەی شتێکی زۆر خۆشدەوێت ئارەزووی بۆ شتەکانی دیکە کەم دەبێتەوە. ئەمەش وەکو ئەو جۆگە ئاوەیە، کە بە لایەکی دیکەدا دەڕوات.
هەڵبەتە.
ئەوەی حەزی لە فێربوونە چێژ لە فێربوون وەردەگرێت، گوێ ناداتە چێژ و ئارەزووی لەش. بێگومان ئەگەر ئەو کەسە فەیلەسوفێکی ڕاستەقینە بێت و ساختە نەبێت.
پێویستە وابێت.
ئەم کەسە ڕێگەیەکی مامناوەندی[لە ژیاندا] دەگرێت و حەزی لە پارە نیە. کەسانی دیکە، بێجگە لە ئەو بۆیان هەیە حەزیان لە پارە بێت و سامانیان هەبێت، بەڵام ئەو بۆی نیە.
ڕاستە.
ئایا بیریارێک دەتوانێت هەموو کاتێک لە هەموو شتێک بکۆڵێتەوە؟
ناتوانێت.
مردن بە شتێکی ترسناک دادەنێت؟
نا.
کەوابوو، سروشتی کۆیلانە و ترسنۆک لە فەلسەفەوە دوورە.
بە بۆچوونی من دوورە.
ئایا کەسێکی بە تەمەن حەز لە پارە ناکات؟ ئەگەر ترسنۆک و سروشتێکی کۆیلانەی نەبێت دەبێت بەزۆردار؟
نا.
بێجگە لەمە، لە دۆزینەوەی سروشتێکی فەلسەفیانەدا بە دوای کەسێکدا دەگەڕێین، کە لە لاوێتیەوە دادوەر و ڕەوشت بەرزە، نەک دڵ ڕەق و دڕندە.
بەدڵنیاییەوە.
کەوابوو، نابێت ئەم خاڵە ڕەچاو نەکەیت.

ئەو خاڵە چیە؟
ئەو کەسە خێرا یان هێواش فێردەبێت. تۆ دەتەوێت ئەو کەسەی شتێکی خۆشدەوێت ئەو کاتە هەوڵی بۆ دەدات دەستی کەوێت، کە بیری دەکات یان هەوڵی زۆری بۆ دەدات و کەم دەستی دەکەوێت؟
نا، ئەوە نابێ وابێت؟
چۆنە هیچ فێر نەبێت شتەکانی لە بیربچێتەوە؟ ئەو بە نەزان دادەنرێت ؟
لەوانەیە.
ئەگەر هیچ فێرنەبێت، لەئاکامدا، ڕقی لە خۆی و فێربوونیش نابێت؟
هەڵبەتە.
ئایا ئەو خەسڵەتانەی ئاماژەمان بۆ کردن، بۆ ئەو دەروونەی شتەکان بە تەواوی دەناسێت پێویست نیە؟

بە پێویستیان دادەنێم.

لە سەر ئەو خاڵە ڕێکناکەویت، کە هەمووکەسێک دەبێت بە سروشت تەوانای بیرکەوتنەوە، فیر بوونی خێرا، بیرکردنەوەی قوڵ و بەخشندەیی هەبێت. هاوڕێ و خزمی ڕاستی، دادوەری ، ئازایەتی و مامناوەندێتی بێت؟ تەنانەت (مۆموس)یش لە سەری ڕێدەکەوێت.(37)
کاتێک ئەم جۆرە کەسانە دەگەنە تەمەنی تێگەیشتن و پێگەیشتن، شارەکەیان نادەیتە دەستیان؟
ئەدیمەندتۆس وەڵامی دایەوە و گوتی: سوکرات کەسێک دەتوانێ دژی تۆ هەڵباتێ. بەڵام ئەوانەی بەرانبەرت واهەستدەکەن شارەزاییان لە پرسیارکردن و گفتەگۆکردندا نیە بۆیە هەرجارە لایەنێکی بچووکی گفتوگۆکانت بە نا لەبار دەبینن. ئەگەر ئەم لایەنانە بخەنە سەر یەک بەشێکی گەورە پێکدەهێنن. ئەوان لەو یاری زانانە دەچن، کە لە یاری دامەدا بەرانبەر کەسێکی لێزان دانیشتون و ناتوانن خانەکانیان بگۆڕن. نازانن چ بڵێن. لەوانەیە کەسێک واتێبگات ئێمە نەتوانین وەڵامی پرسیارەکانت بدەینەوە. لە گەڵ ئەوەشدا دەبینین ئەوانەی فەلسەفە دەخوێنن، ئەوانە نا، کە لە تەمەنی لاوێتیدا زۆر دەیخوێنن و دوایی وازی لێدەهێنن، بەڵکو مەبەستت ئەوانەیە لە سەری بەردەوامن، هەندێکیان لە ڕووی ڕەوشت بەرزییەوە دەگۆڕێن، بەڵام زۆر دڕندە نابن و ئەوانەی بە ڕێزەوە دەمێننەوە تۆ کاری فەرمانڕەواییان دەدەیتێ بێکەڵکن.

منیش گوتم: تۆ وادەزانی ئەوەی باسیدەکرێت ناڕاستە.
من نازانم. حەزدەکەم بە ڕاست دایبنێم.
چۆن ڕاستە، ئەگەر بڵێین کۆتایی بە خراپە لە شارەکەماندا نایەت تاکو فەیلەسوفەکان- ئەوانەی بی کەڵکن فەرمانڕەوایی- نەکەن؟
وەڵامی ئەو پرسیارەی تۆ بە بزەی لێو دەردەبڕێت. تۆش فێری بزەی لێو نەبوویت.
تۆ من بەوە تاوانباردەکەیت، کە نەتوانم بۆچوونەکەم بسەلمێنم؟ کەوابوو گوێبگرە. من وەڵامەکەت وەکو ئەو هونەرمەندە وێنەی بزنە کێوییەک، لەچەند شتێکی دیکەوە وەردەگرێت و دروستی دەکات بۆ ئامادە دەکەم. ئەم وێنەیە بێنە بەرچاوت، گریمان ڕووداوێک لەنێو کەشتیەکدا ڕوودەدات. خاوەنی کەشتیەکە لەوانەی نێو کەشتیەکە، گەورەتر و بەهێز ترە، بەڵام گوێی گرانە، چاوی کزە و لە کەشتیەوانیش چاک نازانێت.

---

(37) مۆموس کەسێکی گلەییکەر و سەرزەنشت کەرە.(وەرگێڕ)

هاوکارەکانی ژێر دەستی لەنێو یەکدا، لەسەر ڕەوتی کەشتیەکە مشتومڕیانە. هەر یەکێک لەوان، کە کەشتیەوانیش بە تەواوی فێرنەبووە، دەیەوێت ببێت بە کەشتیەوان. لە دەوری خاوەنی کەشتیەکە کۆدەبنەوە. هەر یەکەیان، داوای لێدەکات وە دەپاڕێتەوە، بکرێت بە سەرۆکی کەشتیەوانەکان و سوکانەکەی بدرێتێ. ئەوانەی کارەکەیان پێنادرێتێ، ئەو کەسە دەکوژن، کە سوکانەکەی دەدرێتێ و خاوەنی کەشتیەکەش دەرمانخوارد دەکەن. کەشتیەکە داگیردەکەن. یەکێکی زیرەکیش، لە خۆیان دەکەن بە ڕابەرو سەرۆکی خۆیان و ئەوانی دیکە، بەبێ کەڵک دادەنێن. ئەوان نازانن، کە کەشتیەوان دەبێت زانیاری لە بارەی وەرزەکانی ساڵەوە، ئاسمان و ئەستێرەکان، هەڵکردنی با و کەشتی سازییەوە هەبێت.

لەو باوەڕەدانیت ئەوانەی نێو کەشتیە کە، ئەم کەسە بە زۆربڵێ و بێ کەڵک دابنێن؟

بێگومان.

وابزانم پێویست بەوە ناکات، بزەی لێوم جارێکی دیکە، لەسەر ئەو خاڵەش ببینیت، کە ئەو کەشتیە، لەگەڵ شارەکەماندا بەراورد بکەین، چونکە تۆ لە مەبەستەکەم تێدەگەیت.

تێدەگەم.

کەوابوو، تۆ بزەی لێو بۆ ئەو کەسە دانێ، کە تێناگات، لەوەی فەیلەسوفەکانمان بە فەرمانڕەوای شارەکەمان داناوە. بۆی ڕوونکەرەوە لەپێناوی چیدایە.

بۆی ڕووندەکەمەوە.

دواجار پێی بڵێ ئەوەی باسیدەکات ڕاستە. چاکترین فەیلەسوف بۆ زۆرینە بێکەڵکە. پێی بڵێ، ڕەخنە لەو کەسەبەڕێزانەش، لەسەر ئەم خاڵە نەگرێت. پێویستە لۆمەی ئەوانە بکات، کە کەڵکی لێوەرناگرن. سەرۆکی کەشتیەوانێک، لەوانەی ژێردەستی دەپاڕێتەوە گوێ ڕایەڵی بن. بەڵام ئاسایی نیە، زانایەک لە - دەرگای دەوڵەمەندێک بدات.

ئەمە هەڵەیە.

ئاساییە نەخۆشێک، هەژار یان دەوڵەمەندبێت، لە دەرگای پزیشک بدات، ئەوەی دەیەوێت فەرمانڕەواییبکرێت لە دەرگای فەرمانڕەوابدات. بەڵام ئاسایی نیە بۆ فەرمانڕەوایەکی ڕاستەقینە دەرگای فەرمانڕەواییکراوەکانی بکوتێ. بەو کەسە بڵێ بە هەڵەدا ناچێت، ئەگەر فەرمانڕەوای شارەکەمانی خۆش بوێت.

ئەوە ڕاستە.

کەوابوو، بۆ ئەو کەسانەی نرخی ژیانێکی بەرز نازانن، ئاسان نیە ڕێزی لێبگرن. لەگەڵ ئەمەشدا، ناوزڕاندنی فەلسەفە لەو کەسانەوە دەکەوێتەوە، کە شێوەی ژیانیان فەلسەفیانەیە.

مەبەستت ئەوەیە، کە دەڵێین ژمارەیەکی زۆریان دڕندەن و زۆریشیان، بەڕێز و بێکەڵکن.

منیش لەگەڵ ئەم بۆچوونەدابووم. وانەبوو؟

بەڵێ.

باسماننەکرد، بۆچی بەڕێزەکانیان بێکەڵکن؟

باسمانکرد.

حەزدەکەی بزانیت، بۆچی زۆریان دڕندەن؟ هۆی ئەمە بۆ فەلسەفە ناگەڕێتەوە.

بەدڵنیاییەوە.

بابگەڕێینەوە سەر ئەو خاڵەی، کە گوتمان، کەسێکی چاک، دەبێت سروشتی چاکی هەبێت. ئەگەر لەبیرت بێت گوتمان، ئەو کەسە ڕاستی ناسە و هەمیشە شوێن ڕاستی دەکەوێت، ئەگینا ناتوانێت فەلسەفە بخوێنێت.

ئەوەمان باسکرد.
ئایا ئەوە، لەگەڵ ئەو خاڵەی ئێستا باسمانکرد، ناکۆک نیە؟
بێگومان ناکۆکە.
پێویست ناکات بەرگری[لە فەیلەسوف] بکەین و بڵێین، گەڕان بە دوای ئەو شتەی هەیە، لە سروشتی فەیلەسوفدایە و تاکو نەگاتە ئەو شتانە کۆڵنادات. ئەوەی بە ڕاستیش بگات و لە واتاکەی تێبگات، دەزانێت چۆن بەڕاستی بژی. ئەمەش وەکو ئەوە وایە، لە ئازار و ژانی منداڵ بوون ڕزگاری بووبێت.
ئەوە بەرگریکردنی، چاکە.
باشە، ئەو کەسە، بەشێکی ناڕاستی خۆشدەوێت؟ یان بە تەواوی ڕقی لە ناڕاستیە؟
ڕقی لێیەتی.
ئەگەر، ڕاستی بەرقەراربێت، ناتوانین بڵێین، کە بەشێک لە خراپە دەکەوێتە ڕێگەی.
چۆن ئەوە ڕوودەدات؟
[لەجێگەی خراپە] هەڵوێستی تەندروست و دادوەرانە و مامناوەندی دەبێت.
ئەوە ڕاستە.
چ پێویست دەکات، جاریکی دیکە، لەسەرەتاوە، دەستەڵات بەسەر سروشتی فەلسەفی خۆیدا بگرێت؟ لە بیرت نەچێت، ئەو کەسە خەسڵەتەکانی، وەکو ئازایەتی، بیرکردنەوەی بەرز، خێرافێربوون و بیرکەوتنەوەی چاکیشی هەیە. لەسەر و ئەمەشەوە تۆ دەڵێیت، سەرنجدانێکی ورد نایارەکانمان دەگەیەنێتە ئەو باوەڕەی زۆر لەم [فەیلەسوفانە] بێکەڵک و هەندێکیشیان خراپ بن. ئێمە هۆی ئەم ناوزڕاندنەمان باسکرد. گەیشتینە ئەو خاڵەی زۆریشیان بە خراپ دادەنرێن. لەبەر ئەمە هەوڵمدا، سروشتی فەیلەسوفی ڕاستەقینەت بۆ باسبکەم.
ڕاستە.
ئێستا، کاتی ئەوە هاتووە بزانین، ئەو سروشتە چۆن گەندەڵ دەبێت. چۆن لای زۆر کەس لەناو دەچێت و ژمارەیەکی کەمیان(ئەوانەی تۆ بە بێکەڵک ناوزەدت کردن) بە پاکی دەمێننەوە. پاش ئەمە، دەڕوانینە سروشتی ئەو دەروونانەی، لاسایی سروشتی فەیلەسوفانە دەکەنەوە و خۆیان بە فەیلەسوف نیشاندەدەن. هەوڵدەدەین بزانین، چۆن ئەمانە دەگەنە ئەو پلەی ژیانەی شیاوی نین و لە ژوور تەوانای ئەوانەوەیە، چونکە خۆیان لە ناڕاستی نەپاراستوە. ئەمەش ئەو ناوزڕاندنە بە فەلسەفە دەدات، کە تۆ باست کرد.
لە چ ڕوویەکەوە، گەندەڵن؟
هەوڵدەدەم بیانژمێرم. گریمان هەموو لەسەر ئەو خەسڵەتانە ڕێدەکەوین، کە دەبن بە مەرج بۆ بوونی فەیلەسوفی ڕاستەقینە. ئەم خەسڵەتانەش بە دەگمەن لەنێو هەموو کەسێکدا دەدۆزرێنەوە. وا نیە؟
بەدڵنیاییەوە وایە.
بیر لەو هۆیانە بکەوە، کە ئەم ژمارە کەمە لە خەڵکی توشی گەندەڵی دەکەن.
ئەوانە چین؟
بۆ تۆ جێگەی سەرسوڕمانە، ئەگەر ببیسیت هەر یەکێک لەو خەسڵەتانە ستایشمان بۆ کرد، دەبێتە هۆی گەندەڵی و ئەو دەروونەی هەیەتی لە فەلسەفەی دووردەخاتەوە. مەبەستم لەو خەسڵەتانەش ئازایەتی، مامناوەندێتی و ئەوانی دیکەیە، کە ئاماژەمان بۆکردن.
ئەوە سەیرە.

هەروەها، هەموو ئەو شتانەی بە چاکمان دانان، ئەم دەروونە گەندەڵ دەکەن و لە فەلسەفەش دووریدەخەنەوە- بۆنموونە: جوانی، تەندروستی، هێزی لەش، خزم و کەسی خاوەن دەستەڵات لە شاردا، هەموو ئەوانەی دیکەی لەم جۆرەن. تۆ دەزانی، من بیر لەچی دەکەمەوە؟

من دەزانم، بەڵام خۆشحاڵ دەبم ئەگەر زۆرتر فێربم.

ئەگەر بەتەواوی لە مەبەستم تێبگەیت، کێشەکەت لا ڕووندەبێتەوە. خاڵەکەی پێشوت بە لاوە سەیر نابێت.

تۆ چیت لەمن دەوێت؟

ئێمە دەزانین، تۆوێک خێرا گەورە بێت و ببێت بە ڕووەک، یان ئاژەڵێک لە خۆراک یان وەرز و شوێنی گەشەکردنی خۆی بێبەری بێت، کەمووکورتی تێدا سەرهەڵدەدات. ئەوەی خراپە دژی چاکەیە نەک ناچاک.

بێگومان وایە.

کەوابوو، دەشێ چاکترین سروست، بەبێ پەروەردەیەکی ڕێک وپێک خراپ ببێت.

وایە.

ئەدیمەنتۆس پێم بڵێ، ئایا ئەمە بۆ ئەو دەروونە چاکانەش ناشێت، کە بە پەروەردەکردنێکی خراپ زۆرخراپ دەبن؟ یان دەڵێیت، خراپە و نادادوەری لەنێو دەروونە ئاساییەکانە و لە پەروەدەی خراپی دەروونە چاکەکاندا نیە؟ یان دەروونێکی لاواز هۆی خراپە یان چاکەیە؟

نا، تۆ ڕاست دەڵێیت.

ئێستا، بەگوێرەی بیرکردنەوەی من، دەروونی فەلسەفی، پاش پەروەردەکردنی، هەموو خەسڵەتێکی چاک هەڵدەگرێت. ئەگەر پەروەردەکەی خراپ بوو،[وەکو تۆوێک] لەزەوی خۆیدا نەنێژرا خراپ دەردەچێت، مەگەر خوا ڕزگاری بکات. تۆ لەگەڵ ئەو بۆچوونەدای، کە گوایە سۆفستەکان لاوان توشی گەندەڵی دەکەن؟ ئایا ئەوانەی ئەمە دەڵێن خۆیان سۆفست نین، کە لاوان، ژن و پیاو یان مرۆڤە بەتەمەنەکان، بەو جۆرە فێر دەکەن ئەوان دەیانەوێت؟

کەی ئەو کارە دەکەن؟

کاتێک پێکەوە لە ئەنجومەنەکان، دادگا، شانۆ یان لەشکرگاکاندا دادەنیشن. لەنێو خەڵکدا بە دەنگی بەرز ناڕەزایی یان بۆچوونی خۆیان دەردەبڕن. ئەوانەی شوێنیان دەکەون چەپڵەیان بۆ لێدەدەن و هاوار دەکەن. ئەم حاڵەتانە، چ کاریگەریەکی لەسەر دەروونی لاوان هەیە؟ چ مامۆستایەکی تایبەت ستایشی پێخۆش نیە یان نایەوێت لۆمەی بکرێت؟ ئەو دەیەوێت خواردنی بخرێتە بەردەم و بۆ هەر شوێنێک بڕوا بە دڵی خەڵکی باسی جوانی و ناشرینی دەکات. وەکو ئەوان دەژی و لەوانیش جیاواز نیە؟

سوکرات، ئەو مامۆستایە لە ژێر زەبرێکی زۆردایە.

هێشتا باسی سەخترین زەبرمان نەکردووە.

ئەوە چیە؟

ئەگەر ئەم فێرکەرانە یان سۆفستانە، بزانن گوتەکانیان[بەرانبەرەکەیان] ڕازی ناکات، بە کردەوە دەیسەپێنن. نازانی سزای ئەوانە دەدەن لەسەر بۆچوونەکانیان ڕێکناکەون ؟

دەبێت ئەوە بکەن.

چ جۆرە سۆفستێک دژی ئەمانە سەرهەڵدەدات؟

لەو باوەڕەدانیم سەرهەڵبدات.

نا، بێگومان. کارێکی گەمژانەیە دژیان ڕاوەستیت. چونکە لە ڕابردوو، ئێستا و داهاتوشدا نیە و نابێت ئەو خەسڵەتە نائاساییە هەبێت. کەس نیە فێری چاکەکردن کرابێت و بەو جۆرە دەرنەچێت. هەر کەسێک بووبێت بەو کەسەی لە دەستورەکەماندا بۆی دانراوە، دەتوانێت بڵێت، هێزێکی پیرۆز بەخشیوێتی و ڕزگاریکردوە.

من لەگەڵتام.

کەوابوو، دەبێت لەسەر ئەم خاڵەش لەگەڵمابیت.

چ خاڵێک؟

ئەو مامۆستایانەی بە پارە وانە دەڵێنەوە و بە سۆفست ناسراون، هیچ شتێکی جیاوازتر لەوەی خەڵکی دەیزانن و باوەڕیان پێیەتی فێری خوێندکاران ناکەن. سوفستەکان ئەو جۆرە زانینە بە فەلسەفە دادەنێن. ئەمەش وەکو ئەوە وایە، فێری مەزاج و ئارەزووەکانی دڕندەیەکی گەورە ببین، کە دەنەڕێنێ. دەمانەوێ بزانین چۆن لێی نزیک ببینەوە و مامەڵەی لەگەڵدا بکەین، لەکاتێکدا زۆر سەختە نزیکی کەوینەوە. چ دەنگێک بێزاری دەکات یان هێمنی دەکاتەوە. پاش فێربوونی ئەم شتانە وماڵیکردنی دڕندەکە، زانیارییەکان کۆدەکەینەوە و ناویدەنێین فەلسەفە و خەڵکی فێردەکەین. ئەم جۆرە فێرکەرانە، لەبارەی چاکی و خراپی، دادوەری و نادادوەری زانینەکە نازانن، بەسەر ئەو کەسانەدا دەیسەپێنن، کە دەیانەوێت مامەڵە لەگەڵ دڕندەکەدا بکەن. ئەوەی دڕندەکە توڕە دەکات، بەخراپ و ئەوەی هێمنی دەکاتەوە بەچاک دایدەنێن. بێجگە لەمە چی دیکەی پێنیە. ئەوەی دەیسەپێنێت بەدادوەر ناوزەدی دەکات، چونکە بێجگە لەمە چی دیکە نابینێت. ئایا ئەم جۆرە فێرکردنەت لا سەیر نیە؟

بەلامەوە سەیرە.

ئەمە لەو کەسەوە جیاواز نیە، کە تێگەیشتنی مەزاج و خۆشی، زۆربەی خەڵک بەلاوە گرنگ نیە، لەبارەی هونەری شێوەکاری، مۆسیقا یان ڕامیارییەوە بێت، بە فەلسەفە دابنێت؟

ئەگەر شاعیرێک هۆنراوە بۆ کۆمەڵێک بخوێنێتەوە، یان کەسێکی دیکە بەهرە و پیشەی خۆی نیشانبدات و فێریانبکات، وەکو دەڵێن، دەکەوێتە ژێر زەبری دایۆمیدیانەوە و ئەو کارە دەکات خەڵکی دەیانەوێت. ئایا نەتبیستوە ئەم شتانە بە ڕاستی جوان و چاکن و بە تەواوی گاڵتەبازی نین؟ (38)

نا، نامەوێ گوێم لەوەش بێت.

ئەم خاڵانەت لەبیر نەچێت، بیر لەوەڵامی ئەم پرسیارەش بکەوە: ئایا زۆرینە بە خودی جوانی، بەرانبەر شتە جوانەکان،یان هەر جوانیەک بە تەنیا، ڕازی دەبن یان ڕەتی دەدەنەوە؟

نا، بە هیچ جۆرێک ڕازی نابن.

کەوابوو، زۆرینە ناتوانێت فەلسەفیانە بیربکاتەوە.

ناتوانێت.

هەمان کات، لەگەڵ ئەو کەسانەدا نین، کە فەلسەفەکارن.

بەدڵنیاییەوە.

هەروەها، ئەو کەسانەی شوێن بیروباوەڕی زۆرینەی خەڵک دەکەون، دەیانەوێت دڵی زۆرینە خۆش بکەن.

---

(38) دایۆمیدس کوڕی(ئارس) ی خوداوەندی جەنگ و پاشای تراسیان بووە. لە ئەفسانەی یۆنانییدا ئەم قارەمانە گوایە چەند ماینێکی هەبووە، کە لەسەر گۆشتی مرۆڤ ژیاون. (وەرگێڕ)

ئاشکرایە.
باشە، ئەو کەسەی بە سروشت فەیلەسوفە، دەیەوێت بە ڕاستی تاکو کۆتایی ژیانی فەلسەفیانە بژی، ڕزگاری دەبێت؟ بیر لەوەش بکەوە گوتمان فێربوونی خێرا، بیرهاتنەوەی چاک، ئازایەتی و بیرکردنەوەی بەرز خەسڵەتی سروشتی فەلسەفین.
بەڵێ.
هەر کەسێک ئەم سروشتەی هەبێت، لەنێو منداڵاندا لە هەموو ڕوویەکەوە لەپێشتر نابێت؟ بە تایبەتی ئەگەر باری لەشیشی هاوتەرازی ئەم دەروونە بێت؟
چۆن نابێت؟
ئەم کەسە چەند بە تەمەندا بڕوات، ئەوەندە زۆرتر ئەندامانی خێزانەکەی و هاوڵاتیان بۆ بەڕێوەبردنی کاروباریان سودی لێوەردەگرن.
هەڵبەتە.
داوای ڕاوێژکاری لێدەکەن.
ئەوە ڕوودەدات.
ئەگەر کەسێک بەم جۆرە بێت، لە شارێکی گەورەدا بژی، دەوڵەمەندبێت و لە خێزانێکی چاکەوە پەیدابووبێت، باڵا بەرز و جوان بێت، دەڵێی چی؟ لەو باوەڕەدانیت ئەو کەسە، لەخۆی ڕەوا دەبینێت، نەک کاروباری یۆنانییەکان بەڵکو بەربەرییەکانیش بەڕێوەبەرێت ؟ لە ئاکامدا، بەبێ ئەوەی تێگەیشتنێکی تەواوی هەبێت خۆی بە گەورە نابینێت؟
بەدڵنیاییەوە، لەخۆی بایی دەبێت.
ئەگەر کەسێک، لەو لاوە نزیک ببێتەوە و ئەو ڕاستیەی پێ بڵێ، کە ئەو خاوەنی تێگەیشتنێکی تەواو نیە، پێویستە زۆرتر تێبگات و بۆ ئەمەش وەکو کۆیلە ڕەنج بکێشیت، هەست دەکەیت لەنێو ئەو هەموو شتە خراپانەی دەوریان داوە، گوێ لەو کەسە بگرێت؟
گوێ ناگرێت.
تەنانەت لاوێکیش، لەبەر ئەوەی سروشتێکی چاکی هەیە، فێری فەلسەفە دەبێت و لە هۆشەوە نزیکە، کاتێک خەڵکی سود لە زانین و هاوڕێیەتیەکەی وەرناگرن، چ دەڵێین؟ هیچ ناکەن یان نایەڵن ڕازی بێت؟ یان ڕازی کەرەکەی بەرەو دادگای دەبات، تاکو ڕێگەی ڕازیبوونی لێبگرێت؟
بەدڵنیاییەوە، بەوجۆرە نیە.
بوارێک بۆ ئەو کەسە پەیدا دەبێت، تاکو زانینە فەلسەفیەکەی تێدا بەکاربهێنێت؟
پەیدا نابێت.
ئێستا ئەو خاڵەت بۆ ڕووندەبێتەوە، کە گوتمان ئەو کەسەی خاوەنی سروشتێکی فەلسەفیە بە چاکی پەروەردە ناکرێت. بەشەکانی دیکەی دەروونی، لەگەڵ ئەو شتانەی بە چاکە ناوزەدمانکردن، وەکو سامان و جۆرەکانی دیکە، دەبن بە هۆی دوورخستنەوەی لە ژیانێکی فەلسەفیانە.

من بیرمە و ئەوەش ڕاستە.
ئەوانە ڕێگاکانن، کە تیایاندا سروشتێکی چاک گەندەڵ دەبن و لەناودەچن. لەنێو ئەم جۆرە کەسانەدا [گەندەڵەکان] ئەو کەسەش دەدۆزینەوە، کە دەتوانێت خراپترین کار بەرانبەر شارەکە و هاوڵاتیان بکات.

ئەوە ڕاستە.

ئەم جۆرە کەسانە، ئەوانەی بۆ فێربوونی فەلسەفە دەشێن و لەو فێربوونە دووردەکەونەوە، ژیانی فەلسەفیانە وێران دەکەن و دەیکەن بە کەلاوە. ژیانێکی ساختە و نا لەبار دەبەنە سەر. ئەوانەی شیاوی فێربوونی فەلسەفەش نین، وەکو چۆن یەکێک بەزەیی بە منداڵێکی هەتیودا دێتەوە و دەیەوێت بیپارێزێت، دێنە لای فەلسەفە و خۆیان دەکەن بە خاوەنی. ئەم کەسانە فەلسەفە شەرمەزاردەکەن و ئەوانەن، کە تۆ بێکەڵک دایاندەنێیت و زۆرینەش توشی ناخۆشی دەکەن.

ئەوە ڕوودەدات.

ئەمە لەو تەنەکەچیە سەر ڕووتاوەیە ناچێت، کە تازە لە زیندان دەرچووە، لەبەر ئەوەی کەمێ پارەی هەیە چۆتە حەمام ، جل و بەرگی نوێی لەبەرکردووە و داوای کچی خاوەن ئیشەکەشی دەکات، شوی پێبکات، چونکە کچەکە هەژارە و کەس بەخێوی ناکات؟

وەکو ئەو وایە.

چ جۆرە منداڵێک، لەو جووتبوونەدا پەیدا دەبێت؟ زۆڵ و کەمووکورت نابێت؟

وادەبێت.

چۆنە ئەو کەسانەی، شیاوی خوێندنی فەلسەفە نین، فەلسەفە بخوێنن و لەگەڵیا بژین؟ چ جۆرە بۆچوون و بیرکردنەوەیەکیان دەبێت؟ ئەوان سۆفیست نین، کە زانینێکی ڕاستیان لا نیەو ئەوەی دەیزانن ساختەیە؟(39)

بە تەواوی ڕاستە.

ئەوەی دەمێنێتەوە، ئەدیمەنتۆس، دەستە و تاقمێکی کەمە شیاوی فێربوونی فەلسەفە بن و ژیانیکی فەلسەفیانە ببەنەسەر: ئەوەی بە سروشت شیاوی ئەم فێربوونەیە نابێت توشی گەندەڵی بێت. هەندێک ڕقیان لە پیشەکەی خۆیانە، چونکە لەگەڵ سروشتیاندا ناگونجێ و وازی لێدەهێنن و فەلسەفە دەخوێنن. هەندێک، وەکو تیاگس، دەتوانێت فەلسەفە بخوێنێت، بەلام باری لەشی ڕێگەی نادات ڕۆڵی ڕامیاری ببینێت. دواجار، نموونەکەی منیش لەوانەیە شیاوی باسکردن نەبێت. ئەویش نیشانەی دێوە کەیە،(40) چونکە تەنیا لە مندا یان لە چەند کەسێکی کەمدا ڕوویداوە. ئەندامانی ئەم دەستە و تاقمە بچوکە تامی شیرینی فەلسەفەیان چێژتوە. شێتێتی زۆرینەیان بۆ دەرکەوتووە و دەزانن کەس بە ڕێکوپێکی کارەکان بەڕێوە نابات. بۆ سەقامگیرکردنی دادوەری یاریدەدەریان نیە و پەنا بۆ کەس نابەن. ئەگەر پەنا بۆ خەڵکی بەرن ناگەن بەوەی خزمەتی شارەکە و خۆشیان بکەن، وەکو ئەو کەسەی دەکەوێتە بەردەم چەند ئاژەڵێکی دڕندە خۆیان بێدەستەلات دەبینن. هاوکات ئامادەش نین، بچنە ڕیزی ئەوانەوە و لە کارە خراپەکانیاندا هاوبەشی بکەن. ئەوەندەش بەهێز نین دژیان ڕاوەستن. وەکو چۆن کەسێک لە کاتی زریانێکی توندا، لەبەر دیواریکی نزمدا خۆی حەشاردەدات، فەیلەسوفیش، پاش بینینی خەڵکی بەو جۆرە، بەوە ڕازییە ژیانی خۆی لەو[گەندەڵی] و

----

(39) ئەفلاتون فەیلەسوفە سۆفستیەکان، وەکو پرۆتاگۆراس و جۆرجیاس بەم شێوەیە پێناسدەکات. سۆفستیەکان بە فەیلەسوفی ناڕەسەن دادەنێت، کە شیاوی ئەوە نین بە فەیلەسوف ناوزەد بکرێن و لاوانیش فێری فەلسەفە بکەن. ئەمەش پەیوەندی بە بۆچوونی ئەفلاتون بۆ فەلسەفە و پێناسەی فەلسەفە و بابەتی لێکۆڵینەوەی فەلسەفەوە هەیە، کە لە بۆچوونی سۆفستیەکانەوە جیاوازە. (وەرگێڕ)

(40) ئەفلاتون لە دایەلۆگی ستایشدا(ئەپۆلۆجی 32 – 31) باسی ئەوە دەکات، کە دێو یان هێزێکی نادیار سوکراتی لە ڕامیاری دوور خستۆتەوە. (وەرگێڕ)

نادادوەرییە بپارێزێت و خۆی لە لۆمە ڕزگاربکات.
ئەوە پێش دەرچوونی کارێکی ئاسان نیە.
کارێکی مەزنیش نیە، چونکە هەلی لە دەستورەکە وەرنەگرتووە، کە بۆ ئەو دانراوە. بەگوێرەی دەستورێکی لەبار، ئەو دەتوانێت خۆی و کۆمەڵەکەی ڕزگاربکات. من بزانم نەمانتوانیوە، هۆی ناو زڕاندنی فەلسەفە و خراپی ناو زڕێنەرەکە بدۆزینەوە. مەگەر تۆ شتێکی بخەیتەسەر.
هیچم نیە. بەڵام چ دەستورێکی ئەمڕۆ، بۆ فەیلەسوفەکان شیاوە؟
هیچ دەستورێکی ئەمڕۆ شیاو نیە. ئەمە ڕەخنە و گلەیی منە: هیچ دەستورێکمان شیاوی سروشتێکی فەلسەفی نیە. لەبەر ئەمە ڕێگەی گەشەکردنی ئەو سروشتە گیراوە. ئەمەش، وەکو چاندنی تۆوێکە لە خاکێکی بێگانە و نەگونجاودا. سروشتی فەلسەفی بەم جۆرە گەشەناکات و شتێکی دیکەی لێوە پەیدا دەبێت. ئەگەر دەستورێکی چاکمان هەبێت، یان چاکترین بێت دەستورە پیرۆز و سروشتەکانیش مرۆڤانە دەبن. دەزانم دەتەوێت بپرسیت چاکترین دەستور چیە؟

لێرەدا بە هەڵەدا چوویت. من ئەو پرسیارە ناکەم. ئێمە لە دامەزراندنی شارەکەماندا، باسی دەستورمان کرد یان شتێکی دیکە؟
لە هەندێک ڕووەوە باسی دەستورمان کرد. هەروەها گوتمان دەبێت کەسانێک هەبن لە دەستور دانان بزانن. ئەوانەی ڕێگە نیشاندەرن، وەکو پارێزەر لەدانانی یاسادا.
ئێمە ئەوەمان باسکرد.
بەڵێ، بەڵام لەبەر ئەوەی تۆ گوتت، سەلماندنی سەخت، پێویستی بە کاتی زۆرە لەسەری نەدواین.
ئێستاش ئەوەی ماوە. ئاسان نیە ڕوونیبکەینەوە.
ئەوە چیە؟
هەموو شتێکی مەزن. توشی ڕووخان دەبێت. گوایە دژوارە شتی چاکمان دەستکەوێت. ئێستاش دەبێت بزانین چۆن، ئەو شارەی فەلسەفەی تێدایە بەردەوام دەمێنێتەوە؟
هەرچۆنێک بێت، پێویستە ئەم خاڵە ڕوونبکەینەوە.
ئەوەی ڕێگرمانە، کەم حەزیمان نیە، بەڵکو کەم تەواناییمانە. تۆ دەزانی من چەند حەزدەکەم ڕوونیبکەمەوە، چۆن بە پەرۆشەوە دەڵێم، ئەو شارەی فەلسەفە تیایدا بەرقەرارە، بەپێچەوانەی شارەکانی ئەمڕۆمانەوەیە.
چۆن؟
ئەمڕۆ ئەوانەی فەلسەفە دەخوێنن، کەسانێکن لە تەمەنی لاوێتیدا کارێکی دیکە، وەکو بازرگانی و بەڕێوەبردنی ماڵیان نەگرتۆتە دەست. بە گەیشتن بە بەشە سەختەکەی، ئەو بەشەی دەبێت هەڵسەنگاندنی هۆشەکی بەکاربهێنێت، واز لە فەلسەفە دەهێنن. خەڵکیش وا دەزانن، ئەوانە خوێندنی فەلسەفەیان تەواوکردوە و فێربوون. دواجاریش، کە یەکێک بانگیان دەکات ئامادەی کۆڕێکی فەلسەفی بن، دەڕۆن و گوێ دەگرن. فەلسەفە بە کاروپیشەی خۆیان دانانێن. کاتێک پیریش دەبن، تینوێتیان بە فەلسەفە ناشکێ، وەکو خۆرەکەی هیراکلیس دەکوژێنەوە.

ئەوان چی بکەن؟
بەپێچەوانەی ئەمەوە، ئەوەی فێردەبن، لە بارەی فەلسەفەوە، لە منداڵی و لە لاوێتیدا دەیخوێنن، دەبێت بۆ تەمەنی گەورەییان بەسود بێت: کاتێک گەورە دەبن، پێویستە ئاگایان لە لەشیان بێت و بۆ خزمەتکردنی

فەلسەفە بەکاریبهێنن؛ لەگەڵ گەورەبوونی تەمەن و پێگەیشتنی بیرکردنەوەدا، دەبێت وەرزشە دەروونیەکان زۆرتر بکەن؛ ئەو کاتەی تەوانای خزمەتکردنیان نەما و نەیانتوانی کاروباری لەشکر بەڕێوەبەرن، کاری سەختیان نادەینێ و دەمانەوێ لێرە[لە شارەکەماندا] بەختەوەرانە بژین.
سوکرات، تۆ چاک بۆ کێشەکە چوویت. بەڵام دڵنیام لەوەی گوێگرەکانت بە تراسیماکۆسیشەوە، دژی بۆچوونەکەتن و بەوە ڕازی نین.
ئاژاوە لەنێوان من و تراسیماکۆسدا دروست مەکە. ئێمە تازە بووین بە هاوڕێ، بەڵام هیچ کاتێک دوژمنی یەکدی نەبووین. من کۆڵنادەم تاکو تراسیماکۆس و ئەوانی دیکەش ڕازی دەکەم، یان هەوڵدەدەم کارێک بکەم، جارێکی دیکە ژیانەوە، یان بەجۆرێکی دیکە هەبن سودی بۆیان هەبێت.
تۆ باسی شتێک دەکەیت، بەم زووانە ڕوونادات.
منیش لە وەڵامدا گوتم، ئەو کاتە لەگەڵ ژیانی هەمیشەییدا، بەراورد ناکرێت. لەگەڵ ئەمەشدا لەو باوەڕەدانیم، زۆرکەس باوەڕنەکات؛ چونکە ئەوەیان نەدیوە، کە ئێمە باسیدەکەین؛ ئەوەی بینیویانە(یان دەیزانن) لاساییکردنەوەی فەلسەفەی[ڕاستەقینەیە]، کە لەڕیزکردنی وشەی ڕازاوە، بەبێ یەکێتیەکی سروشتی لەنێوانیاندا پێکهاتوە. ئەو مرۆڤەی بە بیرکردنەوە و کردەوە، خاوەنی چاکەیە و فەرمانڕەوای شارێکە، وەکو[فەرمانڕەواکردنەکەی] چاکە. خەڵکی ئەم جۆرە شارەیان نەبینیوە. لەو باوەڕەدای بینیبێتیان؟
نا. بێگومان.
هاوڕێم نا. بەتەواوی نەیانبیستوە، چۆن هەندێک کەس ئازادانە، بۆ دۆزینەوەی ڕاستی خۆیان ماندوودەکەن. بە بایەخەوە، ئاوڕ لەو مشتومڕانە نادەنەوە، کە ئاکامەکەیان بە بۆچوونمان[نەک زانین] دەگەیەنێت.

ئەو گوتی: ئەو جۆرە کەسانە لە باسەکەی ئێمە تێناگەن.
لەبەر ئەم گرفتانەی، لە پێشتریش ئاماژەمان بۆ کردن، دەترساین ئەم خاڵە باسبکەین. بەڵام ڕاستی هانیداین بڵێین، هیچ شار و دەستور و تاکێک، ناگاتە پلەی تەواوکۆتایی، تاکو فەیلەسوفەکان، ئەوانەی ئێمە بە بێکەڵک ناوزەدمانکردن و توشی گەندەڵی نەبوون، فەرمانڕەوایی نەکەن. گرنگ نیە فەیلەسوفەکان بیانەوێت، یان نەیانەوێت فەرمانڕەوایی بکەن، پێویستە هاووڵاتیان ملکەچی فەرمانەکانیان بن. ئەگەر ئەمە نەکرێت، ئەوا دەبێت چاوەڕانیخوداوەند بین، پاشاکانی ئەمڕۆ و منداڵەکانیان، بەرەو خۆشەویستیەکی ڕاستەقینە بۆ فەلسەفە بەرن. هیچ هۆیەک نابینم، تاکو جەخت لەسەر ئەوە بکەم، ئەم دوو ڕێگەیە مەحاڵ بن ئەگینا،خۆمان دەخەینە بەرگاڵتە و دەبین بەخەوبینەر. ئایا من ڕاست ناڵێم.
تۆ ڕاستیت.
لەم حاڵەتەدا، ئەگەر لە ڕابردوویەکی دووردا، یان ئێستا و داهاتووشدا هەڵکەوێت، کە فەیلەسوفێکی ڕاستەقینە هەیە، فەرمانڕەوایی شارەکەمان بکات، ئەو کاتە ئێمەش دەڵێین دەستورەکەمان بەرقەرار بووە.
ئەمەش کارێکی گرانە، بەڵام مەحاڵ نیە.
من لەگەڵتا هاوڕام.
دەتەوێ بڵێی، زۆرینەی خەڵک، لەگەڵ ئەم بیروڕایە دا نیە؟
منیش گوتم: هاوڕێ، ڕەخنە لە زۆرینە مەگرە. ئەوان بیروڕاکانیان دەگۆڕن. ئەمەش بە زۆر نابێت، پێویستە لەسەرخۆ و بە نەرمی فێرکرێن. فەیلەسوفی ڕاستەقینەیان پێبناسێنە و خەسڵەتەکانی سروشتی فەلسەفیانەیان بۆ ڕوونبکەوە. ئەگەر ئەوان، فەیلەسوفی ڕاستەقینە بناسن، بیروڕاکانیان دەگۆڕێت و

جیاوازتر وەڵامی پرسیارەکە دەدەنەوە. کێ دژی خۆشەویستی خۆی ڕادەوەستێت؟ لەو باوەڕەدای کەسێک شەڕخواز و دڵ ڕەق نەبێت، بەرانبەر کەسێکی نەرم و دڵپاک حەسود بێت؟ من لە جێگەی تۆ، وەڵامی ئەم پرسیارانە دەدەمەوە. دەشێ چەند کەسێکی شەڕخواز و دڵ ڕەق هەبن، بەڵام زۆرینەی خەڵک بەم جۆرە بیرناکەنەوە.

من لەگەڵتام.

تۆ لەگەڵ مندا نیت، کە ئەوانەی بەرانبەر فەلسەفە، شەڕخواز و دڵ ڕەقن، ئەو کەسانەن بەبێ ئەوەی بانگکرابن خۆیان دەکەن بە ماڵاندا، زەمی خەڵک دەکەن و ناشرینی لە هەموو شتێکدا دەدۆزنەوە، باسی کەسانی دیکە بە خراپی دەکەن؟

من لەگەڵتام.

ئەدیمەنتۆس، ئەو کەسەی، بیری خستۆتە سەر بوونە ڕاستەکان، کاتی بۆ باسکردنی خەڵکی و دڵ ڕەقی و حەسودی نیە. ئەو چاودەبڕێتە[ڕاستیە] نەگۆڕەکان، کە کەس لەم تێڕوانینەدا بریندار نابێت و هۆش جڵەوی شتەکان دەگرێتە دەست. ئەو بەپێی توانا لاسایی ئەو[ڕاستیانە] دەکاتەوە. کەس هەیە، لەگەڵ ئەو شتانەی حەزیان لێدەکات، بژی و لاساییان نەکاتەوە؟

کەس نیە.

فەیلەسوفیش، لەبەرئەوەی چاوی خستۆتە سەر بیرەکان و لەگەڵیاندا دەژی، خۆی دەکات بە کەسێکی پیرۆز.

هەڵبەتە.

ئەگەر زۆری لێبکرێت، ئەوەی دەیزانێت فێری کەسێکی دیکە، یان خەڵکی بکات، لەو باوەڕەدایت لێزان نەبێت و نەتوانێ بیکات؟ لەو باوەڕەدای خۆڕاگر، دادوەر یان کەسێکی چاک نەبێت؟

لەو باوەڕەدانیم.

ئەگەر زۆرینە باوەڕ بە ئێمە بکەن، بەرانبەر فەیلەسوفی ڕاستەقینە، شەڕەنگیزانە ڕادەوەستن؟ باوەڕیان بە ئێمە دەبێت، کە دەڵێین شارەکەمان خۆشی بەخۆیەوە نابینێت، تاکو نەخشەی شارەکە، لەسەر مۆدێلێکی پیرۆز هونەرمەندان نەیانکێشابێت؟

ئەگەر تێبگەن شەرەنگیز نابن. بەڵام مەبەستت لەو نەخشەیە چیە؟

ئەوان نەخشەی شار و ڕەفتاری هاووڵاتیان، وەکو وێنەکێشان، لەسەر کانڤاسێکی پاک دروستدەکەن. ئەمەش جیاوازییە لە نێوان ئەمان و[سیایەتمەدارەکانی] دیکەدا. ئەوان بەبێ ئەو کانڤاسە پاکە، یان پاک کردنەوەی کانڤاسەکە، دەست بەکارەکە ناکەن.

ئەو کارەیان دروستە.

لەو باوەڕەدانیت پاش ئەم کارە دەستورەکە بنوسن؟

هەڵبەتە.

بۆ ئەم کارە، دەڕواننە هەموو ئەو لایەنانەی، بە دادوەری و جوانی و مامناوەندییان دەناسێنێت. هەروەها ئەوانەی دەیانەوێت، لە ژیانی مرۆڤدا سەقامگیریان بکەن. هەموو ئەم لایەنانە تێکەڵ دەکەن و هەڵدەسەنگێنن، تاکو ئەو نمونەیە دادەهێنن، کە هۆمیرۆس بە" شێوە و نموونەیەکی پیرۆز" ناوزەدیدەکات.

ئەوە ڕاستە.
شتێک دەسڕنەوە و شتێکی نوێی لە جێگە دادەنێن، تاکو بەو نموونەیە دەگەن. خواکانیش خۆشیان دەوێن.
بێگومان، بەم شێوەیە، بەنموونەیەکی چاک دەگەن.
ئایا ئەمە، ئەو کەسانەی دژمان وەستان، دەگەیەنێتە ئەو باوەڕەی، کە ئەو کەسەی باسیدەکەین، تەوانای دانانی دەستوری بۆ شارەکەمان هەیە؟ ئایا بەرانبەری نەرم نابن؟
ئەگەر تێبگەن نەرم دەبن.
بێگومان. چۆن دژی ڕادەوەستن؟ دەتوانن نکۆڵی لەوە بکەن، کە فەیلەسوفەکان خۆشەویستی ڕاستین؟
ئەگەر نکۆڵی لێبکەن گەمژەن.
یان سروشتی[فەلسەفیانە] بەو جۆرەی باسمانکرد، لە بەرزترین چاکەوە نزیکە؟
ناتوانن نکۆڵی لەمەش بکەن.
پێم بڵێ، ئەوان لەو باوەڕەشدا نابن، ئەگەر ئەو سروشتە پەروەردە کردنێکی لە باری هەبێت زۆرچاک و زانا دەرناچێت؟ یان ئەو سیاسەتمەدارانەیان دەوێت، ئێمە لە شارەکەماندا نامانەوێن؟
بێگومان ئەوە ناکەن.
دەگونجێت تورە بن، لەوەی تاکو فەیلەسوفەکان فەرمانڕەوایی شارەکەمان نەکەن و هاووڵاتیان لە خراپە نە پارێزین، ئەو شارە نموونەییەی نەخشەی بۆ دەکێشین، نایەتە کایەوە؟

لەوانەیە هێمن ببنەوە.
ئەگەر ڕازی بیت، من نالێم نەرمتر دەبنەوە، بەڵکو بە تەواوی هێمن دەبنەوە و ڕازی دەبن. هیچ نەبێت ڕێنەکەوتنیان لەگەڵ ئێمەدا، توشی شەرمەزارییان دەکات.
ئەوە دروستە.
کەوابوو، گریمان لەسەر ئەم خاڵە ڕێدەکەون. کەس دژی ئەوە نیە، کە بێڵین منداڵانی فەرمانڕەواکان، یان پاشاکان خاوەنی سروشتێکی فەلسەفین؟

کەس دژی نیە.
کەس لەو باوەڕەدایە، ئەم منداڵانە گەندەڵ بن؟ ئێمە گوتمان پاراستنیان لە گەندەڵی سەختە، بەڵام دەکرێ بڵێین، کە کەسیان لەو گەندەڵێیە ناپارێزرێت؟
چۆن ئەوە دەڵێیت؟
بەڵام یەکێک لەو[فەیلەسوفانە] بەسە فەرمانڕەوایی بکات و کاروباری شارەکە[دەوڵەتەکە] بەڕێوەبەرێت؟
بەدڵنیاییەوە.
ئەگەر ئەو فەرمانڕەوایە، یاساو جۆری ژیان بەو شێوەیەی باسمانکرد، بەرێت بەڕێوە، هاوڵاتیانیش ئامادەن شوێن فەرمانەکانی بکەون؟
بەڵێ.
کەوابوو، ڕازی بوونی ئەوانەی، لەگەڵماندا نارێک بوون، کارێکی مەحاڵ نیە؟
هەستدەکەم مەحاڵ نەبێت.
بەڕای من، ڕوونکردنەوەکەی پێشومان ئەوە دەردەخات، کە ئەم جۆرە ژیانە لە شارەکەماندا باشترینە.
دروستە.

کەوابوو، یاساکەمان چاکترینە ئەگەر بتوانین بیهێنینە کایەوە. لەوانەیە ئەم کارە سەخت بێت بەڵام مەحاڵ نیە.
دەتوانین.
ئێستا خۆمان لەو گرفتە ڕزگارکردوە. لەسەر کێشەی ئەو کەسانە دەدوێن، کە دەستورەکەمان بۆ دەنوسن.
هەوڵدەدەین بزانین، چ هۆکار و شێوازێکی ژیان، ئەم جۆرە کەسانە دەهێنێتە بوونەوە. لە چ تەمەنێکدا شیاوی ئەم کارەن.
پێویستە ئەوە بزانین.
زووتر من زیرەکانە خۆم لە باسکردنی ژن هێنان، منداڵبوون و دامەزراندنی فەرمانڕەواکان دزییەوە. دەمزانی دەوڵەتێکی تەواوکۆ چاوی حەسودی لەسەرە و لەوانەیە دامەزراندنیشی دژوار بێت. وادیارە زیرەکییەکەم فریام ناکەوێت. ئێستا پێویست دەکات باسیانبکەم. ئێمە باسی ژن و منداڵمان کرد، بەڵام دەبێت بە وردی لە کێشەی فەرمانڕەوا بکۆڵینەوە. لە بیرتە گوتم، فەرمانڕەواکان پێویستە لە خۆشی و ناخۆشیدا شارەکەیان خۆش بوێت. لە نێو ترس و زەحمەتکێشانیشدا بیر لە شارەکە بکەنەوە. ئەو فەرمانڕەوایەی ئەمە نەکات دەبێت لاببرێت. ئەوەی وەکو زێڕ لەنێو ئاگریشدا و لەم ژیانە و لە مردنیشدا ڕەنگ ناگۆڕێت لەوجێگەیە دادەنرێت و ڕێزی لێدەنرێت. ئەمە لە پێشتر باسمانکرد، بەڵام گفتوگۆکەمان گۆڕانی بە سەردا هات و ڕێگەیەکی دیکەی گرتە بەر.

من ئەوەم لە بیرە.
هاوڕێم وابوو. من پێشتر دەترسام باسیبکەم. بەڵام ئێستا بەبێ ترس و دوودڵیەوە جەختی لەسەر دەکەم، کە پاسەوانەکانمان دەبێت فەیلەسوفەکان بن.
بەڵێ دەبێت وابێت.
وامەزانە ژمارەیەکی زۆر لە فەیلەسوف هەن. ئەو سروشتە فەلسەفیەی باسمانکرد، لەنێو دەستەیەکی کەمدا دەدۆزرێتەوە و بەشەکانی بەجیا گەشەدەکەن.
مەبەستت چیە؟
تۆ دەزانیت، کە فێربوونی خێرا، بیرهاتنەوەی تیژ، زیرەکی، سۆزی لاوێتی، بیرکردنەوەی بەرز و زۆر خەسڵەتی دیکەش پێکەوە گەورە نابن. ئەوانەی ئەم خەسڵەتانەیان هەیە، ڕەوشت بەرزن، وادروست نەبوون بە ڕێکو پێکی و هێمنی بژین. هێزە جوڵێنەرەکانی ناوەوەیان کاریان تێدەکەن و بێقەراریان دەکەن.
ئەوە ڕاستە.
لەلایەکی دیکەوە، دەروونە بەر قەرارەکان، ئەوانەی بە ئاسانی ناگۆڕێن، لە جەنگدا ناترسن و لەو جێگەیە دامەزراون، ئەوانەن دەبن بە جێگەی دڵنیایی و پشت پێبەستن. بۆ فێربوونیش بەهەمان شێوە کەلە ڕەقن: وەکو ئەوانەی مێشکیان وەستاوە هیچ وەرناگرن و فێرکردنیان سەختە. کاتێک دەتەوێ فێریان بکەیت خەویان دێت و لەبەردەمتا باوێشک دەدەن.
ڕاستە.
بێجگە لەمە، لەو باوەڕەدابووین کەسێک هەبێت هەردوو خەسڵەتەکەی هەبێت و بخرێتە بەر فێربوون و بۆ فەرمانڕەوایی ئامادەبکرێت.
بەدڵنیاییەوە.

ئایا چینێک لەم کەسانە دەدۆزرێتەوە؟
بە ڕای من زۆر کەمە؟
وایە.
کەوابوو، ئەم جۆرەکەسانە، بێجگە لەوەی فێردەکرێن چۆن لە کاری دژوار، ترس، خۆشی و ناخۆشیدا بەرقەراربن، پێویستە فێری زۆر بابەتی دیکەش بکرێن، کە لەپێشتر ئاماژەمان بۆ نەکردوون و ئێستا ناویان دەهێنین. ئەمەش بۆ ئەوەی بزانین ئەو دەروونانە چۆن بەردەوام دەمێننەوە و گەشەدەکەن.
بەڵێ، پێویستە تاقییان بکەینەوە. بەڵام ئەو بابەتانە چین؟
لە بیرتە، بۆ ئەوەی لە واتاکانی دادوەری، مامناوەندی و ئازایەتی تێبگەین، دەروونمان کرد بە سێ بەشەوە؟
ئەگەر لە بیرم نەبێت، پێویست ناکات گوێ لەتۆ بگرم.
چی؟
گوتمان: من لەو باوەڕەدام بۆ ئەوەی چاکتر لەم کێشەیە تێبگەین، پێویستە ڕێگایەکی درێژتر بگرینەبەر و زۆرتر ڕوونیبکەینەوە. بەڵام تۆ ڕازی نەبوویت و گوتت، لەوە زۆرتر پێویست نیە. من هەستم کرد باسەکەمان کەموکورتی تێدا بێت. لەبەر دڵی تۆ لە سەری نەدوام.
من و ئەوانی دیکەش هەستمانکرد لەوە زۆرتر ئەو باسە پێویستی بە ڕوونکردنەوە نەبێت.
بەڵام هەرپێوانەیەک بۆ ئەو باسە بە قەد پانتایی باسەکە نەبێت کورت دەهێنێت. هەرچەندە خەڵکی بەو کارە ڕازی دەبن، بەڵام هێشتا نابێت، پێوانەیەکی ناتەواو یان کەموکورت بەکاربهێنین.
بێگومان، تەمەڵی هانیاندەدات بەو جۆرە بیربکەنەوە.
بەڵێ، هیچ شتێک لەوەخراپتریش لە پاسەوانەکان و یاسای شارەکەدا نیە.
هەڵبەتە وایە.
کەوابوو، پاسەوان دەبێت، ڕێگەیەکی سەخت و درێژتر بۆ فێربوون بگرێت. خەریکی وەرزشیش بێت، ئەگینا بە بەرزترین پلەی زانین ناگات.
چ زانینێک، لەسەر و زانینەکانەوە سەبارەت چاکە و دادوەری بەرزتر دادەنێیت؟ لە بارەی چاکەکانیشەوە نابێت بە سەر پێیەوە سەرنجیان بدەین، پێویستیان بە ڕوونکردنەوە هەیە. کاریکی نا لەبارە، ئەگەر ئێمە مێشکی خۆمان بۆ ڕوونکردنەوەی شتە کەم بایەخدارەکان ماندووبکەین و ئاوەڕ لەو بابەتانە نەدەینەوە، کە شیاوی ئەوەن، بیانناسین و ڕوونیان بکەینەوە.
بەدڵنیاییەوە دروستە. لەو باوەڕەدای لێرەدا وازت لێبهێنین، پرسیار لەبارەی ئەو بابەتە گرنگەوە نەکەین تۆ هێندە بایەخی پێدەدەیت؟
بێگومان نا. تۆ دەتوانی بپرسیت. دڵنیام وەڵامەکەیت بیستوە، بەڵام بیرت ناکەوێتەوە یان دەتەوێت گرفتم بخەیتەبەر و داوام لێدەکەیت، جارێکی دیکە ڕوونیبکەمەوە. من هەستدەکەم دەتەوێ جاریکی دی ڕوونیبکەینەوە. شتەکانی دیکەش لەپەیوەندییاندا لەگەڵ ئەم فۆرمەدا، بە چاک و سودبەخش دادەنرێن. تۆ لە پێشتر ئەمەتدەزانی، بەڵام هێشتا زانیارییەکی تەواومان لەبارەیەوە دەستنەکەوتوە. هەروەها دڵنیام ئەوەش دەزانیت، ئەگەر ئەو[فۆرمە] نەناسین زانیاری تەواومان سەبارەت بەو شتانەی سودیان بۆ ئێمە هەیە لا دروست نابێت. لەو باوەڕەدای پێویستە هەموو شتێکمان هەبێت، بێ ئەوەی سودەکانیان بزانین؟ یان بێجگە لە چاکە لە بارەی هەمووشتێکەوە، زانیارییمان هەبێت و لێرەدا نەزانین، چ شتێک چاک یان خراپە؟
نا، من بەو جۆرە بیرناکەمەوە.

لەسەر و ئەمەوە، تۆ دەزانیت، کە چێژو ەرگرتن بۆ زۆریەی خەڵک، چاکەیە و هەندێکێش زانین بە چاکە دادەنێن.

بەڵێ.
هەروەها دەزانیت، ئەوان ناتوانن ڕوونیبکەنەوە، ئەو زانینە چیە و تەنیا ئاماژەی بۆ دەکەن.
ئەوە سەیرە.
بەڵێ سەیرە. ئەوان لۆمەی نەزانینەکەی ئێمە دەکەن. بە جۆرێک لەگەڵمان دەدوێن وادەزانن ئێمە پێناسەی ئەو زانینەمان لابێت. ئەوان بە زانین لە بارەی چاکەوە ناوزەدیدەکەن و نازانن، کە واتای " چاکە" هێشتا بۆ ئێمە نادیارە.
ئەوە ڕاستە.
لە بارەی ئەو کەسانەوە چ دەڵێیت، کە چێژ وەرگرتن بە چاکە دادەنێن ؟ ئایا ئەمان وەکو دەستە و تاقمەکەی دیکە بۆچوونێکی ئاڵۆزیان نیە؟ ئەوان ناڵێن چێژی خراپیش هەیە؟
بێگومان .
لەو باوەڕەدام دەبێت، لەسەر ئەو خاڵە ڕێکەون، کە هەندێک شت چاکە و خراپیشە، ئەمە دروست نیە؟
دروستە.
لێرەدا ڕووندەبێتەوە، بۆچی خەڵکی مشتومری زۆریان لەسەر ئەم کێشەیە کردوە. وا نیە؟
چۆن وانیە؟
ئەمە ڕوون و ئاشکرانیە؟ زۆرکەس لەو باوەڕەدان دادوەری و جوانی دەناسن بەبێ ئەوەی بە تەواوی بزانن چین. بەڵام کەس بە ڕواڵەتی چاکە ڕازی نیە و دەیانەوێت بەتەواوی بیناسن.
ڕاستە.
هەموو کەسێک بە دوای چاکەدا دەگەڕێ و دەیەوێت پێی بگات. دەزانێت چاکە شتێکە هەیە، بەڵام هێشتا نازانێت ئەو شتە چیە و سودەکەشی نابینێت. دەگونجێت ئەوانەی لە شارەکەماندا پشتیان پێدەبەستین و [فەرمانڕەوایی] دەکەن، سەبارەت[واتای] چاکە، بەم نەزانینیەوە لە تاریکیدا بژین؟
بێگومان ناگونجێت.
دڵنیام، ئەوانەی دادوەری، جوانی و چاکە ناناسن پاسەوانێکی چاکیان لێپەیدا نابێت. هەروەها ئەوەی لە ئاستی چاکەدا نەزان بێت دادوەری و جوانیش ناناسێت.

ئەوە گومانێکی زیرەکانە و بەجێیە.
ئەگەر پاسەوانەکەمان، لەم ڕووەوە زانا بێت، شارەکەمان ناتەواو نابێت؟
ئەوە پێویستە وابێت. بەڵام، سوکرات حەزدەکەم ڕوونیبکەیتەوە، چاکە زانین، چێژوەرگرتن یان شتێکی دیکەیە.
ئا، زوو بۆم دەرکەوت، تۆ شوێن بۆچوونی خەڵکی ناکەویت.
سوکرات من بە ڕاستی نازانم تۆ بۆچوونی خەڵکیم بۆ باسبکەیت و لەبارەی خۆتەوە هیچ نەڵێیت. بەتایبەتی، پاش ئەوەی کاتێکی زۆرمان بۆ ئەم کێشەیە تەرخان کردوە.

چی؟ تۆ بە ڕەوای دەبینیت کەسێک باسی ئەو شتانە بکات، کە نایزانێ. وا خۆشی نیشاندات، کە ئەو شتانە دەزانێت؟
نەک بەو شێوەیە، کە دەیانزانێت. بەڵام دەبێت ئامادەبێت بۆچوونی خۆی دەربڕیت.
چی؟ نازانیت بۆچوون بەبێ زانین ناشرین و شەرمە؟ چاکترینیان کوێرە. تۆ کوێر و ئەوانەی بۆچوونی خۆیان بەبێ زانین دەردەبڕن، وەکو یەک دادەنێیت؟ لەو باوەڕەدایت ئەوانە ڕێگەیەکی ڕاستیان گرتبێت؟
وەکو یەک، دەیانبینم.
تۆ شوێن شتە ناشرین و پڕشەرم و فێڵاوییەکان دەکەویت، لە کاتێکدا کەسانێک هەن، بە زانین ڕۆشنت دەکەنەوە؟
گلاوکۆن گوتی: سوکرات، بە خوا، لەم قۆناخەدا نابێت وازبێنیت. حەزدەکین بەو جۆرەی لە دادوەری و مامناوەندی دوایت باسی چاکەشمان بۆ بکەیت.
من گوتم، هاوڕێ بەوە ڕازیم. بەڵام دەترسم نەتوانم ڕوونیبکەمەوە و شەرمەزاربم. لەبەر ئەمە واز لەو پرسیارە سەبارەت خودی چاکە لەم قۆناخەدا دەهێنین. ئەمە کێشەیەکی گەورەیە. دەتوانم ئاکامی چاکە کردن ڕوونبکەمەوە و باسیبکەم چ شتێکی لێوە دەردەچێت. ئایا بەمە ڕازیت یان واز لە هەموو شتێک بهێنین؟
باشە. لە وێوە دەستپێدەکەین. چیرۆکی منداڵەکەمان بۆ بگێرەوە، کە تەواوت نەکرد.
خۆزگە تۆ لە باسەکە تێدەگەیشتیت. دەمەوێت بە پەرۆشەوە گوێ لە باسەکە بگریت. ئەمەش، کە باسیدەکەم منداڵی چاکەیە. دڵنیابە نامەوێ فێڵت لێبکەم.
باشە. بە پەرۆشەوە گوێمان لە تۆیە. دەست بە باسەکەت بکە.
من بیرت دەخەمەوە لە پێشتر چیمان باسکردوە.
چی؟
شتی جوان و چاک زۆرن لە یەکدیان جیا دەکەینەوە.
وایە.
لەم شتە زۆرە جوان و چاکانەوە بۆ دواوە دەڕۆین تاکو بۆ هەر دەستەیەک لەوان دەگەینە یەک فۆرم. ئەو فۆرمە بە" بوون" ی ئەوان دادەنێین.
وایە.
هەروەها شتە جوان و چاکەکان دیارن و هەستیان پێدەکرێت، بەڵام فۆرمەکان هەستپێکراو نین و بە بیرکردنەوە دەدۆزرێنەوە.

بە تەواوی ڕاستە.
بە چ ئەندامێکی لەش شتەکان دەبینین؟
بە چاو.
هەروەها دەنگەکان، بە گوێ و بە هەستەکانی دیکە شتەکانی دیکە دەناسین.
ڕاستە.
تۆ دەزانی بینین لەنێو هەستکردنەکاندا چەند بەرهەمهێنەرە؟
نازانم.
باشە، بیر لەمە بکەوە. دەنگ و بیستن پێویستیان بە یارمەتی شتێکی دیکە هەیە تاکو دەنگەکە ببیسترێت.

بیستنیش دەنگەکە وەردە گرێت.
وایە.
کەم شت هەن ئەم پێویستیەیان هەبێت. دەتوانیت نموونەیەکم بۆ نهێنیتەوە؟
ناتوانم.
لەو باوەڕەدا نیت بینین و بینراو ئەم پێویستیەیان هەبێت؟
چۆن؟
بینین، لەوانەیە، لەنێو چاودابێت. ئەوەی چاوی هەیە بە کاری دەهێنێت. ڕەنگەکان لەنێو شتەکاندا هەن. بەبێ‌سێیەم چاو هیچ شتێک ناتوانێ ببینێت. تەنانەت ڕەنگەکانیش بە نەبینراوی دەمێننەوە.
مەبەستت لە سێیەم چیە؟
مەبەستم، لە ڕووناکییە.
تۆ ڕاست دەڵێیت.
ئەوە هەست و هێزی بینین پێکەوە دەبەستێتەوە، گرنگە و لە پەیوەندییەکانی دیکە بایەخدارترە.

ڕووناکی بە بایەخە.
بێگومان، بایەخی زۆری هەیە.
چ خوداوەندێک، هۆ و سەرچاوەی ڕووناکییە؟ ئەو خوداوەندەیە، کە ڕووناکی ئەو دەبێتە هۆی بینین و شتەکانمان بۆ دەردەخات؟
ئەو خوداوەندەیە، تۆ و کەسانی دیکەش باسیدەکەن. بەدڵنیاییەوە لە وەڵامی پرسیارەکەتدا دەڵێم[ئەوخداوەندە] ڕۆژە.
ئەی لەم ڕێگەیەوە، بینین پەیوەندی بەو خوداوەندەوە نیە؟
چ ڕێگەیەک؟
ڕۆژ بینین و چاو نیە.
بێگومان .

بەڵام، لەنێو ئەندامە هەستکەرەکاندا چاو لە ڕۆژ دەچێت.
زۆر وایە.
چاو لە ڕۆژەوە هێز پەیدادەکات.
بەدڵنیاییەوە.
هەروەها[گوتمان] بینین و چا و ڕۆژ نین.
ڕاستە.
بەوە دەیڵم منداڵی چاکە، کە لە چاکە بچێت لەوەوە پەیدابووبێت. بوون لەنێو جیهانی بینراودا و پەیوەندی بینین بە شتە بینراوەکانەوە لە بوونی چاکە لەنێو جیهانی هۆشەکی و پەیوەندی هۆش بە بابەتی بیرکردنەوەوە دەچێت.

دەتوانیت ئەمە زیاتر ڕوونبکەیتەوە؟
ئەگەر بە شەوی تاریک بڕوانیتە شتەکان ڕەنگەکانیان نابینیت. ئەمە وەکو کوێری وایە.

بێگومان.
بەم جۆرە لە دەروون تێبگە: کاتێک دەڕوانێتە ئەو شتەی لە ژێر ڕووناکی ڕاستیدا دەرکەوتوە ئەیبینێت و دەیناسێت. ئەگەر ئەو شتە تەمومژاوی بێت گۆڕانی بە سەردابێت[پەیدابێت و لەناوبچێت] نایناسێت و بۆچوونی لە بارەیەوە دەبێت، کە ئەویش گۆڕانی تێدا ڕوودەدات.
ئەوە دەردەکەوێت دروست بێت.
ئەوەی ڕاستی بە شتەکان و هێزی زانین بە زانەر دەبەخشێت فۆرمی چاکەیە. ئەم فۆرمە دەبێت بە هۆی زانین و ڕاستی و بابەت بۆ زانین. زانین و ڕاستی دوو شتی جوانن بەڵام چاکە جیاوازە و لەوانیش جوانترە. لە جیهانی هەستەکیدا بینین و ڕووناکی لە ڕۆژ دەچن، بەڵام نابێ بڵێین، کە ڕۆژن. بەهەمان شێوەش زانین و ڕاستی لە چاکە دەچن بەڵام چاکە نین.

بۆچوونەکەت جوانە. دڵنیام ئەو شتەش[چاکە] بە چێژ وەرگرتن دانانێت.

با زۆرتر[واتاکەی] ڕوونبکەینەوە.

چۆن؟
لەو باوەڕەدام لەگەڵ مندا لەسەر ئەو خاڵە ڕێدەکەویت، کە ڕۆژ هێز بە شتە بینراوەکان دەدات تاکو ببینرێن و هاوکات[هێز] بەو شتانەش دەدات، کە پەیدادەبن و گەشەدەکەن. بەڵام ڕۆژ خۆی پەیدا نابێت.
چۆن دەبێت؟
کەوابوو، دروستە بڵێین، بابەتە زانراوەکان تەنیا بۆ ئەوەی بناسرێن قەرزاری چاکە نین، تەنانەت بوونیشیان دەکەوێتە سەر چاکە. هاوکات چاکە بوون نیە. بە هێز و پلە لە ژوور بوونەوەیە.
گلاوکۆن بە گاڵتەوە گوتی: سوێند بە ئەپۆلۆ دەخۆم ئەمە سەیرە.
گوناهی تۆیە. زۆرت لێکردم بۆچوونی خۆمت بۆ ڕوونبکەمەوە.
من نامەوێ لێرەدا بوەستیت. حەزدەکەم لێکچونی لەگەڵ ڕۆژدا ڕوونبکەیتەوە و هیچی لێمەپەڕێنە.

من زۆرشتم پەڕاندوە.
هیچ مەپەڕێنە، تەنانەت شتە بچوکەکانیش باسبکە.
من دەبێت بەشێکی بپەڕێنم، بەڵام بەپیی توانا هەموو شتێک باسدەکەم.
نا، هیچ مەپەڕێنە.
کەوابوو، بەو شێوەیەی گوتمان، تۆش تێبگە. دوو هێز هەن: یەکێکیان بە جیهانی هۆشەکی و ئەوەی دی بە جیهانی هەستەکی دراوە. من بەو جیهانە[هۆشەکییە] ناڵێم بەهەشت. بەم جۆرە دوو بابەتیشمان هەیە؛ هۆشەکی و هەستەکی.
ڕاستە.
ئەمە لەو هێڵە دەچێت لە ناوەڕاستدا دابەشکرابێت. هەر یەکێک لەو بەشانە (هۆشەکی) و(هەستەکی)ن.
ئەوانیش لە ناوەڕاستدا کراون بە دوو بەشەوە. یەکێک لە بەشەکانی لایەنی هەستەکی ئەندێشەیە. مەبەستم لە ئەندێشە؛ یەکەم سێبەرەکانە لەنێو شوێندا، تیشکدانەوە لەنێو ئاودا، لەنێو تەنە ڕەقەکانیشدا لوسی و بریقەدانە. تۆ لەمەتێدەگەیت؟

من تێدەگەم.
لەنێو بەشی دیکەی لایەنی هەستەکیدا ئەو بابەتانە هەن، کە ئەندێشەکان پەیدادەکەن، وەکو زیندەوەرەکانی دەوروبەرمان، ڕووەک و هەموو کەلوپەلە دروستکراوەکان.
باشە.
تۆ لەو باوەڕەدایت هەر یەکیک لەم بەشانە ڕادەیەک ڕاستیان تێدابێت. پەیوەندی نێوان شتێکی وەرگیراو بە شتەکەوە، وەکو پەیوەندی نیوان بۆچوون و زانین بێت؟
گومانم لەوە نیە.
ئێستا، بیر لە لایەنی هۆشەکیش بکەوە و دابەشی بکە.
چۆن؟
دابەشکردنەکە بەم جۆرەیە: ئەم لایەنەش دەکەین بە دوو بەشەوە، لەبەشی خوارەوە، دەروون هەیە، کە وێنەی شتە وەرگیراوەکان لە[لایەنە هەستەکییەکەوە] وەردەگرێت و لێیان دەکۆڵێتەوە، بەڵام خۆی بە بنەڕەتی یەکەم ناگەیەنێت و مەبەستی ئەو گەیشتنە بە ئاکام. لە بەشی سەرەوەی لایەنی هۆشەکی دەروون ئەو زانیارییانە ڕەتدەکات، کە لەسەر گریمانە ڕادەوەستن و سودیش لە وێنەکانی جیهانی هەستەکی وەرناگرێت. لە بیرۆکەکانیانەوە گەشتەکەی دەسپێدەکات.
من تێناگەم.
هەوڵدەدەم جارێکی دیکە ڕوونیبکەمەوە؛ چەند خاڵێکت لە سەرەتاوە بۆ باسدەکەم تاکو یاریدەی تێگەیشتنت بدات. تۆ دەزانیت خوێندکارانی ئەندازیاری و ژمێریاری ژمارەی جووت و تاک و شیوە ئەندازیارییەکان، سێ جۆری گۆشە و بابەتەکانی دیکەی ئەم زانستانە باسدەکەن. بە جۆرێک خۆیان دەردەخەن، کە ئەم بابەتانەیان زانیوە و هەموو شتێکیان لاڕوونە. هەموو جارێکیش لەم زانینەوە بە ئاکامەکان دەگەن؟
من ئەوەندە دەزانم.
هەروەها دەزانیت[ئەم خوێندکارانە] بابەتی بیرکردنەوەیان لە شتە بینراوەکانەوە وەردەگرن، بەڵام بیرکردنەوەکەیان لەسەر ئەو بابەتانە نیە. پەیوەندی بەو شتانەوە هەیە، کە لە بابەتەکان دەچن. ئەوان باسی خودی چوارگۆشە یان هێڵێکی کێشراو لە گۆشەیەکەوە بۆ گۆشەیەکی دیکە دەکەن. ئەم شێوە ئەندازیارییانەی دەیکێشن نموونە و سێبەریان لە[جیهانی هەستەکیدا] هەیە، بەڵام وەکو وێنە بەکارهێنراون.
ڕاستە.
ئەمە ئەو شتەیە، کە بە هۆشەکی ناوزەدمکرد. دەروونیش ناچار دەکرێت گریمانە بەکاربهێنێت و ڕاستەوخۆ ناگاتە بنەڕەتی یەکەم چونکە[لەم قۆناخەدا] دەبێت مامەڵە لەگەڵ گریمانەکان بکات. ئەو نموونانە بەکاربهێنێت، کە لە جیهانی هەستەکییەوە دەستی کەوتوون. بە بەراوردکردنیان لەگەڵ وێنەکانیاندا ڕاستی و ناڕاستیانی لاڕووندەبێتەوە.
تێدەگەم تۆ باسی ئەندازیاری و زانستە نزیکەکانی دەکەیت.
کاتێک باسی بەشەکەی دیکەی هێڵی هۆشەکی دەکەم بۆت دەردەکەوێت ئاماژە بۆ ئەو جۆرە زانینە هەستەکیە دەکەم، کە بە هێزی دیالێکتیکی دادەنێم. ئەم هێزە ئەو زانینەی لەسەر گریمانە ڕادەوەستێت بە بنەڕەتی یەکەم دانانێت. بۆ ئەو ئەم زانینە تەنیا گریمانەیە و دەیەوێت لەوێوە خۆی بە بنەڕەتی یەکەم بگەیەنێت. لەوێوە دەگاتە ئاکامێک، کە پێویستی بە هیچ شتێکی هەستەکی نیە و مامەڵە لەگەڵ فۆرمەکاندا دەکات و لەوێدا کۆتایی بە گەشتەکەی دەهێنێت.

من تاکوڕادەیەک(هەرچەندە باسی زۆرشت دەکەیت) تێدەگەم. دەتەوێت لایەنی هۆشەکی، ئەو لایەنەی زانستی دیالێکتیکی لەسەر دامەزراوە، زانستەکان پشتی پێدەبەستن، گریمانەکانیان تیایدا دەبن بە بنەڕەتی یەکەم، جیا بکەیتەوە. دەتەوێت بێڵی ئەوانەی ئەم زانستانە دەخوێنن مامەڵە لەگەڵ بابەتە هەستەکییەکاندا ناکەن چونکە لە گریمانەکانەوە گەشتەکەیان دەکەوێتە گەر. هەروەها هەستەدەکەمئەندازیاری بەبیر نەک تێگەیشتن دادەنێیت. ئەو بیرکردنەوەیەی دەکەوێتە، نێوان بۆچوون و تێگەیشتنەوە. ڕوونکردنەوەکەت دروستە. ئێستا لە دەروونداچوار بەش هەن. هەر یەکێک لەو بەشانە پەیوەندی بە بەشێکی دیکەوە هەیە: تێگەیشتن لە ژوور هەموویانەوەیە. لە خوار ئەمەوە یان دووەم بیرە، سێیەم بڕوا و چوارەم ئەندێشەیە. بەگوێرەی پلەکانیان ڕوونی هەر یەکێک لەم بەشانە دەکەوێتە سەر ڕادەی ڕاستی لە بابەتەکە یدا.

من تێدەگەم. بەم جۆرە دەتوانین ڕیزیان بکەین.

بەشی حەوتەم

پاش ئەوەی گوتم بەراوردێکی کاریگەرێتی بوون و نەبوونی پەروەردە بەسەر سروشتی ئێمەوە لەم نموونەیەدا بکە: دانێ کۆمەڵێک لەنێو ئەشکەوتێکدا دەژین. دەرگای ئەشکەوتەکە لە سەرەوەیە و لەوانەوە دوورە. دەرگاکەش بەقەد پانی ئەشکەوتەکەیە و ڕووناکی لەوێوە بە نێو ئەشکەوتەکە دەگات. ئەو کۆمەڵە لە منداڵییەوە لەوێ دانراون. مل و پایان بە زنجیر بەستراوەتەوە و ناتوانن ملیان بسوڕێنەوە. ڕووناکیش بۆ نێو ئەشکەوتەکە لەو ئاگرەوە دێت، کە لە دەرەوە و لە پشتیانەوە هەڵکراوە. لە نێوان ئەوان و ئاگرەکەدا ڕاڕەوێکی درێژ هەیە. وادانێ لەبەردەم ئەم ڕاڕەوەدا، وەکو چیغی بەردەم شانۆی بووکە شوشە بۆ هەڵسوڕانی بووکەکان دیوارێکی نزم هەڵچنراوە.

باشە.

وادانێ هەندێک کەس لەودیو دیوارەکەوە پەیکەری مرۆڤ و ئاژەڵیان بە کۆڵەوەیە، کە لە بەرد و تەختە و شتی دیکە داتاشراون و هاتوچۆدەکەن. هەندێکیان دەدوێن و ئەوانی دیکە بێدەنگن.

ئەوەی باسیدەکەیت سەیرە و کەسانی نێو ئەو زیندانەش سەیرن.

ئەوان لە ئێمە دەچن. ئایا بێجگە لە سێبەری خۆیان و ئەوانەی دیکە، کە ڕووناکی ئاگرەکە لەسەر دیوارەکەی بەردەمیان دەریدەخات هیچی دیکە دەبینن؟

ئەگەر نەتوانن ئاوەڕ بدەنەوە چۆن دەبینن؟

ئەی لە بارەی ئەو بابەتانەوە، کە تەنیا سێبەرەکانیان دەردەکەون؟

بۆ ئەوانیش بەو جۆرەیە.

ئەگەر لەگەڵ یەکدیا دوان، لەو باوەڕەدانیت، تەنیا ناوی ئەو شتانە بزانن، کە لەسەر دیوارەکە سێبەرەکەی دەبینن؟

ئەوە ڕاستە.

ئەگەر ئەشکەوتەکە دەنگ بداتەوە، لەو باوەڕەدانیت، کە لەگەڵ دەنگدانەوەکەدا سێبەرێک ببینن واهەست بکەن دەنگەکە لەو سێبەرەوە دەرچووە؟

بەدڵنیاییەوە.

کەوابوو، کەسانی نێو ئەشکەوتەکە دەگەنە ئەو باوەڕەی ڕاستی بێجگە لە سێبەرەکانی سەر دیوارەکەی بەردەمیان چی دیکە نیە.

ئەوان بەو باوەڕە دەگەن.

لەو باوەڕەدانیت دەردی نەزانینیان چارە بکرێت ئەگەر ئەمە ڕوو‌بدات: یەکێک لە ئەوان زنجیرەکەی دەکرێتەوە و هەڵدەستێتە سەرپێ. ئاوەڕ بۆ دواوە دەداتەوە. ڕوو دەکاتە ڕووناکییەکەو بەرەو دەرەوە دەڕوات. چاوەکانی بە تیشکی ئاگرەکە دەکەونە ژان و ناتوانێت ئەو شتانە ببینێت، کە لەوەو پێش سێبەرەکانی بینیوە. بە ڕای تۆ، چ ڕوودەدات ئەگەر بەو کەسە بڵێین ئەو شتانەی لە پێشتر [لەنێو ئەشکەوتەکەدا] بینیویەتی، ڕاست نین و ئێستا لەبەر ئەوەی لە شتە ڕاستەقینەکانەوە نزیک بۆتەوە دەتوانێت بیانبینێت؟ چۆنە ئەگەر ئەو شتانەی یەکە یەکە نیشاندەین و پرسیاری لێبکەین، کە چین. لەو باوەڕەدانیت سەری لێبشێوێت وابزانێت بابەتەکانی[نێو ئەشکەوتەکە] لەمانە ڕاستر بن ؟

وایە.
ئەگەر داوای لێبکەین بڕوانێتە تیشکی ئاگرەکە، ئایا چاوی نایەشێت ؟ ڕوو لەو شتانە ناکات، کە دەتوانێ بیانبینێ چونکە لەو باوەڕەدایە ئەو شتانە چاکتر دیارن؟
ئەوە دەکات.
ئەگەر ئەو کەسە تەماشای ڕۆژ بکات و خۆرەکە لەچاوی بدات بە هەمان شێوە چاوی نایەشێت و بێزار نابێت؟ دەتوانێ ئەوشتانە ببینێت، کە پێشتر بە ڕاستی دادەنان؟
ئەو ناتوانێ بیانبینێت.
هەستدەکەم پێویستی بە کاتە تاکو لەگەڵ ڕاستیەکانی جیهانی بەرزدا ڕابێت. یەکەمجار بە ئاسانی سێبەرەکان دەبینێت، دوای ئەوە وێنەی کەسان و شتەکانی دیکە لەنێو ئاودا، دوایی خودی شتەکان دەبینێت. بە شەو تەماشای ئاسمان دەکات ، مانگ و ئەستێرکان باشتر لە ڕۆژ و تیشکی خۆر دەبینێت.
دروستە.
دواجار، خودی ڕۆژ، نەک ڕەنگدانەوەی لەنێو ئاودا یان لە شتێکی دیکە دا دەبینێت و بیری لێدەکاتەوە.
دروستە.
لێرەوە فێردەبێ و هەوڵدەدات بیسەلمێنێت، کە ڕۆژ، ساڵەکان و چوار وەرزەکان دەهێنێتە کایەوە. فەرمانڕەوای هەموو شتەکانی جیهانی هەستەکییە. هۆی ئەو شتانەیە ئەم بینیونی.
بەڵێ، ئەم کارە دەکات.
کاتێک کەسانی نێو ئەشکەوتەکە و تێگەیشتنی ئەوانی بیر دەکەوێتەوە، لەو باوەڕەدانیت، بە گۆڕانەکە لە ژیانی خۆیدا دڵخۆش بێت و بەزەیی بەوانیشدا بێتەوە؟
بەدڵنیاییەوە.
ئەگەر کەسانی نێو ئەشکەوتەکە بڕیاربدەن خەڵات بەو کەسە ببەخشن، کە سێبەرەکانی سەر دیوارەکە چاک دەناسێتەوە و دەزانێت کامیان پێشتر دێن، لەوێوە باسی داهاتوو بکات، لەوباوەڕەدای ئەم کەسەی لە ئەشکەوتەکە ڕزگاری بووە دڵگران بێت لەوەی خەڵاتەکە بەو نەدراوە؟ حەسودیش بەو کەسە بەرێت، کە خەڵاتەکە وەردەگرێت؟ لەو باوەڕەدانیت، لەگەڵ هۆمیرۆسدا بڵێت" چاکترە خزمەتکارێکی هەژاری کەسێکی هەژار بیت" . بە ئازارەوە بژیت بەڵام ، وەکو ئەوان بیر لە ژیان نەکەیتەوە؟
دڵنیام، ئەو دەیەوێت بە ئازارەوە نەک بەو جۆرە، وەکو کەسانی نێو ئەشکەوتەکە بژی.
بیر لەمەش بکەوە: ئەگەر ئەم کەسە بۆ نێو ئەشکەوتەکە بگەڕێتەوە، لەشوێنەکەی خۆیدا دانیشتەوە و لەو ڕووناکییەوە بۆ نێو ئەشکەوتەکە بڕوات بەرچاوی تاریک نابێت؟
تاریک دەبێت.
پێش ئەوەی بەرچاوی ڕووناک بێتەوە لەگەڵ کەسانی نێو ئەشکەوتەکە بۆ ناسینەوەی سێبەرەکان پێشبڕکێ بکات، گاڵتەی پێناکەن؟ ئەوان ناڵێن، لە جیهانی بەرزەوە گەڕاوەتەوە و چاوی خراپ بووە، لەبەر ئەوە چوون بەرەو ئەو جیهانە لەبار نیە؟ ئەگەر کەسێک بیەوێت ڕزگاریان کات و جیهانی بەرزیان پێبناسێنێت بەدەستیان بێت نایکوژن؟
بەدڵنیاییەوە دەیکوژن.
ئەم نموونەیە بۆ باسەکەمان لەبارە: جیهانی هەستەکی ئەشکەوتەکەیە. ڕووناکی ئاگرەکەش خۆرە. دەشێ بە هەڵەم دانەنێیت، ئەگەر بڵێم، گەشتی ئەو مرۆڤەی ڕزگاری دەبێت و دەگاتە جیهانی دەرەوە لە جوڵەی

ژێرکێشی دەروون بەرەو جیهانی هۆشەکی دەچێت. نازانم من ڕاست بۆ کێشەکە چووم یان نا، بەڵام لە جیهانی زانراودا فۆرمی چاکە بەرزترینە و دوا فۆرمە ببینرێت و بەدژوارییەوە دەدۆزرێتەوە. ئەو کەسەی بتوانێت بیناسێت بەو ئاکامە دەگات، کە فۆرمی چاکە هۆی هەموو شتێکی دروست و جوانە. سەرچاوەی ڕووناکی و جیهانی هەستەکییە. لە جیهانی هۆشەکیشدا سەرپەرشتی هەمووشتێک دەکات. تێگەیشتن و ڕاستیش لەوەوە دەردەچن. لەبەر ئەوە پێویستە هەموو کەسێکی هۆشیار لە ژیانی تایبەتی و گشتیدا بیدۆزێتەوە.

منیش هەمان بۆچوونم هەیە.

وەرە لەسەر ئەم خاڵەش لەگەڵما ڕێکەوە: ئەوانەی بەم پلەیە دەگەن خۆیان بە کاروباری ڕۆژانەی خەڵکیەوە ماندووناکەن. ڕوو لە بەرزی دەکەن. ئێمەش چاوەڕێی ئەوەیان لێدەکەین.

وایە.

چی ڕوودەدات کەسێک واز لەم فێربوونە پیرۆزە بهێنێت، ڕوولە خراپەی ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی بکات؟

تۆ ئەمە بە شتێکی سەیر دادەنێیت چونکە هێشتا بەر چاوی ڕووناک نەبۆتەوە و فێری تاریکییە کەی چواردەوری نەبوە؟ هەروەها لە دادگا یان شوێنەکانی دیکە لەسەر نموونەی دادوەری دژانە ڕادەوەستێت چونکە خەڵکی لە واتای دادوەری ڕاستەقینە ناگەن؟

ئەوە سەیر نیە.

هەموو کەسێک دەزانێت چاو لە دوو حاڵەتدا بە تەواوی نابینێت: کە لەڕووناکییەوە دەکەوێتە نێو تاریکییەوە یان لە تاریکییەوە دەکەویت نێو ڕووناکییەوە. ئەمە بە سەر دەروونیشدا دەسەپێت. دەروونێکی شیواو و شپرزە ناتوانێت بە دروستی شتەکان ببینێت. ئەو کەسەی خاوەنی دەروونەکەیە پرسیار لە خۆی دەکات داخۆ دەروونی مرۆڤ لە ژیانێکی پڕ ڕووناکییەوە هاتۆتە کایەوە و ئێستا ناتوانێت شتەکان بەتەواوی ببینێت چونکە هێشتا چاوی بە تاریکی ڕانەهاتوە یان لە تاریکییەوە کەوتۆتە نێو ڕووناکییەوە و لەبەر بەهێزی تیشکی ڕووناکییەکە چاوی شتەکان نابینێت. هەروەها خۆی بە بەختەوەر دادەنێ و بەزەیی بە کەسانی دیکەدا دێتەوە. ئەگەر لە ناخەوە بتوانێت بەو دەروونە پێبکەنێت، کە لە خوارەوە بەرەو ڕووناکی هاتوە لە بارترە لەوەی بەوە پێبکەنێت، کە لە جیهانی بەرزەوە هاتووە و بەرەو ئەشکەوتەکە دەگەڕێتەوە.

ئەوەی باسیدەکەیت لەبارە.

ئەگەر لەبار بێت پێویستە بیر لەم خاڵانەش بکەینەوە: پەروەردە ئەوە نیە، کە هەندێک کەس لە واتاکەی تێدەگات، بە پڕکردنی دەروونی مرۆڤ لە زانیاری دادەنێن و لەگەڵ گەڕانەوەی بینین بۆ کوێر بەراوردی دەکەن.

زۆر کەس بەم جۆرە بیریلێدەکاتەوە.

بەگوێرەی باسەکەمان دەردەکەوێت هێزی فێربوون لە هەموو دەروونێکدا هەبێت. ئامێری فێربوونیش، وەکو چاو وایە تاکو هەموو لەشت لەگەڵیا وەرنەگێڕیت لە تاریکییەوە ڕووناکی نابینێت. ئەو ئامێرە بەبێ وەرگەڕانی هەموو دەروون بەرەو ڕووناکترین بابەت، کە چاکەیە فێر نابێت. وایە؟

بەڵێ ، وایە.

پەروەردە ئەو هونەرەیە پەیوەندی بەم جۆرە وەرگەڕانەوە هەیە، کە بە هۆیەوە دەروون ڕۆڵی کاریگەرانەی خۆی دەنوێنیت. ئەمەش هونەری گەڕانەوەی بینین بۆ دەروون نیە. بۆ پەروەردەکردن پێویستە بینین

لەپێشتردا هەبێت. بەڵام لە سەرەتدا ڕووی لە ڕاستی نیە و تەماشای ئەو شوێنە ناکات، کە ڕاستی تێدایە.
پەروەردە ڕێگای ڕاستی بینین نیشاندەدات.
دەردەکەوێت، ئەمە ڕاست بێت.
چاکەکانی دیکەی دەروون، پێدەچێت، لە خەسڵەتە چاکەکانی لەشەوە نزیک بن چونکە لە پاشاندا بە ڕاهێنان و مەشق کردن پەیدادەبن. چاکەی هۆش، دەردەکەوێت، لەسەر و هەموو چاکەکەنی دیکەوە، سەرچاوەیەکی پیرۆزی هەبێت. ئەمە چاکەیە هەرگیز دەستەڵاتی خۆی وونناکات بەڵام سود و زیانی دەکەوێتە سەر شێوەی وەرگەڕان بەرەو ڕووناکی. بیستوتە هەندێک کەس زیرەک و دڕندەن؟ ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت ئەم جۆرە کەسانە بینینێکی تیژیان هەیە و بە خراپی بەکاریدەهێنن. چەند دوور و چاک ببینن ئەوەندە خراپەیان لێدەوەشێتەوە.
بە تەواوی دروستە.
ئەگەر ئەم جۆرە کەسانە لە منداڵییەوە فێربکرێن و لە تەوقی چێژ وەگرتن، وەکو خواردن و خواردنەوە و چێژە هەستەکییەکانی دیکە ڕزگاربکرێن، کە دەروونیان دەخاتە لێژی و بابەتە نزمەکانی پێدەناسێت من دەڵێم ئەگەر بخرێنەسەر ڕێگەی ڕاستی ناسین بە باشی ئەو شتانە دەبینن، کە لەوە و پێش پشتیان تێکردبوو.
دەبێت بەو جۆرەبێت.
ئەوەی پەروەردەنەکراوە، نازانێت ڕاستی چیە؟ بەگوێرەی باسەکەمان ئەم جۆرە کەسانە و ئەوانەی بەتەواویش پەروەردەنەکراون قۆناخەکانی فێربوونیان تەواو نەکردووە بۆ فەرمانڕەوایکردنی شارەکەمان لەبار نین؟ یەکەمیان ناتوانێت چونکە ڕوو لە یەک ئامانج لە ژیانی تایبەتی و گشتی خۆیدا ناکات. دووەمیان تاکو زۆری لێنەکرێت بە هیچ کارێک هەڵناسێت.
ئەوە ڕاستە.
ئێمەی دامەزرێنەری شارەکە بەرپرسین لەوەی باشترین دەروون، بەو شێوەیەی باسمانکرد، پێش جوڵانە ژوور کێشییەکەی بەرەو ناسینی فۆڕمی چاکە بە قۆناخەکانی پەروەردە و فێربووندا بەرین. کاتێک بەو قۆناخانەدا تێپەڕین و گەیشتنە ئەو پلەیەی مەبەستمانە نابێت ڕێگەیان بدەین بەو شێوەیە بژین، کە ئەمڕۆ ڕێگەیان پێدراوە.
مەبەستت چیە؟
ئایا ئەمە کارێکی ناڕەوانیە لەگەڵیاندا دەکرێت؟
تۆ لە بیرت چوو، کە ئەرکی یاسازکەر تەنیا بەختەوەرکردنی دەستە و چینێکی کۆمەڵ نیە. ئەو دەیەوێت هەموو هاووڵاتیانی شارەکە بەختەوەربن، هاوتەراز بژین و خۆشی بۆ یەکدی بخوازن. بۆ ئەم مەبەستەش ئەو یاسا دروستناکات تاکو دڵی هاووڵاتیان لە خۆی ڕازیبکات و هاووڵاتیان بە ئارەزووی خۆیان بژین. ئەو دەیەوێت یاساکانی سودبەخش بن، شارەکە بهێلێتەوەو هاووڵاتیان یەکگرتوو بکات.
ئەوە ڕاستە، من لە بیرم چوو.
کەوابوو، گلاوکۆن، تەماشاکە. ئێمە خراپەمان بەرانبەر فەیلەسوفەکانمان نەکردووە. دەمانەوێت ئەوان ئاگایان لە هەموو کەسێک بێت، ئەمەش دادوەرییە. ئێمە دەڵێین: لە شارەکانی دیکەدا فەیلەسوفەکان زۆریان لێناکرێت کاری ڕامیاری بکەن. ئەمە دروستە چونکە ئەوان خۆیان پێدەگەیەنن و دەوڵەت بایەخیان پێنادات. ئەوەی خۆی پێدەگەیەنێت ڕێز لەو کەلتورە ناگرێت، کە تیایدا بێگانەیە. ئێمە ئەم فەیلەسوفانەمان هێناوەتە کایەوە و پەروەردەمان کردوون و بۆ بەڕێوەبردنی[شار] ئامادەکراون. لەبەر ئەوە پێویستە هەر

یەکێک لەوان بۆ نێو ئەشکەوتەکە بگەڕێتەوە و چاوەکانی بە تاریکی ڕابهێنێت. کاتێک چاوەکانی بە تاریکی ڕاهاتن لە کەسانی نێو ئەشکەوتەکە چاکتر دەبینێت. ئەو سێبەرەکانی سەردیوارەکە چاک دەناسێتەوە و دەزانێت سێبەری چین چونکە بابەتە ڕاستەقینەکانی بینیوە. شارەکەی ئێمە، وەکو شارەکانی دیکە بەڕێوە ناچێت، کە خەڵکی تیایاندا لەسەر سێبەرەکان و دەستەڵات دژی یەکدی ڕادەوەستن و جەنگ بەرپادەکەن. کەسانی بەئاگا نەک خەوتوو شارەکەمان بەڕێوە دەبەن. ئەمەش گوتەیەکی ڕاستە، ئەو شارەی فەرمانڕەواکانی کەمتر ئارەزوومەندی فەرمانڕەوایی بن شەڕی ناوخۆی تێدا هەڵناگیرسێت.

بەتەواوی دروستە.

ئایا فەیلەسوفەکانمان، ئەوانەی بۆ ئەم کارە پەروەردەکراون، پێکەوە لەو بەهەشتەدا دەژین، کە بۆیان دانراوە؟ ڕازی دەبن بە نۆبە ئەرکی بەڕێوەبردنی شارەکە بگرنە دەست؟

چۆن ڕازی نابن. ئەوان دادوەرن و ئەو فەرمانەی بە سەریاندا دەدرێت لەپێناوی دادوەرییدایە. دڵنیام هەر یەکێک لەوان بەگوێرەی پێویست بە کارەکەی خۆی هەڵدەستێت، وەکو فەرمانڕەواکانی ئەمڕۆ هەڵسوکەوت ناکات.

بەم جۆرە دەبێت. ئەگەر ئەم فەرمانڕەوایانەت هەبێت شارەکەت بۆ دادەمەزرێت. فەرمانڕەوایکردنی پڕ سامان و دەوڵەمەند بە زێڕ دەکەوێتە سەر دەوڵەمەندێتی لە چاکە و بیرکردنەوەی هۆشەکییدا. ئەگەر سواڵکەر و کەسانی چاوچنۆک دەستەڵات بگرنە دەست دامەزراندنی شارەکە مەحاڵ دەبێت. لەم حاڵەتەدا ئەو دەستەڵاتە شەڕی لەسەر دەکرێت و ئاژاوە و جەنگ شارەکە وێران دەکەن.

زۆر ڕاستە.

هیچ کەسێک دەناسیت ئەوەندەی فەیلەسوفی ڕاستەقینە نەیەوێت دەستەڵاتی ڕامیاری هەبێت؟

کەس ناناسم.

ئەوانەی حەز لە فەرمانڕەوایی ناکەن پێویستە فەرمانڕەوایی بکەن. ئەگینا ئەوانەی حەزیان لە فەرمانڕەواییە شەڕی لەسەردەکەن.

وایە.

بێجگە لەوانەی دەزانن فەرمانڕەوایی چاک چیە و چۆن بکرێت، کێ هەیە شیاوی ئەم کارەبێت؟

کەس نیە.

دەتەوێ بزانیت ئەم جۆرە کەسانە چۆن دێنە نێو شارەکەمان یان وەکو هەندێک دەڵێن، لە بەرزە خەوا بە خوداوەندەکان دەگەن و ئێمە بە ڕووناکی دەگەیەنین؟

هەڵبەتە دەمەوێت بزانم.

ئەمە یاری شێروخەت نیە. وەرگەڕانی دەروونە لە ڕۆژی تاریکەوە بۆ ڕۆژێکی ڕووناک. جوڵانێکی ژوورکێشییە بەرەو فەلسەفەی ڕاستەقینە.

بێگومان.

پێویست ناکات ئەو زانینانە باسبکەین، کە بەم ئامانجەمان دەگەیەنن؟

هەڵبەتە.

کەوابوو، ئەوە چ زانینێکە، گلاوکۆن، کە دەروون لە جیهانی پەیدا بوونەوە بەرەو جیهانی بوون دەبات؟ هەروەها، بیرم کەوتەوە فەرمانڕەواکانمان لە جەنگسازیشدا زانان.

بەڵێ، وایە.
دەبێت لەسەر و ئەزانینەوە ئەمەش بزانن.
ئەوە چیە؟
نابێت شارەزاییيان لە جەنگسازی نەبێت.
پێویستە شارەزابن.
پێش ئەوە فێری مۆسیقا، هۆنراوە و وەرزشمان کردن.
وابوو.
وەرزش پەیوەندی بە پێکهاتن و لەناوچوونەوە هەیە چونکە وابەستە بە گەشەکردن و تێکشکانی لەشەوە.
وادیارە.
ئەو زانینە نیە بەدواییدا دەگەڕێین.
نا، ئەو زانینە نیە.
دەبێت مۆسیقا و هۆنراوە بێت؟
مۆسیقا بە پێچەوانەی وەرزشەوەیە. پاسەوانەکان فێری ژیانێکی هارمۆنی دەکات و (زانین)یان ناداتێ. وشەش[لەهۆنراوەدا] جوان ڕازابێتنەوە یان ڕاستیەک دەربخات هۆنینەوە و هارمۆنیان دەدەنێ. دەبینین ئەو چاکەیەی دەمانەوێت بیگەینێ لە مۆسیقادا نیە.
تۆ بە باشی بۆ کێشەکە چوویت. ئەوە لەمۆسیقا و هۆنراوەدانیە. ئایا لەچیدا پەیدا دەکرێت؟
ئەگەر لەمانەدا نەبێت با بیر لەو بابەتە بکەینەوە پەیوەندی بە هەموویانەوە هەیە.
ئەو بابەتە چیە؟
بۆنموونە، ئەو شتە هاوبەشەی لە هەموو هونەر و زانست و جۆری بیرکردنەوەیەکدا بەکاردێت دەبێت لەپێش هەموو بنەڕەتەکانی دیکەی فێربوونەوە دابنرێت.
ئەوە چیە؟
جیاوازییەکانی نێوان یەک و دوو لەگەڵ سێدا. بە کورتی، مەبەستم ژمارە و ژماردنە. ئایا هەموو زانست و بەشەکانی دیکەی بیرکردنەوە بەکاری ناهێنن؟
بێگومان، بەکاری دەهێنن.
تەنانەت زانستی جەنگسازیش؟
دروستە.
لەتراجیدیادا، پاڵەمیدس دەیەوێ بیسەلمێنێت ئاگامەمنون سەرکردەیەکی خراپی لە شکرەکەیە. لە بیرتە دەڵێت، ژمارەی دۆزیوەتەوە و دەزانێ ژمارەی سەربازەکان لە (ترۆجان) دا چەندن و چەند کەشتی جەنگیان هەیە. گوایە ئاگامەمنون ژمارەدنی نەزانیوە و تەنانەت نەیزانیوە چەند پای هەیە. ئەبێت ئاگامەمنون چۆن سەرکردەیەک بێت؟
ئەگەر ئەوەڕاست بێت سەرکردەیەکی سەیر بووە.
پێویست ناکات پاسەوانەکانمان ئەم بابەتە بخوێنن و فێری ژماردن و ژمێریاری بن؟
دەبێت بە زۆر فێرکرێن.
حەزدەکەم بزانم بۆچوونی تۆش لەسەر ئەم بابەتە، وەکو بۆچوونەکەی منە؟
بۆچوونی تۆ چیە؟

ئەمە ئەو بابەتەیە، کە بە دواییدا دەگەڕێین و فێری بیرکردنەوەمان دەکات. بەڵام بە دروستی بەکارنەهاتوە.
بەکارهێنانی ئەم بابەتە، بە دروستی، دەروون بە بوون دەگەیەنێت.
مەبەستت چیە؟
من بۆچوونەکەمت بەم شێوەیە بۆ ڕووندەکەمەوە: ئەو شتانەی بەو ڕێگەیەدا ناڕۆن، کە دیاریمکرد، جیادەکەمەوە. تۆ لەگەڵ مندا لەسەریان بکۆڵەوە و بزانە لەگەڵما ڕێدەکەویت یان نا.
ئەوانە چین؟
مەبەستم ئەوەیە، کە بابەتەکانی هەستکردن دوو جۆرن: هەندێکیان پێویستیان بە بیرکردنەوە نیە و خودی هەستکردن حوکم بەسەریاندا دەدات. لە حاڵەتی دووەمدا، ناتوانین پشت بە هەستکردن ببەستین و پێویستە زۆرتر لە بابەتەکان[دوای هەستپێکردن] بکۆڵینەوە.
تۆ ئاماژە بۆ ئەو بابەتانە دەکەیت دوورن و لەبەر خۆر یان تاریکی وێنەیان کێشراوە.
نا، من ئەو مەبەستەم نیە.
مەبەستت چیە؟
ئەوانەی پێویستیان بە تێگەیشتن نیە[تەنیا پشت بە هەستکردن دەبەستن] ئەو بابەتانەن دژوەستاویان نیە. دووری و نزیکی بابەتەکەش لە هەستکردنەوە گرنگ نیە. بۆنموونە، بڕوانە سێ پەنجەی من : پەنجە بچوک و دووەم و پەنجەی ناوەڕاست.
باشە.
تۆ وابزانە زۆر نزیکن و منیش ئەم خاڵە زۆرتر ڕووندەکەمەوە.
چۆن.
لە کوێوە تەماشایان بکەیت ئەو پەنجانەش، ڕەش و سپی، ئەستور و باریک بن، هەر پەنجەن و ناگۆڕێن؛ پەنجە پەنجەیە و نابێت بە شتێکی دیکە. لێرەدا لەخۆمان ناپرسین پەنجە چیە؟ چونکە ئەو بابەتە[پەنجە] بیرکردنەوە ناوروژێنێت، تاکو نەزانێت ئەو شتە چیە و بەدوای واتاکەیدا بگەڕێت.
ڕاستە.
کەوابوو لێرەدا[ئەم هەستکردنە بۆ ناسینی بابەتەکەی] پێویستی بە یارمەتی هۆش نیە.
بەڵی، پێویستی بە هۆش نیە.
ئەمە بۆ گەورەیی و بچوکی پەنجەش دروستە؟ ئایا بینین دەتوانێت هەستیان پێبکات؟ دەست لێدان نەرمی و ڕەقی، ئەستوری و باریکی پەنجەکانت پێدەگەیەنێت؟ ئایا هەستەکان بە گشتی زانیاری تەواوت لەم بارەوە لادروستدەکەن؟ ئایا هەر یەکێک لە هەستەکان بەکاری جیاواز هەڵناسن: ئەو هەستەی ڕەقی و نەرمی بابەتەکە دەدۆزێتەوە ب ەدەروون دەڵێت، ئەو بابەتە نەرمە و ڕەقە؟
ڕاستە.
ئایا دەروون پاش گەیشیتنی ئەو خەسڵەتە هەستەکییانە سەری لێناشێوێت، لە کاتێکدا ئەو بابەتە بە ڕەق و نەرم، سوک و گران پێیگەیشتوە؟ یان ئەوەی سوکە بە گران و گرانیش بە سوک دابنرێت؟
بێگومان، ئەمە شتێکی سەیرە، دەروون پێویستی بە لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو بابەتانە هەیە.
لێرەدا دەروون پەنا بۆ هۆش دەبات. دەیەوێت بزانێت ئەو بابەتە یەک یان دوو شتە.
ڕاستە.

ئایا جیاواز نابن ئەگەر دوو شت دەرچن؟
بێگومان، جیاواز دەبن.
ئەگەر هەر یەکێک لەو دوو بابەتە جیابێت، دەروون لە جیاوازییەکەیان تێدەگات؟ چونکە دوو شت جیاوازنەبن بە یەک شت دادەنرێن.
ڕاستە.
بینین گەورەیی و بچوکی بابەتێکی، وەکو دوو شتی جیاواز بۆ دەرنەکەوت. ئەو دوو خەسڵەتەی بە تێکەڵاوی لە بابەتەکەدا بینی. وایە؟
بەڵێ وایە.
لێرەدا، تێگەیشتن یارمەتی بینین دەدات ئەو دوو خەسڵەتە تێکەڵاوە لە یەکدی جیا بکاتەوە و بە دوو شتی ناکۆکیان دابنێت.
ڕاستە.
ئایا پێویست ناکات بپرسین گەورە یان بچوک چیە؟
پێویستە.
لە بەر ئەمەبوو شتێکمان بە هۆشەکی و شتێکی دیکەمان بە هەستەکی دانا.
ئەوەش ڕاستە.
ئەمە ئەو خاڵە بوو لەپێشتر ئاماژەم بۆکرد. هەندێک بابەت پێویستیان بە بیر هەیە. ئەوانی دیکە لەسەر هەستکردن ڕادەوەستن. ئەو بابەتانەی داوا لە بیرکردنەوە دەکەن بە واتاکانیان بگات و بابەتیش هەن ڕاستە و خۆ بە هەستکردن دەگەن واتاکانیان ئاشکرایە.
تێدەگەم، لەگەڵتا هاوڕام.
تۆ لە بۆچوونەکەمان کەمێک وردبەوە، هەوڵبدە باشتر تێبگەیت و وەڵامی پرسیارەکەشت دەستدەکەوێت: لە کاتێکدا بابەتەکە ڕاستە و خۆ لەبینیندا یان هەستکردنێکی دیکەدا، وەکو یەک بابەت ناسراوە، هەستکردن داوای یارمەتی لە هۆش ناکات و ئەو زانینەش بەرەو بوونمان نابات. بەڵام لە کاتێکدا لایەنە ناکۆکەکان هەستپێدەکرێت و بابەتەکە وەکو یەک شت خۆی دەرناخات پێویستی حوکمدان بە سەر بابەتەکەدا سەرهەڵدەدات. دەروون سەریلێدەشێوێت و بە دوای وەڵامدا دەگەڕێت و ڕوو لە تێگەیشتن دەکات. ئەمەش هانی دەروون دەدات لە واتای بوون تێبگات.(39)
بەدڵنیاییەوە، ئەمە ڕوودەدات.
بەڵێ، ئەگەر ئەمە بۆ(یەک) ڕاست بێت دەتوانین بۆ هەموو ژمارەکانی دیکەش بە ڕاستی دابنێین.
بەڵێ .
ژمێریاری پەیوەندی بە ژمارەکانەوە هەیە.
ڕاستە.
کەوابوو بەرەو ڕاستیمان دەبات.

---

(39) ئەفلاتون چەند زاراوەیەکی، وەکو بیرکردنەوە، تێگەیشتن و هۆش لەم بەشەدا بەکارهێناوە. ئەم زاراوانە یەک واتایان هەیە. بۆ ئەفلاتون لایەنی هۆشەکی دەروونە، کە لە هەستکردنەوە جیاوازە. (وەرگێڕ)

بەڵێ.
ئەمە ئەو جۆرە زانینەیە ئێمە بە پێویستی دادەنێین. دووجۆر سودیشی هەیە، لە ڕووی سەربازییەوە و فەلسەفیشەوە؛ جەنگاوەر دەبێت ژمارە بناسێت و ڕیزەکان بژمێرێت. فەیلەسوفەکانیش بۆ ئەوەی کەسانێکی هۆشمەند دەرچن دەبێت ڕاستی بوون بناسن.
ڕاستە.
پاسەوانەکانمان[فەرمانڕەواکان] فەیلەسوف و جەنگاوەریشن؟
بەدڵنیاییەوە.
ئەمە ئەو زانینەیە، کە یاساسازکەرەکانی[شارەکەمان] بە پێویستی دادەنێن؛ پێویستە ئەوانەی دەبن بە فەرمانڕەوای شارەکەمان هانبدرێن ژمێریاری بخوێنن. نەک لەلاوە یان وەکو بازرگانەکان بۆ فرۆشتن و کڕین بەکاریبهێنن. دەبێت ئەوان بە تێگەیشتنەوە بە ناوەڕۆکی ژمارە بگەن. لە جەنگدا و بۆ گەیشتن بە ڕاستی بوون سودی لێوەرگرن.
تۆ باش بۆ کێشەکە چوویت.
بێجگە لەمە، دەمەوێ باسی باشی ئەم زانستە بکەم و ڕوونیبکەمەوە لە چەند لایەنەوە سودبەخشە ئەگەر فەیلەسوف، نەک دوکاندار بەکاریبهێنێت.
سودی چیە؟
یاریدەی دەروون لە گەشتە ژوورکێشەکەیدا دەدات. خودی ژمارەکانی پێدەناسێنێت. لە بابەتە هەستەکییەکان دووریدەخاتەوە. ئەوانەی لەم زانستەدا زیرەکن گاڵتەیان بەو کەسانە دێت ژمارەیەک لە کاتی ژماردندا دابەشدەکات. ئەگەر تۆ دابەشی بکەیت ئەوان لە ژمارەکانی دیدەی دەدەن چونکە نایانەوێت ژمارە یەک لەنێو بەشەکاندا وون بێت.
ئەوە ڕاستە.
گریمان کەسێک گوتی: هاوڕێکانم، ئەم ژمارە سەرنجڕاکێشانە بە چیەوە بەستراون، کە ئێوە بیریلێدەکەنەوە و هەمیشە دەمێننەوە؟
لە وەڵامدا لەوانەیە بڵێن، ژمارەکان پەیوەندییان بە بیرەوە هەیە.
کەوابوو، پێویست دەکات ئەم زانستە بە زۆر بخوێنین چونکە پەیوەندی بە تێگەیشتنەوە هەیە؟
بێگومان، پێویستە.
لە بارەی ئەو کەسانەوە بە سروشت لە ژماردندا باشن یان تەوانای بیرکردنەوەی هۆشەکییان هەیە چ دەڵێیت؟ لەو باوەڕەدانیت، ئەوانەی بەسروشت لە ژمێریارییدا زیرەکن زوو فێری زانستەکانی دیکەش دەبن. ئەوانەی نەزانن و فێریان دەکەین ئەگەر ئەو زانستە بۆ مەبەستەکەشی بەکارنەهێنن لە بیرکردنەوەدا تیژتر و خێراتر دەبن؟
زۆر ڕاستە.
هەروەها بە بۆچوونی من هیچ زانستێک لە ژمێریاری بۆ فێربوون سەختتر نیە.
نیە.
لەبەر ئەم هۆیانە ئەم زانستە نابێت فەرامۆش بکرێت. دەبێت خاوەن دەروونە چاکەکان فیری بن.
من لەگەڵتام.
کەوابوو، ژمێریاری یەکێکە لەو زانستانەی دەبێت بخوێنرێت. دووەم زانست پاش ژمێریاری، کە بە کەڵک دێت

چیە؟
چ زانستێکە؟ مەبەستت ئەندازیارییە؟
بەڵێ، بۆ ئەندازیاری دەچم.
بۆ جەنگیش لەبارە. بۆ دامەزراندنی ئۆردوگا، داگیرکردنی خاکێک، کۆکردنەوەی لەشکر لە شوێنێکدا و بڵاوکردنەوەیان پێویستیمان بە ئەندازیار هەیە. بەڵام بۆ ئەم جۆرە کارانە، زانیارییەکی کەم لە بارەی ژمێریاری و ئەندازیارییەوە بەسە. ئێمە دەمانەوێت بیدۆزینەوە چۆن خوێندنی قوڵی ئەم زانستانە بە فۆرمی چاکەمان دەگەیەنێت. هەروەها ئەگەر زانستێک دەروون بەو پلەیە بگەیەنێت پێویستە ئاوەڕی لێبدەینەوە.
تۆ ڕاست دەڵێیت.
ئەگەر ئەندازیاری دەروون بە بوون بناسێ ئەوا زانستێکی لەبارە بخوێنرێت، بەپێچەوانەشەوە، لەبار نیە.
دروستە.
ئەوەی زانیارییەکی کەمیشی لە ئەندازیارییدا هەبێت تێدەگات ئەم زانستە بەو جۆرە نیە، کە ئەندازیارەکان بەکاریدەهێنن.
مەبەستت چیە؟
سەیر باسیدەکەن. بە کارکردنەوە گرێیدەدەن. باسی دامەزراندن و زیادکردن دەکەن، کە لە کاتێکدا ئەم زانستە لەپێناوی زانیندایە.
بەتەواوی دروستە.
پێویست ناکات لەسەر ئەم خاڵەش ڕێکەوین؟
چ خاڵێک؟
زانیارییەکەیان لە بارەی بوونەوەیە، کە هەیە نەک ئەو شتانەی دێنەکایەوە یان لەناودەچن.
ڕێکەوتنمان ئاسانە چونکە ئەندازیاری زانینە لەو شتانەی هەن.
کەوابوو، هاوڕێ، ئەندازیاری دەروون بەرەو ڕاستی دەبات. دەروونێکی فەلسەفیانە دادەهێنێت و بەرەو ژوور دەیبات. نایەڵێت بەرەو ژێر بڕوات.
بەڵێ، بەو جۆرە کاری خۆی دەکات.
کەوابوو، هەرچەندە کاریگەرێتی ئەندازیاری زۆر گرنگ نابینرێت، ئەم زانستە پێویستە لە شارەکەماندا بایەخی پێبدرێت.(40)
ئەو کاریگەرییانە چین، کە گرنگ نین؟
ئەوانەی پەیوەندییان بە جەنگەوە هەیە وتۆ ئاماژەت بۆ کردن. بەڵام دەزانین جیاوازییەکی گەورە لە نێوان ئەوانەی فێری ئەندازیاری بوون و ئەوانەی نەیانخوێندوە هەیە.
بەڵێ، جیاوازییەکی گەورەیە.
پێویستە ئەندازیاری بە دووەم زانست بۆ پەروەردەکردنی لاوان دابنێین؟
پێویستە.

---

(40) حەزدەکەم ئەو خاڵە ڕوونبکەمەوە، کە پاش مردنی ئەفلاتون خوێندکارەکانی ئەکادیمیا بایەخی زۆریان بە زانستەکانی ژمێریاری و ئەندازیاری دا. بە جۆرێک کە کێشە فەلسەفیەکانی دیکە خرانە پەراوێزەوە. ئەمە یەکێک بوو لەو هۆیانەی وای لە ئەرستۆ کرد ئەکادیمیا جێبهێڵێت و بیر لە دامەزراندنی فێرگەیەکی نوێ بۆ فەلسەفە بکاتەوە. (وەرگێڕ)

لەبارەی ئەستێرەناسییەوە چ دەڵێیت؟ بە سێیەم زانستی دابنێین؟ یان لەگەڵما ڕێناکەویت؟
من لەگەڵتا ڕێدەکەوم چونکە زانینی وەرزەکان، مانگەکان و ساڵەکان بۆ سەرکردەیەکی لەشکر و جوتیار و کەشتیەوانیش گرنگە.
تۆ کەسێکی سەیریت. دەترسیت خەڵکی ڕەخنەت لێبگرن و بڵێن، باسی بابەتێکی بێکەڵک دەکات. بێگومان ئاسان نیە تێبگەیت، کە لە هەموو دەروونێکدا ئامێرێکی پاکراوە هەیە بە خوێندنی ئەو بابەتانە، وەکو مۆم داگیرسێت، لە کاتێکدا شێوازەکانی دیکەی ژیان کوێریان کردووە. ئامێرێک، کە لە دە هەزار چاو باشترە چونکە بەو ڕاستی دەدۆزینەوە. ئەوانەی ئەمە دەزانن بۆچوونەکەتیان پەسەندە. ئەو کەسانەی ئاگایان لێی نیە بۆچوونەکەت بە پوچەڵ و بێ واتا دادەنێن. لە ئێستاوە بڕیار بدە دەتەوێ لەگەڵ چ دەستەیەکیاندا بدوێیت. یان ناتەوێ لەگەڵ هیچ کامیان بدوێیت و بۆچوونەکەت لای خۆت هەڵدەگریت سود بەکەس ناگەیەنێت؟
بۆ خۆمی هەڵدەگرم. پرسیار لە خۆم دەکەم. وەڵامەکەشی بۆ خۆم گلدەدەمەوە. با بگەڕێینەوە سەر خاڵەکەی پێشو. هەروەها، لە دۆزینەوەی زانستی سێیەمدا پاش ئەندازیاری بە هەڵەدا چووین.
هەڵەکەمان چی بوو؟
پاش ئەندازیاری دەستماندایە ئەو تەنە ڕەقانەی دەسوڕێنەوە بەبێ ئەوەی بزانین چین. پاش ڕەهەندی دووەم، سێیەم دێت، کە پەیوەندی بە شاقوڵەوە و ڕەهەندەکانی قوڵییەوە هەیە.
ڕاستە، بەڵام کەم لە بارەی ئەم شتانەوە زانراوە.
ئەمەش بۆ دوو هۆ دەگەڕێتەوە: یەکەم، چونکە هیچ شارێک نرخی بۆ دانانێت. ئەم بابەتە سەختە و توێژینەوەی زۆری لەسەر نەکراوە. دووەم، توێژەرەکان ڕێنیشاندەرێکیان نیە هەموویان پەیڕەوی بکەن. دۆزیەوەی ڕێنیشاندەر ئاسان نیە. ئەگەر دۆزراشەوە دژوارە توێژەرە لوت بەرزەکانی ئەمڕۆ پەیڕەوی بکەن. ئەگەر شارەکە[دەوڵەت] پشتگیری ئەوە بکات توێژەرەکانیش شوێنی دەکەون. ئەگەر توێژینەوەی قوڵیش لەسەر بابەتە بکرێت پێشدەکەوێت. زۆرینەی خەڵک بایەخ بەو بابەتە نادەن و توێژەرەکانیش نەیانتوانیوە سودەکانی ڕوونبکەنەوە. لەگەڵ ئەم کەموکورتیانەدا جوانی بابەتەکە خۆی فەرزکردوە و تاکو ڕادەیەک پێشخراوە. لەبەرئەوە سەیر نیە، لەوە زۆرتریش بەرەو پێشەوە ببرێت.
بابەتەکە جێی سەرنجە. بەڵام زۆرتر ئەو خاڵە ڕوونبکەوە، کە لەبارەی ئەندازیاری و پەیوەندیی بە ڕووبەرەوە ئاماژەت بۆکرد.
بەڵێ.
تۆ ئەستێرەناسیت لە پاش ئەندازیارییەوە ڕیزکرد و دوایی پاشگەز بوویتەوە. من لەسەرخۆ چوومە نێو باسەکەوە. ویستم لەو زانستە بدوێم مامەڵە لەگەڵ ڕەهەندی قوڵییدا دەکات. بەڵام لەبەر ئەوەی پێشنەکەوتوە چوومە سەر ئەستێرەناسی(کە مامەڵە لەگەڵ جوڵانی ئەو تەنانەدا دەکات قوڵییان هەیە).
ڕاستە.
با ئەستێرەناسی بە زانستی چوارەم دابنێین. لەو باوەڕەشدابین ئەندازیاری لە تەنە ڕەقەکان دەکۆڵێتەوە ئەگەر لە شارەکەماندا[بۆ بەرنامەی پەروەردە] بیسەپێنین.
ئەوە بەجێیە. هەروەها لەگەڵ تۆم. ئەوانەی ئەستێرەناسی دەخەنە ڕیزی فەلسەفەوە مەبەستیان تەماشای سەرەوە بەرەو ئاسمانە نەک بەرەو خوارەوە.

ئەوە بۆ هەموو کەسێک ڕوونە. بەڵام مەبەستم ئەوە نیە.
مەبەستت چیە؟
ئەمڕۆ ئەوانەی خوێندکار فێری فەلسەفە و ئەستێرەناسی دەکەن، بە چەواشەیی دەروون پەروەردە دەکەن. ڕووی دەروون بەرەو خوارەوە نەک سەرەوە دەبەن.
چۆن؟
بە بۆچوونی من، چەمکی "خوێندنی باڵا " بەکاریدەهێنێت. ئەگەر یەکێک سەر بەرز بکاتەوە و بڕوانێتە نەخش و نیگای بنمیچەکە، لەوانەیە بڵێیت، کە ئەو بە چاو تەماشا ناکات، بەڵکو دەیەوێت تێبگات. دەشێ تۆ ڕاست بیت و من گەمژە، بەڵام بۆ من، ئەو زانینەی پەیوەندی بە بوون و جیهانی نەبینراوەوە هەیە دەروون بەرەو ژوور پەلکێش دەکات. ئەگەر یەکێک هەوڵی ناسینی جیهانی هەستەکی بدات، گرنگ نیە تەماشای سەرەوە یان خوارەوە بکات، لەو باوەڕەدام فێرنابێت چونکە ئەو شتانەی تەماشایاندەکات بابەتی زانست نین. ئەو کەسە لەسەر پشت ڕاکشابێت، لەسەر کەشتی بێت، دەروونی دەڕوانێتە شتەکانی خوارەوە، نەک سەرەوە.
بۆچوونەکەت ڕاستە، منیش بە سزای خۆم گەیشتم. بەڵام مەبەستت چیە لەوەدا، کە ئەستێرەناسی بۆ ئەوەی سودبەخش بێت نابێت بەو شێوەیەی ئەمڕۆ بخوێنرێت؟
بەم شێوەیە: دەبێت ڕازانەوەی ئاسمان بە جوانترین دیمەنی بینراو یان نەخش و نیگار دابنێین، کە لە سەری کراوە. بەڵام خێرایی جوڵانی [ئەستێرەکان] بە تەماشاکردنیان نازانرێت. دەکەوێتە سەر بیرکردنەوەی هۆشەکی. ئایا ڕێگەیەکی دیکە بۆ دۆزینەوەی ئەمە هەیە؟
نەخێر.
کەوابوو، پێویستمان بە نەخشەی ئاسمان هەیە. ئەو نەخشەیەش بۆ مەبەستی ئەندازیاری بە جوانی دەبێت [هونەرمەندێکی وەکو] دەیدەلویس یان هونەرمەندێکی دیکە کێشابێتی. ئەو بە جوانی نەخشەکەیمان بۆ دەکات، بەڵام بە دوای ڕاستیەکەیدا یان یەکسانی و جووت و ڕێژەکاندا ناگەڕێت.
بێگومان ناگەڕێت.
لەو باوەڕەدایت، ئەستێرەناسێکی ڕاستەقینەش، کە تەماشای سوڕانەوەی ئەستێرەکان دەکات هەمان هەستکردنی هەبێت؟ وا بیردەکاتەوە ئافەریدکەری ئاسمان لە جوانترین شێوەدا ڕازاندوێتیەوە. یان پێوانەی ڕۆژ و شەو، ڕۆژەکان بۆ مانگ، مانگەکان بۆ ساڵ و سوڕانەوەی ئەستێرەکان هەمیشە بەو جۆرە دەمێنێتەوە، گۆڕانی بەسەردا نایەت و بێهودەشە بە دوای ڕاستیەکەیدا بگەڕێین؟
هەرچەندە لەپێشتر بیرم لەم خاڵە نەکردەوە بەڵام هەمان بۆچوونم هەیە.
کەوابوو، لەگەڵ ئەستێرەناسیدا دەبێت ئەو بەشەی دەروون، کە بە هۆش ناوزەدممان کرد بخەینە گەر و سودی لێوەرگرین. با بەو جۆرەی لە ئەندازیارییدا هەیە لە ئەستێرەناسیشدا مامەڵە لەگەڵ گرفتدا بکەین و بابەتەکانیش لە ئاسمان جێبهێڵین.
ئەوەی باسیدەکەیت، کارێکی سەختە.
من دەڵێم، ئەگەر سودبەخشبین دەبێت وەکو یاساسازکەر مامەڵە لەگەڵ بابەتەکەماندا بکەین. ئایا تۆ بیر لە بابەتێکی دیکە دەکەیتەوە؟
نەخێر.
باشە. جوڵانیش فرەجۆرە. فەیلەسوف دەتوانێت باسی هەموویان بکات، بەڵام دووانیان بە ئاسانی دەبینرێن.

ئەو دووانە چین؟

دووەمیان بە پێچەوانەی ئەو جوڵانەوەیە، کە باسمانکرد.

ئەوە چیە؟

دووەمیان. ئەوەی بەرگوێ دەکەوێت، وەکو ئەوە وایە بەرچاو دەکەوێت. چاو بۆ تەماشاکردنی ئەستێرەکان و گوێ بۆ جوڵانە هارمۆنیەکانە. ئەم دووانەش دووزانستی پەیوەندیدارن بە یەکدییەوە. ئەمە بۆچوونی پیتاگۆراسیەکانیشە.(41) ئایا، گلاوکۆن، لەسەر ئەم خاڵە ڕێنەکەوتین؟

بەڵێ، وابوو.

ئەم باسە سەختە، لەبەر ئەوە پێویست ناکات بپرسین مەبەستیان لە جوڵانی هارمۆنی چیە؟ هەمان کات، لایەنە سودبەخشەکانی دیکەی ئەم زانستانەشمان بۆ ڕووندەکەنەوە. ئێمەش نابێت بابەتە بەرزەکەی خۆمان لەبیربچێتەوە.

ئەو بابەتە چیە؟

مەبەستم ئەوەیە، ئەوانەی دەخرێنە بەر خوێندن بە نیوەچڵی فیرنەکرێن و هەموو شتێک بە تەواوی تاکو کۆتایی بخوێنن. لەو باوەڕەدانیت، ئەمە بۆ هارمۆنیش دەگونجێت؟ مامۆستایانی ئەم زانستەش، وەکو ئەوانەی ئەمڕۆ خۆیان بە ئەستێرەناسییەوە خەریک کردووە، دەنگەکان و بڕگەکان دەپێون، نازانن زانستەکەیان چ سودێکی هەیە.

ڕاستە، ئەوانیش سەیرن. ئەوان باسی شتێک دەکەن، کە بە نۆتەی خەستکراوە ناوزەدی دەکەن. گوێ لە تەلی گیتارەکەوە نزیک دەکەنەوە، دەڵێی گوێ بە دیواریماڵە دراوسێکەیانەوە دەنێن. هەندێکیان دەڵێن، نۆتەی ناوەند دەناسنەوە و جیایدەکەنەوە. ئەوانی دیکە لەو باوەڕەدان دوو دەنگ چوونەتە نێو یەک و بوون بە یەک دەنگ. ئەوان گوێ پێش تێگەیشتن دەخەن.

مەبەستت ئەو مۆسیقازانانەیە، کە بەژێی[گیتارەکەیان] یاریدەکەن. بەڵام من نامەوێ باسی ئەوانە بکەم چۆن لەژێی گیتارەکان دەدەن. من ڕووی دەمی پرسیارم لەو کەسانەدەکەم بە هەمان شێوە، وەکو ئەستیرە ناسەکان دەڕواننە زانستی هارمۆنی. هەوڵدەدەن ژمارە بە هاوئاهەنگییەوە ببەستنەوە، بەڵام لەوە ناکۆڵننەوە، کە چ ژمارەیەک هاوئاهەنگە یان نا.(42)

ئەوە کارێکە لە ژوور تەوانای مرۆڤەوەیە.

بەڵام سودی لە گەڕانەکەماندا بە دوای چاکە و جوانیدا هەیە. ئەگەر بۆ ئەم مەبەستە نەخرێتە گەر بێسود دەردەچێت.

دەشێ وابێت.

ئەگەر ئەم بابەتانەی باسمانکردن پەیوەندییان لەگەڵ یەکدا هەبێت و گەیشتینە ئەو ئاکامەی دەرخستنی

---

(41) پیتاگۆراسییەکان شوێنکەوتوانی پیتاگۆراسی فەیلەسوفی یۆنانیین لە(500- 570 پ ز) ژیاون. ئەم فەیلەسوفە هەوڵی دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی لەسەر بنەماکانی فەلسەفە، زانست، هونەر و ڕەوشت داوە. لەشاری کرۆتۆن بۆ ساڵێک فەرمانڕەوایی کردووە. (وەرگێڕ)

(42) لێرەدا ئەفلاتون ڕەخنە لە پیتاگۆراسییەکان دەگرێت. لەو باوەڕەدایە ئەوانیش وەکو ئەستێرەناسەکان مامەڵە لەگەڵ ژمارەدا دەکەن، بەڵام نەیانتوانیوە ئەم زانستە بە دروستی بۆ ژوورخستنی دەروون بەرەو جیهانی بەرز بەکاربهێنن و ئەو جیهانە لە ڕێگەی ئەو زانستەوە بە دەروون ئاشنابکەن. (وەرگێڕ)

پەیوەندییەکەیان ئاسانە، ئەوا کارەکەمان بێبەر نابینرێت.
منیش هەمان بۆچوونم هەیە، بەڵام سوکرات، هێشتا کارەکەمان بە سەخت دەبینم.
مەبەستت لەپێشەکییەکەیە؟ یان دەتەوێ بڵێیت، ئەم بابەتانە [زانستانە] پێشەکییەکن بۆ ئەو بەرنامەیەی بۆ فێربوون دایدەنێین؟ لەو باوەڕەدانیت ئەوەی ژمێریار زانە چاک لە زانستی دیالێکتیکیش تێدەگات؟
نا، من نازانم، هەرچەندە هەندێکیانم بینیوە.
لەو باوەڕەدای کەسێک تەوانای بیرکردنەوەی هۆشەکی نەبێت ئەو کەسە بێت ئێمە دەمانەوێ ئەم زانستانە فێربێت؟
لەو باوەڕەدانیم.
لێرەدا، گلاوکۆن، خۆمان بە دیالێکتیک گەیاندوە. ئەمە ئەو ژێی[گیتارەیە] هۆش دەتوانێت ئاوازی پێدەربهێنێت. تەوانای بینینیش لاسایی دەکاتەوە چونکە لەپێشتر باسمانکرد، ئاژەڵ، ئەستێرەکان و ڕۆژ لەبینیندا دەردەکەون. هەروەها لە دیالێکتیکیشدا؛ ئەو کەسەی لەبەر ڕۆشنایی هۆشدا و بەبێ یارمەتی هەستکردن بگەڕێت ڕەها دەدۆزێتەوە. دەتوانێت چاکەی ڕەهاش ببینێت. وەکو چۆن لە بینیندا، کەسێک دوا شت لە جیهانی هەستەکییدا دەبینێت ئەویش بە دوا ڕەها لە جیهانی هۆشەکییدا دەگات.
دروستە.
ئەم بەرەوپێشەوە چوونە دیالێکتیکە.
ڕزگارکردنی کەسانی نێو ئەشکەوتەکە وازهێنان لە سێبەرەکانی سەردیوارەکە، ڕووکردن لەپەیکەرەکان و ڕووناکی ئاگرەکە، هەروەها ڕۆیشتن، بەرەو دەرکی ئەشکەوتەکە و خۆر بینین، کەم تەوانایی چاوەکانیان بۆ

تەماشاکردنی ئاژەڵ، ڕووەکەکان و تیشکی خۆر، بینینی ڕەنگدانەوەی وێنەکان، لەنێو ئاودا، کە سێبەری شتی ڕاستەقینەن دەروونی[ئەو مرۆڤانە] بە ئاگا دەهێنێتەوە. ئەو بەشەی، کە دەیەوێت بە جیهانی بەرز بگات دەکەوێتە کارکردن.
هەرچەندە بڕواکردن بەمە دژوارە، بەڵام لەگەڵتام . گریمان وایە، بەڵام پێم بڵێ، دیالێکتیک چ هێزێکی هەیە؟ بەشەکانی چین؟ چ ڕێگەیەک دەگرێت؟ چونکە ئەو ڕێگەیە بە دوا ئیستگەمان دەگەیەنێت.
گلاوکۆن، من ناتوانم لەمە زۆرترت بۆ باسکەم. تۆ تێناگەیت چونکە بە ئەندێشەوە دەڕوانیتە کێشەکەو ڕاستیەکەی نادۆزیتەوە. ئەوەی باسیدەکەم داخۆ شتێکی ڕاستەقینەبێت یان نا، گرنگ نیە، بەڵام دڵنیام تۆ جۆرێک لەو ڕاستەقینەیەت بینیوە.
دڵنیام لەوە.
هەروەها، هێزی دیالێکتیک لەو کەسانەدا دەردەکەوێت، کە ئەو زانستانەی[ئاماژەمان بۆ کردن] دەخوێنن.
ئەوەش ڕاستە.
کەس لەسەر ئەو خاڵەش مشتومڕیان لەگەڵدا ناکات، کە هیچ جۆرە لێکۆڵینەوەیەک ڕاستی بوونمان پێبناسێنێت چونکە ئەو زانستانەی باسمانکردن خۆیان بە حەز و بۆچوونی مرۆڤەکانەوە گرێدەدەن، بۆ بەرهەمهێنان و دامەزراندن و پارێزگاری کردنی بەرهەمەکە بەکاردێن. ژمێریاری و ئەندازیاری تاکو ڕادەیەک بوون دەناسن، بەڵام ناسینەکەیان خەوبینینە بە بوونەوە. کاتیک مرۆڤ بنەڕەتی یەکەم نەدۆزێتەوە و خۆی بە هەنگاوەکانی ناوەند و ئاکامەکان نە گەیەنێت، چۆن دەتوانێت زانینەکەی بە زانست دابنێت؟
ئەوە مەحاڵە.

کەوابوو، دیالێکتیک تەنیا ڕێگەیەکە بەرەو بنەڕەتی یەکەممان دەبات. تەنیا زانستە پشت بە گریمانە نابەستێت و زەمینەیەکی لە گومانبەدەر بۆ خۆی خۆشدەکات. چاوی دەروون، کە لەو زەمینەدا چێنراوە بە دیالێکتیک سەردەردرهێنیێ و دەڕوانێتە ئاسمان. ئەم زانستە لە گفتوگۆ و توێژینەوەکەیدا بەکاردەهێنێت. بەگوێرەی نەریت ئەم جۆرە زانینە، کە لەم ڕێگەیەوە دەستمان دەکەوێت بە زانست ناوزەد کراوە، بەڵام بەدیدی من، پێویستە ناوێکی دیکەی لێبنرێت چونکە لە بۆچوون ڕووناکتر و لەزانینیش تاریکترە. لەپێشتر بە بیرۆکە ناوزەدمان کرد. دۆزینەوەی ناوەکەشی ئەوەندە گرنگ نیە. زۆرشتی دیکەمان لە پێشە پێویستیان بە باسکردن هەیە.

دروستە، گرنگ نیە.

بە هەرحاڵ، دیالێکتیک چوار بەشی هەیە؛ بەشی یەکەم زانینە. دووەم بیرۆکە[تێگەیشتن] . سێیەم بڕوا. چوارەم هەستکردن بە سێبەرەکان. دوو بەشی سەرەوە بە هۆش و دوو بەشی خوارەوە بە بۆچوون ناوزەد دەکەم. هۆش پەیوەندی بە بوون و بۆچوون بە پەیدابوونەوە هەیە. وەکو چۆن بوون پەیوەندی بە پەیدابوونەوە هەیە، هۆشی ڕەوانیش پەیوەندی بە بۆچوونەوە هەیە. بە هەمان شێوە زانینیش لەگەڵ بڕوا، تێگەیشتنیش لەگەڵ هەستکردندا پەیوەندییان هەیە. لەمە زۆرتر ئەو بەشانە دابەش ناکرێن و پێویست بە درێژەدان بەم باسە ناکات.

من لەگەڵتام.

کەوابوو، ئەو کەسەی ڕاستی بوون دەناسێت دیالێکتیک زانە؟ ئەوەی دیالێکتیک نەزانێت و تەوانای هۆشی دەڕوخێت؟ ئایا لەگەڵ ئەم بۆچوونەدایت؟

بەڵێ، چۆن دژی ڕادەوەستم.

هەمان شت، سەبارەت چاکە دەڵێیت؟ کەسێک تاکو نەتوانێت بیرۆکەی چاکە ڕوونبکاتەوە و پێناسەی بکات بەرانبەر هەموو بۆچوونە دژەکان ڕاوەستێت و ڕەتیان بداتەوە، ڕەتدانەوەکەشی لەسەر بناخەی ڕاستی دامەزرێنێت، بیرۆکەی چاکە نازانێت. ئەگەر زانیارییەکەی لەسەر بۆچوون، نەک زانست، ڕاوەستابێت ئەوا ئەو تەنیا سێبەری [چاکە] دەبینێت؛ بە خەونەوە و پێش ئەوەی بگاتە سەرەوە لە جیهانی خوارەوەدا دەژی. لە بەرزەخیشدا بۆ هەمیشە دەخەوێت.

من لێرەدا لەسەر هەموو خاڵێک لەگەڵتا ڕێدەکەوم.

ئەو منداڵانەی بۆ فەرمانڕەواییکردنی شارەکەمان باسیاندەکەین و دەمانەوێت پەروەردەیان بکەین ئەگەر ڕۆژێک ئەو شارە بە ڕاستی دامەزرێت، دڵنیام ڕێگە نادەیت ئەوانەی تەوانای بیرکردنەوەی هۆشەکییان نیە بۆ فەرمانرەوایکردن بچنەڕیزەوە.

بەتەواوی دروستە.

یاسایەک دادەنێین بۆ فەرمانڕەواکان، کە دەبێت[لە منداڵییەوە] پەروەردەبکرێن. بەهرەیەکی تەواو لە پرسیارکردن و وەڵامدانەوەدا پەیدا بکەن.

بەڵێ، ئەو یاسایەش من و تۆ دایدەنێین.

پێویست دەکات دیالێکتیک لەسەر و هەموو زانستەکانەوە دابنێین؟ هەروەها هەموو زانستەکانیشمان باسکردبێت، کە بۆ پەروەردەکردنی فەرمانڕەواکان سودیان لێوەردەگرین؟

پێی دەچێت.

لێرەدا کێشەی دابەشکردن و فێرکردنی زانستەکان دێتە پێش.
دروستە.
لەبیرتە، چ جۆرە مرۆڤێک بۆ فەرمانڕەوایی هەڵدەبژێرین؟

بێگومان لەبیرمە.
دەبێت ئەو کەسە هەڵبژێرین، کە خاوەنی دەروونێکە ئەو پەڕی خۆڕاگری و ئازایەتی و بەخشندەیی تێدایە.
هەروەها دەبێت خاوەنی سروشتێکیش بێت، کە ئارەزومەندی فێربوونە.
لەگەڵتام.
پێویستە ئارەزومەندی فێربوون بێت چونکە هەندێک جار خەڵکی سەختی و گرانی خوێندنیان لە گرانی وەرزش و کارکردنی لەش لا ناخۆشترە و کۆڵ لە فێربوون دەدەن.
ئەوە ڕاستە.
هەروەها ئەو کەسە دەبێت بیرهاتنەوەیەکی تیژی هەبێت و بەردەوام حەز لەکارکردن بکات.
بەدڵنیاییەوە، دەبێت بە سروشت خاوەنی ئەو بەهرەیە بێت.
بەڵام هەڵەکەمان لەوەدایە، کە پیشە بەو کەسانە نادەین فەلسەفە دەخوێنن. ئەمەش بەڕای من ناوی فەلسەفەی زڕاندوە. لەبەر ئەمە منداڵە زۆڵەکانی نابێت بە دەست هەڵیگرن.(43)
مەبەستت چیە؟

لە سەرەتاوە، هیچ خوێندکارێک نابێ لە فیربووندا حەزی بۆ خوێندن نیوە بێت. ئەمەش لەوێدا ڕوودەدات کەسێک حەزی لە وەرزش، ڕاوکردن و کارەکانی شەو بێت، ئارەزوومەندی فێربوون و توێژینەوە نەبێت و بە زۆر بخوێنێت.
بەدڵنیاییەوە.
بەهەمان شێوەش بۆ ڕاستی. باسماننەکرد، کە دەروون لە ئاستی ناڕاستیەکدا خۆی دۆزیبێتەوە زویر دەبێت و حەز ناکات درۆی لەگەڵدا بکرێت؟ بەڵام، کە ناڕاستیەکی بەزۆر پێدەناسرێت ئەوەندە تورە نابێت. لە ئاستی نەزانینەکەشدا شەرمەزار نابێت.
دروستە.
لەبارەی مامناوەندی، ئازایەتی و بیرکردنەوەی قوڵ و جۆرەکانی دیکەی چاکەوە پێویستە ڕەسەن و ناڕەسەن لە یەکدی جیابکەینەوە. ئەگەر ئەم جیاکردنەوەیە دیارینەکرێت ئەوا لەشارەکەماندا جیاوازی نێوان دۆست و دوژمنیش ناکەین. لە هەڵبژاردنی فەرمانڕەواکاندا توشی هەڵە دەبین.
ئەوە ڕاستە.
کەوابوو پێویستە بە وردی سەرنجیان بدەین؛ ئەگەر ئەو کەسانەی بۆ بەرنامەی شارەکەمان هەڵیاندەبژێرین و پەروەردەیاندەکەین لە ڕووی دەروونی و لەشەوە چاک بن، ئەوا دادوەری دژمان ڕاناوەستێت و دەستوری دەوڵەتەکەشمان دەپارێزین؛ ئەگەر ئەو کەسانە بەپێچەوانەی بەرنامەکەی ئێمەوە دەرچن سوکایەتی گەورەتر بەرانبەر فەلسەفە دەکەین.

---

(43) ئەفلاتون زاراوەی(منداڵی زۆڵ)ی بۆ ئەو کەسە بە کارهێناوە، کە بە سروشت تەوانای بیرکردنەوەی هۆشەکی نیە، بێ بەهرەیە و پەلاماری خوێندنی فەلسەفە دەدات. (وەرگێڕ)

دروستە، بەڵام هەست دەکەم خۆم جۆرە سوکاتەتیەکم بەرانبەری کردوە.
لە چ ڕوویەکەوە؟
من لە بیرم چوو، باسەکەمان جیدییە، بە هەڵچونەوە لەسەری دوام. کاتێک فەلسەفەم بەو جۆرە لەژێر پێی هەندێک کەسدابینی، نەمتوانی دان بە خۆمدا بگرم. بە توڕەییەوە هەڵمەتمکردە سەریان و تاوانبارم کردن

من گوێم گرت، بەڵام بەو شێوەیە بیرم لە بۆچوونەکەت نەکردەوە.
من واهەستم کرد. هەروەها لە باسەکەی پێشوماندا مرۆڤی بەتەمەنیشم هەڵبژارد، بەڵام ئێستا هەڵیاننابژێرم. سۆلۆن هەڵەیە، کە دەڵێت، مرۆڤی بەتەمەن زۆرشت فێردەبێت. [بە ڕای من] ئەوەی نەتوانێت زۆر ڕابکات زۆریش فێرنابێت؛ تەمەنی لاوێتی بۆ هەموو کارێک لەبارە.(44)
دروستە.
زانستەکانی، وەکو ژمێریاری، ئەندازیاری و هەموو ئەوانەی بۆ دیالێکتیک بە پێویستی دادەنێن دەبێت لە تەمەنی منداڵییەوە فەرمانڕەواکان بیان خوێنن. ئەم خوێندنەش بەزۆر نیە.

بۆچی؟
نابێت مرۆڤی سەربەست، وەکو کۆیلە فێرکرێت. کارکردن بەزۆر زیانی لەسەر لەش نیە، بەڵام فێرکردنێک بە زۆر بوو لەنێو دەروونداو نامێنێتەوە و زوو دەردەچێت.
ڕاستە.
منداڵ بە زۆر فێری ئەم زانستانە مەکە؛ چاکترە یارییان لەگەڵدا بکەیت. لەوێوە باشتر دەروونیان دەناسیت و بۆت دەردەکەوێت حەز لەچی دەکەن.
ئەوە لای من شتێکی جوانە.
لەبیرتە گوتمان، لە کاتی جەنگدا بۆ تەماشاکردن منداڵان لە نزیکەوە لەسەر پشتی ئەسپ دادەنێین، وەکو توتەڵە سەگیش ڕێگەیان دەدەین بۆنی خوێن بکەن؟
لەبیرمە .
بەهەمان شێوەش لە نزیکەوە لەگەڵ زانستەکاندا ئاشنایان دەکەین و ناوی ئەو منداڵانەش دەنوسین، کە بۆمان دەردەکەون حەز لە چ زانستێک دەکەن.
لە چ تەمەنێکدا؟
کاتێک وەرزش تەواو دەکەن؛ لەوانەیە دوو یان سێ ساڵ بۆ وەرزش تەرخان بکەین. وەرزش و نوسین بۆفێربوون لە بارنین. هەروەها سەرکەوتنیان لە وەرزشدا تاقیکردنەوەیەکی گرنگە.
هەڵبەتە.
لە تەمەنی بیست ساڵیدا، ئەوانەی بۆ[بەرنامەی فێربوون] هەڵدەبژێرین ڕێزی تایبەتیان بۆ دادەنرێت. ئەو زانستانە قوڵتر پێکەوە دەخوێنن، کە لەمنداڵیا خوێندویانە. پەیوەندی نێوان ئەم زانساتانە بە یەکدییەوە و بە ڕاستی بوونیشەوە فێردەکرێن.

---

(44) سۆلۆن(640- 560 پ ز) زانایەکی ڕامیاری و یاسا سازکەر و شاعیرێکی یۆنانییەلە شاری ئەسینا ژیاوە. (وەرگێڕ)

بەڵێ، ئەو زانستانە دەبێت بەردەوام بخوێنرێن.
فێربوونی ئەو زانستانەش دەبێت بە بناخەی ڕوانینێکی دیالێکتیکی. ئەوەی بتوانێت ئەم زانستانە پێکەوە گرێ بدات ڕوانینێکی گشتگیرانەی هەبێت دیالێکتیکیانەش بیر دەکاتەوە.
من لەگەڵتام.
بیر لەم خاڵانەش بکەوە؛ ئەوانەی خاوەنی ئەم ڕوانینە گشتگرییەن بەردەوام فێردەبن. واز لە خوێندن

ناهێنن. لە کاری سەبازی و ئەرکەکانی دیکەدا لێهاتون و تەمەنیان سی ساڵانە. لەنێو دەستەکەی خۆیاندا هەڵیاندەبژێرین و ڕێزی زۆرتریان لێدەنێین. تۆش بە ڕێگەی دیالێکتیکەوە تاقییاندەکەیتەوە. هەوڵدەدەیت بزانیت کێ لە ئەوان دەتوانێت گوێ نەداتە هەستەکانی و بەبێ هەستەکانی ڕاستی بوون بدۆزێتەوە. بەڵام لێرەدا دەبێت ئاگامان لەخۆمان بێت.

بۆچی ئاگامان لە خۆمان بێت؟
نابینیت ئەمڕۆ بەو جۆرەی دیالێکتیک بەکاردێت چۆن دەبێتە سەرچاوەی خراپە؟

چ خراپەیەک؟
ئەوانەی بەکاریدەهێنن گوێ نادەنە یاسا.
ڕاستە، گوێ بە یاسا نادەن.
لەو باوەڕەدانیت، ئەمە لەنێو خوێندکارەکانی ئێمەشدا ڕوودات؟ ئایا تۆ پشتگیرییان دەکەیت؟
لەو باوەڕەدام ڕوودات و پشتگیریشیان ناکەم.
حەزدەکەم، ئەمە لەگەڵ ئەم نموونەیەدا بەراورد بکەیت؛ گریمان منداڵێک لەنێو خێزانێکی دەوڵەمەندا هاتۆتە دنیاوە و پەروەردەکراوە. هیچ شتێکی کەم نیە. کەسانێکی زۆریش بە چواردەوریا دێن و دەڕۆن و ستایشکەری ئەون. کاتێک گەورە دەبێت ئەو ڕاستیەی بۆ دەردەکەوێت، کە لەنێو ئەو خێزانەدا بەخێوکراوە و ژن و پیاوەکەش دایک و باوکی ئەو نین و نازانێت منداڵی کێیە. دەزانی هەڵوێستی بەرانبەر ژن و پیاوە بەخیوکەرەکان و ستایشکەرەکانی چ دەبێت؟ بە تایبەتی لەوێدا، کە ئەو ڕاستیەی نەدەزانی و ئێستا دۆزیویێتیەوە؟ پێویست دەکات من پێت بڵێم؟
حەزدەکەم بۆچوونی تۆ بزانم.
باشە، کاتێک ڕاستیەکەی نەدەزانی زۆرتر ڕێزی لەو ژن و پیاوە، وەکو دایک و باوکی خۆی لە ستایشکەرەکانی دەگرت. لەکاتی پێویستیدا ملکەچی دەکردن و کارێکی نەدەکرد بۆ ئەوان زیان بەخشبێت.
دروستە، بەو جۆرە لەگەڵیاندا هەڵسوکەوت دەکات.
بەڵام، ئەو کاتەی ڕاستیەکە دەدۆزێتەوە ڕێزی بۆ خێزانەکە کەمدەبێتەوە و بۆستایشکەرەکانیشی زۆر دەبێت. لە جاران زۆرتر گوێ ڕایەڵی ستایشکەرەکان دەبێت. وەکو ئەوان دەژی و هاوڕێیەتیان دەکات. مەگەر بە سروشت کەسێکی چاک بێت و گوێ نە داتە دۆزینەوەی باوکی ڕەسەنی و ڕێز لەو خێزانە بگرێت[تیایدا گەورە بووە].

ئەوانە ڕوو دەدەن، بەڵام ئەو کەسە چ لێکچونێکی لەگەڵ خوێندکاری فەلسەفەدا هەیە؟
لێکچونەکە بەم جۆرەیە: لە منداڵییەوە فێرکراوین دادوەری و چاکە چین. لەگەڵ ئەو چەمکانەدا گەورە بووین

و باوەڕیان پێدەکەین و ڕێزیان بۆ دادەنێین.
بەدڵنیاییەوە.
ڕێگەی جیاوازتریش هەیە، کە بە پێچەوانەی ئەو جۆرە ژیانەوەیە و پرە لە خۆشی، چێژ وەرگرتن و ستایش بۆ دەروون دەکەن. بەڵام ئەوانەی ڕێزیان بۆ چەمکەکانی دادوەری و چاکەکان کەمنابێتەوە و بەردەوام گوێ ڕایەڵی ئەو دایک و باوکەن گوێ بەو ستایش کردنە نادەن.
دروستە.
کەسێک دێت و ئەم پرسیارە دەکات،" چاکە چیە؟ " وەڵامەکە دەکەوێتە سەر ئەو شتانەی فێرکراوین و لەنێو کەلتورەکەماندا یاساسازکەرەکان دایانناوە. پرسیارکەرەکە بەم وەڵامە ڕازی نابێت و بە ئاسانی ڕەتی دەداتەوە. بناخەکەی هەڵدەوەشێنێتەوە و ئێمەش دەگەیەنێتە حاڵەتێک لە ئاستی وەڵامدانەوە کەماندا شەرمەزارببین. بەهەمان شێوە، لە بارەی واتای دادوەریشەوە مشتومڕمان لەگەڵدا دەکات. لەو باوەڕەدای وەکو جاران باوەڕ بە ڕاستی ئەو چەمکانە بکەین، کە فێرکراوین؟
نەخێر، وەکو جاران بە چاوی ڕێزەوە تەماشایان ناکرێت.
ئەگەر کەسێک ڕێز بۆ ئەو چەمکانە دانەنێت، هەمان کات ڕاستیش نەدۆزێتەوە شوێن شێوازی بوونی ستایشکەرەکان ناکەوێت؟
بێگومان.
هەروەها، لە گوێ ڕایەڵێکی یاساوە دەبێت بەیاخی بوو.
بەدڵنیاییەوە.
ئەمە لە خوێندکاری فەلسەفەشدا ڕوودەدات.
تۆ ڕاست دەکەیت.
کەوابوو، لەگەڵ بۆچوونەکەی مندایت، کە دەبێت ئاگامان لە هاووڵاتیەکانمان بێت، بە تایبەتی ئەوانەی تەمەنیان سی ساڵانە و فێری دیالێکتیکیان دەکەین.
بەڵێ، پێویستە ئاگامان لێیان بێت.
بۆ دوورخستنەوەی ئەم مەترسییە پێویستە لە تەمەنی لاوێتیەوە فێری دیالێکتیک بکرێن. لەو تەمەنەدا تامی شتێک بکەن خۆشیەکەی لەلایان دەمێنێتەوە. لاسایی ئەوانەش دەکەنەوە، کە لە هونەری ڕەتدانەوەدا شارەزان. وەکو توتەڵە سەگ حەزدەکەن پەلاماری هەموو شتێک بدەن و بەدان بیدڕێنن.
دروستە، زۆر حەزی لێدەکەن.
لەنێو مشتومڕەکانیاندا، پاش ئەوەی بۆچوونەکان ڕەتدەدەنەوە و بۆچوونەکانیشیان ڕەتدەدرێنەوە، لە ئاستی باوەڕەکانیاندا توشی بێبڕوایی دەبن. لێرەدا فەلسەفە ناوزڕدەکرێت.
ڕاستە.
کەسێکی بە تەمەن لەم کارە شێتانەدا بەشداری ناکات. لەگەڵ کەسێکدا مشتومڕدەکات، کە بە دوای ڕاستیدا دەگەڕێت نەک کەسێک حەز لە کایەی مشتومڕ بکات. لەبەر ئەوە ڕێزی زۆرتر بۆ فەلسەفە دادەنرێت.

ڕاستە.
لە پێشتر گوتمان، ئەوانەی دیالێکتیک دەخوێنن پێویستە کەسانی بەتەمەن و ڕێک و پێک بن، نەک وەکو ئەوانەی ئەمڕۆ، کە بۆ ئەو کارە نا لەبارن و خۆیان پێوە خەریک کردوە.

ڕاستە.
گریمان خوێندنی فەلسەفە لە جێگەی وەرزش بە سەختی و گەرمییەوە دە خرێتە گەر، ئایا درێژی فێربوونەکە چوار یان شەش ساڵ بێت؟
گرنگ نیە. گریمان پێج ساڵە. دوای تەواوکردنی خوێندنەکە دەبێت بۆ نێو ئەشکەوتەکە بگەڕێتەوە. کاروباری نێو ئەشکەوتەکە و جەنگ بگرنە دەست. لەم ڕووەوە لە ئەزموونودا لەوانی دیکە کەمتر نابن. بەڵام بۆ ئەم کارەش دەبێت تاقی بکرێنەوە. پێویستە بزانین تاکو چ ڕادەیەک لەبارن.

ئەم کارە چەند دەخایەنێت؟
پانزە ساڵ. لەم حاڵەتەدا ئەوانەی لەتاقی کردنەوەکاندا سەردەکەون تەمەنیان پەنجاساڵە و لە ژیانی کردەکی و بیرکردنەوەدا سەرکەوتوون. دەبێت تیشکی دەروونیان بە دەرەوە بگەیەنن. پاش ناسینی چاکە پیویستە لەسەریان شارەکە و هاوولاتیان بەڕێوە بەرن. هەر یەکێک لەوان زۆربەی ژیانی بە فەلسەفەوە خەریک دەکات. کاتێک سەرەی هات دەبێت دەستبداتە کاروباری ڕامیاری و فەرمانڕەوایکردنی شارەکە. پاش پەروەردەکردنی کەسانی وەکو خۆی، بۆ هەمان مەبەست، بۆ دوورگەی ئیزلێس دەڕوات و لەوێ بەڕێزەوە دەژی. ئەگەر پیتیا ڕازی بێت هاوولاتیانی شار پەیکەرێکی بۆ ڕێزلێنان بۆ دادەمەزرێنن. ئەگەر ڕازیش نەبێت ئەوا بەختەوەرانە دەژی.

سوکرات، تۆ پەیکەرێکی بێ گەرد و جوانت بۆ پیاوە فەرمانڕەواکان داتاشیوە.
ئەمە بۆ ژنانی فەرمانڕەواش دەکەین. واتێنەگەیت، کە من ئەو مافە تەنیا بە پیاو دەدەم و بە ژنی نادەم.
ڕاستە. ئەگەر لەگەڵ پیاودا یەکسان بن بەو جۆرەی باسیدەکەیت هەمان مافیان دەدرێتێ.
کەوابوو، لەگەڵما هاوڕایت لەسەر ئەوەی باسەکەمان سەبارەت ئەو شار و دەستورەی دەمانەوێ دایانمەزرێنین خۆزگەیەکی ڕووت نیە. هەرچەندە دامەزراندنیان دژوارە، بەڵام مەحاڵ نیە؟ لەو باوەڕەدای تەنیا لەو ڕێگەیەوەی باسمانکرد ئەو کاتەی فەیلەسوفێک یان چەند فەیلەسوفیک فەرمانڕەوایی دەکەن دادەمەزرێن ؟ فەیلەسوف ئارەزوومەندی ڕێزلێنان نیە و دادوەری بە بنەڕەتی و گرنگ دەبینێت هەوڵی سەقامگیرکردنی دەدات.

دروستە.
[دەوڵەت] ئەو مندالانەی تەمەنیان د ەسالانە وەردەگرێت. لە دەست بەها ڕەوشتیەکانی نێو خێزان ڕزگاریان دەکات. فێری ئەو بەها ڕەوشت و یاسایانە دەکرێن، کە لە پێشتر باسمانکردن. ئەمە بۆ دامەزراندنی شار و دەستورەکەمان، بەختەوەرکردنی هاوولاتیان و سودگەیاندن ڕێگەیەکی کورتە.
ئەوە ڕێگەیەکی خێرا و ئاسانە. بە بۆچوونی من، سوکرات، ڕوونکردنەوەکەت زۆر چاکە.
ئێستا وەڵامی پرسیارەکەت دەست کەوتوە و بە کۆتایی باسەکەمان گەیشتوین.

بەشی هەشتەم

باشە، گلاوکۆن، ئێمە لەسەر ئەم خاڵانە ڕێکەوتووین: ئەگەر بمانەوێت دەوڵەتێکی چاک دابمەزرێنین پێویستە ژن و منداڵ لە خوێندن و پەروەردەدا و لە کاتی ئاشتی و جەنگدا هاوبەشبن. فەرمانڕەواکانیش ئەو هاووڵاتیانەن، کە سەلمێنراوە لە فەلسەفە و زانستی جەنگسازییدا چاکترینن.

بەڵێ، لەسەر ئەوانە ڕێکەوتین.

بێجگە لەمە، ڕێکەوتین، کە فەرمانڕەواکان سەرکردایەتی لەشکریش دەکەن. هەموو لەشوێنێکدا پێکەوە دەژین. کەس لە ئە وان جێگەی تایبەتی خۆی پێنادرێتێ. ئەگەر لە بیرت بێت باسی ئەوەشمان کرد، کە فەرمانڕەواکان چیان هەبێت.

لەبیرمە گوتمان نابێت، وەکو فەرمانڕەواکانی ئەمڕۆ ئارەزوومەندی کەلوپەل بن و موچەیان بدرێتێ.

ڕاستە، مادامەکی بە کۆتایی باسەکەمان گەیشتوین بۆ سەر ئەو خاڵە دەگەڕێمەوە، کە لە ڕێگەکە لایداین.

ئەوە کارێکی سەخت نیە. زۆربەی کێشەکانمان سەبارەت شارەکەمان ڕوونکردۆتەوە. تۆ باستکرد، کە ئەو شارە و فەرمانڕەواکەشی چاکن. ئێستاش دەردەکەوێت شتی زۆرتر هەبێت لەسەریان بدوێیت. هەروەها گوتت، ئەگەر ئەم فۆرمی شار و فەرمانڕەوایە چاک بن، ئەوانی دیکە خراپن. ئەگەر لە بیرم بێت ئاماژەت بۆ چوار خەسڵەتی فۆرمە خراپەکان کرد. ئێمەش پێویستە ئەو فۆرمانە بناسین و هەمان کات بیدۆزینەوە کێ بۆ فەرمانڕەوایی ڕەوایە. داخۆ ئەو کەسە بەختەوەرە یان نا. پێش ئەوەی پۆلیمارکۆس و ئەدیمەنتۆس گفتوگۆکەمان ببڕن پرسیارم لە بارەی ئەو فۆرمە خراپانەوە لێکردیت.

ئەوە ڕاستە.

کەوابوو، وەکو زۆرانبازێک، جارێکی دیکە، لە شوێنی خۆتا ڕاوەستە و وەڵامی پرسیارەکەم بدەوە.

ئەگەر بتوانم.

دەمەوێ ئەو چوارفۆرمە خراپانە بناسم.

مادامەکی ناوەکانیان دەزانین ئەم کارە ئاسانە.

یەکەم، جۆرە دەستورێک هەیە، زۆرینەی خەڵک ستایشی بۆ دەکەن. بۆ نموونە دەستوری کریتان و لاکۆنتان.(45)

دووەم، لە ستایشکردنیشدا، دەکەوێتە ڕیزی دووەمەوە و بە ئۆلیگارکی ناوزەد دەکرێت و پڕە لە خراپە.

سێیەم، هەرچەندە ئەم دەستورە لەگەڵ ئۆلیگارکییدا ناکۆکە بەڵام لەوێوە سەرهەڵدەدات و دیموکراسیەتە.

چوارەمیش لە هەموویان خراپتر زۆرداریيە. ئایا بێجگە لەم چوارجۆرە چی دیکە هەیە من باسم نەکردبێت؟ دەوڵەتی بنەماڵەیی و شاهەنشاهی، کە لەنێو بەربەرییەکانیشدا هەن دەکەونە نێوان ئەم چوارفۆرمە خراپانەوە.

لەبارەی هەندێک فۆرمی فەرمانڕەوایی لەنێو گەلانی بەربەرییدا بیستومانە زۆر سەیرە.

----

(45) مەبەستی ئەفلاتون دەستوری سپارتایە. لە هەندێک وەرگێڕاندا ئەم دوو شارە بە کریت و سپارتا دانراون. (وەرگێڕ)

دەزانیت بەقەد ژمارەی خەسڵەتەکانی مرۆڤیش دەستور هەیە؟ تۆ وادەزانیت دەستورەکان لە بەرد یان داربەڕووەوە پەیدابوون و پەیوەندییان بە خەسڵەتی ئەو مرۆڤە شارییانەوە نیە، کە فەرمانڕەوایی دەکەن؟
نا، لەو باوەڕەدانیم سەرچاوەیەکی دیکەیان هەبێت.
کەوابوو، ئەگەر پێنج جۆر فەرمانڕەواییمان هەبێت پیویستە پێنج جۆر دەروونی مرۆڤیش هەبێت.
هەڵبەتە.
ئێمە ئاماژەمان بۆ فەرمانڕەوایکردنی ئەرستۆکراتیانە کرد، کە جۆرێکی چاک و دادوەرانە بێت.
ئاماژەمان بکرد.
لێرە دەبێت باسی فۆرمە کەمتر چاکەکان، ئەوانەی ئارەزوومەندی سەرکەوتن و ڕێزلێنانن، وەکو دەستوری لاکۆنیان بکەین. پاش ئەوە لەسەر ئۆلیگارکی و دیموکراسی و زۆرداری دەدوێین و خراپترینیان دەست نیشان دەکەین. لەگەڵ چاکترین فۆرمدا بەراوردی دەکەین. لەم ڕێگەیەوە دادوەری و نادادوەری تەواو دەناسین. دەزانین شوێنکەوتوانی چ فۆرمێک بەختەوەر یان نابەختەوەرن. ئەنجا بە یەکێک لە بۆچوونەکان ڕازی دەبین و شوێن تراسیماکۆس یان دۆزینەوە تازەکەمان دەکەوین.
پێویستە وابێت.
وەکو چۆن پێش دۆزینەوەی چاکەکان لە ژیانی تاکە کەسدا باسی چاکەکانی دەستورمان کرد ئێستاش دەبێت لەو دەستورە بکۆڵینەوە، کە ئارەزومەندێتی بۆ ڕێزلێنان تێدایە. لەگەڵ خەسڵەتی تاکەکاسدا بەراوردی بکەین. دوایی ڕژێمی ئۆلیگارکی و هەڵوێستی ئۆلیگارکی لە مرۆڤدا، دیموکراسی و مرۆڤی دیموکرات، دواجاریش دێینە سەر ڕژێمی زۆردارانەو مرۆڤی زۆردار.
بە دیدی من ئەوە کارێکی چاکە.
یەکەمجار ڕوونیدەکەینەوە چۆن ئەو ڕژێمەی ئارەزووی ڕێزلێنانە[تیمۆکراسی] (46) لەنێو ڕژێمێکی ئەرستۆکراسیدا سەر هەڵدەدات. ئایا هۆی گۆڕان لە دەستوردا جەنگی ناوخۆ نیە، کە دەستە و تاقمێکی گەورە دەیسەپێنن؟
دروستە.
گلاوکۆن، چۆن شارەکەمان[دەوڵەتەکەمان] گۆڕانی بەسەرداەدێت؟ چۆن جەنگی ناوخۆ لەنێو خەڵکییدا یان یاریدەدەرەکان و فەرمانڕەواکاندا هەڵدەسێت؟ دەتەوێت ئێمەش، وەکو هۆمیرۆس لە موساس بپاڕێینەوە،(47) تاکو پێمان بڵێت چۆن جەنگی ناوخۆ بۆ یەکەمجار سەری هەڵد؟ دەتوانین بڵێین تراجیدی لەگەڵماندا دەدوێن، وەکو چۆن یاری لەگەڵ منداڵدا دەکەیت ئەوانیش یاری لەگەڵ ئێمە دەکەن؟
ئەوان چ دەڵێن ؟

---

(46) لە هەندێک وەرگێراندا ئەم فۆرمە بەتیمۆکراسی Timocracy ناوزەدکراوە.

ئەم جۆرە ڕژێمە لەلایەن کاسانی دەوڵەمەندەوە دامەزرێنراوە، کە ئارەزوومەندی ڕیزلێنانن. زاراوەی(تیمۆ) لە زمانی یۆنانیدا واتای ڕێز یان بەها دەبەخشێت. ئەم جۆرە ڕژێمە لە ئەرستۆکراتیەوە(دەستەڵاتی ئەوانەی بە موڵک و خێزان بە چاکترین دادەنرێن) و ئۆلیگارکی(ڕژێمی کەمایەتی) یەوە نزیکە. (وەرگێڕ)

(47) (موساس)ەکان لە ئەفسانەی یۆنانییدا دەستەیەک خاتو خواوەندبوون، کە ژمارەیان دەگاتە نۆ. هزیۆدی شاعیر ناوی هەموویانی داوە. گوایە ئەم خاتو خوایانە هەمیشە بە کچی ماونەتەوە و شوییاننەکردوە، بەڵام هەندێک جار ئۆرفیۆس بە منداڵی یەکێک لەم موساسانە دادەنرێت. (وەرگێڕ)

ئەمە دەڵێن: شارێک بەم جۆرە دامەزرابێت هەڵوەشاندنەوەی دژوارە. بەڵام ئەوەی سەرەتای هەیە کۆتاییشی دێت. تەنانەت دەستورێکی وەکو ئەوەی ئێوە هەمیشەیی نیە و ڕۆژێک دێت لەناوبچێت. بەم شێوەیەش لەناودەچێت: لە ڕووەک و ئاژەڵدا لەش و دەروون لەنێو بارودۆخی لەباردا بەردەگرن، نەش و نمادەکەن و لەناودەچن. هەندێکیان کەم ئەوانی دیکە زۆرتر دەژین. ئێستا ئەو فەرمانڕەوایانەی پەروەردەکراون تاکو شارەکە بگرنە دەست هەرچەندە لێزان و[فەیلەسوفن] بەسەر زاوزێکردن و نەزۆکی ڕەگەزی مرۆڤدا زاڵ نابن. هەندێک جار بێ ئەوەی پێویست بێت منداڵ دروستدەکەن. بۆ منداڵ بوون بازنەیەک هەیە، کە پەیوەندی بە ژمارەوە هەیە. بۆ مرۆڤ ژمارە یەک بناخەیە چوارگۆشەشی لەسەر دادەمەزرێت و سێ دریژی و چوار چەمک، بەخۆە دەگرێت و جیاوازی و لێکچون پێکدەهێنێت. کەمکردن و زیادکردن دروستدەکات، پەیوەندی و گونجاندنی، نێوان شتەکان دروستدەکات. لە نێو توخمەکاندا ئەگەر چوار و سێ بخرێنە سەر پێنج، دوو هارمۆنی دروستدەکەن؛ یەکەمیان چوارگۆشەیە، کە سەدجار گەورەیە. ئەوەی دیکە بەقەد ئەو درێژە و لاکێشەیە. لایەکی سەدی دووجایەئەگەر لەسەر تیرەکەی (پێنج) یان (دووی لێدەرکەیت). لاکەی دیکەی سەد، شاقوڵی سێیە. ئێستا ئەو ژمارەیە شێوەیەکی ئەندازیاری دروستدەکات، کە دەست بەسەر باشی و خراپی منداڵ بوون دەگرێت. ئەگەر فەرمانڕەواکانمان نەزان بن ژن و پیاو بۆ مەبەستی منداڵ بوون لە کاتی نا لەباردا جووت بکەن منداڵەکان خراپ دەردەچن. هەرچەندە چاکترین منداڵ بۆ فەرمانڕەوایی هەڵدەبژێردرێت، هێشتا شیاوی ئەوە نیە جێگەی باوکی بگرێتەوە و فەرمانڕەوایی بکات.(48) کاتێک ئەم منداڵانە دەستەڵات دەگرێتە دەست، ناتوانێت بەتەواوی فەرمانڕەوایی بکات و ئاگای لە ئێمە بێت. خۆشەویستیان بۆ مۆسیقا و هۆنراوە کەمدەبێتەوە و گوێ بە وەرزش نادەن. لەبەر ئەمە لاوەکانمان لەم ڕووەوە نەزان دەردەچن. ئەم فەرمانڕەوایانە لە دۆزینەوە و ناسینی ئەو کاتانەدا هاوولاتیانی لێدروست بووە، وەکو هزیۆد دەڵێت؛ زێڕ، زیو، مس و ئاسن سەرکەوتو نابن. ئاسن و زیو یان مس و زێڕ تێکەڵدە کەن و نایەکسانی و لێکنەچوون سەرهەڵدەدەن، کە دەبن بە هۆی سەرهەڵدانی ڕق و کینە و جەنگ. موساس باسی ئەم هۆیەی[بۆ جەنگی ناوخۆ] کردوە و ئەمەش وەڵامی پرسیارەکەتە.

ئێمەش گوتەکەی موساس پەسەند دەکەین.

پێویستە، چونکە موساس خواوەندە.

پاش ئەوە موساس چ دەڵێت؟

کاتێک جەنگی ناوخۆ هەڵدەگیرسێت، ئاسن و برۆنز دەستورەکە بۆ مەبەستی پارە پەیداکردن و ماڵ و زەوی داگیرکردن بەلای خۆیاندا ڕادەکێشن. زێڕ و زیویش، کە لە بنەڕەتەوە هەژار نین و خاوەنی دەروونێکی تێر و دەوڵەمەندن، دەستورەکە بەرەو چاکە و سەقامگیرکردنی سیستەمەکەی پێشو دەبەن. ئەم دوو لایەنە لەگەڵ یەکدیدا دەکەونە مشتومڕ وناکۆکییەوە، تاکو هەردوولایان لەسەر زەوی و ماڵ ڕێدەکەون. زۆر لە مرۆڤە ئازادەکان تەنانەت هاوڕێکانیان دەکەن بە کۆیلە و خزمەتکاری خۆیان. خۆشیان بۆ جەنگ دژی یەکدی و چەوسێنراوەکان ئامادە دەکەن.

ئەم گۆڕانە پاش جەنگەکە ڕوودەدات.

----

(48) مەبەست لە باوکی نەوەکەی پێشو ترە، کە فەرمانڕەوایی دەکات چونکە ئەفلاتون باوەڕی بە چەمکی باوکایەتی بەو جۆرەی لە خێزاندا بەکاردێت نیە. (وەرگێڕ)

ئایا ئەم جۆرە ڕژێم و دەستورە ناکەوێتە نێوان ئەرستۆکراسی و ئۆلیگارکییەوە؟
دروستە.
پاش گۆڕانەکە چۆن بەڕێوەدەچێت؟ لەو باوەڕەدانیت، کە مادامەکی دەکەوێتە نێوانەوە سود لە ئەرستۆکراسی و ئۆلیگارکی وەردەگرێت، هاوکات خەسڵەتی خۆشی هەیە، کە وونی ناکات؟
ڕاستە، وایە.
فەرمانڕەواکان ڕێزیان بۆ دادەنرێت: سەبازەکان پیشەی جوتیاری و کرێکاری ناگرنە دەست. هەموو پێکەوە دەخۆن و مەشقی سەربازی دەکەن تاکو بۆ جەنگ ئامادەبن؛ ئایا لەم ڕووەوە دەستورەکە لە ئەرستۆکراتی ناچێت؟
وایە.
لەلایەکی دیکەوە، لەبەر ئەوەی فەیلەسوفەکان، وەکو جاران سادە نین و دەروونیان پڕ بووە لە شتە تێکەڵاوەکان بۆ فەرمانڕەوایی جێگەی بڕوانین. پاش ئەم گۆڕانە دەروونییە زۆرتر بیر لە جەنگ و دۆزینەوەی فێڵ بۆ بردنەوەی جەنگ نەک سەقامگیرکردنی ئاشتی دەکەنەوە، ئەم جۆرە دەستورە شتێکی سەیر نیە؟
سەیرە.
هەروەها، خەڵکی نێو ئەم جۆرە شارە[دەوڵەتە]، وەکو کەسانی نێو ڕژێمی ئۆلیگارکی حەزیان لە پارەیە. لە ژێرەوە زۆر ئارەزوومەندی کۆکردنەوەی زێڕ و زیون. شوێنی تایبەتی نهێنیان بۆ پارە و زێڕەکانیان دروستکردوە. بە دەست بڵاوییەوە بۆ ژن یان ئەو شتانەی حەزی لێدەکەن پارەکەیان خەرجدەکەن.
ڕاستە.
ئەم جۆرە کەسانە دڵیان نایەت پارەی خۆیان خەرجبکەن. دەیانەوێ پارە و ماڵی کەسانی دیکە بخۆن و حەز و خۆشییان لێداگیربکەن. وەکو ئەو منداڵەی لەژێر دەستی باوکی هەڵدێت و ڕادەکات ئەمانیش لە لێپرسینەوەی یاسایی ڕادەکەن. بایەخ بە گفتوگۆ و فەلسەفە نادەن. ، حەز لە خوێندن ناکەن و دەبێت بە زۆریش فێرکرێن. وەرزشیش لەسەر و مۆسیقا و هۆنراوەوە دادەنێن.
ئەو دەستورەی لێرەدا باسیدەکەیت لایەنی چاک و خراپیشی هەیە.
بەڵێ، هەردوو لایەنەکەی هەیە. بەڵام لایەنێک لە هەموو لایەنەکانی دیکە زۆرتر بە زەقی تیایدا دەردەکەوێت، ئەویش حەزکردنە لە سەرکەوتن و ڕێزلێنان.
زۆر ڕاستە.
ئەمەش شێوەو سەرچاوەی ئەم جۆرە دەستورەیە. ئێمەش هەموو خەسڵەتەکانیمان ڕوونەکردۆتەوە. بەڵام توانیومانە لە باسکردنەکەدا جیاوازییەکانی نێوان لایەنەکانی دادوەری و نادادوەری بناسین. هەمان کات، ڕوونکردنەوەی خەسڵەتەکانی هەموو دەستورێک بە وردی درێژخایەنە.
ڕاستە.
کێ هەیە ئەم دەستورە بەرقەرار بکات؟ ئەو کەسە چۆن پەیدا دەکرێت و چ جۆرە کەسێکە؟ ئەدیمەنتۆس گوتی: وابزانم ئەو کەسە گلاوکۆنە چونکە حەزی لە سەرکەوتنە. من گوتم، لەوانەیە ئەو بێت، بەڵام لەم باوەڕەدانیم گلاوکۆن ئەم خەسڵەتەی هەبێت.
چ خەسڵەتێک؟
ئەو کەسە، ملهوڕە و کەم حەزی لە مۆسیقا و هۆنراوەیە. لەگەڵ ئەوەشدا واخۆی دەردەخات، کە حەزیان لێدەکات. دەیەوێت بەشداری گفتوگۆکان بکات بەڵام گوتە بێژێکی چاک نیە. وەکو خوێندەواریک مامەڵە

لەگەڵ کۆیلەکانیدا ناکات. بەرانبەریان دڵ ڕەقە. لەگەڵ مرۆڤی سەربەستدا نەرمە و مل کەچی فەرمانڕەواکانە. حەزی لە ڕێزلێنان و فەرمانڕەواییشە. بۆ فەرمانڕەوایش خۆی بە کەسێکی لێهاتوو دادەنێت، نەک لەبەر ئەوەی زانا و قسەزانە بەڵکو ڕاوچی چاکە و شارەزایی لە جەنگدا هەیە.
بەڵێ، ئەوانە خەسڵەتەکانی ئەو کەسەن.

لەبەر ئەوەی ئەو کەسە لە دەروونیدا جۆرە حەزێکی بۆ پارە هەیە هەرچەندە بە لاوی ئەو حەزە دەرناخات و خۆی نیشاندەدات ڕقی لەپارە بێت، کە گەورە بوو یان چووە تەمەنەوە هەوڵی پارە کۆکردنەوە دەدات. ئایا ئەمە لەبەر ئەو هۆیە نیە، کە ئەو کەسە نەیتوانیوە ببێت بە فەرمانڕەوایەکی چاک؟
ئەدیمەنتۆس گوتی: ئەو فەرمانرەوا چاکە چیە؟
ئەو کەسەیە تیایدا هۆش، مۆسیقا و هۆنراوە تێکەڵبوون.
ئەوە شتێکی چاکە.
لاوێکی تیمۆکراسی، وەکو ڕژێمە تیمۆکراسییەکەیە.
بە تەواوی دروستە.
ئەو لاوە بەم جۆرەش پەیدادەبێت: ئەو کوڕی باوکێکی چاکە لە شارێکدا دەژی، کە ڕژێمێکی چاک بەڕێوەی نابات. ئارەزووی لە ڕێزلێنان و فەرمانبەری و دادگایی نیە. خۆی لە کاروباری خەڵکی هەڵناقورتێنێ، تاکو توشی کێشە نەبێت.
چۆن دەبێت بە تیمۆکراتی؟
کەسایەتی ئەم لاوە لەو کاتەوە دروستدەبێت، کە گوێی لە بۆڵە و گلەیی دایکی دژی باوکی دەبێت. گوایە مێردەکەی، وەکو مێردی ژنانی دیکە فەرمانبەر نیە و دەستی ناڕوات. وەکو پیاوەکانی دیکە حەزی لە پارە نیە و بێدەنگە. گوێ بە مشتومڕ و دەستەڵات نادات. مێردەکەی ڕێز لە بیروباوەڕی ژنەکەی ناگرێت. لەبەر ئەمە لای کوڕەکەی گلەیی دەکات و دەڵێت باوکی نیوەپیاوە، لەگەڵ دایکیا باش نیە.
ئەدیمەنتۆس گوتی: ئەو ژنانە گلەیی زۆریان هەیە.
بەڵێ، تەنانەت خزمەتکاری ئەم جۆرە پیاوانەش بە دزییەوە ئەو گلەییانە لە بەردەم کوڕیماڵەکەدا دەکەن. کاتێک باوکەکە سزای کەسێک نادات، کە قەرزەکەی نەداتەوە یان خراپەیەکی بەرانبەر کردووە هانی کوڕەکەی دەدەن تۆڵە بسەنێت، وەکو باوکی دڵ نەرم نەبێت. کوڕەکە لە دەرەوەش هەمان شت دەبیستێ و دەبینێت؛ ئەوانەی دڵسۆزن بە گەمژە و کەسانی ملهوڕ و خۆتێهەڵقورتێنەریش خەڵات دەکرێن و ڕێزیان لێدەگیرێت. هەروەها، گوێ لە باوکیشی دەگرێت. دەبینێت ئەو چۆن دەژی و لەگەڵ ژیانی کەسانی دیکەدا بەراوردی دەکات. ئەم دوو [هێزە] لاوەکە بەلای خۆیاندا ڕادەکێشن. باوکی دەبێتە مایەی گەشەکردنی هۆشی و کەسانی دیکەش مایەی گەشەکردنی ئارەزووەکانی. لەبەر ئەوەیخۆی بە سروشت خراپ نیە و کەوتۆتە نێو کەسانی خراپەوە بەلای یەکێک لەم دوولایەنەدا بەتەواوی ناڕوات و لەنێوان هەردووکیاندا دەمێنێتەوە. حەزی بۆ سەرکەوتن و ڕێزلێنان پەرەدەسێنێت.
بەبیروڕای من زۆرچاک ئەم کێشەیەت ڕوونکردۆتەوە.
باشە، ئێستا دێمە سەر دەستوری دووەم و جۆری دووەمی مرۆڤەکەش،[کە شوێن ئەو دەستورە دەکەوێت]. پێویست دەکات لەگەڵ ئەسخیلۆسدا بڵێین، ئەمجارە باسی مرۆڤەکەدەکەین، کە لە شارەکەی دەچێت یان بەگوێرەی نەخشەکەی خۆمان لە پێشدا لەسەر جۆری ڕژێمی شارەکە بدوێین؟

بەگوێرەی نەخشەکەمان درێژە بە باسەکەمان دەدەین.
وابزانم ئەوەی لێرەدا پێویستە لەسەری بدوێین ئۆلیگارکییە.
بەڵێ، باسی ئەو دەستورە دەکەین، کە لەسەر موڵکداریێتی دادەمەزرێت. دەوڵەمەندەکان فەرمانڕەوایی دەکەن و هەژارەکان تیایدا لە دەستەڵات بێبەریدەکرێن.
من تێدەگەم.
پێویست ناکات بزانین چۆن تیمۆکراسی دەبێت بە ئۆلیگارکی؟
پێویستە.
دڵنیام، کوێرێکێش ئەم گۆڕانە دەبینێت.
چۆن گۆڕانێک؟
خەزێنەی دەوڵەت پڕ دەبێت لە زیڕ و ڕژێمەکە دەڕوخێنێت. یەکەم، فەرمانڕەواکان دەکەونە خەرج کردنی خەزێنە بۆخۆیان و بەگوێرەی ئەوەش یاسا دادەنێن. دوایی خۆیان و ژنەکانیان سەرپێچی یاساکە دەکەن.
دروستە، ئەوە دەکەن.
فەرمانڕەواکان چاو لە یەکدی دەکەن و هەموو دەکەونە پارەخواردن.
وایە.
لەوێوە بیر لە کۆکردنەوەی پارە دەکەنەوە. چەند پارەشیان خۆش بوێت ئەوەندەش لە چاکەکردن دووردەکەونەوە. لەو باوەڕەدانیت، کە پارە و چاکە دووشتی جیاوازبن؟ لەسەر دوو تای تەرازو جیاواز ڕاوەستن؟
ڕاستە.
ئەگەر لە شارێکدا ڕێز لە دەوڵەمەند و پارە بگیرێت چاکە و کەسانی چاک کەمتر دەبینرێن.
ڕاستە.
کەوابوو، لە ئاکامدا ئارەزوومەندانی سەرکەوتن و ڕێزلێنان دەبن بە پارەپەرست. حەز لە کەسانی دەوڵەمەند دەکەن. دەیانەوێ دەوڵەمەندەکان فەرمانڕەوایی بکەن و ڕێز بۆ هەژاران دانانێن.
بەدڵنیاییەوە.
ئایا جۆرە یاسایەک دروستناکەن، کە لەگەڵ دەستوری ڕژێمەکەدا بگونجێت؟ یاسایەک پەیوەندی بە موڵک و سامانەوە هەبێت؟ هەروەها، یاساکەش بە زۆر لە ڕێگەی هێزە چەکدارەکەیانەوە یان چاوترس کردنی خەڵکی دەسەپێنن. ئایا ئەوە ناکەن؟
بێگومان وایە.
بەگشتی، ئەم دەستورە بەم جۆرە بەرقەرار دەبێت.
بەڵێ، بەڵام چ خەسڵەتێکی هەیە؟ لایەنە خراپەکانیشی چین؟
یەکەمجار، بۆ پێناسەکردنی بنەڕەتی یەک شت هەیە. ئایا کەشتییەك دەدرێتە دەست دەوڵەمەندێک لەبەرئەوەی دەوڵەمەندە، بەمەرجێک لەبارەی کەشتیەوانیەوە، هیچ نازانێت؟ کەشتیەوانێکیش لەبەر ئەوەی هەژارە ئاوەری لێنەدرێتەوە؟

دڵنیام، دەوڵەمەندەکە بە باشی کەشتیەکە بەڕێوە نابات.
منیش وادەڵێم.

ئایا ئەم نموونەیە بۆ [بە ڕێوەبردنی] شاریش دەبێت؟
دەبێت.
کەوابوو، ئەوە خراپترین لایەنی ئۆلیگارکییە.
دیارە وایە.
لەبارەی لایەنی خراپی دووەمەوە چ دەڵێیت؟ ئایا لەلایەنی یەکەم بچوکترە؟
ئەو لایەنە چیە؟
ئەو شارە لەخۆیدا دوو شارە: شاری دەوڵەمەندەکان و شاری هەژارەکان. ئەم دوو شارەش هەمیشە لەنێو ناکۆکیدان و دژی یەکدی کاردەکەن.
بەخوا ئەم لایەنەش بەقەدەر لایەنی یەکەم خراپە.
ئەم لایەنەش لەوانەی پێشو باشتر نیە. ئەویش لاوازی ئەم ڕژێمەیە لە ئاستی هەڕەشەکردنی جەنگدا. بۆ جەنگ پێویستیان بە خەڵکێکی زۆرە چەکدار بکرێن. ئەمەش بۆ فەرمانڕەواکان دەبێتە مەترسیەکی گەورە، کە بە ژمارە کەمن. هەروەها فەرمانڕەواکان پارە پەرستن. نایانەوێ پارە بۆ جەنگ خەرج بکەن.
بێگومان، ئەوەش لایەنێکی خراپە. ئەی لەبارەی خۆتێهەڵقورتانیان لە کاروباری کەسانی دیکەدا چ دەڵێیت؟ ئایا بەگوێرەی ئەم دەستورە ئەوانەی جوتیارن بۆیان نیە بازرگانی و سەربازیش بکەن؟ تۆ ئەمە بەدروست دادەنێیت؟

نەخێر، دروست نیە.
ئێستا با بزانین ئەم دەستورە یەکەمین خراپەی لێوە دەرچێت یان نا؟
ئەوە چیە؟
دەشێت کەسێک هەرچیەکی هەیە بیفرۆشێ و بچێت بۆ شارێک و بەبێ ئەوەی پەیوەندی بەو شارەوە هەبێت لەوێ هەژارانە بژی و هیچ کارێکیش نەکات. نەتوانێ ببێت بە بازرگان، پیشەساز، ئەسپ فرۆش یان چەک فرۆش.
ئەوە کارێکی خراپە.
ڕژێمی ئۆلیگارکی ڕێگە لەم جۆرە کارە ناگرێت چونکە لەنێو ئەم ڕژێمەدا دوو کۆمەڵی جیاواز هەن؛ دەوڵەمەند و هەژار.
ڕاستە.
ئێستا بیر لەمەش بکەوە: ئەو کەسەی شتەکانی خۆی فرۆشت و ئێستا هیچی نیە، ئایا لەپێشتر، کە خاوەن سامان و موڵک بوو، سودی زۆرتری بۆ شارەکەی هەبوو؟

یەکێک بوو لە هاووڵاتیان ، بەڵام هیچ ڕۆڵێکی نەبوو.
دەتوانین بەو نێرەهەنگەی دابنێین، کە خۆی لە شانەکەدا حەشاردەدات و هیچ کارێک ناکات؟
سوکرات، ئەوە زۆر ڕاستە.
ئایا خوا هەندێک نێرەهەنگی بە باڵ و بێ چزو بۆ پێوە دان و ئەوانی دیکەی بێ باڵ و چزودار دروست نەکردوە؟ ئەوانەی بێ چزون لەتەمەنی پیریدا نابن بە سواڵکەر، چزودارەکانیش خراپەکەر؟
بەتەواوی وایە.
ئاشکراشە لەشارێکدا سواڵکەر هەبێت دز و گیرفانبڕ و خراپەکەریش پەیدادەبن.

ئاشكرايە.
لەو شارانەدا، کە ڕژێمی ئۆلیگارکییان تێدا سەقامگیر بووە چۆنە؟ ئایا سواڵکەریان تێدایە؟
بێجگە لە فەرمانڕەواکان هەموو ئەوانەی تیایدا دەژین سواڵکەرن.
لەو باوەڕەدانیت کەسانی تێدابێت چزویان بۆ پێوەدان هەبێت، خراپەکەربن و فەرمانڕەواکان دەستەڵاتیان بەسەردا گرتبن؟
لەو باوەرەدام هەن.
ئایا هۆی ئەوە نەبوونی پەروەردە یان پەروەردەکردنێکی خراپ و دەستورە خراپەکەیە؟
بەڵێ.
کەوابوو، ڕژێمی ئۆلیگارکی ئەم لایەنە خراپانە و زۆری دیکەشی هەیە، کە ئێمە باسماننەکردوون.
منیش لەو باوەڕەدام ئەم لایەنە خراپانەی هەیە.
لێرەدا، لەمە زۆرتر لەسەر ئۆلیگارکی ئەو ڕژێمەی فەرمانڕەواکانی دەوڵەمەندن و دەستەڵاتیان بە موڵک و سامانیانەوە بەستراوە نادوێین. لەو کەسە دەکۆڵێنەوە، کە دەبێت بە فەرمانڕەوا. هەوڵدەدەین بزانین چ جۆرە کەسێکە و چۆن فەرمانڕەوایی دەگرێتە دەست.
باشە.
ئایا گۆڕانەکە لە تیمۆکراتەوە بۆ ئۆلیگارک بەم شێوەیە ڕوودەدات.
چ شێوەیەک؟
کوڕی باوکێکی تیمۆکرات شوێن پێی باوکی دەکەوێت. لەپڕ دەبینێت باوکی دژی شارەکەیە، وەکو کەشتیەوانێک کەشتیەکە بە بەردەلانی و کەناری دەریادا دەکێشێ. کەشتیەکە و هەرچی تێدایە بە خۆیەوە نووقم دەبن. لەوانەیە ئەو باوکەش جەنڕاڵێکی گەرە یان فەرمانبەرێک بووبێت، کە لە دادگادا گەواهی درۆیان لەسەر داوە و حوکمی مردن یان دوورخستنەوەی لەسەر دراوە یان مافی یاسایی لێسەندراوەتەوە و موڵک و سامانی داگیرکراوە.
لەوە دەچێت.
کوڕەکەی ئەمانە دەبینێت. خەم دەخوات، هەرچیەکی هەیە و دەڕوات و لە ژیانی خۆی دەترسێت. لەم حاڵەتەدا، لەژێر باری ئەم ژیانەدا گۆڕانی بەسەردا دێت. ژیانی هەژاری هانیدەدات بۆ پارەپەیدا کردن کاربکات و کۆیکاتەوە. لەو باوەڕەدانیت ئەم کەسە ئارەزووی بۆ بازرگانی و پارە پەیداکردن هەبێت، تاج بکاتەسەری و بە کڵاوی زێڕین و تەوقەو شمشێری فارسییەوە بیڕازێنێتەوە؟
لەو باوەڕەدام.
هۆش و بەشەکانی دیکەی دەروون بە نزمتر لە ئارەزووەکانی دادەنێت و دەیانکات بە کۆیلە. هۆش تەنیا بۆ پارە پەیداکردن و کۆکردنەوە بەکاردەهێنێت. ڕێگەی دەداتێ ڕێز بۆ موڵک و موڵکدارەکان دابنێت. ئەم گۆڕانە لە خۆشەویستی بۆ ڕێزلینانەوە بۆ پارە پەیداکردن ڕوودەدات. ئایا ئەم کەسە نەبووە بە ئۆلیگارک؟
بەدڵنیاییەوە، بووە بە ئۆلیگارک و لەوەش دەچێت چۆن دەستوری ئۆلیگارکی هاتە کایەوە.

با لەگەڵ دەستوری ئۆلیگارکییدا بەراوردی بکەین؟
باشە.
ئایا لێکچونەکەیان لەپێش هەمووشتێکەوە لەوێدا نیە، کە هەردووکییان بایەخێکی زۆر بە پارە دەدەن؟

هەڵبەتە.
دووەمیش، وەکو کەسێکی ڕەزیل بەگوێرەی پێویستیەکەیان پارە خەرج دەکەن، حەز و ئارەزووەکانی دیکەیان خەفە دەکەن.
ڕاستە.
سود لە هەموو شتێک وەردەگرن و دەیشارنەوە و زۆرینەی لێ بێبەری دەکەن. ئەم جۆرە کەسانە و دەستورە ئۆلیگارکین؟
منیش لەگەڵتام. پارە بۆ کەسێکی ئۆلیگارک و ڕژێمەکەشی گرنگە.
لەو باوەڕەشدام، ئەم جۆرە کەسە بایەخ بە پەروەردە و فێربوون نادات.
منیش هامان بۆچوونم هەیە. ئەگەر بایەخ بە فێربوون بدات کوێرێک لەپێش کۆرسەکەوە بۆ گۆرانی گوتن دانانێت و ئەوەندەش ڕێزی لێناگرێت. (49)
باشە. بیر لەمەش بکەوە: لەبەر ئەوەی ئەم کەسە پەروەردەنەکراوە، ئایا دەتوانین بڵێین ئارەزووەکانی هەڵوێستی سواڵکەرانە و خراپەکاریشی تێدایە بەڵام خۆیان دەرنەخستوە؟
بەدڵنیاییەوە.
دەزانیت لە کوێدا ئەو هەڵوێستانە دەردەکەون؟
لە کوێ ؟
لەوێدا، وەکو پاسەوانی پەرستگای ئۆرفن هەلێکی گەورەی بۆ ڕێدەکەوێت خراپە بکات.
ڕاستە.
ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت، کە هەرچەندە بە کەسێکی چاک و دادوەر ناسراوە، ڕاست نیە و هێشتا لایەنە خراپەکەی خۆی دەرنەخستوە؟ ئەو خۆی نەگەیشتۆتە ئەو ڕازی بوونەی خراپە نەکات. لایەنە خراپەکانی خۆی لەناوبەرێت، بەڵکو لە ترساندا یان زۆری لێکراوە دەریاننەخات.

ڕاستە.
ئەم جۆرەکەسانە، وەکو نێرەی هەنگ بەسەر پارە و ماڵی کەسانی دیکەوە دەژین.

وایە.
ئەم جۆرە کەسانە لە جەنگی دەروونیدا دەژین. لە ناوەوە دوو کەسن. بەڵام ئارەزووە چاکەکانی لایەنە خراپەکانی شاردۆتەوە.
ڕاستە.
لەبەر ئەمە، ڕێزی بۆ دادەنرێت. بەڵام خۆی لە ناوەوە کەسێکی چاک نیە.
لەو باوەڕەدام وابێت.
بێجگە لەمە، ئەم کەسە ڕەزیلە، لە پێشبڕکێ کردندا بەرەو سەرکەوتن هەژارە چونکە ئامادە نیە پارە لە پێشبڕکێ کەدا بۆ ناودارێتی خۆی خەرج بکات. لە دەست بڵاوی دەترسێت، وەکو ئۆلیگارکییەک کەم خەرج دەکات. لەبەر ئەمە دەدۆڕێت بەڵام بە دەوڵەمەندی دەمێنێتەوە.

---

(49) لە ئەفسانەی یۆنانییدا پلوتۆس، کە خوای مۆڵک و پارەیە کوێرە. ئەفلاتون ناڕاستەوخۆ ئاماژە بۆ ئەم خوایە دەکات. (وەرگێڕ)

ڕاستە.
پێویستە گومان لە لێکچون لە نێوان مرۆڤە ڕەزیلەکە و ڕژێمی ئۆلیگارکیدا بکەین؟
نەخێر، ئەوە جێگەی گومان نیە.
دەردەکەوێت باسەکەمان لە بارەی ئۆلیگارکییەوە کۆتایی پێهاتبێت. ئێستا دێینە سەر دیموکراسیەت. چۆن ئەم ڕژێمە دێتەکایەوە؟ خەسڵەتەکانی چین؟ هەروەها باسی مرۆڤێکی دیموکراتیش دەکەین، کە لەو ڕژێمە دەچێت. ئەمەش بەردەوامییە لە باسەکەماندا.
باشە، گۆڕان لە ئۆلیگارکییەوە بۆ دیموکراسیەت چۆن ڕوودەدات؟ ئایا بۆ مەبەستی دەوڵەمەندبوونی شارەکە نیە؟
چۆن؟
فەرمانڕەواکان، کە دەوڵەمەندن یاسایەک بۆ ڕێگرتن لە پارە خەرج کردن لە بەردەم لاواندا دروستناکەن چونکە ماڵ وێران بوونی لاوان سودی ئەوانی تێدایە. ئەوان قەرز بە لاوان دەدەن، سود لەسەر قەرزەکەش دادەنێن. بەم جۆرە خۆیان دەوڵەمەندتر دەکەن.
دروستە، ئەوە دەکەن.
لێرەدا ناکرێت خۆشەویستی بۆ پارە و مامناوەندێتی لە شێوەی ژیان گوزەراندا هاوتەراز بکرێن. لایەنێکیان دەبێت لەوی دیکە نزمتر بێت.
ڕاستە.
لە ڕژێمی ئۆلیگارکییدا لەبەر ئەوەی گوێ بەڕادەی خەرج کردن نادرێت، زۆرجار دەوڵەماندێک تیایدا دەبێت بەسواڵکەر.
وایە.
ئەم جۆرە کەسانە بێکار لە شارەکاندا دادەنیشن و چەکیان پێیە، چزویان بۆ پێوەدانیش هەیە. لەبەر ئەوەی دەوڵەمەند نین، موڵکەکانیان لەدەستداوە یاساش پارێزگارییان ناکات. بە ڕق و کینەوە دەڕواننە دەوڵەمەندەکان[فەرمانڕەواکان] و حەزیان لە شۆڕشکردنە.
ڕاستە.
بازرگانەکانیش خۆیان لە ئاستی ئەو کەسانەی ژیانیان ڕووخاوە کوێردەکەن و هەوڵدەدەن بە قەرزدان ژیانی ئەوانەش بشێوێنن، کە بەرگرییان کردوە. ڕێژەی سودەکەیان بەرزدەکەنەوە و ژمارەیەکی گەورە لە کۆمەڵەکە دەکەن بەنێر هەنگ و سواڵکەر.
بێگومان ڕاسیە.
ئاگری ئەم خراپەیە دەکەوێتەوە و ئامادەبوونیان بۆ کوژانەوەشی دەرناخەن. نایانەوێت لە ئاستی ئەوانەدا ڕێگە گربن، کە پارەکانیان بە دەست بڵاوییەوە خەرج دەکەن و هەموو شتێک دەدۆڕێنن. چارەسەرێکی دیکەش نادۆزنەوە.
چ چارەسەرێک؟
ئەوەی زۆر لە هاوولاتیان دەکات بە خۆیاندا بچنەوە: یاسایەک دابنرێت بۆ ڕێکەوتن لەسەر قەرزوەرگرتن، کە زۆر لە قەرز وەرگرەکە نەکات و مەترسی قەرزکردننیش ڕوونبکاتەوە. لێرەدا دەتوانین لایەنی خراپی ئەم جۆرە بازرگانیە کەم بکەینەوە.

ئەوە یاسایەکی چاکە.
بەو شێوەیەی ڕوونمانکردەوە فەرمانڕەواکان مامەڵە لەگەڵ هاووڵاتیان دەکەن. بەڵام بۆ خۆیان و منداڵەکانیان ژیانێکی خۆشیان دامەزراندوە. لە ئاستی خۆشی و ناخۆشی دەروونی و جەستەییدا لاوازن و تەمەڵیشن.
هەڵبەتە.
ئایا ئەم دەوڵەمەندانە، بەپێچەوانەی هەژارەکانەوە، بێجگە لە پارەپەیداکردن بیر لە هیچی دیکە دەکەنەوە؟
نەخێر.
کاتێک فەرمانڕەوا و فەرمانڕەواییکراوەکان لە گەشتێکدا، لەسەر کەشتیەک یان لەنێو ئوردوگایەکدا یەکدی دەبینن لەیەکدی دەترسن؟ ئایا هەژارەکان بەڕقەوە تەماشایان ناکەن؟ کاتێک مرۆڤە هەژارە سیس و ڕەش هەڵگەڕاوەکەی بەر خۆر لە جەنگدا شان بە شانی دەوڵەمەندێکی قەڵەو شەڕدەکات، کە لەبەر سێبەر گەورەبووە بیرلەوە ناکاتەوە ئەم مرۆڤە دەوڵەمەندە لە ڕێگەی چەوساندنەوەی هەژارەکانەوە بەو پلەیە گەیشتوە؟ ئەو کاتەی هەژارەکان پێکەوە دادەنیشن ناڵێن، کە " ئەم مرۆڤانە لە ژێر بەزەیی ئێمەدان و بە کەڵکی هیچ نایەن " ؟

لەو باوەڕەدام ئەوە ڕوودەدات.
کەوابوو، وەکو چۆن لەشتێکی سیس و لاواز بە نەختێک[سەرما] نەخۆشدەکەوێت، ئەم جۆرە شارە بە بیانویەکی بچوک جەنگی ناوخۆ تیایداهەڵدەگیرسێت. پێویستی بە دوژمن نیە لە دەرەوە پەلاماری بدات و بیروخێنێت.
بەتەواوی وایە.
لەو باوەڕەدام دیموکراسیەت پاش سەرکەوتنی هەژارەکان و کوشتن و دەرکردنی نەیارەکانیان لە شارەکەدا سەرهەڵدەدات. لەم ڕێگەیەوە بەگوێرەی دەستورەکەشیان هەموو هاووڵاتیان بە یەکسان دادەنرێت و فەرمانڕەواش لەلایەن زۆرینەوە هەڵدەبژێرێت.
بەڵێ، دیموکراسیەت بەم شێوەیە دادەمەزرێت. زەبریش بەکاردێت چونکە لایەنە نایارەکە لە دەرکردن دەترسێت.
هاووڵاتیان لەنێو ئەم ڕژێمەدا،چۆن دەژین؟ چ جۆرە دەستورێکیان هەیە؟
دڵنیام، مرۆڤی سەر بەو ڕژێمە کەسێکی دیموکراتە.
پێش هەمووشتێک، ئایا هاووڵاتیان [لە ژێر سایەی ئەو ڕژێمەدا] سەربەستن؟ سەربەستی بیروڕادەربڕینیان هەیە؟ دەتوانن ئەوەی دەیانەوێت بیکەن؟
دەبێت وابێت.
ئەگەر ئەم سەربەستیەیان هەبێت بە ئارەزووی خۆیان ژیان بەڕێوە دەبەن.
وایە.
لەنێو ئەم ڕژێمەشدا هاووڵاتیان وەکو یەکدی نین و سروشتی جیاوازیان هەیە؟
هەڵبەتە.
ئەم ڕژێمە دەردەکەوێت جوانترین بێت. بە نەخش و نیگاری، جۆراو جۆر ڕازابێتەوە چونکە ئەو کەسانەی تێدا

دەژی خاوەنی سروشتی جیاوازن. هەر کەسێک لە دوورەوە ئەم شارە ببینێت بە جوان و ڕازاوە دێتە بەر چاوی.
ڕاستە.
ڕژێمێکی لەوە باشتر نیە.
بۆچی وا دەڵێیت؟
لەبەر ئەوەی سەربەستی هاوولاتیان مسۆگەر دەکات. لەوە دەچێت بە دڵی خۆت بازاڕ دەستورێک بکڕیت. دڵنیام بە دڵی خۆت دەستورەکەت دەستدەکەوێت.

لەم شارەدا مەرج بۆ فەرمانڕەوایی نیە. تەنانەت ئەگەر تەوانای فەرمانڕەوایشت نەبێت یان بتەوێ فەرمانڕەوایی بگریتە دەست، بەشداری جەنگ بکەیت یان نا، بەستراون بە حەزی تۆوە. هیچ داوایەکی یاساییش ڕێگەگر نیە ئەگەر تۆ بتەوێت لە فەرمانڕەواییدا بەشداربیت. ئایا ئەم ژیانە خۆش نیە؟

بە ڕاستی خۆشە ئەگەر بەردەوام بێت.
لەبارەی بێدەنگی تاوانبارەکانەوە چ دەڵێیت؟ ئەوانەی ئەم ڕژێمە فەرمانی کوشتن و دوورخستنەوەیانی داوە. نابینیت وەکو قارەمانێکی نەناسراو بێدەنگ دێن و دەچن کەس بیریان لێناکاتەوە؟
بەڵێ، دەیانبینم.
لەبارەی لێبوردنەوە چ دەڵێیت؟ ئێمە لە دامەزراندنی شارەکەماندا ئەوەمان باسەکرد، کە فەرمانڕەواکان دەبێت لە منداڵییەوە بخرێنە بەر بەرنامەی فیربوون و پەروەردە و کەسانی چاکیان لێدەرچێت؟ ئایا دیموکراسیەت ئەم پلانەمان ناخاتە ژێر پێیەوە و تەنیا ئاوەڕ لە زۆرینە ناداتەوە؟
بەڵێ، ئەوە دەکات.
ئەمانە و هەندێکی دیکەش خەسڵەتەکانی دیموکراسیەتن. ئەمە ڕژێمێکی جوانە بەڵام لە ڕووی فەرمانڕەواییەوە هەژارە. کەسانی جۆراو جۆری تێدا دەژی و یەکسانییان پێدەدات. هەموویان وەکو یەک دادەنێت.

من لەمەبەستت تێدەگەم.
چ جۆرە مرۆڤێک دیموکراتە؟ حەزدەکەیت بزانیت مرۆڤی دیموکرات چۆن یان لە کوێوە، پەیدادەبێت؟
بەڵێ، حەزدەکەم بزانم چۆن پەیدا دەبێت.
ئایا بەم جۆرە نیە؟ کوڕی ئۆلیگارکە ڕەزیلە کە، وەکو باوکی دەرناچێت؟
هەڵبەتە.
کوڕەکەش، وەکو باوکی بە زۆر ئارەزووی بۆ خەرج کردنی پارە خەفە دەکات و بە نا پێویستی دادەنێت.
دروستە.
دەتەوێت جیاوازی نێوان پێویست و ناپێویست بزانیت؟

حەزدەکەم بزانم.
ئەو خۆشیانە پێویستن، کە ناتوانین وازیان لێبهێنین چونکە سودبەخشن؟ ئەمەش لە سروشتەوە بۆ ئێمە ماوەتەوە.

هەڵبەتە.
ئەم جۆرانە بە پێویست دادەنێین.
وایە.
ئەو خۆشیانە چۆنن، کە بوونیان بەرەو چاکەمان نابات و دەتوانین وازیان لێبهێنین؟
ڕاستە، ئەگەر بە ناپێویست ناوزەدیان بکەین؟
بەڵێ، ڕاستە.

بۆ ئەوەی باشتر لە واتاکانیان تێبگەین نموونەیان لەسەر دەهێنینەوە.
باشە.
ئایا ئەم جۆرە چێژانە بە پێویست دادەنرێن: چێژ لە خواردن، ئەوجۆرە خواردنەی بۆ تەندروستیمان باشە و بە هێزمان دەکات، پێویست نیە؟
پێویستە.
چێژی خواردن لە دوو ڕووەوە پێویستە: بۆ لەشمان چاکە و بەردەوامیش بە ژیانمان دەدات.
بەڵێ.
حەزکردن و چێژ وەرگرتن لە خواردنی خۆشیش لە وێدا پێویستە، کە سودی بۆ ژیانمان هەبێت.
تەواوە.
ئەگەر ئارەزووی خواردنێک بکەین و نەمانەوێت بیخۆین چونکە لە منداڵییەوە فێرکراوین ئەوە بۆ تەندروستیمان خراپە و دەبێت لەبەردەمیا خۆڕاگربین، تۆ بە ناپیویستی دادەنێیت؟
بێگومان ناپێویستە.
ئەم جۆرە ئارەزووە بە ڕەزیل و ئەوانەی پێشو بە بازرگان دانانێت، کە سودیان بۆ زۆر لە پرۆژەکانمان هەیە.
بەدڵنیاییەوە.
بەهەمان شێوە تەماشای ئارەزووەکان بۆ سێکس و ئەوانی دیکە ناکەیت؟
بەڵێ، بەو شێوەیە تەماشایان دەکەم.
لەپێشتر ڕوونماننەکردەوە، کە ئەو مرۆڤەی لە نێرەی هەنگ دەچێت دەروونی پڕە لەم جۆرە ئارەزووانە. هەمان کات ئارەزووە ناپێویستەکان حوکمی بەسەردا دەکەن. فەرمانڕەوا ئۆلیگارکیەکەش شوێن ئارەزووە پێویستەکان دەکەوێت؟
بەڵێ وابوو.
ئێستا با بگەڕێینەوە سەر باسەکەمان، بزانین چۆن مرۆڤێکی ئۆلیگارک دەبێت بە دیموکرات. بە بۆچوونی من بەم شێوەیە ئەم گۆڕانە ڕوودەدات.
چ شێوەیەک؟
ئەو لاوەی بە ڕەزیلی و بێ پەروەردە و فێربوون گەورەدەبێت و تامی هەنگوینی نێرەهەنگەکە دەکات، خۆی لەو جۆرە کەسانە نزیک دەکاتەوە، کە خۆشی پێدەدەن. سەرەتای گۆڕانکارییەکانی بەرەو کەسێکی دیموکرات سەرهەڵدەدات.

ئەمە لەسەرەتای گۆڕانەکە دەچێت.
وەکوچۆن پارتێکی ڕامیاری لە شارێکدا بە هاوکاریکردن لەگەڵ پارتێکی هاوبیر لە شارێکی دیکەدا دەتوانێت

دەستەڵاتی خۆی سەقامگیر بکات، ئەو لاوەش دەتوانێت داوای یارمەتی لەوانە بکات، کە هەمان حەز و ئارەزووی ئەویان هەیە؟

دەتوانێت.
ئەگەر لایەنێک بەرگری لە هەڵوێستی ئۆلیگارکی ئەو بکات گرنگ نیە. ئەولایەنە باوکی یان ئەندامەکانی دیکەی خێزانەکەی بێت جۆرە ڕەتدانەوە و یاخیبوونێکی لەنێودا سەرهەڵدەدات و دژی ڕادەوەستێت.
ڕاستە.
هەندێک جار دیموکراسیەت دەبێت بە ڕێگە خۆشکەر بۆ ڕژێمی ئۆلیگارکی. لێرەدا ئارەزووەکانی چەند لاوێک دادەمرکێنەوە و لە دەروونیاندا ئارامی بەرقەرار دەبێت.
ئەوە ڕوودەدات.
لەگەڵ دامرکاندنەوەی ئەو ئارەزووانەدا چەند ئارەزوویەکی نوێ سەرهەڵدەدەن، کە لهئارەزووە کۆنەکانەوە نزیکن چونکە باوکی ئەو لاوانە نەیزانیوە چۆن منداڵەکانی پەروەردە بکات.
دروستە.
ئەو ئارەزووە نوێیانەش لە هاوڕێی خراپ نزیکیان دەکەنەوە. هانیان دەدەن بە دزییەوە سێکس بکەن و منداڵ دروستبکەن.
زۆر ڕاستە.
[ئەم ئارەزووانە] دەرونی لاو داگیردەکەن و بەنەزاندایدەنێن، کە ڕێگەی چاک و ڕاست ناناسێت.
ئەوەش ڕوودەدات.
لەگەڵ نەبوونی پاسەوانی[زانیندا] ناڕاستی، وشەی ڕەنگاو ڕەنگ و بڕوای بێ بناخە لەنێو دەروونیدا سەرهەڵدەدەن و دەستەڵاتی خۆیان دادەمەزرێنن.
بەڵێ، ئەوانە سەرهەڵدەدەن.
ئایا لەم حاڵەتەدا ئەو لاوە لەگەڵ ئەم ئارەزووە گوڵ هەڵوەرێنانەدا بە ئاشکرا ناژی؟ ئەگەر یەکێک لە خێزانەکەی بیەوێت یارمەتی بدات، بە وشە ڕەنگاوڕەنگەکانی ڕێگەی لێناگرێت و دەست بە ڕوویەوە نانێت؟ ئارەزووەکانی بۆ سەقامگیرکردنی دەستەڵات لە جەنگدان. مامناوەندێتی بە ترسنۆکی و گەمژەیی دادەنێن.. ئایا لاوەکە بەو باوەڕە ناگەیەنن، کە دەستگیری لە خەرج کردندا و خۆ ڕاگری نا لەباربن ؟
بێگومان ئەوە دەکەن.
پاش جێکردنەوەی خۆیان لەنێو دەروونەکەدا و دەرکردنی لایەنە چاکەکان بەرەڵایی و بەفیڕۆدان و بێ شەرمی، وەکو تیشکی مەشخەڵ بە پەلە خۆیان دەهاونە نێو دەروونەکەوە. بەرەڵایی و منداڵ دروستکردنی [بێ نەخشە وپلان] بە سەربەستی و ئازایەتی دادەنێن. لاوەکە دەبێت بە بەرەڵاخواز و شوێنکەوتووی ئارەزووە ناپێویستەکان.

بەڵێ، ئەم گۆڕانەی تیادا ڕوودەدات.
پاش ئەم گۆڕانە پارە و کاتی خۆی بۆ تێرکردنی ئارەزووە ناپێویستیەکانی خەرج دەکات. ئەگەر بەختداریش بێت، کە پیر بوو پاش دامرکاندنەوەی حەز و ئارەزووەکانی[تەمەنی لاوێتی]، ڕوو لە ئارەزووە پێویستەکان دەکات و خۆی دەخاتە ژێر دەستیانەوە. ئەمانیش لەگەڵ ئارەزووە ناپێویستیەکاندا هاوتەراز دادەنێت.
ڕاستە.

بڕوا بەوەش ناکات دووجۆری جیاواز ئارەزوو هەبن؛ یەکەمیان پێویست و چاک، دووەمیان ناپێویست و خراپ، کە دەبێت جڵەوی بگیرێت. ئەو هەردووکییان بەچاک دادەنێت.
هەموو کەسێک لەشوێنی ئەودا بەو شێوەیە، لە ئارەزووەکان تێدەگات.
ڕۆژانە خۆی دەخاتە ژێر دەستەڵاتی ئارەزووەکانیەوە. هەندێک جار زۆر دەخواتەوە و گوێ لە دەنگی شمشاڵ دەگرێت. جاری واش هەیە تەنیا ئاو دەخواتەوە و پارێز دەکات؛ هەندێک جار وەرزش دەکات، جاریش هەیە تەمەڵە و ناجوڵێت؛ تەنانەت هەوڵدەدات فەلسەفەش فێربێت. خۆی لە ڕامیارییەوە هەڵدەقورتێنێ. لە دەربڕینی بیروڕاکانیا بە حەماسەتەوە لەنێو کورسییەکەیدا بەرز دەبێتەوە و هاواردەکات. ئەگەر حەزی لە سەربازی بێت دەبێت بە سەرباز و بازرگانیش بە بازرگان. ڕێک و پێکی و پێویستی لە ژیانیدا نابینرێن. بەڵام ژیانی خۆی بە خۆش و سەربەست و بەختەوەر دادەنێت.
تۆ چاک باسی ژیانی ئەو کەسە دەکەیت، کە باوەڕی بە یەکسانی یاسایی هەیە.
هەروەها دەڵێم، ئەو مرۆڤە ئاڵۆزە چەند خەسڵەتێکی جیاواز لە ناخیا کۆبوونەتەوە. دەروونی لە ڕژێمێکی دیموکراسی دەچێت. لەبەر ئەمە، لەوانەیە زۆر لە ژن و پیاوەکان حەسودی بە ژیانی بەرن.
ڕاستە.
ئایا ئەم مرۆڤە بە کەسێکی دیموکرات دابنێین؟
بەڵێ، من لەگەڵتام ئەوە کەسێکی دیموکراتە.
ئێستاش چاکترین دەستور و چاکترین فەرمانڕەوا؛ هەروەها زۆرداریێتی و زۆردار ماون لە سەریان بدوێین.
وایە.
ئایا ئەمیش بەو شێوەیەی دیموکراسیەت لە ئۆلیگارکییەوە سەریهەڵدا لە دیموکراسیەوە سەرهەڵنادات؟
چۆن؟
ئۆلیگارکی لەسەر موڵک و سامان دامەزرا. وانەبوو؟
ڕاستە.
ئایا ئارەزووی بێسنوری دیموکراسیەتیش بۆ ئەو شتانەی بە چاکی دادەنێت، نابێتە هۆی ڕووخانی ئەم ڕژێمەش؟
مەبەستت لەو چاکەیە چیە؟
مەبەستم سەربەستیە. ڕژێمێکی دیموکراسی سەربەستی بە چاکترین دادەنێت. لەبەر ئەمەیە ڕژێمی دیموکراسی بۆ ئەوانەی بە سروشت سەربەستن چاکترینە.
بەڵێ، زۆرجار ئەمە دەبیسین.
ئایا ئارەزووی بێسنور بۆ سەربەستی و گوێنەدان بە لایەنەکانی دیکەی ژیان ڕێگە بۆ دیکتاتۆریەت خۆش ناکات؟
چۆن؟
کاتێک ڕژێمی دیموکراسی، کە تینوی سەربەستییە ساقیەکانی دەوروبەری [فەرمانڕەواکان] خراپ بن ڕژێمەکە لەبەر خواردنەوەی شەرابی سەربەستی سەرخۆش بێت. ئەگەر فەرمانڕەواکان ڕێگەی ئەو سەربەستییە بەرنەدەن لەلایەن شارەکەوە بە ئۆلیگارک ناوزەد دەکرێن و سزادەدرێن.
بەڵێ، ڕاستە.
ئەوانەی پەیڕەوی فەرمانڕەواکان دەکەن بە کۆیلە و بێکەڵک دادەنرێن، کە ستایشی فەرمانڕەواکان لە هەموو

شوێنێکدا دەکەن.
فەرمانڕەواکانیش وەکو فەرمانڕەوایکەرەکان، فەرمانڕەوایکەرەکانیش وەکو فەرمانڕەواکان هەڵسوکەوت دەکەن. پێویستە لەم شارەدا سەربەستی سنوردار بکرێت؟
هەڵبەتە.
ئەو سەربەستیە بە نێو ماڵەکاندا بڵاودەبێتەوە و بەڕەڵایی لێوە دەردەچێت. تەنانەت ژیانی ئاژەڵەکانیش دەگرێتەوە.
مەبەستت چیە؟
باوک، وەکو منداڵ هەڵسوکەوت دەکات و لە کوڕەکەی دەترسێت. منداڵیش دەبێت بە باوک و خۆی بە سەربەست دادەنێت. ترسی لە باوکی نیە و ڕێزی بۆ دانانێت. بێگانەیەک لە شارەکەدا، وەکو هاووڵاتیەک مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت و بە یەکسان دەبینرێن.
بەڵێ، ئەوە ڕوودەدات.
وایە. شتە وردەکانی دیکەش بەم جۆرە دەردەکەون. مامۆستاکان لە خوێندکارەکانیان دەترسن، ستایشیان بۆ دەکەن. خوێندکارەکانیش ڕقیان لە مامۆستاکانە. بەگشتی، لاوەکان بە کردەوە و لە قسەکردندا لەگەڵ گەورەکاندا پێشبڕکێ دەکەن و لاساییان دەکەنەوە. گەورەکانیش خۆیان دەخەنە ڕیزی لاوەکانەوە، وەکو ئەوان یاری دەکەن، ڕادەبوێرن و لە دەستەڵات ناترسن.
بەتەواوی ڕاستە.
ئەو پەڕی سەربەستی لەوێدا بەرقەرار دەبێت، کە کۆیلە و خاوەن کۆیلە، ژن و پیاو، وەکو یەک سەربەستن.
هەروەها، لە بیرم چوو باسی یەکسانی ژن و پیاو لەبەردەم یاسادا و سەربەستیەکەیان لە پەیوەندییە-کانیاندا بکەم.
لەبارەی ئاژەڵەوە چ دەڵێیت؟ ئایا لەگەڵ ئەسخیلۆس ڕێدەکەوین، کە دەڵێت، " ئەوەی لەسەر زارتە بیدرکێنە." (50)
بەدڵنیاییەوە. بەم جۆرە باسیدەکەم: ئەوەی تاقینەکردبێتەوە نازانێت ئاژەڵی ماڵی لە شارێکی دیموکراسیدا چەند سەربەستە. وەکو دەڵێین، سەگ دەبێت بە دەستگیران؛ ئەسپ و کەر بە سەربەرزی بە نێو شاردا دەسوڕێنەوە و خۆیان بەخەڵکدا دەدەن. ئاژەڵەکانی دیکەش بەهەمان شێوە سەربەستن.
ئەوەی تۆ باسی دەکەیت منیش دەیزانم.
بە کورتیەکەی: هاووڵاتیان لە ئاستی چەوساندنەوەدا دڵ ڕەق ڕادەوەستن. تەنانەت تۆزقاڵێک هەست بەوە بکەن، کە چەوساونەتەوە توڕە دەبن و دژی ڕادەوەستن. دواجاریش گوێ نادەنە یاساکان و هیچ دەستەڵاتێکیش لە ژوور خۆیانەوە دانانێن.
وایە.
بە بۆچوونی من، زۆرداریێتی لەم هەڵوێستەوە سەرهەڵدەدات.
ڕاستە، بەڵام دوای ئەمە چی ڕوودەدات.

---

(50) ئەسخیلۆس(525-456 پ ز) نوسەرێکی شانۆگەری تراجیدی یۆنانییە، نزیکەی نەوەد شانۆگەری نوسیوە بەڵام تەنیا حەوت دانەیان ماونەتەوە. لە شاری ئیلیوسیس لەدایک بووە و لە سیسلی مردوە. لە جەنگی نێوان یۆنانییەکان و فارسەکاندا بەشداری کردووە. (وەرگێڕ)

ئەو نەخۆشیەی توشی ڕژێمی ئۆلیگارکی هات بووە هۆی ڕووخانی. هەمان نەخۆشی توشی ئەم ڕژێمەش دەبێت. بەڵام لەم ڕژێمەدا نەخۆشیەکە گرانترە و دیموکراسییەت لەناودەبات. زۆر جار زیادەڕۆیی لەبوارێکدا ئاکامێکی دژوەستاو دەگرێتە خۆی. ئەمەش لە وەرزەکان و ڕووەک و لەشدا، دواجاریش لە ڕژێم و دەستوردا ڕوودەدات.

ئەوە شتێکی چاوەڕوانکراوە.

زیادەڕۆیی لە سەربەستیدا ئاکامەکەی کۆیلایەتیە. گرنگ نیە ئەمەش لە ژیانی تاکە کەسدا یان شارێکدا بێت، هەر ڕوودەدات.

وایە.

کەوابوو، لەو باوەڕەدام زۆردارێتی ئاکامی دیموکراسیەتە. لەو سەربەستیە بێ سنورەوە دەگەینە ئەو پەڕی کۆیلایەتی.

ڕاستە، ئەوەش بۆچوونێکی لەبارە.

بەڵام هەستدەکەم پرسیارەکەی تۆ جیاواز بێت. تۆ پرسیارت لەبارەی ئەو نەخۆشییەوە کرد، کە توشی ئۆلیگارکی و دیموکراسیەت دەبێت.

وایە.

ئەوەی لەبیرمدا بوو، لە وەڵامدانەوەکەدا باسیبکەم، دەستەیەک لە مرۆڤە تەمەڵە دەست بڵاوەکان بوو، کە ئازاترینیان دەبێت بە فەرمانڕەواو ترسنۆکترینیشیان فەرمانڕەوایکراو. ئەم دوو جۆرە ئەندامانەشمان بە نێرە هەنگی چزودار و بێ چزو دانا.

ڕاستە.

ئەم دوو جۆرە کێشەیە بۆ هەموو دەستورێک دروستدەکەن. بۆ لەش وەکو بەڵغەم و نەخۆشی زراون. دژی ئەمانیش پزیشکی چاک و یاساسازکەر لە شارەکەدا کاردەکەن، هەوڵدەدەن نەهێڵن سەرهەڵدەن و کە سەریشیان هەڵدا دەیانەوێت بەزووترین کات بنبڕیان بکەن.

پێویستە بنبڕبکرێن.

لەنێو ڕژێمێکی دیموکراسییدا سێ چین هەن: یەکەمیان چینی ملهوڕەکانە. ئەم چینە لەنێو ڕژێمی ئۆلیگارکیشدا سەرهەڵدەدات [بەنێرە هەنگ ناوزەدمان کرد]. هۆی سەرهەڵدانی ئەم چینەش بۆ سەربەستیە بەربڵاوەکە دەگەڕێتەوە.

وایە.

بەڵام لە ڕژێمێکی دیموکراسیدا ئەمە زەقترە.

چۆن؟

لە ڕژێمی ئۆلیگارکییدا ئەندامانی نێو ئەم چینە مافی فەرمانڕەواییان پێنەدراوە و پەروەردە نەکراون. بەهێزیش نین. بەڵام لە ڕژێمی دیموکراسییدا دەبن بە فەرمانڕەواکەران. خەڵکی تەنیا لە دەوری گوتە بێژەکاندا کۆدەبنەوە و نابن بە خاوەنی دەستەڵاتی ڕامیاری شارەکە.

ڕاستە.

کەوابوو چینێک هەیە، کە لە زۆرینەی خەڵکەوە جیاوازە.

ئەو چینە چیە؟

لە بازرگانیکردندا ئەوانەی بە بەرنامە و ڕێک و پێکی پیشەکە بەڕێوە دەبەن پارەی زۆرتر پەیدا دەکەن و

دەوڵەمەندتر دەبن.
دەشێت.
ئەوان هەنگوینی زۆر تر بۆ نێرەهەنگەکان دروستدەکەن.
چۆن[هەنگوینی] زۆرتر دروستدەکەن، کە ئەوان[لە شارەکەدا] کەم بن؟
من ئەمە ناودەنێم چینی دەوڵەمەند، کە نێرەهەنگەکان لە سەریان دەژین.
دەتوانین ئەو ناوەیان لێبنێین.
ئەوانەی خەریکی ئیش و کاری دەستین چینی سێیەم دروست دەکەن. ئەوان خۆیان لە کاروباری ڕامیارییەوە تێهەڵناقورتێنن. بە ڕادەیەکی کەمیش موڵک و سامانیان هەیە. بەڵام پێکەوە گەورەترین و بەهێزترین چینی نێو ڕژێمی دیموکراسین.
ڕاستە،
بەڵام یەکناگرن، مەگەر بیانەوێت لە هەنگوین خواردندا بەشداری بکەن.
ئەوان بەشیان دەدرێت. هەرچەندە فەرمانڕەواکان بەشێکی زۆری ئەو هەنگوینە، کە لە چینی دەوڵەمەندی دەسەنن بۆ خۆیانی هەڵدەگرن.
بەڵێ، بەو جۆرە بە سەرخەڵکدا دابەشدەکرێت.
ئایا ئەوانەی موڵک و سامانەکەیان لێدەسەنرێت و بە سەر کەسانی دیکەدا دابەشدەکرێت، دەتوانن بەرگری لە خۆیان بکەن؟
هەڵبەتە.
ئەگەر نەیانەوێت شۆڕشیش بکەن نێرە هەنگەکان بەوە تاوانباریاندەکەن، کە گوایە دژی کۆمەڵن ئۆلیگارکییانە ڕەفتار دەکەن.
ڕاستە.
لە کۆتاییدا، کاتێک دەزانن زوڵمیان لێکراوە دەبن بە ئۆلیگارک و پەنا بۆ لایەنی خراپی ئۆلیگارکی دەبەن. ئەمەش بە خواستی خۆیان نیە. خەڵکیش[لەنێو ڕژێمی دیموکراسیدا] بە نەزانی دەمێننەوە. نێرە هەنگەکان هەڵیان دەخەڵەتێنن.
لێرەدا تاوانبارکردن و دادگایکردن دێتە ئاراوە.
ڕاستە.
ئایا خەڵکی فێرنەکراون تاکێک بکەن بە پێشەوای خۆیان و گەورەی بکەن؟
ئەوە دەکەن.
ئەمەش سەرەتای پەیدابوونی زۆردارییە. زۆردار لێرەوە سەرهەڵدەدات.
وایە.
ئەو گۆڕانکارییە لە پێشەوایەکی کۆمەڵەوە، بۆ زۆردارێک چۆن دەستپێدەکات؟ ئایا لەوێدا ڕوونادات، کە پێشەواکە، وەکو پاڵەوانی نێو چیرۆکی پەرستگای لیکێۆنی زیۆس، لە ئارکادیا هەڵسوکەوت بکات؟
کام چیرۆکە؟
گوایە گۆشتی مرۆڤیان لەگەڵ گۆشتی دیکەدا قیمە کردوە و خواردوویەتی و بووە بە گورگ. ئەم چیرۆکەت نەبیستووە؟
بیستوومە.

ئەمەش لەو پێشەوایەدا ڕوودەدات، کە دەستەڵاتی بەسەر شارەکەدا گرتوە. هیچ شتێک ڕێگەی ناگرێت ئەگەر خوێنی کەس و کار و خزمەکانی خۆی بڕێژێت؛ کێشەی ساختەیان بۆ دروستبکات، بۆ دادگاییکردن ڕایانکێشێت و فەرمانی کوشتنیان دەرکات، خوێنی هاوولاتیانیش بخواتەوە. هەندێکیان دەکوژێ یان دەربەدەریان دەکات. قەرزەکان لەسەر خۆی لادەبات و یاسای دابەشکردنی زەوی هەڵدەوەشێنێتەوە.

دوای ئەم کارانە چارەنوسی چی دەبێت؟ ئەگەر بە دەستی دوژمنەکانی نەکوژرێت نابێت بە گورگ یان زۆردار؟

بێگومان دەبێت بە زۆردار.

ئەمە ئەو کەسەیە دژی چینی دەوڵەمەند ڕادەوەستێت.

دروستە.

ئەگەر لە شارەکە دەرکرا و بتوانێ جارێکی دیکە بگەڕێتەوە و دەستەڵات بگرێتە دەست دڕندەتر ڕەفتار ناکات؟

هەڵبەتە.

دوژمنەکانیشی ئەگەر نەیانتوانی جەماوەر دژی هانبدەن هەوڵی کوشتنی بە دزییەوە دەدەن.

ئەوە دەکەن.

لێرەدا کێشەی ئەوانەش دێتە پێش، کە دەبن بە پاسەوانی زۆردارەکە.

ڕاستە.

ئەمەش لەبەر ئەوەیە ژیانی لە مەترسییدایە.

ڕاستە.

کاتێک دەوڵەمەندێک بەوە تاوانبار دەکرێت، کە دژی کۆمەڵە، وەکو پێشبینیەکەی کرۆسێس وایە، کە دەڵێت؛

بێ شەرمانە و ترسنۆکانە

خۆی گەیاندە نێو زیخ و بەردی کەناری ڕووباری هێرمس.

ئەوە ڕاستە شەرم ناکات.

بەڵام بگیرێت دەیکوژن.

بەدڵنیاییەوە.

ئەو پێشەوایەی بەزەوییدا نەدراوە خۆی بە گەورە و بەرز داناوە.

پاش لەناوبردنی نایارەکانی، وەکو زۆردارێک لەنێو گالیسکەی شاردا ڕادەوەستێت.

لەوە زیاتر چ هەیە بیکات؟

ئێستا پێویستە باسی جۆری بەختەوەری لە ژیانی ئەو مرۆڤە و شارەدا بکەین، کە زۆردار فەرمانڕەوایی تێدا دەکات.

پێویستە، حەزدەکەم باسیبکەین.

ئایا زۆردار لە سەرەتاوە بۆ ماوەیەکیش پاش دەستەڵات وەرگرتنیش ڕووی خۆش نیشانی هاوولاتیان نادات؟ بەڵێنی زۆریان پێنادات؟ قەرزەکانیان لەسەر لانابات؟ زەوییەکانیان بەسەردا دابەش ناکات؟ خۆی وەکو پێشەوایەکی نەرم و چاک دەرناخات؟

ئەوە دەکات.

پاش ئەمە ڕوو لە دوژمنەکانی دەکات و ئاگری جەنگ خۆشدەکات تاکو هاووڵاتیان بگەنە ئەو باوەڕەی بوونی پێشەوایەک بۆ ئەم کارە پێویستە.
هەڵبەتە.
هاووڵاتیانیش ئەوەندە باج بۆ جەنگەکە دەدەن هەژاردەبن و بیر لە پیویستیەکانی ژیانی ڕۆژانەیان دەکەنەوە و کاتیان بۆ وەستان دژی فەرمانڕەواکە نابێت.
بەدڵنیاییەوە.
لەسەرو ئەمەوە، ئەگەر گومان لە کەسێک بکات بەخائین ناوزەدی ناکات و لەناوی نابات؟
لەبەر ئەمە نیە زۆردار هەمیشە جەنگ خوازە و دەیەوێت جەنگ بەرپابکات؟
وایە.
لەبەر ئەمەش نیە هاووڵاتیان ڕقیان لێییەتی؟
هەڵبەتە.
بێجگە لەمە، ئەوانەی پشتگیری زۆردارەکەیان کرد، یارمەتیاندا دەسەڵات وەرگرێ، ئێستاش لە دەوڵەتەکەدا خاوەنی دەستەڵاتن، ڕەخنە لە زۆردارەکە ناگرن و لەلای ئەو بیروڕای خۆیان دەرنابڕن؟
ئەوە دەکەن.
پێویستە ئەوانەی ئازا، زانا و دەوڵەمەندن لە نزیکەوە ببینێت و خۆی بە دوژمنیان دابنێت، بەردەوام هەوڵی نەمانیان بدات.
دروستە.
بەڵێ، ئەمەش بەپێچەوانەی کارکردنی پزیشکەوەیە لەسەر لەشی نەخۆشێک.
ئەگەر بیەوێت فەرمانڕەوایی بکات ئەو کارە پێویستە بکرێت.
ئەو چاری نیە. دەبێت لەگەڵ زۆرینەیەکی کەم هێز و چەوساوەدا بژی یان بمرێت.
بەڵێ.
ئایا چەند ڕقی هاووڵاتیان بەرانبەری بەرز بێتەوە ئەوەندەش پێویستی بە پاسەوان نیە بیپارێزن؟
هەڵبەتە.
کێن ئەو پاسەوانانەی جێگەی موتمانەی ئەون؟ لە کوێوە پەیدایان دەکات؟
بە پارە پەیدایاندەکات و ڕایاندەگرێت.
سوێندەخۆم مەبەستت نێرە هەنگە، کە لە شوێنی دیکەوە دێن.
ڕاستە.
ئەی هاووڵاتیانی شارەکە؟ ئامادەنین؟
ئامادەبوون بۆ چی؟
کۆیلەکانی نێو شارەکە سەربەست دەکات و دەیانکات بە پاسەوان.
دڵنیام، زۆر دڵسۆزی دەبن.
زۆردار دەبێت زۆر بەختەوەربێت.
دۆست و دوژمنی خۆی لەناو بردبێت و پشت بەم پاسەوانانە ببەستێت.
پاسەوانەکانیش مووچەخۆرن.
ئەم پاسەوانانە کەسانی دەوروبەری زۆردارەکەیان خۆشدەوێت. هاووڵاتیە بەرێزەکانیش ڕقیان لێیەتی و

خۆی‌نی لێ دوور دەخەنەوە.
هەڵبەتە.
لەم ڕووەوە، تراجیدیا شتێکی چاکە و ئوریپیدسیش تراجیدیا نوسێکی گەورەیە.(51)
بۆ چی؟
لە شوێنێکدا زیرەکانە دەڵیت، " ئەو زۆردارانە زانان، کە دەبن بە هاوڕێی کەسانی زانا." مەبەستی لە "زانا" ئەو کەسەیە، کە ئێمە نە ماندیوە هاوڕێیەتی زۆردار بکات.
بەڵی. لە شوێنی دیکەشدا زۆرداری بە خوا داناوە.
کەوابوو، مادامەکی شاعیرە تراجیدییەکان زانان ئەگەر ستایش بۆ زۆردار بکەن، ڕێگەیان نادەین لە شارەکەماندا بژین.
دڵنیام لێمان دەبوورن.
لەو باوەڕەدام بۆ شارەکانی دیکە دەڕۆن. خەڵکی کۆدەکەنەوە و دەنگ بەرزەکان بەکرێ دەگرن باسی دیموکراسیەت و زۆرداریيان بۆ دەکەن.
ئەو کارە دەکەن.
لە لایەن سەرۆکە زۆردارەکەوە ڕێزیان لێدەنرێت و خەڵات دەکرێن. بەڵام ئەوان چەند لەو ڕووەوە بەرزبکرێنەوە ئەوەندەش لەچاو کۆمەڵدا، نزم دەبینرێن.
بە تەواوی وایە.
ئێمە لەسەر ئەمەش ڕێنەکەوتین. با بگەڕێینەوە بۆ پاسەوانەکانی سەرۆکە زۆردارەکە، تاکو بزانین چۆن مووچەیان بدەینێ.

ئاشکرایە، زۆردارەکە دەست بە سەر خەزێنەی دەوڵەتدا دەگرێت. بە ئارەزووی خۆی پارە خەرج دەکات.
چ دەکات ئەگەر خەزێنە هیچی تێدا نەما؟
ئەوسا دەگەڕێتەوە بۆ سەر موڵکی باوکی.
ئەوە دەکات.
سەبارەت ئەمە چ دەڵێیت؟ ئەگەر خەڵکی توڕە بوو لەوەی ڕاست نیە کوڕێکی گەورە لەسەر باوکی بژی، یەکەم، دەبێت بەپێچەوانەوە بێت، کوڕەکە چاودێری باوکی بکات. دووەم، باوکی دروستی نەکردووە، کە گەورەبوو ببێت بە زۆردار و چەوسێنەر و بەخێویشی بکات. سێیەم، وەکو چۆن باوکێک کوڕەکەی لەماڵەوە دەردەکات خەڵکیش داوا لەم زۆردارە دەکەن شار چۆڵ بکات.
خەڵکی بۆیان دەردەکەوێت، چ جۆرە کوڕێکیان هەیە، چۆن زۆردارێکیان هێناوەتە کایەوە. ئەوان، کە لاوازن دەیانەوێت بەهێزێک دەربکەن.
مەبەستت چیە؟ زۆردارەکە دەتوانێت، زەبر دژی باوکی بە کاربهێنێت؟
بەڵێ، ئەو کاتەی پەلاماری چەکی باوکی دەدات.

---

(51) ئیوریپیدس(484- 406 پ ز) شانۆگەر نوسێکی یۆنانییە. گوایە نەوەدو دوو شانۆگەری نوسیوە، بەڵام تەنیا هەڤدە دانەیان ماونەتەوە. بە پێچەوانەی ئەسخیلۆس و سۆفۆکلیسەوە بۆچوونەکانی ئەم نوسەرە پڕن لە گومان و ڕەخنە بەرانبەر کەلتوور و ئەفسانە یۆنانییەکان.(وەرگێڕ)

مەبەستت ئەوەیە، کە زۆردارەکە باوک کوژە، ڕێز لەو پیاوە پیرەناگرێت. بۆ ئەوەی خەڵکی لەنێو تاوە کە، ڕزگارکات فرێیاندەداتە نێو ئاگرەکەوە و خۆی کردوە بەخاوەنیان.

لە جێگەی سەربەستیەکەشیان، لە ڕژێمە دیموکراسییەکەدا کە هەیانبوە، ئێستا توشی کۆیلایەتی بوون.

دروستە، ئەوە مەبەستی منە.

باشە، ئێستا بەتەواوی لەگۆڕانکارییەکە، لە دیموکراسیەتەوە بۆ زۆرداری، تێناگەین؟

بەدڵنیاییەوە تێدەگەین.

بەشی نۆیەم

ئەوەی ماوە باسبکرێت فەرمانڕەوا زۆردارەکەیە. چۆن کەسێکی دیموکرات گۆڕانی بەسەردا دێت و دەبێت بەزۆردار؟ کەسێکی زۆردار چیە؟ ئایا خراپە یان بەختەوە؟

بەڵێ، ئەوە ماوە باسیبکەین.

دەزانیت شتێکی دیکەش هەیە، کە باسماننەکردوە؟

چیە؟

هەستدەکەم بە باشی لە جۆرەکانی ئارەزوو نەدواوین و جیامانەکردونەتەوە. ئەگەر ئەمەش نەکرێت باسەکەمان بە تەمومژاوی دەمێنێتەوە.

ئێستا کاتەکەی باش نیە ئەوکارە بکەین؟

بەدڵنیاییەوە کارێکی باشە. هەوڵدەدەم چیم لە بارەی ئارەزووەکانەوە دەوێت باس بکەم. ئەویش بەم شێوەیە یە: هەندێك لە چێژ و ئارەزووە ناپێویستەکانمان پەیڕەوی یاسا ناکەن. ئەمانەش لەنێو دەروونی هەموو تاکێکدا هەن. بەڵام لە هەندێک کەسدا لەلایەن هۆشەوە سەرپەرشتیان دەکرێت و بەگوێرەی یاساکان دەجوڵێنەوە. کۆمەڵێکی بچوکیش هەن، کە دەتوانن لەناویان بەرن یان لاوازیان بکەن.

ئەو ئارەزووانە چین؟

ئەو ئارەزووانەن، کە لە کاتی خەوتندا بە ئاگان. لە کەتێکدا هۆش نوستووە و بێئاگایە ئەوان نەنوستون و بەئاگان. ئەو بەشە دەروونەی دڕندە و برسی و تینوە و هەوڵدەدات بۆ تێرکردنی خۆی ڕێگەیەک بدۆزێتەوە. ئەم جۆرە ئارەزووانە بێشەرمانە بۆ تێرکردنی خۆیان لەگەڵ دایکی خۆشیان جووتدەبن. تەنانەت ئامادەن تاوانیش بکەن.

بە کورتیەکەی بێ شەرمن.

بەتەواوی دروستە.

لە لایەکی دیکەوە، ئەو کەسەی تەندروستی باشە و شێوازێکی ژیانی مامناوەندی هەیە، پاش هەڵسان بەم کارانە دەخەوێت: یەکەم، دەستەڵات بە هۆشی دەدات و پشت بەبەڵگە و سەلماندن دەبەستێت.

دووەم، ئارەزووەکانی خۆی ناکوژێ و بەتەواویش ملکەچیان نابێت. لەبەر ئەمە دەخەون. لایەنە چاکەکەی دەروونی لە کاتی خۆشی و ئازاردا شپرزە ناکەن. سێیەم، لایەنی ئازایەتی دەروونیشی بەم شێوەیە ئارام دەکاتەوە. بۆنموونە، بە توڕەبوونەوە ناخەوێت. پاش دەستەڵات گرتن بەسەر ئەو دوولایەنەدا ڕوو لە لایەنی هۆشەکی دەکات و پشو دەدات. بەم جۆرە دەتوانێت ڕاستی بناسێت و خەوبینینەکانیشی ڕووناکتر دەبنەوە.

بەتەواوی دروستە.

بە هەرحاڵ، کەمێک لە باسەکە لاماندا‌وە بەڵام خەونەکانمان دەریدەخەن، کە مەترسی و بێ یاسایی لەنێو ئارەزووەکانی هەموو کەسێکدا هەن، تەنانەت ئەوانەی شێوازی ژیانیان مامناوەندیشە. تۆ لەو باوەڕەدایت بۆچوونەکەم پڕ واتابێت؟

لەو باوەڕەدام و لەگەڵتام.

بیرکەوە چۆن باسی مرۆڤێکی دیموکراتمان کرد. ئەو مرۆڤە باوکێکی ڕەزیلی هەبوو بەخێوی دەکرد، کە تەنیا ڕێزی بۆ ئارەزووکردن لەپارەکۆکردنەوە دادەنا و ڕقی لە ئارەزووە ناپێویستەکان بوو. وا نەبوو؟

بەڵێ وابوو.

هاوڕێکردن لەگەڵ ئەوانەی بە پێچەوانەی باوکییەوە دەژین هانی دەدا شوێن هەموو جۆرە خۆشی و ڕابواردنێک بکەوێت. لەم حاڵەتەدا لەنێوان ئەو دوو شێوازەی ژیانەدا ڕادەوەستێت و بەلای هیچ لایەنێکدا ناڕوات. ژیانێک هەڵدەبژێرێت، کە نە کۆیلانەیە و نە بەرەڵابوونیشە. لێرەدا ئەو مرۆڤە لە ئۆلگاری خوازێکەوە دەبێت بە دیموکراسیخواز.

ئەوەمان باسکرد.

بیرکەوە، گریمان ئێستا ئەو مرۆڤە پیر بووە. کوڕێکی هەیە، کە فێری نەریت و بەها ڕەوشتیەکانی باوکی بووە.

باشە.

ڕووداوەکانی ژیانی باوکی بەسەر ئەویشادا دێن. یەکەم، بە ناوی سەربەستیەوە هەموو کارێکی دژ بە یاسا دەکات. باوکی و کەس و کاری دەیانەوێت یارمەتی ئەو ئارەزووانەی بدەن، کە مامناوەندین و کاسانی دیکەش حەز لە بەرەڵابوونەکەی دەکەن. کاتێک ئەو کاسانەی دەیانەوێت زۆردارێک لەو لاوەدا دروستبکەن بەڵام ناتوانن ئەو کارەکە بکەن، هەوڵدەدەن حەز و ئارەزووی سێکس لە دەروونیا بڕوێنن و دووباڵی گەورە بەو نێرە هەنگە بدەن و بیکەن بە پێشەوای ئەو ئارەزووە تەمەڵانەی هەموو شتێک خەرجدەکەن. لەو باوەڕەدایت ئارەزووی سێکس لەم نێرە هەنگانەدا شتێکی جیاوازتر بێت؟

نەخێر.

کاتێک ئارەزووەکانی دیکە پڕدەکرێن لە بۆنی خۆش، خراپە ، شەراب و خۆشییەکانی دیکەشیان لەگەڵدا ڕیزکران نێرەهەنگەکە بە ئارەزووی خۆی دەفڕێ و دەنیشێتەوە. ڕۆژ لە دوای ڕۆژ گەورەتر دەبێت و حەزی بۆ پێوەدانیش زیاد دەکات. ئەم لایەنەی دەروونی ڕوو لە شێتی دەکات و بەرەڵادەبێت. هەموو لایەنێکی چاک لەنێو دەروونی ئەو مرۆڤەدا دەکوژێت و بەرەو توندڕەوی پەلکێشی دەکات.

تۆ زۆرچاک باسی سەرهەڵدانی مرۆڤێکی زۆردار دەکەیت.

ئایا لەبەر ئەمەش نیە لە کۆنەوە ئارەزووی سێکسیان بە زۆردار داناوە؟

دەردەکەوێت وابێت.

ئایا سەرخۆش، وەکو زۆردار بیر ناکاتەوە؟

بەڵێ وەکو زۆردار بیردەکاتەوە.

مرۆڤێکی شێتیش دەیەوێت بەردەوام فەرمانڕەوایی بەسەر کۆمەڵ و خواکانیشدا بکات.

ئەوە دەکات.

کەوابوو، مرۆڤی زۆردار پڕ بە واتای خۆی ئەو کەسەیە بە سروشت یان لە شێوازی ژیانییدا یان بە هەردووکیانەوە، سەرخۆش و پڕە لە ئارەزووی سێکس و شێتە.

بەتەواوی.

ئەمە شێوەی سەرهەڵدانی زۆردارە. بەڵام چۆن دەژی؟

دڵنیام تۆ وەڵامی ئەو پرسیارەت لایە.

بەڵێ، وەڵامەکە دەزانم . ئەو زۆردارەی ئارەزووی سێکس دەروونی داگیرکردوە حەزی لە ئاهەنگ گێڕان و ڕابواردن و کچە هاوڕێیە.

پێویستە وابێت.

ئایا لەنێو دەروونی زۆردارەکەدا ئارەزووی دیکە سەرهەڵنادەن و داوای تێربوونی لێ ناکەن؟

بێگومان.
بۆ ئەمەش ئەو کەسە پارەکانی خەرج دەکات.
بەدڵنیاییەوە.
دوای خەرج کردنی پارەکانی دەکەوێتە قەرزکردن.
وایە.
دوای ئەوەی پارەی نەما ئارەزووە وروژاوەکانی دەروونی نارەزایی دەرنابڕن؟ ئارەزووی سێکس پێوەی نادات؟ پەلاماری ئارەزووەکانی دیکە نادات؟
ئەوە ڕوودەدات.
لەبەر ئەمە ئەو کەسە دوو ڕێگەی لەبەردەمە. بە هەر شێوەیەک بێت پێویستە پارە[بۆ تێرکردنی ئارەزووەکانی] پەیدا بکات یان خۆی بخاتە نێو تاڵی و ناخۆشییەوە.
پێویستە.
وەکو چۆن ئارەزووی نوێ جێگەی ئارەزووە کۆنەکان دەگرێتەوە و لەناویاندەبات، ئەم لاوەش نایەوێت پارە و موڵکی دایک و باوکی داگیر بکات و خەرجیان بکات؟
هەڵبەتە.
ئەگەر دایک و باوکی ڕازی نەبوون پارەکەیان نادزێت؟
بەدڵنیاییەوە.
ئەگەر نەتوانێ بیدزێت بە زۆر لێیان ناسەنێت؟
لەو باوەڕەدام ئەوە دەکات.
ئەگەر دایک و باوکی ئامادەبوون شەڕی لەگەڵدا بکەن کوڕەکە زۆردارانە بەرانبەریان ڕاناوەستێت؟
من لێرەدا زۆر گەشبین نیم.
ئەدیمەنتۆس، تۆ لەو باوەڕەدایت کوڕەکە دایکی بۆ کچێکی هاوڕێ بگۆڕێتەوە، کە تازە ناسیویەتی؟ یان بۆ کوڕێکی جوان باوکی خۆی لەناونابات؟ یان باوک و دایکی ناکات بە کۆیلەی ئەوان؟
بەڵێ، دڵنیام ئەوە دەکات.
بە ڕاستی سەیرە، کوڕێکی زۆردارت هەبێت.
بێگومان.
چ ڕوودەرات ئەگەر پارەو موڵکی دایک و باوکیشی خەرج کرد؟
بەو هەموو حەز و ئارەزوانەوە لەو باوەڕەدانیت ماڵی کەسێکی دیکە تالان بکات یان بە شەو لە تاریکیدا چاکەتی کەسێک بدزێت؟ کەل و پەلی نێو پەرستگا تالانبکات؟ ئایا هەموو ئەو بەها ڕەوشتیانەی لە منداڵییەوە فێری بووە فڕێیاننادات و نابێت بە ژێر دەستەی ئارەزووی بۆ سێکس؟ ئێستا ئەو ئارەزووانەی پێشوی، کە دەخەوتن و جڵەویان دەگیرا تیایدا بەرەڵابوون و ناخەون. ئەویش شوێنیان دەکەوێت و ئامادەیە تاوانیان بۆ بکات. ئارەزووی سێکسی لە دەروونیا دەبێت بە زۆردارێکی بەرەڵا و بێ یاسا. هانیدەدات هەموو کارێک لە پێناوییدا بکات. ئایا زۆردار بەم شێوەیە ناژی؟
بێگومان، بەم شێوەیە دەژی.
ئەگەر،چەند کەسێکی وا لە شاریکدابن ئەوانی دیکەش ژیانێکی مامناوەندەی ببەنەسەر لەکاتی جەنگ هەڵگیرساندا دەبنە چەک هەڵگر و کاسەلێسی زۆردارەکە. دەڕۆن بۆ ئەو شوێنەی جەنگی تێدایە. لە کاتی

ئاشتیشدا لەنێو شارەکەدا دەمێننەوە و خراپە دەکەن.
ئەو کارە خراپانە چین ئەوان دەیکەن؟
دزی دەکەن، ماڵ دەبڕن، جانتادەفڕێنن، جل دەدزن، پەلاماری پەرستگاکان دەدەن و کەسانی دیکە بە کۆیلە دەکەن و دەیانفرۆشن. ئەگەر گوتاربێژی چاک بن دەبن بە گەواهی درۆکەر و بەرتیلیش وەردەگرن.
ئەم کارە خراپانە بچوکن ئەگەر ژمارەی ئەم جۆرە کەسانە زۆر نەبێت.
بەڵێ، بچوکی شتێک لە بەراوردکردندا لەگەڵ شتێکی گەورەدا دەردەکەوێت. ئەگەر زۆردارێک بیەوێت ژیانی دانیشتوانی شارێک تاڵ بکات ئەم خراپە بچوکانە خێرا بەکاردەهێنێت. زۆرکردنی ژمارەی ئەم جۆرە کەسانەش لە بەرژەوەندی زۆردارەکەدایە، کە فەرمانڕەوایی شارەکە دەکات. فەرمانڕەواکەش لە هەموو ئەو کەسانە زیاتر زۆردارە.
بەڵێ، ئەو زۆردارترین کەسە، لە نێویاندا.
ئەمە لەو حاڵەتەدا ڕوودەدات ئەگەر دانیشتوانی شارەکە بە ویستی خۆیان بەو فەرمانڕەوایکردنە ڕازی بوون.
بە پێچەوانەشەوە، زۆردارەکە، وەکو چۆن لەپێشتر باوک و دایکی خۆی تاڵان کرد دەکەوێتە تاڵانکردنی وڵاتەکەی یان کریتیەکان دەڵێن، وڵاتی دایک.
وایە.
لە ژیانی تایبەتیدا مرۆڤێکی زۆردار حەز لەو کاسانە دەکات، کە ستایشی دەکەن. ئایا وا نیە؟ یان کە شتێکی پێویست دەبێت بە زمانێکی خۆش و شیرین لە خەڵکی ناسەنێت؟ کاتێک ئەو شتەشی دەستدەکەوێت ئاوەڕ لە کەس ناداتەوە؟
وایە.
زۆردار نابێت بە هاوڕێی کەس. هەمیشە خۆی بە سەرۆک دادەنێت و ئەوانەی بەرامبەریشی بە ژێردەستە.
ئەو نازانێت تام و چێژی هاوڕێیەتی یان ڕاستی و سەربەستی چیە.
ڕاستە.
دروستە زۆردار بە کەسێک دابنرێت، کە جێگەی بڕواپێکردن نەبێت؟
هەڵبەتە.
ئایا بە گوێرەی پێناسەکەمان بۆ دادوەری زۆردار نابێت بە نادادوەر؟
دروستە.
زۆردار دەیەوێت فەرمانڕەوایی بکات. چەند بەو دەستەڵاتەوە بمێنێتەوە ئەوەندەش ژیانی[شارەکە] دەشێوێنێت.
گلاوکۆن گوتی، ڕاستە.
ئایا مرۆڤێکی زۆردار لە شارێک ناچێت زۆردار تیایدا فەرمانڕەوابێت، مرۆڤێکی دیموکراتیش لە دیموکراسی؟
هەڵبەتە.
ئایا پەیوەندی نێوان بەختەوەری و چاکەکانیش بە هەمان شێوە نیە؟
وایە.
چۆن بەراوردی نێوان دوو شاربکەین، کە یەکەمیان بە دەست زۆردارێکەوەیە و دووەمیان پاشاگەردانیە؟
دوو شاری جیاوازن: یەکێکیان خراپ و ئەوی دیکە چاکە.
من ناڵێم کامیان خراپە یان چاکە چونکە ئەوە شتێکی دیار و ئاشکرایە. بەڵام دەتوانیت یەک جۆر حوکم

بەسەر بەختەوەری یان خراپەی هەردووکیاندا بدەیت؟ لێرەدا پێویستە بە شێوەیەکی گشتی بڕوانینە ژیانی هەموو شارەکە و[هەموو لایەنەکانی ئەم ڕژێمە] و تەنیا تەماشای ژیانی زۆردارەکە و چەند کەسێکی دەوروبەری نەکەین.
من لەگەڵتام چونکە ئەو شارەی زۆردار فەرمانڕەوایەتی خراپترین و پاشاگردانیش چاکترینە.
دەتوانم بەهەمان شێوە باسی مرۆڤە تاکەکان بکەم. بۆ تێگەیشتن لە کەسایەتیان دەبێت بە ناخیاندا شۆڕببینەوە و هەموو لایەنەکانی ببینین و لەدەرەوە حوکمی بەسەردا نەدەین. هەروەها ئەوەی بەم کارەش هەڵدەستێت توێژەرە. ئەو دەتوانێت حوکم بدات چونکە لەگەڵ ئەو مرۆڤە زۆردارەدا لە نزیکەوە ژیاوە و دەزانێت چۆن مامەڵە لەگەڵ کەسوکاری دەکات یان لە کاتی مەترسیدا چۆن هەڵسوکەوتدەکات؟
ئایا پێویست ناکات پرسیار لەم کەسە سەبارەت ژیان و هەڵسوکەوتی مرۆڤە زۆردارەکەوە بکرێت؟
ڕاستە، دەبێت پرسیاری لێبکرێت.
دەتەوێت ئێمە خۆمان بەو [توێژەر] ە دابنێین، کە لەگەڵ زۆردارەکەدا ژیاوە و لە نزیکەوە ناسیوێتی و دەتوانێت حوکمبدات؟
بەدڵنیاییەوە، من دەتوانم.
کەوابوو، تەماشای ئەم لایەنەم بۆ بکە: لە بیرت نەچێت، کە ئەو مرۆڤە لە ڕژێمی شارەکە دەچێت. تۆش باسی حاڵەتەکانیم بۆ بکە.
چ حاڵەتێک؟ یەکەم، لە بارەی شارێکەوە، کە زۆرداری تێدا سەقامگیرە ئایا شارێکە ئازاد یان داگیرکراو؟
داگیرکراو.
بەڵام خاوەن کۆیلەکان، کە تیایدا دەژین سەربەستن.
بەڵێ، چەند کەسێک لەو شارەدا بە سەربەست دادەنێم بەڵام شارەکە بە گشتی داگیرکراوە. زۆرینەی دانیشتوانی چەوساونەتەوە و بە کۆیلە کراون.
ئەگەر مرۆڤ و ڕژێمەکە لەیەکدی بچن ئایا پێویست ناکات یەک جۆر بونیادیشیان هەبێت؟ ئایا دەروونی کۆیلە و چەوساندنەوەی تێدا نابێت و لایەنە چاکەکانی داگیر نەکراوە؟
پێویستە.
سەبارەت بوونی ئەم دەروونە چ دەڵێیت؟ سەربەستە یان کۆیلە؟
هەڵبەتە کۆیلەیە.
ئایا شارێکی ژێردەستی زۆردار دەتوانێت بەخواستی خۆی گەشە بکات؟
نەخێر.
کەوابوو، دەروونی مرۆڤێکی زۆردار، مەبەستم دەروونێتی بە گشتی، ناتوانێت بە ویستی خۆی ژیان بەرێتە سەر. لەژێر زەبری چزوی نێرە هەنگەکەدا هەڵسوکەوت دەکات.
دروستە.
ئایا شارێک لە ژێر دەستی زۆردارێکدابێت هەژارە یان دەوڵەمەند؟
هەژارە.
کەوابوو، دەروونی زۆردارەکەش هەژارە.
وایە.
ئایا گریان و هاوار و خەمی زۆرتر لە شاریکی دیکەدا دەدۆزرێتەوە.

نەخێر.
ئایا ئەمانە لە دەروونی زۆرداردا نین، کە ئارەزووی بۆ سێکس شێتی کردووە؟
هەن.
لەبەر ڕۆشنایی ئەم بەراوردکردنانەدا دەردەکەوێت ئەم جۆرە شارە خراپترین بێت.
ئایا ئەمە دروستە ؟
دروستە. ئەی لەبارەی زۆردارەکەوە بۆ چوونت چۆنە؟
ئەویش خراپترین مرۆڤە.
لێرەدا تۆ بە هەڵەدا چوویت.
چۆن؟
لەو باوەڕەدانیم ئەم کەسە توانیبێتی بەو پەڕی خراپە بگات.
کێ هەیە خراپتر بێت؟
دڵنیام، لەگەڵ مندا هاوڕا دەبیت، کە ئەمەی باسیدەکەم خراپترە.
ئەوە چیە؟
مرۆڤ هەیە بە سروشت[لە ناوەوە] زۆردارە و کەسێکی دیکەش بارودۆخێکی تایبەتی ڕێگەی دەدات دەستەڵات بگرێتە دەست و ببێت بە زۆردار.
ڕاستە.
بەڵێ، لێرەدا دەبێت لە چۆنیەتی ژیانی ئەم دوو کەسە بکۆڵینەوە، بزانین ژیانی چاک و خراپیش چیە؟
ڕاستە.
من ئەم نموونانە دەهێنمەوە. تۆش پیم بڵێ ئەوەی باسیدەکەم واتا بەخشە یان نا.
نموونەکانت چین؟
با بڕوانینە ژیانی مرۆڤە دەوڵەمەندەکانی شارەکەمان، ئەوانەی چەند کۆیلەیەکیان هەیە چونکە ئەوان وەکو زۆردار حوکم بەسەر کۆیلەکاندا دەکەن.
ڕاستە.
تۆ دەزانیت ئەو دەوڵەمەندانە لە کۆیلەکان ناترسن.
لە چی بترسن؟
لە هیچ. تۆ دەزانی بۆچی؟
بەڵێ، چونکە هەموو شارەکە ئامادەیە بەرگری لە هەموو هاوولاتیەک بکات.
تۆ ڕاست دەڵێیت. چۆنە ئەگەر خوا یەکێک لەو دەوڵەماندانەی بە ژن و منداڵ و کۆیلەکانیەوە فڕێدایە ناوەڕاستی بیابانێکەوە و کەس نەتوانێت فریای بکەوێت چەند دەترسێت لەوەی کۆیلەکانی ژن و منداڵەکانی و خۆشی بکوژن؟
زۆر دەترسێت.
ئایا بەڵێنی درۆ بە کۆیلەکانی نادات؟ پێیاننالێت، کە ئازادیان دەکات؟
ئایا خۆشی وەکو کۆیلەی لێنایەت؟
دەیکوژن ئەگەر ئەوە نەکات.
چۆنە ئەگەر خوا لە دەوروبەری ئەم دەوڵەمەندە کەسانی دیکە دابنێ و ببن بە دراوسێی، ڕازی نەبن بەوەی

کەسێکی دیکە خۆی بەسەروەر و خاوەن دەسەڵات دابنێت؟
لەو باوەڕەدام توشی گرفت و ناخۆشی دەبێت.
ئایا ئەمە زیندان نیە، کە زۆرداری تێدا دەژی؟ زیندانێک پڕە لە ئارەزووی سێکسی و ترس؟ هەرچەندە ئارەزووی گەشتکردنی هەیە بەڵام ناتوانێت، وەکو دانیشتوانی شارەکە بگەڕێت، بۆ ئەو شوێنانە بڕوات کەسانی دیکە سەربەستانە بۆی دەچن. بە پێچەوانەوە، ئەو وەکو ژن ناتوانێت لە ماڵەوە دەرچێت و حەسودی بەوانەش دەبات سەربەستانە گەشت و گوزاردەکەن.
ڕاستە.
بۆچی ئەم خراپانە ناکەیت بە پێوەری جیاوازی نێوان ئەم دوو جۆرە زۆرداره؛ ئەو زۆردارەی تۆ بە خراپترینت دانا و ئەوەی لەژێر بارو دۆخێکی تایبەتیدا بووە بە زۆردار؟
سوکرات، ئەوەی تۆ باسیدەکەیت ڕاستە.
ئایا ئەم بارودۆخانەی زۆرداری تێدا دەژی خراپ نین؟ ئایا زۆرداری خاوەن دەسەڵات ژیانێکی ناخۆشتر لەوەی تۆ باست کرد ناگوزەرێنێت؟
بەدڵنیاییەوە.
لەڕستیدا زۆردار کۆیلەیە و زۆری لێدەکرێت خراپترین کار بکات و لەگەڵ خراپترین مرۆڤدا بژی. لە ژیاندا ئارەزووەکانی خۆی تێر ناکات. ئەگەر بەگشتی لە دەروونی بکۆڵینەوە بۆت دەردەکەوێت، کە هەژارە. ئەگەر شێوەی ژیانی ئەو لەشێوەی ئەو شارە بچێت، کە فەرمانڕەوایی تێدا دەکات ئەوا پڕە لە ترس و ئازار. وا نیە؟
هەڵبەتە وایە.
هەروەها، وەکو لە پێشتریش ئاماژەمان بۆ کرد، زۆردار حەسودە، بڕوای پێناکرێت، نادادوەرەو کەسێکی بێبڕوایە. هەموو کارێکی خراپ دەکات. لەبەر ئەمانە بەختەوەر نیە. کەسانی دەوروبەریشی لەگەڵ خۆیدا نابەختەوەر دەکات.
لەو باوەڕەدام هەموو کەسێک لەگەڵ بۆچوونەکەتدایە.
کەوابوو، وەکو دادوەرێکی دادگا بڕیارەکەتم بدەرێ و پێم بڵێ، کێ لەنێو ئەم پێنج فەرمانڕەوایانەدا؛ پاشا، تیموکرات، ئۆلیگارک، دیموکرات و زۆردار بەختەوەرترینە؟
ئەمە بڕیارێکی ئاسانە. بەگوێرەی چاکە و خراپەیان دەتوانم[بۆ ئەم مەبەستە] ڕیزیان بکەم.
پێویست دەکات کەسێک دابنێین ئەو مژدەیەمان بداتێ یان من ڕایگەیەنم کوڕەکەی ئەریستون بڕیارەکەی داوە و بەختەوەرترینیان پاشایە، کە خۆڕاگرە و دەتوانێت فەرمانڕەوایی[ئارەزووەکانی بکات] ؟ نابەختەوەر ترین و خراپترین فەرمانڕەواش زۆردارە، کە بەرانبەر خۆی و شارەکەی زۆردارانە دەجوڵێتەوە؟ (52)
ڕازیم، دەتوانیت ئەمە ڕاگەیەنیت.
هەروەها ڕازیت بەوەی بڵێم، کە ئەم ڕاستیە شاراوەیە و کەس نەیزانیوە.
بەڵێ.
باشە ئەمە یەکێکە لە بەڵگەکانمان. بەڵگەی دووەمیشمان هەیە.

---

(52) مەبەست لە (کوڕی ئەریستون) گلاوکۆنی برای ئەفلاتونە و ئەریستون باوکی ئەفلاتونیشە. گفتوگۆی سوکرات لەسەر ئەم کێشەیە لەم قۆناخی دایەلۆگەدا لەگەڵ گلاوکۆندایە. (وەرگێڕ)

چیە؟
لەوێدایە، کە دەروونی مرۆڤ سێ بەشی هەیە. شاریش لەسەر ئەمە بەسەر(سێ چیندا) دابەشدەکرێت.
بەڵگەی دووەمت چیە؟
بە دیدی من سێ جۆر چێژ هەن، کە پەیوەندییان بەو سێ بەشەی دەروونەوە هەیە. ئەمەش بەسەر ئارەزووەکان و شێوەی ڕژێمەکانیشدا دەسەپێنرێت.
مەبەستت چیە؟
یەکەم، دەڵێین، ئەو بەشەیە تەوانای فێربوونی تیدایە. دووەمیش، ئەو بەشەی دەبێتە سەرچاوەی توڕەبوون. بەشی سێیەم، ناوێکی تایبەتی نیە چونکە لایەنی زۆری هەیە. بەڵام دەتوانین ناوی گەورەترین و بەهێزترین لایەنی بۆ دابنێین. لەبەر ئەوە بە بەشی ئارەزوو ناوزەدی دەکەین. ئارەزوو، وەکو ئارەزووکردن بۆ خواردن و خواردنەوە و سێکس زۆر بەهێز و چڕە. هەروەها دەتوانین ناوی ئارەزووی پارەپەرستنیشی لێبنێن، کە بە ئاسانی لەگەڵ پارەپەیداکردندا دادەمرکێتەوە.
ڕاستە.
ئەگەر چێژ و خۆشەویستی بۆ قازانج دابنێین تێگەیشتن لە کێشەکە ئاسانتر دەبێت. ئایا پارەپەرستنیش بۆ قازانج نیە؟
وادیارە.
لە بارەی ئەو بەشەوە چ دەڵێیت، کە سەرچاوەی خۆڕاگرتن و سەرکەوتنە؟
بێگومان وایە.
ئایا ئەم بەشە حەزی لە سەرکەوتن و ڕێزلێنان نیە؟
دروستە.
ئایا ئەو بەشەی بە دوای ڕاستیدا دەگەڕێ حەزی لە پارە و ناوداری نیە؟ نابێت بە سەرچاەی فێربوون؟ بەشێکی فەلسەفیانە نیە؟
هەڵبەتە.
ئایا ئەم بەشەی دەروون لە هەندێک کەسدا دەستەڵاتدار نیە؟
وایە.
ئایا دانانی سێ جۆر مرۆڤ؛ فەیلەسوفەکان، حەزکەری سەرکەوتن و حەزکەری قازانج بۆ ئەمە ناگەڕێتەوە.
ڕاستە ئەو هۆیەی هەیە.
هەروەها سێ جۆری چێژیش؟
بەدڵنیاییەوە.
ئەگەر پرسیار لەم سێ کەسەبکەیت، ژیانی کێ خۆشترینە؟ هەر یەکێک لەوان ژیانی خۆی بە خۆشترین دانانێت؟ پارە پەرستەکە ناڵێت، کە چێژ و خۆشی پارە کۆکردنەوە لە ڕێزلێنان و فێربوون چاکترە؟
بەڵی، ئەو وەڵامە دەداتەوە.
ئەو کەسەی حەزی لە ڕێزلێنانە چ وەڵامێکی هەیە؟ لەو باوەڕەدانیە چێژ وەرگرتن لە ڕێزلێنان لەوانی دیکە خۆشترە؟
دروستە.
ئەی فەیلەسوف؟ چێژوەرگرتن لە فێربوون لەسەر و هەموو شتێکەوە دانانێت؟

وایە.
کەوابوو، مشتومڕەکە لەنێوان ئەم سێ جۆرە مرۆڤەدا لەسەر ئەوە نیە کێ چاکتر دەژی و چ جۆرە ژیانێک شەرمەزارییە. ئەوان باسی چێژوەرگرتن و کەم کردنەوەی ئازار دەکەن. چۆن بزانین کێ لەم سێ جۆرە لە ڕاستیەوە نزیکە؟
بۆچی ئەو پرسیارە لە من دەکەیت؟
بەم شێوەیە بڕوانە کێشەکە: چۆن حوکم بەسەر شتەکاندا بدەین؟ ئایا [حوکمدانەکامان] بە ئەزمون، هۆش یان بەڵگەکانەوە بەستراوە؟
ئایا هیچ پێوەرێکی دیکەمان بۆ حوکمدان هەیە؟
نیە.
کەوابوو، حەزدەکەم پێم بڵێیت کێ لەو سێ کەسە لەوانی دیکە زۆرتر ئەزمونی لەگەڵ چێژوەرگرتندا هەیە؟ ئایا پارەپەرستەکە ڕاستی دەناسێت یان بۆ ناسینی بە ئەزمونی چێژوەرگرتن لە فەیلەسوفەکە زۆرتر دەڕوات؟
جیاوازییەکی گەورە لەنێوانیاندا هەیە. فەیلەسوف بەگوێرەی پێویستیەکانی لە منداڵییەوە تامی چێژەکانی دیکە دەکات. بەڵام پارە پەرستەکە فێربوون بە پێویست نازانێت.
بەدڵنیاییەوە.
لە بارەی حەزکەر لە ڕێزلێنانەوە چ دەڵێیت؟ ئایا ئەزمونی لە فیربووندا لە ئەزمونی فەیلەسوفەکە لە ڕێزوەرگرتن زۆرترە؟
نەخێر. هەموویان ئەگەر بە ئامانجیان بگەن ڕێزیان لێدەنرێت. زۆرکەس ڕێز بۆ دەوڵەمەند، کەسێکی ئازا و فەیلەسوفیش دادەنێ. بەڵام تەنیا فەیلەسوف تامی چێژوەرگرتن لە فێربوون دەکات.
بەگوێرەی ئەزمون فەیلەسوف باشترین دادوەرە.
وایە.
ئەزمونەکەش وابەستە بە تەوانای هۆشەکی دەروونیەوە.
هەڵبەتە.
لەسەرو ئەمەوە، ئامێری پێوانەکەمان ئەزموونی فەیلەسوفەکەیە نەک دەوڵەمەند یان ئەوەی حەزی لە ڕێزلێنانە.
چ ئامێرێک؟
بەڵگەکان. ئایا باسی ئەوەمان نەکرد، کە پێوەرەکەمان لەسەر بەڵگەکانیش ڕادەوەستێت؟
وابوو.
بەڵگەش ئامێری فەیلەسوفە.
وایە.
ئێستا، ئەگەر سامان و قازانج پێوەری حوکمدانەکە بن ئەوەی ڕەخنەی لێدەگیرێت یان ستایشی بۆ دەکرێت پارەپەرستەکەیە.
ڕاستە.
ئەگەر ڕێز، سەرکەوتن و ئازایەتی پێوەربن ئەوەی حەزی لە ڕێزلێنانە ڕەخنەی لێدەگیرێت یان ستایشی بۆ دەکرێت.

ڕاستە.
بەڵام مادامەکی ئەزمون، هۆش و بەڵگە پێوەرن، ئەوان.......
ستایش بۆ فەیلەسوف دەکرێت.
کەوابوو، لەو سێ جۆرە چێژوەرگرتنە خۆشترینیان فێربوونە. ئەو مرۆڤەی هۆش لە دەروونیدا فەرمانڕەوایە خۆشترین ژیانی هەیە.
بێگومان دەبێت وابێت. مرۆڤێکی زانا، کە باسی خۆی دەکات جۆرە هێز و دەسەلاتێکی تێدا دەبینیت.
دوای ئەمە، چ خۆشی و جۆری ژیانێک بە دووەم دادەنێیت؟
دڵنیام سەربازەکە یان ئەوەی حەز لە ڕێزلێنان دەکات بە دووەم دادەنرێت چونکە لە خۆیەوە زۆرتر نزیکە.
چێژ و جۆری ژیانی دەوڵەمەندەکە سێیەمە.
دڵنیام وایە.
ئەمانە دوو بەڵگەن لە ڕێگەیانەوە دادوەرێک نادادوەریش دەبەزێنێت. سێیەمیان لە شیوەی ئۆڵەمپیکدا بۆ زیۆسی ئۆڵەمپێکی [خواوەندی] ڕزگارکەر دانراوە. چێژەکان بێجگە لەوانەی مرۆڤە زاناکە تامیان دەکات نە بەتەواوی ڕاستن و نە پاک، بەڵکو وەکو سێبەرن. ئەگەر ئەمەش ڕاست بێت، ئەوا بە تەواوی دەیانخەینە ئەو لاوە.

دروستە، بەڵام بەتەواوی لە مەبەستت تێناگەم.
ئەگەر ئەم پرسیارانەت لێبکەم تۆش وەڵامییان بدەیتەوە لە مەبەستم تێدەگەیت.
باشە، پرسیارەکانم لێ بکە.
ئایا ئازار دژوەستاوی خۆشی نیە؟
وایە.
ئایا ئەو هێمنیەی بەسەر دەروونددا دێت حاڵەتیک نیە لەنێوان هەردووکیاندا؟
وایە.
دەزانی مرۆڤیک، کە نەخۆش دەکەوێت چ دەڵێت؟
نازانم، دەتەوێ چ بڵێیت؟
هیچ شتێک لە لەش ساخی خۆشتر نیە. ئەو کەسە تاکو نەخۆش نەکەوێت هەست بەوە ناکات.
ڕاستە، ئێستا دەزانم.
ئایا ئەوانەی لە ئازاردا دەژین ناڵێین، هیچ شتێک لە ئازارشکاندن خۆشتر نیە؟
وایە ، ئەوەم بیستوە.
نموونەی زۆرتریش هەیە، کە لەو باوەڕەدام ئەو مرۆڤانەی لە ئازار و ناخۆشیدان بیر لە چێژوەرگرتن و خۆشی ناکەنەوە، تەنیا بیر لەوە دەکەنەوە چۆن ئازارەکەیان بشکێنن یان لەو خەمە ڕزگاریان بێت.
دروستە، بەوە رازی دەبن، دەروونیان هێمن دەبێتەوە.
هەروەها، ئەم هێمن بوونەوەیە دەبێت بە ئازار لەو کەسەدا، کە هەست کردن بە خۆشی تیایدا تەواودەبێت.
هەڵبەتە.
کەوابوو، هێمنی، کە لەنێوان خۆشی و ناخۆشیدا دامانناا هەندێک جار دەبێت بە هەردووکیان.
وادەردەکەوێت.

ئێستا، پێم بڵێ، دەگونجێت ئەو شتەی هیچ کامیان نیە ببێت بە هەردووکیان؟
بەدیدی من ئەوە ڕوونادات.
هەروەها، خۆشی یان ناخۆشی جۆرێکە لە جوڵان لەنێو دەروووندا. وا نیە؟
بەڵێ، وایە.
ئایا ئەوەی دەبێت بە هەردووکیان ئەو حاڵەتە هێمنییە نەبوو، کە دەکەوتە نێوانیانەوە؟
بەڵێ.
کەوابوو، چۆن ڕاستە بڵێین، خۆشی نەبوونی ناخۆشی و ناخۆشی نەبوونی خۆشییە؟
ڕاست نیە.
بەڵام نزیکبوونەوەی هێمنی لە خۆشییەوە هێمنی بە خۆشی نیشاندەدات، لە ناخۆشیشەوە بە ناخۆشی. بە هەرحاڵ، ئەوەش ڕاستی خۆشی و ناخۆشی دەرناخات.
ڕاستە، منیش وابۆی دەچم.
بڕوانە، ئەو خۆشییانەی لە ناخۆشییەوە دەرناچن دەگەیتە ئەو باوەڕەی، کە خۆشی نەبوونی ناخۆشی نیە یان ناخۆشی لەوێدا سەرهەڵنادات، کە خۆشی نامێنێت.
بۆ کوێ بڕوانم؟ چ جۆرە خۆشییەک بەو شیوەیە پەیدا دەکرێت؟
نموونەی خۆشی، لە بۆنکردندا بە ڕای من دروستە. بۆنێکی خۆش لەگەڵ لەناوچوونی ناخۆشیدا بە هەست ناگات. ناخۆشیش یان ئازار بە نەمانی بۆنەکە سەرهەڵنادات. نموونەی زۆرمان لەم جۆرە لەبەردەستدایە.
بەتەواوی ڕاستە.
کەوابوو، لەگەڵ کەسدا لەسەر ئەو خاڵەی، کە خۆشی نەبوونی ناخۆشی و ناخۆشی نەبوونی خۆشییە ڕێناکەوین.
دروستە، ڕێناکەوین.
لەهەمانکاتدا، هەموو ئەو خۆشییانەی لە ڕێگەی هەستکردنەوە بە دەروون دەگەن چڕتریش دەبنەوە تاکو ڕادەیەک لەناخۆشیمان دووردەخەنەوە.
بەڵێ، وایە.
ئایا ئەو خۆشی و ناخۆشییانەی لەداهاتووشدا ڕوودەدەن چاوەڕوان لێکراون؟ بەم جۆرەن؟
بەڵێ.
دەزانیت چۆنن یان لەچی دەچن؟
نا، ئەوانە چین؟
لەو باوەڕەدایت لە سروشتدا خوار و ژوور و ناوەڕاست هەبن؟
بەڵێ.
ئایا کەسێک لە خوارەوە بۆ بەشی ناوەڕاست سەرخرێت لەو باوەڕەدانیە، کە بەرەو ژوور جوڵاوە؟ ئەگەر لە ناوەڕاستدا ڕاوەستێت و بڕوانێتە خوارەوە[ژوورتری نەدیبێت] لەو باوەڕەدانیە، کە لە شوێنێکی بەرزتر دانراوە؟
بێگومان، دەگاتە ئەو باوەڕە.
ئەگەر بیبەینە خوارەوە ناگاتە ئەو باوەڕەی لە شوێنێکی بەرزەوە بۆ نزم چووە؟ ئایا بۆچوونەکەی ڕاست نیە؟
هەڵبەتە.

ئایا ئەمە لەبەر ئەوە نیە، کە ئەو مرۆڤە ئەزموونی ڕاستەقینەی لە بارەی خوارەوە و ژوور و ناوەڕاستدا نیە؟
بەدڵنیاییەوە.
ئەمەش جێگەی سەرسوڕمان نیە. ئەوانەی ئەزموونێکی ڕاستەقینەیان نەبێت بۆچوونەکانیان سەبارەت ئەو شتانەی باسیدەکەن کەم و کورتی تێدایە. بەهەمان شێوە، کە بەخۆشییەک یان ناخۆشییەک دەگەن وادەزانن ئەوانە خۆشی و ناخۆشی ڕاستن و بە دوائامانج گەیشتون. ئەوان ئەزمونێکی تەواویان نیە. لەبەر ئەمەشە بە فیرۆ دەچن و خۆشی بە نەبوونی ناخۆشی دادەنێن. ئەمەش لەوە دەچێت کەسێک ڕەنگی سپی نەبینیبێت و ڕەش لەگەڵ ڕەنگی خۆڵەمێشیدا بەراورد بکات.
منیش دەڵێم، ئەمە جێگەی سەرسوڕمان نیە. بە پێچەوانەوە، ئەگەر بەم شێوەیە بیرنەکەنەوە من سەرم دەسوڕمێت.
بەم جۆرەش بیر لە کێشەکە بکەوە: برسێتی و تینوێتی حاڵەتێکی ناپڕی یان بەتاڵی لە لەشدا نیە؟
بەڵێ، وایە.
ئایا نەزانین و بێ هەستی حاڵەتی ناپڕی لەدەروونداا نیە؟
هەڵبەتە.
ئەو کەسەی نان دەخوات یان فێردەبێت،خۆی تێرناکات؟
بەدڵنیاییەوە.
ئایا تێربوونێکی ڕاست ئەو کەسە کەمتر یان زۆرتر پڕدەکات؟
زۆرتر.
چ جۆرە تێربوونێک زۆرتر بوونێکی ڕەوان پڕدەکات؟ تێربوون بە نان خواردن و خواردنەوە؟ یان بە باوەڕ، تێگەیشتن، زانین و هەموو جۆرەکانی چاکەکردن؟ بەم جۆرە حوکمی بەسەردا بدە: هەر شتێک پەیوەندی بە[بوونێکی] نەمر، ڕاست و نەگۆڕەوە هەبێت لەو بوونە دەچێت. بە پێچەوانەشەوە، دروستە.
وایە، ئەوەی پەیوەندی بە شتێکی نەگۆڕەوە هەیە زۆرتریشە.
ئایا ئەو شتەی، وەکو خۆی دەمێنێتەوە و نەگۆڕە، بەشداری لە بوونی ئەو شتەدا زیاتر لە زانین لە بارەیەوە ناکات؟
وایە.
ڕاستریش نیە؟
وایە.
ئەگەر ڕاستیەکەی کەمتربێت بوونەکەشی کەمتر نابێت؟
پێویستە وابێت.
ئایا ئەوەش دروست نیە، کە ئەو شتانەی پەیوەندییان بە تێرکردنی لەشەوە هەیە کەمتر ڕاستن لەوانەی پەیوەندییان بە تێرکردنی دەروونیەوە هەیە؟
بەدڵنیاییەوە.
کەوابوو، بوونێک بەگوێرەی پێویستیە سروشتیەکەی تێربکرێت خۆشی پێدەگات و ئەو شتەی تێریشی دەکات لای خۆشترە. بە پێچەوانەشەوە دروستە.
وایە.
ئەوانەی ئەزموونی هۆشەکییان لەگەڵ چاکەدانیە، خەریکی بەزم و ڕابواردنن دوایی خراونەتە خانەی

ناوەڕاستەوە، نازانن لەسەر و ئەوخانەیەوە چ هەیە. تەماشای بەرزایش ناکەن، تاکو بیدۆزنەوەو تامی خۆشی نەگۆڕیش ناکەن. وەکو ئاژەڵ سەریان بۆ خوارەوە شۆڕدەکەنەوە و کاوێژدەکەن. بە شاخ و لەقەش دەکەونە ئەوانەی نزیکیان. ڕێگەیان نادەن تامی ئەو خۆشیەبکەن. لەبەر ئەوەی ئارەزووەکانیان کاتییە دەکەونە کوشتنی یەکدی. دەروونی ئەم جۆرە کەسانە لەو گۆزەیە دەچێت، کە هەمووی کونە، هەرچیەکی تێبکەیت لە کونەکانەوە دێتە دەرەوە و پڕنابێت.
سوکرات، تۆ زۆر جوان باسی زۆربەی خەڵکی دەکەیت، کە بەم جۆرە دەژین.
ئایا پێویست ناکات ئەم جۆرەکەسانە خۆشییان لەگەڵ ناخۆشی و ئازاردا تێکەڵ بکرێت؟ تەنیا سێبەری خۆشی ڕاستەقینە بناسن؟ نزیک بوونەوەی خۆشی و ناخۆشی پەرێشانیان ناکات؟ خۆیان توشی شێتی و گومڕەیی لە ئارەزووی سێکسیدا ناکەن؟ وەکو ستێشەرەکان دەگێڕنەوە چۆن لەسەر هیلین لە (ترۆی) شەڕکرا ئەمانیش توشی هەمان نەزانین نابن و لەگەڵ یەکدا شەڕ ناکەن؟
ئەی ئەو بەشەی دەروون، کە سەرچاوەی ئازایەتییە؟ بە هەمان شێوە خۆی تێرناکات؟ ئارەزووی بۆ ڕێزلێنان توشی حەسودی و ئارەزووەکەش بۆ سەرکەوتن فێر زەبرو توندی ناکات؟ ئەمەش هانی نادات بەبێ تێگەیشتن و بیرکردنەوە هەوڵی پەیداکردنی ڕێز و سەرکەوتن بدات؟
ئەمەش لەو بەشەدا ڕوودەدات.
بەدڵنیاییەوە جەخت لەسەر ئەوە دەکەین ئەگەر ئەوانەی پارەپەرستن و حەز لە ڕێزلێنان دەکەن لە ژێر چاودێری هۆشیاندا دوای خۆشییەکانیان بکەون زانینیان لە بارەیانەوە هەبێت خۆشیەکەیان شێوەیەکی ڕاست و بەرز وەردەگرێت. خۆشیەکەیان دەبێت بە سروشتی. خۆشی سروشتی باشترینە.
بەڵێ، بێگومان، خۆشی سروشتی باشترینە.
کاتێک دەروون شوێن بیرکردنەوەی فەلسەفی دەکەوێت بەشەکانی دیکەشی دادوەرانە ڕەفتار دەکەن. هەر بەشە بەکاری خۆی هەڵدەستێت و تامی بەرزترین خۆشی دەکەن.
وایە.
ئەگەر یەکێک لەلایەنەکانی دەروون لایەنەکەی دیکە داگیربکات، ئەوا نایەڵێت خۆشییەکی ڕاست بدۆزێتەوە.
بەڵێ، وایە.
ئایا ئەو بەشانەی لە فەلسەفە و هۆشەوە دوورن هەوڵنادەن لایەنەکەی دیکە داگیربکەن؟
دروستە، ئەو هەوڵە دەدەن.
ئەوەی لە هۆشەوە دوورە لە یاسا و سیستەمەوە دوور نیە؟
بەدڵنیاییەوە، دوورە.
ئایا ئارەزووی سێکسی و بوون بە زۆردار لە هۆشەوە دوور نیە؟
دوورە.
کەوابوو، زۆردار لەو خۆشییەوە دوورە، کە بۆ ئەو دانراوە، پاشایەکیش[بە پێچەوانەوە] لێوەی نزیکە.
پێویستە وابێت.
لێرەدا[بەو باوەڕە دەگەین] کە زۆردار ژیانێکی ناخۆش و پاشا ژیانێکی خۆشی هەبێت.
بەڵێ.
دەزانیت ژیانی زۆردار چەند لە ژیانی پاشا ناخۆشترە؟
تۆ پێم بڵێ.

سێ جۆر خۆشی هەیە: یەکێکیان ڕاست و دوانەکەی دیکە ناڕاست. زۆردار لەو پەڕی خۆشی درۆدا دەژی و لە هۆش و یاساوە دوورە. خۆی کردووە بە کۆیلەی خۆشییە ساختەکان. لەنێو [ڕیزی فەرمانڕەواکاندا] زۆردار لە ئۆلیگارکەوە سێیەمە، دیموکراتیش دەکەوێتە نێوانیانەوە.
بەڵێ.
ئەگەر بۆچوونەکەمان ڕاست بێت، ئایا زۆردار لەگەڵ فۆرمی خۆشیەکی ساختەدا ناژی، کە سێیەم دانەیەو پاش ڕاستی ئۆلیگارکی و دیموکرات دێت؟
بەڵێ ، سێیەمە.
کەوابوو، زۆردار سێ جار زیاتر لە خۆشی ڕاستەوە دوورە.
دروستە.
لەم بۆچوونەوە خۆشی زۆردار ڕواڵەتێکی ڕووتە.
بەتەواوی وایە.
هەروەها، لەو خۆشیەوە جیاوازە، کە پاشایەک هەیەتی.
دروستە.
ئەگەر یەکێک بیەوێت بە ژمێریاری جیاوازییەکەیان بدۆزێتەوە دەتوانێت بڵێت، پاشا حەوت سەد و بیست و نۆ جار زۆرتر بە خۆشی دەژی. زۆرداریش ئەوەندە لە ناخۆشیدایە.
ئەو ژماردنە بۆ جیاوازی نێوانیان سەیرە.
بەڵام ئەگەر جیاوازییەکەیان بە ڕۆژ و مانگ وساڵیش بژمێریت ڕاستەقینەیەو لە بارە.
بەڵێ، لەبارە.
ئەگەر ژیانی کەسێکی چاک و دادپەروەر لە ژیانی کەسێکی خراپ و نادادوەر خۆشتربێت، ئایا چاکە و بەخشندەیی ئەو کەسەش شتێک نیە لە ژماردن نەیەت؟
دەبێت وابێت.
لێرەوە بۆ ئەو خاڵە دەگەڕێینەوە، کە یەکێکمان گوتی، نادادوەری سود بەو نادادوەرە دەگەیەنێت، کە لەو باوەڕەدایە دادوەرە.
وابوو.
با لێرەدا مشتومڕ لەگەڵ ئەو کەسەدا بکەین چونکە لە چۆنیەتی دەستەڵاتی دادوەر و نادادوەر تێگەیشتوین.
چۆن؟
با بە نموونە لەسەر دەروون بدوێین.
چ نموونەیەک؟
نموونەی دەروون، وەکو ئەو زیندەوەرەی لە ئەفسانەی کۆندا باسکراوە. لە چمیرا، شیلا و سێربیرۆس پێک هاتوە یان زۆرشتی تر هەن، دوو یان زۆرتر سروشتی جیاوازیان تێدایە.
بەڵێ، ئەو جۆرە شتانە باسکراوە.
بیر لەو دێوە بکەوە، کە فرە سەرەی هەیە و دڕندەیە. بە ئارەزووی خۆی دەیانگۆڕێت.
ئەوە هونەرمەندێکی بلیمەت دەتوانێت وێنەکەی بکێشێت. بەڵام مادامەکی وشە ڕازانەوە لە ڕەنگ ئاسانترە گریمان ئەو دڕندەیە هەیە.
بیر لە شێوەی شێر و مرۆڤێکیش بکەوە. وێنەی مرۆڤەکە لە شێرەکە و شێرەکە لە دێوەکە بچوکترە.

ئەوە ئاسانە، دەتوانم پەیکەرەکانیان بۆ دروستبکەم.
ئەنجا، هەرسێکیان پێکەوە بنوسێنە و با پێکەوە گەورەبن.
ئەمەشم کرد.
با لە دەرەوە هەرسێکیان شێوەی مرۆڤەکەیان هەبێت. لە ناوەوە شێر و دێوەکە. ئەوەی تەماشای بکات تەنیا شێوەی مرۆڤەکە ببینێت، دوانەکەی دیکە نەبینێت.
باشە.
ئەگەر بڵێین، نادادوەری سودی بۆ ئەم مرۆڤە هەیە، ئەوە لەوێدایە، کە ئەو کەسە بە دادوەری سود و قازانج بە دێوەکە و شێرەکەی ناوەوەی ناگەیەنێت، تێریان ناکات، بەهێز نابن. دووەمیش، لاوازکردنی لایەنی مرۆڤایەتی ئەو کەسە پەلکێشکردنێتی بەرەو لایەنی دێو و شێرەکە. سێیەم، نایەوێت ئەو سێ لایەنە هاوتەراز بکات، بەڵکو بەپێچەوانەوە، لەیەکیان بەردەدات، تاکو یەکتر بخۆن .
بەڵێ، ئەوانەی ستایش بۆ نادادوەری دەکەن وادەڵێن.
بەڵام لەلایەکی دیکەوە، ئەوانەی دەڵێن دادوەری سودی هەیە مەبەستیان ئەوە نیە؛ کە یەکەم، لایەنی مرۆڤانەی ئەو کەسەی[ئێستا بە ئەندێشە دروستمانکرد] دەستەڵات بە سەر دوولایەنەکەی دیکەدا دەگرێت؛ دووەم، وەکو چۆن جوتیارێک ئاگاداری ئاژەڵەکانێتی ئەویش پێویستە چاودێری دێوە فرە سەرەکە بکات، سەرەکان ماڵی بکات و ڕێگەیان پێنەدات ببن بە دڕندە؛ سێیەم، شێرەکەش بە لای خۆیدا ڕاکێشێ. هەرسێ لایەنەکە پێکەوە هاوتەراز گرێ بدات؟
بەڵێ، ئەوانەی ستایش بۆ دادوەری دەکەن وادەڵێن.
لە هەموو ڕوویەکەوە ئەوەی ستایش بۆ دادوەری دەکات ڕاست دەڵێت. ستایش کردن بۆ نادادوەریش ناڕاست و درۆزنییە. گرنگ نیە لە خۆشی، چاکە یان سودگەیاندن بدوێین، ستایشکەری دادوەری ڕاست گۆیە. ئەوەی دژی ڕادەوەستێت بەڵگەی بە دەستەوە نیە و خۆشی نازانێت دژی چ ڕادەوەستاوە.
بە ڕای منیش ئەو کەسە هیچ نازانێت.
باشە، با هەوڵبدەین ئەو کەسە ڕازی بکەین. ئەم پرسیارانەی ئاڕاستە بکەین. ئایا ئەمە دەبێت بە بناخەی جیاکردنەوەی چاکە و خراپە؟ چاکە لەوێدایە دێوە دڕندەکە بخەینە ژێر دەستەڵاتی لایەنە مرۆڤانەکەوە و خراپەش بەپێچەوانەوەیە؟
ئایا بەم بۆچوونە ڕازییە یان نا؟
ئەگەر گوێ لەمن بگرێت ڕازی دەبێت.
لە بەر ڕۆشنایی ئەم گفتوگۆیەدا، ئەو پرسیارەشی لێدەکەین چۆن مرۆڤێک سود لە دەستکەوتنی زێڕ و زیو بە کۆیلەکردنی لایەنە مرۆڤانەکەی وەردەگرێت؟ کێ لەو باوەڕەدایە باوکێک منداڵەکانی خۆی، وەکو کۆیلە کە بە کەسێکی دڕندە بفرۆشێت، سود وەرگرێت؟
ئایا خەڵکی تاوانباری ناکەن بەوەی پیرۆزترین بەشی خۆی بە دڕندەیەکی خوانەناس فرۆشتوە؟ ئەمەش وەکو کارەکەی ئێریفیل نیە، کە ملوانکەکەی بە گیانی مێردەکەی گۆڕییەوە؟ (53)

---

(53) ئێریفیل بەملوانکەیەک مێردەکەی ڕازی کرد لەگەڵ حەوت کەسەکەدا دژی شاری تیبس ڕاوەستێت و لەو جەنگەدا کوژرا.
بڕوانە: چیرۆکی ئۆدیسای هۆمیرۆس 326- 26. (وەرگێڕ)

بێگومان، گلاوکۆن گوتی، ئەوە کارێکی ترسناکە.
ئایا مرۆڤێکی بەڕەڵا بەوە تاوانبار ناکرێت، کە ئەو دێوە دڕندەیەی ناخی زۆر گەورە بووە و دەستەڵاتی زۆری پێدراوە؟
ئاشکرایە وایە.
ئایا ئەوانەی دڵ ڕەق و ملهوڕن تاوانبار ناکرێن بەوەی دەستەڵاتی زۆریان بە لایەنی شێرەکە داوە؟
وایە.
ئەوانەی دڵیان نەرمە و خەریکی ڕابواردنن، بەوە تاوانبار نەکراون گوێ نادەنە شێرەکە و لەبەر ئەوە ترسنۆکن؟
ڕاستە.
ئەوانەی کۆیلەن تاوانبار نەکراون بەوەی سەرچاوەی ئازایەتی دەروونیان لە لاوێتیەوە خستۆتە ژێر دەستەڵاتی دڕندەکە و بۆ تێرکردنی دڕندەکە لە شێرەوە بوون بە مەیمون.
ڕاستە.
بۆچی بەچاوی نزمەوە تەماشای کرێکاری ئیشی دەست دەکرێت؟
ئایا هۆی ئەوە نیە، کە ناتوانێت دەستەڵات بەسەر دێوە دڕندەکەی [دەروونی] بگرێت و خزمەتی دەکات؟
لەوانەیە.
بۆ ئەوەی ئەم مرۆڤە، وەکو ئەو مرۆڤەی دێوەکەی تێدایە فەرمانڕەوایی بکرێت، دەبێت بچێتە ژێر دەستی کەسێکەوە، کە لایەنە پیرۆز و چاکەکە تیایدا بەرقەرابوە. ئێمە لەوێدا، کە دەڵێین؛ کۆیلە دەبێت فەرمانڕەوایی بکرێت مەبەستمان ئازاردانی کۆیلەکە نیە. هەروەها تراسیماخۆس لەو باوەڕەدابوو بەم شێوەیە هەموو کەسێک دەبێت فەرمانڕەوایی بکرێت چونکە پێویستە هۆش دەستەڵاتمەدار بێت.
بەڵێ، تۆ ڕاست دەڵێیت.
ئەمە ئامانجی یاسادانانە. هەروەها، لە فەرمانڕەواکردنی منداڵەکانمان خواستی ئێمەشە. ئێمە بەبێ دانانی دەستورێک بۆ ئەوان ڕێگەیان نادەین سەربەست بن. بەهەمان شێوەش لە شاردا وایە. پاش ئەمە سەربەستیەکەیان دەدەینێ.
ئاشکرایە دەبێت وابێت.
کەوابوو، گلاوکۆن چۆن نادادوەری بەڕەڵایی و کاری شەرمەزارانە سود و قازانجیان بۆ کەسێک هەیە ئەگەر پارەی زۆر و دەستەڵاتیشیان لێوە پەیدا بێت؟
وایە.
چ سودێکی هەیە ئەگەر نادادوەرییەکەی هەستی پێنەکرابێت و لەسەری سزانەدرابێت؟ ئەوەی هەستی پێنەکراوە خراپتر دەبێت. ئەوەی هەستی پێدەکرێت و سزادەدرێت لایەنە دڕندەکەی هێمن دەبێتەوە و بەمرۆڤ دەکرێت؟ لایەنە چاکەکەی خۆی دەردەخات، بەدوای دادوەری و زانیندا دەگەڕێت. وەکو ئەو لەشە نەخۆشەیە چاک دەبێتەوە و دەبێت بە لەشێکی تەندروست.
بەدڵنیاییەوە.
کەسێکی خاوەن بیر و تێگەیشتن هەموو هەوڵدانێکی بۆ چاککردنەوەی باری دەروونی نیە؟ ڕێز بۆ فێربوون دانانێت؟
دیارە وایە.

دووەم، ئایا ژیانێکی مامناوەندی هەڵنابژێریت؟ باری دەروونی و لەشی هاوتەراز ناکات؟
بەدڵنیاییەوە ئەوە دەکات ئەگەر بە ڕاستی فێری مۆسیقا و هۆنراوە کرابێت.
لە کۆکردنەوەی پارە و سامانیشدا، بەهەمان شێوە، هاوتەرازییەک دروستدەکات. ڕێگە بە خۆی نادات گەمژانە دوای پارە و سامانێکی زۆر بکەوێت.
دروستە.
پەیڕەوی دەستورەکەی ژیانی دەکات. نایەڵێت زیانی پێبگات. بە پارەیەکی کەم یان زۆر دەیپارێزێت و پارەو سامانەکەی لەم پێناوەدا دادەنێت.
پێویستە، ئەو کارە بکات.
بەهەمان شێوە، مامەڵە لەگەڵ ڕێزلێنان دەکات. ئەو کارانە دەکات، کە دەیکەن بە کەسێکی چاکتر. هیچ شتێک ناکات زیان بە دەروونی بگەیەنێت.
ئەگەر ئەوە ئامانجی ئەو مرۆڤە بێت بەشداری کاروباری ڕامیاری ناکات.
نا، بەشداری دەکات، بە تایبەتی لەو شارەدا، کە شێوەی ڕژێمەکەی لەو دەچێت. بەڵام لە وڵاتەکەی خۆیدا تاکو دەنگێکی پیرۆز بانگی نەکات کاری ڕامیاری ناکات.
من تێدەگەم. تۆ مەبەستت ئەوەیە تەنیا لەو شارەدا، کە لە بیری ئێمەدایەو لە هیچ شوێنێکدا هێشتا پەیدانەبووە بەشداری ڕامیاری دەکات.
منیش گوتم، ئەو شارە لە بەهەشتە. گرنگ نیە لێرە هەبێت یان نا. ئەوەی لە شێوەی ئەو شارەدا دەژی گوێ بە شارێکی دیکە نادات.
منیش لەو باوەڕەدام.

بەشی دەیەم

من گوتم، بێگومان شارەکەمان گەلێک خەسڵەتی چاکی هەیە، لە هەموویان سەرنج ڕاکێش تر هۆنراوەیە.
گلاوکۆن وەڵامی دایەوە و گوتی: باسی چ دەکەیت؟
بەو هۆنراوەیە ڕازی نەبووین، کە لاسایی دەکاتەوە. هەروەها پاش دیاریکردنی بەشەکانی دەروون ئاشکرایە، بە بۆچوونی من ئەم جۆرە هۆنراوانە پێویستە ڕەتبکرێنەوە.
مەبەستت چیە؟
من دەڵێم، ئەگەر بیسەر زانیاری لەبارەیانەوە نەبێت، ئەم جۆرە هۆنراوانە بیرکردنەوەی دەشێوێنن.

نازانم دەتەوێ چ بڵێیت؟
من دەڵێم هەرچەندە لە منداڵییەوە هۆنراوەکانی هۆمیرۆسم خوێندۆتەوە و ڕێزم بۆی هەیە چونکە شاعیرێکی تراجیدیای گەورەیە: بەڵام پێویستە زۆرتر ڕاستیمان خۆش بوێت و ڕێزی بۆ دابنێین.
ڕاستە.
گوێ بگرە یان باشترە وەڵامی ئەم پرسیارەم بدەیتەوە.
پرسیارەکەت چیە؟
دەتوانیت پێم بڵێیت لاساییکردنەوە بەگشتی چیە؟ چونکە من نازانم.
بۆ چی نا؟ هەندێک جار ئەوانەی چاویان کزە لە پێش ئەوانەدا شت دەبینن، کە چاویان چاک دەبینێت.
ئەوە ڕاستە، بەڵام حەز ناکەم لە بەردەم تۆدا باسی ئەو شتە بکەم. داوا لە تۆ دەکەم تەماشای بکەیت.
دەتەوێت لەم لێکۆڵینەوەیەشدا شوێن میتۆدەکەمان بکەوین؟ وەکو دەزانیت هەر شتە ناوێکی لێدەنیی یان پێویست ناکات تۆ لەمەبەستم تێدەگەیت؟
من تێدەگەم.
کەوابوو، با لە یەکێک لەو شتانەی دەوروبەرمانەوە دەستپێبکەین. بۆ نموونە جێگەی خەوتن و مێز لەبەر دەستتدان.
بەڵێ.
لێرەدا دوو فۆرمی ئەم کەلوپەلانە هەن: یەکێکیان بۆ جێگەی خەوتن و دووەمیان بۆ مێز.
وایە.
ئایا ئاسایی نیە بڵێین[دارتاشەکە] بەدوای فۆرمی جێگەی خەوتن و مێزدا [پێش دروستکردنیان] بگەڕێت؟
ئێمە دەزانین هیچ پیشەسازێک فۆرمی ئەو شتە دروست ناکات.
دروستە.
ئەو پیشەسازە چیە؟
کام؟ ئەوەی هەموو شتەکان و پیشەکانی دیکەش دەهێنێتە کایەوە.
ئەو کەسە سەیرە و زیرەکیشە، کە تۆ باسیدەکەیت.
سەبرکە، ئێستا هۆی زۆرترت دەدەمێ، تاکو ئەم پیشەسازە بە زیرەک و سەیر دابنێیت. ئەو دەتوانێت هەموو کەلوپەلەکان و ڕوەک و زیندەوەرەکانی سەرزەوی، زەوی، خۆی و خواکان، ئاسمان و جیهانی بەرزەخیش دروستبکات.

بە ڕاستی زیرەکە.
لەوانەیە باوەڕم پێنەکەیت. تۆ پێم بڵێ، لەو باوەڕەدای پیشەسازێک نەبێت ئەم هەموو شتانە دروستبکات؟ یان لەلایەکەوە ئەو دەتوانێت و لەلایەکی دیکەوە ناتوانێت؟ ئایا ڕێگەیەک نادۆزیتەوە بۆ خۆت، کە بتوانیت هەموو شتەکان دروست بکەیت؟
ئەوە چ ڕێگەیەکە؟
دۆزینەوەی کارێکی سەخت نیە: تۆ دەتوانیت خێرا و لە زۆر شوێندا بیکەیت ئەگەر ئاوێنەیەک لەگەڵ خۆتدا هەڵگریت، لەنێوئاوێنەکە دا خۆر و تەنەکانی ئاسمان و زەوی، زیندەوەرەکان و ڕووەک، کەلوپەلەکانی بەردەست و خۆت دەبینیت.
بەڵێ، ئەو شتانە لەنێو ئاوێنەکەدا دەبینم، بەڵام شتە ڕاستەکان نین.
چاک بۆی چویت! تۆ مەبەستی سەرەکی گفتوگۆکەمانت دەرخست. لەو باوەڕەدام هونەرمەندی شێوەکاری دێتە ڕیزی ئەم پیشەسازەوە[کە ئاوێنەکەی بەدەستەوەیە]. وا نیە؟
هەڵبەتە.
لەو باوەڕەدام دەڵێیت، کە ئەو شتانەی هونەرمەند دایاندەهێنێت ڕاست نین. بەڵام هەر چۆنێک بێت ئەو دەتوانێت[لە بەرهەمێکی هونەرییدا] جێگەی نوستن دروستبکات.
وایە، ئەوەی دروستیدەکات دیاردەکەیە.
ئەی دارتاشەکە؟ تۆ پێشتر نەگەیشتیتە ئەو خاڵەی، کە ناتوانێت فۆرم دروستبکات، کە بوونی جێگەی خەوتنەکە مسۆگەر دەکات؟ ئایا ئەوەی دروستی دەکات تەنیا جێگەیەکی خەوتن نیە؟
بەڵێ، من ئەوەم گوت.
ئێستا ئەگەر ئەو بوونی جێگەی خەوتنەکە دروستنەکات ئەوەی دەیهێنێتە کایەوە شتە ڕاستەکە نیە، بەڵکو دیاردەکەیەتی. ئەگەر کەسێک بڵێت ئەوەی دارتاشەکە دروستی دەکات شتە ڕاستەکەیە درۆ ناکات؟
بەلای کەمەوە، ئەگەر شوێن ئەم بۆچوونە بکەون بە درۆزنی دادەنێن.
با لەم نموونەیەوە، بزانین لاسایی کەرەوە کێیە؟
باشە.
ئێمە[لەم نموونە یەدا] سێ جۆر جێگەی خەوتنمان هەیە:
یەکەمیان بوونی جێگەی خەوتنە، کە خوا دروستی کردووە. لەو باوەڕەدای کەسێکی دیکە دروستی کردبێت؟
نەخێر.
دووەم، دارتاشەکە دروستی دەکات.
وایە.
سێیەم، هونەرمەندەکە[لە تابلۆیەکدا] دروستی دەکات. وا نیە؟
بەڵێ. وایە.
هەر یەکێک لەم سییانە، خوا و دارتاش و هونەرمەندەکە، جۆرێک جێگەی خەوتنمان بۆ دروستدەکات.
بەڵێ، سێ جۆر دروستدەکەن.
خوا، لەبەر ئەوەی خۆی نەیویست یان بە پێویستی زانی تەنیا یەک بوونی جێگەی خەوتنی لە سروشتدا دروستکردوە، ئەمەش **فۆرمی** جێگەی خەوتنە. لە فۆرمێک زۆرترمان نیە خوا دروستی کردبێت و هەرگیز نابێت. بۆچی ئەمە وایە؟

چونکە ئەگەر دوو جێگەی خەوتن دروستبکات، فۆرمی سێیەمیش سەرهەڵدەدات، کە لە هەردوو جێگاکەی پێشوتردا هەیە، لەم حاڵەتەدا جێگەی سێیەم نەک دووانەکە دەبێت بە فۆرمی جێگەی خەوتن.
ڕاستە.
خوا، بە ڕای من، ئەمەی دەزانی، دەیویست ببێت بە دروستکەری فۆرمی جێگەی خەوتن، نەک جێگەی خەوتن.
هەڵبەتە.
حەزدەکەی ناوی بنێین داهێنەری سروشتی؟
بە ڕای من، ئەو ناوە بۆ خوا دەگونجێت چونکە بە سروشت ئافەریدکەری هەموو شتەکانە.
ئەی دارتاشەکە؟ دروستکەری جێگەی خەوتن نیە؟
دروستکەرە.
ئەی هونەرمەندەکەش، وەکو ئەم دروستکەرانە شتەکان دروستناکات؟
نەخێر.
ئەی چی لە جێگەی خەوتنەکە دەکات؟
لاسایی دەکاتەوە. ئەو لاسایی دروستکەرەکان دەکاتەوە. بە ڕای من، ئەم ناونانە لە هونەرمەند لە بارە.
باشە، تۆ ئەو کەسە بە لاسایی کەرەوە دانانێیت، کە بەرهەمەکەی دەکەوێتە ڕیزی سێیەمی شتە دروستکراوەکانەوە؟
بەدڵنیاییەوە.
ئایا ئەمە بۆ[نوسەرێکی] تراجیدیش دروست نیە؟
بەدڵنیاییەوە، دەکەوێتە ڕیزی سێیەمەوە و لاسایی کەرە؟
وادەردەکەوێت.
ئێمە لاسایی کەرەکانمان دۆزییەوە. ئێستا لە بارەی هونەرمەندی شێوەکارییەوە پێم بڵێ، ئەو لاسایی شتە سروشتیەکان یان کەلوپەلە دروستکراوەکان دەکاتەوە؟
لاسایی کەلوپەلە دروستکراوەکان دەکاتەوە.
پێویستە لەوە دڵنیابیت.
چ مەبەستێکت هەیە؟ من تێناگەم.
مەبەستم ئەمەیە: کاتێک لە پێشەوە، لە پشتەوە یان لە لاکانەوە تەماشای جێگەی خەوتن دەکەیت هەرجارە جیاواز دەرناکەوێت؟
ئایا ئەمە بۆ هەموو شتێکی دیکە نابێت؟
بەڵێ، وایە جیاواز دەردەکەوێت، بەڵام خۆی هەر یەک شتە.
کەوابوو، بڕوانە ئەم نموونەیەش: هونەری شێوەکاری چ دەکات؟ ئایا ئەو شتەمان نیشاندەدات، کە وەکو خۆیەتی و یەک شتە یان ئەو شتەمان بەو شێوەیە پێدەناسێنێت، کە دەردەکەوێت وابێت؟ ئایا بەرهەمێکی هونەری ڕاستی ناسە یان لاسایی ڕاستی دەکاتەوە؟
دیاردەکان نیشاندەدات.
لاسایی کردنەوە لە ڕاستیەوە دوورە. تەنیا لایەنەکان دەردەخەن، کە ئەوانیش وێنەی[شتە ڕاستەکەن] لەبەر ئەمەش دەتوانێت زۆرشت بکات. بۆ نموونە هونەرمەندێک تابلۆی پینەچیەک، دارتاشێک یان شتێکی تر دەکات بەبێ ئەوەی لە بارەی ئەم پیشانەوە زانیاری هەبێت. لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر هونەرمەندێکی چاک بێت

منداڵان و کەسانی گەمژە لە دوورەوە تابلۆکەی لەسەر دارتاشێک ببینن، وادەزانن شتێکی ڕاستە.
هەڵبەتە.
هەر کاتێک یەکێک بڵێت گوایە کەسێکی بینیوە، هەموو جۆرە پیشەیەک دەزانێ و زانیارییەکی تەواوی لە بارەی هەموو شتێکەوە هەیە. لەو باوەڕەدام ساویلکەیە و جادوگەرێک هەڵیخەڵەتاندووە. ئەم کەسە بە زاناترین دادەنێت چونکە خۆی ناتوانێت زانین و نەزانین و لاسایی کردنەوە لە یەکدی جیا بکاتەوە.
ئەوە ڕاستە.
ئەنجا دێینەسەر تراجیدیا و ڕابەرەکەشی، کە هۆمیرۆسە. هۆکەشی ئەمەیە: هەندێک دەڵێن شاعیر هەموو شتێک دەزانێت. هەروەها دەڵێن، ئەگەر شاعیرێکی چاک هۆنراوەیەکی نایاب بنوسێت دەبێت زانیاری لە بارەی ئەو شتانەوە هەبێت، کە باسیاندەکات، ئەگینا ناتوانێت بنوسێت. پێویستە بزانین، داخۆ ئەوانەی بەم جۆرە بیر لە شاعیر دەکەنەوە لاسایی کەرەکانیان بینیوە و هەڵخەڵەتێنراون، ئەو بەرهەمانەش لەڕیزی سێیەمدا دادەنرێن یان ڕاستن.
پێویستە ئەوە بزانین.
لەو باوەڕەدای کەسێک بتوانێت شتێکی ڕاست و کۆپیەکەشی دروستبکات، کۆپیەکە بخاتە پێش شتە ڕاستەکەوە؟
نەخێر.
بە دیدی من، ئەگەر ئەو شتە ڕاستەکان بناسێت لاسایی نەدەکردنەوە و هەوڵی دەدا پاش خۆی شتی چاک بەجێ بهێڵێت تاکو ستایش بکرێت.
منیش لە گەڵتام چونکە ئەو شتانە سود و بەهای جیاوازیان هەیە. داوا لە هۆمیرۆس و شاعیرەکانی دیکەش ناکەین باسی ئەم پیشانەمان بۆ بکەن. ئەو پرسیارە ناکەین، ئایا یەکێک لەوان پزیشکە یان لاسایی کەرەوە، شاعیرێکی کۆن یان نوێ توانیویەتی، وەکو ئەسکلیپیۆس چارەی نەخۆشێک بکات یان وەکو چۆن ئەسکلیپیۆس کوڕەکەی خۆی فێری پزیشکی کرد، شاعیرەکەش کۆمەڵێک خوێندکاری فێری پزیشکی کردووە. تەنانەت لەبارەی پیشەکانی دیکەشەوە، پرسیاریان لێناکەین. بەڵام ئاڕاستەکردنی پرسیار لە هۆمیرۆس دەربارەی گرنگترین و جوانترین شت، جەنگ و ڕژێمی شارەکان و فێرکردنی خەڵک، کە خۆی باسیاندەکات ڕەوایە بکرێت و بڵێین: هۆمیرۆس ئەگەر تۆ لە ڕیزی سێیەمی ڕاستیدا لاسایی کەرەوە نەبیت و خۆت لە ڕیزی دووەمیش دابنێیت، ئایا دەتوانیت ڕوونیبکەیتەوە چ ڕژێمی شارێک لەبەر ئەوەی تۆی تێدایە و پەیڕەوی تۆ دەکات، وەکو سپارتا، لەبەر لیکەرگۆس، چاکە ؟ چ شارێک، وەکو ئەوە ی لە ئیتالیا و سیسیلی بۆ کارنۆداس و ئێمەش بۆ سۆلۆنی دادەنێین، تۆ بە یاساسازو سودمەند دادەنێت؟ ئایا ئەو دەتوانێت ناوی شارێکمان بداتێ؟ لەو باوەڕەدام ناتوانێت. تەنانەت، هۆمەریدەکانیش ئەو پلەیەی بۆ دانانێن.(54)
شارێک دەدۆزیتەوە لە سەردەمی هۆمیرۆسدا لە جەنگێکدا سەرکەوتبێت، لەبەر ئەوەی هۆمیرۆس پێشەوای بووە یان ڕاوێژکاری فەرمانڕەواکەی بووبێت؟
نیە.
چ داهێنان و بۆچوونێکی زانستیانە هەیە بەو جۆرەی دەیگەڕێننەوە بۆ تالیسی میلیتس و ئەنەکارسیسی

---

(54) هۆمەریدەکان ئەو کەسانەبوون بە شارەکانی یۆناندا گەڕاون و هۆنراوەکانی هۆمیرۆسیان بۆ خەڵک خوێندۆتەوە. (وەرگێڕ)

سیتیسن، ناوی هۆمیرۆسی بە سەرەوە بێت؟ (55)

نەخێر.

ئایا هۆمیرۆس فیرکەربووە و هەوڵی داوە خەڵکی پەروەردە بکات، وەکو پیتاگۆراس بۆچوونەکانی بۆ ئێمە مابێتەوە؟ (56)

تاکو ئەمڕۆ ڕێز بۆ پیاگۆراس دادەنرێت و خەڵکی شوێن بۆچوونەکانی دەکەون.

ئێمە بەم جۆرە لە بارەی هۆمیرۆسەوە هیچ نابیسین. ئەگەر ئەو چیرۆکانەی لە بارەی هۆمیرۆسەوە بیستومانە ڕاست بن، تێدەگەین چ جۆرە کەسێک بووە، تەنانەت کریۆفیلۆسی هاوڕێی ئەوەندە بایەخی پێنەداوە.

ئەو چیرۆکانەمان بیستوە. بەڵام گلاوکۆن، ئەگەر هۆمیرۆس توانیبێتی خەڵکی فێربکات، بیانکات بە کاسانێکی چاکتر و لاسایی کەرەوە نەبوبێت، ئایا زۆر کەس خۆشی نەدەویست و ڕێزیان بۆ دانەدەنا؟

پرۆتاگۆراسی ئەبدیرا، پرۆدیسیۆسی سیۆس و زۆری دیکەش دەتوانن کار بکەنە سەرخەڵکی و فێریان بکەن، ڕێز بۆ خۆیان دروستبکەن و خەڵکی بە کۆڵ بیانگێڕن. (57)

ئەگەر هۆمیرۆس و هزیۆدیش سودیان هەبووایە لەم شار بۆ ئەوشار دەسوڕانەوە؟ ئایا بەڕێزەوە لە شارەکەی خۆیان خزمەتیان نەدەکرا؟

بە ڕای من، سوکرات، بۆچوونەکەت دروستە.

کەوابوو، خۆمان بەو ئاکامە بگەیەنین، کە شاعیرە لاسایی کەرەوەکان لە هۆمیرۆسەوە کۆپی ڕاستی دەناسن و ئەوەی باسی دەکەن ڕاستی نیە؟ ئەمەش لەو خاڵە دەچێت لەپێشتر سەبارەت هونەرمەندی شێوەکاری باسمانکرد، کە بە بێ ئەوەی زانیاری لە بارەی پینەچێتیەوە هەبێت تابلۆی پینەچیمان بۆ دروستدەکات.

ڕاستە.

شاعیر وشە و گوتە، وەکو ڕەنگ بۆ وێنە هونەرییەکەی بەکاردەهێنێت. ئەو بە بێ ئەوەی بزانێت ئەوانە چین بە کاریاندەهێنێت. کەسانی نەزان، وەکو خۆی، وادەزانن چاک باسی پینەچێتی و جەنگ یان شتێکی دیکە دەکات. هەروەها شاعیر دەنگی مۆسیقی و هارمۆنی بە وشەکانی دەدات و ڕیزیاندەکات. ئەگەر هۆنراوەکەی لەمانە ڕووتبکەیتەوە دەزانیت چی بەسەردێت.

دەزانم .

ئەمەش لە دەمو چاوی ئەو لاوە ناچێت، کە بەرەو پیری دەڕوات، نە چاکە و نەجوانیش؟

----

(55) تالیس لە سەدەی شەشەمی پێش زاینیدا ژیاوە و بە یەکەم فەیلەسوفی یۆنانی و دانەری فەلسەفەی ڕۆژئاوا دادەنرێت. گوایە یەکێک بووە لە حەوت زاناکانی یۆنان. ئاوی بە بنەڕەتی بوون و گۆڕان داناوە. ئەنەکارسیس، کە هاو سەردەمی تالیسە، بە دامەزرێنەری زانستی ئەندازیای یۆنانیەکان دادەنرێت.(وەرگێڕ)

(56) پیتاگۆرس (570- 495 پ.ز) بە ناودارترین فەیلەسوفی یۆنانی پێش سەردەمی سوکرات دادەنرێت. لە تەمەنی بیستساڵیدا لە دوورگەی سامۆسەوە ڕوویکردۆتە شاری کرۆتۆن. لەوێ کۆمەڵێکی فەلسەفی و ڕەوشتی دامەزراندوە. ژمارەیەکی زۆر لە لاوان شوێنی کەوتون. (وەرگێڕ)

(57) پرۆتاگۆراسی ئەبدیرا (490- 420 پ ز) ناودارترین فەیلەسوفی سەفسەتییە و بەو گوتەیە ناسراوە، کە"مرۆڤ پێوەری هەمووشتەکانە." و لەو باوەڕەشدا بووە مرۆڤ لەبەر ئەوەی دەستەڵاتی زانینی سنووردارە هیچ لە بارەی بوونی خواوە نازانێت. پرۆدیسیۆسی سیۆس، فەیلەسوفێکی دیکەی سەر بە فێرگەی سەفسەتەیە، لە سەدەی پێنجەمی پێش زاینیدا ژیاوە. ماوەیەک کاری دیبلۆماسی پێدراوە. باوەڕی بە بوونی سروشت هەبووە و هەموو شتێکی سود بەخشی بە خواوەند داناوە. (وەرگێڕ)

بەتەواوی وایە
.ئێستا بیر لەم خاڵەش بکەوە، لاسایی کەرەوە هیچ لە بارەی بوونەوە نازانێت. تەنیا دیاردەی بوون دەناسێت. وا نیە؟
بەڵێ.
کەوابوو باشترە باسەکە بە نیوە چڵی جێنەهێڵین.
بەردەوام بە.
گوتمان هونەرمەندی شێوەکاری تابلۆی جڵەوو لغاوی ئاژەڵمان بۆ دەکات.
بەڵێ.
ئەمانەش پینەچی و ئاسنگەریش دروستیان دەکەن؟
هەڵبەتە.
ئایا هونەرمەندەکە دەزانێت جڵەو و لغاوی ئاژەڵ چۆن دروستدەکرێن؟ یان دەتوانین بڵێین پینەچی و ئاسنگەر نازانن دروستیان بکەن؟ تەنیا کەسێک بزانێت چۆن دروستدەکرێن ئەسپ سوارەکەیە؟
لەگەڵتام.
ئایا ئەمە بۆ هەموو شتەکانی دیکە ناگونجێت؟
وەکو چی؟
بۆ هەموو شتێک سێ کەس هەن: یەکەمیان دروستی دەکات، دووەمیان بەکاری دەهێنێت، سێیەمیان لاسایی دەکاتەوە[کۆپی دەکات].
بەڵێ.
ئایا چاکە، جوانی و دروستی هەموو کەلوپەلێک، زیندەوەرێک و کردەوەیەک، پەیوەندی بەشێوەی بەکارهێنانەوە نیە، کە بە سروشت پێیاندراوە؟
وایە.
کەوابوو، پێویستە ئەوەی بەکاریاندەهێنێت خاوەنی ئەزمونێکی زۆربێت. بە دروستکەرەکەش دەڵێت چ بەرهەمێکی چاکە یان خراپ. شمشاڵ ژەنێک دەتوانێت چاکە و خراپی شمشاڵەکە بۆ ئەو کەسە باسبکات، کە شمشاڵەکەی دروستکردوە. ئەویش گوێ لە پێشنیار و باسەکەی دەگرێت.
هەڵبەتە.
ئایا ئەوەی شمشاڵەکە دروستدەکات پشت بە هەڵسەنگاندن و بۆچوونی شمشاڵ ژەنەکە نابەستێت؟
پێویستە پشتی پێببەستێت.
ئایا لاسایی کەرەوە دەزانێت ئەوەی دروستی دەکات چاکە یان باش بەکاردێت؟
نەخێر.
کەوابوو لاسایی کەرەوە زانیاری و بۆچوونی دروستی لە بارەی ئەو شتەوە نیە دروستی دەکات. نازانێت چاکە یان خراپ.
دروستە.
شاعیرێکیش زۆر چاک بەرهەمەکەی خۆی دەناسێت.
بەپێچەوانەوە زۆر کەم.
لەگەڵ ئەمەشدا، لەلاسایی کردنەوە بەردەوامە. ئەو چاکە و خراپە ناناسێت. لاسایی کردنەوەکەش بۆ ئەو

کەسانەی هیچ نازانن جوان و چاک دەردەکەوێت.
هەڵبەتە.
دەردەکەویت لەسەر ئەو خاڵە هاوڕابین، کە لاسایی کەرەوە زانیارییەکی بە سودی لە بارەی ئەو شتەوە نیە لاسایی دەکاتەوە و هەمان کات، لاسایی کردنەوە جۆرێکە لە یاریکردن و بەجیدی وەریناگرین. هەموو شاعیرە تراجیدیاکانیش گرنگ نیە کەم یان زۆر بنووسن، لاسایی کەرەوەن.
ڕاستە.
ئایا ئەم لاسایی کردنەوەیە لە ڕاستیەوە سێ جار دوور نیە؟
بەڵێ، سێ جار دوورە.
چ ئەندامێکی لەش خۆی پێوە ماندوو دەکات؟
مەبەستت چیە؟
مەبەستم ئەمەیە: قەوارەی شتێک، بەگوێرەی دووری و نزیکی، لە ئێمەوە دەگۆڕێت.
وایە.
شتێک لەنێو ئاودا دەچەمێتەوە و لە دەرەوەشدا ڕاست دیارە. هەروەها شتێک، لەبەر ئەوەی ڕەنگەکانی بەو شێوەیە دەبینین چەماوە و قوپاو دیارن. زۆرشتی دیکەش هەن بەم شێوانە بە ئێمە دەگەن. لەبەر ئەم لایەنە لاوازە و زوو هەڵخەڵەتێنراوەی دەروونی مرۆڤە ڕووناکی و تاریکی و ڕەنگەکان لە بەرهەمێکی هونەرییدا جادوگەرانە کاردەکەنە سەر دەروونمان.
ڕاستە.
ژماردن، کێشان و پێوانیش، کاری بەشە هۆشەکییەکەی دەروونە.
بەڵێ.
کاتێک ئەم بەشە، شتەکان دەپێوێت و بۆی دەردەکەوێت گەورە، بچوک یان لە قەوارەدا نەگۆڕن، لە هەمان کاتدا لایەنە دژەکەشی بۆ دەردەکەوێت.
بەڵێ.
ئایا لەپێشتر نەگەیشتینە ئەو باوەڕەی لایەنە دژەکان لە یەک بووندا لە یەک کاتدا نابێت هەبن؟
ئێمە بەو باوەڕە گەیشتین، هۆکەشیمان زانی.
ئەو بەشەی لە دەرووندا لەگەڵ پێوانە و ژماردندا ناکۆکە هەمان بەش نیە، کە لەگەڵیدا ناکۆک نیە.
ڕاستە.
چاکترین بەشی دەروونیش ئەوەیە، کە لەگەڵ پێوانە و ژماردندا ناکۆک نیە.
بەدڵنیاییەوە.
من دەمەوێت بەم خاڵە بگەین، کە گوتم هونەری شێوەکاری و لاسایی کردنەوە بەگشتی لە ڕاستیەوە دوورن. لاسایکردنەوە پەیوەندی بە بەشێکی دەروونەوە هەیە. ئەو بەشەش هۆش نیە. نزیکبوونەوەش لەم بەشە ئاکامێکی چاکی نیە.
ڕاستە.
کەوابوو لاسایی کردنەوە شتێکی نزمەو لەگەڵ شتێکی نزمی دیکەدا جوت دەبێت. شتی نزمتر دەهێنێتە بەرهەم.
وادەردەکەوێت.

ئایا ئەمە تەنیا بۆ لاسایی کردنەوە دروستە؟ ئەی هۆنراوەش ئەم خەسڵەتەی نیە؟
لەوانەیە هۆنراوەش ئەم خەسڵەتەی هەبێت.
بەهەر حاڵ نابێت ئێمە لەم لێکچونەوە لەنێوان هونەری شێوەکاری و هۆنراوەدا بەڵگەمان بخەینە گەر. پێویستە ڕاستەوخۆ لەو بەشەی دەروونمان بدوێین، کە هۆنراوەی تێدا دروستدەبێت. با بزانین بەشێکی نزمە یان نا؟
بەڵێ، پێویستە.
هۆنراوە لاسایی ئەو ڕووداوانە لە ژیانی مرۆڤدا دەکاتەوە، کە بە ئارەزووی مرۆڤەکان یان لەژێر زەبردا هاتوونەتە کایەوە. هەروەها مرۆڤەکانیش لە ئاکامی ڕووداوەکاندا ژیانێکی خۆشتر یان خراپتریان هەیە، توشی ئازار بوون یان نا؟ ئایا بێجگە لەمە، هۆنراوە باسی شتێکی دیکەمان بۆ دەکات؟
نەخێر.
ئایا مرۆڤ دەتوانیت لەنێو ئەم بارودۆخە جیاوازانەدا، وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ یان شپرزەدەبێت و تێڕوانینی جیاواز لە ناخیاسەرهەڵدەدەن و وەکو خۆی نامینێتەوە؟ هەرچەندە بەڕای من، ئێمە بەو ئاکامە گەیشتین، کە دەروون لەیەک کاتدا، پڕە لە بۆچوون و تێڕوانینی جۆراو جۆر.
وابوو.
وابوو، بەڵام هەستدەکەم شتێکمان لە بیرچوو باسیبکەین.
وەکو چی؟
لەپێشتر گوتمان، باوکێکی چاک بەبیستنی مردنی کوڕەکەی یان لەناوچوونی ماڵەکەی لە باوکێکی دیکە ئارامترە و بە هێمنی مامەڵەی لەگەڵدا دەکات.
بەدڵنیاییەوە.
ئایا خەمی بۆ ناخوات؟ یان هەوڵنادات ئازارەکەی خۆی کەم بکاتەوە؟
دووەمیان دەکات.
ئایا ئەو کاتە هەوڵدەدات لە ئاستی ئازارەکەدا خۆڕاگربێت، کە لە نێو کەسانی وەکو خۆیەتی یان، کە بە تەنیایە؟
کاتێک لەنێو کەسانی وەکو خۆیەتی.
بە تەنیا هەندێک شت دەکات، کە لە ڕووی نایەت لەنێو خەڵکدا بیکات.
ڕاستە.
هۆش و یاسا هانی دەدەن لەبەردەم ئازارەکەدا خۆڕاگر بێت. هەستکردن و ئەزمونەکەشی بیری ئازارەکەی دەخەنەوە و لاوازی دەکەن.
ڕاستە.
کاتێک دوو هەڵوێستی جیاواز لەیەک کاتدا لەلای مرۆڤێک هەڵبدەن، دەگەینە ئەو باوەڕەی لە دوو سەرچاوەی جیاوازەوە دەرچوون.
هەڵبەتە.
یەکێک لەو هەڵوێستانەش شوێن یاسا دەکەوێت؟
چۆن؟
یاسا دەڵێت ئەو کارە مەکە، باشتر لە ئاستی خەم و ئازاردا خۆڕاگر و ئارام بە. بەڵام، ئەو نازانێت ئەمە

ئاکامێکی چاک یان خراپی هەیە. دووەمیش، داهاتووی ئەو کەسە بەم کارە باشتر دەرناکەوێت. سێیەمیش پێویست ناکات ڕووداوەکانی ژیان بە جیدی وەربگرێت. دواجاریش، خەم ڕێگری ئەو شتانەیە مرۆڤ دەیانخوازێت.

تۆ باسی چ دەکەیت؟

ژیان، وەکو زار فڕێدانە و دەبێت ڕازی بین بەوەی ڕوودەدات. هەوڵبدەین بەرێوەی بەرین و بیخەینە بەر ڕۆشنایی هۆش. با، وەکو منداڵ، لە کەوتنا بە گریان و هاوار دەست بە شوێنی برینەکەمانەوە نەگرین. پێویستە خۆمان فێر بکەین زوو ئازار و خەفەت لە بیر بکەین. تیماری برینەکانمان بکەین.

ئەوە باشترین چارەیە بۆ بەد بەختی لە ژیاندا.

هەروەها ئەو بەشەی لە ئێمەدا شوێن پێوانەی هۆشەکی دەکەوێت چاکترینە.

دیارە.

ئەو بەشەی بەرەو خەم و ئازار پەلکێشماندەکات، لەوێدا دەمانهێڵێتەوە، تەمەڵ و ترسنۆک نیە؟

بێگومان.

ئێستا ئەم بەشە هەڵچوە و ئۆقرە نەگرە زەمینە بۆ لاسایی کردنەوە خۆش دەکات. بەشە هۆشەکییە ئارامەکەش، کە وەکو خۆی دەمێنێتەوە لاسایی کردنەوەی ئاسان نیە و کەسانی دیکەش لێ ی تێناگەن. ئەوەی هۆش هەیەتی بۆ ئەوان شتێکی ئاشنا نیە.

بەدڵنیاییەوە.

لێرەدا دەردەکەوێت شاعیر بە سروشت خۆی بە بەشی هۆشەکی دەروونەوە نابەستێتەوە. ئەگەر زیرەک بێت، بیەوێت جەماوەر بەلای خۆیدا ڕاکێشێت، نابێت خۆی لە هۆش نزیک بکاتەوە. بۆ ئەو بەشە هەڵچوە ڕەنگینەکە چاکترە چونکە لاسایی کردنەوەی ئاسانە.

ڕاستە.

کەوابوو، شاعیر دەخەینە ڕیزی هەنەرمەندی شێوەکارییەوە. بەرهەمەکانی شاعیریش، وەکو تابلۆکانی هونەرمەندی شێوەکاری لە ڕاستیەوە دوورن. پەیوەندییان بە بەشی نزمی دەروونەوە هەیە. لەبەر ئەوە پێویستە لە شارەکەماندا دەریکەین. ئەو لایەنی هۆشەکی خۆی لە دەروونیدا دەکوژێ و لایەنە نزمەکە بە هێزدەکات. هەروەها شاعیر دەستورێکی خراپ بۆ خەڵکی دادەنێت چونکە ڕاستی دەرناخات. ئەوەی باسی دەکات سێبەرو وەگیراوی ڕاستیە. پشت بەو لایەنەی دەروون دەبەستێت، کە بە بێ ئەوەی بزانێت جیاوازی نێوان گەورە و بچوک چیە لەو باوەڕەدایە شتێک لە حاڵەتێکدا گەورە و حاڵەتێکی دیکەدا بچوکە.

ئەوە ڕاستە.

ئێمە بە تەواوی لاسایی کردنەوەمان تاوانبار کردووە. باسی ئەو لایەنەمان نەکردووە، کە چۆن دەتوانێت تەنانەت کەسانی چاکیش بەرەو خراپە بەرێت.

ئەوە دەتوانێت بکات.

بزانە دەتوانێت ئەم کارەبکات یان نا. کاتیک گوێ لە هۆمیرۆس یان شاعیرێکی دیکەی تراجیدیا دەگرین، لاسایی خەم و پەژارەی قارەمانیک دەکاتەوە و گۆرانی دەڵێت، لەسنگی خۆی دەدات، ئێمە چێژی لێوەردرگرین و خۆمان بە هاودەردی قارەمانەکە دەکەین. هۆنراوەکەش بە جوان و نایاب دادەنێین.

ڕاستە.

بەڵام کاتێک یەکێک لە ئێمە لە ژیاندا توشی ناخۆشی دەبێت ئەمە ڕوونادات. هەوڵدەدەین ئارام بین و بەسەر ناخۆشیەکەدا زاڵ بین. چونکە مرۆڤ دەبێت خۆ ڕاگربێت.
منیش لەو باوەڕەدام.
کەوابوو، ڕاستە ستایشی بۆ بکەین؟ پێویست دەکات خۆشی لەو ڕووداوە ببینین و ستایشی بۆ بکەین، کە بە ڕووداوێکی ن الەبار و پڕ شەرمی دادەنێین؟
نا، بە خوا ئەوە هەڵوێستێکی هۆشمەندانە نیە.
وایە، ئەگەر بەم جۆرە تەماشابکرێت.
چۆن؟
ئەگەر ئەو بەشەی لە دەروونماندا حەزی لە گریان و لاوانەوەیە بە زۆر ڕاگیرابێت و هەمان ئەو بەشەش بێت، کە خۆشی لە بیستنی هۆنراوەیەکدا دەبینێت. هەروەها هۆش جڵەوەی بەشی یەکەم بەردەدات و گوێی پێنە دات دەگاتە ئەو خاڵەی، کە ستایش کردنی خەفەت و لاوانە و شەرمی تێدانیە. خۆشی لەو هەڵوێستەدا دەبینێت. بۆ ئەوەی لەو خۆشەیەش بێبەش نەکرێت بە ڕقەوە تەماشای هۆنراوە ناکات. لەوب اوەڕەدام کەم کەس خۆشی بە بیستنی خەم و ئازاری یەکێکی دیکە پێدەگات. لە ڕێگەیەوە ئەو بەشەی دەروونی خۆی پێ بەهێزدەکات، کە توشی خەم و پەژارەی دەکات.
ڕاستە.
ئایا هەمان بۆچوون بۆ پێکەنینیش نابێت؟ هەندێک نوکتە هەن تۆ شەرم دەکەیت بیانگێڕیتەوە. بەڵام ئەو کاتەی کەسێکی دیکە دەیانگێڕێتەوە پێت خۆشە و بەخراپیان دانانێیت. ئایا ئەمەش وەکو بەزەییەکە نیە [کە بۆ قارەمانە تراجیدیاکە دەرت بڕی؟]. هۆش ڕێگەی ئەو بەشەی دەروونت، کە حەزی لە گێرانەوەی نوکتەکانە بۆ ئەوەی کەسانی دیکە گاڵتەت پێنەکەن دەگرێت.
وایە.
سەبارەت سێکس، توڕەبوون، ئارەزووەکان، خۆشی و ناخۆشی هۆنراوە هەمان کاریان تێدەکات. ئاویان دەدات و بە هێزیان دەکات. ئەوان دەکات بە فەرمانڕەوای ئێمە. لە کاتێکدا ئەمانە دەبێت فەرمانڕەواییان بکرێت و جڵەویان بگیرێت.
ناتوانم دژی بۆچوونەکەت ڕاوەستم.
لەسەرو ئەمەوە، گلاوکۆن، ئەوانەی ستایش بۆ هۆمیرۆس دەکەن، بەو شاعیرەی دادەنێن، کە یۆنانی پەروەردە کردوە پێویستە نەوەکانمان، فیری هۆنراوەکانی بن، لەژیانماندا پەیڕەوی بۆچوونەکانی بکەین، ڕێزیان بۆ دادەنرێت و بە دۆست دادەنرێن. تۆش دەبێت لەگەڵیاندا هاوڕابیت، کە هۆمیرۆس گەورەترین شاعیری تراجیدیایە. تۆ دەزانیت گۆرانی گوتن بۆ خواکان و ستایش کردنی مرۆڤە چاکەکان تەنیا هۆنراوەیەکە لە شارەکەی ئێمەدا [لە بەرنامەی پەروەردەکەماندا] ڕێگەی پێبدرێت. ئەگەر ئەمە نەکرێت، خۆشی و ناخۆشی، نەک یاسا دەبن بە پاشای شارەکەمان.
ڕاستە.
کەوابوو، با ئەمە بە هێڵی بەرگری دابنێین. ئێستا باسەکەمان لەسەر هۆنراوەیە. لەبەر خەسڵەتەکانی مافی ئەوەمان هەیە قەدەغەی بکەین. ئەمەش بە بەڵگەکەمانەوە [دژی هۆنراوە] بەستراوە. ئەگەر ڕەخنەشمان لێبگرن لەسەر ئەوەی بەرانبەر هۆنراوە دڵڕەقانە ڕاوەستاوین، ئەوە باسدەکەین چۆن لە کۆنەوە هۆنراوە خۆی بە دوژمنی فەلسەفە داناوە. ئەمەش لەو گوتەیەدا دەردەکەوێت، کە گوایە،" سەگەکە بە خاوەنەکەی وەڕی."

یان "گەورەیی لە بێکەڵکی گوتەی مرۆڤە گەمژەکاندایە،" هەروەها "دەستەیەک لە مرۆڤە زاناکان زیۆسیان تەوقدا." یان "بیریارەکان سواڵکەرن." نموونەی زۆرتریش هەن، کە دوژمنایەتیەکە دەردەخەن. بەهەر حاڵ، ئەگەر هۆنراوە لاسایی کردنەوە بێت، بەدوای خۆشیدا بگەڕێت، لە شارە چاکەکەی ئێمەدا جێگەی نابێتەوە. ئەگەر بەم جۆرە نەبێت، پێشوازی دەکەین و جوانیەکەشی سەرنجمان ڕادەکێشێت. تۆ، گلاوکۆن، چ دەڵێیت؟
جوانیەکەی سەرنجت ڕادەکێشێت؟
بەدڵنیاییەوە، سەرنجم ڕادەکێشێت.
پێویست ناکات ئەو هۆنراوەیەی[پەیڕەوی یاساکەمان دەکات] لە هەندەرانەوە بۆ شارەکەمان بگەڕێتەوە.
گرنگ نیە چ جۆرە هۆنراوەیەک بێت؟
بەدڵنیاییەوە.
ئێمەش ڕێگەی ئەوانە دەدەین، کە حەزیان لە هۆنراویە، تاکو بە پەخشان سودی هۆنراوە بۆ دەستورەکەمان و ژیانی مرۆڤ نیشانبدەن.
ئەمە کارێکی چاکە.
ئەگەر ئەوان سودی هۆنراوەیان نەسەلماند، ئێمە، وەکو ئەو عاشقانە دەجولێینەوە، کە لەبەر ئەوەی پەیوەندیە خۆشەویستیەکەیان ئەنجامێکی سود بەخشی نیە خۆیان لە خۆشەویستەکەیان دووردەخەنەوە. ئێمە لە منداڵییەوە هۆنراوەمان بیستوە و حەزمان لێکردوە، بەڵام ئێستا دەرکەوتوە، کە چاکترین و ڕاسترین شت نیە. هەرکاتێکیش هۆنراوەیەکمان بیست، بۆ ئەوەی نەکەوینە ژێر کاریگەرێتیەکەیەوە، ئەو بەڵگەیە بیر خۆمان دەهێنینەوە، کە بێ سودیی هۆنراوەی لەسەردامەزراوە. دەبێت خەڵکی ئاگاداربکەین، کە ئەو هۆنراوەیە لە ڕاستی نادوێت و نابێت بە جیدی وەربگیرێت.
من لەگەڵتام.
بەڵێ، کێشەکە لەوە گەورەترە خەڵکی بیریلێدەکەنەوە. نابێت لە پێناوەی ڕێز ، پارە، دەستەڵات و تەنانەت هۆنراوەشدا، واز لە دادوەری و چاکەکانی دیکە بهێنرێت.
پاش ڕوونکردنەوەکەت، لەگەڵتا هاوڕام. لەو باوەڕەشدام کەس نیە دژی تۆ ڕاوەستێت.
ئەوەی باس نەکراوە خەڵاتەکانە بۆ جۆری چاکەکان.
پێویستە ئەو خەڵاتانە زۆر گەورەبن.
هیچ شتێکی گەورە، لە کاتێکی کورتدا پەیدا دەبێت؟ ئایا تەمەنی مرۆڤ لە منداڵییەوە بۆ پیری ئەگەر لە گەڵ درێژی ژیاندا بەراورد بکرێت کورت نیە؟
زۆرکورتە.
پێویست دەکات کەسێکی نەمر گوێ بە ژیان نەدات، خۆی بەو تەمەنە کورتەوە ماندوو بکات؟
هەستدەکەم نابێت ئەوە بکات، بەڵام مەبەستت چیە؟
تۆ لەو باوەڕەدانیت، کە دەروونمان نەمرە و هەرگیز لەناوناچێت؟
بەسەرسوڕمانەوە تەماشای کردم و گوتی: نەخێر، بە خوا من نازانم. تۆ دەتوانیت باسیبکەیت؟
باسکردنەکەی ئاسانە.
حەزدەکەم بزانم چۆن ئاسانە.
کەوابوو، گوێ گرتووە.
تۆ بڵێ، من گوێم گرتوە.

تۆ باسی چاکە و خراپە دەکەیت؟
بەڵێ.
ئایا وەکو من بیریان لێدەکەیتەوە؟
تۆ چۆن بیریان لێدەکەیتەوە؟
خراپ ڕوخێنەرە و گەندەڵییە، چاکەش سودگەیاندن و بەردەوام بوونە.
بەڵێ.
لەو باوەڕەدایت چاک و خراپ بۆ هەموو شتێک هەبێت؟ بۆ نموونە، کوێربوون بۆ چاو، نەخۆشی بۆ لەش، کەڕوو بۆ دانەوێڵە، ڕزین بۆ تەختە و ژەنگ بۆ برۆنز خراپن. مەبەستم ئەوەیە، ئایا خراپە بە سروشت بۆ هەموو شتێک هەیە؟
هەیە.
ئەگەر یەکێک لەم خراپانە بە شتەکە بگات خراپی دەکات؟ ئایا لە کۆتاییدا دەیفەوتێنێت؟
هەڵبەتە.
کەوابوو، ئەو خراپەیەی بە سروشت بە شتێک دەگات بوونی ئەو شتە لەناودەبات. بێجگە لەو خراپەیە چی دیکە ئەو شتە ناڕوخێنێت.
وایە.
ئەگەر شتێک بدۆزینەوە، کە جۆرێک لە خراپە دەیشێوێنێت بەڵام ناتوانێت لەناوی بەرێت، ئایا بەو باوەڕەناگەین، کە ئەو شتە بە سروشت تەوانای بەرگریکردنی هەیە؟
لەوانەیە.
سەبارەت دەروونی مرۆڤ چ دەڵێیت؟ هیچ شتێک هەیە خراپی بکات؟
هەموو ئەو شتانە، وەکو نادادوەری، بەرەڵایی، ترسنۆکی و نەزانین، باسمانکردن دەبنە هۆی خراپ بوونی دەروون.
ئایا هەر یەکێک لەوانە دەبێتە هۆی شێواندن و لەناوبردنی دەروون؟ من مەبەستم ئەوە نیە، کە کەسێکی نادادوەرو گەمژە دەدۆزینەوە ئەو کەسە لەبەر ئەوەی نادادوەری یان ئەو خراپەیە لە دەروونی داوە دەفەوتێت و لەناو دەچێت. حەزدەکەم نموونەی لەشت بۆ باسبکەم: نەخۆشی بۆ لەش خراپە، کە تەوانای لەش کەم دەکاتەوە و لەناوی دەبات.
بەڵێ.
بەم جۆرەش تەماشای دەروون بکە. ئایا نادادوەری یان خراپە کانی دیکە دەروون لەناونابەن؟ ئایا دەروون ناکوژن و لە لەشی جیا ناکەنەوە؟
نا، ئەوە ناکات.
بەڵام، ناگونجێت شتێک بە ڕێگەی خراپە سروشتیەکەی خۆی لەناونەچێت و خراپەیەکی دیکە کاریتێبکات.
دروستە، ئەوەش ناگونجێت.
گلاوکۆن ئەوە بزانە ئێمە ناڵێینن خواردنی خراپ، خواردنێک بۆگەنی کردبێت یان هەر شتێک بێت لەش لەناودەبات. بەڵام ئەگەر خواردنێکی بۆگەن ببێتە هۆی سەرهەڵدانی خراپ بوونی لەش دەڵێین ئەو کەسە بە نەخۆشی مرد. لەبەر ئەوەی لەش و خواردن دووشتی جیاوازن، تاکو خواردنەبۆگەنەکە بە لایەنی خراپی لەش نەگات بە خراپ دانانرێت.

ئەوە ڕاستە.
کەوابوو، دوو ڕێگەمان لەبەرە، یەکەم، ڕەتدانەوەی بەڵگەکەمان و دووەم، پەیڕەویکردنی و گەیشتن بەوباوەڕەی، کە دەروون بە گەرمەتا و نەخۆشی و کوشتن، تەنانەت بە بڕینی لەشیش لەناو ناچێت.
هەرشتێکیش، وەکو دەروون، خراپەیەکی سروشتی لەناوی نەبات خراپەیەکی دەرەکی ناتوانێت کاری تێبکات.
بەدڵنیاییەوە، کەس ناتوانێت بیسەلمێنێت دەروونی ئەو مرۆڤانەی دەمرن نادادوەرن.
ئەگەر کەسێک باوەڕ بە نەمری دەروون نەکات و لەو باوەڕەدابێت مردن مرۆڤ دڕندەتر و نادادوەرتر دەکات، ئێمە وەڵامی دەدەینەوە و دەڵێین، نادادوەری دەبێت بە نەخۆشییەکی کوشندە بۆ نادادوەر.
ئەوەی توشی دەبێت پێویستە بمرێت. ئەوانەی خراپ توشی دەبن زوو دەمرن و ئەوانەی بە سوکی نادادوەرن درەنگتر دەمرن. بەڵام ئەوەی ڕوودەدات بەم جۆرە نیە. مرۆڤی نادادوەر دەمرێت، نەک لەبەر ئەوەی توشی نەخۆشی نادادوەری بووە، بەڵکو نایارەکانی دەیکوژن.
نا. ئەگەر نادادوەری بۆ نادادوەرەکە نەخۆشیەکی کوشندە بووایە هێندە ترسناک نەدەبوو چونکە ئەو دەیتوانی خۆی لێ بپارێزێت.
ئێستا ئاشکرایە، مادامەکی هیچ جۆرە خراپەیەک، دەرەکی و ناوەکی، دەروون لەناونابات، ئەوا دەروون بەردەوام دەمێنێتەوە و نەمرە.
پێویستە نەمر بێت.
لەبەر ئەوەی نەمرن هەمیشە وەکو خۆیانن، کەم و زیاد ناکەن. ئەگەر ژمارەیان زۆربێت دەروونە نوێکان دێنەکایەوە. هەر شتێک بێتەکایەوە سەرەتای هەیە و کاتییە و نەمر نیە.
ڕاستە.
نابێت بەم جۆرە بیر لە بوونی دەروون بکەینەوە، بە هەمەڕەنگی دابنێین، لەو باوەڕەدابین هەڵگری جیاوازییەکان بێت.
مەبەستت چیە؟
هەر شتێک لە بەشەکان پێکهاتبێت بە جوانی دانەمەزرابێت بەردەوام نامێنێتەوە.
وایە.
لەبەڵگەکانماندا، نەمری دەروونمان دامەزراند بۆ ئەوەی ڕاستی دەروون بناسین. پێویستە لەڕێگەی لەشەوە لەبوونی نەکۆڵینەوە. گرنگە دەروون، وەکو خۆی ببینرێت و بخرێتە بەر لێکۆڵینەوەی هۆشەکییەوە. لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت چۆنە و چیە. بە ڕوونیش دادوەری و نادادوەری هەموو ئەو شتانەی باسمانکردن دەبینین.
ئێمە، وەکو ئەوانەی لە دوورەوە و بۆ ساتێک خوای دەریا دەبینن و باسیدەکەن لە بوونی دەروون دواین.
هەروەها، ئەوان خوای دەریایان بە شێوەیەکی سەیر بینیوە. لەشی پارچە پارچە بوەو شەپۆلی دەریاکە شێواندوویەتی و گژوگیای نێو دەریاکەی لێوە ئاڵاوە. زیاتر لە دێو، نەک لەخوا دەچیت. دەروونیش بەم جۆرە دەردەکەوێت و خراپەی زۆری لێوە ئاڵاوە. گلاوکۆن، لەبەرئەمەیە دەمانەوێت لە گۆشەیەکی دیکەوە، بڕوانینە دەروون و ڕاستی بوونی بدۆزینەوە.
لە کوێوە؟
لە فەلسەفە یان لە خۆشەویستی زانینەوە. با بزانین دەروون دەیەوێت کار لە چی بکات و لەگەڵ چیدا پەیوەندی ببەستێت چونکە ئەو بە نەمری و پیرۆزییەوە گرێدراوە. با بزانین مەیلی بۆ چیە و دەیەوێت بە کوێ بگات. چۆن لە ئاکامدا ڕزگاری دەبێت و لەنێو دەریاکەوە، ئەو دەریایەی تیایدا گەورەبووە و فێری ڕابواردنی

کردووە دەردەچێت. لەوێوە ڕاستی بوونی دەناسین و بۆمان دەردەکەوێت، کە پێکهاتەیە لە بەشەکان یان یەک بوونی هەیە و دابەش ناکرێت. بە ڕای من، تاکو ڕادەیەک ڕاستیەکەیمان ناسیوە و لە بەشەکانی دواوین.
ڕاستە.
ئێمە ئەم خاڵانەمان لە گفتوگۆکەماندا ڕوونکردۆتەوە. باسی خەڵاتی دادوەریمان نەکردوە، کە لە هۆنراوەکانی هۆمیرۆس و هزیۆدا دۆزیتەوە. بەڵکو لە خودی دادوەری دواین. لێرەشدا لە خودی دەروون دەدوێین. هەروەها باسی ئەوەشمان نەکرد، کە پێویستە مرۆڤ، تەنانەت ئەگەر مستیلەکەی گیگس یان کڵاوەکەی هادیسی هەبێت دادوەرانە هەڵسوکەوت بکات؟ (58)
باسمان کرد.
ئێستا، گلاوکۆن، گەڕانەوەمان بۆ دادوەری و چاکەکانی دیکە و خەڵات لەلایەن خواکان و کۆمەڵەوە، لەم ژیانە و ژیانی دواییشدا زیانی نیە.
نەخێر، زیانی نیە.
ئایا ئەوەی لەم گفتوگۆیەدا لەمنت سەند دەیگەڕێنیتەوە؟
نازانم، مەبەستت چیە؟
ئەوە بوو گوتمان، دادوەری بە نادادوەر و نادادوەریش بە دادوەر دەردەکەوێت: تۆ لەو باوەڕەدابوویت، کە هەرچەندە کەس ناتوانێت خۆی لە خوا و کۆمەڵ بشارێتەوە، بەڵام بۆ مەبەستی گفتوگۆکەمان لە سەری ڕازیببوین. دادوەریشمان لەگەڵ نادادەرییدا بەراورد کرد. تۆ لە بیرتە؟
نابێت ئەوەم لە بیربچێت.
پاش ئەوە حەزدەکەم دادوەری لەم خەسڵەتە بپارێزین و ناوی لەوە زیاتر نەزڕێنین چونکە دادوەری بۆ دادوەرەکە زیان بەخش نیە و کەس بە فیڕۆ نابات.
ئەو داواکارییە بەجێیە.
لەو باوەڕەدایت، مادامەکی خوا دادوەرە، دادوەریش دەبینێت؟
لەو باوەرەدام.
ئەگەر دادوەر و نادادوەر نەتوانن خۆیان لە خوا بشارنەوە، دەگەینە ئەو باوەڕەی خوا یەکێکیانی خۆش دەوێت و ڕقی لەوی دیکەشیانە. لەسەرەتاشەوە لەسەر ئەمە ڕێکەوتین.
ڕاستە.
دادوەرێک توشی هەژاری و ناخۆشی یان خراپەیەک لە کۆتایی ژیانیدا ببێت، لەم ژیانە و دوای مردنیش، خواکان بە نیگەرانیەوە ئاگایان لێی دەبێت. هەر کەسێک بیەوێت دادەوەربێت خۆی لە خوا نزیک بکاتەوە، ڕێگەی چاکەکردنی گرتۆتە بەر.
دیارە، ئەو کەسە نابێت لە بیر بچێت.
ئایا، بەپێچەوانەی ئەمەشەوە، بۆ نادادوەر دروست نیە؟
بێگومان.

---

(58) لە ئەفسانەی یۆنانییدا مستیلەکەی گیگس و کڵاوەکەی هادیس باسکراون. هەر کەسێک ئەم مستیلەیەی لە پەنجە کردبێت یان کڵاوەکەی لەسەردانابێت، نەبینراوەو توانیەیەتی هەموو شتێک بکات. (وەرگێڕ)

ئەمانە خەڵاتن کەسێکی دادوەر لەلایەن خواکانەوە پێیدەدرێت.
ئەوە بۆچوونی منیشە.
خەڵکی چ خەڵاتێکی دەداتێ؟ ئەگەر بە ڕاستی بدوێین، خەڵات ناکرێن؟
ئایا نادادوەرەکان، وەکو یاری زانەکەی لە پێشبڕکێی ڕاکردندا لە نیوەی یارییەکەدا نایباتەوە و لە نیوەی دووەمیش نادۆڕێت؟ لە سەرەتاوە باش دەژین، بەڵام دوایی تێدەکەون و بەبێ تاج گوێچکەکانیان بەرەوشانیان شۆڕدەبنەوە. یاری زانە چاکەکانیش تاکو کۆتایی بە باشی ڕادەکەن. خەڵاتەکە دەبەنەوە. ئایا دادوەریش تاکو کۆتایی ژیانی ستایشی بۆ ناکرێت و خەڵاتی پی نادرێتێ؟
هەڵبەتە.
منیش وەکو تۆ چۆن باسی نادادوەرانت کرد بەو جۆرە باسی دادوەران بکەم؟ بڵێم دادوەران(ئەگەر بیانەوێت) بە پیریش لە شارەکانی خۆیاندا فەرمانڕەوایی دەکەن، هاوسەر بۆ خۆیان و منداڵەکانیان دەدۆزنەوە. هەموو ئەو شتانەی لە ژیانی نادادوەرا باست کردن، ئێستا من بە دادوەرەکانی بدەم. زۆرینەی مرۆڤە نادادوەرەکان، هەرچەندە خەڵکی بەب اشی نایانناسن، لە کۆتاییدا گەندەڵییان دەردەکەوێت و دەناسرێن. بە پیری زۆر خراپ دەبن چونکە یار و نایارەکانیان بریندراریان دەکەن، بەقامچی لێیان دەدەن و سزایان دەدەن. ئایا تۆ ڕێگەم دەدەیت بەم جۆرە باسیانبکەم؟
بەڵێ، ڕێگەت دەدەم. ئەوەی تۆ دەیڵێیت ڕاستە.
ئەمانە خەڵات و موچە و دیاری خواکان و خەڵکین بۆ دادوەران.
بەڵێ ئەوانە خەڵاتی چاکن.
هێشتا ئەم خەڵاتانە لە چاو ئەوانەی پاش مردن خواکان پێیان دەبەخشن کەمن. پێویستە باسی ئەوانەش بکەین.
باسیان بکە، حەزدەکەم بزانم خەڵاتی خواکان بۆ ئەوان چین.
ئەوەی بۆتی دەگێڕمەوە داستانی ئەلکینۆس نیە. چیرۆکی قارەمانێکی پامفیلانە و ناوی (ئێر) ە کوڕی ئارمیناسە، کە لە جەنگێکدا دەکوژریت. (59) دە ڕۆژ دوای جەنگەکە خەڵکی لاشەی ڕزیوی کوژراوەکان بۆ ناشتن کۆدەکەنەوە. لە نێویاندا لاشەی ئێر دەدۆزنەوە، کە نەڕزیوە و وەکو خۆی ماوەتەوە. خەڵکی سەریان دەسوڕمێ و ئێر لەگەڵ مردووەکانی دیکە نانێژن و لاشەکەی بۆ ماڵەوە دەبەنەوە و بۆ پرسە و ناشتن دایدەنێن. دوای دوو ڕۆژ ئێر زیندوو دەبێتەوە و بەسەرهاتی خۆی دەگێڕێتەوە. دەڵێت: پاش مردن گیانی لەگەڵ گیانی مردووەکانی دیکەدا چۆتە شوێنێکی خۆش. لەو شوێنەدا چوار کونی کراوەو گەورەی[وەکو دەرگا] هەبوون. لە ناوە ڕاستیاندا چەند دادوەرێک دانیشتبون. پاش دادگاکردنی گیانەکان فەرمانیان بە گیانە چاکەکان داوە لیستی کردەوەکانیان لە بەرۆکیان بدەن و بە نێو کونە کراوەکەی دەستی ڕاستدا بچنە ژوورەوە. گیانە خراپەکانیش، پاش هەڵواسینی لیستی کردەوەکانیان بە بەرۆکیانەوە فەرمانیان پێدراوە بە کونە کراوەکەی دەستی چەپی دادوەرەکاندا بچنە ژوورەوە. کاتێک سەرەی ئێر بۆ دادگایکردن دێت، دەچێتە بەردەم دادوەرەکان، داوای لیدەکەن بۆ سەر زەوی بگەڕێتەوە و باسی ژیانی دوای مردن بۆ خەڵکی بکات.

---

(59) ئەم ڕووداوە هۆمیرۆس لە(ئۆدیسا) دا باسیکردوە، بە داستانی ئەلکینۆس ناسراوە. ئەفلاتون لەم چیرۆکەوە دەیەوێت باسی خەڵات و سزادانی خواکان پاش مردن بکات. ئەم بیروباوەڕە لە ئایینی سامییەکاندا بووە بە یەکێک لە بنەڕەتەکانی بڕوا. (وەرگێڕ)

هەروەها، ئێر دەڵێت، لە دوو کونە کراوەکەی دیکەوە گیانەکان لەنێوان بەهەشت و زەوییدا هاتووچۆیان دەکرد. ئەو گیانانەی یەکدیان دەناسی پێکەوە دادەنیشتن و باسی خۆیان دەکرد. ئەوانەی تازە مردبوون پرسیاریان لەبارەی بەهەشتەوە، لە گیانە کۆنەکان دەکرد. کۆنەکانیش هەواڵی ژیانی سەر زەوییان لە مردووە تازەکان دەپرسی. ئەو گیانانەی لەژێر زەوییەوە هاتبوون دەگریان و باسی ژیانی هەزارساڵەی نێو دۆزەخیان دەکرد. بەهەشتیەکانیش خۆشی و ڕابواردنی نێو بەهەشتیان دەگێڕایەوە.

گلاوکۆن، زۆر شتی دیکەشی گێڕایەوە، کە بینیبوونی بەڵام پوختەی باسەکەی لەم خاڵەدا کۆدەبێتەوە: بۆ هەر کارێکی نادادوەرانە و خراپەکردن بەرانبەر کەسانی دیکە نادادوەر دە قات زیاتر لەم گەشتەدا لە هەر سەدەیەکدا سزادەدرێت. ئەگەر دادوەرێک خیانەتی لە شارەکەی کردبێت، لە ئاکامدا خەڵک لەناوچووبن و چەکی بەرانبەریان هەڵگرتبێت یان ئەوانی بە کۆیلە کردبێت ئەوا بۆ هەر یەکێک لەوانەی ئازاریان بە دەستی خواردوە دادوەرەکە دە قات ئازار دەدرێت. مرۆڤی دادوەریش بە قەدەر چاکەکانی خۆی خەڵات دەکرێت. هەروەها، لە بارەی ئەو منداڵانەی بە مردوویی لەدایک دەبن یان زوو دەمرن هەندێک شتی گوت، کە من لیرەدا باسیان ناکەم. باسی سزادان و خەڵاتی گەورەتریش بۆ خواناسان، بێ بڕواکەران و ئەوانەش کرد، کە مرۆڤ بە دەستی خۆیان دەکوژن، ڕێز بۆ دایک و باوکیان دانانێن. ئەو گوێی لێ بووە یەکێک لە گیانەکان پرسیاری لەبارەی ئەردیۆسەوە کردوە. (60) ئەوەی وەڵامیداوەتەوە گوتویێتی: " ئەو هەرگیز ناگاتە ئێرە. ئێمە پاش سزادانەکەمان بینیمان لەگەڵ چەند کەسێکی دیکەدا، کە ئەوانیش لەژیاندا زۆرداربیان کردبوو(هەندێکیشیان زۆردارنەبوون بەڵام تاوانی گەورەیان کردبوو) دانرابوون. ئەوان وایاندەزانی ڕێگەیان پێدەدرێت لە کونە کراوەکەوە بۆ سەرەوە بڕۆن بەڵام نەیاندەتوانی دەرچن. هەر یەکێک لەوان خۆی دەکرد بە کونەکەدا و نەڕەیەکی گەورە لە کونەکەوە دەهات، ئەو کەسە چەندی دەکرد نەیدەتوانی بچێتە ژوورەوە چونکە سزادانەکەی تەواو نەببوو. چەند کەسێکی دڕندەش بە بیستی نەڕەکە دەهاتن و لە پشتەوە ملی ئەو کەسەیان دەگرت، دەست و قاچیان دەبەستەوە و بەرەو دۆزەخ فڕێیان دەدایەوە." باسی ئەوەشیان دەکرد ئەو کەسانە چەند لەو نەڕەیە دەترسان، کە لە کونەکەوە دەهات. زۆر دڵخۆشیش دەبوون کاتێک کونەکە نەڕەی نەدەهات". هەر دەستە و تاقمێک لە گیانەکان حەوت ڕۆژ لە مێرگەکەدا دەمانەوە. لە ڕۆژی هەشتەمدا گەشتەکەیان دەستپێدەکرد. لەسەرەوە بە ڕێگەی ئەستونێکی تیشکەوە، کە ل ەکلاوڕۆژنەیەکەوە بەهەشت و زەوی ڕووناک دەکردەوە تەماشای خوارەوەیان دەکرد. ئەو تیشکە، وەکو پەلکەزێڕینە بوو بەڵام ڕووناکتر و پاکتر بوو. دوای ڕۆژێک بە ڕووناکییەکە دەگەیشتن. لەنێو ڕووناکییەکەوە ئەو پەڕی بەهەشتیان دەبینی چونکە ئەو ڕووناکییە، وەکو پشتێنی بەهەشت بە چواردەوری هەموو گەردووندا پێچی خواردبوو. لە هەر دوو سەرەکانیشەوە پێچکە بۆ سوڕانەوە و گەشتی تەنە ئاسمانیەکان دانرابوو. ئەو پێچکانە لە پۆڵا دروستکرابوون. تەوقەکەی چوادەوربیان لە پۆڵا و کانی دیکەی تێکەڵ پێکهاتبوو. تەوقەکەی چوادەوری پێچکەکان، ئێر باسیدەکات بەم جۆرەبووە: هەر یەکێک لەم تەوقانە چەند تەوقێکی بازنەیی بچوکتری تێدابووە، کە ژمارەیان هەشت بووە. لە گۆزەی گەورە و بچوک چوون و چوونەتە نێو یەکدییەوە.

هەر یەکێک لەم تەوقانە لەوی دیکە بچوکتر بووە . هەشتەم لە حەوتەم و حەتەم لە شەشەم و شەشەم لە پێنجەم و پێنچەم لە چوارەم بچوکتر بووە. بەم جۆرە تەوقی یەکەم لە هەموویان گەورەتر بووە.

گەورەترین تەوق ئاسمانی ئەستێرە وەستاوەکانە. تەوقی حەوتەم بۆ خۆرە و ڕووناکترینە. تەوقی هەشتەم بۆ

---

(60) ئەردیۆس فەرمانڕەوایەکی زۆرداری یۆنانی بووە. باوک و براکەی خۆی بۆ دەستەڵات کوشتوە. (وەرگێڕ)

مانگە و ڕووناکی لە تەوقی حەوتەمەوە وەردەگرێت. تەوقی پێنجەم ئاسمانی ئەستێرەی ساتێرن و مارکیورییە. لە تەوقەکەی دوای خۆی زەردترە. سێیەم ئاسمانی ڤینۆسە و سپی و ڕووناکە. چوارەم ئاسمانی مەریخە و سووربوە. شەشەم ئاسمانی جۆپیتەرە و لە ڤینۆس کەمتر سپیە. تەوقە گەورەکە بە یەک لادا دەسوڕێنەوە. بەڵام حەوت تەوقە بچوکەکە نێوی لەسەرخۆ بە لاکەی دیکەدا دەسوڕینەوە. لە نێویادا تەوقی هەشتەم لە هەموویان خێراتر دەسوڕێتەوە. دوای هەشتەم بە ڕیز تەوقی حەوتەم و شەشەم و پێنجەم پێکەوە لە یەک پلەی خێراییدا دەسوڕێنەوە. لەگەڵ سوڕانەوەی هەر یەکێک لەم تەوقە بازنەییانە دەنگێک دەردەچێت. هەرهەشتیان پێکەوە بە دەنگەکانیان هارمۆنیەک پێکدەهێنن. سێ کەسیش نزیک یەک لە دوورەوە دەبینران، کە لەسەر تەختێکی شاهانە دانیشتبون. ئەوان چارەنووس و کچەکانی پێداویستی: لاچیسس، کلاتۆ و ئەترۆپۆس بوون. جلی سپیان لەبەردا بوو. ئەڵقەی لە گوڵ دروستکراویان بەسەرەوە بوو. لەسەر دەنگی سوڕانەوەی تەوقەکان گۆرانیان دەوت. لاچیسس گۆرانی بۆ ڕابردوو، کلاتۆ بۆ ئێستا و ئەترۆپۆس بۆ داهاتوو دەوت. کلاتۆ بە دەستی ڕاستی تەوقە گەورەکەی دەسوڕانەوە و جارجاریش دەوەستا. ئەترۆپۆس پاڵی بە تەوقە بچوکەکانی ناوەوە دەنا. لاچیسس یارمەتی هەردووکیانی دەدا. ئەو گیانانەی بە ڕووناکییەکە دەگەیشتن بۆ لای لاچیسس دەچوون. بەڵام پێش ئەوەی بگەنە لای دەبوایە پێغەمبەرێک ڕیزی بکردنایە؛ پێغەمبەرەکە لەبەر ئەژنۆی لاچیسس نموونەی زۆری ژیانی کۆدەکردەوە و بە گیانەکانی دەگوت:" گوێ لە گوتەی لاچیسس کچی پێداویستی بگرن. ئەی گیانە کاتیەکان، ئەمە سەرەتای ژیانێکی دیکەیە، کە کۆتایی بە مردن دێت. ژیرانە ژیانتان هەڵبژێرن. ئەوەی ئەم کارەدەکات بڕیار لەسەر چارەنوسی خۆی دەدات. چاکە بێ خاوەنە. ئەوەی کەم یا زۆر چاکەی هەیە دەکەوێتە سەر ئەوەی چەند ڕێزی لێدەگرێت. ئەوەی بڕیاری هەڵبژاردنی نەدات لێپرسراوە." پاش ئەمە ئەو پێغەمبەرە نموونەکانی ژیانی فڕێدایە بەردەم گیانەکان. هەر یەکێک لە ئەوان بێجگە لە ئێر، کە نەدەبوو دەستیان لێبدەت، ئەوەی هەڵگرت، کە لەنزیکییەوە کەوتەوە. ژمارەی نموونە و جۆرەکانی ژیان لە ژمارەی گیانەکان زۆرتر بوو. ژیانی جۆرا و جۆری هەموو مرۆڤ و زیندەوەرێکی تێدابوو. لەنێویاندا ژیانی زۆردار هەبوون، کە هەندێکییان بەردەوام دەمایەوە و ئەوانی دیکەش لەنیوەدا توشی هەژاری و سواڵکردن و ژیانی هەندەران دەبوون. ژیانی مرۆڤە ناودارەکان هەبوون، هەندێکییان لە بەر جوانی، هێز و تەوانا وەرزشکارییەکەیان و بنەچەیان ناودار بوون. ژیانی مرۆڤیشی تێدا بوو، کە ناودار نەبوو.

ئەم گیانانە وەکو یەک ڕیزکرابوون. جیاوازییەکانیان دەکەوتنە سەر جۆری ئەو ژیانەی هەڵیدەبژێرن. هەموو جۆرەکانی ژیان، کە لەگەڵ سامان، هەژاری، نەخۆشی و تەندروستی چاک و مامناوەندێتیا تێکەڵ کرابوون لەنێو نموونەکاندا بوون.

ئێستا، گلاوکۆن،[لەم هەڵبژاردنەدا] مرۆڤ توشی گەورەترین مەترسی دەبێت. لەبەر ئەوە پێویستە فێربین ژیانێکی چاک لە خراپ جیابکەینەوە و بزانین چی هەڵدەبژێرین. پێویستە لەو شتانە تێبگەین باسمانکردن و ژیانی چاک بناسینەوە. ئەوەی ئەمە بکات تێدەگات چۆن چاکە و خراپە لەگەڵ سامان و هەژارییدا تێکەڵ دەکرێن و چ کارێک دەکەنە سەر جوانی. ئەو دەزانێ لە دایک بوون لە خێزانێکی چاک یان خراپەوە، فەرمانبەری یان ژیانی تایبەتی چۆنە. دەستەڵات و بێ دەستەڵاتی چۆن ژیان دەگۆڕن. بەگوێرەی گوتەکانی [ئێر] پێغەمبەرەکە دەیگوت، ئەوەی زوو گەیشتە ئێرە ژیانی گەورەترین نادادوەرانەی هەڵبژارد لەبەر ئەوەی تەماعی زۆر بوو، بیری لە ئاکامەکەی نەکردەوە. ئەو نازانێت لەنێو هەموو شتە خراپەکاندا ئەوەی هەڵبژاردوە، کە لە چارەی دەنوسێت منداڵەکانی خۆی بکوژێت. کاتێک بە ئاگا دێتەوە، سنگی خۆی دەکوتێ و

پەشیمانی دەردەبڕێت بێ ئەوەی گوێ بداتە ئامۆژگاری پێغەمبەرەکە گلەیی لە بەختی خۆی دەکات.
تاوانەکەی دەخاتە ئەستۆی چارەنوس و هێزێکی نادیار. ئەم جۆرە کەسانە لەو شارەوە هاتوون ڕژێمێکی تێدا سەقامگیر بووە، کە چاکەکردنەکەیان تەنیا شتێکی باو بووە و فەلسەفەشیان نەخوێندوە.
بە گشتی ئەم گیانانە لە بەهەشتەوە گەڕابوونەوە و ئازار و ناخۆشییان نەبینیبوو. ئەوانەی لە زەوییەوە هاتبوون ئازاری خۆیان و خەڵکییان زۆر بینیبوو. بەپەلە دەیانویست یەکێک لە نموونەی ژیانەکان هەڵگرنەوە. لەبەر ئەوەی هەڵگرتنەوەی نموونەی ژیانەکان بە بەختیانەوە گرێدرابوو زۆریان چاکە و خراپەکانیان لەگەڵ یەکدیبیا دەگۆڕییەوە. ئەگەر یەکێک لەو گیانانە لە نموونەی ژیانەکەی هەڵیدەگرێتەوە فەلسەفەی تێدا نەبێت، بەڵام، کە بۆ زەوی دەگەڕێتەوە فەلسەفە بخوێنێت، بەگوێرەی ڕاپۆرتە کەی ئێر ، ژیانی لەسەر زەوی و گەشتەکەشی دوای مردن بەرەو بەهەشت سەخت و درێژخایەن نابێت.
ئێر دەڵێت، بەو جۆرەی گیانەکان نموونەکانیان هەڵدەگرتەوە سەیربوو، بەزەییت پیایاندا دەهاتەوە و شایەنی سەیرکردنیش بوو. هەڵبژاردنەکەیان گەلێک پەیوەندی بە چۆنیەتی ژیانی پێشویانەوە هەبوو. بۆنموونە، ئێر دەیگێڕێتەوە، کە یەکێک لە شوێنکەوتوانی ئاینی ئۆرفیۆسی بینیوە ژیانی مراوی بۆخۆی هەڵبژاردووە. لەبەر ئەوەی بە دەستی ژن کوژرابوو ڕقی لە ژن بوو. هەروەها حەزی نەدەکرد لە ژنەوە پەیدابێت. تامیرسی بینیبو ژیانی بولبولی هەڵبژاردووە.(61) گیانی ئاجاکسی کوڕی تیلامۆن ژیانی شێری هەڵگرتبو.(62) ئاجاکس لەبەر چەکەکەی[ئەخیلس] نەیویست لە شێوەی مرۆڤدا بۆ ژیان بگەڕێتەوە. گیانێکی دیکە، ئاگامەمنون بوو، کە لەبەر ئازار و ئەشکەنجەکانی ژیانی ڕقی لە ڕەگەزی مرۆڤ بوو. لەبەر ئەوە ژیانی هەڵۆی هەڵبژارد.
ئەتەلەنتا ژیانێکی مامناوەندی بەرکەوتبو.(63) دوای ئەو ئێر گیانی ئێپێوسی کوڕی پانۆپیوسی بینیوە، کە ژیانی خاتونێکی خاوەن پیشە و بەهرەی هەڵگرتوە. (64) دواجاریش تێرستیسی بینیوە، کە حەزی کردووە ببێت بە مەیمون.(65) هەروەها ئۆدیساش هاتبو تاکو جۆرێک لەنموونەی ژیانەکان هەڵبژێت، بەڵام خەم و ئازاری ژیانی پێشوی ڕێگەی نەدابو زوو بڕیار بدات. بە دوای ژیانی سادەی یەکێکدا گەڕابو، کە خۆی کارەکانی خۆی دەکات. لەسوچێکدا ئەوژیانەی دۆزیبوە و هەڵیگرتبوەوە چونکە کەس پێی ڕازی نەبوو.
گیانەکان بە ڕیز و بەگوێرەی هەڵبژاردنەکانیان چونە بەردەم لاچیسس. ئەویش بۆ هەر یەکێک لەو گیانانە فریشتەیەکی کرد بە پاسەوان. فریشتەکە ئەو گیانەی بۆ لای کلۆتۆ دەبرد. کلۆتۆش دەیخستە نێو تەوقە سوڕاوەکەوە و ڕەوانەی ئەترۆپۆسی دەکردن. ئەویش ژیانەکەی بۆ دواجار بە بێ گەڕانەوە و گۆڕان دەدانا و دەیناردنە ژێر تەختی پیداویستیەوە. پاش ئەمە بە نێو گەرمیەکی سەخت و ئازارێکی لەبیرنەچوو بە بیابانێکی وشکدا تێدەپەڕین تاکو دە گەیشتنە کەناری ڕووباری (بێ چارەسەری)، کە هیچ گۆزەیەک ئاوەکەی

----

(61) تامیرس لە ئەفسانەی یۆنانییدا شاعیر و گۆرانی بێژێکی دەنگخۆش بووە. لەو باوەڕەدا بووە لە گۆرانی گوتندا دەتوانێت لە میسۆسەکان بەرێتەوە. لەبەر ئەمە میسۆسەکان دەنگیان لێسەند و چاویشیان کوێر کرد. (وەرگێڕ)

(62) ئاجاکسی کوڕی تیلامۆن قارەمانێکی ئەفسانەی یۆنانییە. کاتێک ئەخیلس کوژرا ویستی چەکەکەی بۆ خۆی بەرێت، بەڵام بەپێچەوانەی حەز و ئارەزووی ئەوەوە، چەکەکە بە خەڵات بە ئۆدیسا درا. دوای ئەمە ئاجاکس شێت دەبێت و خۆی دەکوژێت. (وەرگێڕ)

(63) ئەتەلەنتا لە ئەفسانەی یۆنانییدا خاتو ڕاوکەرە. بڕیاریداوە هاوسەری ئەو پیاوە بکات، کە دەتوانێت لە پێشبڕکەی ڕاکردندا لێی بباتەوە. ئەوەی نەتوانێت دەیکوژێ. (وەرگێڕ)

(64) ئێپێوس کوڕی پانۆپێوس لە ئۆدیسەی هۆمیرۆسدا باسکراوە. گوایە ئەو یارمەتی ئەسینای داوە ئەسپەکەی ترۆجان لە تەختە و دار دروست بکەن. (وەرگێڕ)

(65) تێرستیس یەکێکە لەو سەربازانەی لە ئیلیادی هۆمیرۆسدا ڕەخنە لە ئاگامەمنون دەگرێت. (وەرگێڕ)

هەڵنەدەگرت. بۆ شەوێک لەوێ دەمانەوە. هەر یەکێک لە ئەوان دەبوایە بەگوێرەی خۆی ئاو لەو ڕووبارە بخواتەوە. ئەوانەی کەم ژیر بوون زۆریان لە ئاوەکە خواردەوە، هەمووشتێکیان لە بیرچووەوە و خەوتن. لە نیوە شەودا هەورە بروسکەیەکی زۆر لە ئاسماندا و بوومە لەرزەیەکی سەختیش ڕوویدا. لەوێوە بە خێرایی کشانی ئەستێرەیەک بردیاننە بەردەم ئەو ساتەی لەدایک دەبن. ئێر لەو ئاوەی نەخواردەوەو نەیزانی چۆن گیانی بۆ نێو لاشەکەی گەڕاوەتەوە. کە چاوی کردەوە خۆی لەنێو تابوتە دانراوەکەدا بینی.
گلاوکۆن، چیرۆکەکەی ئێر، تاکو ئەمڕۆ ماوەتەوە. ئێمەش لە زۆر شت رزگاردەکات ئەگەر بە وردی گوێی لێبگرین! بە ئاسانی لە ڕووباری لێبوردن دەپەڕینەوەو گیانمان توشی گەندەڵی نابێت. ئەگەر بە بۆچوونەکەم ڕازی بیت دەگەیتە ئەو باوەڕەی گیان نەمرە و بەرگەی هەموو چاکە خراپەیەک دەگرێت. دادوەرانە دەژی و ژیرانە ڕوو لەسەرەوە دەکات. بەم شێوەیە، لەم ژیانە و ژیانی دوای مردنیش دەبین بە هاوڕێی یەکدی و خواکان، وەکو براوە و سەرکەوتوەکان خەڵاتەکانمان وەردەگرین. لەم ژیانە و لەو گەشتە هەزار ساڵەی باسمانکرد چاک و بەختەوەرانە دەژین.